# کۆمەڵناسی کوردەواری

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی یەکەم

نووسینی :

د. حوسێنی خەلیقی

چاپخانەی الحوادث

بەغدا ـ ١٩٩٢

# پێشەکی

دەمێك بوو گوتنەوەی وانەی «کۆمەڵناسی کوردەواری» کەوتبووە سەر شانم • تێدەکۆشام لە کتێبی جۆراوجۆرو زانیاری خۆم کەڵك وەربگرمو لەسەر بارو دۆخی کۆمەڵەکەمان بدوێم • وەك لە پێشەکی «بناخە گشتی‌یەکانی کۆمەڵناسی»دا ، هێمام پێکردووە بە کوردیو لە کوردستاندا کەمتر بابەتی‌وام بەرچاو کەوت کە ئەم باسەیان شی کردبێتەوەو ئەگەر لەو بوارەش‌دا هەنگاوێکیان هەڵهێنابێ بابەتی بچووكو بەرتەسکیان هەڵبژاردووەو خۆیان لەو باسە دوورو درێژە نەداوە !

هەربۆیە بە ناچار ئەوکتێبەم ئامادەکردو بە کتێبی کۆمەڵناسی نووسراوی کوردو عەربو فارس‌دا ، چوومەوەو لە ماوەی نووسینی‌دا هێندێك بابەتی شیاوی ئەم باسەم دەسکەوت گەڵاڵەم بۆ دارشتو بەپێی توانا هەوڵم بۆ داو پێدا چوومەوە • زۆری پێنەچوو تێگەیشتم دەبێ بێجگە لە خۆیندنەوە گەشتێکی درێژخایەنو زانیاریانە بە کوردستان‌دا بکەم،لەگەڵ خەڵك بدوێم،شێوە ژیانی هەژارو ساماندارى کورد ببینمو بە کەڵك‌وەرگرتن لە ڕێو شوێن ناسین، ڕابوردووو ئێستای ژیانی نەتەوەکەم بخەمە بەرچاو • پەندو قسەی نەستەقو دابو نەریتو خۆو

خـەدەی تا ئەو جێـگا بۆم بگونجی کۆبکەمەوەو ڕێكو پێکیان بـدەم ٠ لەگـەڵ زاناو پسپۆڕو هونەرمەندو دڵسۆزانی نیشتمان پێوەندی بـگرم و بەرهەمی ئەو گەشتەم بـکەمە دەسەچیلەی ئەم نووسینە ٠ بەڵام سەد مخابن لەبەر ئازادیخوازی لـە کوردستانی ئێران ، قاچاخ بووم ، ڕێگای هاتووچۆوی کوردستانی تورکیەو سووریەم نەبوو ، بێ ئیزنی حکوومەتی عێراقیش نەمدەتوانی بە کوردستانی عێراقدا بگەڕێمو لە بناری قەندیلی سپی مەندیلدا ، دۆش دامابووم ! هەربۆیە ئەو هەنـگاوە سەرەکی یە بۆ ئەم کـارە بەکەڵکە هەڵنەگیراو نەمتوانی دوور لە کتێبو ڕووپەڕەکانی ، بە ئەزموون ، وڵاتە دابەشکراوەکەم ببینمو وینەی عەینیو زەینی ، لـــە کۆمەڵەکەم ، بـگرم ، تێڕوانم ، شی‌بکەمەوەو بچمە ناخی‌یەوەو بەپێی توانا ، ئاکامی تێکۆشانەکەم پێشکەش بـکەم ٠

بێجگە لەوانە هەلومەرجی ژیانم ، ڕێـگای نەدام سەرچاوەی زۆر ببینمو سەرەڕای ئەو بارەش ، لەکاتی نووسینەکەمدا ، دۆخـــی عێـراق تێكچوو شـــەڕی خـــەلیج ، دەستی پێـــکردو ڕووداوەکانی دوایی کوردستانیش بوون بە هــــۆی ئەوە بەو سەرچاوانەی هەبوون ، بــە نووسینەکەم درێژە بدەم ، هــەر بۆیە بێجگە لە ڕەخنەی ئێوەی خوێنەر خۆیشم بەکارێکی ڕێكوپێکی نازانم ، چوونکە لە هەلو مەرجی وادا ، ناساندنی شتە گشتیو تایبەتی‌یەکانی نەتەوەیەکی بندەست ، گــەلێك دژوارە ٠

هــەر کۆمەڵـگایەك چـەند شتی تایبەت بە خۆیو چەند دیاردەی گشتی هــەیە ٠ بەشی یەکەمیان بەرەوڕوو بوونەوەکانی لەگەڵ ڕوداوە مێژوویی ، سیاسی ، ئابووریو ئایینی‌یەکان ، ئەوانەی بەســـەریاندا تێپەڕیوەو لەگەڵیان ژیاوە ، ڕادەگـەیێنیو دووەمیان لاینە هاوبەشەکان

لەگەڵ کۆمەڵگا ئینسانی یەکان شی دەکاتەوە • کۆمەڵگای کوردەواریش وەك کۆمەڵگا ئینسانی یەکانی تر خاوەنی چەند ڕواڵەتو دیاردەی فەرهەنگی تایبەتی یەو چەند دیاردەی گشتیشی هەیە • نەتەوەکانی تر ئەوانەی بە خەباتی سەرکەوتوانە ، ئازاد بوون ، لەدرێژایی مێژووی خۆیاندا ، سەبارەت بە هەردووك لایەنی فەرهەنگی گەلەکەیان نووسیویانەو سەرەڕای ئەوە کە کۆمەڵناسی تازە لە دایكبووە ، باسە کۆمەلایەتی یەکان ، شی کراونەتەوەو لە گیروگرفتی فیکری ئینسانی کۆڵدراوەتەوە ، بەڵام بەناو باسو زاراوەکانی کۆمەڵناسی ، ناودێر نەکراون • ئەی گەلەکەی من چی ؟ دەرەتانی وای هەبووە کە بەپێی دۆخی چاخ ، لایەن یان چەند لایەنی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری شی بکاتەوە ؟ بە بڕوای من نەبووە !

ئەوانەی ویستوویانە تایبەتمەندی یەکانی گەلەکەیان بنووسن ، لە نووسراوەکانی پێشینیانو بیروبۆچوونی خۆیانو گەڕان بە نێو کۆمەڵدا، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانو ناسینو شی کردنەوەیان ، کەڵکیان وەرگرتووە • بەڵام بناخەی باسەکە ، نووسراوەکانە • بە داخەوە بەهۆی باردوخی نالەباری ژیانی کۆمەڵی کوردەواری‌و نەبوونی سەربەستی کەڵكوەرگرتن لە زمانی کوردی ، ئەو سەرچاوەمان کەمەو ئەگەر لە چەرخە کۆنەکاندا ، هەشمانبێ ، بەزۆربەیی بە زمانی دیکە نووسراوەو نووسەرەکانی ئەو بەشەش بە زۆربەیی لەسەر زانیاری یە ئیسلامی یەکان نووسیویانە • هەرچەند ئەو زانیاریانەش بەش بەحاڵی خۆیان ، چەند لایەنی باری کۆمەلایەتییان وەك باس لە یاساو هەڵبژاردنی هاوسەرو جیایی و میرات بەشکردن،هیناوە ، بەڵام بە گشتی ئەوەنین کە بۆ ئەم کارەی ئێمە بەکەڵك بن • تازە ئەو یاسایانە گشتینو لە نووسراوەی زانا

مۆسوڵمانەکانی تریش‌دا بەرچــاو دەکەون • لەڕاستیدا شتی گشتیو ڕەوشتی تایبەتی زیاتر لــەم شی کردنەوەدا ، پێویستە • بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە ، ناتوانین لافی ئەوە لێبدەین کــە ئەم لێکۆڵینەوە تەنیــا تایبــەتە بە کۆمەڵی کوردەواری‌یەوەو ڕیپی باسەکانی ، لایەنەکانی ژیانی گەلانی ترو کۆمەڵگاکانی تر ، ناگرێتەوە • هەربۆیە پێویستە لە بیروڕای کۆمەڵناسانی بە ناوبانگ‌و نووسراوەکانی بێگانەش سەبارەت بە دۆخــی ژیانی گەلەکەمان ، کەڵك وەربگرین •

ئــەم نووسراوە لــە پێنج بەش‌دا ، ڕێك‌و پێك کراوە • بەشــی یەکەمی کورتە باسێکی کۆمەڵناسانەیە بۆئەوەی خوینەر وەك بەرکۆڵ بی‌چێژیو تێبگا کە پێخۆرەکەی لەو چەشنەیە •

بەشی دووەم لــە پێك‌هاتنی نەتەوەکەمــان ، مەڵبەندەکــانی ژیانی ڕۆڵەکانی ، دۆخی ئابووریو ڕامیاریو کۆمەڵایەتیان ، هەڵس‌و کــەوت و کێشەو بەسەرهاتیان‌و ناساندنی نەتەوەکەمان‌و پێوانەی‌خاکەکەو ئــاوو هەوا ، کشتوکاڵ‌و بناخەی ئابووری‌نیشتمانی‌و باری‌بازرگانیو پیشەسازیو حەشیمەت‌و دانیشتوانی کوردستان‌و سەرهــەڵدانی چین‌و توێژەکــانیو پلەی‌ژیانی ، باس‌دەکاو لەوپێیەدا ، لە بیروبڕوای ڕۆژهەڵات ناسەکان‌و بەکورتی‌دۆست‌و دوژمنی‌گەلەکەمان ، کەڵکم وەرگرتووە •

لەبەشی سێهەمدا ، بــە کورتی ئەو پێوەندی‌یە دوولاینە پێویستانەی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵ، خراونەتە بەرچاو کە پێك‌هینەری فەرهەنگن• پاشان فەرهەنگ‌و بەشەکانی ، ناسێندراون‌و شوێنی فەرهەنــگی بێــگانە لەســەر فەرهــەنگی تایفەو نەتــەوەو کۆمــەڵ ، باس‌کراوە • تایبەتمندی‌یەکانی فەرهەنــگی نەتەوەو لاینــە هاوبەش‌کــانی لەگــەڵ فەرهەنــگی نەتەوەو کۆمەڵگاکانی‌تر ، شی کراونەتەوە • بە فەرهەنــگی

جیاوازی ڕواڵەتی ناوچە فەرهەنگی یەکان ، لەگەڵ یەکتر ، تایبەتمەندی یە فەرهەنگی یەکان ، پلەی خوێندەواری ، دابو نەریت ، زانستو هونەر لەش ساغیو وەرزش ، ئەدەبو زمانو ڕێوڕەسمە گەلی یەکان جێژنە ئایینیو نەتەوایەتی یەکانو هۆشیاری نەتەوایەتیو چینایەتیو بیرو بۆچوونەکانی گەل ، خراونەتە بەر باسو بەپێی ئیمکان ، شی کراونەتەوە .
لە بەشی چوارەمدا ، مافی ژنو ژن بەگشتیو بیروڕای زانایان لەسەر مافو ئەرکی ژن ، ژن لە ڕوانگەی ئایینەوە ، دەوری ژن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانداو ژنهێنانو خێزان پێکەوەنان ، خراونەتە بەر لێکوڵینەوەو سەبارەت بە مافی ژنو ئەرکی کۆمەڵایەتی ژنو پیاو ، بە ڕاشکاوی ڕای خۆم دەربڕیوە . لە بەشێك لە هەرکامە لەم باسانەدا سەرچاوەیان بەڵگەیان ، ناسێندراوەو بەشێکی تریان تێگەیشتنو زانیاری نووسەرە لەسەر ژیانی باوباپیرانی . لە بەشی پێنجەمدا بە ئاوڕدانەوە بۆسەر سەرچاوە کۆنەکانی جیهانی کۆن،ئایینو مەزهەبی نەتەوەکەمان ، خراوەتە بەر لێکوڵینەوە . بە پێك هاتنی بنکەو بنیاتە ئایینی یەکانو مەبەست لە پێکهاتنیان ، هێماکراوە . دەوری ئایینی ئیسلام لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵی کوردەواری دا ، خراوەتە بەر باس . هەروەها باسی پێوەندی یە دوولاینە کانی ئەوئایینەو خەڵکی کورد ، بە لە بەرچاو گرتنی ڕەفتاری ئەو خەڵکە ، شی کراونەتەوە . لەم بەشەدا ، لە باسی سۆفیزمدا ، هێندێك زیاتر بەناخی بابەتەکاندا،چوومەتە خوارەوەو بەئەنقەست هێندێك بەڵگەی ئایینیم هیناوەتەوە . لەم باسەدا ، سەرهەڵدانی دیاردەیەك وەك سۆفیزم یان تەریقەت لە کوردستانداو هەروەها دەوری باشو خراپی ئەو دیاردە ، خراوەتە بەر باسو هێما بەوە کراوە کە چلۆن کورد لەگەڵ ئەم دیاردەیە ، بەرەوڕوو بووەو خاوەنتەریقەتەکان چلۆن لەو بیروبۆچوونە ، کەڵکیان وەرگرتووە . بێگانەو نەیارانی نەتەوەکەمان لە

پەرەپێدانی ئەم دیاردەدا ، چ شوێنێکیان ، هەبووەو مەبەستیان لـەو دەس تێوەردانە چ بووە • چلۆن لەگەڵ ئەو دیاردەو پەیڕەوانی بەرەوڕوو بین و بە چشێوەیەك گیروگرفتی لـەو چەشنە ، چارەسەر بکەین •

لـە کۆتاییدا بە کاریگەری سەربەخۆیی سیاسی و پێشکەوتنی باری ئابووری و سیاسی و کۆمـەڵایەتی و لەبەختەوەرکردنی گـەل و دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئیمانی ، بۆ خەڵـکی کوردستان و هەروەها ئاڵوگۆڕی جیهـانی ئەم چەرخـەو شوێنی لەسەر جموجۆڵی گەلەکەمـان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی هێما کراوەو سروشتە تایبەتییەکانی کێشـەی کوردو شـێوەی هەڵبژاردنی ڕێـگای گەشەکردن ، خـراونەتە بەر لێـکۆڵینەوە •

لـە ڕاستیدا نێـوەڕۆکی ئـەم پەرتوکە ، تەواو نییەو تەنیـا تێکۆشانێکە بۆ دانانی بناخەیەك لـەو گۆڕەپانەداو بێگومان خـاوەن بیرو نووسەرانی کورد ، دێنـە مەیدان و هەرکامە بەردێك لەسـەر ئەو بناخـە دادەنێن یان بناخەکە پتـەوتر دەکـەن • مەیدانەکە بەربڵاوەو تاقەکەس بە هیچ جۆرێك ، ناتوانی ، لنگداراني تێـدا بـکا • با ئەوەش بڵێـم ، لـەو باسە گرنگ و بەربڵاوەدا ، وەك پسپۆڕو کۆمەڵناس نەهاتووەمەتە مـەیدان بێجگە لەوە کـە ئەوپەڕی توانای خۆم وەگەڕخستووە ، هیچ ئیددیعایەکەم نییە • ڕەنـگە بڵێن : ئەگـەر پسپۆڕو کۆمەڵناس نیت ، لەبەرچی خۆت لـەو کـەژە ڕژدو هەڵەتە داوە ؟ وەڵامم ئەوەیە هیـچ مرۆڤێك نییە لـە هەڵس و کەوتەکانی کۆمەڵ ئاگـادار نەبێ و لەوبارەوە، زانیـاری نەبێ • مرۆڤ گیانلەبەرێکە لە کۆمەڵدا دەژی و بە تاك و تراکی ناژی • کەوابوو هـەرچەند نەخوێندەواریش بێ ، چونکە لە پێوەندییە دوولایەنەکانی کۆمەڵدا دەژی ، لە دۆخی ئەو ژیانە دەگا و جاری وایشە ،

به زمانێـکی ساکار ، باسی ئەو پێوەندیانەو شوینەوارەکانی ، دەکا •

هەرچەندە خەتی گشتی خوێنـدنو لێکوڵینەوەکانی من ، کۆمەڵناسی نەبووەو زیاتر لە فەلسەفەدا هەوڵمداوە ، بەڵام بەپێی ئەزموون و بارودۆخی خوێندنو ژیانم،ئەوەندەمزانیاری هەبوو،کە دنەیدام بێمەسەر ئەو بڕوایە، ئەمنووسراوە ، بـــە کتێبخانەکانی کوردستانو ئەوینـدارانی ئازادیو ئاڵوگۆڕی بەرەو گەشەکردنی کۆمەڵ ، پێشکەش بـکەم • نیازپاکانە ، داوام ئەوەیە ، بە دڵسۆزییەوە ، هەڵەکانم بخەنە بەر چـاوو شرۆڤـانم لێ پینــە بـــکەن •

بە پێویستی دەزانم سوپاسیخۆم پێشکەشی کاک سەلامیعەزیزی بـکەم کە دنەیدام بچم بەگژ کۆمەڵناسیدا • هەروەها سوپاس بۆ کـاک عادلی ئیلیاسی کە ئەم نووسراوەی بۆ تایپ کردم •

حوسێنی خەلیقی

کوردستان ١٩٩١ی زایینیو ١٣٦٩ هەتاوی

## بەشی یەکەم

# کورتەباسێك لەسەر کۆمەڵناسی

ئوگوست کۆنت کۆمەڵناسی فەرانسەیی یەکەم کەس بوو بۆ یەکەم جار لە وشەی کۆمەڵناسی Sociology کەڵکی وەرگرت • ستوارت میلی ئینگلیزیش بەکاری هێنا • بە بڕوای ئەوان ، پێویستە زانستێك هەبێ کۆمەڵناسی لە شیکردنەوەی بارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی یەکاندا ، پاڵی پێوە بدا •

بێ خۆهەڵنێقورتانی سۆزو عاتیفە ، ڕێگای ڕێبازەکانی بگرێتە پێش و وەك زانستە سروشتی یەکان لە پێکانی یاساکانی کۆمەڵدا ، ڕاستی یەکان ، بپێکی • دیارە دۆزینەوەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتنی لە پێوەندی یەکانی ئەم یاسایانە لە دۆزینەوەی یاسا سروشتی یەکان ، گەلێك دژوارترە • هەڵس و کەوتی مرۆڤ و پێوەندی یە دوولایەنەکانیان ، گەشەکردنی باری کەسایەتی و گۆڕانی باری ئەندامەکانی کۆمەڵ و مەیلە جۆراوجۆرەکانیان ، بێ گۆمان ، شوێن لەسەر بڕیارو بۆچونەکان دادەنێن • هەر بۆیە بەهۆی ئەم گۆڕانەو دەیان هۆی ترەوە ، بۆ کۆمەڵناسی گەلێك دژوارە بە هاسانی لە یاسا پڕ لە گرێ پووچکەکانی کۆمەڵ ، بگاو بە پاڵپشت دان بەوانەوە ئاکام وەربگرێ و بڕیاری دروست

بدا • له سەرەتای چەرخی ١٩وە مەفهوم یان چەمکی بیروڕای کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی سەرسووڕهێنەری ، بەسەردا هاتووە • ئێستا کۆمەڵناسی توانیویەتی ، بناخەی بیروڕا کۆمەڵایەتییەوە بەرگرەکەی خۆی ، دابڕێژێ ، بە ڕووخانی کۆشکی بەڕواڵەت ڕازاوەی بیری کۆنو دوبارە لەدایکبوونی زانست ، لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ، کەوتنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستیو بەمجۆرە زانستی «کۆمەڵناسی» سەری هەڵدا ، ناسینی ڕێکوپێک ئەبێتە هۆی تێگەیشتنی نوێو دۆزینەوەی خوڵقاندن • بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی زانستی ، یاساکانی دەرەوەی زەبین ، ئەدۆزینەوەو ڕایدەگەیەنین • زانستە کومەلایەتییەکنیش وەك ئەوانیتر ، بە پاڵپشت دان بە ڕێوشوێنی زانستییەوە ، یاساکانی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان ، ئەخەنە بەرچاو • بەم پێیە کۆمەڵناسی ، دەتوانی لە هێزی لەپێشدا دیتن ، وەك زانستەکانیتر ، کەڵك وەربگرێ • بابەتی کۆمەڵناسی ، کۆمەڵو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییە دەروونییەکانی کۆمەڵە • کۆمەڵناسی ، زانستێکە بە پێکهێنانی نەزمو ڕێکو پێکی لە کۆمەڵدا ، یارمەتیدەدا ، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵە ، هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا ، بەدی دێ ، لێکدانەوەی کارو کردانەوەی کۆمەڵایەتییە ، لێکۆڵینەوەی زانستیانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە ، شێوەی پێکهاتنو ڕێکخستنی ئەوانو میکانیزمی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە ، زانستی هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنانو ئەو خۆوڕەوشتانەیە کە بە هۆی ئەو پێوەندیانەوە ، پەیدا بوون • (٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش سەری هەڵداو لە سەرەتای چەرخی ١٩وە ، ملی ڕێگای گرتو سەربەخۆیی خۆی لە زانستەکانیتر ، ڕاگەیاند • لە چەمکی زانستی خۆیدا بریتییە لە ناسینی کۆمەڵو گەشەکردنی •

دیارە لـە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵەوە ، کۆمەڵناسی دەبێ هەبووبێ .
بـەڵام نە وەك ئێستاو نـەبە شێوەی زانستی ، بەڵـكوو وەك زانستەكانی
دیـكە بەشێك بووەلە فەلسەفە . وەك وتمان یەكەم كەس كـــە هــــاتە
مەیدانی كۆمەڵناسی ئوكوست كۆنت بوو كـە لە سەرتادا بابەتی ئـــەم
زانستەی بە سێ بەش ، دابەش كرد :

١ كۆمەڵی ڕاوەستاو كە ئاڵوگۆڕێكی ئەوتۆی بەسەردا نایە .
٢ ـ كۆمەڵی كەم جموجۆڵ .
٣ ـ كۆمـــەڵی چـــالاك . كۆمەڵناسیش بەگشتی ، دوو بەشە :

١ـ ئینسانی كە خۆی دوو بەشە : نەزەری و زانستی ٢ـ ئاژەڵی . بابەتی
كۆمەڵناسی ئینسانی واتا ژیانی كۆمەڵایەتی ، ئاكامی ئەو پێوەندیانەیە كە
ئەندامەكانی كۆمـەڵ پێكەوە دەبەستن و لەنێوانیاندا ، پێوەندی دروســت
دەكـەن . لەبەرئەوە كۆمــەڵناسی ، ڕووداوە كۆمەڵایەتی یەكان بــێ
لەبەرچاوگرتنی كـات و شوێنیان ئەدانە بەر لێكۆڵینەوە ، بە هەڵسەنگاندن و
ڕێك و پێك كردنی ڕێكخراوە كۆمەڵایەتی یەكان ، دەتوانی بەدۆزینەوەو
پێش بینی یاساكانی ، بە ئاڵوگۆڕەكانی كۆمەڵ ، بـگا . دەكرێ بڵێین
كۆمەڵناسی گـەلان و كۆمەڵ و كۆمەڵگاكان ، كـەم یان زۆر وەك یەكن .
دیارە هــەر كۆمەڵ و هەر گەلێك بە پێی هەڵومەرجی ژیان و باری مەڵی
نەتەوایەتی و چینــایەتی و ئابووری ، خــاوەنی هێندێك تایبەتمــەندی
جیاوازە ، كـە بەگشتی لـە چوارچێوەی كۆمەڵناسی گشتی و تایبــەتی دا
بەرچـاو دەكەون . كۆمەڵ كۆی چـەند ئەندامە كە ماوەیەكی درێژ
پێكەوە ، ژیاون بۆ مانەوەیان لەگەڵ یەكتر هاریــكاری دەكــەن و بۆ
گەیشتن بە ئامـانجی هاوبەشیان ، چـــەند ڕێكخراوێك پێك دێنن .

دەسکردو خۆلقاوی کۆمـەڵ «فەرھەنگ»ە •مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە ، بێھاریکاری لەگـەڵ یەکتر ، ناژی‌و ئەندامی کۆمـەڵ بەناچار لەگـەڵ کۆمەڵ ، خوو دەگرێ • جەماوەر بەئەنقەست ئەندامی کۆمـــەڵ ئەخـاتە ژێر چاوەدێری • ژیانی‌بەکۆمەڵ ، ئەبێتە ھۆی‌ئەوە ، ئەندامەکانی کۆمەڵ بۆ یاساکانی ، مل دابنوێنن • دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ھەمان ئەرکـە کۆمەڵایەتی‌یەکانن • ئەم ئەرکانە ، خوڵقاوی تاکەکـەس نین‌و لە ڕێگای پەوروەردە کردنەوە،بە ئەندامدەگەن ، لە دەروەی زەینی مرۆڤن‌و بێ‌مرۆڤیش ھـەن • ئەمـانە توانایی فەرماندانیان ، ھـــەیە بە پێچەوانەی ئارەزووی تاقەکەس ، خـــۆیان دادەسەپێنن • ئەمـــانە بەرھەمی ھەڵس‌وکەوتی کۆمەڵ‌و پێگەیشتنی مرۆڤ ، بەرەوەپێش‌چوونی باری ژیانن • لەبەر تازەبوونیان پەسنی کۆمەڵایەتی‌یان ھەیە • وشـــەی کۆمەڵایەتی ، ئەو دیاردانە دەگرێتەوە • ئەو ھەل‌ومەرجانەی کە بوونەتە ھـۆی پەیدابوونی کۆمەڵناسی ، بەگشتی دوو جۆرن : ١ ـ ھەل‌ومەرجی کۆمەڵایەتی ٢ ـ ھـــەل‌ومەرجی فیکری • بــــە سەرھەڵدانی سەنعەت کۆمەڵناسی گەشەی‌کردو بەتەواوی ھــاتە مەیدانەوە • دیارە فەلسەفە کۆمەڵایەتی‌یەکـان لـە پەیدابوونی کۆمـەڵناسی‌دا دەروریان ھـــەیە • لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان ، بەرەوپێش‌چوونەکانی،بەرھەمی، بیرکردنەوەی زانستی ئەزموونی‌و ئاڵو گۆڕەکانی زانستی زیندەوەرناسین بەتایبـــەت لەلایەن لامـارك‌و داروینەوە ، بوونە سەرچاوەی چـەند ڕەوتی بیروڕای تازە بۆ پێك‌ھاتنی کۆمەڵناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ یارمەتی زۆریان دا کۆمـەڵ شوبھێندراوە بە چوارچێوەی لەشەوە• ھەردووکیان خاوەنی دوو دەزگـای ڕاگرتن‌و مـانەوە (خواردن)ن • ھەردووکیان لـە چـــەند دەزگـای وێرانکردن ، دروست‌کراون • لەگــەڵ ئەمەش‌دا چـــەند جیاوازی‌یان ھـەیە : ١ ـ چوارچێوەی لـەش بارێـکی وەك‌یەکی ھەیەو

کۆمەڵ وا نیە • ٢ ـ هی لەش یەك پارچەیە • ٣ ـ بە پێچەوانەی هی لەش کۆمەڵو ئەندامەکانی جێگای بێ ئەملاوئەولاو سەقام گیریان نیە •
٤ ـ لە مرۆڤدا تێگەیشتن پێوەندی بە مێشکەوەیەو ئەم لەخۆئاگابوونە لە کۆمەڵدا ، جێگای تایبەتی نیە • کۆمەڵناس لە دەسکەوتی حەشیمەتناسی ، خەڵكناسی ، مرۆڤناسی ، دەروونناسی،ڕامیاری و مێژوو و هی‌تر ، کەڵك وەردەگرێ و بە پاڵپشتدان بە تیئۆری‌یەکانی خۆیەوە ، دەزگایەکی ڕێكوپێکی ناسین سەبارەت‌بە کۆمەڵو دیاردەکانی ، دادەمەزرێنی • زمینەی گشتی کۆمەڵو دیاردەکانی ، ڕێوشوێنەکانی ئەم کۆمەڵناسی‌یە لەبابەتو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکان ، بریتین لە :

قەڵافەتناسی ، کۆمەڵناسی جۆغرافیایی ، حەشیمەتناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی شاری ، کۆمەڵناسی لادێ ، کۆمەڵناسی ناوچە پێش‌نەکەوتووەکان ، کۆمەڵناسی سیاسی،کۆمەڵناسی پەروەردەیی،حقوقی، ئیداری ، شارەزایی‌و هی‌تر کە وەك کۆمەڵناسی‌تایبەتی هەرکامە بابەتی تایبەتیان هەیەو لە زەمینەی خۆیاندا لێکۆڵینەوە ، دەکرێ • بۆنموونە لە کۆمەڵناسی لادێدا ، باسی گەشەکردنی دێو چوارچێوەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ، دەکرێو پێوەندی نێوان دانیشتوانی ، هەڵدەسەنگێندرێ • هەروەها کۆمەڵناسی هونەر ، خێزان ، ئایین ، چینەکان ، فەرهەنگی ، ئابووری ، سەنعەت ، ڕامیاری ، ڕێکخراوەیی (سیاسی‌و کرێکاری) ، هەڵبژاردنەکان، شوێنەوارەکانی، شارستانییەتەکان ،ناسین ئاکارو ئەخلاق، مافەکان ، تاوانەکان ، زمان ، ئەدەبیات ، هەڵسەنگاندنو پێکەوەلکاندنی شارستانی‌یەتەکان ، کردەوەکان ، چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، دەروونناسی کۆمەڵایەتی ، گرۆیەکانو کۆمەڵگاکانو چینەکان ، کۆمەڵگا کۆنەکان ،

لـە کۆری کۆمەڵایەتی تایبەتین • مرۆڤ لـە کـاتی سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا بۆئەوەی بە باشی ژیان بەسەربەرێ ، خەریـکی بەرهەمهێنان بووە • لەبەرئەوە بەرهـەمهێنان نیـازی بە ئامراز بووە ، مرۆڤ بەناچـار بۆ خولقاندنی ئامراز ، هەوەڵیداوە • ئەم دوو دیاردە لەبەر دژواربوونیان ، بوونەتە هۆی پێکهـاتنی ژیانی هاوبەش • ژیانی لەوچەشنە سـەری کێشاوەتە لای قسەکردنەوە •

بە هۆی ئامراز خولقاندنو ئاخاوتنەوە ئاڵوگۆڕێـکی قووڵ لە ژیانی دەرەوەییو دەروونی مرۆڤدا ، پێکهات • هەر بۆیە لە ناساندنی مرۆڤدا لـە وشەکانی قسەکـەر ، ئامراز خۆلقێنو خاوەن ئەندێشە کـەڵک وەردەگیردرێ • دیارە بەرهەمهێنانی هاوبەش ئەبێتە هۆی سەرهـەڵدانی پێوەندی بەرهەم هێنانو هێزە بەرهەمهێنەرەکان • بناخەی ئابووری ئەبێتە هۆی ئەوە کـە بیروباوەڕێـکی هاوبەش لەنێوان ئەو ئینسانانەدا کـە ژیانی هاوبەشیان هەیە ، سەر هەڵبدا • واتا کۆیەك لە بیروڕای زانستی هونەری ، فەلسەفی ، ئایینیو ئاکاریو ڕامیاریو هیتر کـە بە نیسبەتی بناخـەی ئابووریێ ئاڵوگۆڕی بەسەردادێوپێی لەسەر پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، دادەگرێ • ئەم بارەش ئەبێتـە هـۆی پێکهاتنی چـەند دەزگاو بنـکەو بنیاتی جۆراوجۆری ئایینی ، کۆمـەڵایەتی ، ڕامیـاری ئابووریو هونەریو هیتر کـە بەهۆیئەوانەوە بۆ پاراستنی بناخـەی ئابووریو بەدیهاتنی ئێدئۆلۆژی تێدەکۆشن • بەم پێیـە ئابووری دەبێتە ژێرخانو فەرهەنگو پێوەندییە فیکرییەکانو بنکەو بنیاتە ئینسانییەکان، دەبنـە سەرخانی کۆمەڵ • جموجۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ساکارترین زنجیرە جموجۆڵە ئاشکراکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجێك بەنیسبەت کەسێکیترەوە • ئەم کردەوە کۆمەڵایەتییە، ئەبێتە هۆی بەرەوڕووبوونی

کۆمەڵایەتیو لەڕاستیدا سەرەتایی‌ترین شوێنەواری لەشی یان دەروونی‌یە کە ئینسانێك لەسەر ئینسانێکی‌تر ، دایدەنێ • بەم شوێن دانانە ، دەڵێن : دنەدانو وەڵامەکەی ئەبێتە دژکردەوە •

لە دووپاتبوونەوەی کردەوەو دژکردەوەدا ، دنەدانی دوولایەنە ، پەیدا دەبێ • ئەم شێوەش ، ئەبێتەهۆی پێوەندی دوولایەنەو بە چەند شێوەی جۆراوجۆر وەك لاسایی کردنەوە ، ئاخاوتن فێرکردن ، خۆدەنوێنن‌و ئەزموونەکان بۆ لای یەکتر ڕادەگوێزن • ئەم کردەوانە تێکەڵ دەبن‌و ئەبنە هۆی کردەوەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی • ئەم کردەوانە لەنێوان دوو یا چەند ئینساندا ، سەر هەڵدەدەن‌و جۆرە هاوئاهەنگی‌یەك پێك‌دێنن • بەم جۆرە ، مرۆڤ لە کاتی لەدایك‌بوونیەوە ، فێربووە لە کۆمەڵدا بژی ، بە کۆمەڵ بژیو ژیانی هاوبەش هەڵبژێرێ ، کۆمەڵی خۆش‌بوێ تێ‌بکۆشی لە کۆمەڵدا ژیان بەسەربەرێ • هەر بۆیە مرۆڤ هیچکات تاك‌وتراك لە بەرچاو ناگیردرێ بەڵکوو لە هەمان کاتدا ، بوونەوەرێکی ئابووری‌یە ، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیشە • واتا ژیانی لە کۆمەڵدایە • کردەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان لێك‌نەپچڕاوو لێك‌پچڕاون • یەکەمیان لە یەك‌لایەنەوە خۆ دەنوێنێو دووەمیان خاوەنی یەك‌لایەن نی‌یە • هاوکاریو وەك‌یەك‌بوون ، لە جۆری کردەوەی دوولایەنەی‌لێك نەپچڕاون‌و کی‌بەرکی‌وتوندو تیژی‌لە لێك‌پچڕاوەکانن • ئەم‌دوانە ، ئەبنەهۆی پێکەوەسازگاربوون ، کە بە شێوەی فەرمانبردن ، خۆدەنوێنێو زاڵبوونی بەدوادا دێ • شێوەیەکی‌تری سازگاربوون پێك‌گەیشتن نزیك‌بوونەوەی دوولایەنی کێشمەیەو یەکێکی‌تری پێك‌گەیشتنی دەروونی‌و کەم. یان زۆر تەواوە •

دیمەنێکی تری سازگاری و ئاشتی یە • بێ ئەم بارانە ، مودارا ، خۆ دەنوێنێ •

هێندێك تاقمی کۆمەڵایەتی بە دڵخۆاز پێكدێن و خاوەنی چەند پلەی زنجیرەیین و هێندێك لەخۆڕا پێكدێن و ئەم تایبەتمەندی یەیان نی یە •

دەزگا حکوومەتی و بنکەو بنیاتە بازرگانی یەکان لە جۆری یەکەم و پێكهاتنی گوندو شارەکان لە جۆری دووەمن • هێندێك لە جەماوەرە کۆمەڵایەتی یەکان کەم تەمەن و هێندێکیان تەمەن درێژن •

بنەمای کۆمەڵ ، بنەماڵەیە • مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیەوە ، لەگەڵ هێندێك تاقمی بچووك وەك بنەماڵەو تاقمە هاویاری یەکان ، ئەبێتە خاوەنی پێوەندی و بەگشت هێزیەوە لە تێکۆشانی ئەم جۆرە تاقم و کۆیەدا ، بەشداری دەکا • لە هێندێك باردا ، بەدڵخوازی خۆی لە هێندێك دەستەو دەزگای جۆراوجۆری وەك ئیدارە ، بازرگانی و سەنعەتی پێوەندی دەگرێ و تەنیا هێندێك لە تێکۆشانەکانی ئەو بنکەو بنیاتانەدا ، تەرخان دەکا • مرۆڤ لەگەڵ هێندێك دەستەو تاقمدا دژایەتی و لەگەڵ هێندێکیان هاوکاری دەکا • ڕێکخراوی ئیداری و دەوڵەتی بەشی هاوکاری و هەڵوێست گرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی یەکان ، بەشی دژایەتی یە • لە هێندێك گرۆ یان تاقمدا ، ئەندامانی کۆمەڵ پێکەوە ڕاستەوخۆ بەرەوڕوو دەبن • لە هێندێکیاندا ، ناڕاستەوخۆ بەرەڕوو دەبن • بنەماڵە چەشنی یەکەم و بنکەو بنیاتی سەنعەتی و ئابووری بۆ خاوەن بەشەکان لە چەشنی دووەمن • بە کردەوە ڕێکخراو یان تاقمێك لە بەرچاو ئەندامەکانیەوە خۆش دیمەن و ئاشنایەو ئەبێتە هۆی هێمنایەتی • بەڵام بۆ ئەندامانی گرۆ

یان تاقمەکانیتر ، نامۆو نەقۆلایە ، کە ئەم بارە ئەبێتە خۆپەسەندیو خۆبەزلزانی گرۆیی • واتا هەرکەس تاقمی خۆی پەسند دەکار • ( هەر رێکخراوەیەك بەوەی هەیەتی خۆشحالە )و ئەوانیتر پەسند ناکاو بە بێگانەیان دەزانێو سەرنجی راناکێشن • تاقمیوا هەیە مرۆڤ ئەندامیەتیو هیواش هەیە لە رێنوێنی کەلك وەردەگرێ • لە یەکەمیشدا دەکرێ تاقم ، رێنوێن بێ • بنەماڵەو رێکخراوە ، نموونەن • گرۆی کۆمەلایەتی بناخەیەکی کۆمەلایەتی دیاریکراوی هەیە کە بەرهەمی پێوەندی رێکخراوەییو پلە جۆراوجۆرەکانی ئەندامێتی • هەر رێکخراوە یان دەستەیەکی کۆمەلایەتی بۆ خۆی خاوەنی چەند تاقم یان چەند بەشە • کردەوە دوولاینەکانیان ئەبێتە هۆی چالاکی گرۆییو ئەندامەکانی بەتوندی لەسەر یەکتر شوێن دادەنێنو پێکەوە ئەبەسترێنەوە • ئەمەش ئەبێتە هۆی یەکگرتوویی رێکخراوە یان دەستەو تاقم • لە وەك یەك بوونی رەفتاری ئەندامان‌دا ، رەفتاری هاوبەش یان رەفتاری گرۆیی سەر هەڵدەدا کە پرە لە سۆز • کردەوەی وەك یەكو یەکجۆری ئەندامانی تاقم یان کۆمەڵێك سەرئەکێشێتە لای کردەوەی وەك یەکی کۆمەلایەتییەوە • واتا ئەندامەکان بەتوندی فێری رەفتاری خاوەن‌سۆزی یەکتر دەبنو لە ئاکامدا ئەبنە خاوەنی جۆرە رەفتارێکی خاوەن‌سۆزی وەك یەك • زۆر لە گەلانی جیهان لە زۆر ئاکارو سۆزو کردەوەدو بۆچووندا وەك یەکن • بۆ نموونە کورد میواندۆستەو ئەوپەسنە لە کوردستاندا بەرچاوە • کە باسی کۆمەڵ کرا ، وشەی جەماوەرو کۆو دەستەو تاقم خۆی دەخزێنێتە زەینەوە • ئەوکەسانەی زۆر پێکەوە ئەبن، لە یەك جێگا کۆدەبنەوەو پێکەوە پێوەندیان هەیەو جمو جۆڵ دەکەن ، جەماوەر پێك دێنن •

ئەم پێکەوەبوونە پێوەندیەکی پڕ لە سۆزەو ئەبێتە هۆی هاوئاهەنگی نێوان ئەندامەکـــان • جـەماوەری بە هەڵـکەوت نومایشی ڕاکێشراو ، ڕێك‌وپێك‌و تێکۆشەر هەیە • کۆمەڵانی خـەڵك یان گشت خەڵك کە لـە یەك جێگادا کۆنەبوونەتەوە ، بەڵام بە هۆی بوونی ئامانجی هـــاوبەش هاریکاری دەکـەن‌و پێـــکەوە پێوەندی‌یان هـەیەو ئەبنـــە خاوەن‌بیرو بڕوایەکی گشتی‌و هاودەنـــگی گشتی ، یەکێك‌لە گرینگترین کۆیەکان پێی‌دەڵێن : «کوێ ناهاوجێ» • کۆمەڵانی خەڵك کە لە واتای ئەم وشەدا کەڵـکی لێوەرگیرا ، بۆ خۆی یەکێك‌لە جەماوەرەکـانە کـــە پێوەندی ئەندامانی بەرچاوەو بەزۆربەیی ناڕازین • ئەگـەر ئەندامەکان لە یەك جێ کۆبوونەوە ، ئەبنە «هـــاوجێ» • دەستە بۆ خـــۆی کۆیەکی‌بەنیسبەت سەقامگیرە کـە ئەندامەکانی بۆ وەدەست‌هێنانی بەرژەوەندی تایبـــەت بەخۆیان کە کەم یان‌زۆر بۆ بەرژەوەندی‌گشتی زیانی هەیە، تێدەکۆشن •

تاقمی دزو قاچاخچی لەوچەشنەن • گاڕانی ئینسانی لەو وشانەیە کە لـە باسی کۆمەڵدا ، بەرچـاو ئەکەوێ • ئەویش بریتیە لـــە کۆیەکی ئینسانی کـــە وەك‌ئاژەڵ‌و بی‌بیرکردنەوەو بی‌پێڕەوی‌کردن لـــە ڕێك‌و پێکی‌و بە شێوەیەکی کوێرانە بەپێی‌ڕەفتاری سەرکردەکانی خـــۆیان ، هەڵس‌وکەوت ، دەکـەن • هـەر جەماوەریان تاقمێکی ڕێك‌وپێك یـــان ڕێکخراوە بە پێی باروەدۆخی ســـازگاربوونی خـــۆی ، ئەبێتە هـــۆی هاوئاهەنگی جەماوەریی یان ڕێکخراوەیی • جەماوەری بەرفراوان کـــە چـەند ڕێکخراوە دەگرێتـەوە ، تێکەڵاوێکە لـە زۆر لـە ژن‌و پیـاوو منـداڵ کـە لـە مـاوەیەکی درێژدا پاڵپشتی یەکتر بوون‌و خـــاوەن ڕێك‌وپێکین‌وپێی دەڵێن : کۆمەڵ ( Cociety ) ئەو کۆمەڵەی کە پێوەندی

بە جێگایەکی تایبەتییەوە هەیەو تا ئەندازەیەك لە کۆمەڵەکانی تر بێ نیازە، پێی دەڵێن : ( اجتماع Community ) .

ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دوو جۆرن : ڕەسمیو نارەسمی . بنکەو بنیاتی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەیەکە خاوەنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە زنجیرە کردەوەیەکی ڕێکوپێکی بەعۆدەوەیەو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵ ، بە کەڵکە . وەك ڕێکخراوە ئایینی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان . کۆمەڵ پێ بە پێ گەشەکردنو گرێوگۆڵداربوونی ، ئەبێتە خاوەن چەند بنکەو بنیاتی جۆراوجۆر ، ئەو کات ڕەسمی کۆمەڵایەتی ، دابو نەریت ، ڕێوڕەسم ، پەیمانی کۆمەڵایەتی دروشمو شێوە ، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی شێوەی بەرپاکردنی ڕەسمی کۆمەڵایەتیو بە ڕێوەبردنی شێوە گەلییەکان ، ئەخلاق ، یاساو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانو هی تر سەر هەڵدەدەن .

بەم شێوە ڕەفتاری بەکۆمەڵ ، مۆدی کۆمەڵایەتی ، هەوەسی کۆمەڵایەتی ، کورتو درێژخایەنو شتی لەم چەشنە خۆدەنوێنن .

بەم جۆرە ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو حکوومەتییەکانی کۆمەڵ ، بەپێی ئەرکو کردەوەیان ، چەند ترازووی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ ئەندامانی کۆمەڵ ، پێکدێنن ، هەرکامە لە ئەندامانی کۆمەڵ بەهۆی دۆخی گشتی کۆمەڵ ، ناچارن کە خۆیان لەگەڵ ئەو ترازووو چوارچێوانەدا ، ڕێکبخەنو بەکۆمەڵو فەرهەنگی کۆمەڵ خووبگرن . ئەوەی ئەمەی پێ نەکرێ لە پلەی یەکەمدا ، نەگونجاوو لە پلەی دووەمدا ، لاڕێو ڕێ لێ ونبوویە . خودی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵ بەهۆی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتییەوە ، پێکەوە پێوەندییان هەیە . بەم جۆرە ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی یان ڕێژیمی کۆمەڵایەتی ، پێکدێ .

کۆی چەند عونسوری عەینیو زەینی کە لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا ، وەگەڕدەکەون ، پێیدەڵێن ( میراتی فەرهەنگی = Social heritage یان «فەرهەنگ» • هەر فەرهەنگێك خاوەن بەش و چەند تایبەتمەندییە • تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان ، پێکەوە دەلکێن و چەند کۆی فەرهەنگی پێكدێنن • فەرهەنگەکان پێکەوە پێوەندی یان هەیە • فەرهەنگ ، دوو بەشە : ماددیو مەعنەوی • ماددی ژێرخانی ئابووریەو نامادّدی سەرخانییەتی • وەك زانست هۆنەر ، فەلسەفە ، بیروبڕواکانو بنکەو بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان • کۆمەڵو فەرهەنگ لە هەمان کاتدا ، یەکن ، زۆرن چونکە ئەندامانی کۆمەڵ لە باری پێگەو نەقشی کۆمەڵایەتییەوە ، وەك یەك نین • دەور یان نەقشی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کارێکی دیاریکراوکە ئەخرێتە سەرشانی کەسێك • پێگەی کۆمەڵایەتی نرخێکە کە کۆمەڵ بۆ دەوری کۆمەڵایەتی ، دایدەنێ • پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵ ، ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی کۆمەڵ لە چەند توێژدا کۆبنەوەو بەم جۆرە توێژی کۆمەڵایەتی پێكدێ • لە پێوەندی کەم یان زیاد وەك یەکی توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا ، کۆیەکی گەورەتر پێكدێو ئەبێتە چینی کۆمەڵایەتی •

چین جەماوەرێکی بەنیسبەت سەقامگیرە کە ئەندامەکانی لە بەرهەمهێنانو کەڵكوەرگرتن لە سامانە کۆمەڵایەتییەکان ، خاوەنی پێگەیەکی کەم یان زیاد یەکجورن • بەم جۆرە لە هەر کۆمەڵدا دوو چین هەن : چەوسێنەر و چەوساوە •

**پێكهاتنی باری چینایەتی :**

کار بە دوو بەش دابەش دەکرێ : فیکریو کردەوەیی • کار یان بەرهەمی هەیە یان بەرهەمی ماددی نیە • یەکێك خەریکی

کشتوکاڵە ، کارەکەی بەرهەمی هەیە • مامۆستا دەرس دەڵێو بەرهەمی ماددی نیە • قوتابی ئەوەی‌لە مامۆستا فیز دەبێ کەڵکی لێ وەردەگرێو ئەوکاتە هێزی ماددی • مرۆڤ بۆ کۆمەڵ بەرهەم‌دێنێ • یەکەم کەس خواردەمەنی پەیدا دەکا • دووەمو سیهەم دێنە مەیدانو بەم جۆرە دەبنە ١٠و ٢٠و ١٠٠ • خواردەمەنی‌سروشت بەش‌ناکا ، ناچار ئەبن کاربکەن ، بەرهەم‌بێنن ، چونکە ئەگەر وانەکەن کۆمەڵێکی بێ‌جموجوڵ ، پێک‌دێ • کە جوولاّ ، بەرەوپێش دەڕواو لە ئاکامدا ، بەرهەمی هێزی قۆڵی هەزارەکان ، خۆدەنوێنێ • والەبەرچاوبگرین ١٠٠کەس کاردەکەن زیاتر لەوە کە نیازی‌خۆیانە ، بەرهەم دێنن بەشی ١٠ کەس زیادی‌دێنن وای‌لێدێ دەکەس لە کۆمەڵ کارنەکەنو لەوبەرهەمە بخۆن • یان ١٠کەس لە سەد کەسەکە ، کارنەکەن • سەرۆك هۆز ، مامۆستا ، کەشیش ، مۆغو بەرهەمەن لەوانەن •

بەم‌جۆرە بەرەبەرە ، سەرەتای سەرهەڵدانی چین ، دەردەکەوێ • کەوابوو چین ئەوکاتە پێك‌دێ کە بەرهەمی مرۆڤ زۆر دەبێو لە نیازی زیاتر دەبێ • پاش ئەو دۆخە ١٠کەسەکە بەرەبەرە دەوڵەمەند دەبنو فێری مشەخۆری دەبنو کۆمەڵێك دەچەوسێننەوە • ئێستا لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا ، باسی دە کەسو سەد کەسو هەزارانو میلیۆن نیە ، کە سەرباری کۆمەڵنو هەلیان‌بۆ ڕەخساوەو کەوتوونەتە ئەم‌ناوەو شیرەی گیانی زەحمەتکێشان هەڵدەلووشن • ئێستا لە کوردستانی ئێمەو لە گشت کۆمەڵێکی ناوچەی ئێمەدا و بگرە لە سەرانسەری جیهان‌دا ، دوو چینو چەندین توێژ لە کۆمەڵدا دەژین • هێندێك هێزی قۆڵی خۆیان بە نرخی‌کەم دەفرۆشنو زێدەبایی بۆ خاوەن‌ئامرازو خاوەن‌سامان ، دەخوڵقێننو هێندێك بە هۆی دەسەڵاتی خاوەن‌ئامرازەوە

سامانی هەیەو کارناکاو لە زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەی ، تێرو تەسەلترە •

هیواش هەیە بەمێشکی کاردەکا • مامۆستایەو کارگێڕی دایرەیەو مووچــە لە حکوومەت وەردەگرێو دەخواو نامرێ • وردە بۆرژوایەو نەچەسێنەرو بەو شێوە کرێکار دەچەوسێنێتەوە ، چەوساوە نی‌یە •

بەڵام ئەگــەر کرێــکار نیوەی نرخی هێزی قۆڵی بەتاڵان دەچێ ، لێرەشدا دەکرێ بڵێین ئەمیش بەشێك لــە نرخی مێشکی کــە ئەبێتەوە بەرهەمی ماددی ، ناگاتەوە گیرفانی خۆی • ئەوەی بازرگانەو پیشەسازو زەحمەتکێشەتوێژی وردە بوژرواى خۆشگوزەرانو بخۆرو نەمــرن • بــەم پێیــە تەنانەتلە کۆمەڵی سۆسیالیستی خوالێخۆشبووی ئۆروپای ڕۆژئاواشدا ، بەداخــەوە ئەم جیاوازی‌یە بەرچــاو ئەکــەوێ ! وابێچێ یەکسانی باری ژیان دابین نابێ و دروشمی ئەمو ئەویش هــەوا بەرەو لووتــکەی ئاسمان ئەبا(١) !

خۆزگــە بە ٩ هەزار ساڵ پێش کــە مرۆڤ لە قاپوری کۆمــەڵی بێچەوسـانەوەدا ژیاوە ! هەرچەند لە سەرەتاییترین ئامرازی کــار کەڵــکی وەرگرتووەو یەکەم جار لــە ژیاندا ئامرازی خوڵقاندوە ، بەڵام هەستی بە چەوساندنەوە نەکردوە •لە ڕاستیشدا چەوساندنەوە نەبووە•

---

(١) لەم کتێبانە کەڵکم وەرگرتوە، زەمینەی کۆمەڵناسی دوکتۆر ئەمیر حــوسێنی ئاریانپوور تاران ، معجم علم الاجتمــاع پروفیسۆر دنیکی‌میشل ، بەغداد ، پێشەکی لە سەر کۆمــەڵناسی دوکتــۆر فەرهاد تاران، ڕێبازە کۆمەڵناسییەکانی هاوچەرخ ، دوکتۆر عــەلی ئەکبەری تورابی ، تەورێز ، بناخەکانی کۆمەڵناسی دوکتۆر بەرهام، تاران • المعجم الفلسفي المختصر ، موسکو • کۆمەڵناسی : تی بی باتومور ، دەرسەکانی شەهید دوکتۆر قاسملو •

## كۆمەڵناسی نوێ :

کۆمەڵناسی هاوچەرخ لە سێ ڕێباز پێکهاتووە : یەکەم کە کونت ئاڵاهەڵگریەتی ، بڕوای بە گەشەکردن هەیە • دووهەم کە ئاڵاهەڵگری دوورکهایمە کە سروشتی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی لە تاقەکەس و کردەوەی جیاوازەو کردەوەی گرێوگۆڵدار دەکاو سەرئەنجام بیری سەربەخۆیی کۆمەڵناسی لە دەروونناسی • سێهەم لە بیروڕای کارل مارکس و ویبردا ، ڕەنگی داوەتەوە • ئەوەی ویبر بڕە لە چەمکی کۆمەڵناسی گشتی ، ئەوانە کە لە گەشەکردنی بیروڕای کۆمەڵایەتی دەوریان هەیە • هەروەها هێندێك ڕێوشوێنی ژیربێژی بۆ شیکردنەوەی سروشتی مرۆڤایەتی ، بەتایبەت ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ، دۆزیەوە •

هێندێك لە زاراوە کۆمەڵایەتییەکانمان لەم بەشەدا نووسیوە کە بۆ شیکردنەوەی بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ و دەوری تایبەتیان هەیە • ویبر کردەوە جۆراوجۆرو سەرکییە کۆمەڵایەتییەکانی ، شیکردەوەو عونسورەکانی ئەو هۆش و بۆچوونەی لەپشت سەری جۆرەکانیەوە دانا ، کردەوەی کۆمەڵایەتی ناساند ، بەم پێیە دەکرێ ویبر بە بەناوبانگترین کۆمەڵناس ، بناسێنین ، چونکە سەبارەت بە گەشەکردنی کۆمەڵ بیروڕای بەرزی دەربڕیوە • لەگەڵ سەرهەڵدانی چەند زاراوەی بەنرخی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی زانستی کۆمەڵناسی لەم چەرخەدا ، نیازمان بەوە هەیە کە زیاتر تێبکۆشین و لەم مەیدانە ، دەسکەوتی زۆرترمان هەبێ و زاراوەو چەمکە کۆمەڵایەتیکان دەوڵەمەندتر بکەین • کۆمەڵناسی پلەی سەربەخۆیی وەدەستهیناو ئێستا لە وڵاتە سەنعەتییەکانی جیهاندا ، برەوی هەیە بۆ ناسینی بارودۆخی ژیان و گەشەکردنی کۆمەڵ و

کردنەوەی زۆر لە گرێ پووچەکانی ژیانو دیتنی دواڕۆژو ئامادەبوون لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا ، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ • لە ئامریکادا نرخی ئەم زانستە زۆرترەو لەوێ خاوەنی پلەی یەکەمە • ئێستا نزیکەی ۲۰ هەزار کۆمەڵناسی پسپۆڕ لە سەرانسەری جیهاندا ، خەریکی شی کردنەوەی کۆمەڵن • ئێستا لە زانستگەکاندا ، تێدەکۆشن بارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی بابەتیو دوور لەلایەنگریو مەیلی دەروونی ( ئەوەی کە زۆر جار شوێنی خراپ لەسەر لێکۆڵینەوە ، دادەنێ ) ، شی بکەنەوە • پاش زیادبوونی تێگەیشتنو بیروبۆچوونی دۆزینەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم زانستە چەند لقی لێ پەیدا بوو کە هەرکامەیان تایبەتە بە گۆشەیەك لە قوژبنەکانی کۆمەڵناسییەوە •

لە گرنگترین لقەکانی کۆمەڵناسی ، کۆمەڵناسی ناسینو کۆمەڵناسی ئایینو ئەو جۆرە کۆمەڵناسیانەیە کە هەوڵدەدەن بۆ شی کردنەوەی دەردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی •وەك کۆمەڵناسی لادێیەکانو شارستانییەتو سەنعەتی ، سیاسیو ئابووریو زمانەکان و تاوانناسیو شەرعیو یاسایی • کۆمەڵناسی لەسەر جۆری خزمەتی گشتی کە یارمەتی ماڵیو کۆمەڵایەتی بە لێقەوماوان دەکا ، شوێنی خۆی داناو ئێستا دەیانو بگرە سەدان بنکەو بنیاتی خەیرییە هەیە کە لەو چەشنە خزمەتە دەکەن • بەم جۆرە خزمەتی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسی تێکەڵ بوون •

لە ڕاستیدا خزمەتی کۆمەڵایەتی بووەبە بەشێکی جیانەکراوە لە کۆمەڵناسی • ئەرکەکانی کۆمەڵناسی بەم شێوە ڕاگەیاندراون :

۱ ـ لێکۆڵینەوەی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی •

۲ ـ لێکۆڵینەوە لەو شتانەی کۆمەڵ پێك دێنن •

۳ ـ لێکۆڵینەوە لە شارستانییەتو ڕەفتاری ژیانی کۆمەڵایەتی •

٤ ـ خولٌقاندنو ئەزموومی ڕێـگاکانی ، باسی سەرژماردنو ئـــەو بیروڕایەی کە لە شیکردنەوەی بارە کۆمەلاٌیەتییەکاندا ، کەلـــکی لێ وەردەگیردرێ • بەپێی بیروبڕاوی مارکسیستەکان ، کۆمەلٌناسی دەیهەوێ پەیکەرێك لە ژیانی کۆمەلٌ بکێشیو بیخاتە بەرچاوو خاوەنی سێ پلەیە :

١ ـ بیروڕای کۆمەلٌناسی گشتی •

٢ ـ کۆمەلٌناسی تایبـــەتی •

٣ ـ باسە کۆمەلٌناسییە ڕاستەوخۆو هەستپێکراوەکان •

یەکەمیان بەرزترین پلەی ناسینی کۆمـەلٌناسییە • لە کۆمـــەلٌناسی مارکسیستیدا ماتریالیزمی مێژوویی ، دەوری نەزەری هەیە • وای لێهات کۆمەلٌناسی بریتی ئەبێ لـــە ناسینی یاسا گشتییەکان کـــە ناسینیان بۆ گەشەکردنی کۆمـەلٌ پێویستەو هەروەها ناسینی پێوەندییەکانی نێـــوان لاینەکانی • ئەم ڕێبازە چاوی لە ئامرازی هەستپێکراوەو شیدەکاتەوە بۆ ئەوەی یاسا گشتییە کۆمەلاٌیەتییەکان لـە مەیدانی جیا لە یەکتردا ، لـــە ژیانی کۆمەلٌدا خۆبنوێنو بچنە پێش ، لـــە شێوازەکانی ئـــەم بەرەوپێشچوونەو بناخـەی کۆمەلـــگای کۆمـــەلاٌیەتیو ئاکـــارە کۆمەلاٌیەتییەکان کـــە سەربە خۆیی یەکی نیسبیان هەیە ، دەکۆلٌێتـەوە • شیکردنەوەی ڕووداوە کۆمـــەلاٌیەتییەکـــانو بێخـــەوش کردنیانو پێوەنددانیان ، بە گەشەکردنیان ، یارمـــەتی دەدا • تێگەیشتنی مـادديانەی مێژوو بۆ یەکەمجـار ، ئەو دەرەتانەیدا کـــە کۆمەلٌناسی وەك زانست بناســـرێ •

لـە بەرچاوگرتنی پێوەندییە کۆمەلاٌیەتییەکان لـــە چوارچێوەی پێوەندییە بەرهەم هێنەرەکـانداو لێك گرێدانیان ، بوو بەهۆی داڕشتنی بناخەیەکی پتەو بۆ ناسینی ڕێــکخراوە کۆمەلاٌیەتییە زانستییەکان • بـــە

کورتی مارکس و ئەنگلس تەتەڵەیەکی زانستییان بۆ لاینە جۆراوجۆرو گرێ و گۆڵدارەکانی ژیان کێشاو بـــە بەدرێژە ، ڕابوردووو کردەوە جیاجیاکانیان ، خستە بەر لێکۆڵینەوە •

چــەند بناخــەی جوانیان لە سەروەبەرگرتنی بناخـــە نەزەرییە گشتییەکان و باسە کۆمەڵناسییە هەستپێکراوەکان،داناو سەرنجیان بۆ لای سەرژماری و شیکردنەوەی بەڵـــگە جۆراوجۆرەکـــان و ڕۆژنامـــەو گۆڤارەکانی ، ڕاکێشا(١) •

بابەتی کۆمەڵناسی لای هێندێك بریتییە لە : لێکۆڵینەوە لە ڕواڵەت ، نەزم ، بناخەی کۆمەڵ ، پێوەندییەکانی ئەندامانی بە شێوەیەکی زانستی و پەسنی و شیکەرەوانە • مەبەست لە کۆمەڵناسی گەیشتن بەو ئەرکانەیە کە بابەتەکە لە سەریان بڕیاردەدا • ئینسان لە ژیانی دا بەناچار مل بۆ چەند ڕەسم و یاسا دادەنوێنێ کە کۆمەڵ بە سەری دا سەپاندوونی •

ئەوەی پەیڕەوییان لێ نەکا سزادەدرێ • وەك وتمان بناخەی کۆمەڵ بنەماڵەیەو بناخەی کەسایەتیش لەوێدا فرینچك ئەبەستێ •

شەخسییـــەت بریتییە لـــە کۆی چـــەند عونسوری بیولۆژیکی و کۆمەڵایەتی کە ڕەفتاری تاقەکەس ، لەوانی تر ، جیائەکاتەوە ، ئەو کارەش لە ڕێگای میراتگریی یان مەڵبەندی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ، سەرهەڵدەدا • واتا شەخسییـــەت پێك دێ • ئاکـــامی هاوکێشی نێـــوان ڕەفتاری مرۆڤ و مەڵبەندی ژیانە • لـــەم ساڵانەی دواییدا جهان تووشی ئاڵوگۆڕی قووڵ بووەو ڕواڵەتـــە کۆمەلایەتییەکان گۆڕاون • زۆر لە ڕێـــکخراوە بەناو هەتاهەتاییەکان ئاسەواریان نەمـــاوە یان گۆڕاون • نرخی مەعنـــەوی و

---

(١) نووسەر بناخە گشتییەکانی کۆمەڵناسی ، لاپەڕی ٢٥ـ١٨ •

پێوەندی کۆمەڵایەتی تازە ، هاتوونەتە مەیدانی ژیانەوە • زۆر لـە گەلان خۆیان لە یەخسیری ڕزگارکردوەو تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراسی‌و حکوومەتی کۆمەڵانی خەڵك‌و گەیشتن بە مافـــە گـەلیەکان ، بەتوندی درێژەی هەیە • دیارە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوون لە سەرانسەری جیهاندا وەك یەك نییە • هەر چـەند بە گشتی‌لە جیهاندا بیروبڕوای چـــەوت‌و ئیدەئالیستیانە جێی خۆیان بە ئەزموون‌و سەرهەڵدانی زانستە بەنرخەکان داوە، هێشتا لە چەند جێگای ئەم جیهانەدا بیروبڕوای کۆنەپەرستانە ماون‌و ژیان بە کوێرەوەری تێپەڕ دەبێ‌و خـــەڵك وەك سەدان ســـاڵ پێش ئێستا ، دەژی !!

لـەم بوارەدا ، کۆمەڵناسیش وەك لقێك‌لە زانست هاتە مـــەیدان‌و گرنـگی خۆی بۆ کردنەوەی گرێ‌پووچەکە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی ژیانی ئەورۆدا ، نیشاندا • کردنەوەی گرێ‌پووچـەکە کۆمەڵایەتییەکـان بە شێوەی ئەزموونی ، ئاکـــامی تێـــکۆشانی مرۆڤە ئاشتی‌خوازەکانی جیهانە • بەرەوپێش چـوونی زانست‌و توێژینـــەوەو دۆزینەوەی دیاردە جۆراجۆرەکان‌و خوڵقـــاندنی ئامرازی نوێ ، لـــە بەرەوپێش‌چوونی باری ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا ، دەوریان هـەبووەو زۆر زەمینەیان بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ، ئامادەکردوە • تێك‌ڕووخـانی سیستەمی دەرەبەگایەتی‌و سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌و پێك‌هاتنی بنـــکەو بنیاتە ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمـــەڵایەتییەکان ، دەرفـەتی لەباریان بـــۆ گەشەکردن‌و بەنرخ‌تربوونی زانستی کۆمەڵناسی ، ڕەخساند •

بەم‌جـــۆرە کۆمـــەڵناسی توانی یاسا زاڵەکان بەسـەر جم‌وجۆڵی کۆمەڵداڕابگەیەنی‌و ڕووداوە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان ، ئاشکرا بکا •

ئامرازی‌عـەینی هاتنـــە مەیدان‌و بناخەی کۆمەڵناسی زانستی بـــە

هۆی ئەوانەوە ، پتەوتربوو • بەرەوپێشترچوونی زانستەسروشتییەکان و فراوانبوونی بەرهەم و بەهێزتربوونی هێزی بەرهەم هێنان ، بەرەبەرە بەم گەشـــەکردنە یاریدەیان داو بوون بە هـــۆی بەرەوپێش چـــوونی باری کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی ئەندێشـــەی زانستی و ڕوونتربوونەوەی ئاسۆی بۆ چوونە کۆمەڵایەتییەکان • بەم جۆرە بە پاڵپشتدان بە میـــراتی فەرهەنـــگی پێشینیانەوە ، بنیاتی کۆشکی ڕازاوەی زانستێکی نوێ و بـــە نـــرخ ، دانراو تا دێ ڕازاوەتر دەبێ چونـــکە ئێستـــا کۆمـــەلناسەکان بەتەواوی بەو ئاکامە گەیشتوون کە کۆمەڵ وەك سروشت لـــە ڕێـــگای گەشەکردندا ، بەرەوپێش دەچێ و ڕاوەستانی نییە ، هەربۆیە بناخـــەکانی زانستی ، کۆمەڵی ، پتـــەوتر کردوە •

## زانست ( SCIENCE ) چییە ؟

ناوێکە بە بەشێك لە ناسینی ئێمە دراوە • بەو بەشەی کە بوونەوەر یان شتەکـــانی دەرەوەی زەین ، بە بەشی شیدەکانەوە • ناسینی زانســـی ئێمـــە لەو تێگەیشتنەوردانە کە ڕاستییەکان پێشکەشی ئێمە دەکەن ، پێك هـــاتووەو لە شوێنەواری سۆزو عاتیفە بێبەشە •

زانست بریتییە لـــە ناسینی وردی نەزمە جۆراوجۆرەکانی بوونەوەرو هـــەستی • زانست بریتییە لە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەی زەین بـــە پێداگرتن لەســـەر چەندی و بە پاڵپشتدان بە فەلسەفەیەکەوە • ڕاستییە زانستییەکان لە تێپەڕبوونی کاتدا ، نرخیان لەدەست نادەن و گشتین •

زانست بە پیرەوکردنی ڕێ و شوێنە تایبەتییەکان ، دەس دەکەوێ و هەرزانستە ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە • بە هێنـــدێك جیـــاوازی هەموویان لـــە ئەزموون کەڵك وەردەگرن • ئەزموونی زانستی شیاوترین

ئامرازی ناسینی ڕاستییەکانە •

هەرزانستێك بە تێپەڕبوونی کات ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێو چەند یاسای تازە ، ئەدۆزێتەوەو وردو قووڵتر دەبێو یاساکانی گشتی‌تر دەبن و چەند بۆچوونی نوێش پێك‌دێ •

بە کورتی زانست ناسینێکی ڕێك‌وپێکەو بە ڕێوڕەسمە دیاری‌کراوەکان ، دەس‌دەکەوێ • زانست یاساکانی ڕاستییەکان شی‌دەکاتەوە • کۆمەڵناسی خاوەنی ڕێك‌وپێکی زانستی‌یەو سەرئەکێشێتە لای دۆزینەوەو پێش‌بینی یاسا تازەکانەوە •

دیارەچەشنی یاسا سروشتی‌یەکان نییە • کۆمەڵناسی لە سەر بناخەی ڕێوشوێنی زانستی ، دانراوە ، یاسا سروشتی‌یەکان بەرهەم دێنێ •

کۆمەڵناسەکان ، توانیویانە زۆر یاسا لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان ، بدۆزنەوەو کەڵکیان لێ وەربگرن • دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ، بەرهەمی یاساوبابەتی کۆمەڵناسین • واتا کۆمەڵناسی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە •ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەو پێوەندییانەیە کە ئەندامانی کۆمەڵ پێکەوە پێوەند دەدەن • بەم‌پێیە بابەتی کۆمەڵناسی دەبێتە ڕێکخراوە کۆمەڵاتییەکان‌و ئەرکیشی هەڵگرتنی ڕێوشوێنی ڕەوت و جەرەیانی پێك‌هاتن‌و گۆڕان‌و تێك‌شکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە تا لەو یاسایانەی بەسەریاندا زاڵن ، ئاگاداربێ •

وەك وتمان کۆمەڵناسی بەگشتی‌و تایبەتی ، دابەش دەکرێ • تایبەتی هەرێمێکی دیاریکراو لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان ، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە • گشتی بە یارمەتی وەرگرتن لە کۆمەڵناسی تایبەتی ڕووداوە گشتی‌یەکانی کۆمەڵ ، پێوەندییەکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتی، شیدەکاتەوە. خەڵکناسیو مێژووناسی زانستیو مێژوو،دێنە ئەم مەیدانەو زانستەکە تەواوتر دەکەن .

خەڵکناسی زانستێکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە لە پلە سەرەتای یەکانیەوە ، مێژووناسی زانستی ژیانی کۆمەڵایەتییە بە شێوەی گشتیو بە پاڵپشتدان بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، مێژووناسی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکان بێ سەرنجدان بە کاتو شوێنیان ، شی دەکاتەوە . کۆمەڵناس بە ڕێکوپێک کردنو هەڵسەنگاندنو ڕیزکردنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ، بە دۆزینەوەو پێشبینی یاساکانی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ ، دەکا . هەروەك ئەم زانستانە بە کۆمەڵناسی یارمەتی دەدەن ، بەپێچەوانەش کۆمەڵناسی بەهۆی زانایانیئەو زانستانەوە بۆ باشتر شیکردنەوەی بابەتەکانیان ، لە کۆمەڵناسی کەڵك وەردەگرن . هەروەها هەردوك بەشی کۆمەڵناسی گشتیو تایبەتی ، یارمەتی یەکتر دەکەن . دەروونناسیش لەم خزمەتە دوولایەنەدا ، بەشدارە .

شێوەی ناسینی کۆمەڵ وەك پەیرەوکردنی بۆ شیکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، پێویستە . ئەم شێوە لەگەڵ شێوەی ناسینی زانستەکانیترو ڕێوشوێنەکانیان ، جیاوازینیە بەمجۆرەیە : دیاریکردنی مەسەلە ، هەڵبژاردنی ترازوو نموونەگرتن ، تۆژینەوەی هۆیەکان .

ڕێوشوێنی زانستەکان پەسندترین ڕێوشوێنی گەیشتن بە زانیارییەکانی مرۆڤایەتییە . لە هەرکام لە لقەکانی زانستیشدا ڕێو شوێنی تایبەتی بەم شێوە کەڵکی لێوەرەگیردرێ : گەڵاڵەکردنی مەسەلە ، ئامادەو ڕێکوپێك کردنی فەرزییە ، کۆکردنەوەی زانیاری ، ڕێكو پێك کردنی زانیارییەکان ، تۆژینەوەی زانیارییەکانو دۆزینەوەی

هۆو هۆکر ( علت ومعلول)ەکان ، دیاریکردنی نرخ و قەبلاندنی ئەرزییە، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە . بێجگەلە کەڵک وەرگرتن لە :

دیاریکردنی بابەت ، ئەزموونی سەرەتایی ، **گومان**، دروستکردنی ئەزموونی بەرفراوان دۆزینەوەی یاساو دانانی نزەریە ، کە تایبەتن بە ڕێوشوێنی کۆمەڵناسی ، لە سەردوو پلەی ئەزموون پێ دادەگرین : ڕێو شوێنی دیتن و ڕێوشوێنی پەسنی و بەڵگەهێنانەوە . لێرەدا ئامرازی کار پرسینەوەو پێشکەشکردنی پرسیارنامەو نموونەوەرگرتن بۆ شی کردنەوەو ئاکاموەرگرتن و دۆزینەوەی یاساکان ، نرخی تەوازیان هەیە . نیازی بە گوتن نیە کە بۆ تێگەیشتن لە هەر زانستێك پێویستە لە وشەو زاراوەی کەڵك لێ وەرگیراوی ئەو زانستە ، ئاگادار بین . مەودای دەسەڵاتیان بناسین و چوارچێوەی پێکانیان لە بەرچاومان بێ . بۆنموونە لە کۆمەڵناسیدا پێویستە ڕێکخراوە ، پێوەندی دوولایەنە عونسورە عەینی و زەینییەکان ، فەرهەنگ ، ئابووری ، ژێرخان سەرخاك ، بنەماڵە ، کەسایەتی ، میراتی فەرهەنگی ، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئەرکی کۆمەڵایەتی و سەدان زاراوەیتر، بناسین و بیانکەینە ئامرازی فێربوون و لە سنوورو سەراوردیان بگەین . بێجگە لەوە ، پێوەندی ئەم زاراوانە پێکەوەو عونسورە پێكهێنەرەکانیان و ڕادەی شوێن دانیان لەسەر یەکتر ، دەبێ بەوردی شیبکرێنەوە .

بۆنموونە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتییەوە ، پێکەوە پێوندیهایەکیان هەیە کە لە کۆمەڵدا بەناوی پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی ڕێك و پێکی کۆمەڵایەتی یان ڕێژیمی کۆمەڵایەتی ، ڕادەگەیەندرێن . هەروەها هەر فەرهەنگێك چەند بەشی هەیەو خاوەنی چەند تایبەتمەندی فەرهەنگییە . ئەم

تایبەتمەندیانە پێکەوە دەستەوملان دەبن و چەند کۆ یان تۆپڵەی گەورە بە ناوی کۆی فەرهەنگی دەخولقێنن • هۆی ئەم تێکەڵاویی و شوێن دانانە ، جموجۆڵی کۆمەڵایەتییە •

ئەم جموجۆڵە ، دوو جۆرە : جموجۆڵی ئەستوونیی و جموجۆڵی ئاسۆیی • یەکەمیان ڕاگوێستنە لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی تر ، بێ ئەوەی نرخی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ • وەک کرێکار و پیشەوەر و نەتەوەو ئایین • دووەمیان بریتییە لە ڕاگوێستن لە پێگەیەکەوە بەرەو پێگەیەکی تر لەگەڵ گۆڕانی نرخی پێگەو ئەبێتە دوو لایەن :

بەرەوژوورو بەرەوخوار • جموجۆڵی چینایەتی گرنگترین جموجۆڵی لەم چەشنەیە • کۆمەڵگاکان بەم پێیە سێ جۆرن : کۆمەڵی ئاوەڵاو دەرگا لەسەرپشت و کۆمەڵی بەسراوو دەرگاداخراوو کۆمەڵی بێجموجۆڵ و جیا لە یەکتر کە جموجۆڵی چینایەتی لەودا ، دەکرێ بڵێین نەگونجە • کۆمەڵ لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی ، بەرەو کۆمەڵی ئاوەڵا هەنگاوی هەڵگرتووە • ئەم ئاڵوگۆڕەش جموجۆڵی گەشەکردنی کۆمەڵە •

چونکە پێوەندییە دوولاینە کۆمەڵایەتییەکان ، داوا دەکەن ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەرهەمی نوێهێنانن ، لە ڕێکخراوەیەکەوە ڕاگوێزرێن بۆ ڕێکخراوەیەکی ترو بەم پێیە ئاڵوگۆڕ لە هەرکام لەواندا لە ئەوانی تردا ڕەنگ بداتەوەو دەوری کۆمەڵایەتی خۆ بنوێنێ •

دەوری کۆمەڵایەتی هەمیشە سازگاری کۆمەڵایەتی تێک دەداو کۆمەڵ تووشی کەم هاوئاهەنگی دەکا • هەربۆیە بۆئەوەی کۆمەڵ سەرلەنوێ هاوئاهەنگی خۆی وەدەست بێنێتەوە ، پێویست بێتە مەیدانی تێکۆشانێکی

ڕێكوپێكو خەریكی ڕیفۆرم یان ڕاسوریس كردنی پلەبەپلە بێو ئەندازیاری كۆمەڵایەتی وەكاربخا • چەند ڕێكخراوی نوێ دروستبكاو بە بەرنامەی هەڵسەنگندراوو سنووردیاریكراو ، بۆ پێكهێنانی هێندێك ئاڵوگۆڕی كۆمەڵایەتی دیاریكراو ، هەنگاو هەڵبگرێ • دەكرێو ئەگەر هەلومەرج لەبار بێ ، ئەم ئاڵو گۆڕە بە شێوەی شۆڕشی كۆمەڵایەتی ئەنجامبدا كە بریتییە لە تێكۆشانێكی ڕێكو پێك بۆ دروستكردنی لەنەكاوی ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان • ئەمهەولە گرنگترین هۆی دووبارە دروستكردنەوەی كۆمەڵە • هەر شۆڕشێك ئەم ئاڵ و گۆڕە پێكناهێنێ • تەنیا ئەو شۆڕشە دەتوانی برەوی هەبێ كە بریتییە لە : ڕاپەڕینێكی توند وبێ بەزەیینە كە بەكردەوە بەهۆی چینێكی كۆمەڵایەتی نوێ خوازەوە ، دژبە دەسەڵاتدارە خاوەنئیمتیازەكان بە ئەنجام ئەگا • شۆڕشی دەسەڵاتداری بێدادگەر دژی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە ، دژی شۆڕشە • ڕاپەڕینی بەشێك لە دەسەڵاتداران دژی بەشێكی‌تر كودەتا یان شۆڕشی كۆشكییە • دەسەڵاتدارەكان دژی نوێهێنانو بەرەوپێشچوونن ، هەر بۆیە بەپێی توانا پێش بە گەشەكردنو سەركەوتنی شۆڕشە شۆڕشگێڕییەكان دەگرن •

سەركەوتنی شۆڕشە گەورەكان ، ئەبێتە هۆی سەرەونخوونبوونی چینی كۆمەڵایەتی دەسەڵاتدارو كۆنەو لە ئاكامدا چینی كۆمەڵایەتی نوێ دێتە مەیدانو ژێرخانو سەرخانی كۆمەڵ ، دەگۆڕێ •

لە زۆرلە كۆمەڵە خاوەنشارستانییەتەكان لە سەرەتای مێژوویەوە تا ئەم دوایانە ، سێ قەبارەی ئابووری سەری هەڵداوە كە لە قاڵبووری چینی چەوسێنەرو چینی چەوساوەدا ، خۆ دەنوێنن :

١ ـ دەورەی بەرهەمهێنانی كۆیلەتی •

٢ ـ دەورەی خاوەن ملکایەتی زەوی •

٣ ـ دەورەی خاوەن ملکایەتی سەرمایەداری •

شۆرشی کۆمەلایەتی ئەبێتە هۆی ئەوە کە رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان ، سەروسامان پەیدا دەکەن و بەوردی و بەهاسانی و متمانەیەکی پترەوە ، دەتوانن ئەرکی خۆیان کە بریتیە لە چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان و دابین کردنی پێداویستیە ئینسانیەکان ، بە ئەنجام بگەیەنن • بەم جۆرە دەتوانین بلێین کۆمەل مەیدانی پەرەسەندن و بەرەوپێش چوون یان گەشەکردنی کۆمەلایەتیە(١) •

بە کورتی پێویستە لە کۆمەلناسیدا ، ئەوە بزانین کە کۆمەل لەسەر چی دانراوە و بناخەکەی کامەیە و چۆن ئەتوانین سەرهەلدان و بەرەوپێش چوونی رەوتەکەی شی بکەینەوە ؟ لەوە تێ بگەین کە تایبەتمەندیەکانی رەگەزی و میراتی ناتوانن کۆمەل شی بکەنەوە و پێویستە بزانین کلیلی تێگەیشتن لە کۆمەل لە مەلبەندی ژیانی ئینساندایە • بەم جۆرە لە شی کرنەوەی بابەتە گشتی و تایبەتیە کۆمەلایەتیەکاندا ، دەردەکەوێ کە هەرچەندە مەلبەندی سروشتی شوێن لەسەر جەستەی مرۆڤ یان لەشی گیانلەبەرو رەگەزو کۆمەل دادەنێ ، کلیلی ژیانی کۆمەلایەتی نییە • واتا دەکرێ بلێین کۆمەل جیا لە مەلبەندی سروشتی و سەربەخۆیەو بەسەریشیدا زالە •

هەروەها پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤایەتی ، واز لە مەلبەندی سروشتی بێنین کە سەرهەلدانی مرۆڤ و گەشەکردنی ژیانی بەکۆمەل چۆن بووە و کۆمەل و فەرهەنگ چۆن خولقاون • کۆی

---

(١) زەمینەی کۆمەلناسی ، پێشوو ، لاپەرەی ٤٢ ـ ٣٨ •

فەرهەنگیو وردە فەرهەنگو ناوچەی فەرهەنگ واتایان چییە ؟

فەرهەنگی ماددیو مەعنەویو نموونەکانی کامەنو جیاوازی فەرهەنگەکان لەچیدایە ؟ بۆ تێگەیشتن لەوانە سەدان وشەو زاراوەو چەمکی کۆمەلایەتیتر کۆمەلناسی گشتیو تایبەتی بخوێنینو لە زمانی کوردیدا چاوێك بە « بناخەی گشتییەکانی کۆمەلناسی » نووسینی نووسەردا بخشێنن . لە بەرئەوە ئێمە لەم نووسراوەدا مەبەستمان ئەوی کردنەوەی کۆمەلناسی کوردەوارییە ، لێرەدا کۆتایی بەم باسەکورتە دێنینو باسەکانیتر ئەخەینە سەر دۆخی خۆیانو بە پێی توانا درێژە ، بە لێکۆلینەوەکەمان دەدەین .

★ ★ ★

# بەشی دووەم

## ناسینی نەتەوەو ژیانی نەتەوەی کورد

ئەو چەند ژن و پیاوو مندالانەی کە خاوەنی زمان ، خاك داب‌ونەریت‌و خوێن‌و ئابووری هاوبەشن ، گەل یان نەتەوە ، پێك‌دێنن • واتا نەتەوەیەك ، دەبێ خاوەنی ئەم پەسنانە بێ • بە وتەیەکی‌تر ، نەتەوە ، بریتی‌یە لە سەقامگیربوونی درێژخایەنی ئینسانەکان‌کە لە تێپەڕبوونی گەشەکردنی مێژوویی‌دا پەیدا بووەو لەسەر بناخەی هاوبەشی زمان ، سەرزەوی‌و ئاووخاك ، ژیانی ئابووری‌و هۆیە دەروونییەکان‌و زنجیرەیەك لە خۆوڕەوشت‌و تایبەتمەندی‌یە گەلییەکان کە لە فەرهەنگ‌دا ڕەنگ دەداتەوە ، دانراوەو پتەو بوەتەوە •

گشت ئەم تایبەتمەندیانەی باسکران ، پێکەوە پێوەندیان هەیە‌و هەموویان لە کۆی‌خۆیان‌دا ، هاوبەشیی دەستەو تاقم‌و تاك‌و تراکەکان ، ئەکەنە نەتەوە •بەوپێیە تایفەیان عەشیرە،هاوبەشی چەند کەسە کە خاوەنی هاوخوێنی‌و ئابووری هاوبەشن • کۆی چەند تایفە ، ئەبێتە قەبیلەو خێڵ • ئەمانە لە کۆمەڵی هاوبەشی سەرەتایی‌دا بوون‌و بناخەکەشیان لەسەر خاوەن‌ملکایەتی هاوبەشی ئامرازی بەرهەم‌هێنان‌و کەڵك‌وەرگرتنی هاوبەش لەوان دانراوە • قەوم لە کۆمەڵە کۆیلەیی‌و

دەرەبەگایەتییەکاندا ، بریتییە لــە جۆرێکیتر لە هاوبەشی چەند کەس کــە خـاوەنی پێوەندییە خوێنییەکانو سەرزەویو زمانی هاوبەشیان ، هــەیە • بەڵام ئەم هاوبەشییە هێشتا بە ئەندازەی پێویست سەقامگیرنییەو لە پێوانەی وڵاتێکیشدا،هاوبەشی ئابووری هێشتا تەواو نییە• گەلو نەتەوە لەگەڵ ڕەگەزدا ، یەك نین • ڕەگەز زاراوەیەکی گیانلەبەرناسییە کــە تایبەتمەندییەکەی بریتییەلە پەسـنە لەشی رواڵەتییەکان وەك ڕەنـگی پێستو شێوازیچاوو شتی لەوچەشنە •لێرەدا پێویستە ئەوەش ڕابگەیەنین کــە جیاوازی پلەی ژیانی ئابووری ، سیاسیو فەرهەنگی گەلان ، بەرهەمی جیاوازی ڕەگـەزی نییە • زانست دەسەلمێنیکـــە ئەندامانی گشـت ڕەگەزەکان خـاوەن لێهاتوویی وەك یەکنو پاشکەوتوویی هێندێك لەوان بەرهەمی هۆیە ئابووری ، ڕامیاریو کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت زاڵبوونی چەوسێنەرانە(١) •

## نەتەوەی کورد :

لــە شوێنەواری نووسراوەکانی یونانی کۆندا ناوی « کاردۆخوی » هــاتووەو کسنفون ٤٣٠ تا ٣٥٥ی پ ز ، دانیشتوانی «زاگروس»ی بەم ناوە ناوبردوە • لە شوێنەواری ئەرمەنییەکاندا ( Kortschik ) بە کوردو کوردستان گوتراوە • لە نووسراوەکانی ئاشووریدا وشەی ( Kardu ) هاتووە•لە دواکاتەکانی پاشایەتی شولگی ( Shulgi ) ٢٢٧٢ تا ٢٢٢٦ی پ‌زایینی ، یەکێك لــە پاشاکانی «ئور» دانیشتوانی کێوەکانی کوردسـتان (زاگرۆس) لــە ژێر فەرمانی ، دەردەچنو نابراو چەند جار سوپا دەباتە سەریانو زۆر لە ناوچــەکانی تاڵان دەکا • (گیمل‌سین) جێگری ئەو بۆ

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەرنجی ئیحسان تەبەری ، زاراوەڕامیارییەکان، چاپی تاران ١٣٥٧ لاپەڕی ١١٨ ــ ١١٥ بدەن •

ئارام‌کردنەوەی کوردستان «وارادنێر» ( Varadnanner ) ئەکـــانە فەرمانڕەوای سەرزەوی ( Kardu ) بەم جۆرە لە بەردە نووسراوەکانی وارادنێر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەردوەناونیشانی «کورد» دەبینرێ • لەوجێـــگایە کـــە ئێستا پێی‌دەڵێن : «بۆتان»و جزیرەی ئیبنی‌عومـــەر ، ویلایەتێکی بەرتەسك هەبووە ، پێیان‌گوتوە «قردو» • هەرئەوجێگایە کـــە مێــژوو‌ناسانی‌یونانی پێیـــان گوتوە ( کـــردوئن = Carduene ) لە وتەکانی ئیسترابن وا دەردەکەوێ کە ئەم ناوە ، بە ناوچەی کوێستانی نێوان مووش‌و دیاربەکری ئێستا گوتراوە •

لە سەدەی نۆهەمی پ‌ز لـــە ناوچەی «وان» حکوومەتی خالیـــد یان هالید بووەو تا ســـەدەی شەشەمی پ‌ز ، درێژەی‌کێشاوە • بە کورتی لەو شوێنـــەوارانەدا کـــە پێوەندی‌یان بە «زاگرۆس»و دەوروبەریەوە هـــەیە ، چـــەند وشەی نزیك‌بە وشەی «کورد» هـــەیە لێکۆڵەرەوان لەگـــەڵ وشەی‌کورد وەك یەکیـــان دادەنێن(١) • لە مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کوردا ، هـــاتووە : گـــەلی کورد لـــە چەرخی زۆر کۆندا ، لەگـــەڵ هەڵس‌وکەتی مرۆڤ هاوبەشی‌کردوەو لەغاوی دەسەڵاتداری بەشێك لـــە ئاسیای ناوەندی‌و ڕۆژئاوای بەدەستەوە بوو • قراڵ لاگشە ئادادناناری **٢٤٠٠** ساڵ پێش‌زایینی لە عەشیرەتی «کاردا» باسی کردوە ، **٢٢٠٠** ســـاڵ پێش زایینی گیملسین پاشای ئور،سەرزەوی کوردەی بە ئەمیر وارداننر داوە • لە ساڵی **١٣٧٠**ی پ‌ز شوبی‌لکمە پاشای هـــەتیت تایفەیەکی بـــە ناوی **کوردە** = ( Curde ) ناوبردوە • پاش ئەوە بەردە نووسراوەکانی ئاسوور ناوێـــکیان لـــە تەپۆڵـــکەو دەشتەکانی‌کارداکاو تایفەی‌کورتی‌یەو

(١) ڕەشیدی یاسمی کوردو پێوەندی ڕەگەزی‌و مێژوویی ئەو ، لاپەڕە ٩٨ ـ ٩٣ •

کورتی بردوه • گزنفۆن له ٤٠١ی پ ز ، کاتێك له ئێران بەرەو یونان دەگەڕایەوە ، لە دۆڵەکانی زاخۆ نزیك کێوی جوودی لەگەڵ گەلی «کاردۆ» بەرەوڕوو بووەو پاشاکەشیان ناوی «ئۆرنتاس» کە بەفارسی کۆن ئوروونتئەسپەو بەفارسی ئەوڕۆ «لوهراسپ»ە • ٣٣٤ ساڵ پێش زایینی کاتێك ئەسکەندەری مەکدۆنی هێرشی ئەبابە سەر ئێران ، گەلی کاردۆ لە ڕیزی سوپای داریوش بووە • نووسەری ئەسکەندەرنامە نووسیویەتی سوپای کوردان شەست هەزار بوون و کوردانی تایفەیەکن لە باشووری گۆلیواندا دەژین(١) •

نەتەوەی کورد ، ئێستا تەنیا کوردۆ نییە ، بەڵکوو کوردۆ ناسێنەری ناوەڕۆك و ڕیشەی کوردەکانی ئێستایە •

مێژوونووسەکان بە گشتی پێیانوایە ، نیشتمانی کوردان لە ناوچەی سەرەوەی ڕووباری دیجلەو فورات و ناوچەی کێوی جوودی ، هەڵکەوتووە • ئارامییەکان بەم شوێنەیان گوتوە «کازاتا کاردو» • بە قسەی ئیسترابون ناوی «کاردۆ» بۆ ناوچەی کوێستانی نێوان موش و دیاربەکر کەڵکی لێوەرگیراوە • سێر مارك ئەڵێ : لە ساڵی ٦٠٠ی پێش زایینی قەومی کوردوئن لە نێوان دیاربەکر و سەرچاوەی زێی گەورەدا ژیاون(٢) •

کورد لەو گەلانەیە کە لە نێوان کێوەکانی قەفقازو وڵاتی هیندوستاندا ، دەژی و لە ئاسیای چووکدا جێگیر بووە • لە دەورانی کۆندا «ماد» ڕیشەی نەتەوەی کوردو «پارس» ڕیشەی نەتەوەی فارس

---

(١) ڕیشەی ڕەگەزی کورد ، ئیحسان نووری ، تاران ١٣٣٣ هەتاوی لاپەڕی ٥ ـ ٤ •

(٢) ئیحسان نووری ، پێشوو لاپەڕی ٥ •

به نۆره لەسەر زەوی ئێران ، دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە • لەنێـــوان گەلە ئێرانییەکاندا ، کورد لـە گشتیان بێخەوش‌تر مـاوە ، چونـکە لە کێوەگەردەنکەشەکاندا ژیاوەو کەمتر پێ‌پەستی گـەلە هێرشکەرەکان بووە •

(وادیارە لەبەر هێرشی ئەوان ، پەنای وە شاخ‌و کێوان بـــردوە ! ئەگـەر ئەوکات وابووبێ ، ئێستا کێوەکانیش نانوانن پارێزگـــاری لێ بـــکەن ) !

نابێ وا بیربکەینەوە کـە تەنیا کوێستانی زاگرۆس جێـــگای ژیانی کوردانە،بەڵکوو نەتەوەی کورد بە گشت لایەکدا پەل‌وپۆی هاویشتووە بەشی ناوەڕاست‌و سەرەوی دیجلەو گشت خاکی ئاشووری کۆن‌و بەشێك لە ئەرمەنستانیان ، خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان • لە ڕاستیدا مەڵبەندی ژیانی لە مەڵبەندی سیاسی زۆرترە(١) •

پرۆفیسۆر مینۆرسکی پێی‌وایە : بەپێی ڕیوایەتی شەرەفنامە «بوتان» یان بۆهتان لە باری دیاریکردنی مەڵبەندی‌ژیانی کوردانەوە گرنگەو گشت کوردەکان برای بوخت‌و باختانن • بناخەکانی زمانی کوردی ، پتـــەوەو پێوەندی‌بە بنەماڵەکانی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانی‌یەکانەوەیە•زمانی کوردی وەك زمـان لـە چەرخە کۆنەکاندا ، پێك‌هاتووە • لـــە باری مێژوویی‌و جۆغرافیایی‌یەوە ، کوردەکان لە مادی بچووکن کە بریتی‌یە لە (ئاتروپاتن) یان ئازەبایجانی ئێستا • پاشان بەرەو ئەم‌لاو ئەولا پەل‌ویۆیان هاویشتووە • لـە باشووری گۆلی ورمێ لـە ساڵی ٨٣٦پ‌ز مادەکـــان سەریان هەڵداوەو رەگەزیان نەتەوەی «پارسوا»یان وەدەرناوەو خۆیان لەو

---

(١) بتلیسی ، شەرەفخـان ، شەرەفنامە ، پێشەکی نووسراوی محمدی عەبباسی ، چاپی یەکەم ، لاپەڕی ٢٥ ـ ٤٣ •

مەڵبەندە ، جێگیر بوون • سەکاکان ٢٨ساڵ ئەو مەڵبەندەیان داگیر کرد •
سەرئەنجــام ( کیاخسار = Cyaxares ) پاشــای بەناوبانــگی مادە ،
دەسەلاتدارەکانی سەکاکان ڕاپێچ دەکاو پاشان هێـــرش دەباتە ســەر
ئاشوورو لــە ساڵی ٦١٢ی پ ز ، نەینەوا داگیردەکـا • بە گشتی دەکرێ
بڵێین ، نەتەوەی کورد تێـکەڵاوێکە لە تیرە باستانییەکانی ( مردزوی =
Mardoi )و کردووی ( Kytioi )کـە هەردوکیان بە دوو لەهەجەی
نزیك بەیەکی مادی قسەیان دەکرد(١) •

مێژوونووسەکان پێیانوایە جێـگای دانیشتنی کورد ، بریتی یە لـە
باکووری ڕۆژئاوای ئێرانو ناوچەی سەرەوەی ڕووباری دیجلەو فوراتو
داوێنەکــانی ئارارات • پێش هاتنی کــەلی کوردی ئاری بۆ ناوچــە
جۆراوجۆرەکانی کوردستان ، قەومێکی تری ئاری بە ناوی ( کـاردۆ =
Cardo ) لـەم ناوچانەدادە ژیان کـــە خـــاوەنی شارستانییەتێکی تا
ئەندازەیەك گرنگ بوون کە لەگەڵ کۆچکەرە هونەتەوەکەی خـــۆیاندا
تێـکەڵ بوونو بوون بەیەك نەتەوەو بـــەم جۆرە کۆچەرەکانیش ناوی
کاردۆیان بەسەردا بڕا • بناخـەی ئەم بۆچوونە چەند ئیشارەیە کـە لـە
یەکێك لـە تەتەڵەبەردیەکانی ئاشوری هی دووهەزار ساڵ پێش زایینیدا
هاتووە • لەم تەتەڵەدا باسی وڵاتێك کراوە بە ناوی «کاردا» یان «کارداکا»
کـــە لـــە گۆلی وانەوە بەرەو باشـــوور چووەو چـــەند قەڵای
پتــەوو بەشکۆی لـە ناوچەکانی بتلیسی ئێستا بووە کە شوێنەوارەکانی
تا ٦٠٠ی پێش زایینی ، مـــاوە •

ئەم ناوە تا نیوەی چەرخی پێنجەمی پ ز لە هیچ جێـــگایەك باس

(١) پێشەکی شەرەفنامە ، پێشوو لاپەڕی ٢٧-٣٢ •

نەکراوە • تەنیا لە نەقڵکراوەکانی تێـــگلاس پلیسر پادشای ئاشووری ناوی قەومەکـــانی کورتی دانیشتوانی کوێستانی ئزو ، شـــەڕکردن لەگەڵیاندا هاتووە • ڕۆژئاوانس «درایۆر» پێیوایە ئزۆ هــــەر ئـەو هازوەیە کـە ئەورۆ پێی دەڵێن «سامسون» ، لـە کوردستانی تورکیـــەو لـە باشووری گۆلی وان • بەڵام بەپێی ڕێزمـان یەکبوونی ڕیشـەی وشەی کاردۆو کۆرتی ناسەلمێنێ • ئیسترابوون کە لە چەرخی یەکەمی زاینیدا ژیاوەو یونانیو جۆگرافیزان بووە ، دەنوسێ : لە بەشی لێواری دیجلە ، نەتەوەی کوردین کـە لە ڕەچەڵەی قەومی کـاردۆیە ، دەزیو خـاوەن چەندین شارو قەڵای بەشـــکۆو پتەوێـکن • ئەوناوچە دەبێتە نێـوانی دیاربەکرو موسڵ •

لـەو شارانەی ئەم ناوچەیە کـە زۆرئاوەدانو بەرفراوانبوون ، تەنیا ناوی کۆنی سێ شاری ( ساریزا = Sarisa سەتلکا = Satolka و پیناکـا = Pinaka ) کە لەلێواریدیجلە بوون ، ماوەتەوە • لـەم دوایانەدا مێژوونووسە عەرەبەکـــان بەو ناوچـەیان گوتووە : جزیرەی ئبنیعومەر!یان بوهتانو بۆختان•لەپێشیدا بەو جێگایانە گوتووە «قوردو» هــەرئەو جێگایە کە مێژوونووسە یونانییەکان پێیان گوتووە : کردو یـان کردوئن • لـە زمــــانی بابلیو ئاشووریدا وشەی کاردۆ بـــە واتای خاوەنهێزو پاڵەوان هاتووە • لـەم دوایانەدا ، مێژوونووسەکان پێیـــان وایە ، قـەومی کورتی کـە بە وتەی یونانییەکان لە مادو پارسن ، هەر ئەم کوردەی ئێستایە • بەڵگەشیان بوونی چەند هۆز لە کورد لە دەورەی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندایە • لەوەدا کـە لە ناوچـــەی کاردۆ یان کاردا یانگاردۆخدا لـە قەومەئارياییەکان ، دانیشتوون ، گومانی تێدانییە بەڵـگەی مێژوویيو جۆغرافیـــایی ، یەکبوونی ڕیشەی دوو وشـــەی

«کورد»و «کاردۆ»و نزیکی نەتەوەیی کوردەکانی ئێستا لەگەڵ کاردوەکانی کۆندا ، دەسەمێنێ • زانا لێکۆڵەرە ئورووپییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە کورد ناوی نەتەوەیەکی ئێرانییە وەك مادو پارس کە مەڵبەندی ژیانیان ، کوێستانەکانی ڕۆژ ئاوای ئێرانو دەوروبەری هەتا شاماتو باشووری ئەرمەنستان ، ئەگرێتەوەو ئەو تایفانەی لەم ناوچانەدا ژیاون ، تێکەڵاوی کوردەکان بوون • واتا کورد ناوی لقێك لە نەتەوەئێرانی یەکانە کە برای مادو پارس یان خۆدی ئەوانن کە بوونەتە خاوەن دەسەڵاتی ناوچەی بەرفراوانی زاگرۆسو ناوی کوردیان لێناون(١) •

سن‌مارتن ئەڵێ : لە کۆندا وڵاتی کوردوئەن بە ناوی «کوردوچیخ» ناسراوە ، بە واتای ئەرمینییەی کوردە • ژووررووی ئەبووەناوچەی «واسپورکان»، خواررووی «ئاسووری‌یە»، ڕۆژهەڵاتی «ئەمەیە»و ڕۆژئاوای «کورەی موغ»ە • سەرچاوەیەکی‌تر ئەڵێ : مەڵبەندی ژیانی کوردەکان لە کەنداوی فارسەوە ، تا دەریای خەزەر ئەچوو(٢) •

### بیروڕای نەتەوەناسەکان :

کورد لقێك لە نەتەوەی ئێرانییە کە لە باری زمان ، ئەخلاق ، دابو نەریت ، شێوەی ژیانو مەزهەب ، لەگەڵ ئێرانییەکانی‌تر ، چەند لایەنی هاوبەشیان هەیە • مەڵبەندی جۆغرافیایی‌و تایبەتمەندی یە نەتەوەیی‌یەکان چەند شوێنیان داناوەو بوونەتە هۆی ئەو جیاوازیانە • جۆرێ

---

(١) میرزا شوکروڵڵای سنەیی ، توحفەی ناسری ، تاران ١٣٦٦ی هەتاوی ، لاپەڕی پێنج ــ حەوت •

(٢) ئەمین زەکی بەگ ، کوردو کوردستان ، بەغدا ١٩٣١ی زایینی ، بەرگی یەکەم ، لاپەڕی ٨ــ٧ •

ڕاولینسۆن پێیوایە کوردو لۆڕی ئێستا لە باری تایبەتمەندی یە جەستەیەکانەوە ، بە مادی کۆن نزیکترن تا دانیشتووە لەش ناسکەکانی تەپۆلکەکانی ناوەڕاستی ئێران .

ئوژن پێتارد لە سێ لق لە نەتەوەی ئێرانی فارس ، کوردو ئەرمەنی، ناوی بردوە . دەلێ لە قەومە ئێرانیەکاندا ، کوردەکان لە هەموویان بێ خەوشترن ، چونکە مەلبەندی ژیانیان شاخاوی یەو کەمتر هێرش کراوتە سەریان !

ڕیچ ( Rich ) پێیوایە کورد دوو تایفەن : ڕەشماڵ نشین و کوندنشین ! دووهۆسە پێیوایە کوردەکان بە زۆربەیی سەریان درێژە ! بەژنی نێوەنجیو لەشو ڕەکی بەهێزو ڕەنگی خورمایی ، مووی ڕەشو برۆی ئەستوورو پانو لووتی گەورە وەك لووتی هەڵۆ و کۆلمی بەرز وەك فارسەکانن . هێندێك پێیان وایە کوردەکان وەك ئەفغانییەکان وەهان ، تەنیا چاویان ڕەشو گەورەترەو نیوانی دوو چاوانیان لە ئێرانیە ڕۆژئاوایی یەکان ، تاجیکەکانو پەشتوەکانە . لە هەمان کاتدا لەوەدا کە لە پەشتوەکان دەچن، جێی سەرسوڕمانە . ژان دومۆرگان پێیوایە ، کوردەکان جوانو قەشەنگو بەژنی ناونجیو شانی پانو تەوێڵی بەرزو لووتی قەڵەمیو چاوی گەورەو ڕەشو بەزۆربەیی مووی ڕەشیان هەیە . گاسپارد پێیوایە : کوردەکان وەك فارسەکان ، بەژنێکی ناوەندی ، مووی ڕەشو چاویان ڕەشە . سولاك پێیوایە کوردەکان وەك خەڵکی ئوروپای باکوور وان . فن لوشان ڕەگەزناسی ئاڵمانی پێیوایە لە کۆندا ، کوردەکان چاویان شینو ڕەنگیان خورمایی و سەریان درێژ بووەو بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ تورکو ئەرمەنیو ئێرانیەکانی دیکەوە ، ڕەنگیان وەك ڕەنگی گەنمی لێهاتووە و سەریان

خڕ بوەتەوە • هێنری بیـــــدری ئوروپایی دەڵی : کوردکان خـــۆش قەڵافەتو لووت درێژو قەڵەمی تا ئەندازەیەك چەماوەتەوە ، دەم بچووکو چەنەی درێژو خاوەنی چاوی تیژو رووناکن(١) •

هەم لە کتێبی ڕیشەی نەتەوەی کوردی ئیحسان نووریو هەم لـە توحفـەی ناسریدا هاتوە کوتی بۆیەنە جودیو جودی کێوێـــکە لـــە کوردســـتانداو بەناوبانگە ، پاش ئەوەی کەشتی نوح لە سەر ئەم کێوە نیشتەوە سەرەتاییترین قەوم ناوی ئەم ناوچـەی لێنرا • واتە جـودی یان کوتی = ( Guti ) و بە واتای قارەمانو چەنـــگاوەرە • ئـــەزرپۆ گەورەترین هۆزی کورد (کرمانج) ، بەکارلێهاتووو جەنگاوەر ، دەڵێـن «ژهاتی» کـە وێدەچێ لە ژوتی یـــن گوتی وەرگیرابی • نووسراوە دۆزراوەکان ، نیشان دەدەن کە تێکوشانی گوتییەکان تا ٣١٠٠پ ز ، لەم ناوچانەدا ، درێژەی بووە(٢) •

نلدکەی ئاڵمانی پاش هەڵسەنگاندنی وشەکانی کوردیو بەختیاری ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وشانەی لـە نووسراوەکەی ئیسترابوونەدا هاتوون بـەو ئاکامـــە گەیشتووە کـە هۆزە کۆچەرکانی کـــورتی ، باپیرەی کوردەکانی ئیستانو مەسەلەی کۆچی ئەمـــانە لـە سەرزەوی پارسـەوە بۆ سەرزەوی مـادای وا تەوجێ دەکـا کـە لە چەرخیپێنجەمی پ ز ، بە هۆی لەشکرکێشی پاشاکانی هەخامەنشی بەرەو ئاسیای ڕۆژئاوا ، زۆر لـە هۆزەبیابانشینو جەنگاوەرەکان لە پارسو ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا ، کۆچیان کرد •

---

(١) توحفەی ناسری ، پێشوو ، لاپەڕی هەشت تادە •

(٢) توحفەی ناسری ، لاپەڕی یازدە • مێـــژووی ڕیشەی نەتـــەوەی کورد ، پێشوو لاپەڕی ٥ •

مینۆرسکی ئەم کۆچەلکۆچە پەسند دەکاو دەڵێ نموونە کـــەی کۆچی بەشێك لـە هۆزی سا کارتیا لـە سیستانەوەیە بۆ سەرزەوی مـاد (کوردستان)ی ئێستا • لەقـەومی کورتی یەکـەم تایفــەیەك بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیـان کرد ، «ئازا کاریتا» بوو • لـە سەرەتاوە لە ڕۆژهەلات بوون لە دەورەی دەسەلاتی ئاشووری یەکاندا کەیشتنە سەرزەوی مادو لـــە چـەرخی شـەش‌و پێنجی پز ، هاتنـە ناوچــە تائەندازەیەك بەرزەکـانی نزیك دیجلە • واتا ناوچـەی هەولێر • لەکـــەڵ داریوش شـای ئێران کەوتنە کێشەوەو ئەویش سەرکردەکەیانی بە ناوی «چیتران توخمە» سزادا • لـە بەردە نووسراوەکـانی بێستوونی جـــادەی کرماشانسەحەنەدا ، ئەم پیـــاوە بە دیلی‌و لـە جـــل‌و قەلافەتی کوردی ئەوڕۆدا ، دەبینـدرێ(١)

بە قسەی مینۆرسکی ، کوردە کۆچەرەکان ، پاش ڕووخانی ئاشوور لـە نەینەوا لـەوێ سەقامگیر بوون‌و پاشـان بەرەو ئاسیای بچووك ، ملی ڕێـگایان گرت‌و لـە سەرەتاکانی چـەرخی حەوتەمی زایینیدا ، بەشـێك لە ئەرمەنستانی‌باشوری‌و ڕۆژئاوایان کە لە سەرچاوەکانی ئەرمـــەنی‌دا «کورخێچ» ناونراوە ، داگیرکرد • ئەو وشـە لــە ئەرمـــەنی‌دا ، بە واتای‌کوردەو ناوی ناوچەیك بوو کـە لــە نزیك سەلماسی ئێستادا ، هەلکەوتووە • لـە نووسراوەکانی ئەرمەنییەکاندا هاتووە ، کۆچکەرەکان (کوردەکان) خەلـکی ناوچـەی داگیرکراویان لەگەڵ خۆیان تێـکەڵ کرد • هۆکەشی ئەوە بوو ، هەردووکیان لە قەومە ئێرانییەکان بوون •

---

(١) ناوەڕۆکی ئـەو نووسراوە لەسەر کرتن‌و سزادانی چیتـــران توخمەیە • توحفەی ناسری ، پەراوێزی لاپەڕی شازدە •

بێجگە قەومی ئاساکاریتا ، ناوی چەند هۆزی‌تر کە لەپاشان پێیان دەگوتن (کورد) بە ناوی «کاراتوار» لە سەرچاوەکانی ئارامی‌دا ، دەبیندرێ • ئەم قەومانە پاش ماوەیەك ، جیابوونەوە لە یەکتر لە کوێستانی زاگرۆس‌و لێوارەکانی دیجلە ، یەکیان گرتەوە • لە بەرئەوە نەتەوەو داب‌ونەریتیان یەك بوو ، تێکەڵاوی‌یەکەیان بەهاسانی بە ئەنجام گەیشت‌و بەرەبەرە وشەی «کوردۆ» کە ناوی یەکەم هۆزی کۆچەری ئێرانی یان ناوی ناوچەی کوێستانی ڕۆژئاوا بوو،بڕا بەسەر گشت هۆزە دانیشتوەکانی ئەو ناوچەدا(١) •

ئەم نەتەوە دەچێتەوە سەر کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە لانەکی شارستانی‌یەتی کون ، دەناسرێ • دوژمنانی گەلی کورد ، دان بە نەتەوە بوونی کەلەکەماندا ، نانێن ! یەك بە فارس‌و ئەوی‌تر بە سامیمان دادەنێن !

ئەوڕۆ زانستی کۆمەڵناسی‌و لقەکانی ،دەریان‌خستوە کە کورد لە تورمەی عەشیرەتەکانی چیای زاگرۆسە (گوتی‌و لولوو هی‌تر) کە لە ڕۆژگاری کۆندا ، لەو مەڵبەندە ، نیشتەجێ بوون‌و لەگەڵ عەشیرەتە هیندوئورووپایەکان کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاینی هتوونەتە ئەو مەڵبەندە ، تێکەڵاو بوون • بەڵگە مێژوویەکانی سەردەمی «ئاکاد» ، دەری‌دەخەن کە عەشیرەتی لوولووو گوتی ٢٠٠٠ ساڵ پ ز لەگەڵ ئاکاددا فەرمانڕەوایان ، کردوە •

وێدەچێ وشەی کورد لە وشەی «گورد»ی فارسی‌یەوە بەواتای‌پاڵەوان‌و ئازا وەرگیرابێ • ئەو بڕوایە بە هێزەکە کوردەکان ، نەتەوەی‌مادەکانن لە میدیاکان ، تاریخەکەشیان بە گرتنی شاری نەینەوا

---

(١) توحفەی ناسری لاپەڕی شازدە •

دەس‌پێدەکا کە لە ساڵی ٦١٢ی پ.ز بە دەستی کیـــاك پادشای مادەکان کیـــرا(١) .

## دەسەلاتی کۆن :

لـە سەردەمی دەســەلاتی ماد لە سەدەی حەوتەمی پ.ز کەولاتێکی بەرین لەژێر دەسەلاتیاندا بوو ، کورە دەوڵەمەندەکانی ماد ، سامانێـکی زۆریان پێکەوە ناو «نابونید» فەرمان ڕەوای بابل بە نوێنـــەرانی ئـــەم نەجیب‌زادانە ، دەیگوت «پادشا» . هـــەتا ئەوان دەوڵەمەندتر ئەبوون ، بۆرەپیـــاوی عەشیرەتەکان ، هـــەژارتر ، دەبوون ! بەم‌جۆرە کۆیلـە زۆربووو ئـــەزۆربوونەش بوو بە هۆی تێك‌چـــوونی یەکیـــەتی عەشیرەتەکان‌و پێك‌هاتنی دەوڵەتێکی کۆیلەدار . هەرچەندە بـــە هۆی خەیانەتی بەشێکی‌زۆر لە نەجیب‌زادەکانی‌ماد ، ئیمپراتووری‌ماد لە ساڵی ٥٥٠ی پ.ز ، سەری‌بۆ حکومەتی پارسەکان دانواند ، بەڵام کوردەکـان لە چیاسەختەکاندا ، سەربەخۆیی خۆیان پاراست(٢) .

لەوکاتەوە لە ناوچـە جۆراجۆرەکانی کوردستان ، چەند حکوومەت دامەزراوە ، بەڵام بە گشتی خزمەتی گەورەیان بە دەسەلاتدارە بێگانەکان کـــردوە ! ئەودەرفەتەی سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٦٩ــ١٢٥٠)ی زاینی بۆی‌ڕەخساوەو میسرو سوریەو «بین النهرین»ی ، داگیرکردوەو کـاری بۆ کوردنەکردوە، لە مێژووی‌خەباتی گەلەکەماندا ،دووپات نەبووەتەوە.

عەشیرەتەکـانی گوتی ، لوولووو کوسووو هی‌تر کـــە باپیرانی کوردان بوون ، لەم جێگایانەدا کـە باسیان دەکەین ، دەسەلاتییان بووە :

---

(١) دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو ، کوردستان‌و کـورد ، ١٣٥٢ لاپەڕی ٤٠ــ٣٨ .

(٢) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ٤٠ .

نووسراوە دۆزراوەکان باسی دەسەلاتی گوتی یەکانو پاشاکەیان «ئەنناتوم» دەکەن کە لە ناوچەی جودی = Guti ) لە ٣١٠٠ پ ز دا ، دەسەلاتیان بووەو لەگەل عیلامیەکان بەشەڕهاتوون • «لوگال زاکیس» پادشای گوتی ٢٩٠٠پ ز ، قڕالی ئەرخو سومر بووە • بابلیەکان بە باشووری « بین النهرین » دەیانگوت «سومر» • هەروەها بە ئاکادەکانیش دەیانگوت «سومر» ٤٥٠٠ سال پ ز ، خاوەنی شارستانیەتێکی گەورە بوون و نووسینیان هەبووەو یاسای بەناوبانگی حەمورابی لە ڕووی یاسای سومرەوە ، ڕێکوپێک کراوە • هەروەها مانگە قەمەرەیەکان یادگاری ئەوانەن • وادن مامۆستای زانستگەی لەندەن پێی وایە ، سومریەکان ئارییاین • ناوی سەرزەوی لوولوبیوم گوتیوم لە نووسراوەکانی چەرخی ساکن پادشای ئاشوور لە ٢٧٠٠ پ ز ، دیتراوە دەلێن لوولووی یەکان باپیرانی لوڕن • لوولوویەکان تا٨٣٨ پ ز دەسەلاتیان هەبووەو پاشان ئاشووریەکان کۆتاییان پێهێناوە • کورمانجەکانی ئەورۆ کەسێك بانگ بکەن لە جیاتی ناوەکەی دەلێن : «لوولوو» ! دەردەکەوێ هۆزی لولوییەکان لەگەل کاردۆەکان ، تێکەل بوونو ئەورۆ هۆزێك بە ناوی لوولوو لە ناوچەی کورمانجدا ، ڕەشمال نشینن •

گەلی گوتی لە نیوەی چەرخی ٢٦ ئاکاد ، سومر ، عیلامیان داگیرکرد • ١٢٠ سال ، دەسەلاتی هەبوو پاشان پاشای شاری «ئەرخ» لە ناوچەی بۆتانی ئێستا بە ناوی «ئوتون لوگال» ، لە نەتەوەی گوتی تیرگان شای گوتی ، خستە ژێر دەسەلاتی خۆی ، لە ئاکامدا چەند شای بچووك لەنێو عەشیرەتەکاندا ، پێك هاتو حکوومەتێکی سەربەخۆ ، لە باکووری ڕۆژئاوای عیلام ناوچەیەك بە ناوی ئەنزوان کە بە والای کوێستانێکەو لە کوردیدا «زۆزان»ی پێدەلێن ، سەربەخۆیی خۆی

ڕاگەیاندو ناوی ئەمیرەکەشی «گیر» واتای خودای کوردانبوو • بەم جۆرە خەڵکی کوێستانەکانی بەختیاری ، گیریان پەرستش ئەکردو دەکرێ بڵێین لەگەڵ کوردەکان ، یەك نەتەوە **بوون**(١) •

بروس مێژوونووس و پێشەوای بەناوبانگی کەڵدانی کە لە چەرخی سێهەمی پ ز ژیاوە لە باسی ڕەگەزی زەرتەشتدا کە پێیوایە پەیامبەری ئاریاییەو لە زنجیرەی مادەکانە ، دەڵێ مادەکان لە ٣٠٠٠ تا ٢٣٠٠ پ ز لە کەلدەدا پاشایەتییان کردوە • لە ڕاستیدا ئەوە گوتییەکان بوون کە لەو چەرخانەدا ،دەوروبەری کەلدەیان ، خستە ژێر هێرشی خۆیانو جارجارە حکوومەتییان دەکرد • بە قسەی ئوستاد پوورداود ئەوێستاناسی هاوچەرخ سەبارەت بە گئوتمە لە فەروەردین (خاکەڵێوە) یەشتدا ، نووسیویەتی: گئوتمە یەکێك لە نەیارەکانی زەرتەشتبووە • لە سانسکریتدا چینی سرودخوێنەکان پێیان گوتوون : ویداگوتمە ، کە ناوی بناخەدانەری ئایینی بودایی «گوتمە» بووە • یەکێك لە پاشاکانی گوتی «شرلك» شەڕ لە فەرانسەییو کوردیدا بە واتای شەڕە • لك کە لە زمانی کوردیو ئارییاییو هێندی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ،سەدهەزارە•ناوی پاشایەکی تر «تیریکانە»و لە چەرخی ساسانییەکاندا ، بە جێژنی مانگی تیر = پووشپەڕ ، دەیانگوت تیریگان ••• پاشان لە نیشتمانی گوتیەکاندا ، کوسیەکان سەریانهەڵدا کە لە مەیدانی سیاسەتی بین النهریندا ، خۆیان نیشادا • ئەو شتانەی کە لە کوردستان لە ژێر خاك هاتوونەتەدەر ، بەرهەمی کاری دانیشتوانی چیان ، کە بەهۆی هێرشی دوژمن کە لە باکوورەوە هاتبوو ،چیاکانی خەزەریان بە جێهێشتو چوونە لوڕستان • ئەم قەومە بابلیان گرتو ٦ چەرخ لەوێدا فەرمانڕەواییان کردو

---

(١) ئیحسان نووری پاشا ، پێشوو لاپەڕی ٨ـ٥ •

پاشان گەڕانەوە جێگای خۆیانو ئەم ئامرازانە ئاکامی لێوەشاوەیی پیشەسازی ئەوانە • ئەمانە لە قەومی هیندو ئورووپایینو لە شیمالی ئێرانەوە ، هاتبوونولە سەرەتادا ناویان «کوسی» بووە جێ دانیشتنی بنەڕەتی تایفەی گەورەی ئارییایی «کورتی» = ( Cyrti ) بە بڕوای ڕۆژهەلاتناسەکان ، ڕۆژهەلاتی ئێرانە • یەکەم بەش لەوان کە هاتنە ڕۆژئاوای ئێران «ساکارتیەکان» بوون ، ئاشووری یەکان ، پێیان دەلێن زاکروتی ، لە حالێکدا پاشای ئاسور توکولتی ( ئینورتا ) بە دەراوسێەکانی خۆی دەگوت «گوتیەکان» • ئەگەر ڕای ڕۆژنامەنووسەکان پەسند بکەین ، ئەتوانین دان بەوەدا بنێین کە نیشتمانی گوتیەکان تا ڕۆژهەلاتی ئێران ، بەربلاو بووەکە پاشان بەشێك لە کورتیەکان بەرەوڕۆژئاوا هاتوونو لەگەل کورتیەکانی ئەم بەشەی ئێرانو باکووری بین النهرین ، یەکیان گرتوەتەوە • بەشێك لەم کورتیانە لە ڕۆژئاوای ئێران ، باشووری دەریای خەزەر ، ماونەتەوە کە لە چەرخەکانی دوایی دا ، بەشێکیان بە ناوی کورتی (کورد) لەو ناوچەدا ، ماونەتەوە • ئەبوومسلیمیی خۆراسانی بەناوبانگ لە کوردەکنی ڕۆژهەلاتی ئێرانە • بەشێك لە گوتیەکان کە لەکۆنەوە لە باکووری عیلام دەژیان ، لەو گوتیانە بوون ، کە کاتێك لە عیلامەوە تا کێوی «ئامانووس» لە ناوچەی ئاتنە لە لێواری دەریای مەدێنەرانەیان داگیرکردو لەوناوچە بەرفروانەدا حکوومەتیان کرد •

پاشماوەکەیان لە کێوەکانی عیلام وەك وتمان حکوومەتێکی سەربەخۆیان بە ناوی «ئەنزوان» پێك هێنا •

لەو چەرخەدا کوسیەکان بەرەوپێش دەچوون • پاشان ئەنزوان جێگای دانیشتنی کوسیەکان خۆی بە گوتیو ئەماردی کە تایفەیەکی

کورد بوون ، ناساندوه • ئەمەش بەڵـــگەیە کە کوسیو گوتی ، یـــەك نەتەوە بوون •

لە ساڵی ١١٥٠ پ‌ز تایفەی موشـکی خـــاوەن دەسەڵات بوون و ناوچەی باکووری کوردستانیان خستۆتە ژێرڕکێفی خۆیانەوە •

لە ١١٠٠ پ‌ز قوبادو کیەکلیکاشیان گرت • خەرپووت ئاتنـە بەشی باکووری حەلەب بەشی باشووی سیواس ، قونیە لە باشوور کلیکە لـــە باکوور ، پانایی‌و درێژایی ئـەم حکوومەتە بووە ، **شاری مووشی** ئێستا لە تورکیە لەو تایفەوە ناوی خۆی وەرگرتوە(١) •

هێندێك لـە ڕۆژهەڵاتناسەکان پێیان‌وایە نەتەوەی کورد لـە نیوەی دووەمی چەرخی حەوتەمی پ‌ز لـە هیندوستانەوە هاتووەتە کوردستان • ئەگەر روابێ ، دوو پرسیار گەلاڵە دەکرێ :

١ ـ ئەم کۆمەڵە کۆچەرە چۆن لە کوردستاندا ، جێگیربوون ؟

٢ ـ ئەو نەتەوەو گەلە دانیشتوانەی پێشوو ، چـــۆن لەناوبران یان چییان بەسەرهات ؟

بۆ ڕوونکردنەوە لـە چـــەرخی حەوتەمی پ‌زایینی‌دا ، خاکی کوردستان چۆڵبووە تا کۆچەرەکان بەهاسانی بێن‌و جێگیر بن •

لـە ناوەندی کوردستاندا ، قەومی «گورتی»و «نایری» لە باکووردا «ئورارتو = خالیـــدی» لە ڕۆژهەڵاتیش «ماد»و «مـانای»و «سیس»و «لوللو» لە باشوورو ڕۆژئاوادا «مووشکی) هیتیس‌و «ئارامی» هەبوون •

---

(١) بۆ زانیاری پتر لە بەشەدا ، بڕواننە ئیحسان نووری ، پێشـــوو سەرچاوەی من لە لاپەڕی ٢٠ـ٨ • ئەم کتێبە ١٤٣ لاپەرەو گشتی باسی دەسەڵات‌و ریشەو ڕەتەوەی باپیرانمان دەکا •

بەم پێیە دەبێ کۆچەرەکان حکوومەتی میدیای خاوەنشکۆیان نێك شکاندبێ و بەزۆرئەم خاکەیان ، داگیر کردبێ •

تازە ئەگەر وابایەنە نووسراوەکانی ئاشووری و خالیدیدا ، یادداشت دەکرا ، چونکە ئەم دوو حکوومەتە لەوکاتەدا لەسەر کار بوون •

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ، ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵی تازەی کورد ، بەشێکی دواکەتووی ئەو گەلە بوون کە لەپاشدا ، هاتن و لەگەڵ بناخەو ڕیشەکەی خۆیان بەهاسانی و بێ کێشمە یەکانگیر بوون •

سەبارەت بە پرسیاری دووەم دەبێ بگوترێ ئەو نووسراوەو نەقشانەی کۆن لە کتێبی زاناو ڕۆژهەتناسەکاندا ، هاتوون کۆمەڵی «کوردوئەن» یان «کاردویکای» کە ئەبێ کۆچەرەتازەکان لە ناوچەیەکی بچووکدا بن ، نیشان ئەدەن •

بۆنموونە لە نەقشەی چەرخی شەشەمی پز «سیر مرك سایکس» لەنێوان دیاربەکرو سەرچاوەی زێی گەورەدا ، وائەبیندرێ کەتا ۱۸۸ پز گۆڕانی بەسەردا ، نەهاتووە •

لە نەقشەکەی جلدی سێهەمی «کامبریج = مێژۆوی کۆن»دا ، کە دەکرێ بڵێین باردۆخی چەرخی شەشەمی پز نیشان دەدا ، ناوچەی کوردوئن لە ئاوی باتمانەوە تا باشووری گۆلی ورمێ ، مەودای هەیەو باکووری کێوی جودی و بۆتان ئەگرێتەوە •

ئەم ناوچەیە وڵاتەکانی ماد ، نایری ، لوللو ، کاساسی ، گوتی و سوباری یە •

ئەگەر کوردوئن نەتەوەیەکی وا بچووك بووبێ ، چۆن لە ماوەی

دوو چەرخ یان دوو چەرخ و نیودا ، ئـــەو گشت نەتەوەی تەفروتووناکردوە ؟! یان چۆن تێکەڵاوی خۆی کردوون ؟!

حکوومەتێکی بەهێزی وەك ئاشووری و چەند ساڵ لەگەڵ ئەم نەتەوە کۆنانەدا شەڕی کرد ، نـەك نەیتوانی تەفروتوونایان بـــکا ، بەڵـــکو نەیتوانی بەتەواوی بی‌یان‌هێنێتـــە ژێر رکێفی خۆی‌یەوەو ناچـــاربوو لەگەڵیان بسازێ •

بەڵـگەی دیکەش بۆ گەورەیی ناوچـەی قەومی کوردوئن ، قسەی گزنوفونە کـــە دەڵێ :

لە وڵاتی ئاشوورەوە تا نزیك ترابزون ، لەچنگ قەومی کوردوئن ، ڕزگار نەبووە •

کـەوابوو پێویستە قبـــووڵ بـکەین ئەم نەتەوە لە کۆتایی‌یەکانی چەرخی پێنجەمی پ.زدا ، ناوچەیەکی بچووکی خـــواروی گۆلی وانی داگیر نەکردوە ، بەڵـکوو لەسەچاوەی زێ یان زابی گەورەوە تا نزیك دەریای ڕەشی ، داگیرکردوە •

ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسان قـــەومی کورد گەلێکی تازەهاتوو نەبووە ، بەڵکوو گەلێك لەپێش چەرخی حـەوتەمدا ، بە ناوێـــکی‌ترەوە لە کوردستان هەبووە •

بەم پێیە ئەم نەتەوە بەش‌بەش هـــاتوونەتە کوردستان‌و لەگـــەڵ ئەوانی‌تر ، یەکانـــگیر بوون • ئەوەی شایانی باسە دوکتۆر «سپایزەر» تارمایی لەسەر بەشێك لە گومان‌و گۆترەکاری‌یەکان نەهێشتوە بە بەڵگەی زانستی بنەچەی گەلەکەمانی بردوەتەوە سەر قەومی «گوتی = ( Guti )

لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا تەمی گومان لەسەر مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان، هەڵنەگیراوە(۱) •

وەك وتمان لوللوو گوتی دوو قۆڵی گەورەو بە هێزی کۆنی نەتەوەی کوردن :

۱ ــ لوللو لە ناوچەی سلێمانیدا ، ژیاون • تەتەڵە دۆزراوەکەی زەهاو کە پێوەندی بە «ئەننو ــ بانینی» قراڵی لوللوو گوتیەوە هەیەو لە چەرخی ۲۸ی پ ز نووسراوە ، ئەڵێ ، ناوچەی «هەڵمان» کە زەلاتی حەلوانی دەورەی ئیسلامو ناوچەی زەهاوی ئێستایە ، بە دەس لوللوو بووە • لە کاتی سارگونی قراڵی ئاکاددا ، پاشای لوللو « لاسیراب = ( Lasirab ) بووە •

بەگوێرەی ئەو تەتەڵەی لە دەربەندی گاور لە سەر شاخی قەرداخ دۆزراوەتەوەو بە « نارام سین »ی قراڵی ئاکادەوە پێوەندی هەیە ، ئۆردووی ئاکاد لەگەڵ ئەم قراڵەدا هاتۆتە سەر وڵاتی لوللوو داگیری کردوە •

هەر لەم دەورەدا لەشکری گوتی ئۆردووی ئاکادی تێك شکاندو دەسەڵاتی ئاکادی تەفروتوونا کردوە، لەئاکامدا دەوڵەتی لوللوش ، پڕ زۆر بووەو سەربەخۆیی خۆی ، وەدەس هێناوەتەوە •

باش ئەم دەورە کەم باسی لوللو کراوە ، بەڵکوو لەگەڵ گوتیو کاسایو سوباو ، بە تێکەڵاو باسیان کراوە • پاش نزیك دووهەزار ساڵ قراڵی ئاسووری «ئیگلات پلایزە»و هیتر لەگەڵ قەومی لوللودا ، گەلێك تێکەلچوونیان هەبووە •

---

(۱) کوردو کوردستان محەممەد ئەمین زەکی بەگ ، بەرگی یەکەم ، لاپەڕی ۸۳ــ۸۰ •

«ئاشوور ناسرپاڵ»ی دووەمیش لە ٨٨٤ تا ٨٨٠ چوار جار لەگەڵ لوللو شەڕی کردوە • هێندێك لـە شۆڕشگێڕان پەنایان بردوەتە کێـوی نیرەمەگروونو خۆیان حەشارداوە • چوونەتە سەریانو بەرپەرچیـــان داوەتەوە و لەشکری ئاشووریان تووشی شکست کردوە • وەك هەمیشە لە دواییدا لەگەڵ دوژمن ڕێك کەوتوون !

«شەلماناسەر»ی دووەمیش لە ٨٥٩ی پ ز ، هێرشی بردوەتە سـەر ناوچـەی «زاموئا»و شاخەکانی تاسلوجەو گلەزەردەی ، داگیرکردوە • هەر ئەم پاشـا لە ٨٤٤ی پ زایینیدا ، هێرشی بردۆتە سەر ناوچـــەی نامری (پشدەر)و قڕاڵی ئەم ناوچە مەردوك وەشاخی کەوتووە •

لە ٨٢٩پ ز قڕاڵی ئاسووری ناوچەی کارخی یان شارەزووری ، وێرانکردوە • پاشان وڵاتیزاموئا ، بۆوتە بەشێك لە وڵاتیئاســووری ! ( ئەویش بۆئەوان ) •

لـــە ٨٨٣ تا ٧٧٣ ماوەیەك وڵاتی لوللو گیانیش کەوتوەتە دەس دوژمـــن !

لە کۆتاییەکانی چەرخی هەشتەمی پ ز ، زاموئا ، کـەوتە دەس دەســەڵاتداری سەرکیشی ئاشـــووریو لە کۆتایی ئەم چەرخـــەدا ، ئاشوورییەکان ئەم وڵاتەیان ناونا «لوللو» • هێندێك بێگانەیان تێخزاند ! (موبارەکە) پاش سەرهەڵدانی حکوومەتی ئامێـــدی ، کەوتە ژێر ڕکێفی ئـەو حکوومەتە •

لەباری شارستانییەتەوە ، لوللو بەتایبەت پاش تێکەڵبوونی لەگـەڵ ئاکاد ، زۆرتر گەشەیان کردوەو لـــە نووسیندا ، بناخەکانی خـــەتی «ئاکاد»یان پەسند کردوە •

پیشەسازێـکی باش‌بوون‌و گەلێکیان براونەتە ولاتی ئاشوور ...

٢ گوتی = ( Guti ) : ئـــەم نەتەوە لـــە کۆمەڵە گەورەکەی زاگرۆس‌و بناخـــەی زۆر کۆنی کوردە . خـــاوەنی حکوومـــەتی سەربەخۆ بووە .

پیاوانی گوتی لـە حکوومەتی ئاشووردا ، دەسەلاتیان بووە . پاش ئەوە هەڵیان‌کوتاوەتە سـەر ولاتی ئاکادو قڕاڵی ئاکادیان تێك‌شکاندووەو نزیك دوو چەرخ دەسەلاتداریەتییان کردوە . بە پێی بەڵگە ولاتی‌سومرو ئاکاد ، ماوەیەکی زۆر بەدەس گوتیەوە بووە . ئووورەکان لـەم ناوچانە گوتییەکانیان تووشی شکست کردوەو بە ناچار بەرەو شاخی زاگرۆس ملی ڕێـگایان گرتووە .

٣ ــ کاسای = (Kassites) : یان کاششوی ئاکاد یان کوش لە خەڵـکی زاگرۆسە . بەرەبەرە ڕۆژئاوای بابـــل تا لێواری دیجلـە یان داگیر کردوە .

پاش چـەند ئاڵوگۆڕ ، یاسـا دەسـەلاتی لـەم بەشەدا ، نامێنی‌و پاشان بە یارمەتی عەشیرەتە خزمەکان وەك گوتی‌و لوللو ، هەڵی‌کوتایەوە سەر بابل‌و داگیری کرد و تا ١٧١ی پ ز ئەم دەسەلاتە بەردەوام بووە .

ئـــەم نەتەوە تا پاش‌زاینیش لـە عیـــلامدا ژیاون . پاش ئەوان عەشیرەتەکانی «لوڕ» سەریان هەڵداوە . لوڕ لەگەڵ لوللو نزیکە،بەلام دوورنییە بەشێك لە نەتەوەی کاسای بووبێ ...

قەومی میتانی ، سوباری‌و نایری لەم ناوچانە ژیاون . قەومی مەد = ( Medes ) یش لە چەرخی دە یان نۆدا هاتونەتە ولاتی میدیا .

پاش ڕووخانی حکوومەتی ماد ، گشت خاکی کوردستان لەنێوان میرەکانی مادیدا ، دابەش کراوەو تا زاڵبوونی ئیسکەندەر ، نزیکەی دوو چەرخ بەدەس پارسەکانەوە ، بوو • عەشیرەتەکانی کورد ، لەکانی حکوومەتی میدیادا ، سەر بەخۆیی ناوخۆییان هەبووە • لـە دەورەی مەکدوونی،پارتو ساسانیو عەرەبو تورکیشدا ، ئەوسەربەخۆیی یەیان تا ئەندازەیەك ڕاگرت •

ئیسترابوون لە باسی حکوومەتی ئەرمەنیدا دەڵێ : قەومیکورد پیشەسازو لە گشت کاروباری هەندسەدا ، لێوەشاوەییان هەبووە •

لە چواریەکی دووەمی یەکەم چەرخی زاینیدا ، سەرداری ڕۆم لوکوللوس هاتەسەر ئەرمەنستانو لەنزیك دیاربەکر قڕاڵی ئەرمەنی دیگران ، تێكشکاو هەمو وڵاتەکەی داگیرکرد •

لەنێوان ساڵەکانی ٦٩ تا ٦٠ی پز دەسەڵاتداری ئەشکانی فەرهادی سێیەم ، هێرشیکردە سەروڵاتی کوردوئنو سەرنەکەوت •

لە ساڵی ٣٦ی پز کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەنتوان سەرداری ڕۆمەوە • لە دەورەی نێرون لەشکریڕۆم هاتەسەر ئەرمەنستانو کوردستانو هەمووی ، داگیرکرد • پاشان ئەم دوو وەڵاتەو مادی بچووك لە ئازەربایجان کەوتەبەر هێرشی قەومی ئالانو خەڵك لە بەربەرەکانێکی توندا ، ملی بۆ دوژمن دانەنواند • لە ساڵیسەدی میلادیدا ، ڕۆم هێرشی بردە سەر ئەرمەنستانو وڵاتی کوردو حکومەتی ئەرمەنی بەتەواوی تەفروتوونا کرد • بابلیشی داگیرکردو تا خەلیجی فارسیش چوو •

لە ساڵی ٢٢٨ی پاش زاینی ، پاشای ڕۆم لەگەڵ ئەردەشیر لە

جزیرەو ئەرمەنیەدا ، شەڕێکیان سازکردو لە ئاکامدا حەڕانو نەسیبەینو لەپاشاندا ئەرمەنیەو وڵاتی کوردو ئنیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەردەشیر •

شاپووری یەکەم ئەم وڵاتانەی گرتەوەو بوون بە بەشێك لە ئێران •
نرسی حەوتەم پاشای ساسانی هێرشی کردە سەر ئەم دوو وڵاتە کە جارێکیتر ڕۆم دەسی بەسەریاندا ، گرتبوو وەری گرتنەوە •

ئەم گرتنو بەردانانە لە درێژایی چەند چەرخدا ، درێژەی هەبوو تا لە دەورەی شاپووری سێیەمدا ، ئەرمەنستان لەنێوان ڕۆمو ئێراندا دابەش کرا • واتا کرا بە دوو حکوومەتو کورە شاکانی ئەشکانی فەرمانڕەوایان بەسەردا دەکردن • لە دەورەی بەهرامی پێنجەمدا ، «بەهرامی گۆڕ» کوردستان بوو بە مەیدانی جەنگو ئەرمەنستانیش بوو بە بەشێك لە ئێران (٤٢٢ پز) •

قوبادی یەکەم شای ساسانی لە سەرەتاکانی چەرخی شەشەمی زایینیدا، هێرشی کردەسەررومو کوردستان کەوتەژێر دەسەڵاتیەوەو ئەرزڕۆمی دیاربەکری داگیر کرد !

هەر لەم چەرخەدا ، عەشایری گۆرانی کورد ، بە سەرۆکایەتی « گوئاتانزا = ( Goataza ) حکوومەتێکی گەورەیان دامەزراندو ناوەندەکەشی کرماشان بووو ئازربایجانیش بەشێك بوو ، لەم وڵاتە •

لە ٥٠٢ دیسان لەنێوان ڕۆمو ئێراندا کێشە سازبووو کوردستان کەوتە ژێر دەستی ئێرانو خەڵکێکی زۆری ڕاگوێزرا بۆ خۆزستان •

بێجگە لەوە چەند جاریتر کوردستان بووەتە پردی سەرکەوتنی وڵاتانو تاڵان کراوە • لە ساڵی ٦٢٢ بەشێکی زۆری کوردستان بەتایبەت

باشوورو ڕۆژهەڵاتی شارەزوور ، کاول کراو تا **٦٣٣** لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمی یەکاندا مایەوە(١) •

پاشان لە جێگای خۆی بە باشی ئەم دەورە ، دەس نیشان دەکەین •

## سەرزەوی ماد :

لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کوردو بنچ بناوانی گەلەکەمان لە گشت کتێبە مێژوویی یەکانی کۆنی ئێمەدا ، باسی نەتەوەی مادو سەرزەوی و دەسەڵات و شارستانیەتی ماد کراوە • ئێستا دەمانەوێ بزانین ماد لەکوێ ژیاوە،چۆن دەسەڵاتی وەدەس کەوتووەو چی بە سەرهاتووە؟ سەرزەویەکەی لە لای ژوورەوە، ئەبێتە ڕووباری ئاراس و لووتکەکانی ئەلبورز لە خواروی دەریای خەزەرەوە • لە ڕۆژهەڵاتەوە ، ئەبێتە دەشتە سوێرەکان (کەویر) لە ڕۆژئاوای خوارەوە بە زنجیرەکانی زاگرۆسەوە ، بەندەو بەم سنوورە چەرخە دراوە پێیان گوتوە «خاکی ماد » • ئەم خاکە سێ بەشە :

١ ــ بەشی مادی ئاتروپاتین بەشی ژووروی ڕووباری ئاراس تا کێوی ئەڵوەندەو لەخوارەوە درێژ بۆتەوە ناوچەی گۆلی ورمێ و ڕووباری جەخەتووو ئەوانەی دەڕژێنە نێو گۆلی ناوبراوەوە • هەروەها ناوچەی دەراوی قزل ئوزون (ڕووباری سپی ) کە کێوی ئەڵبورزی کەرت کردوە لە نزیك شاری ڕەشت ، ئەڕژێتە ، دەریای خەزەرەوە • سەرانسەری ئەم ناوچەیە کەوتوەتە ناوچەکانی ئازربایجان و کوردستانی ئێرانەوە •

---

(١) بۆ زانیاری زۆرتر سەرنجی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ لاپەڕی ١٢٢ ــ ٨٤ بدەن •

بەشی ڕۆژئاوای پانایی تا دووسەد کیلۆمیتر لە زنجیرە کانی چیای زاگرۆسی گرتۆتەوە • لە ڕۆژهەلاتی زاگرۆس چەند ریزە چیایەکی بەرانبەرو ئاگراوی کۆنو بەریزەو لەیەکترەوە دوور ، هەیە کێوی ناوبراو بەشێوەیەکی مامناوەندی لە چیاکانی زاگرۆس بەرزترە • پانترین شوێنی ئەم ناوچەیە لە خوارەوە لە دەوری کۆلی ورمێ هەلکەوتوەو ڕووباری جەخەتووو ڕووبارەکانی بەرامبەر ، ئەم سەرزەوییە ، ئەبڕن • بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە ، نیوەکۆچەر بوون •

ناوچەی ورمی گرنگترین ناوچەی کشتوکالی بوە • مادی بچووك سەرزەمینێکی پڕگردو تەپۆلکە بووە • کەوتبوە نێوان دوو ریزە چیاوە • لەلای سەرەوە ، لکابوو بە چیای ئەلبورزەوە ، لەلای خوارەو بۆ سەر دریای خەزەر ، درێژەبۆتەوە • بەرزترین چیای ئەو ناوچەیە ، کێوی «دەماوەند»ە و بە سەر ئەم ناوچەیەدا ، ئەڕوانێ ، سەرزەوی پاتاکنا ، گیلانو تالشو ئەو دەشتو بیابانەی دەگرتەوە و سەرۆی خاکی مادیان ، دیاری دەکرد •

لە ڕۆژهەلاتەوە ناوچەی کوێستان ، ریزە چیای کویتداخ یان سەرزەوی کۆنی پارت ، خاکی مادی لە ئاسیای نێوەڕاست ، جیائەکردەوە بەشی لێوارەکانی تا گورگان ، دەچوو • نەختێك لەوە خوارتر لە خاکی پارت سنووری ڕۆژهەلاتی مادو ئەو دەشتە پانانە بوون کە کشتوکالیان تێدا بەرهەم نەدەهات •

خاکی ماد گەلێك کانی یان کانگای تێدایە • نەوتیان ناسیوە و لە ئورووپا پێیان گوتووە : ڕۆنی مادو تەنیا بۆ سووتاندن کەلکیان لێ وەرگرتووە ، نەك بۆ پیشەسازی ، لە قیرەکەشی بۆ ڕێگەو مال

دروست کردن ، کەڵکیان وەرگرتووە • ئەو ڕێگا بازرگانیانەی کە شارستانییەتی ئاسیای کۆنو قەفقازیان ، بە ئاسیای ناوەڕاستو هیندوستانەوە ئەبەست ، بە خاکی ماددا ، تێپەڕ دەبوون • جاری وابووە ماد لە مەش بەرفراوانتر لە بەرچاو گیراوە ، هەر بۆیە ناوچەی مێژووی ماد ، کراوە بە دوو بەشەوە : بەشی ژووروووی ڕۆژئاوای کە پێیان دەگوت «ئاتروپاتین» کە ماوەیەکی زۆر سەربەخۆ بوو • لەم بوارەدا ژیانی تێکەڵ لەگەڵ ژیانی ئاڵبانی بووەو کەوتووەتە ئەوبەری ڕووباری ئاراسەوە •

بەشی دووەم مادی خواروو یان مادی هەمەدان • ئەم بەشە کەوتووەتە ئەو شوێنەوە کە مادی ئاتروپاتینو مادی بچووك بە یەك ئەگەن • ئەم ناوچەیە ٣٢٧٠ میتر لە داوێنی کێوی ئەڵوەندەوەیەو ئاوی ئەو بەفراوانە دەخۆنەوە کە لەو چیاوە وە دێ • هەمەدان پایتەختی مادی بچووك بووەو پێیان گوتوە : هەنگمەتانە • واتا جێگای کۆبوونەوە[1] •

لە سەردەمی کۆنی بەردەوە ، ئادەمیزاد لە ناوچەی مددا ژیاوە • چەند هەوارگەو ئەشکەوتو شوێنەوار نزیك سلێمانی ، پێستوونی کرماشانو هی‌تر دەس کەوتوون ، بەڵام زانیاری زۆر نادەنە دەستەوە • بە گشتی ڕێگاکانی گەشەپێدانی ئادەمیزادی چەرخی بەرد ، لەسەر خاکی ماد بە شێوەی گشتی لەگەڵ وڵاتەکانی‌تردا ، کە ڕاستەوخۆ خەریکی جوڵانەوەو گۆڕان بوون،یەکسان بوون•شوینەوارێکی‌وا کە باسی وردی چەرخی تازەی بەرد لە وەڵاتی‌ماد بکا،لە دەسمان‌دا نیە•بەداخەوە

---

(١) ئی·م· دیارکۆنۆف ، وەرگێڕانی کەریمی کشاوەرز بە فارسی ، وەرگێڕان بە کوردی بورهان قانع ١٩٧٨ بەغدا لاپەڕی ١٢٧ _ ١٤٢ ·

لێکوڵینەوەی لـــەم بابەتانە لـە وڵاتی مادا کەمە • تەنیا دۆزراوەکانی (پرس پۆلیس ئەستێلك)ووردەزانیاری یەك لەوبارەوە،ئەداتە دەستەوەو تا ئەندازەیەك باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی وڵاتی مـــادو دەوروبەری ، ڕوون دەکاتەوە • دۆزراوەکانی تەپۆڵـکەی حەساری داموغان و هی تر ، لەوبارانەدا ، سوودی باشیان هەبووە •

ئامرازە دۆزراوەکان ، ڕادەی پێشکەوتنی پیشەسازی مادەکان بـــە باشی نیشان دەدەن کە پێویستە لە نووسراوە مێژوویی یەکاندا ، چـــوین لێ بـــکرێ[1] •

**مادو دەسەڵات و باری کۆمەڵایەتی**

پاش دەس درێژی ئاشووری یەکان لە ٨٣٤ تا ٧٨٨ پ ز چـــەند لەشکر کێشی تر ، سەردەمی سەربەخۆیی دەستی پێـــکردو لـــە ئاکامدا دەوڵەتی ماد ، دامەزرا • هێرودوت نووسیویەتی : ئاشووری یەکان لـــە ماوەی ٥٥٠ ساڵدا لە ئاسیای ژووروو ، فەرمانڕەوایان کرد •

یەکەمین جـار مادەکان لـــە فەرمانی ئەوان ، سەرپێچییان کردو بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خۆیان لەگـەڵیان ، کەوتنـــە شەڕەوە • زۆر پیاوانە چوون بە گژ ئاشووری یەکاندا و خۆیان لە زنجیرەی کۆیلـەتی ڕزگـار کرد • دیوك ناوێـکیان کـەوتە دامەزراندنی دام و دەزگـــای حکوومەتی و بەزانینەوە دادگەری پێی باش بوو ، هەر بۆیە لە وڵاتێکدا کـە بێدادەگـــەری ، پەرەی سەندبوو ، ئەو دادگـــەریی ، بەرپاکردو سەرکردەکانی ڕێك خست •

ئەتوانین سـەرەتای حکوومەتەکەی ٧٢٧ی پ ز دیاری بـکەین • هێـــرودوت پاشایەتی دیوکی ٥٣ یان ٥٠ ســـاڵ داناوە • دیوك

(١) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٥٥ـ١٤٩ •

نەیتوانیوە ببێتــە پاشــای سەرانسەری مادەکان • ڕوون‌نیە ئەکبــاتان پایتەخت بووە یان نا • بەڵام لــەوە ئەچێ بووبێتە بنکەیەکی سیاسی ئەو وڵاتە • لە ئەکبــاتان ، کۆبوونەوەی هۆزەکــان ، ئەگیراو وێدەچێ هەرلەویش دیوك وەك داوەری کۆمەڵەکەی خۆی ، هەڵبژێردراوە •

هێرشی ئاشووری‌یەکان پێش ئەوکاتەش بۆ ســەر ناوچەکانی زێی بچووكو هەروەها زێی گــەورەو ڕۆژئاوای لێوارەکانی گۆلی ورمێ ، هــەر درێژەی هەبووە •

خەڵــکی ئەم وڵات یان ناوچانە ، دەیانزانی ئەم لەشکرکێشییە ، بە واتای داگیرکردن‌و تاڵان‌و بەدیل‌گرتنە • زۆر لەم هێرشە بەداخــەوە سەرکەوتوانە ئەبوونە هۆی داگیرکردنی خاکی‌ئەو گەلانە •

ئەم هێرشانە لــە هەمان‌کات‌دا ئەبوونە هۆی پڕروبڵاوی مادەکــانو گــەلانی دەوروبەریان و تەیاربوونی لەشکری ئاشوور بۆ هێرش‌بردن بۆســـەر بابل کــە ئاشوور ئەو کات لەژێر ڕکێفی‌دا بوو • وڵاتی مـــاد کەوتبووە نێوان کیشوەری ئاوێستاو پارسەوە • لە باری‌کۆمەڵایەتییەوە لەگــەڵ هــەردوو دەراوسێیەکەی ، تێــکەڵبووو کەوتبوو سەر نەریتی باوكسالاری • شــەڕی بەردەوامی کۆڕە دەوڵەمەندەکانی مــاد ، دیسەنی کۆیلەداری دابوو بەو وڵاتە • پیشەسازەکان بۆ دروستکردنی ئامــرازی چەنــــگ لەخزمــەت گـــەورەکان‌دا بوون‌و خۆدی شەڕەکەش باری کۆمـــەڵایەتی ئاڵۆز کرد بوو • ئەوبارە لەگـــەڵ گۆڕینی پلەکـــانی بەڕێوەبردنی عەشیرەتی‌و هۆزایەتی‌و هی‌تر لەلایەن سەرۆك هۆزەکانەوە بۆ چەوساندنەوە ، کەڵــکیان لێ وەردەگیـــڕدرا • لە هەمـــان‌کات‌دا شوێنەواری ئازادی هـــەر مابوو ، جموجۆڵی بەرەوپێش‌چوونی

کۆمەڵایەتی ، بەربەس نەکرابوو(١) .

بەمجۆرە دەکرێ بڵێین : کۆمەڵگای ماد لەسەربناخەی خانەدانییەتی و خزمایەتی ، دامەزرابوو . دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان ، تووشی کەمو کوڕی ببوو ، ئەگەر کۆمەڵگا بە لەبەرچاوگرتنی خاک نەک هۆزو بنەماڵە ، دابەش بکرێ ، بە واتای سەرهەڵدانی دەوڵەتە . ئەمەش لە وڵاتی مادا ، خۆی دەنواند . هەر عەشیرەت لە خەڵکی لاوەکیشی تێدابوو ، خاوەن پارچە خاکێکی کێڵگە بوو کە زۆربەیان لە گوندێکدا دەژیان . بەڵام لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵگای چینایەتی بەرەبەرە پێیگەیشت ، خەڵکی ئاواییەکان زۆرتر لەم مەیدانەدا ، پیشکەوتن و بوون بە شوێنی چینی گەورەپیاوان فەرمانڕەوایی لەو گوندانەدا ، سەری هەڵدا . پیشەسازی گەشەی کردو کەلوپەلی باش هاتە مەیدانی ژیانەوە . بەمجۆرە ئەو کۆمەڵگایە کە لە ئاوێستادا باسی لێوەکراوە ، هەر ئەو جۆرە کۆمەڵگایەیە .

مادەکان قەڵای سەختو جێگای پارێزگاری لە گوندو شاریان دروستکرد کە لەکاتی تەنگانەدا ، خەڵک پەنایان بۆ دەبردن . لەناو قەڵاکاندا ژووری سەرکردەو فەرمانڕەواکان ، دروستدەکرا . قەڵای ئاوایی پێگەی فەرمانڕەوای بچووکو قەڵای شار هی گەورە بووە . شوێنەوارەکان هێما بەوە ئەکەن ، فەرمانڕەواکان هەڵبژێردراون . پاشئەوە دیوک بۆتە فەرمانڕەوای زۆربەی مادە ، وێدەچێ ئەم وردە فەرمانڕەوایانە ، جێیان لەق بووبێ و جێگای تایبەتییان نەماوە .

ڕاگوێستن لە کۆیلەتیو بەرەو باری چینایەتی ، هەنگاوناو

---

(١) میدیا پێشوو لاپەڕی ٢٦٧ ـ ٢٢٩ .

دابەشکردنی زەوی لەجیاتی دابەشکردنی هۆزەکان ، شێوەیەکی ئاڵۆزی پەیداکرد ، بەڵام زۆری نەخایاند • مادەکانیش وەك پارسەکان بە شەش هۆز دابەشکران • هێندێك بیابانشینو هێندێکین گوندنشین بوون • لە قەڵەمڕەوی یەکیەتی هۆزەکانی مادا ، ئەندامانی کۆمەڵ بەگشتی خەریکی ئاژەڵداری بوونو تازە فێری ئاودێریو کشتوکاڵ بوون • بەخێوکردنی ئەسپ بۆ کێشانی ئەڕابە (عەرەبانە)و سواری برەوی‌هەبوو و ئاشووری‌یەکان کە گەورە حکوومەتی ناوچە بوون ، لەباتی باجو خەراج ئەسپیان لە مادەکان وەردەگرت •

قەوارەی کۆمەڵایەتی ئەو سەرزەمینە لە سەدەی هەشتەمی پ ز لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگای سەرەتاییەوە بەرەو قۆناغی بەندایەتی ، دابەشکردنی کۆمەڵگا لە باری سەرەتاکانی کارکردن لە زەویدا ، دەچوو •

وڵاتی بچووك بچووك هەرکامە بە سەرۆکی خۆیەوە ، دروستبوو •

دابەشکردنی هۆزایەتی هەرمابوو ، کۆکردنەوەی لەشکر ، لە ناو هۆزەکاندا بووو سەرۆکی هێزەکانیش لە سەرۆك عەشیرەتەکان بوون • هێشتا کۆمەڵی‌خەڵكو ئەنجوومەنی پیاوەگەورەکانو خانەدانەکانو خەڵکی سەربەوان ، هەر مابوو •

لەم کاتەدا ، بچووکترین بەشی کۆمەڵ ، بنەماڵەی نێروەجاخەکان بوو •

بەمجۆرە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە • دابەشکردنی خاكو هۆزو عەشیرەتو دەزگاکانی کۆمەڵی سەرەتاییو دامەزراندنی کۆمەڵگای چینایەتی لەو ڕۆژگارەدا ، دەچوونە پێش ، چوونکە

هۆزەکان هەمیشە لە شەڕدا بوون •

ئەم ئاڵوگۆڕو ڕووداوانە ، دەبوونە هـــۆی ئەوە ، مادەکـــان ، شەڕکەرو سوارچاکوڕێڕەوو دلێرو خۆبەختکەر بن[1] •

لە دەوروبەری ساڵی ٧٠٠ی پز خەڵـکی ئەو سەرزەوییەی کـــە لەدوایدا پێیانوت «ماد» ، یەکیان گرتو لە باری نەتەوەوە ، تێکەڵبوون • ئەو ناوچانەی کـــە دانیشتوەکـــانان گوتیو لوللوییو تاڕادەیەك هوریتی ئوراتویی بوونو زیاتر لە دەوروبـــەری گۆلی ورمێ بوون • واتا ماناو خەڵکی سەرزەوییەکانی دەوروبەری لەباری فەرهەنگو شارستانییەتەوە ، پێشکەوتوو بوون •

لـــەم ناوچانە باری‌ئابووری لە شوێنەکانی‌تر باشترو پێوەندی‌چینایەتی پێشکەوتووتر بوو •

بەڵام لەجیاتی‌دەوڵەت ، حکوومەتی چەند بنەماڵەیی خاوەن‌دەسەڵات وە بەرچاو ئەکەوێ • بەمجۆرە مانا کە لەپێش‌دا خاوەن‌دەسەڵات‌بوو ، نەیتوانی بەسەر هەموو وڵاتدا زاڵ‌بێ •

لـــە پەنای ناوچە کشتوکاڵی‌یەکاندا ، کۆمەڵـــگای چینـــایەتی ، بەتەواوی خۆی نواندبووو بەرەوپێشکەوتن ، دەڕۆیشت • ناوچـــەی ئاژەڵداری تایبەتی هەبوو •

بیابان‌نشینەکانیش ڕەوتێـــکی دیاریکراویان هەبوو ، ئەچوونەناو کۆمەڵـــگای چینایەتی‌یەوە • کوێستانی‌یەکان وەك کۆمەڵی ســـەرەتایی ، ئەژیان[2] •

---

(١) میدیا پێشوو لاپەڕی ٢٨٠ ـ ٢٦٧ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوەی لاپەڕی ٣٢٢ ـ ٣٢١ •

لــــه ساڵەکـانی ٦١٠ تا ٥٩٠ پ ز ، پادشایەتی ماد ، نەك تەنیـــا ئیمپراتۆری ئاشووری لەناوبرد ، بەڵـکوو پادشایەکانی ماناو ئەسکیتەو ئوراتوشی ، هێنایە ژێر رکێفی خۆی •

سەرچاوەیەکی ڕۆژهەڵاتی کۆن لەبارەی ئەم سێ حکوومەتەدا ، ڕایانگەیاندووە کـە لەلایەن مـادەوە «خودموختار» بوون • لـەوەدەچێ سێ وەڵاتی ناوبراو لەگەڵ ماد ، یەکیەتییان پێکهێنابێ •

مانای پێشوو واتا ئازربایجانی ئێران ، ناوەندی ئابووری‌و فەرهەنگی ئیمپراتوری بووە • لـە بین النهرینی ژووریش‌دا ، گەلێك باخ‌و باخات‌و کێڵگەو دارستان هـــەبوو ، نووسراوەکەی بێستوونی کرماشان لــــە کۆتایی سەدەی شەشەمی‌پ‌ز ئـــەوە نیشمان دەدا کە سروشتی‌کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵـگای مـادو جـۆری پێکهاتنی زۆر لـە هی کۆمەڵـگای‌پارس ئەچێ • لـە هەردووکیان‌دا ، خەڵـکی‌بە ئازادی چەکدار هەبووەو بەشی هەرەگرنگی کۆمەڵ بوون • نەتەنیا بنکەو بنیاتی حکوومەتی ، بەڵــکوو بنکەو بنیات‌و رێخراوەی کۆمەڵگای پارس ، گەلێك شتی‌لە مـــادەوە ، وەرگرتووە •

ئەوبنکەو بنیات‌و ڕێکخستنانەی مادو پارس لە شوێنەوارە کۆنەکانی شوش دەسکەوتوو •

پیشەســـازو کرێــکارو بەردتاش‌و مسگەرو هی‌تر ، خەریـکی دروستکردنی کاروباری خانوبەرەی هەخامەنشیەکان بوون‌و بە چـــەند دەستەی گەورە لـە سەدەوە تا هـەزار ، دابەشکراون • ئەم کرێـــکارو پیشەســـازاتە ، جاروبار لــە کارگەیەکـــەوە بەرەوکارگەیەکی تـر ڕادەگۆێزران • یانەی لاوان‌و یانەی شاگردانیان ، جیابووە •

ئەمانە مووچەیان وەرگرتوە • ژمارەی ئافرەتان دوو ئەوەندەی پیاوان بوەو بە پۆل لـە مەیدانی کاردا ، تێکۆشاون • ئەمانە بە دیل گیراو نەبوون لـە بەرامبەر حەقدەستدا ، هێزی قۆڵی خۆیان فرۆشتوە •

زۆرتر لە دەزگای ئابووری سەڵتەنەتی دا ، کەڵکیان لێ وەرگیراوە • سەرەڕای ئەوە ئەم بەشە لـە کۆمەڵ بەوجۆرە کاریان کردوە ، پادشا باج و خەراجی لێ ئەستاندوون !(١)

لـە سەردەمی فەرمانڕەوایی مادەکاندا ، هۆزێك دەسەڵاتداری هۆزێکی تر بوو و مادەکانیش بە سەر گشت هۆزەکاندا ، فەرمانڕەوایی یان ئەکرد •

نووسراوە بابلی یەکان باسی پادشاکانی مادیان کردوە لە ئەکبتانەوە ئەو سەرزەوی یە ، بەڕێوەدەبرا • هەرچەند مووچەخۆران بە پێی چوارچێوەی باری دەسەڵاتداریەتی ، کاروباری حکومەتیان بەڕێوەدەبرد ، باری هۆزایەتی هەر مابوو • پاشایەتی ماد لە داموودەزگای پاشا کۆنەکانی مادی ناوەندی و ڕۆژهەڵات و ماناو ئەسکیت ، پێك هاتبوو • لـە نووسراوەکانی بێستووندا شاری ئاشووری (ئاربل) بەشێك بووە لـە خاکی ماد •

لـە نووسراوەکانی گزنفۆندا ، دەکرێ وا ئەنجام وەربگرین کـە گشت خاکی بنەڕەتی ئاشوور ، بەشێك بوەو لە خاکی مادو خەڵکیش بە سەرزەوی مادیان ناوبردوە •

منی نووسەر پێم وایە ئەم ئاڵ و گۆڕەو بەرفەراوان و بەرتەسك

---

(١) میدیا ، پێشوو لاپەڕی ٤٥٢ _ ٤٣٥ •

بوونەوەی خـــاکی مـادو ئاشوورو حکوومەتەکانی‌تری ڕۆژھـــەڵاتی ناوەڕاست ، لـە ئاکامی کێشەو لەشکرکێشیو داگیرکردنەوەدا ، وای بەسەرھاتووە •

لـە دەوربەری دەوڵەتی مـاددا ، چـەند سەرزەوی خودموختـارو شانشینو هۆزو حاکمنشین ، هەبوون کە ماد بەڕێوەی بردوون ، بـەڵام بەشێك لـە خاکی‌ماد ، نەبوون • لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاستیاگدا ، ئیمپراتووری ماد ، جـگە لە سەرزەوی‌مادو پارس کـــە بە وتەی گشت سەرچاوەکان ، سـەر بە ماد بووەو لـــە سەردەمی هەخامەنشینەکاندا خەراجیان نەئەدا ، ئەرمەنستانی ڕۆژئاواو ناوەندی لێوارەکانی کرمـــانو دەوروبەری دووڕگەی فارس دەرنگیانا ، ناوچـەی سکایەکان ، ناوچەی پاریکانیو حەبەشی‌یەکان یان مەکرانو بەلووچستانی ئێستا ، پارتو بـە وتەی‌هێندێك ، خوارەزمو ئارەیاو سـگدیاناو بین‌النهرینی ژووروی ، گرتبووەبەر[1] •

پارس لـە باری ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە ، وڵاتێکی هـــەژارو دواکـەوتوو بوو وبەوتەی هێرودوت پادشای پارس ، کچی ئاســـتیاك (ئەژدەهاك)ی خواستبوو ، ئەمەش شوێنێکی‌وای لەسەر سیاسەتی مـاد ، دانەدەنا •

ئـــەو شانشینە لـە ئێرانی ئێستا بچووکتر بوو • خۆدی کوورش یەکێك لە سەردارانی حکوومەتی ماد بوو ، ماندانای کچی ئەژدەهـــاك ، دایـکی بوو •

پاشای ماد لەبەر بێ‌کوڕی ، پاشایەتی دا بە کوورش •

---

(١) میدیا ، پێشوو ، لاپەڕی ٤٨١ ـ ٤٦٣ •

( ئەم بەشەی لە ئەفسانە ئەچێ ) •

لەباری فەرهەنـگی مادی‌یەوە دەکرێ بڵێین سەنعەتی دەسکردیان باش بوو لە خوری‌و پێستی گیانلەبەرانی جۆراوجۆر ، بۆ جل‌وبەرگ کەڵکیان‌وەرگرتووە • لـە چـەرمی نەرم کـەوشیان دروست‌دەکرد کـە لووتەکەی بەرز بووە • لەباری فەرهەنگی‌و مەعنەوییەوە ، لـە هەزارەی یەکەمی پ‌ز ، خەت‌و نووسین لە سەرزەوی مادەکان‌دا هەبووە •

لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ‌ز،خەتی بزماری (پارسی) کۆن زۆر باو بوو • بەڵـگە هـەیە پارسەکان خـەتی بزمارییان لـە مادەکانەوە وەرگرتووە •

گەلێك وشـە لـە نووسینەکانی ئەو سەردەمەدا ، بینراوەکـە لـە زمـانی مـادە ئێرانیەکان‌و زمانی کۆنی پارسی‌دا ، تێکەڵاو بوون • ژمارەی شێوەزمانی نووسراوە هەخامەنشی‌یەکان کە لە نووسراوە مادی‌یەکانیش‌دا بەکارهێنراون ، پێکەوە تێکەڵ بوون •

زمـانی نووسراوەکانی هەخامەنشی لەبارەی شێوەی‌زمانەوە ، بـە زمـانی مـادی زۆرتر نزیك بووە ، تا قسەپێکردنی پارسی کۆن[1] •

بە پێی نووسینی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ حکوومەتی «مەدیا» لە ٧٠١ی پ‌ز دامەزراو لـە دەورەی «کەی‌ئەقسار»دا ، شکۆیەکی تەواوی هـەبوو •

سەرزەوی‌یەکەی لە باختریانەوە ؟ تا قزیل‌ئیرمەق ؟ و لـە دەریای خەزەرەوە تا کەنداوی فارس ، درێژەی هەبووە • لە دەورەی «ئەستیاع»و لـە ساڵی ٥٥٠ پ‌ز لە لایەن «سیروس = کەیخوسرەوی گـەورە»ی

(١) میدیا ، لاپەڕی ٥١٤ ــ ٤٨٢ •

«ئەخەمەن»ە وە لەناوبرا • لـە پاش ڕووخـانی حکوومەتی مـاد ، گشت ناوچەکانی کوردستان لەناوەمیرانی حکوومەتی ماددا ، کەوتە بەرحکوومەتی ئاخەمەن یان (هەخامەنش)ی کیانی یەوەو تا زاڵبوونی ئیسکەندەر ،نزیکەی دوو چـەرخ بەدەس حکوومەتی ئێرانەوە بوو •

لە کاتێکدا داریوشی یەکەم لـە بابلستاندا ، سەرگەرم بوو ، وەڵاتی مێـــدیا لەژێر فەرمانی «فەرەوەتیش»دا شۆڕشێکی بەرپا کردو داریوش لەشکری ناردەســەر میـدیاو سەرنەکەوت • پاشئەوە بابلی دایەوە ، خۆی هێرشی کردە سەر میدیاو شۆڕشەکەی تێکشکاند •

گرنفۆن دەڵێ گـەلی میـدیا قــــەت ملی بۆ پارس دانەنواندوەو تەنانـــەت جـــارێك ئۆردوویەکی ۱۲۰ هەزارکـــەسی پارسەکانیان ، تێکشکاندوە •

عەشیرەتە کوردەکان لـەدەورەی حکوومەتی میدیاو «هەخامەنشی»دا سەربەخۆیی نێوخۆیی خۆیان ڕاگرتو نیوەسەربەخۆ بوون •

ئەم سەربەخۆیەشی لە بەرامبەرمەکدوونی ، پارت ، ساسانی ، عەرب و تورکیشدا ، پاراست(۱) •

دارای سێهەم دوازدەهەمین حوکمڕانی هەخامـەنشی ئێران لەپێش فەرمانڕەوایەکەیدا ، والیو فەرمانڕەوای کوردوئن و وڵاتی ئەرمـــەن بوو و تا ۳۳۸پ‌ز لەم پلەیەدا بووە • خاکی کوردوئن لە سەرچاوەی زێی بادینانەوە تاسەرچاوەی دیجلە دەچوو • لەپاش ڕووخانی حکوومەتی هەخامەنشی یەکان بە دەستی ئەســـکەندەری مەکـــدوونی ، بە شێوەی

---

(۱) ئەگەر ساسانی یەکان وەک دەڵێن کورد بووبێتن ، دەبی ئەوان لەم باسە ، دەرباوین •

سـروشتی وڵاتی مادو کوردوئەنیش کەوتەژێر دەسەڵاتی •

پاش مردنی ئەسکەندەر لـە بابل ئەم وڵاتنە کەوتنە ژێردەسەڵاتی سەلەئوکوسی جێگری و سـەد ساڵێك بەسەریاندا ، فەرمانڕەوایی کرد ، لەپاشان بە یارمـەتی «مێهرداد»ی یەکـەم حوکمڕانی ئەشکانی چـارەکی یەکەمی چەرخی دووەمی پـ.ز ، بەشی لای ژووروی کوردستان ، کەوتە دەس حکوومـەتی ئەرمـەنی و بەرەبەرە تا چەرخی یەکـــەمی پـ.ز گەڕایەوە ژێردەستی ئەم حکوومەتەو ناوەندەکەشی «ئامێد = دیاربەکر» بـــوو •

وەك وتمان ئیسترابوون لەباسی حکوومەتی ئەرمەنیدا دەڵێ :

قـەومی کورد سەنعەتکار بوونو لـە گشت کاروباری هەندەسەدا لێوەشاوە بوون • قڕاڵی ئەرمەنی لەم جۆرە ئەرکانەدا ، لـــە کوردەکان کەڵـــکی وەردەگرت •

فەرهـادی چوارەمی ئەشکانی هێرشی بردە سـەر مادی بچووكو سەردارەکـــەی بە دیل گرتو ئەرمەنستانیشی سـەندەوە • ساڵێك پـ.ز حکوومـــەتی ئەشکانی لە گەڵ حکوومـــەتی ڕۆمدا ، پەیمانێکی بەستو ئەرمەنستانو کوردستانی دا بە ڕۆم !

لـە دەورەی ئەردەوانی سێهەمو هەروەها لە دەورەی قەیسەری ڕۆم نێرونیشدا ، پارتو ڕۆم بوو بەشەڕیانو ئەرمەنستانو کوردستان داگیرکرانەوە •

لـە دواییەکانی چـەرخی یەکەمی پاش زایینیدا ، مادی بچووك (هەمەدان) بە هۆی قەومی ئالانەوە هێرش کرایەسەری و کـــاول و تالان کرا • لە ١٠٠ی پاش زایینیدا ، ئیمپراتووری ڕۆم «ترائزان» ، هێرشـــی

کردەسەر ئەرمەنستانو لـە ساڵی ١١٥دا لە خـاکی سووریە تێپەڕیو ئەرمەنستانو وڵاتیکوردی بەتەواوی لە نێوبردو تا کـەنداوی فـارس چوو • لـە ١٦١ی پاش زایینیدا «بلاش»ی سێهەم حوکمڕانی ئەشکانی ، ئەرمەنستانی گرتەوە ، پاشان کاسیوس سەرداری ڕۆم ، تێکیشکاندو بەشی ڕۆژئاوای کوردو ئەرمەن ، دیسانەوە داگیرکرا •

لـە ساڵی ٢٢٨پاش زایینی ، ئەردەشیری بابەکان لەگەڵ قەیسەری ڕۆم تووشی شـەڕ بوو ، حـەڕانو نەسیبـەینو ئەرمەنستانو وڵاتی کوردۆئەنی وەرگرتەوە •

پاش دوو شـەڕی گەورەیترو دەسبەدەسبوونی وڵاتی کوردوئن لەنێوان ئەم وڵاتەو ڕۆمدا ، لە ساڵی ٢٤٤ی پاشزایینی ، ئەرمـەنستانو کوردستان ، کەوتنـەوە ژێر دەسـەڵاتی ئێران • ڕۆم لـە دەورەی ساسانییەکاندا ، هێرشی کردە سـەر وڵاتی کوردۆئەنو ئەرمەنستانو داگیریانی کردو لە ٢٩٦دا ، ئێران لە شەڕێکدا وەریانی گرتەوە • ساڵی دوایی ڕۆم هێرشیبردە سـەر ئێرانو لـە سەردانی پێنج وڵات بە ڕۆم ، کـە یەك لەوان کوردستانبوو ، ئاشتییان کرد •

پاش ئـەم بـگرەوبەردە ، ڕۆم لـە دەوروبەری گـۆلی وان ، ئەرمەنستانێکی پێکهێناو بەشی لای ژوورووی کوردستانیشی خستە سەر ئەم وڵاتە ! (موبارەکە) •

شاپوور ، شـای ئێران لـە ساڵی ٣٥٠ی زایینیدا ، نەسیبـەینی گەمارۆداو لـە ساڵی ٣٦٠ داهـاتە سەر کوردستانو قەڵای ئامێـدی گەمارۆداو زەوتیکرد •

لـە ساڵی ٣٦٣دا پاشای ڕۆم لەگەڵ ئێران کەوتە شەڕەوە ، پاش

ئاشتی ، کوردستان‌و ئەرمەنستان‌دران بە شاپوور ، شای ئێران .

لە دەورەی بەهرامی پێنجەم‌دا (٤٢٢) کوردستان بووبە مەیدانی شەڕ !

قوبادی یەکەم لە چەرخی شەشەمی زایینی‌دا ، هێرشی بردە سەر ڕۆم‌و کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتیەوەو ئەرزڕۆم‌و دیاربەکری داگیر کرد .

وەك وتمان هەر لەم چەرخەدا ، عەشیرەتەکانی گۆرانی کورد لە باشووری کوردستان ، حکوومەتێکیان پێك‌هێنا کە پایتەختەکەی کرماشان بووو ئازەربایجانیش بەشێك بوو لەم حکوومەتە . هەر لەم سەروبەندەدا ، ڕۆم‌و ئێران تێك‌هەڵچوون‌و کوردستانی ناوەندی کەوتە دەس ئێران‌و هێندێك لە خەڵکەکەی دوورخرانەوە بۆ خۆزستان ( خەڵکی میافارقین ؟ ) .

ساڵی دوایی شەڕێکی‌تر لە جزیرەو بەشێکی‌تر لە کوردستان ، لەنێوان ئەم دوو حکوومەتە ڕوویدا . ئەنوشیرانی (بێدادگەر) لە ٥٦٢ی زایینی‌دا ، لە چوون بۆ لازیکاو هاتنەوەی‌دا ، کوردستانی پێشێل کرد .

لە ٥٧٢دا ، قەیسەری ڕۆم هاتە سەر نەسیبەین . خوسرەو پەرویزیش لە ٦٠٥دا ڕووی‌کردە باکووری جزیرەو ( دارا )و (دیاربەکر)و هێندێك لە ولاتانی‌تری زەوت‌کردو ئۆردووێکی‌تری بەرەو کوردستانی ژوورو بەڕێ‌کرد .

لە ٦٢٢دا ، قەیسەری ڕۆم هێرشی کردە سەر ئەرمەنستان‌و کوردستان .

لە هەمان ساڵدا ، بەشی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان

(شارەزوور) توشی کاول کردن بوو ! هیراقلیوس له ٦٢٨دا ، کــەوتە شوێن خوســـرەو پەرویزو ئەم بەشەی لە کوردستان کاول کردو وڵاتی ئەردەڵانیشی خستە ژێر تورکتازی خۆیەوە[1] •

## پ.ش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام :

لــە باسی پێشوودا هێنامان بە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ، سیاسیو ئابووری دانیشتوانی کوردستان کردو دیتمان کە چۆن ئەو سەرزەمینـــە لــە دەورە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا ، جێگای تورکتازی ئاشـــوورو تووران‌و ئێران حـــکوومەتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەو دەروبەر بووە ! جارێك سووتێندراوە ، کاول کراوە ماڵو سامانی خەڵك بەتاڵان براوەو جارێك ڕەشـــەکوژی لێکراوە ، دوورخراوەتەوە ، لـــە زێدو نیشتمان بێبەش کراوە ! لاوەکانی لەم سوپاو لەو لەشکردا ، کۆکراونەتەوە • جارێك بە ڕاستی لـــە بەرامبەر هێرشی‌دوژمن‌دا ، لە وڵات پارێزکـاری کراوەو جارێك بە نانەزکی‌و بە نۆکەری بۆ بێگانە هەوڵدراوە !

لە هەر بارێکدا ، جەنگو ماڵوێرانی‌و یەخسیری‌و دوورخستنەوەی باری شارستانییەت ، بەلای خراپدا ، دەگۆڕێن‌و وڵات تووشی شـپرزەیی دەکـــەن •

گەشەکردن‌و بەرەوپێش‌چوونی باری کۆمـــەڵایەتی‌و ئابووری لەبارتربوونی ژیانی کۆمەڵانی خـەڵك لـە وڵاتێکدا ، پێش هەمووشتێك نیـازی بە دەسـەڵاتی سیاسی‌و سەربەخۆیی‌یە • پاش ئـەوە ئاسایش‌و دادپەروەری‌و وەگەڕخستنی هێزی ئینسانی‌و داڕشتنی بەرنامەو نـەزم ، دەتوانن ببنە بناخـەی گەشەکردن •

(١) کوردو کوردستان ئەمین زەکی بەگ ج ١ـ٢ـ٣ لاپەڕی ١٢٠ـ١٠٩

هـــەربۆیە ئەگـــــەر گرتنو کوشتنو داگیرکردنو بەخشینو سووتاندنو تالانو کاولکردن ، مەیدانیان بە گەلێك تەنگ کرد ، باری شارستانی‌یەت ، بەرەوپێش ناچێ هیچ بەڵکوو ئەوەی گەلێك لـــە ڕابوردوودا ، بە هەزاران کوێرەوەری وەدەستی هیناوە ، لە دەستی‌دەداو میراتی نەتەوایەتی‌و زانستی‌و کۆمەڵایەتی ، بەرەو نەمان دەڕوا •

ئێستا کـــاتی ئەوە هـــاتووە بزانین نەتەوەکەمـــان لە سێبەری ئایینی‌تازەو دادپەروەریی ئـــەم ئایینـــەدا ، بـــە چ سامانێـــکی ئینسانی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری گەیشتووە ؟ چۆن ئیسلامیان کردوەتە پەتو ملیان بەرەو نۆکـــەری‌و ملکـــەچی‌و بەخسیـــری و بێبەشی‌و ڕۆژڕەشی ، ڕاکێشاوە !

پاش تێكڕووخانی ئیمپراتووری ساسانی‌و هێرشی سوپای ئیسلام بۆ ســەر خـــاکی ئیمپراتووری ئێران ، گـــەلی کورد لەگەڵ ئایینی ئیسلامو سوپاکەی ئاشنا دەبێ •

یەکـــەم جـــار لـــە ساڵی شازدەی کۆچی‌دا وپاش داگیرکردنی (حەلوانو تکریت) لەگەڵ ئەم سوپایە ، بەرەوروو دەبێ •

دیارە وەك تاكوتراك پێش ئەوڕێکەوتە ، لەگەڵ ئیسلام تێـکەلاوی هەبووە • کابانو مەیموون ناوی کورد ، بڕوایان بەو ئایینە هێناوەو فێری زانستە ئیسلامی‌یەکانی ئەوکات بوونو ریوایەتیان لێ نەقڵ کراوە(١) •

لـــە شـــەڕی جەلەولادا ، پاش تێكشکانی یەزدگردی سێهەم لـــە ساڵی ٦٣٧ زایینی بە دەستی سوپای ئیسلام، شاری حەلوان ، داگیرکراو

---

(١) مێژووی کـــوردە بەناوبانـــگەکان ، باباردۆخ ڕۆحانی ، تاران، ١٣٤٦ی هەتاوی لاپەڕی ١ •

لـەم تەقـەو لێـکدانەدا بوو کـە کوردی دانیشتوانی ئەم ناوچـە لـە بەرامبەر سوپای ئیسلام‌دا ، تووشی شەڕ بوون •

پاش گرتنی تکریت سوپای ئیسلام هێرشی بردوەتە سـەر جزیرەو داگیری کردوە • ئەم ناوچە بریتی بووە لە : دیاری موزەر ، دیاربەکر ، حـەڕان ، ڕەها = ئورفە ، ڕقە ، ڕأس العین ، نەسیبەین ، سـنجار ، خاپوور ، ماردین ، ئامێـد ، میافارقین ، موسڵو هی‌تر • پاشان هێزێك بە تێپەڕبوون لـە کوردستانەوە هێرشی بردە سەر مەلاتییەو داگیری‌کرد • بەڵام خـۆی ڕزگارکردو لـە ٣٦ی کۆچی‌دا دیسان لە هەمان ڕێـگاوە هێرش کرایە سـەری‌و داگیرکرایەوە •

لە ٢١ی کۆچی ، هێرش کرایە سـەر شارەزوورو سەرنەکەوت • جارێـکی‌تر بە هێزێـکی‌زۆرترەوە ، داگیرکرا • لەم جەنگەدا کوردەکە تووشی ماڵوێرانی و قەتڵوبڕ بوو و زیانێکی زۆری وێکەوت ! دووپشك‌و پارێزەرانی شارەزووریش کوشتارێکی باشیان لە سوپای ئیسلام کرد •

لە ساڵی ١٨ تا ٢٣ لە پارێزگاری‌لە ئەهوازو فەسادا ، کورد یارمەتی سوپای ئێرانی دا ، هەربۆیە چەقۆی سوپای ئیسلام هـەم سزای توندی دان‌و هـــەم بەش‌بەشی کردن ! جارێـکی‌تر ، هێندێك لـە کوردەکان وڵاتی کەرخـەی ناوەندییان داگیرکرد • عومـەری کوڕی خـــەتتاب ، لەشکری ناردە سـەریان‌و سزای‌دان •

لـە ٢٥ی کۆچی‌دا ، دوو جارکورد لـە ئەهوازو فارس‌دا ، دژی سـوپای ئیسلام ڕاپەڕین • لـە دەورەی جێگری «عبدالملك»دا ، کورد لە عبدالرحمن کوڕی ئەشعەس کـــە دژی حجاجی خوێنرێژ ڕاپـەڕی ، پشتیوانی کـــرد •

لـه ساڵی ٨٣دا له هێرشێکدا دژی ئەو تێکیان‌شکاند • لەم چەنگەدا کوفـــه داگیرکراو له لایەکی‌تریشەوه کوردی فارس(١) ئەو وڵاتەیان داگیرکـرد •

لـــه ســاڵی ١١٢ کۆچی‌دا ، کوردستان لەلایەن تورکەکـــانی خەزەرەوه ، کەوتنه بەر هێرش‌و خەڵکەکەی تووشی زیانی زۆر بوون • والی کوردستان (جەڕاح) له ئەردەوێل گەمارۆدراو کوژراو ئەم هێرشه تا مووسڵ درێژەی هـــەبوو • سوپای ئیســـلام هێرشی برده سەریان‌و لەکوردستان وەدەری‌نان •

له ساڵی ١٢٩ دژی سلێمانی خارجی که له کوردستان دژی خەلیفه مەروان ڕاپەڕیبوو ، له لەشکری خەلیفه پشتیوانی‌یان کرد • مەروان به کەڵك وەرگرتن له لەشکری کوردستان هێرشی‌برده سەر شام•ئوردووی ئیبراهیمی خەلیفەی شکاندو چووه دیمەشق‌و حکوومەتی ڕاگەیاند •

لـــه هـــەرای ئەبوومولسیمی خۆراسانی‌دا ، شارەزوور بوو بـــه مەیدانی شەڕی خەلیفەو ناوبراو •

لـه دوو شـــەڕی لـەم چەشنەدا ، حەلوان‌و شارەزوور ، داگیـــر کران • له ساڵی ١٣٧ی کۆچی‌دا ، لەشکری ڕۆم هێرشی بردەســـەر کوردستان‌و ئازەربایجان • کورد لـه دەورەی المنصوردا ، لـــه شۆڕشی هـەمەدان‌و کوردستان‌دا ، بەشداری کرد •

لـــــه ١٤٧دا ئۆردووی تورك ، هێرشی کـــــرده سەر باکووری کوردستان‌و ئەرمەنیەو تاڵانیان‌کردو تفلیسیشی داگیرکرد •

قـەومی خـەزەر لـه دەورەی هـارون الرشیددا ، هێرشیان کرده

---

(١) ئەو کوردانەی‌له مەڵبەندی شیرزادا دەژیان ، نووسەر •

سەر کوردستان‌و جینایەتیان خۆلقاند !

لـە دەورەی معتصم باللەدا ، لـە ساڵی ۲۲۵ لە دەوروبەری موسڵ کورد ڕاپەڕینێکی کرد • لە سەرەتادا سەرکردەکەی جەعفەری‌فهرجس، شـکاو پاشـان لـە شاخەکانی داسین‌دا ، دوژمنی‌تێك‌شکاندو گەلێـکی لێ بە دیل‌گرتن • لە ۲۲٦دا هێرشیـان کردەوە سەری‌و شکاو گەلێك زیان وەکوردستان کەوت‌و کارەساتی‌وایان قەومـاند کـە بۆ مێژوو ، شەرمە • لەم جەنگەدا جەعفەر دەرمانی خواردو گیانی لە دەس‌دا •

لـە ۲۳۱ لـە ئەسفەهان‌و جبال‌و فارس‌دا کورد ، ڕاپەڕینێکی‌تری سازکرد ، سوپای ئیسلام هـاتەسەری‌و شکا • لـە ساڵی ۲۵۲ و ۲٦۲ لە هـەرای دیلی ڕەش‌و جم‌وجۆڵی مەنسووری خارجی‌و یەعقووبی سەفار، گـەلێ چالاکی نواند • محەممەدی هەزارمەرد ، پیاوانە شەڕی کرد • لە ۲۸۱دا ، کوردەکان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی «حمدانیە» یارمـەتی زۆریان دا ! لە ۲۹۳دا گـەورەی عەشیرەتی هازبنی بەتەواوی هێزیەوە ، ڕاپەڕینێکی بەریا کردو تا نزیکەی مووسڵ هات •

داروودەستەی المقتـدر باللەی خەلیفـە ، هێرشیان بردەسەرین ، جارێك‌شکان‌و جارێـکی‌تر ناچاربوون پەنایان‌بردە ئازەربایجان • جـاری سێهەم بە سەریاندا زاڵ بوون‌و محمدی سەرۆکیان لە مووسڵ خـانەنشین کرا • لـە دەورەی المقتدر باللەش‌دا ، لـە دەوروبەری ئەسفەهـان‌و مووسڵ ، کوردەکان چـەند جار ڕاپەڕین • دیسمی کوری ئیبراهیم بناخەی حکوومەتی هازبنی ، دانا ، ڕوادیەکان دەسەڵاتیان لێ زەوت‌کردو تا چـەرخی حەوتەم ، درێژەی هەبوو •

لـە ۳٤۰دا یەکـەم حکوومەتی کورد (حکوومەتی شەدادی) لـە باکوور واتا ئازەربایجان‌و باشووری ڕۆژئاوای قەفقاز ، پێك هات‌و تا ساڵی

٥٩٥ مەودای هەبوو • لە ســـاڵی ٣٤٨دا ، دووەم حکوومـــەتی کورد ( حسنەویە = بەرزیکانی ) لە جبال پێك هاتو تا ٤٠٦ درێژەی هەبوو لـــە دەورەی معزالدولەدا ، لـە شارەزووردا هێندیك جمجـــۆل ڕووی‌داوەو لە ٣٤٤دا ، لەشکر هاتووەتە سەر شارەزوور و ماوەیێك لـە گەمارۆدا بووە • هەر لەم دەورەدا ، پاشاکانی حەمدانی لـە کوردستانی ناوەندی‌دا ، هێندێك جموجۆڵیان هەبووە • سەیفودەولەی حەڵەب لـــە ســـاڵی ٣٣٤دا ، بتلیسی گـەمارۆ دا • عضدالدولە ، لەشکری ناردە کوردستانو شارەکانی زەوت‌کرد ! هێرشی کردە ســـەر شارەزوورو کوشتارێکی زۆری لە کوردەکان کرد • ساڵێك پێش ئەم کارەســـاتە ، کوردی کۆڕی بەدوی‌یە لە دەوروبەری جودی حکوومەتێکی پێك هێناو عضدالدولە خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە !

هـەر ئەم مامـە عضدە لە ٣٧٠دا هێرێـکی ناردە سەر کوردەکانی حەکاری‌و گەمـارۆی دانو تەسلیم‌بوونو بەپێچەوانەی بەڵێنی خ ۆی ، هـــەموویانی کوشت !• ڕەئیسی عەشیرەتی حمیـــدی‌یە حکوومەتێکی دامەزراندو دە ساڵێك لـە کوردستانی ناوەندی‌دا (دیاربەکر) ئەرجیش‌و میافارقین پەرەی‌سەندو خوشکەزاکەی درێژەی پێداو بە ماوەی ١١٠ ساڵ واتا تاساڵی ٤٨٩ درێژەی هەبوو•لە ٣٦٦ تا ٣٨٨ دوو جار کوردەکان لە کێشەی‌گورگان لـە نێوان ئالی‌بویەو زیاری‌دا و لە کێشەی مەحموودی غازان دژ بە تورکەکان (بە نانەزکی) خۆیان بۆ بێگانە بەکوشت‌داوە !

لـەم دەورەدا لـە ٣٨٠ حکوومەتێکی کورد بە ناوی «بنوعنـــز» پێك‌هـاتووەو ٧٠ ساڵێك سەربەخۆیی خـــۆی پاراستووە • کورد لـــە کێشەی ئالبوویەو هێرش بۆ مووسڵ و هێرش بۆ فارس‌و خوزســتان ، وە جموجۆڵ کەوتووە ! لە ساڵی ٣٩٧ی کۆچی‌دا بهـــاء الدولە هێرشی

بردەسەر کوردەکانی «بەنزینجان»و بەتوندی لێکیاندداو بهاءالدوله شکا (ئەمجارە !) تالانیزۆر کەوتە دەستی کوردان •

لە ٤١١دا بە یارمەتیکوردەکان ، هێرشی نیزامی تورکی ، تێک شکاند(١) •

## کوردو حکوومەتی تورکەکان

سەرکردەی سەلجووقییەکان ، لە شاری ڕەیەوە بەرەو ڕۆژئاوا چوو • لە ٤٢٠ی کۆچیدا «تاش‌فراش» فەرماندەری غەزنەوییەکان بە پشتیوانی سوارەی کورد پێشی پێگرت • لە ٤٣٩ ئوغرەکانی سەلجووقی هێرشیان بردە سەر مەراغەو وێرانو تالانیان کردو عەشیرەتی هازبینیشیان دایە بەر هێرشو زۆریان لێ کوشتن ! عەشیرەتە کوردەکان لە دەسەلاتداری ئازەربایجان بۆ وەدەرنانی ئۆغرەکان ، پشتیوانیان کرد•

هەر ئەمانە لە دەوروبەورمی بەشێکیتر لە عەشیرەتی هازبنیان دایە بەر هێرش • هەرچەند پیاوانە بەربەرەکانێیان کرد ، بەلام لەو هێرشەدا شپرزە بوون •

لە ٤٢٠ ڕوادیە کوردەکان لە تەورێز حکوومەتێکیان پێکهێناو تا سالی ٤٢٦ درێژەی هەبوو • حکوومەتی «دیسم» پێشڕەوی بوو •

لە ٤٢١دا حکوومەتی شوانکارەی کورد لە ولاتی فارس‌دا پێکهاتو تا ٧٥٦ دەوامی کرد • ٤٣٢ « واەسوزانی کوردی مامەلان » گشت سەرکردەی ئۆغرەکانی بە فێل کۆکردەوەو گشتیانی قۆلبەست کردو هێرشی بردە سەر لەشکرەکەیان و کوشتارێکیباشی لێ کردن • سوپای

(١) کوردو کوردستان ، پێشوو لاپەڕی ١٣٤ ــ ١٠٩ •

بەشیورمێ بەرئەمپلانە نەکەوتو ڕووی کردە حەکاریو خەڵکی ئەو ناوچەی تالان کرد . لەوکاتەدا کە لە چیاکاندا گیرۆدە بوون ، کوردەکان ١٥٠٠ کەسیان لێ کوشتنو زۆریشیان بەدیلی گیرانو تالان کران . (ئەمجارە ئافەریم) . حەوت ئەمیری ئۆغز لەنێو دیلەکاندا بوون . لەشکری تۆغرل نزیکبووەوە لەترسان پاشماوەکەیان ڕوویکردە جزیرەی ئیبنوعومەر . قۆڵێکیتریان بەرەو دیاربەکر چوونو ناوچەکانی کاردۆ ، بازابدا ، حسنیە کە لە نزیك زاخۆ یان لە سەراویخاپوور بوەو پێشخاپووریان تالانکرد .

فەرمانداری جزیرە بەیارمەتی کوردەکان مەنسووری سەرکردەی ئۆغزەکانی گرتو هێرشی کردە سەر لەشکرەکەیانو تا نەسیبەین ڕاوی‌نانو زۆری لێ کوشتن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەشکرە گەیشتە دیاربەکرو وێرانو تالانیانکرد . مووسڵیشیان دوو جار داگیرکردو تالانیانکرد . ئەمیری موسڵ لە سوپای کوردو عەرەب داوای یارمەتی کرد . لە ساڵی ٤٦٣ ئەلبئەرسەلان ، کوردستانی گرتو حکوومەتەکانی تێکڕووخاند !

بە کورتی لە دەورەی دەسەڵاتی تورکەکاندا ، کوردستان کە لەسەر ڕێگای لەشکرکێشی بوو ، زۆر زیانی وێکەوت . لەبەرئەوە کوردەکان ( وەك هەمیشە ) یەکگرتوو نەبوونو خۆیان پێکەوە کێشەیان هەبوو ، نەیانتوانی لە بەرامبەر لافاوی هێرشی دوژمندا ، ڕاوەستن . هەربۆیە لە هەموو قەومەکان ، زیانیان زۆرتر دی . زاڵبوونی تورك بەسەر کوردستان ڕۆژڕەشییەکی سامناکی بۆ کورد هەبوو . تووشی شپرزەییکردو گەلێك وەدوایخست . بەوحاڵەش کورد نەبەزیو لە هەر دەرفەتێك بۆ ڕزگاربوونو وەدەسهێنانی سەربەخۆیی ، تێدەکۆشا .

بەداخـــەوە ســـەردارو پاشاکانی تورك لەکاتی تەنـــگانەش دا ، بەوان پشتئەستوور بوون و ئەوانیش لەوجۆرە چالاکیانەدا ، سەریان پێـــوە نەبوو !

لە ٤٩٦ تا ٥٠٣ لـە جەوجۆڵی «دجیل»و ماردین و هێندێك جێگای تر باسی تێکۆشانی کورد کراوە • حکوومـەتی «فەزلەویە»ی لورستان لـە نیوەی دووەمی چـەرخی پێنجـــەمی کۆچی دا ، پێك هـاتووەو تا نیوەی چەرخی نۆیەم درێژەی هەبووە(١) •

ئەتابەکان زۆر شوێنیان لەسەر مێژووی کورد ، داناوە ، زۆر جـر کوردستانیان داگیر کردوە • دیارە هۆی داگیرکردنەکان بەزۆربەیی ، بە بیانووی لایەنـگری میرنشینەکان لە خـــەلیفە ئیسلامی یەکـان بووە • عیمادەدینی ئەم زنجیـــرە لە ٥٢٨ و ٥٣٧ و لە ٥٤١ لەگـــەڵ کورد تێکەڵچوونی هەبوە • خەلیفەکانی عەبباسی گەلێك جار لە هیزی کورد ، دژ بە تورکەکان کەڵکیان وەرگرتوە • ئەتابەکانی دیاربەکریش، هێرشیان بردەوتە سەر کوردی ئەو ناوچە •

ئەیوبی یەکان لە ٥٦٩ لە میسر حکوومەتی سەربەخۆیان دامەزراند• سەلاحـەدین زۆر جـار لە تێکەڵچوونەکانی خۆی دا ، لەگەڵ نەیارانی لە هێـزی کورد ، کەڵـکی وەرگرتوە • بە تایبـەت هۆزەکانی باکووری کوردستان ، خزمەتی بێ پاداشتی زۆریان بە ناوبراو کردوە • کوردستان و ئەرمەنستان بەشێك بوون لـەو حکوومەتە • لەپاشاندا بوو بە چـــەند بەشەوە کە بەشێکی هەتا دەورەی عوسمانییەکان بەردەوام بوو(٢) •

---

(١) کوردو کوردستان ، ئەمیـــن زەکی بەگ ، پێشـــوو لاپـەڕی ١٣٩ ـ ١٣٤ •

(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٤٤ ـ ١٣٩ •

وەك هـەموو دڵسۆزێـكی نەتەوەكـەمان لـە سەر ئەوباوەڕەیە ، بەداخەوە سەلاحەدینی ئەیوبیو بە كشتی ئەیوبی‌یەكان لەگـەڵ ئەوەدا دەیانتوانی كێشەی بێ سەروبەرەی كوردستان چارەسەر بـكەنو لـە بڕبڕبوونو شپرزەیی ڕزگاری بـكەن ، بەڵام نەیانكردو زیاتر خزمەتیان بە فاتمی‌یەكـانو خوەن دەسەڵاتەكانی‌تر كـردو ڕایانبوارد ! ئێستا سەلاحەدین قارەمانی نەتەوەكانی‌ترە !

ورده دەسەڵاتو ئەمیرنشینو سەرۆكهۆز لە كوردستاندا ، بێجگە لـە چـەوساندنەوەی زەحمەتكێشانی كوردو زیادكردنی حەشیمەتو ڕازاندنەوەی كۆشكەكانیانو رابواردن ، بیرێكی‌تریان نەبوە •

ڕاپەڕینی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی پەیامبەری ئیسلام لـە چـەرخی حەوتەمی زایینی‌دا ، حكوومەتی ساسانییەكانی ڕووخاند، پاش ئەوان هەتا هێرشـە سەختەكەی مغول لـە چـەرخی حەوتەمی كۆچی‌دا ، چـەند بنەماڵەی‌تری ئێرانی ، پاشایەتییان كرد • لـە هـەمووان گرنـگتر شەدادی‌یەكان بوون كـە لە ساڵی ٩٥١ی زایینی حكوومەتێكیان لـە شیماڵی‌كوردستاندا ، دامەزراند • دوای ئەوان مەروانی‌یەكـان هـاتن (٩٩٠ - ١٠٦٩) كـە فەرمـانڕەوایی دیاربەكرو چـەند شارێكی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بوو (لەجێی خۆی‌دا باسی میرانی سـۆرانو ئەردەڵان دەكـەین ) •

وەك خەڵـكی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نە وەك كوردێـكی نیشتمانبەروەر ، یەكێك لە پڕشانازی‌ترین فەسڵەكانی مێژووی گـەلانی ئەم ناوچەیە ، خەباتی سەركەوتووی سەلاحەدینی ئەیوبی دژ بە هێرشی سەلیبی‌یەكـانی ئورووپایە • وەك وتمـان ناوبراو ئیمپراتۆری‌یەكی دامەزراند كە میسرو سووریەو بین‌النهرینی داگرتبوو •

ئەم حکوومەتە ٨١ ساڵ درێژەی هەبوو کە گەورەترین بنەماڵەی پاشایەتی ئەو سەردەمە بوو • لەوڕۆژەوە هەتا هێرشی موغولەکان ، کوردەکان کە زۆر شەڕکەرو ئازا بوون ، زۆر جار خزمەتی گەورەیان بە حوکمڕانە بێگانەکان کرد ، بەڵام پاش هاتنی موغولەکان سیاسەتێکی زۆر چەوت بەرامبەر بە کوردەکان ، دەس پێکرا ! (هەمیشە وابووەو واش دەبێ ! )، کە بریتی بوو لە کەڵك وەرگرتن لە قارەمانەتی کورد بۆ شەڕ لەگەڵ نەتەوەکانی ترو بەگژیەکداکردنی عەشیرەتە کوردەکان • ئەم سیاسەتەتا ئێستاش بەردەوامە !

لە باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی یەوە ، سێ هێرشی گەورە وەزعی دانیشتوانی کوردستانو ئاسیای نێزیکیان ، تا ڕادەیەکی زۆر شپرزە کرد • هاتنی تورکەکانی سەلجووقی ساڵی ١٠٥١و موغول ساڵی ١٢٢١و تەیمووری لەنگ ساڵی ١٤٠٢ ، یەك لە دوای یەك بوونە هۆی داگیرکردنو وێرانکردنی وڵاتەکەو زۆر گیروگرفتی سامناکیان پێك هێنا کە تا ماوەیەکی زۆر چارەسەر نەکران(١) •

ئەحمەدی کوری مەروان یەکەم کەس بوو لە کوردان کە لە دەورەی المقتدر باللەی عەبباسیدا ، ئیددیعای سەڵتەنەتی کرد و گەیشتە پلەی حکوومەتو خەلیفە ناوی نا «نصر الدولە» ، ٨٠ ساڵ ژیا •

٥٢ ساڵ لە دیاربەکرو جزیرە ، فەرمانڕەوایی کردوە • لەوکاتەدا توغروڵبێگی سەلجووقی لە ئێران حکوومەتی کردوە • چوارکەس لەو بنەماڵە ٩٢ ساڵ حکوومەتیان کرد(٢) •

لە پاش حکوومەتی زەنگی لە جزیرەدا ، حکوومەتی کوردی

---

(١) کوردستانو کورد ، دوکتور قاسملو ، لاپەڕی ٤١ــ٤٠ •
(٢) شەرەفنامەی بەدلیسی لاپەڕی ٣٨ــ٣٦ •

«عەزیزان» سەری هەڵداو پاش کەوتن‌و هەستانەوە ، لە پەیدابوونی حکومەتی عوسمانی‌دا ، ملی داندنوا . لە دەورەی ناصر لدین‌اللەدا لە نێوان کوردو تورك ، کێشە سازبوو و شەڕی نەتەوایەتی پەرەی گرت . لە سووری‌یەکوردستان‌و ئازەربایجان ، دوو ساڵ درێژەی کێشاو هەردووك نەتەوە تووشی زیان بوون . ئاشت‌بوونەوەو جارێکی‌تر ملیان لە ملی‌یەکتر نایەوە وپاش هەراو کێشەیەکی‌زۆر کوردەکان «سووری‌یەو کلکیان = ئەتنە»یان ، چۆڵکرد . لە ڕاستی‌دا زەنگی‌یەکان پاش مردنی سەلاحەدین لە کوردستان ، جێگای خۆیان پتەوکرد .

لە ٦٠٧دا کوڕی بچووکی ئەرسەلانشای زەنگی ، قەڵای «ئاکری‌و شوشی» لە برا گەورەکەی سەندەوەو لە ٦١٥دا ئامێدیشی بە شەڕ وەرگرتەوە . پاشان هێندێکی‌تر لە قەڵاکانی حەکاری‌و کواشی زەوت‌کرد ساڵی ٦٢٢ بوومەلەرزە ، خاکی عێراقی ، دابێژ دابێژ کردو زیانی گیانی‌و ماڵی فراوانی بە دانیشتوان گەیاند . ساڵی دوایی عەلائەددین کەیقوبادی سەلجووقی بە دنەدانی جەلالەددین خوارەزمشا ، هاتە سەر وڵاتی دیاربەکرو هێندێك لە قەڵاکانی داگیرکردو زیانی زۆری بە وڵاتەکە گەیاند .

کوردانی دەوروبەری چیای زاگرۆس لە ٦١٤ی کۆچی‌دا ، تووشی داگیرکردن‌و کاول‌کردنی شارو گوندیان بوون‌و بە هۆی خوارەزمیەکانەوە ، زیانی گەورەیان وێکەوت . محمدی خوارەزمشا لەشکری ناردەسەر خەلیفەی عەبباسی «ناصر لدین‌الله» بەپێی سروشتی ڕێگا ، لەگەڵ کوردەکان تووشی تێکهەڵچوون بوو . لەنێوان هەمەدان‌و کرماشاندا ، سەرما کارێکی پێ‌کردن با وە دەواری شەڕی نەکا . لەوکاتەدا کوردەکان‌و تورکمانی ئەو ناوچە ، هەڵیانکوتایە سەری ،

بێجگە لـە خودی محمدی خوارەزمشاو هێندێك لە پیاوانی ، ئەوانی تر لە نێوچوون • جەلالەددینی کوڕی ، پاش بەخۆداچوونەوەو کۆکردنەوەی سـوپا لە عێراقەوە پاش تالانکردنی زۆرو کاوڵکردنی دەوروبەری «بەدرەو بەعقووبە»و وێرانکردنی قەلای «داقوق»و کوشتارێـکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچە ، ڕووی کردە هەولێرو سەرنەکەوتو لە گەڕانەوەدا، مـەراغەی ئازەربایجانی گرت •

لـە ساڵی ٦٢١ تەورێزیشی داگیرکرد • لـەم کێشەدا ، ولاتی خێلاتو لـە هەرای نێوان عمادالدینو نورالدیندا ، دەوروبەری ئامێدیو زۆزان واتا کوردستانی باکووریو باشووری ، زیانێـکی زۆریان دی • گرانی ڕووی کردە ولاتو حەشیمەتێکی زۆر لەبرسان مرد ! لـە سـالی ٦٢٦دا ، دیسان جەلالەدین بەسـەر خێلاتو مووشدا واتا چیای جوودی ( Guti ) تێپەڕیو وێرانی کردنو ئەوپەڕی ستەمی پێکردن • خەڵکێکی زۆر زێدی خۆیان بەجێ هێشتو چوون بۆ حەلەب •

لـەم کێشەدا حیسامەددین دەسەلاتداری خێلات ، خۆڕاگرییەکی باشی نواند • لەلایەن عادل پاشای ئەیوبییەوە ، بەپێچەوانەی پیـاوەتی ، کوژرا • پاش ئەوە جەلالەددین بایدایەوە سەر خێلاتو پاش نۆ مانـگ گرتیو گشت پارێزەرانی کوشتو ناجوامێرانە لەگـەڵ ژنو منـداڵ بەرەوڕوو بـوو !

پاش ماوەیەك جەلالەددین بە لاوازیگەڕایەوە کوردستانو خەڵك تۆڵەی خۆی لێ کردەوە • هێندێك لـە سوپاکەی پەنای بردە بارەگای کەیقوبادی سەلجووقی لـە قونیە • لە بەرئەوە لەترسی موغولەکان پەنای هینابوە کوردستان ، وەك وتمان ئەوانیش بەدوایدا هاتنو کوردستانیـان

کاول کردو ئەوەی لــە دەس جەلالەددین ڕزگار ببوو ، بەشێکی لەلایەن تاتارەوە لە نێوچـوو • لە شاری دیاربەکردا ، گیـــانلەبەریان نەهێشت هۆزی کریشەی کورد،پێشیان پێی گرت دەنا لەوەش خراپتریان دەکرد •

بە هاتنی تاتارو لەشکری خوارەزمشا ، بەشی باکووری کوردستانی کاول کردو بەشێك لــە خەڵك پەنایان بردە بەر کەژو کێوو بەشێــکی تر پەڕیوەی هــەندەران بوون ! لە ٦٤٥و لە ٦٥٠دا ، جارێك شارەزوورو جارێکی‌تر ناوچــەی دیاربەکر ، بەهۆی موغولەکانەوە ، شپرزە کران • لــە ٦٥٥دا هۆلاکۆ بەرەو هــەمەدانو کوردستان (سنە) ، ملی ڕێــگای گرت • ئەوکــات ناوەندی کوردستان ، «بەهار» لەنزیك هەمەدان بوو • ئەو شارەی گرتو بەرەو بەغدا ، چوو ، لەسەر ڕێــگای ، کرماشــانی تووشی کوشتنو تاڵان کرد ! هــــەر لــەم ماوەیەدا لەشــکری موغول هەولێری گرت ! پاش گرتنی بەغدا خەڵـکی شارەزوورو دەوروبەر ، زێدی خویان بە جێ‌هێشتو چوون بۆ سووریەو میسر • لە ٦٥٧ هۆلاکۆ حەکاری وێران کردو لــە جزیرەو دیاربەکرو ‌میافارقینو مــاردیندا ، دەستیان بــە کوشتو کوشتارو وێرانکردن کرد • لــــە سووریەشدا کوردەکان دژی موغول گەلێك شەڕیان کرد • پاش تێكشکاندنی موغول نێوان کوردو تورك خۆش بوو و بەشێکیان گەڕانەوە زێدی خۆیان • موغولیش بۆ هێرشەکانی خۆی لە کوردان،کەڵکی وەرگرتوە!سەرکردەی هۆزی کوردی «ڕاحبا» لە ساڵی ٧١٢ لە بەرامبەر ئۆردووی موغولــەوە خۆڕاگری توندی نیشاندا • لـــەم ماوەدا کوردستان لەژێر دەسـەڵاتی موغولدا بوو • لــە هێندێك جێگای وەك هەولێرو مووسڵ ، شــەڕزۆر درێژەی کێشا • لــــە دەورەی ســەڵتەنەتی ئۆلجایتو خاندا ، ناوەندی وڵاتی کوردستان لــە بەهــارەوە ڕاگوێزرابۆ سوڵتانئاواو وێرانکراو ر

داهاتی بە توندی هــــ اتەخوارێ • لــە ســاڵی ٧٣٨ی کۆچیدا ، دوو بنەماڵەی موغول لەســەر میرات بەکێشمە هــاتن و کوردستانی ئێــ ــران و خۆزستان ، کەوتنە بەر بنەماڵەی «سلەووز» •

حکوومەتەکانی تورکی ئاسیای ڕۆژئاوا کــە دوژمنی موغولەکــان بوون ، پاش تیاچوونی ئیلخانییەکان ، بەرەبەرە کوردستانیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیان • حکوومەتی «قەرەقویونلی» هەتا نێوەڕاستی کوردستان هات و شــەڕو شۆڕێــکی گەورەی بەرپا کرد • تەنانەت لەبەرئەوە کە شیعەیەکی تۆخ بوون ، کێشمەی مەزهەبیشیان سازکـــردو ناوچــەی سابلاغیان داگیرکرد •

تەیمووری لەنگیش لە بەغداوە بۆ گرتنی قەفقاز ، کوردستانی کردە مەیدانی ڕمبازێن و دیاربەکرو جــــزیرەی داگیر کرد ویرانی کردن و ترسی خستە سەر دڵان و خــەڵك پەنایان بردە بەر کەژوکێو • لــە ٧٩٦ تەیموور ڕووی کردە کوردستان و دەسەلاتدارانی ئەو ناوچەی خستەژێر ڕکێفی خۆی • تەیموور بەرەو حەڵەب چووو جەلالەددینی کوڕی لــە ســـەر کوردستانەوە ، دانا و ئەویش نیشانیدا لە ستەمکردندا ، لـــە باوکی کەمتر نیــە • خوێن ڕشتن گەیشتە جێگایەك کــە خــــەڵك دژی ڕاپەڕین • تەیموور لە سەفەری دووەمی لە ١٤٠١ زایینیدا ، گەڕایەوەو هەرچی ئاوەدانی لە کوردستاندا وەبەردەستی کەوت ، ویرانی کـــردو حەشیمەتێکی زۆری کوشت • لــە هەولێر و مووســـڵ و جــزیرەدا ، گیانلەبەری نەهێشت ! لەگــەڵ ئەوەدا لــە گەڕانەوەیدا لە بەغــدا لــە ٨٠٣ی کۆچیدا ، تووشی بەربەرەکانیی کوردان بوو • پاش مـــردنی تەیموور لــە ١٤٠٥ی زایینیدا ، ئەمیرنشینی بتلیس لەلایەن میراتگرانی ئەوە لـــە ٨٢٠ی کۆچیدا ، پیی لەسەر داگیردرا • حکوومەتی بایـنــدر

پاش تێکشکانی حکومەتی قەرەقویونلی لـە دیاربەکر ، دامەزراو لەگەڵ سەرکردەکانی کورد ، تووشی کێشەو شەڕ بوو ، بە بیانووی لایەنگری سەرکردەکانی کورد لـە بنەماڵەی قەرەقویونلی ، کـەواش نەبوو وەك زورجارو لـە زۆر دۆخدا ، لـە کێشەی نێوخۆیی کوردان کەڵکی وەرگرت بە گژ یەکیدا کردنو بە ئامانجی چەپەڵی خۆی گەیشت • بەم جۆرە بەرەبەرە تا ۸۷۵ی کۆچی دوایین میرنشینی کوردیان زەوت کـرد(۱) •

لـە سەرەتای سەدەی ۱٦دا لـە ئێرانو وڵاتی عوسمانی دوو حکومەتی ناوەندی دامـەزرابوون کـە لە چـاو ئەو سەردەمە ، بەهێز بوون • سمایلی یەکـەم (۱٥۰۲ ـ ۱٥۱۸ ) بناخەدانەری بنەمـاڵەی سەفەوی لە ئێراندا ، مەزهەبی شیعەی دژ بە سوننی بە هێز کرد • پیـاوە گەورەکانی کورد لە شەڕی عوسمانیدا ، داوایان کرد یارمـەتی بدەن ، پەسندی نەکردو گرتیانی(۲) •

سوڵتانی عوسمانی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی ، کوردە سونیەکانی دژبە سەفەوییەکان هاندا •

بەمجۆرە لـە شەڕی چاڵدران لە ۲۳ ئووتی ۱٥۱٤ی زایینیدا لـە باکووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ ، عوسمانییەکان بە یارمەتی کوردەکان لەشکری شائیسماعیلیان تێکشکاند • ئا لێرەدا بوو کە کوردستان لەنێوان دوو وەڵاتدا ، دابەشـکراو بەشی زۆری کـەوتە ژێر دەسـەڵاتی عوسمانییەکان • ئەم دابەشکردنە لە ۱٦۳۹دا ، بەڕەسمی مۆرکرا •

پاش ساڵی ۱٥۱٤ سوڵتانی تورك فەرمـانی پێکهێنانی ئەمـەرەنە

(۱) کوردو کوردستان ، پێشوو لاپەڕی ۱٥٦ـ۱٤٥ •
(۲) کوردستانو کوردو هەروەها کوردو کوردستان لاپەڕی ۱٦۰ •

کوردەکانی بە حەکیم ئیدریسی بتلیسی دا • ئەویش بۆ پاراستنی تورکییەی نوێ ، عەشیرەتە کوردەکـــانی لــــە خەتی سنووردا ، **نیشتەجێ** کرد • لەشکرێکیان پێکهێناو ئامادەی فەرمانبردنی تورکەکان بوون •

لــەنێوان ئەم ڕێکەوتەو نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەدا ، چــەند میرنشینی کورد دامەزران کە لە چوارچێوەی ئێران یان تورکیــــەدا ، خـاوەنی چـــەشنە سەربەخۆیی‌یەك بوون • هێندێك جـاریش وەلامی پاشاکانیـــان نەدەدایەوەو بۆ خــۆیان دراویان لێ‌دەداو خوتبـــەیان بـــە نـــاوی خـــۆیانەوە دەخوێنــــدەوە ! بێجگە لەوە بنەماڵە گەورەکانیش جۆرە سەربەخۆیی‌یەکیان هەبوو ، بەلام پێکەوە ناتەبا بوون و زۆر جـــار بۆ بەچۆکداهێنانی یەکتر لە شای ئێران یان تورکیـــە ، داوای یارمـــەتیان دەکرد • پاش شەڕێـکی سەخت لە نێوان **١٧٥٢ – ١٧٩٥** بنەماڵەیەکی پاشایەتی گـەورەی کـورد بـــە ســەرۆکایەتی کەریمخانی زەند ، پێکهات • بەداخەوە ئەمیش وەك سەلاحەددین بوو بە سەرداری‌چەند نەتەوەی‌تر وخۆی کردە فەرمانڕەوای هـەموو ئێران ! هێمنایەتی‌و ئاسایش لە دەورەی ئەمدا ، پەرەی‌سەندو باری کۆمەلایەتی گەشەی‌کرد • هەلاتووەکانی ولات بەرەو نیشتمان ، ملی ڕێگایان گرت‌و زانست‌و فەرهەنـگ بەرەوپێش چـــوون‌و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولات هـــەولی‌دا[(١)] •

شائیسماعیل لــە یەکەم شەڕەکانی‌دا لەگەل حکوومەتی ئاق‌قویونلو دەوروبەری ئەرمەنستانی زەوەت‌کرد لە **٩٠٩** دەوروبەری ورمی‌و شنۆی تالان کردو حەشیمەتێکی زۆری کوشت • ســـالی دوایی ڕووی‌کردە

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو لاپەڕی ٤٤_٤١ •

کوردستانی ناوەندی ، عەلائوودەڵەی زوڵقەدری ، شکاندو گەڕایەوە سەر دیاربەکرو داگیری کرد • کردەوەی شائیسماعیل سەبارەت بە کورد وەك ئاققویونلو ، زۆر ستەمکارانە بوو • سیاسەتی کوردستانی ئەمشایە ، بریتی‌بوو لە لەناوبردنی ئەمیرنشینەکانی کوردو دانانی تورکەکان لە جێگای ئەوان • (ئافەریم پێشەوای ئەم گەلاڵە ! ) بە دنەدانی مەولانا ئیدریس نزیك پاش شەڕی چاڵدران ، کوردەکانی دیاربەکر لەبەر سوننی‌بوونیان فەرمانرەوای کوردیان دەرکردو سەریان بۆ عوسمانی دانواند • چەند ناوچەی‌تریش ئەو سیاسەتەیان گرتەپیش • لەم سەردەمەدا چەند جار «ئەتاقو دیاربەکرو میافارقینو ئیکیل » ، داگیرکران • پالوو جزیرەش کەوتنە بەر هێرشەوەو ١٦ ئەمیرنشینی کوردیش لاینگری خۆیان لە عوسمانی‌یەکان ڕاگەیاند • پاش سوڵتان سەلیم بە هۆی هاندانی ئیدریسەوە ، دەوروبەری ورمێو مەلاتیەو گشت کوردستانی زەوتو تالان‌کرد • پاش ئەوە شائیسماعیل هێرشی بردە سە دیاربەکر ، گەمارۆی‌دا ، پاش ساڵێك لە کوردە پارێزەرەکانی ١٦ هەزارکەس بە هۆی نەخۆشی ، مردن ! هێزی هۆزە کوردەکان گەمارۆکەیان تێك‌شکاندو دەسەلاتی عوسمانی‌یەکانیان ، بەسەردا زاڵ‌کرد ! لەم ماوەدا ، ماردین ، سنجارو حسن‌کیف ، چەند جار کەوتنە بەرپەلاماری لەشکری ئەم شاو ئەو سوڵتان ! سەرۆك هۆزە کوردەکان چەندجار هێرشیان بردوەتەسەر هێزی ئێرانو کوردستان بوەتە مەیدانی ڕمبازێن •

لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنەدا «ئەرغەنی ـ سنجار ـ چرمیك و بیرەجەك » کەوتنە دەس عوسمانی • شاری ماردینیش بێجگە قەلاکەی، ملی دانواند • پاشان بە تۆپ ئەویشیان داگیرکرد • بەم جۆرە

ناوچەکانی تریش گیران •

پاش ئەمە چارەنووسی کوردستان بەمجۆرەی لێهات :

١ ـ سەربەخۆیی ئەمیرنشینەکانی کورد ، بپارێزرێ !

٢ ـ پلەی ئەمیری میراتی بێ یان بەگوێرەی نەریتی ناوچـــــه ، چارەسەر بکرێو سوڵتان بە فەرمانێك پێی لەسەر دابگرێ •

٣ ـ کورد لە گشت شەڕێکدا پشتیوانی لە تورك بکا •

٤ ـ لە بەرامبەر هێرشی دەروەیی‌ودا ، تورك یارمەتی کورد بکا •

٥ ـ کورد مالیـات یان ڕسوومی شەرعی‌یە بە خەلیفە بدا • ئـــەم پەیمانە لە ٩٢٠ی کۆچـــی‌دا ، ئیمزا کـــرا • بەڵام پاش ١٥ ســـاڵ عۆسمانی‌یەکان لەسەر خڵتەی دەروونیان پەردەیان هەڵدایەوە ، یەك لـە دوای یەك ئەم ئەمیرنشینانەیان هـــەڵوەشاندەوەو لە ١٨٥٠ی زایینی‌دا ، کۆتاییان پێهات • واتا ئەو ٤٦ ئەمیرنشینەی ئیدریس دروستی کردبوون، تێك‌دران • دیارە سوڵتان ســەلیم لەپێناوی ساغ‌کردنەوەی کوردستان ، بەدەست ئیدریس ، ڕێزی زۆری لە ناوبراو گرت •

پاش مردنی شائیسماعیلی سەفەوی ، میـــری کەڵهورو چـــەند سەرکردەی دیکەی کورد ، بەهاسانی بەغدایان گرتو دوو دەستی دایان بە عوسمانی‌یەکان ! لە ٩٣٦دا شاتەهماسبی ئێران ، هێرشی بردە سەر بەغدا• میری کەڵهوڕ زولفەقارخان ، ملی پێنەداو پاشان براخاینەکانی بەنرخێکی هـــەرزان کڕدرانو کوشتیانو بەغـــدایان دوو دەستی بە شاتەهماسب ، پێشکەش کرد ! شا نرخەکەشی پێنەدانو بەغداش تووشی‌قەتڵو بڕو ئیشی دژی شەرافەت بوو ! ئەمەو پەنابردنی شەرەفخانی بتلیسی بە شاتەهماسبو بەخشینی هێندێك ناوچە لەلایەن عوسمانی‌یەکان بە سەرکردەکانیـــان ،

نێوان ئێران‌و عوسمانی تێکدایەوە• تەهماسب چووە سەر عوسمانی‌یەکان •
شەرەفخان کوژراو لە ٩٤٠ کوڕەکەی بوو بە ئەمیری بتلیس‌و لەشکری
عوسمانی لە ٩٤١دا ، گەیشتە تەوریز • بەوێدا چوون بۆ بەغداو
وەریان گرتەوە •

والی دیاربەکر بە دەس سوڵتان سلێمان لە بەغدا ، دانراو سنێمەن
بە کوردستاندا بەرەو ئیستامبۆڵ گەڕایەوەو چەند پیاوی بەناوبانگی
کوردی کوشت‌و لە ١٥٤٥ی زایینی‌دا ، بەشێکی کوردستانی ئێرانی
داگیر کردو بەرەو تەوریز بە ڕێگای درێژەی دا • تەوریزی بۆ نەگیراو
هاتەوە سەرقەڵای وان کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوو ، بە
تۆپ زەوتی کرد •

شەڕی دوو وڵات بەسەر کوردستانداو بە کەڵک‌وەرگرتن لە
سوپای کوردو خاپوورکردنی شارو گوندی کوردستان ، هەر درێژەی
هەبوو • بۆ نموونە شاتەهماسب لە ٩٦١ی کۆچی‌دا ، هێرشی‌بردە سەر
کوردستانی ناوەندی تا ئەزەربایجان‌و دیاربەکر ، ئوەدانی نەهێشت‌و
تالانی کرد ! دوای چەند مانگ شەڕی دوو وڵات سەری هەڵدایەوەو
شا دیسان لە چوار قۆڵەوە ، ڕووی کردە کوردستان‌و مووش‌و وان‌و
عادلجوازی بە تالان خاشەبڕ کردو حەشیمەتێکی زۆریشی لێ کوشت‌و
چەند ناوچەی‌تری ئەو سەرزەوی‌یەی بەودەردە برد • لەلای‌ترەوە
ئەرزرۆمیش بەو دەردە ، براو بەرەبەرە سەرانسەری کوردستان وێران‌و
تالان کراو جینایەتی وایان خوڵقاند کە هێرشی هۆلاکۆو تەیمووری ،
لەبیر بردەوە !

ئەو کردەوانە باشووری کورستانیشی گرتەوە • لە ٩٩٨دا پاش
چەند شەڕ بە گوێرەی پەیمانێکی ئاشتی ئازەربایجان ، گورجستان ،

لوڕستان‌و شارەزوور کەوتنـــە دەس عوسمنی‌یەکـان • لە ١٠١٢ی کۆچی‌دا شـەڕ داگیرسایەوە • هێزی تەورێز هەڵیکوتایە سەر سەلمس‌و وێرانی کرد • شا بە تۆڵەی‌ئەم‌کارە لەگەڵ هێندێك لـــە کوردەکن ، تەورزی گرت•پاشان هەردووك لا بە لەشکری کوردو تورك تۆڵەیان لە یەکتر دەکردەوە • هەر لەو ساڵەدا ، وان بە دەستی لەشکری شا وێران‌و تاڵان کرایەوە !

بنەماڵەی جان‌پۆڵای کورد ، لە حەڵەب‌و دەوروبەری ، حـکوومەتی ڕاگـــەیاندو دراوی لێـداو پاشـان شـکا • جان‌پۆڵای ســـەرکردە پەنای‌بردە بەر سولتان‌و بەخشی‌و بەڵام لەبلگرادا کوشتیان(١) داستانی قـەڵای دمدم کـە لـە ناوچەی باشووری ورمێ هەڵکەوتووەو ئەمیرخنی یەکدەست لە ئەمیرە بەناوبانگەکنی برادۆست بووەو لە یارمەتی‌دان بـە حاکمی سۆران‌دا دەستی بڕاوە ، لە ناوچـەی ئێمـەدا دەنگی‌داوەتەوە • ئـــەم ئەمیرە پاش ئەوە شاعەبباس ئازەربایجانی لە تورکیە وەرگرتەوە ، چووە لای ئەوو حورمـەتی گرت‌و کردیە خانی تەرگەوڕ ، مەرگەوڕ ، ورمێ‌و شنۆو ڕەئیسی هۆزی برادۆست‌و لـە جێگای قەڵاکۆنی دمدم کـە بەگوێرەی ڕیوایەت لە دەورەی ساسانی‌یەکان‌دا ئاوەدان بووە ، قەڵایەکی پتـەوی دروست‌کرد • دام‌و دەزگـای شا بەهۆی کێشەی مەزهـــەبی دەیانەویست لای شا تخونی بـکەن‌و لە بەرچاوی بخەن ! هەرچــــەند دروست‌کردنی قەڵاکە بە ئیزنی شا بوو بەڵام ویستی پێشی پێ بـگرێ ! ئەویش گوێی بە فەرمـــانی شا نەداو قەڵاکەی تەواو کرد • لەم کـاتەدا ٢٠ هـەزار چەتەی جەلالی پەنایان‌بردە بەر شاو ویستی لـــە برادۆست ٨ هـەزار کەسێك دابنێ‌و لـە ترسی دواڕۆژ بەمەش گوێ نەدا ! پاشـا

---

(١) کوردو کوردستان ، پێشوو لاپەڕی ١٨٠ـ١٥٩ •

له ١٠١٧ی کۆچیدا ، قەڵاکەی گەمارۆ دا • سەرئەنجام پاش چوار مانگ قزلباش ڕێگای ئاوی قەڵایان بڕی • لەو ماوەیەدا قەرەمانی زۆری لەدەس دابوو • پاش ٢٠ ڕۆژ بێئاوی ئەوانەی شەڕکەر نەبوون لە قەڵا وەدەریان نان • سەرەتای زستان بوو بارانی زۆر باری و ئاوی شەش مانگیان بۆ دابین بوو • هەر بۆیە سەرکردەی قزلباش فەرمانی گرتنی قەڵاکەی دەرکرد • پاش چەند مانگ قەڵاکە داگیرکرا • هەرچەند ئەمیرخان تەسلیم بوو گیانلەبەریان تێدا نەهێشت و قەڵاکە بوو بە گۆڕی تەرمی ئەو شەهیدانە • پاش ٦ ساڵ کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی کوردی برادۆست و تیلغ بەگ کە قەڵاکەی گرتبوو ، تەنیا ٩ ڕۆژ توانی ڕایبگرێ و کەوتەوە دەس دوژمن(١) •

لەو هێرشەی شاعەبباسدا ئەو ناوچە وێران کرا ، خوینی زۆر لە بەر کوردان چوو ، شەڕی پیاوانە کرا • لەشکری شا ، یەکجار زۆر بوو • زۆرتر لە جارانی پێشوو کە هێرشی دڕندانەیان ئەکردە سەر خان و کوردان و ماڵ وێرانیان دەکردن • سوپای کورد بە فەرمانی خان بۆ پارێزگاری لە خنومان هەتاکو نەمان بەرەو قەڵا خزان و کەوتنە شەڕەوە ، بێ وچان • کاتی دەغڵ ودان بوو ودوژمن مەودای نەدا هەڵیبگرن • شەڕێکی بۆ مان و نەمان دەستی پێکردو لەبەرئەوە بە ملشۆڕی نەکەونە دەس دوژمن ، بە خان و خانم و میرو میرانەوە ، خۆیان خستە باوەشی سەردی مەرگ و ملیان بۆ شای ستەمکار دانەنواندو لاپەڕی مێژوویان نەخشاند(٢) •

---

(١) کوردو کوردستان ، پێشوو لاپەڕی ١٨٥ ـ ١٨٠ •

(٢) دمدم ، عەرەب شامیلۆن عەرەب شەممۆ وەرگێڕانی شوکر مستەفا لە کورمانجی ژوورەوە ، بەغداد ١٩٨٤ لاپەڕی ٣١٠ـ٢٩٠ •

له ٩٩١ لـه دەورەی سولتان موڕادی سێیەمدا ، میـری موکری ژنێك بوو بە ناوی «ئەمیرە پاشا» ئەو لەکاتی دەسـەلاتی ئۆردووی عوسمانیدا ، دەرحەق بە شیعەی سلدووزو میاندوئاب‌و مەراغە ، ستەمی کردبوو . ناوچـەی «قراچورق»یشی تالان کردبوو . حەیدەری کوڕی بوو بە سەرۆکی بەشێك لـە موکری ، پاشان لەگەڵ حۆکمڕانی تەورێز، تێك‌چـوو . کـە شاعەبباس هێرشی کردە سـەر ئازەربایجان ، ملی بۆ دانواندو ولاتی مـەراغەشی پێـدرا . لەگـەڵ شادا بوو کـە کوژراو کوڕەکەی بوو بە جێگرێ‌و بەهۆی کێشمەی مەزهەبی‌یەوە ، شا لەو بنەماڵە توورە بوو ، بێجگە لەوە لە هێرش بۆ سەر قەلای دمدمدا ، بەشـداریشی نەکردو شـا بڕیاریدا ، عەشیرەتەکانی موکری تەفروتوونا بـکاو خۆی بەرەو مەراغـە ، ملی ڕێـگای گرت !

بەفێڵ قوبادخانی کوری حەیدەری فریوداو لەگەڵ ١٥٠ سـوارێك چوونە دیوان‌و دەس‌بەجێ پیاوەماقووڵەکانیان کوشت‌و ئەوانی‌تریش لـە بەربەرەکانیدا کوژران . شا چووە سەر قەلای «کاودوڵ»و قەتڵ‌و بڕو بەدیل‌گرتنی تەنانەت ئافرەتانیش ، دەستی پێکراو ئەوەی بۆ وتن نابـێ کردیان ! قۆڵێکی‌تر بەرەو «کرمرود» ، وەرێکەوت‌و ئەمیرخان‌و پیاوە گەورەکانیان کوشت . بووبە تۆڵەئەستاندنەوەی مەزهەبی‌و وای لێهـات دەوروبەری موکریانیش تووشی زیـان بوو ! هـەر لەوساڵـەدا ، لە تەورێزەوە ، فەرمانی تالانی موکریان درا !

له ١٠٢٠دا عوسمانی‌و ئێران ئاشتیان کرد ، بەومـەرجە ئێـران یارمەتی هەڵۆخانی میری شارەزوور نەدا . لە ١٠٢٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە سروشتی‌یە هێرشی هەروڵات بۆ سەر ئەوی‌تر لە کوردستانەوە ، دەبوو . لە هەردووك ولاتدا کوردیان بێ‌تاوان تێدادەچوو یان لەگەڵ لەشکری

هەردووك لادا ، تووشی زیان دەبوو ! بۆنموونە لە ١٠٢٣دا نەسووح پاشا کاتێك فەرمانڕەوای دیاربەکر بوو ، قەڵایەکی کوردستانی زەوت کردو چوارهەزار کوردی بە منداڵەوە لە دووکەڵدا خنکاند !

لە ١٠٢٦ دا شاعەبباس سوپای ناردەسەر ئەرزڕۆمو ئەوناوچەی تالان کرد • سەرکردەکانی کورد ویستیان تۆڵە بکەنەوە ، بەهۆی کێشەی ناوخۆییەوە ، نەیانتوانی هەنگاو هەڵگرن ! هەرئەم یەکنەگرتنە ، نوێنەرانی سوڵتانی هاندا و شەڕی کوردو تورکیان بەرپاکردو خوێنێکی زۆر ڕژا !

لەوپێیەدا لەشکری قزڵباش وانو دەوروبەری تالان کردو کوشتارێکی زۆریان تیا کرد • هەرلەم ساڵەدا ، لەشکری تارتار ، دیاربەکریان وێران کرد • لە ١٠٢٧دا دیسان ئاشتی کراو شەعەباس ١٥ هەزار ماڵە کوردی دوورخستەوە بۆ خۆراسان • شاعەبباس بە هێزی کورد زۆر پشتئەستوور بوو بەتایبەت عەشیرەتەکانی موکری • عوسمانییەکان بۆ گرتنەوەیبەغدا لە بەکر سوپاش لە ١٠٣١دا ، لە لەشکری کورد ، کەڵکیان وەرگرت • هەر لەمکاتەدا شاعەبباسیش بەرەو بەغدا و هەر بەومەبەستە ، بە سەرلەشکری قرچقای خانەوە ، ملی ڕێگای گرتو دیاربەکرو ماردینی تالان کرد !!

لە ساڵی ١٠٣٤ی کۆچیدا ، عەشیرەتەکانی موکری ، هێرشیان کردە سەر مەراغەو تالانیان کردو شیعەیەکی زۆریان وەك تۆڵە کوشت ! شاعەبباس هێرشی بردەسەر شێربەگیموکریو پەنای بردەبەر چیاکانو لە ئاکامدا گوندەکانیان سووتاندنو تالانیان کردن ! پاش مردنی شاعەبباس خوسرەوپاشا بەرەو بەغدا چوو ، سەرۆك عەشایری کورد لە مووسڵ پێشوازییان لێکردو مەڕو ماڵاتیان پێشکەش کرد • بەڕاکێشانی

سەرنجی ئەوانو هاوکاری یان ، هێرشی بردەسەر حوکمرانی ئاردەڵانو شارەزوورو قـەڵای خۆرماڵی گرت ! (خوا لە برایەتیان کەم نەکا) ٠ پاشان ناوەندی حکوومەتی ئاردەڵان واتا قـــەڵای حەسەنئاوای سنەی گرتو تا هەمەدان چـــوو ٠ لــــە ١٠٤٠دا گەڕایەوەو لە جەنجەماڵو دەرتەنگ‌دا ، سوپای ئێرانی شکاند ٠ خان ئەحمەد خان ، شارەزووری ئەمجار لە عوسمانی ، داگیر کردەوە !

سوڵتان موورادی پێنجەم بە یارمـــەتی ئەمیری ئامێدی ، ئۆردووی بادینانو ســـەرۆک‌هۆزەکانی مووسڵو هەولێرو کەرکووکو شارەزوور لە ١٦٣٨ی زایینی‌دا بەغدایان گرتـــەوە ٠ پاشان دوو وڵات ئاشتیان کردو دیسان خاکی کوردستان دابەشکرایەوە ٠

لەم‌کاتەدا بتلیس ئامیدیو هەکاری سەربەخۆ بوون ٠ لــە ١٦٦٠دا پاڵیان‌دا بە عوسمانی‌یەوە (١) ٠

ڕەنــگە بڵێن : ئەی هاوار کابرا کۆمەڵناسی کوردەواری دەنووسی چیـــداوە لــە شــەڕو شۆڕو دەسەڵاتی‌ئەم پاشا ئەو ئەمیرەوە ؟!

ئەمنیش دەڵێم : هەر بەو هۆیە بابەتی نووسینەکەم کۆمەڵناسی‌یە ئەم کورتە مێژوویەم نووسیوەو لەمەوبەدواش تا ئەو جێگایە پێویستە لـــــەو چوارچێوەدا ، دەچمە پێش ٠ بەڵێ گەلێـــکی ئاوەهـــا دابەشکراوو خەڵکێکی ئاوەها کڵۆڵو ماڵ وێرانو نەسرەوتوو وقەڵوپەڵ کراو ، گوندو شارێـــکی ئاوەها کاولو ڕووخێنراو بەو گشت سەرۆکو مەرۆکەوە کــە هـــەر کاتو ساتێ ڕوو لە وڵاتیو هـــەر ماوە پیاوی پاشایەک ، چـــۆن دەتوانێ ملی ڕێـــگای پێشـــکەوتنو شارستانیەت بـــگرێتو پلەکانی

---

(١) کوردو کوردستان ، پێشوو ، لاپەڕی ١٩٢_١٨٥ ٠

بەرەوپێش‌چوونو گەشەکردن بپێوێ ؟! باری ئابووریو کۆمەلایەتی چۆن گەشە بکاو بنکەو بنیاتی کۆمەلایەتی چۆن پێك‌بێو ئەگەر بەناچار پێك‌بێ لە کامە دۆخی شیاودا ، گەشەبکاو ئەرکی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ ؟ بێجگە لە هەموو ئەمانە کە دەسەلاتی سیاسی نەبوو ، بەرنامەدانان بۆ لابردنی کەندو کۆسپو بەرەوپێش چوون لە باری ئاموزشو پەروەردە کردنو پیشەسازیو سەنعەتەوە ، چۆن دەگونجێ ؟! ئەگەر بنەماڵە تالان‌کراو ئاسایشی نەبوو ، بە بێ‌دەرەتانیو دلەخورپێ ، چلۆن مندال پەروەردە دەکرێ ؟! ئەگەربنکەو بنیاتی کومەلایەتیو ئابووریو پەروەردەیی وەك هەموو مالێك کەوتنە بەر پەلامارو تالانو سووتانەوە ، بە کامە ئامرازو لە کامە شوێن‌دا ، ئەندامانی کۆمەڵ فێر بنو فێر بکەنو بەرهەم بێننو چەرخی ژیان وەگەڕ بخەن ؟!

سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر دەرفەتێکیش هەبوو بێ ، کێشەی میرانی کوردو شەڕی هۆزانی ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستان ، مەودای نەداوە ، خۆ لەوەداوە ڕزگار بکەنو ناوەندێکی بەهێز ، دروست بکەنو بناخەی کۆمەڵێکی بەختەوەر دابنێن ! سەد هەنگاوی کوێرانەیان ناو نەیانتوانی بە وردبینیو دوارۆژناسییەوە ، هەنگاوێکی بەکەڵك وڕاستی‌بینانە بنێنو داری سەربەستی بچەقێنن ! نەزانینو خۆ بە زل زانینو یەك‌نەگرتوویی‌و هەلپەرستی ، تووشی مالوێرانیو پرژوبلاوی کردنو لە جیاتی پشت‌بەستن بە یەکتر ، بە دنەی بێگانە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەلاتی ئەو ، لە پشتەوە لە لەشی خۆیاندا ، بە زامی ڕقو ڕقەبەری ، کولی دلی پڕ لە قینی دوژمنیان دەرحەق بە گەلەکەیان ، دامرکاند !

ئەم بێ سەر وبەرەیی‌یەو ئەم پلەو مەقام‌پەرستی‌یەو بەگژیەکا

چوونە بوونە هۆی ئەوە تا نووسینی ئەم دێرانە لەم کوردستانە وێرانەدا ، هێچ بارەگایەکی سەربەستی پێك نەیێ و هـــەتا ئەوەش پیشەمان بێ ، هەر ناشمـــان بێ ! دەگێڕنەوە کـــە شەرەفخـــانی بتلیسی پێشنیـــاری بە سەرکردەکانی کورد کرد کە ناوەندێك دامەزرێنن و ڕێـــگای پێك هێنانی شێوە فدراتیو یان چـــەند حکوومەتی یەکگرتوو بـــگرنە پێش ، بەلام بەفرت و فێلی بێگانەو خاوەن دەسەلاتەکان ، ئەم ئامۆژگاری یە شـــوێنی دانەناو ئەمیرە کوردەکان ، ڕێـــگایان نەگۆڕی !!

## کورد تا دەورەی نادرشا :

با بچینەوە ســەر باســە دلتەزێنەکەی خۆمان • پەیمانی ١٦٣٩ی زایینی نێوان ئێــــران و عوسمانی بە تـــەواوی پێشی بە ئێران نەگرت ، هێرش نەباتە ســەر خەتی زاگرۆس • وەك وتمان عوسمانی یەکان لـــە چاخی سەفەوی یەکان دا ، گشت ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و بەشێك نە قەفقـــازیان داگیرکرد • پەرۆای لــە ئێران نەبووو دەسەلاتی تەواوی بەسەر کوردستان دا پەیدا کردو بەرەبەرە ، ئەمیـــر نشینە کوردەکانی ، لـــەناو برد •

بۆ نموونە ئەحمـــەد پاشــای زاوای سولتان مورادی چوارەم ، پاش داگیر کردنی بەغـدا ، کرا بە والی دیاربەکرو کـــەوتە پیلان گێڕان بۆ لەنێوبردنی ئەمیرە کوردەکـــان • هەر بۆیە لە سالی ١٠٤٨ی کۆچی دا ، بە هێزێـــکەوە هێرشی بردە سەر ئەمیری نمروری و ئامێدی (یوسف خان)و ولاتەکەی داگیر کردو پاش تالان کردن ، خۆیشی لە دیاربەکر ، خستـــە بەندیخانەوە • پاش جەریمەکردن ، ئازادی کرد • لە هەمان ســــالدا ، لەشــکری ناردە ســـەر ئەمیری بتلیس و بە بەرتیل لـــە کۆلی بووەوە !

پاشـان چـووه سـەر سنجارو تاڵانی کردو کوشتارێکی زۆری لێ کردن • لـە ١٠٥٠دا ئەوەشی بە ئەرزڕۆم کرد • لە ١٠٦٦دا مەلیك ئەحمەد پاشـا بوو بە والی وان ، بەسـەر بتلیس‌دا چوون بۆ وان ، پاش ئەوە خزمەتێکی زۆری کـرا ، زۆری پێنەچوو لەشکرێکی گـەورەی کـردە سەر عەبداڵخان ، ئەمیری بتلیس کە بەشێکی زۆری ، لە براکوردەکان بوو !

شارەکەی گرت‌و تاڵانی کرد • ئەولیاچەلەبی ئەڵێ لە ماڵی‌میردا ، بێجگە لـە باری حـەوت حوشتری کتێبی بێوێنە ، چوار هـەزار کتێب لە کتێبخانەی ئەمیردا بوو کـە گشتی دەس‌خەت بوون‌و ١٦ جلـدی دانەرەکەیان عەبداڵخان بوو • بە کورتی ئەم دوژمنـە کوردستانی گەورەی بچووك کردەوەو هێنایە سەر وڵاتی «وان» •

ئەمارەتی بابە لـە سەرەتای چەرخی ١٨دا لە شارەزێڕ ، پێك‌هات • کوردی کوردستانی عێراق لـە ١١٣٢ی کۆچی‌دا ، هەمەدانین کەمارۆ دا وپایتەختیان خستە مەترسی‌یەوە • شاتەهماسب لە ١١٣٥دا هێـزی کوردی بۆ سەندنەوەی ئەسفەهان لە مەحموودی ئەفغان ، نارده مەیدان• والی بەغـدا لە ١١٢٧ لەشکری ناردەسەر عەشایری‌بلباسی کوردو سزای دان ! بەکربەگی بابان کـە خەریك‌بوو کەرکووك داگیربکا ، گیـراو وڵاتی بابان داگیرکرا • وڵاتی سۆرانیش وێرانکرا ، لەشکریش چـووه سەر سنجارو کوشتارێکی زۆری لێ کرا • لە ١١٢٩، کوردی ئێـران بەشی باجەڵانیان داگیرکرد •

بە یارمـەتی خانەپاشای بابان وڵاتی ئاردەڵان خرایە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ! هـەر بەوشێوەیە وڵاتی لوڕستانیش داگیرکرا • ئۆردووی ئەفغانیش دژ بە دوژمنی خۆی لە کورد کەڵکی وەرگرتووه • پاش ئەوه ئەفغانەکان عوسمانی‌یەکانیان تووشی شکست کرد ، ئاشتی کراو هەمەدان،

کرماشان ، ئەردەڵانو لوڕستان ، دران بە حکوومەتی عوسمانی ! لە ١١٤٣دا تەهماسب قوڵی ، کرماشانی زەوت کردو زەهابو خانەقینیشی خستە ژێر پێ • پاشان عوسمانی یەکان لە زەهاوەوە هێرشیان هێناو کرماشانیان گرتەوە • دیسان ئەردەڵان بوو بە لاینگری تورکەکان • لە ١٧٣١ی زایینیدا عوسمانی تەورێزو کرماشانو ئەردەڵانو لۆڕستانی ، دایەوە ئێران • لەم ساڵەدا تەهماسبقولی ، هێرشی بردە سەر عوسمانیو بە توزخورماتوودا ، تێپەڕبووو وێرانو تالانی کردو پەلاماری ژنو منداڵیشیان دا(١) • دەوربەری کەرکوو کیش بەم دەردە برا • کۆیو حەریریش بەم دەردە چوونو ئەمیری کۆیەش کوژرا • لە ١٧٣٣ی زایینیدا ، نادرقولی هێرشی کردە سەر قەفقازو تفلیسی زەوت کرد و شەش هەزار کورد کوژران ! لە هەمان ساڵدا ، کوردو عەرەب پێشیان بە هێرشێکی تری نادر گرت • لە ١١٥١ی کۆچیدا لەشکری ئێران هێرشی کردە سەر مەندەلیو شارەزوور • لە ١١٥٦دا ، دیسان نادرشا بەسەر شارەزووردا ڕووی کردە عێراق تالانی کرد ، کوشتاری زۆری لێ کردن کەرکووکی داگیر کردو دەوروبەری کاولو تالان کرد ! گەلێك لە خەڵك کوژرانلە زێی بچووك پەڕی یەوە ، هەولێریشی داگیر کردو تا مووسڵ بە هەرچی گەیشت وێرانی کرد ! ڕووی کردە جزیرەو خەڵکەکەی بە ژن ومنداڵەوە قەلاچۆ کرد • بەمجۆرە نادرشا ئەوەی خراپە بوو دەرحەق بە کورد کردی • لە ١٧٢٧ی زایینیدا ویستی کوردی خۆراسان بکا بەگژی تورکەمەندا ، بۆی نەچەلیو ڕایگوێستن بۆ مەشهەدو لە ١٧٤٧دا هێرشی بردە سەریانو لە ڕێگادا کوژرا •

پاش نادرشا حکوومەتی کوردی زەند ، پێك هاتو ٤١ ساڵ

---

**(١) دوایین سەربەرزی ئەم پەلامارە لە ١٩٩١دا ، وەبەر موجاهیندینی خەڵکی ئێران کەوت !**

درێژەی هەبوو • ئاغا محەممەدخانی قاجار ستەمی بێ ئەندازەی لە پاشماوەی زەندی یەکان کرد • لە ١١٩٣ك والی مووسڵ ئامێدی تالان کرد • بەڵام کوشتیانو ئەوەی بردبوو ، وەریان گرتەوە • هەرچەند قاجارەکان دژی کورد ، بوون عەشیرەتی شکاك بۆ دامەزراندنی حکوومەتیان یارمەتی زۆریدا(١) •

وەك وتمان حکوومەتی ئەردەڵان لە ٥٩٤ تا ٩٩٩ی کۆچی درێژەی هەبوو خوسرەو ، کلۆڵ ، خزر ئیلیاس ، خزری دووەم ، حوسێن ، بابلول ، مندر ، مەئموونبیگ ، بەگەبیگ ، مەئموونبیگی دووەم ، سورخاببیگ ، بساتبیگ ، تەیموورخان ، لەو ماوەیەداو لە دەورەی یەکەمدا ، حکوومەتیان کردوە •

لە دەورەی دووەمدا ، لە ٩٩٦ تا ١٢١٤ی کۆچی ، حکوومەتیان کردوە کە لە سەرەتاوە هەڵۆخان پاشان خان ئەحمەدخان ، سلێمانخان ، کەلبعەلیخان ، ئەحمەدخان ، خوسرەوخان ، تەیموورخان ، هەروەها هەڵۆخان ، محەمەدخانگورجی ، حەسەن عەلیخان ، حوسێن عەلیخان ، کەیخوسرەوبیگ ، عەبباسقولیخان ، عەلیقولیبیگ ، خانە پاشا ، حوکمڕانی سلێمانیو بابان لە ١١٣٢ تا ١١٣٦ی کۆچی عەلیقولیخان کوری خانەپاشای بابان ، سوبحانوێردیخان ، مستەفاخان ، موجەدەدسوبحان ، ئەحمەدسوڵتان ، سوبحانوێردیخان بۆ جاری سێیەم ئەحمەد سوڵتانخان ، بۆ جاری دووەم ، حاجی مەلاوێردی ، سوبحانوێردیخان ، حەسەنعەلیخان ، سەلیمپاشا ، خوسرەوخان ، دووبارە خوسرەوخان ، لوتفعەلیخان ، حەسەنعەلیخان ، حکوومەتیان کردوە •لە دەورەی سێیەمدا لە وڵاتی بەنیئەردەڵاندا ، لە ١٢١٤ تا

(١)کوردو کوردستان ، پێشوو ٢٠٩ــ١٩٨ •

١٢٨٤ ، حـــكوومەتیان کردوەو لـە سـەرەتاوە ئەمـانوڵاخان ، لەسنە هەڵی‌کووتایەسەر دەسەڵات • بەدوای‌دا خوسرەوخان ، ڕەزاقولیخـان وەزیر مختاری میرزا هیدایەتوڵا ، دووبارە ڕەزاقولیخان ، ئەمانوڵاخانی دووەم (غوڵامشاخـان) ، ڕەزاقولیخانی ئەردەڵان ، خوسرەوخـان ، ئەمانوڵاخانی دووەم ، نەجەفقولیخـان ، ئەمانوڵاخانی دووەم ، دووەم‌جار حکوومەتیان کردوە(١) •

ئەم‌بەشە لـە کوردستان‌و ئەم خانەدانە کوردەش وەك بەشەکـانی‌تر خانەدانەکانی‌تر ، سەبارەت بە ئاوو خـاك‌و نیزیاکی لەگـەڵ یەکتر ، دەس‌کەمێکیان لەوانی‌تر نەبوو • هەرکامەیان ئازاو لێهاتوو بایە ، میـر مرقی لێ پڕدەبوو یان دەیکوشت یان دنەی دەدا پەنا بەرێتە بەر بێگانە و بەدنەی بێگانە سەرزەوی گەل ، پێ‌شێل بـکا !

بۆ نموونە خان‌ئەحمەدخانی کوڕی هەڵۆخان ، بە پەنابردن بـۆ سەفەوی‌یەکـان ، شارەزوورو زەڵم‌و قـەڵای حەسـەن‌ئاواو سنەو دەوروبەری لەژێر دەسەڵاتی باوکی دەرهێناو بوو بە غوڵامی ئاڵقەلەگوێی سوڵتانی سەفەوی ! خۆدی خان‌ئەحمەدخان ، سولێمان‌خانی بن‌ئامۆزای لە لەبەر ئازایەتی‌و مێرخاسی ، پاڵ پێوە نا تا بچێتە لای سەفەوی‌یەکان • لـە کارەساتی شـەڕی ئێران‌و ڕۆم لـە ئێراندا ، چالاکی نواندو خزمـەتی بە شای ئێران کرد • هـەتا خان‌ئەحمەدخان ، مردو سەفەوی‌یەکن لـە چوارچێوەی مەرجەکانی خۆیاندا ، لـە جێی ئەویان دانا • هەر بۆیە بە فەرمانی ئەوان قەڵاکانی زەڵم‌و پاڵەنگانی کاول‌کرد ! و لە ١٠٤٦دا سنەی کردە پایتەختەی خۆی(٢) •

---

(١) توحفەی ناسریە پێشوو ، لاپەڕی ٢٧٤ـ٧٦ •

(٢) **مەستوورەی کوردستانی ، مێژووی ئەردەڵان ، وەرگێڕانی حەسەن جاف‌و شوکر مستەفا ، بەغداد ١٩٨٩ لاپەڕی ٦٦ـ٦٥ •**

بەمجـــۆرە کەلبعەلی کوڕی سلێمان‌خانیش هەر سەفەوی‌یەکان دایاننا • خوســـرەوخنی کوڕی سلێمانخـــان دەرحـــەق بە خەڵکی کوردستان ، ستەمی کـــەیاندە ئەوپەڕی خـــۆی‌و خەڵك پەنای‌بردەبەر سەفەوی‌یەکان ! پاش تێپەڕبوونی چـــەند کارەسات ، شاخوسرەوخنی لــە سێدارە دا • لــە سەردەمی شاحوسێنی سەفەوی‌دا ، سلێمان‌پاشـــای بابان دژ بە ئێـــران‌و ڕۆم لەشـکری پێـــکەوەنا والی بەغـــدا هێرشی هێنایەسەرو پاش تێکهەڵچوونێکی زۆر ، سەقزو هەورامان‌و مەریوانی ، داگیرکردو ئەمیرەکانی کوشتن ! شـــای ئێران‌و شـی‌بابان لە بەرامبـــەر یەکـــدا ، ڕاوەستان‌و ئەردەڵانەکان لـــە شای ئێران پشتیوانیان کـــرد ! قاسم‌سوڵتانی هەورامی بە دنەدانی سەرداری سوپای‌ئێران ، بوو بە هـــۆی کوشتارێـــکی بێ‌ئەژمار لە گەورەپیاوانی سنەو ئەردەڵان‌و لە کەللەسەر مەنارە دروست‌کراو ســـەری خۆدی قاسم‌سوڵتانیش وەك بەیداخ لە سەر مەنارە دانرا • ( با هەر سەربەرز بێ ! ) •

سلێمان پاشا پەنای بردە بەر عوسمانی‌یەکـــان‌و لەلایەن شـــای ئێرانەوە ، حوسێن‌خـــانی لوڕ بوو بە سوپاسالاری لەشکرو خـــاکی شارەزووری پڕکرد لە بێدادگـــەری ! هـــۆزی بڵباسی هـــەڵوەدای کەژوکێوان کرد(١) •

لـــە سەردەمی سوڵتان‌حوسێنی سەوفەوی بـــە دەس ئۆزبەکەر ئەفغانی‌یەکان ، بەشێکی زۆر لـــە ئێران داگیرکراو عوسمانی‌یەکانیش لە بەرئـــەوە لەو میـــراتە بێ‌بەش نەبن ، لە سنوورەکانەوە ، پەل‌وپۆیان هاویشت‌و بەشی خۆیان داگیرکرد • ئەم‌هەنگاوە تا مەراغەی گرتەبەر • پاشاکانی بابان‌و عێراقی عەرەبیش بۆئەوەی بەجێ‌نەمێنێن ، ناوچـــەی

(١) هەر ئەم‌سەر اوە ، لاپەڕی ٧٧ـ٧١ •

ئەردەلان ، کرماشان ، هەمەدانو بروجردو نەهاوەندو گەڕوســـیان ، داگیرکرد !

خـان محەممەدپاشای بابان لـە ساڵی ١١٣٦دا ، ناوچەی ئەردەلانی داگیر کردو بوو بە فەرمانڕەوای • عەبباسقولیخانی ئەڕدەلانیش کوژرا ، پاشـان ئەحمەدپاشا کرماشانی گرت • هەمەدان بە دەس عوسمانی‌یەکان گیراو تالان کراو ژنو منـداڵ بە دیل براو مەلا عەبدولکەریمی قـازی سنە ، لێ وەرگرتنەوە • پاشــان نادرشا هەڵی‌کوتایە سەر عوسمانی‌و کرماشانو سنەو هەمەدانی لێ وەرگرتنەوەو زۆر لە پیاوە بەناوبانگەکانی کوردستان لەو شەڕەدا ، کوژرانو کۆتو زنجیر کران(١) •

ئەم گێرەو کێشە لەو باردۆخەدا ، بەردەوام دەبێ • خان‌ئەحمەدخان بەرەو مووسڵو بەغدا دەڕوا وخۆی دەگەیێنێتە بارەگای عوسمانی،دەستێکی بەسـەردا دێننو لەولاوە نادرشا کەسێکی‌تر لـە جێگای دادەنێ • خـان بە لەشکری خۆی‌و عوسمانی‌یەوە ، لـە ئەرزڕۆمەوە ، بەرەو ئێـــران وەڕێ‌دەکەوێ • پاش شەڕێکی زۆر لە بەغداوە بۆ داگیرکردنی سنە ، وەڕێ‌دەکەوێو پاش‌شەڕو کاول کردنێکی زۆر ، سەرناکەوێو بـەرەو بارەگای ڕۆم ، دەگەڕێتەوەو بۆ هەمیشە کوردستان لە دەستی ئاسـوودە دەبێ • پاش ئەو حکوومەتی‌سنە ئەم‌دەس‌و ئەودەسی کردو ئەوجـــار نادرشا خۆی دیاری‌کرد •

ئـــەم ئەمیر دژی ئەوی‌ترو ئەو بـــە دنەدانی خەڵك دژی ئەم ، ئەبوونە هۆی ماڵوێرانی خۆیانو کاول‌کردنی ناوچە • ئەگـــەر بـە ئاشکرا نەیان‌کردبایە ، بـــە دنەدانی ئەم هۆزو ئەو عەشیرەت ، دارو

---

(١) مێژووی ئەردەلان ، لاپەڕی ٩٠ــ٨٨ •

ئەداری ناوچەیان تالان دەکرد ! لە ١١٦١ عەلی‌خـــان لـــە نەبوونی سوبحانوێردی‌خانی ئەمیری سنە،کەڵکی وەرگرتو بوو بە فەرمانڕەوا، پاشـان بە شـەڕ مەیدانی بێ چۆڵ کرا • دووبارە لە ١١٦٢دا گەیشتەوە فەرمانڕەوایی سنەو سوبحانوێردیش هەڵاتو پاش دە ســـاڵ لــــە هەمەدان مرد • والی ئەردەلان کراوە بەگژ کەریمخانی زەندا • زەندو زەنــگەنە تالان‌کرانو کوشتاری زۆریان لێ کراوە (١١٦٢) • ئەمجـار عەشیرەتو هۆزی زەنگەنەو گۆرانو کەلهوزوهۆزەکانی دەوروبــەری کرماشان ، بە لەشکرێکی‌زۆرەوە بە فەرماندەری ئیمامقولیخانی زەنگەنە، هێرشیان بردە ســـەر ناوچـــەی ئاردەلانو گوندەکانی کاول‌کرانو لەبێلەواردا ، ئازارو ئەشکەنجەدان گەیشتە ئەوپەری خۆیو لەگــەڵ خاکا تێکیانوەردا !

پاش شەڕێــکی قورس لەشـــکری ئەردەلان لـــە بێلەوار ( جێی لەدایك‌بوونی نووسەر) لەشکری ئیمامقولیخانی شکاند • ئەمجار ئەمیری بۆ ناوچەکانی سۆنقور ، کرماشان ، مەلایر ، گوڵپایەگانو بروجـــردو هی‌تر ، دیاری‌کرد • بەمجۆرە کوردی تەفرووناکردو بە دەستی‌خۆی کوردوکوردستانی ، تووشی هەژاری‌کرد ! پاشان ئەردەلان ویستی هێرش بەرێتـە سەر سەلیمپاشای بابانو والی بەغدا • لەشکرکێشی بۆ کـــرد • هەرچەند سەلیمپاشا پیاوانە بە ناردنی کورەکەی بۆ لای میری ئەردەلان رایگەیاند کـە شەڕ بە قازانجی‌نیە ، حەسەن‌عەلیخانی والی ، پەسـندی نەکرد ! لـە مەریوان دوو لەشـــکر بە یەك‌گەیشتنو سەربەنجام ئەردەلانی‌یەکان شکانو سنەو دەوروبەر گیراو تالان‌کراو خـــانیش پێچی‌کردەوە • لەم شەڕەدا ئیبراهیم‌بەگی وەکیل پشتی لە خانی‌ئەردەلان کردو پشتی شکاندو بوو بە پشتیوانی دوژمنەکەی ! پاش ئەوە چـــووە

بێڵەوارو قەڵای بانەکانو ڕوانسەری خستە ژێر دەسەڵاتی خـــۆی •
ئەمجەر لەگـــەڵ زەندو زەنـــگەنەو هۆزەکـــانی کرماشاندا ، هێرشیان بردەوە سەرولاتی ئەردەڵانو بڕیاریاندا داری بەســـەر بەردیەوە نەهێڵن گەورەپیاوانی سنە ویستیان پێش بەو کارە بـــگرنو ئشتیان بەســـەردا بسەپێنن ، بەڵام سیخورەکان نەیانهێشتو سەرئەنجام کەریمخان سنەی داگیرکردو بابانەکانیش لەم نەمەدە گلاوێکیـن دەسکەوت ! خان پاش ئەم کارەساتە ، هـــاتەوە سنە ! پاشان سەلیمپاشای بابان بە ترخێکی هـــەرزان سنەی لە دەست دەرهێنا ! و ناردیە قەڵاچوالانو لە ١١٦٤دا کوشـتی •
پاش ئەوە کەریمخانی زەند جارێکی هەڵیـکوتایە سەر سنـــەو وێرانو کـــاولی کرد(١) •

بە هۆی ئاژاوەی ناوچەییو کێشمەی ئەو ئەمیرو ئەم پاشەی دانراو ، چـــەندو چەندین جـــار میرنشینی ئەردەڵان ، تووشی چارەڕەشی بووە •
جـــارێك بە شـــەڕکردن ، خەڵـــکی زۆری لێ کوژراوەو جـــارێك پارێزەرانی بەرەو ناوچەکانی تر هەڵاتوون • جاریوابووە ، شـــارو شارۆچکەکان ئەمـــارۆ دراونو تووشی هەژاریو سەخڵـــەت بوون •
ئەفغانییەکان زەندیو زەنگەنەییەکان ، بابانەکان ، هێزە جۆراوجۆرەکانی سـەفەویو عوسمانیو هیتر ، لـە هاتووچوو ودوژمنایەتیدا ، ئـــەم ئەمیرنشینەیان داوەتە بەر پەلاماری خۆیان • میرەکانی ئەردەڵان هێرشیان بردۆتە ســـەر هەندەران • جاری وایە شـکاونو جاریوایشە ئەوەیان کردوە کـە دوژمنیـــان بەوانیان کردوە ! لـــە ١١٩١ی کۆچیدا ، محەممەدپاشای بابان بە دنەی والی بەغدا ، هێرشی کردە سەر سنوورەکانی ئێرانو بەمەبەستی داگیرکردنی ولاتی ئەردەڵان ، گەیشتە ناوچەی بانەو

---

(١) مێژووی ئەردەڵان ، پێشوو ، لاپەڕەی ١٢٠ـ٩٠ •

مەریوانو بێڵەوارو شەڕ دەستی پێکرد . میری ئەردەڵانو یارمەتی دەرانی شکاندو هێندێکیان بە دیل گیران . کەریم خانی زەند بۆ وەرگرتنەوەی ئەم ناوچە ، ملی ڕێگای گرتو بابانەکان ناوچەیان چۆڵ کرد . ئێرانو عوسمانی ئاشتییان کردو جارێکی تر کوردستان بوو بە قۆچی قوربانو ئەوانیش ، دەستەوملان بوون .

پاشان بە حیسابی دانو وەرگرتنەوەی کوردستان ، بەم و بەو ، شارەزوور داگیر کراو بەخشرا ! ئەم کۆڕە خانی لێکەوتوو دژ بەو کوڕە خانی سەرکەوتوو ، لای شای ئێرانو عوسمانی ، وە جموجۆڵ دەکەوتنو بەپەنابردن بە ئەمیرەکانی زەندو بابانو ئازەربایجان ، بە نرخی لەدەستدانی نیوە سەربەخۆیی میرنشینەکانو کەرامەتی خۆیان ، تاجی بەناو مەزنییان لە سەر دەنا ! ئەوکات ئەبوونە داردەستو نەیاران چییان بویستایە ، بەوانیان دەکرد ! کێشەی ناوخۆیی ئەم خانو ئەو بەگ لە سەر دەسەڵاتو پاش تێکشکانی ئەم یان ئەویان پەنابردنی لێکەوتوو بۆ پشاو ئەمیرەکان ، ڕووبەڕووکی تری ئەم خووڕەوشتە ڕووخێنەرانەیە . لە ١١٩٩دا کە ناوچەی سنە بەهۆی ئەو کارانەوە وێرانو کاول ببوو ، دووبارە کەوتەوە ژێر هێرشی ئەلاوێردی خانی زەنگەنەو لەناوچەی سونقوری کولیایی ، شەڕێکی سامناک دەستیپێکردو خانی زەنگەنە تێکشکاو خۆیشی کوژراو لەشکری ئەردەڵان خۆی گەیاندە کرماشان . بەمجۆرە ئەم جارە فەرمانڕەوای کرماشان گۆڕاو خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستانیش تووشی ماڵوێرانی بوون . لەم سەردەمەدا ، ئاغامحەممەدخانی قاجار نیشتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی . لە ساڵی ١٢٠٠دا جارێکی تر جەعفەرخانی زەند ، لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ قاجاردا ، بە هێرشی ئەو بۆ باکووری ئێران ،

بێ شەڕ ئەسفەهانی داگیر کردو ئیسماعیل خانی زەند کە گەیشتبووە گەروس ، سەرپێچی لە فەرمانی جەعفەرخان کرد ، بەڵام بڵاوە بە لەشکرەکەی کرا • لەم کاتەدا ، جارێکی تر ڕەشید بەگی وەکیل ، لە لەن خوسرەوخانی ئەردەڵان تێك چوو ، پەنای بردە بارەگای جەعفەرخان و هانی دا ناوچەی ئەردەڵان داگیر بکا ! خۆی بوو بە پێشڕەوی لەشکری خان و لە هەمەدان تێپەڕبووو لە بەهار لەشکری ئەردەڵان بەرەنگاری بوو • لە شەڕێکی گەرمدا ، خانی زەند تووشی شکست بووو بەرەو شیراز هەڵات • زۆربەی سەرکردەکانی فارس و زەند کوژران و بەدیل گیران • ڕەشید بەگیش بەخشرا • لەم کاتەدا ، ئەردەڵان ناوچەی بروجردو فەراهان و گوڵپایگان و بەشێك لە خاکی عێراقی خستەژێر دەسەڵاتی خۆی • بەم پێیە کرماشان و خوزستان و لۆڕستانیش کەوتنە ژێر ڕکێفی، هەوەسی داگیرکردنی ئەسفەهان کەوتەسەری و لەڕێگادا میرزائەحمەدی وەزیر پێشنیاری بە میری ئەردەڵان **،خوسرەوخان** کرد، حکوومەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ و سکە لێداو بەناوی خۆیەوە خوتبە بخوێنێ • خان وتی هەرچەند گشت خاکی ئێران لەژێر دەسەڵاتمان دایە بەڵام داهاتوویش هەیەو خوا حکومەتی کوردستانمان پێ ببەخشێ ، بەسە !! لە ۱۲۰۱دا ، ئیسماعیل خانی زەند ، کرماشانی گەمارۆ دا ، حاکمی کرماشان پەنای بردە بەر خوسرەوخان و چوو تەنبی کردو گەڕایەوە• بەم جۆرە خۆیشی بە بن باڵیدا ڕوانی و گەڕایەوە بۆ جێگای جارانی و ناوچەکانی ئێرانی بە چەند سەردارو خانی تر بەخشی !

هەر لەوساڵەدا خانی قاجار کەڵکەڵەی داگیرکردنی کوردستان کەوتە سەری و بە هێزێکی زۆرەوە خۆی گەیاندە هەمەدان •

داوای کرد خوسرەوخان بچێتەلای ، نەچووو شاری سنەی

بەجێهێشت و لە ١٢٠٤ جەنابی لەسەر جێگا کەوتو ئەحمەدخانی کوڕی بوو بەجێگری و ئێلی بلباسی کە لە تیلەکۆو باشماخ خەریکی ڕاوڕووتبوون ، سەرکوت کرد . بەڵام خان پێکراو مرد . گۆیا خزمان لە پشتەوە پیان کردبوو ! بەم جۆرە شای قاجار لە ساڵی ١٢٠٥دا ، لوتفعەلیخانی کردە ئەمیری کوردستان ! و شا ، حەسەنعەلیخانی کوڕی میری تازەی لای خۆی بە بارمتە ڕاگرت ! لە ١٢٠٦ بە فەرمانی شا ، لەشکری ئەردەڵان چوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی خوزستان ! داگیری کردو نایەژێر دەسەڵاتی شا ! وخۆیشی بە تاڵانێکی زۆرەوە گەڕایەوە ! لەم کاتەدا ئەحمەد سوڵتانی بانەو خانەکانی هەورامان ، دەستیان بە جموجۆڵ کردو لەگەڵ پاشای بابانیش دا پێوەندیان گرت و دەسیان کرد بە ڕاوڕووت و تاڵانی سەرسنوورەکان !

میری ئەردەڵان هەڵیکوتایە سەریان و بانەی بێ دەنگ کردو کاتێک گەیشتە مەریوان ، سەربزێوەکان و خەڵکیش پەنایان بردبووە بەر شارەزوور . ماڵ و سامانیان سووتێندرا ! پاش ئەوە پاشای بابان ئەو ناوچەی کە لە ئەردەڵانی داگیر کردبوو ، بە پەیامی لوتف عەلیخانی زەند، تەسلیمی میری ئەردەڵانی کردەوە . پاشای بابان ، دووبارە ئاڵای دوژمنی هەڵگرتەوەو خانی زەندیش پێشی بە مەڕوماڵاتی شارەزوور گرت ، نەچنە کوێستان و ئەمەش کێشمەیەکی بەدواوە بوو . لە شەڕی جۆراوجۆردا وەك وتمان میرانی ئەردەڵان بە فەرمانی شاکانی ئێران بەشداریان دەکردو خەڵکی **کوردستانیان بە کوشتن دەدا** . لە ١٢١١ چەند کەس لە لێکەوتووەکانی ئەردەڵان ، خۆیان گەیاندە پاشای بابان و داوای یارمەتیان لێکرد بۆ ئەوەی میرنشینی ئەردەڵان داگیر بکەن و بوونە هۆی کۆچی خەڵکی سنە بۆ کرماشان و ماهیدەشت ! لەم پیلانەدا ،

سەرنەکەوتن و پەنایان بردە تاران و چاویان بە فەتح عەلی شا کەوت و ئەسفەندئاوای سنەی پێدان • وەکیل و خانەکانی تری ئەردەڵان لای شا سکاڵایان کرد و گرتیانی و سنەشی دا بە ئەمانوڵاخان !

لە ١٢١٦ حەسەنعەلیخانی بەندکراوی شا ، خۆی گەیاندە عەشیرەی بلباس و بە تەمای حکوومەتی سنە هاتە مەیدان • سەرئەنجام لە دەشتی مەریوانەوە ، لەگەڵ سوپای ئەمانوڵاخان بەرەو ڕوو بوو • ئەو حەسەنە خۆی هاتە مەیدان و چەند سەرداری گەورەی کوشت • بەڵام بریندار بوو و والی بەخشی و گەڕایەوە بۆ تاران و داروودەستەی شا کوشتیان • فەتح عەلی بەگی ئەردەڵان و براکانی چەند جار دژی والی پیلانیان گێڕا تا سەرئەنجام لە میوانییەکدا، لەناکاو کوشتیان • تەنیا برا گەورەکەیانی بەخشی و لە دەرفەتێکدا سلێمانخان برای والی کوشتی •

لە ساڵی ١٢١٩ عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە فەرمانڕەوایی شارەزوور ، وەلانرا ، پەنای بردە بەر فەتح عەلیشای قاجار • شا والی سنەی لە بەر بردنی پاشا بۆ لای ئەو خەڵات کرد • شا لەشکری پێداو والی لە بەغداش هێزی ناردە مەیدان و لە قەسری شیرین پێک گەیشتن • حەمەعەلی میرزای کوردی میری کرماشان و خوزستان و لوڕستان ، لە لایەن شاوە کرا بە فەرماندەری سوپا • ئەمانوڵاخنیش لەگەڵ چەند گەورەیەکی تری کورد ، لە مەریوانەوە هەڵیکوتایە سەر ناوچەی بابان ! لەملاشەوە کوڕەخانەکانی بابان و سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆی و حەریر ، لەشکرێکیان ڕێکخست و لە قەراخ گۆلی زرێبار شەڕ دەستی پێکرد و لەشکری عوسمانی و بابانەکان شکان و چەند گەورە پیاویش بە دیل گیران • بەمجۆرە عەبدوڕەحمان پاشا بە یارمەتی لەو چەشنەو بەنرخی وێرانکردنی چەند ناوچەی کوردستان ، گەیشتەوە بەدەسەڵات !

لە ١٢٢٢دا چەند کوڕە خانی ئەردەڵانی ، دژی ئەمانوڵاخان پیلانێکیان گێڕا • والی پێی‌زانین و بەندی‌کردن • بێجگە لە خان ئەحمەدخان‌و حەمەقولیخان ، ئەوانی‌تری کوشت • لە ١٢٢٥دا پاشای بابان بەغدای گرت • پاشان ویستی تۆڵەی تاڵانی‌شارەزوور لە ئەردەڵان بکاتەوە ، سوپای‌ئێران‌و ئەردەڵان بەرەنگاری بوون‌و لە ناوچەی زەهاوەوە هێرشیان بردەسەری‌و هەڵات‌و پاش دانی ٥٥ هەزار تمەن سزا ، سەری بۆ ئێران دانواند • والی بەغدا هەڵیکوتایە سەر پاشای بابان‌و کوردستان کرایەوە مەیدانی شەڕو پاشا شکاو پەنای‌بردە بەر شازادە حەمەعەلی میرزا لە کرمشان‌و ئەویش کارەساتەکەی بە فەتحعەلی‌شا ڕاگەیاند • بەیارمەتی ئەمانوڵاخانی ئەردەڵان فەرمانی‌دا بەغدا بگرن‌و دەورو بەریشی کوڵ بکەن • بە گەیشتنی لەشکرەکە ، والی‌بەغدا حکومەتی بابانی دایە عەبدوڕەحمان پاشاو نەیوێرا شەڕ بکا • لە ١٢٣٠دا هێندێك لە گەورە پیاوانی **سنە**، دژ بە والی ڕاوەستان‌و چوونە تاران • ئەمانوڵاخان فەتحعەلیشای لە وپیلانە ئاگادارکرد • پیلان سەرنەگرت‌و هێندێکیان چوونە لای میری کرماشان‌و شازادە حەمەعەلی میرزا لەسەر داوای والی چاوی چواریانی هەڵکۆڵی‌و ! ناردیانیەوە لای والی‌و والیش پاش گرتنی ئەوانی‌ترو تاڵانکردنی سامانی گشتیان ، هەموویانی بەندکردە لە ١٢٣٤دا حەمەحەسەنخانی کوڕە گەورەی دژ بە باوکی ڕاپەڕی‌و پەنای‌بردە بەر میری کرماشان‌و گوێی پێنەداو بۆ ڕاوڕووت خۆی گەیاندە لوڕستان‌و عەرەبستان • لە شەڕێکدا کوشتارێکی لە عەرەبەکان کرد • پاشان لە بەر نیشتمانپەروەری ئەو بەزمەشی لە کوردستان نایەوە ! والی هێرشی بردەسەری • حەمەحەسەنخان ویستی هێرش بکاتە سەر سنەو تاڵانی بکا ! نەیکردو لە ماهیدەشت لەگەڵ سوپای‌باوکی ، تووشی شەڕبوو ، زۆر کەڵەمێر کوژران‌و کوڕیش لە خوێنا گەوزاو والی سەری چەند

کەسی لە سەرکردەکانی سوپای کوڕەکەی بڕی • لەولاشەوە لەشکرێکی دژ بە سەربزێوانی بانە خەریکی **شەڕبوو** ، سەرکەوتونا وچەی تالآن کرد ! حەسەنی بە برینداری هێنایە سنەو لەوێ مرد • چەند کەسێکی تر هەر ئەو ئاکارەیان نواندو گیرانو بەندکرانو کوژران •

شای قاجار بۆئەوەی بەئەکجاری میرنشینی ئەردەڵان بخاتە ژێرڕکێفی خۆی ، کچێکی لە خوسرەو کوڕی ئەمانولاخان ، مارەکردو بوو بە جێگری باوکی • غولامشاخانی والی سنە ، لەم کچە بوو • لە بەر ئاژاوەی سەرسنوور کە بەهۆی کۆچەرە جافەکانی ناوچەی بابانەوە پێکهاتبوو،والی بەگژیاندچوو ، سەرشۆڕو تالآنی کردنو خۆی گەیاندە سلێمانیو خەڵکی ئەو ناوچەیش تووشی ماڵ وێرانی بوون : ؛ سولەیمانیش تالآن کرا • لەشکری ئەردەڵان تووشی نەخۆشی بوو و سێ هەزار کەسێکی مردو بەناچار گەڕانەوە • هۆی بنەڕەتی ئەو کێشمە واتا وەڵەدبەگی جاف ، بە دیلی برا بۆ سنەو کوڕەکانی لە قەڵای قەسلان بەندکرد • ئەمانولاخان لە ۱۲٤۰ی کۆچیدا مردوە(۱) •

ئەم شیوە ژیانەو ئەو جۆرە سیاسەتەو ئەو سەرلەبەریو وەرگرتنی سەرەوەریە،بە نرخی وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستانو بێهێزکردنی هێزی ئینسانیو تەڵەبڕی ئەمو ئەو ، وەدەستهاوون ، لە ماوەی سەدان ساڵدا دەرەتانیبۆ گەشەکردنی باری ئابووریو کۆمەلایەتی و نەرهەنگی خەڵکی کوردستان ، نەڕەخساندووەو بێسەرەوبەریو ترس لە داهاتو ، دێشەکی دانیشتوانی ئازاردارە ! هەربۆیە ئێستا دەبینین میراتی سیاسیو فەرهەنگیو ئاوەدانی ولات بێجگە لە شەڕو یەکترکوشتنو خۆفرۆشتن بەم پاشاو بەو پاشاو خۆ فیداکردن لە بۆ

---

(۱) **مێژووی ئەردەڵان ، پێشوو ، لاپەڕی ۱۹۳ – ۱۲۱ •**

بێگانە ، شتێـــکی ئەوتۆ لــە لەئارادا نیـــەو خەڵـکەکەمان لەوپەڕی پاشکەوتوویی‌دایە ! نە کرگـــەو سەنعەتێك‌و نــــە دانشگاو بنکەیەکی گەورەی زانستی‌و نە بناخەیەکی پزیشکی‌و دەرمانی‌و ڕێـگاو بانێك ! بەم پەچەڵەکەی ئەردەڵاندا بچینە خوارو بزانین کوڕەکانیان ئەو شێوە ســـەرکردایەتییەیان قەرەبوو کردوەتـەوە یان درێژەدەری ڕێـــگای باوباپیرانیان بوو !

خوسرەو لە جێگای باوکی دانیشت‌و بوو بە خاوەنی ٢٠ کروور نەختینەی خەزێنەی باوکی کە دیارە پوڵی تاڵان‌و ڕاوڕووت‌و خەڵـــکی هــەژار بووە • چــەند خانزادەش لە خوسرەوخان ڕاپەڕین‌و لە چیاکانی هەورامان لەگــەڵ لەشکری والی تازە ، تووشی شــەڕ بوون‌و لێکەوتوانیان تووشی شکست کردو یەك لــەوان بە ناوی محەممەد سوڵتان پەنای بـــردە شارەزوورو ئەو ناوچـانە لەبەر نیشتمانپەروەری کاول کران ! لـــەم جێـــگەدا هێندێك لـــە بابانەکانیش کەیارمەتی لێکەوتوەکنیان دەدا ، کوژران • خـــانی ئەردەڵان لەبەرخۆشگوزەرانی بە ڕێکوپێك کردنی کارو باری ناوچە ، خۆی خـــەریك نەکردو جاروبارەش خزمەکانی تەنبی دەکرد ! دەرحەق بە براو مامەکانیشی خراپەیەکی زۆری نیشـــاندا • میرزا حەمەخانی برای خوسرەوخان پاش ئەوە دوای مەرگی ئەمانوڵاخان ملکەچی خۆی بە والی تازە ڕاگەیاند ، لـــە ناوچەی جوانڕۆ یاخی بوو ! بەڵام والی فریوی‌دا وسامانەکەی داگیرکردو خستیە کونجی بەندیخانەوەو پاشان کرایەوە بە فەرمانڕەوای جۆوانڕۆ • لـــە ١٢٤٦دا نەخۆشی نزیك نۆهەزار کەسی لەم بەشە لە کوردستاندا کوشت •

بێجگە لەمانە کەین‌و بەین‌و پیلانگێڕان بۆ گەیشتن بە دەســەڵات‌و بەربەرەچ دانەوەو تاڵان‌و تۆڵــە ئەستاندنەوە ، هــەر درێژەی هـــەبوو

پاش گرتن‌و کوشتن یان ڕزگاربوون ، پەنابردن بۆ تاران یان لایەنێکی تر باو بوو !

پاش‌ماوەیەك پەنابەران یان‌دەدرانەوە والی یان ئەگەر شاکان لەگەڵ والی نێوانیان ناخۆش‌بایە ، بە هێزێکی گەورەو بە دەس‌کێشی ئەوان ، کوردستان پێ‌بەست دەکراو ئەمیرێکی‌تر کە بەتەواوی مل‌کەچ بێ ، دادەندرا •

لە **١٢٥٠** خوسرەوخان مردو ڕەزاقولیخانی یازدە ساڵە نیشتە جێگاکەی‌و ئەردەشیر میرزای قاجار لە گەڕووسەوە بۆ داگیرکردنی ئەم مەڵبەندە وەڕێکەوت‌و لە زاغەو ئاق‌بلاغ لەگەڵ لەشکری ئەردەڵان، تووشی یەك بوون‌و لەبەر بێوازی لەشکری میرزا ، داوای ئاشتی کردو بە مارەکردنی کچێکی‌خوسرەوخان گەڕایەوە • قاجارەکان بە ناردنی ئەردەڵانی‌یەکان بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕیوانی لوڕستان ، کرماشان‌و خوزستان‌و جێگاکانی‌تر ، درێژەیان دەداو هەر کوڕی کورد بوو بۆ ساماڵ‌کردنی ناوچەکانی‌تر بۆ شا ، لە خوێن‌دا دەگەوزا ! لە ساڵی **١٢٥١** سادقی کوڕی ئەمانوڵاخان‌و براکەی‌و چەند کەسێکی‌تر ، ڕێبازی پێشمنیانی خۆیان درێژەداو بۆ گەیشتن‌بە دەسەڵات ، چوون بۆ تاران !

پیلان نەیگرت‌و سادق پەنای بردە میری کرماشان‌و لەوێش سەرنەکەوت • لە سەفەری چەند پیاوماقوڵی سنە بۆ تاران کەڵکی وەرگرت‌و چەند کوردێکی‌تری هەڵگرت‌و بە **٢٠٠** سوارەوە بۆ داگیرکردنی ناوچەی ئەردەڵان ، وەڕێکەوت • سوپای ئەردەڵان بۆ بەربەرچدانەوەی ، وەڕێکەوت • ئەوشەوە لە پەمێنانەوە بەرەو گرێزەو لە وێ‌یەوە بەرەو شار ،وەڕێکەوت‌و گەیشتە شارو لەشکری کۆکردەوە•

لەشکری والی وردی نەما • بەڵام حوسەینقولیخنی کوڕی ئەمانوڵاخان سوپای لـــە دڵەخوریێ خستو والی گەڕایەوەو شەڕ گەرم بوو وقەڵا کـــەوتە دەس داگیرکەران • بەڵام حەمەسادقو هاوێڕیانی گیـــرانو هێندێـــکیشیان کوژران •

لە ١٢٥٠دا مەحموودپاشای بابان پشتی لە عوسمانی کردو چووە لای شای ئێران ، سلێمانی برازای بە دنەی عوسمانییەکانو بە دەســـتی ئەحمـــەدشا لـــەوڵاتی بابان ، دەرکرا • مەحموودپاشا لە مەڵبەندی ئەردەڵان ، جێگیرکرا • لە ساڵی ١٢٥٧ لەشکری ئەردەڵان بۆ دانانەوەی مەحموودپاشـــا بەرەو مەڵبەندی بابان وەڕێـــکەوت • لـــەم هەڵمەتەدا عەبدوڵابەگ یەکێك لە سەرکردەکانی بابان ، هێرشی بردە سەر سۆپای دابەشـــکراوی ئەردەڵان • بەهـــۆی خەیانەتی چـــەند سوپاهیو دەسپێشخەری بابانەکان ، سەرئەنجام پاش لەخوێناگەوزانی چـــەند شەڕکەری مەزن ، ئـــەم بەشە لە شکری ئەردەڵان ، شکاو ئەوانیش تووشی بێزرەیی بوونو پاش گەڕانەوە ، شا هێندێك لـــە پیاوماقووڵانی ئەردەڵانی بە فیتی دایـــکی ؤالی لە بەندیخانە توند کردو بـــە سامـــان سزادران ! شا هەرکات بیوستبایە والی لادەبرد ، خەزێنەی تاڵان دەکرد پێی خۆشدەبوو ، دەیکوشت یان دووریدەخستەوەدو دەسبەســـەر ، ڕایدەگرت ! نموونەی ڕاگرتنی ڕەزاقولیخـــان لـــە تاران بوو ، جاریواش بوو بەشێـــکی لـــە میرشینی ئەردەڵان بەمو بەو دەبەخشی ! لـــە بەرئەوە ژنوژنخوازیان هەبوو ، شازادەخانمەکانی قاجار ، میراتی سەیرو سەمەرەیان لـــە ئەردەڵانەکان وەردەگرتو بە جـــارێك پشتی زەحمەتکێشانیان دەچەماندەوە ! چونـــکە لـــە لایەك ئەوان دەیانبردو لـــە لایەکیتر لە خەڵـــکیان وەردەگرتەوە • لـــە گشت ئەم هەڵسوکەوتەدا

دەستەچیلەی ئاوری شەڕ ، جووتیارو زەحمەتکێشی کوردستان بوون ، دووکەڵی ئـــەم شەڕانە بە چـاوی ئەواندا دەچوو . لە ساڵی ١٢٦١دا ئەحمەدپاشای بابان لەدژ دەسەڵاتی ڕۆمو عەجەم ، سەربزێویٚ کرد . ڕۆم والی بەغـدای ڕاسپارد ، سەرکوتی بـکا ، ئەویش بە لەشکرێـکی زۆرەوە لــە پێش‌دا کۆیو حەریری ، داگیرکرد . لــە شـــەڕی ئەمجارەدا دووبەرەکی کــەوتە نێو سوپای ئەحمـــەد پاشاوە . هەر بۆیە شپرزە بوو و هـــەڵات بۆ سلێمانیو لەوی‌یەوە ، بەرەو سنە ! والیش مەڵبەندەکەی گرتو عەوڵای برای پاشـای لــە جێگای ئەو ، دانا . بە پێی دابی جـاران دووبارە پەنابردن بۆ شـــای ئێرانو داواکردنی یارمەتی بۆ کاول‌کردنەوەی هەرێمی بابان ، هانە کایەوە . ئەگەر نێوان ڕۆمو عەجەم خۆش‌بایە ، وەك ئەم جارە یارمەتی نەبوو ، بەڵام ئەگــەر ناخۆش‌بایە ، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی ئەم یان ئەو وڵات ، لــە میرە لێکەوتووەکان ، پشتیوانیان دەکرد . ئەمجارەش پاشای بابان بە پاڕانەوە، ملی ڕێــگای گرت تا دەسەڵاتی ڕۆم بیبەخشێ !

لــە ١٢٦٢ شا ، ئەمانوڵاخانی لەجیاتی ڕەزاقولیخان دیاری‌کردو ڕەزاقولیش بە پیلانو بە یارمــەتی هاودەستانیانو هاوریکای دایکی ، هێرشی بردە ســەر شاری‌سنە ، تا دەسەڵات وەربگرێتەوە . سەرئەنجام دایك شاری بەجێ‌هێشتو عەشیرەکانی دەوروبەر هـــاتن بە دەنـگی والی‌یەوە . لاینگرانی ڕەزاقولیش بەرەو گەرووس باریان کرد . پاش ماوەیەك هێرشیان‌کردە سەر لەیلاخو گوندەکانیان وێرانو تاڵان کرد ! کاربەدەستان هـەڵاتنو کۆچو ماڵوێرانی ، پەرەی‌سەند . بە تۆڵـــەی ئەم‌کارە حاکمی هـــەوشار ، مـاڵو منداڵیانی کۆچدا بۆ هـــەوشار ! ئەمانوڵاخـــانی دووەم لــە قەسڵانەوە گەڕایەوە بۆ سنە . لەکـــاتەدا

کاروباری هەرێمەکە زۆرشێرزە بوو . لە ١٢٩٢دا چووەسەرتەختی دەسەڵات.ڕەزاقولی ، دەستی هەڵنەگرت و سەرسنوورەکانی شێواند ، هەڵی کوتایە سەر ناوچەکە . والی سەرکوت کرد . لە لایەکی ترەوە ئەمانوڵابەگی وەکیل بە سوارەی هەورامان و سوورسوورەوە لەکەوە ، بۆ وەدەست هێنانی فەرمانڕەوایی ناوچە ، هێرشی کردە سەر سنەو گەیشتە قەڵای حەسەن ئاوا . شەڕ دەستی پێکردو هێندێك لەدەستەو تاقمەکەی چوونە پاڵ لەشکری والی و وەکیلیش بێ پشتیوان لە قەڵادا ، مایەوە ، گیراو سزادرا .

لە لایەکی ترەوە کوردەو دەوەستێ ! ئەحمەدپاشای جاف دژ بە دەسەڵاتی کوڕو براکەی لە سلێمانی ، شەڕێکی بێ فرۆشتن . ئەوەی دارو پەردوو لەو مەڵبەندە مابوون ، وێرانی کردو پاش ئەوە تووشی شکست بوو ، لە لەیلاخەوە بەرەو ئەرزڕۆم و ئیستامبوڵ ، ملی ڕێگای گرت ! و ماڵو منداڵیشی بەرەو سلێمانی چوون . خانمی کچی شا و دایکی والی لێکەوتووش ، کرا بە حاکمی ئەسفەن ئاواو هەزارانی هەڵاتووی لە دەوری خۆی کۆ کردەوەو کوندەکانی ئەو ناوچەی بە سەردا ، دابەشکردن و بەم جۆرە چەوسانەوە و تێکدانی بارو دۆخی ژیانی زەحمەتکێشان ، هەر درێژەی هەبوو !

شا جارێکی تر ڕەزاقولیخانی ناردەوە سنەو لە ١٢٦٢دا لە وێ سەقامگیر بوو . لایەنگرانی ئەمانوڵاخان گیران و شازادە توبا خانمیش ملی ڕێگای سنەی گرت و خان گەیشتە ئاوات و سەربڕاو سزای سامانی درا . لەم لاشەوە حوسێن قولیخانی حاکمی ڕەوانسەر لەبەر دادگەری کەوتە بەر ڕقی خەڵك و سامانی تالان کراو پەنای بردە عەبدوڵاپاشای بابان و نەجەف قولیخانی حاکمی جوانڕۆش لەترسان ئەو کارەی کردە

چەند کسێکی تریش لە کاربەدەستانی پێشوو ئەو ڕێگایەیان پێوا : شا ئەسفەندیاری دا بە ئەمانوڵاخان و هەڵاتووەکانی کۆ کردەوە . والی سنەش دەستی لە یارانی ئەمانوڵاخان ، نەپاراست ! بە هۆی سەربزێوی والی تازەو بەڕێوەنەبردنی فەرمانەکانی شا ، شا بڕیاریدا داروپەردووی ئەم بنەماڵە تێکڕووخێنی . هەر بۆیە خوسرەوخانی گورجی بەدزییەوە کردە والی سنە و ئەویش لەگەڵ عەشایری هەوشارو شاسەوەند خۆی گەیاندە سنووری هەرێمی ئەردەڵان و وای نیشاندا ، دەچێتە کرماشان . ڕەزاقولیش لەگەڵ دەوروبەرەکەی بە مەبەستی پەنابردن بە بابانەکان ، شاریان بەجێ هێشت و ناردیانە لای خانی گورجی کە مەبەستی لەم جموجۆڵە چییەو ئەویش وەك زۆر سوێندخۆران بە قورئان ، سوێندی خوارد تەنیا دەمەوێ کاروباری ئەردەڵان ، ڕێك و پێك بکەم . خوسرەوخان چووە لای خانی گۆرجی و ئەویش لە بەندیخانەی هاویشت و داروندەداری خۆی و داروودەستەکەی تاڵان کرد و ئەوەی لە خەڵکی وەرگرتبوو ، بردی و خانی نارد بۆ ئێران . لە بەرئەوە زاوای شا بوو ، نەیکوشت . بەڵام بە تاوانی دەست تێوەردان لە کاروباری کوردستان ، خرایە بەندیخانەو پەتپەتی پێی کرا . لەملاشەوە ژن و منداڵ و حەشیمەتەکەی کە هەزارکەس دەبوون ، کەیشتنە شارەزوورو بەسەر گوندەکاندا ، دابەشکران و زۆریان لە بەشێکیتر لە کوردستان ، کۆچی دوایان کرد[1] .

بەم پێودانەو بەم بەگ و خانەو بەم دۆخە نالەبارەی کوردستانە ، کە شاو وەزیرو والی ، تەنیا لە بیری دەسەڵاتداریەتی ، چەپاو و یەکترفەوتاندندا بوون و قەت دامەزراندنی بنکەو بنیاتی کۆمەڵایەتی و

(١) مێژووی ئەردەڵان ، پێشوو پەڕاوانە لاپەڕی ٢٣٨ـ٢٠٦ .

بەرەوپێش بردنی ژیانی خەڵك بە خەیاڵیاندا نەهاتووە ، چۆن ئەم هەرێمە گەشە بکا ؟!

## میرانی سۆران :

لە میرانی سۆران عیساو عەلیو میرعیسا لەڕەواندوزو هەریر دەسەلاتیان هەبووە • هەروەها پیربوداغ میرحوسێن میرسیدی ، درێژەیان بەم دەسەلاتداری یە داوەو لەگەڵ بابان بە شەڕهاتوون وپیربوداغی بابان کوژراو هەریرو مووسڵو کەرکوکو دەوروپشتیان گرت • میرسیدی تەپڵی سەربەخۆیی لێدا • لە ١٥٤٩ی کۆچی دا ، سوڵتان سلێمانی قانوونی ڕۆم لە تەورێزەوە گەیشتە هەولێرو عزالدینی کوڕی میرسیدی خنکاندو خاکی سۆرانی بە هەولێرەوە ، دا بە حوسێن بەگی داسنی یەزیدی •

میرسەیفەددین کوڕی میرحوسێن ، بە گژ سلێماندا چووو خۆی ڕانەگرتو پەنای بردە هەرێمی ئەردەڵانو گوێی پێنەداو هاتەوە لەگەڵ خەڵکی سۆران کەوتە ڕاوێژو هێزی پێکەوەناو هێرشی بردە سەر هەولێر • میرحوسێن هاتەمەیدانو شەڕێك بەرپا بووو ٥٠٠ کەسی کوردی داسنی ،کوژرانو سامانێکی زۆر کەوتە دەستی میرسەیفەددین و پاش ئەوە ، گشت خاکی سۆرانی گرتەوە • میرحوسێن لە ئیستامبۆڵ خنکێدرا • چەندجار بە سیخوڕو چڵپاو خۆری کوردستانو بە یارمەتی لەشکری عوسمانی یەکان دەهاتنەسەری ، سەرنەدەکەوتنو کوردستانیان وێران دەکرد !

میر هەڵخەڵەتاو چووە ئیستامبۆڵو سوڵتان خنکاندی ! داسنی خاکی سۆرانی گرتەوە • قولی بەگی کوڕێ میرسیدی ، پەنای بردە

شاتەهمـــاسبی ســـەفەوی • ئەویش لـــە شای عوسمانی پاڕایەوەو
خەڵکی سۆرانیان پێدایەوەو کرا بە خاوەندەسەڵاتی سەماوەی بەسرە.!!
پاشـان هەریری پێدایەوە • میربوداغی کوڕی قولی بەگ لــە شەقلاوا
ئالای سەربەخۆیی ، شەکاندەوە ! بەلام لەگەڵ براکانی تووشی شــەڕ
بووو هـــەڵات و چووە ئامێــدی و لە ئاگرێدا مرد • سلێمان بەگ پاش
مردنی براکەی هەریریشی خستە ژێرڕکێفی خۆی وچووە سەر کوردی
زەرزاو ناوەندی زەرزا واتاشنۆی داگیرکرد ! ٥٠٠ زەرزای کوشت و
سەرکردەکانی ناردە هەریرو هێندێکیان پەنایان بردە سولتان موڕادی
عوسمانی • سلێمان چوو ســـەر قزلباش و تالانی کردو کەلێکیشی لێ
کوشتن • چـــەندین دیلیشی بە دیاری ناردبۆ سولتان و بووبە دۆستی
ڕۆمییەکـان ! لـە ٩٩٤ چووە سەر قوبادبەگی دانراوی خـــۆی و
کوشتاری لێ کرد تـا هـەوای سەربزێوی لـە ســەر لابچێ • ناوبراو
تـەپلی سەربەستی لێـداو بە پێی باروودۆخی ئەوکـات زانایانـــی بۆ
فێرکردن هاندا • بە پێچەوانەی زۆرلە میرانی کورد ، باری فەرهەنگی
بەرەوباشی برد • دەڵێن دادگەریش بووە • عــەلی و خنزادی خوشکی
بە دوای ئەودا ، دەسەلاتیان هەبووە • مستەفابەگ بـەوە بە ناوبانـگە
لەگــەڵ لەشکری عوسمانی هــــەمووی بەشداری هێرش بۆ ســـەر
شارەزوورو سنووری ئێران بووەو پیـاوانە کوردی کوشتووە ! لـــە
١٠٣٢ حافزپاشا سەرداری ڕۆم لە کوردستان هێزی کۆکردەوە ، میرانی
کورد یارمەتیان داو سـەردار لـە دیاربەکریشەوە ، هێرشی بردە ســەر
مووســڵ • بوستاپاشا فەرمانڕەوای کەرکوك لـە کوردی شارەزوورو
بابان هێزێـکی کۆ کردەوە • مستەفابەگیش هـاتە **یارمەتی عوسمانی** •
لەشکری کورد لـە بەغدا تووشی شەڕبوو و کوشتارێـکی زۆری لێکرا •
مستەفابەگ کوژرا • چــەند میری تری کورد بە لەشکرێکی زۆرەوە

چوونە بەغدا • ئەمجارەش لە کوردی ڕۆژڕەش ،زۆر کوژراو سوباشی، والی بەغدا لەگەڵ عوسمانی ، ئاشتیی کرد ! پاش ئەم ڕووداوە هەرێمی سۆران تووشی ئاڵۆزی بوو(١) •

کوڕاوکوری میرانی سۆران لە کاتو چاخی جیاوازاو لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا ،دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی سۆراندا هەبووە • جارێك بۆ پتەوکردنی دەسەڵات پەنایان بردوەتە بەر عوسمانی ، شای ئێرانو ڕۆمییەکان یان میرنشینە کوردەکانی ئەرانیش وەك ئەردەڵانییەکان بەگژ یەکدا چوونو هێرشیان بردوەتە سەر ئاوەدانیو ئاوو دانیان لێ بڕیوە • بابان هێرشی بردوەتە سەریانو ناوچەی لێ زەوت کردوون ! قەڵای ڕەواندزیان لێ زەوت کراوەو بە شەڕ داگیریان کردەتەوە •

لە ١٢٠٧دا ئەحمەد لە جێگای میراوغزی باوکی لە ڕەواندر دانیشت • لە ١٢١٥ مردو کوڕەکەی بوو بە جێگری • مستەفابەگی سۆران بەهۆی ئاژاوەگێڕی براکانیەوە نەیتوانی بە باشی فەرمانڕەوایی بکا • لە ١٢٢٠ سلێمانپاشا بە دنەدانی حاکمی کۆیە و هەریر ، هێرشیبردە سەر رەواندزو مستەفابەگ بەناچاری خۆی کەیاندە پاشا • پاشا خزمەتی کردو ڕەواندوزی لێ وەرنەگرت • بەڵام براکانی لە ئاژاوە وازیان نەهێنا • پاشا هەریرو کۆیەی داگیرکردو لەگەڵ ئەورەحمانپاشا لە شەڕدا بوو ، ئەوڕەحمان چوو بۆ سنەو سلێمان ، هێرشیبردە سەر ڕەواندوز ! مانگێك شەڕ درێژەی کێشا • ئەورەحمانپاشا بە هێزەوە گەرایەوە بۆ شارەزوورو سلێمانیش لە

---

(١) مێژووی میرانی سۆران ، حوزنی موکریانی ، هەولێر ، ١٩٦٢ لاپەڕی ١٨ـ٢ •

ترسی ئەو وازی لە ڕەواندز هێنــاو لــە کەمینێکدا ، میری ڕەواندوز زۆرئامرازی لە سوپای بابان وەدسکەوت • براکانی میر چەند جار ماڵو بازاری ڕەواندوزیان تاڵان کردو خەڵکیان ئازاردا ! بەڵام دەسەڵاتیـــان وەچنگ نەکەوتو میرمحەممەدی کوڕی مستەفابەگ ، بوو بە میـــری ڕەواندوز •

لـــە ١٢٥٤ – ١٢٢٩ی کۆچی • میرمحەممەد زۆر زیرەك بوو • بە پەلە خەریکی پێکهێنانی سوپاو دروست کردنی ئامرازی جەنگ بوو • ناوەندی سوپای دروست کردو بە تۆپ تەیاری کرد کە ئێستاش مـاوە • چـەند قەڵاو بورجی پتـەوی دروست کردو کردیە سەربازخانەو سواری لێهاتووی عەشیرەتەکانی بردە لای خۆیو هێزی سـوارەی پێکهێنـــاو پێشی بە دزیو ڕێـگران گرت • هـــەموو کەسی دەدیتو ئاگـــای لە هەڵس و کەوتی خەڵـکی وڵاتەکەی بوو •

لە ١٢٣٠دا میر هێـــرشی بردە ســەر مامەکانی ، تەمرخـانی مامی بەربەرەکانی کـردو کوشتاری زۆریان لە یەکتر کردو لە قەڵای شێتینە مـامو کوڕەکەی گرت و لەڕەواندز خنکاندنی • لەم جەنــگەدا کوڕە کوردێـکی زۆر گیانیان لە دەستدا •

نۆرەی میری ڕۆستو یەحیابەگی مامی هات • سێ جار هێرشی بردە ســـەر ڕۆستو بەتوندی تێشکاو جاری دوایی میری ڕۆست دەســـگیر کراو میر خنکاندنیو لەگەڵ مـامی کەوتنە کورد بەکوشتن دان ! پاش کوشتارێـکی زۆر مـامو کوڕەکەی گیرانو بەندکرانو لە دەرفەتێکدا ، هــەڵاتنو گیرانەوەو کوژران • ساڵی ١٢٣١ میر چووە ســەر برادۆست مەحموودبەگی برادۆست ، بەرەنگاری بوو کە کوشتار زۆر بوو ، خانی برادۆست لەسەر قــەڵای «هەرکیلا» بانـگی لە میر کردو گوتی : خودا

بەردارنیە ئەم خەڵکە لەسەر منو تۆ بکوژرێنو تۆ دەس‌پێشخەری • ئەگەر مەردی با پێکەوە شەڕ بکەین ، هەرکامەمان سەرکەوتین ، خاکو گەڵ بۆ ئەو بێت • میر لە وەڵامدا فەرمانی هێرشی توندتری دا ، مەحموودبەگ گوللەیەکی لە سەرو پێچی میردا و بەرەبەرکانی کرد • لەئاکامدا میر بە تێل قەڵای گرتو ئەوجار هێرشی بردە سەر قەڵای «ساردا و» بۆ مل‌دانواندنی حەسەن‌بەگی برادۆست • لەم‌هێرشەدا ، گەلێك پیاوی ناوداری کورد کوژران ! میروو بەگ پێکەوەهاتنە مەیدان ! میرو بەگو چەند پیاوێکی بەگی کە دەیانویست لە دەرفەتدا بۆ زبردان لە میر کەڵك وەربگرن ، کوشت • ئەم‌جارەش کوردەی بەخۆفێر ، کوردەی کوشتو میر خاکی برادۆستی گرتو لەوێش سوپای دامەزراند • ئەوجار بەرەو مەرگەوەڕو شنۆ ، ملی ڕێگای گرتو گرتنی‌و چوو بۆ لاجانو قەڵای نەلۆسی گرتو خەڵکەکەی قەتڵ‌وبڕ کرد • میر لە خاکی برادۆست ، کانی مس‌و قوڕقوشم‌و شتی دیکەی دوزی‌یەوە • فەرماندەرێکی میر بە ناوی ئەحمەدبەدیری ، لەگەڵ حەسەن بەگی شێروانی شەڕی کردو کوردێکی‌زۆریان بە کوشتن‌دا و فەرماندەر کوژراو لە ئاکامدا ، بەگو بنەماڵەی گیرانو خاکی شێروانیش گیرا !

پاش ئەو کارەساتە هێرشی‌بردە سەر زێبارو میرانی زێبار بە دیل گیرانو زێباریش گیرا ، چونکە میرانی زێبار بەتەمای گەیشتنەوە بە دەسەڵات بوون ، میر کوشتنی • میر لەگەڵ فەتحعەلیشای قاجاردا پەیمانی دۆستی بەستو لەوە بۆ تەیارکردنی دەزگا چەكسازی‌یەکانی ، کەڵکی وەرگرتو داموودەزگای سەربازی‌یەکی تەیاری پێکەوە نا و سکەی لێداو چەكو بەرگی تایبەتی بۆ سەرباز ، تەرخان کردوە • میر لە ئاوەدان‌کردنەوەو دانانی بنکەو بنیاتی کۆمەڵایەتی‌دا ، چالاکی

ته‌واوی نواندو شوێنه‌واری میراته مادی‌یه‌کان ئێستاش له ناوچه‌دا ماوه • پله‌ی سه‌نعه‌ت‌و پیشه‌سازی برده پێش‌و به زازو خاوه‌ن‌پیشه ، ئافه‌ریمی وت • به‌جۆرێك که له ۱۲۳۳دا ، کارخانه‌ی ڕه‌واندوز لووله تۆپی داڕێژراوی که‌وته‌کارو ژماره‌ی گه‌یشته ۲۲۲ ده‌زگا • له ۱۲۳٤ سه‌ربه‌خۆیی ڕاگه‌یاندو په‌یامبه‌ری به سه‌رانسه‌ری کوردستان‌دا نارد ، ته‌بلیغی بۆ بکه‌ن‌و جاڕی‌بۆ بده‌ن‌و له‌گه‌ڵ زۆر له پیاوه گه‌وره‌کانی ده‌وروبه‌ر ، په‌یمانی‌دۆستی به‌ست • له ۱۲۳۸ هه‌ریری که له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی بابان‌دا بوو ، گرت • به دوای ئه‌ودا قه‌ڵای دیره‌ی گرت‌و ده‌ست‌و پێوه‌ندی بابان هه‌ڵاتن‌و قه‌ڵای هه‌ولێریشی داگیرکردو خوێنی نه‌ڕشت ! هێرشی‌کرده سه‌ر دزه‌یی‌و عاره‌بان‌و شکا • جارێکی‌تر به‌ختی‌خۆی تاقی کردوه‌و ئه‌م‌جاره ڕه‌ئیسی عاره‌بان به دیل گیراو عه‌شیره‌ته‌کان ، که‌وتنه ژێر فه‌رمان •

ئه‌وجار له‌گه‌ڵ‌والی که‌رکوك بۆ گرتنی خاکی بابان ، ڕیك‌که‌وتن! و پردێی گرت • له ۱۲٤۳ کۆیه‌ی گرت و قه‌ڵاو کۆشکی تێدا دروست‌کرد • به دوای ئه‌ودا ڕانییه داگیرکرد • عه‌وڵاپاشای بابان له‌به‌ر ئاژاوه‌ی نێوخۆیی ، هه‌رێمی‌بابان ، له سه‌رده‌شت به ته‌مای‌یارمه‌تی میری کرماشان ، دانیشتبوو • پاش ئه‌م گشت گێره‌وکێشه ، ئینجا میر له‌گه‌ڵ شای قاجار په‌یمانی ئاشتی به‌ست‌و به‌ڕه‌سمی له لایه‌ن ئه‌وانه‌وه ، کرا به ئه‌میری ڕه‌واندوز ! داودپاشا که دژی مه‌حموودپاشای بابان بوو ، له به‌ر ئه‌وه میر ئه‌و خاکانه‌ی له‌و داگیرکردبوو ، شادمان بوو و مه‌لای خه‌تی نارد تا پێکه‌وه هاوپه‌یمان بن • مه‌لا که خه‌ڵکی ڕه‌واندوز بوو ، لای میر مایه‌وه • هه‌رکه‌س لێقه‌وماو بایه ، په‌نای ده‌برده به‌ر میر • ئه‌م مه‌لاو ئه‌و خان ده‌چوونه لای‌و ئه‌ویش له‌گه‌ڵ ئه‌وان‌و

لاینگرانیان ، ڕێك‌ده‌كه‌وت سه‌رنجی خه‌ڵكی بادینیو جێگاكانی‌تری بۆ لای خۆی ، ڕاده‌كێشا • بۆنموونه هـــه‌ر به‌م‌شێوه ، ئاماده بوو هێرش بكاته سه‌ر بادینان • له ١٢٢٧ له زێی بادینان په‌ڕی‌یه‌وه‌و كوشتارێـكی زۆری لــه كوردی داسنی‌كرد ! عه‌لی‌به‌گی سه‌ركرده ، مل‌كه‌چی بوو • میر ڕووی‌كرده مووسڵو گونده‌كانی ده‌وروبه‌ری تالان كرد ! پاشـان به‌ره‌و ئامێدی چوو ژه‌نــگارو زاخۆی گرت‌و ئامێدیش ملی دانواند • له ١٢٤٧ ماردینو دیاربه‌كریشی گرت • له‌شكری بۆ ئاگری كێشا ، له‌گه‌ڵ پساغای زێباری‌دا تووشی شــه‌ڕ بوو • گــه‌لێك كه‌ڵه‌مێری كورد لــه هــه‌ردوولا كوژران •

پساغا كوژراو قه‌لای ئاگری داگیركرا • میر زێباریشی ، داگیركرده به‌شه‌ڕو كوشتار ، جزیره‌و قه‌لای «ئه‌رخ»ی گرت • میر به ماڵی تالار مه‌لاو فه‌قێو هــه‌ژارانی به‌خێو ده‌كرد ! میر لــه كوردكوشتن ده‌ســی هه‌ڵنه‌گرت‌و له (حه‌تاره) هێرشی برده‌سه‌ر كوردی داسنی‌و قه‌تڵو بڕی كردن • ئه‌لقۆشیشی بـــه‌و ده‌رده بردو په‌لامـــاری «دیرهۆرمز»ی دا ، ڕه‌هبانه‌كان به وت‌وێژ گیانی خۆیان پاراست•ئه‌وجار چووه سه‌ر مووسڵ، والی له‌ترسا پردی ده‌جلـــه‌ی تێك‌داو خـــۆی خزانده قه‌لاوه • میر ، ده‌وروپشتی مووسڵی تالان كرد • زاخۆو ده‌هۆك‌و ئامێدی ، داگیركردو جزیریشی گرته‌وه • پاشـــان ماردینو نه‌سیبه‌ینی زه‌وت‌كرد • له ئامێدی به هۆی سه‌ربزێوی ، چه‌ند كه‌سێـــكی خنكاندو گه‌ڕایه‌وه مووسڵیشی داگیركرد • دوو هــه‌زاركوردی‌داسنی به‌دیل برد ٥٠٠ كیژو ژنیانی به پیـاوه‌كانی به‌خشی ! داسنی‌یه‌كان به سووتاندنی قه‌لای ژه‌نگارو كوشتنی سی كه‌سێكی سوران ، ورده‌تۆڵه‌یه‌كیان كرده‌وه • به‌لام میر ٧٠٠ كه‌سی لێ به‌دیل گرتنو ژه‌نگاریشی ئه‌ستانده‌وه • عه‌لی به‌گی داسنیشیان كوشت :

هۆی هێندێك لــەو كوشتارە لەداسنی‌یەكان ، كۆنەپەرستی مەلاكان بوو كــە میریان بۆ ئەو كردەوە ، هاندەدا !

زێباری‌یەكان لــە هێرشی میردا بۆ سەر ئاكری ، میریان دایەبەر ڕێپی كوللەو فەرمانی توندكردنی هێرشی دا • بەم جۆرە ئیسماعیل‌بەگی زێباری شــــكا • میر هەلیــــكو نایەسەر لاجانو موكریان • فەتحعەلیشا نایبوسەڵتەنەو خوسرەوخانی والی كوردستانی ناردە سەر سوپای میر ، لە ساڵی ١٢٤٧ لەشكری‌شا لــە مەحمەشە ، تووشی شەڕبوو • لەشــــكری تەورێز شكا•لە ساڵی ١٢٥٠ محەممەدشای قاجار،دەستی ئاشتی بۆ میر درێژكردو لاجانی بەجێ‌هێشت • جارێــكی‌تر كێشمە لەگــــەڵ داسنی‌ن‌و كوشتاری‌فراوان لــەوان‌و وێران كردن ، هــاتە كایەوە ! عوسمانی‌یەكان یارمەتی بیراقــداریان دا ، هێرشیان كردە سەر گوندەكانی كوردستان‌و وێرانیــان كردو حەشیمەتێكی زۆریان كوشت و ئامێدی‌یان گرت • میربۆ سەركوتكردنی تورك پــــەنای بردەبەر شــای‌ئێران • توركەكــــان نووسراوەیەكی ئیسلامیان بۆ مەلای خەتی‌و ئەوانی‌تر ناردو شاپەكی‌میریان پساند • ئەوجار سوپای تورك ڕووی‌كردە كوردستان • شەڕی ســۆران‌و توركدەستی پێكرد • زێبــاری‌و خێڵی ئاكرێ ، خەیانەتیان كــــرد • لەولاشەوە لــە بەغــــداو مووسڵەوە ، هێرش كرایەسەر كوردستان • لــە ئەرزڕۆم‌و سیواس‌و مووش‌و بتلیسەوە قۆڵێكی‌تر هات • لــە دەشتی هــەریر شەڕێــكی خوێناوی كــــرا ، دەرفەتی كاول‌كردنی كوردستان كــەوتە دەست دوژمنەكان ، سیخورو خاین هەلیان بۆ ڕەخسا ! جارێك كورد سەركەوت‌و جارێك سوپای بێ‌ئەژماری تورك•مەلای خەتی دەستی كرد بە پڕوپاگەندە كــە شــەڕ لەگــەڵ سوڵتانی عوسمانی‌دا ، بۆ ئایین‌و تەڵاق‌و باوڕی دینی ، زیانی هــــەیە ! تاقە چەند فەقی لاینگری بوون ! لەگەڵ ئەوەش‌دا ، میر ئازاری پێنەگەیاند !

فەرمانی سوڵتان باسی مێهری ئیسلامو پەیمان لەگەڵ خەلیفەو ڕێبەری ئیسلامو بەڵێن بە دانی فەرمان بۆ دانانی میری سوڵتانی ، تێدا نووسرابوو • پاداشتی دواڕۆژی سزاش بەڵێن درابوو کە شەڕ لەگەڵ سوڵتان نەکرێ • مەلای خەتی ، ڕایگەیاند شەڕ دژی ئایینەو بوو بە مایەی بێهێزبوونی میرو خەڵكو میر خۆیدا بە دەستەوە • ڕەشیدپاشا نزیكبووەوە • نامەی بۆمیرو مەلا نووسی و بە شەرەفو کەرامەتی ! حکوومەتی خۆی سوێندی خوارد کە حکوومەتەکەی پێدەداتەوە • بە فیتی مەلای خەتی میر خۆی ئەسپارد بە ڕەشیدو ئەویش ناردی بۆ ئیستامبۆڵ • بە ڕواڵەت فەرمانی فەرمانڕەوایی پێدرایەوە ! ڕەشید پاشا لە وەدەمەدا مرد • عەلیڕەزا پاشا والی بەغدا بە سوڵتانی ڕاگەیاند ئەگەر میر بگەڕێتەوە ، عێراق لەدەستدەچێ ! میر لەوکاتەدا بەرەو وڵات وەڕێکەوتبوو ، سوڵتان فەرمانی کوشتنی دەرکردو کوشتیان(١) بەمجۆرە نە شای ئێران یارمەتی بە میر کردو نە کۆنەپەرستی نێوخۆ ، مەودای تێکۆشانی دا و نە دوژمنی سەربەستی کورد بەزەیی بە میردا هاتو جارێکیدی بناخەی بنکەو بنیاتی ئابووریو کۆمەلایەتی و سیاسی کوردان ، ڕیشەکێش کراو سەرلەنوێ گەشەکردن جێگای خۆی دا بە تێكڕووخانو بەرەوپاشچوونو ماڵوێرانی ! بێجگە لەوانە برانیهومێ(؟) بە داهاتوو ، بڕستی لە خەڵکی کوردستان بڕی و جارێکی تر دێوەزمەی ژێردەستی ، سواری ملی ئەو گەلە چارەڕەشە بوو

میرئەحمەدی کوڕی لە جێیمیر دانیشت • سلێمانی برای هەوایمیرایەتی کەوتە سەری براکان وەك هەمیشە کوشتارێکی زۆریان لە یەکتر کرد ! پاشئەوە سلێمان سەرنەکەوت ، مەحموودبەگی ئامۆزایان لە

---

(١) مێژووی میرانی سۆران ، پێشوو لاپەڕی ٨٧ ــ ١٨ •

شنۆوە هاتە سەر میرئەحمەد ، ئەویش بەش بەحاڵی خۆی کوردکوژی کرد و شکاو گەڕایەوە ! ئەمجار ئەحمەدپاشای بابان هاتە مەیدان ، مەرگە، ڕانیە ، کۆیەی گرتو خێڵەکانی خۆشناوو پیرانو بێتویتی ، خستە ژێر ڕکێفەوە • پاشای ئاکرەش هەولێری گرت • ئاکرەو زاخۆو دهۆکیش بوو بە هی ئیسماعیل پاشاو ئامێدی مایەوە بۆ ڕەسووڵ پاشا ! سەعید پاشاش بۆ بەشی خۆی ، هێرشی بردە سەر ڕەواندوز • باڵەکیەتیش یارمەتیان داو میریش لە بەرامبەریاندا وەستا • سوپای سەعید زیانی زۆری دیتو شکاو هەڵات • مەحمموودبەگی عوسمانبەگ بە تۆڵەی ڕابردوو ، ڕۆژی هەینی کە میر بۆ نوێژ دەچوو ، بە گوللە لێیداو پاش سێ ڕۆژ مردو گوللەهاوێژو زۆر بەگزادەی تریان ، کوشت !

سلێمانبەگ لە جێی دانیشتو ئەویش لە حەپسدا بوو ، دەستی کرد بە تۆڵە ئەستاندنەوە ! سامانی حکوومەتی هەڵلووشی ! زۆریان پێگوت کاریوانەکا ، گوێی نەدا • لە ئاکامدا سەرهەنگەکان خستیانە بەندیخانەوە • حکوومەتی گەلییان پێکهێنا • دەوری مەلای خەتی نەماو ڕەسووڵبەگ ئامێدی گرتو خستیە ژێر ڕکێفی سەعیدپاشاوە ! پاش ٢٦ مانگ حکوومەتی گەلی ، نەماو ڕەسووڵ پاشا ، گەڕایەوە بۆ ڕەواندوز دەستی کرد بە فەوتاندنی سەرهەنگەکان ! خوشکی دا بە ئەحمەدپاشای بابانو دێرو هەریری وەرگرتەوە • ئەوجار بەتۆڵەی لایەنگری باڵەکیان لە سەعیدپاشا ، بە فێڵ زۆری لێ کوشتنو ناوچەی تالان کردو گوندەکانی سووتاند ! ئەوجار نۆرەی سەلیمخانی سەرچیا هات و شەلەمارەی کرد • میری کۆسەو سەرکردەکانیشیان کوشت • فەرمانداری هەولێریشی تەنبێ کرد • چەند کەسێکی تری کە لەکاتی خۆیدا بە میرانیسۆران خەیانەتیان کردبوو ، کوشتو سزاداو ماڵی زەوتکردن و

تاســالی ١٢٦٧ دەسەڵاتداری کرد • لەوساڵەدا ، تورکەکان ئاکرێو ئامێدیو کەرکووکو هــەولێرو زاخۆو دهۆك کردەسەربازخانە و میریان خــەڵات کردو بەڕەسمی کردیان بە میرو پاشان داوای ٨٠٠٠٠ ریاڵیان لێ کرد • ئەویش بەناچاری بەندەکەی قبــووڵ کرد • بەڵام نەیداو نامق‌پاشا پاش سێ ساڵ ٢٤٠٠٠٠ ریاڵی داواکرد و ئەویش نەیدا • لــە ١٢٧٢ پاشا لەشکری کردە سەر میرو لــە هەریر شەڕ بەرپا بوو • هــەموو خێڵی کــورد لەگەڵ پاشا بوون • میــر خزیە ڕەواندوزەوە ، چونکە لەشکرەکەی نەیتوانیبوو بەربەرەکانی بــکا • میر لــە بەرئەوە خەڵــکی‌شار نەکوژرێو خێڵە کوردەکان کەمترخوێنی کورد بڕێژن ، لەشار دەرکەوت و خەڵك لەگەڵ نامق ڕێك‌کەوتن • چوونە شــارو دامەزگای حکوومەتیان تێــدا دامــەزراند • میرو منداڵەکانی پەنایان بردەبەر شای ئێران و چوونە شنۆ • پاشان چووە بەغدا بوو بە فەرمانداری ئەو شارە • ئەمجار لە ١٢٨١ بوو بە والی «وان» لە ١٢٩٢ بوو بــە والی ئەرزڕۆمو لــە شەڕی ڕووس‌دا بۆتورەکان چالاکی نیشاندا • لە ١٢٩٨ مردو بەمجۆرە کۆتایی بە دەسەڵاتی میرانی سۆران هات(١) •

بــەم شێوە بەهــۆی دەروونیو دەردەوەیی جۆراوجۆرەوە ، بەشێکی‌تر لــە کوردستان هەمیشە گیرۆدەی پیلانو شەڕو مــاڵوێرانی بووە • بە دنەی نەیاران ئەم بەگو ئەو خێڵ ، دژی میرانی کورد پەرمەتی بێــگانەیان داوە ! لە پلەی تۆڵەئەستاندنەوەدا ، کوشتاری بێبەزییانەو سووتاندنو ماڵ وێران‌کردنو تاڵانو بەدیل‌گرتن بە شێوەی ئەو کات و زۆر کونەپەرشتانە ، درێژەی هەبووە !

---

(١) مێژووی میرانی سۆران ، پێشوو لاپەڕی ٩٩_٨٧ • هەروەهــا سەرنجی کوردستانو کوردی دوکتــۆر قاسملو لاپەڕی ٤٥_٤٤ وکوردستانی ئەمین زەکی بەگ لاپەڕی ٢٢٢_٢١٨

شوێنەواری ژیان تووشی نەهاتی هاتووەو بە دەستی خۆیانو بە ملدانواندن بۆ بارو دۆخو بێبیرکردنەوە لە دواڕۆژی زێدو نیشتمان هەستو نیستیان تێکەوە پێچاوە ! لە هەلومەرجی لەوچەشنەدا ، دەرتانی فێرکردنو بارهێنان ، نامێنێو هیچ بنکەو بنیاتێکی کۆمەلایەتی ناتوانی ئەرکی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ . پێوەندی نێوانڕێکخراوەو بنکەوە بنیاتە کۆمەلایەتیو ئایینییەکان ، دەپسێو کۆمەڵ تووشی سەرلێشێواوی دەبێو بێسەرەوبەرەیی ڕوودەکاتە ولات !

ئەوکەسانە کە دەبنە خاوەن کەسایەتیو دەبنە بەرهەمی هەڵسوکەوتی کۆمەڵ ، لە دۆخیوادا زیاتر لە باری شەڕکردنو چالاکی بەڕێوەبردنی سوپاوە ، خۆدەنوێنن . هونەر دەبێتە هونەری خنجەر هەڵکێشانو تۆڵەئەستاندنەوە . زانستو ئەدەبو زمانوهونەری ڕاستەقینە ، وەلا دەندرێنو ئەگەر هەبێ ، پیشەسازی دەچێتە پێش تا بتوانێ ئامرازی مرۆڤکوشتنو خوێنڕشتن ، بەرهەمبێنێ ! کە پێشینەی میراتی فەرهەنگی بە تەقەو لێکدانو وێرانکردن ، ئاسەواری نەماو دۆخی ژیان مەودای دامەزراندنی بنکەو بنیاتی جۆراوجۆری نەدا ، هەوالێك لە گەشەکردنو بەرەوپێشچوون ، نامێنێ . چارەنووسی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی میرانی ئەردەلان ، سورانو بابان بەوجۆرەبوو بەکورتی باسکراو ئاکامەکەشی هەرئەمەیە کە هەیە !

وەك تا ئێستا دەرکەوت ، کورد یەکێکە لە گەلە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەلاتی نزیك . گەلێك کە بەدرێژایی سەدەهاو ئەگەر بەردەوام زۆر دوایش بگەڕینەوە ، بەدرێژایی هەزاران ساڵ سەربەخۆیی تەواوی نەبووە . بێوچان خاکی داگیرکراوە . لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاواوە ، هێرش کراوەتە سەریو ڕەنجی دیوەو سامانی تالان کراوەو گیانی

بەفیرۆ لەدەستداوە ! لەگـەڵ گشت ئەم کوێرەوەرییەشدا ، کەوتووەو هەستاوەتەوەو کۆڵی نەداوەو بەهیوای سەربەستی ژیاوە• بە هۆی دۆخی جۆغرافیایی خاکـەکەیەوە ، لە ژیانی سیـاسی ڕۆژهەڵاتی نێزیکدا ، دەورێکی بەنرخی هەبووە •

بەم جۆرە دۆخی ژیانی سیاسیو باری جۆغرافیایی کوردستـان ، پاڵی بە بابانەکـانەوە ناوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان ، پەنا بۆ وڵاتی ڕۆمەو والی بەغـدا بەرنو هێرشی ئەمیرێکی کورد کـە بە پشتیوانی ئێران کەوتوەتە هەوەسی داگیرکردنی ناوچەکەیان ، بەربەرچ بدەنەوە • ئەردەڵانییەکـان پەنایان بردەتە بەر شـای ئێرانو بـۆ بەربەرچدانەوەی هێرشی بابانەکانو سۆرانو عوسمانی • سۆران بـە پشتیوانی ئێران بەربەرچی هێرشی بابانو ڕۆمەو عوسمانی ، داوەتەوە • فڵانە خێڵو عەشیرەتو بەگو خانو دەسەڵاتداری فڵانە ناوچە ، یارمەتی بە شای ئێران داوە تا خاکی فڵانە ئەمیرنشینی کورد ، بە تورەکە بکێشی ! کورد بکوژێو دەسـەڵاتی کورد بخاتەژێر رکێفی بێگانەوە ! بۆنموونە لە ساڵەکانی ١٧٨٧ ، ١٧٨٨ و ١٧٩٢ والی بەغـدا بۆ سەرکوتکردنی دوژمنی خۆی لـە هێزی کورد کەڵـکی وەرگرت • عەبدوڕەحمان پاشای بابان لەگـەڵ والی بەغـدا ، شەڕی کردوەو خەڵکێکی زۆری بـە کوشتداوە • پەنای بۆ ئێران بردوەو بەلەشکرەوە هاتووەو ناوچـە سنوورییەکانی کوردستانی تاڵان کردوە • عوسمانی مـاردینی خستە سـەر بەغـدا •

تەیمووپاشای کورد گەلێ خزمـەتی بە عوسمانییەکان کرد • تەیموور هێزێکی دروستکردو لە ساڵی١٢٠٦ی کۆچیدا،پاشای عوسمانی لەشکرێکی چـەند هەزاری کـە بەشی زۆری کورد بوو ، نارده سـەری و

خۆی نەگرتو ڕای کرد • عەشیرەتی‌میلی تەنبێ کراو لاینگرانی تەیموور لە سێدارە دران • پاش سێ ساڵ تەیموور خۆی دا بەدەستەوە و بەخشراء ئەیوب بەگی جێگری جێگری تەیموریش ، کەوتە بەر ڕقی عوسمانی‌یەکان • لەشکریان بۆ کێشاو کوردێکی زۆریان کوشتو خستیانە بەندیخانەوە تا مرد • ماردین چەند جار بە شەڕ دەست‌بەدەست بوو وعەشیرەتەکانی دەوروبەریش تاڵانی خۆیان لێ کرد ! مەحموودی نەوەی تەیموور کە ویستی سەروسامانێك بە ناوچە بدا ، عمرپاشای دیاربەکر ، هێرشی کردە سەری‌و گرتی‌و خستیە بەندیخانەوە•لە ۱۲۲۳ کوچی‌دا ، بادینان کەوتە بەر هێرشی تورکان‌و زۆرلە گەورەپیاوانی کوردیان کوشت‌و ئامێدی و قەڵای کانیتریان زەوت **کردو خەڵکێکی** زۆریشیان لەزێدو نیشتمان دوور خستەوە • بێجگە لەوە ، دەسەڵاتدرانی کوردستان ، هەمیشە خەریکی ڕاوڕووتی خەڵك بوون‌و لە ڕقی یەکتر ،ماڵی خەڵکیان بەتاڵان دەبرد • حەمەدەوریش‌پاشا دژ بە سەلیم‌پاشای مووش لە ساڵی ۱۲۴۳ عەشیرەتی سپکی هاندا ، مووشی پێ تاڵان کردن • ئەویش عادلجەوازی تاڵان‌کرد • دەروێش سکەی لێدەداو ئەبووە هۆی قەڵاچۆکردنی ناوچە ، لە ئاکامدا عوسمانی‌یەکان گرتیان‌و کوشتیان •

کۆچی‌ئەم‌هۆز بۆ ئێران لە ئێرانەوە بۆ تورکیەو داواکردنیان‌و شەڕ سازبوون‌و هێرش‌بردنی ئەم وڵات بۆ ئەوی‌تر ، درێژەکێشانی کێشەی خێڵەکان ، بەگ‌و حکوومەتەکان لە خاکی **کوردستاندا** ، ئاسەواری ئاوەدانی نەهێشت • پەنابردنی بابان بۆ شای قاجار ، ئەبووە هۆی دەستێوەردانی عوسمانی ، لە کاروباری ناوچەدا ، پەنابردنی سۆران‌و ئەردەڵان بۆ عوسمانی‌و شای ئێران ، ئەو کارەساتەی دووپات‌و

دەکردەوە • عەبباس میرزا لە ١٢٣٦دا،سنووری خستەژێر هێرشی خۆیو هێندێك ناوچەی کوردستانی بە شەڕ داگیرکرد•بەدوای خێڵی خەیدەرانلودا چـــووو دیاربەکرو بتلیسی زەوتکـردو ناوچـەکەیوێرانکـردو خەڵـکێکی زۆری کوشتو بەدیل گرتو لەلایەکیتریشەوە «ئەرجیش»ی زەوت کرد • بە شـەڕ یان بە ئاشتی گەڕاندنەوەی ئەمهێرانە دەبووە هۆی وێرانیپتری کوردستان • لە ١٢٤٦دا ، شەڕی دووولات ، هەڵگیرسایەوە و بە ئاشتیوبە دابەش کردنی زەهاو لەنێوانیاندا ، کۆتایی پێهات •

چـەند جار بابانەکان بۆ سەربەخۆیی شەڕیانکردوەو جاریوابووە لـە شەڕێکدا ، شکاونو جاریواشبووە ، سەرکەوتوون • وەك شەڕی تێکشکاوی بەکربەگو سەرکەوتووی سلێمانپاشا • عەبدوڕەحمانپاشا چـەند جار شەڕیکردوەو دوو جار بە هۆی ڕێککەوتنی خالیدی برای لەگەڵ والی بەغدادا ، تێکشکاوە (١) !

سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم بەشێکی بە پشتیوانی کوردان بـووە • سەفەوییەکـــان لـە هێـــزی کورد کەڵکی زۆریان وەرگرتووە • عەشیرەتەکانی موکری بناخـــەی بتـەوی سوپای ئێـــران بوون • عوسمانییەکان لـە بەرامبـەر ئێراندا بە زۆربەیی لە سەربازی کورد ، کەڵـــکیان وەرگرتووە • سەرکێشی باشووری عێراق بە هێزی کورد ، دامرکاوە ! شەڕی ١٨٢٨ ، ١٨٧٢ تا ٧٨ی ڕووس و عوسمانی ، کوردی تووشی زیانێکیگەورە کـــرد • ڕووس بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئازایەتی کورد ، هێندێك عەشیرەتی هان دا کۆچیانکرد بۆ ئەو وڵاتەو دوو جار هێزیلە کوردان پێکهێنا ! باسی حکوومەتی عوسمانی لە پێکهێنانی هێز لـە کوردەکان ، هـەر بۆ وتن نابێ • بە شێوەی سوپای حەمیدی ،هێزی

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٢١٨ـ٢٠٩ •

بەرگری و سوپای ڕێکوپێك ، کەڵکی لێ وەرگرتن • بە کز ئەرمەنی یەکاندا ، کران و شەڕی هەندەرانیشی پێکردن • سەرکردەکانی بە ناوی پاشا ناوناو لە هەر ناوچەیەك ، داموو دەزگایەك و پاشایەکی خولقاند • ئەم سوپایانە بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ئەرمەنییەکانیش کەڵکی لێ وەردەگیردراو بە گژ سەرکردەکانی دیکەی کوردیش دا دەچوون ! بۆنموونە لە ساڵی ۱۸۹٤دا لە ناوچەی سامسۆن کوردو ئەرمەنی،بە شەڕهاتن و زیانێکی زۆر لە هەردووك لایەن کەوت • لە ۱۸۹٥دا هەمان شەڕ بە دنەی عوسمانی یەکان لە حەکاری قەوما و تا سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دوژمنی ئەم دوو گەلە بن دەستە ، هەر درێژەی هەبوو(۱) •

وەك ڕووبەڕێکی ڕاستی سامنك لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمدا پاش شەڕێ چاڵدران (۱٥۱٤)ی زایینی ، کوردستان لەنێوان ئێران و عوسمانی دا ، دابەش کرا • لە ڕاستی دا شەڕی بنەماڵەسەفەوی و عوسمانی لەسەر لیفەی مەلانەسرەدین (کوردستان) بوو • بە کۆتایی پێهاتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، دەورەی چوار چوارچێوەی دەرەبەگایەتی وەك دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا ، کۆتایی پێهات • بەڵام باردۆخی ژیانی گەلانی بن دەستی ئیمپراتووری عوسمانی لە باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی ، جۆرێك نەبوو کە نۆی خوازی بێتە مەیدان ، چونکە پێوەندی هۆزایەتی و باری کۆچەری برستی لێ بڕیبوون ! بێجگە لەوە جاری وابوو بە هۆی کێشمەی ناوچەیی یەوە ، چەند عەشیرەت ، بنەبڕ دەبوون و عەشێرەتەکانی تر بە شێوەی جۆراوجۆر ، جێگایان دەگرتنەوە • کۆی چەند هۆز لە ژێر وشەی «عەشیرەت»

(۱) تماشای کوردو کوردستان ، پێشوو لاپەڕی ۲٤۳ـ۲۱۸ بکەن •

نزوده‌برا . لـــه باری جۆغرافیایی‌یه‌وه ، هه‌رێمی ژیانی کورده‌کان لـــه وشوێنانه هه‌ڵکه‌وتبوو : خوارووی ڕۆژهه‌ڵاتی ئیمپراتووری عوسمانی وه‌ك : شاره‌زوور ، هه‌کاری ، مووسڵو دیاربه‌کر . شاره‌زوور یانـــی زۆربه‌ی کوردستانی ئێستای عێـــراق ، پایته‌ختی شـــاری که‌رکووك بوو[1] . لـه کوردستانی تورکیـه وه‌ك دیاربه‌کرو هی‌تر ، نه‌ته‌وه‌ی‌تر وه‌ك ئه‌رمـه‌ن هه‌بوون ، ئه‌گـه‌ر دوژمنی سه‌ربه‌ستی گه‌لانی بن‌ده‌ست وازی‌لێ بهێنایان ، به‌برایه‌تی ده‌ژیان .دیاربه‌کر چوارچه‌قنه‌ی ڕێگای بازرگانی دیمه‌شق ، حـه‌له‌ب ، مووسـڵ ، عه‌ده‌ن ، به‌غدا ، ئه‌رزڕۆم ، ته‌رابزوون‌و ته‌وریز بوو . ئه‌گـه‌ر تالان‌و قه‌تڵو بڕه په‌یتاپه‌یتاکان وازیان لێ‌بهێنابایه ، له باری ئابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و بگره سیاسیشه‌وه ، ده‌بووه ناوه‌ندێـکی گه‌وره‌ی شارستانیه‌تی ڕۆژهه‌ڵاتی نێزیك .

ده‌ســه‌ڵاتی نگریسی سوڵتانیش هه‌میشه مـه‌ودای گه‌شه‌کردنی لێ ئه‌ستاندبوو . هه‌رچه‌ند ئه‌و ده‌سه‌ڵاته له لایه‌ن عوسمانی‌یه‌وه ، به به‌گه کورده‌کان درابوو ، به‌ڵام به هـــۆی دواکـــه‌وتووی‌و داب‌و نـه‌ریتی هـــۆزایه‌تی کۆنه‌په‌رستانه ، زیاتر له خودی حکوومه‌ت ، خه‌ڵـــکیان ئه‌چه‌وساندوه‌و کێشه‌ی ناوخۆییان ساز ده‌کردو پتر تالانیان ئه‌کـردو زۆرتر باج‌و خه‌رجیان وه‌رده‌گرت !!

به هۆی کۆچـه‌ربوونی زۆر له هۆزه‌کان ، سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کان، ناچـار ده‌بوون بۆ وه‌ده‌ست‌هێنانی له‌وه‌ڕگه ،جار جار باج به ئێران بده‌ن‌و ئه‌وانیـــش زۆرجار که‌ڵـکی سیاسییان لـه‌و پێوه‌ندی‌یه وه‌رده‌گرت . له‌ئاکامی دابه‌شکردنی کوردستان ، عه‌شیره‌ته‌کان ، دابه‌ش ده‌بوون‌و هێزی گـه‌وره‌یان تێك‌ده‌شکا .

---

(١) کورده‌کانی ئیمپراتووری‌یه‌تی عوسمانی ، دوکتۆر جه‌لیلی جه‌لیل، وه‌رگێڕانی دوکتۆر قه‌فتان ، به‌غداد ١٩٨٧ ، لاپه‌ڕی ٢٩ــ٢٥ .

بۆ نموونە خێڵی جەلالی پەل‌پەل‌بوو نەوەو هەر بەلەیان لە تورکیە ئێرانو ڕووسیەدا ، دەژیان ∙ هەتا ئەم هۆزە بەهیزبوو ، بۆ دابین‌کردنی پێداویستی‌خۆی ، سنووری دەبڕیو پەروای لە کەس نەبوو ∙ بەداخەوە جیاوازی بیروباوەڕ ، لەنێو خێڵەکاندا ، هەمیشە هۆی دژایەتی ناوخۆیی‌بوو وپێشی بە یەکگرتوویی عەشیرەتەکان ، گرتووە∙ ژیان لە هەرێمە شاخاوی‌یەکاندا دەبووە هۆی دووری لە شارستانی‌یەت∙ چونکە شارستانی‌یەت لە دەشتاییو لێواری ڕووبارەکاندا ، پێک هاتووە∙ لەواندا ، پەرەی‌سەندووە∙هەربۆیە کوردی چیا ، دۆخێکی‌هەژاری بالی بە سەریاندا ، گرتبوو ∙ ئەمەش بۆ خۆی ببووە هۆی هەژاری فەرهەنگی‌و شوێن‌دانەنانی فەرهەنگە نوێ هێنەرەکانی‌تر لە سەر فەرهەنگی سەرەتایی ئەوان ∙ لەڕاستی‌دا هۆی کێشەی ئایینی کوردان زیاتری ئەکەوێتە سەر شانی نەخوێندەواری‌و گەشەنەکردنی فەرهەنگ ∙ تەنیا قازانجی دەمارگیری ئایینی بۆنموونە یەزیدی‌یەکانی سنجار ، ڕاگرتنی هێندێك سەربەخۆیی‌و مل‌دانەنواندن بۆ بێگانەو دەوروپشت بوو(١) هەر بەم‌هۆیەوە کوردەکانی دەرسیم تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ، تا ڕادەیەکی زۆر ، سەربەخۆیی خۆیان پاراست(٢) ∙

کۆچەرەکان زۆرتر نەریتی کۆنیان ، دەپاراستو بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری ساکاری ناوچەی خۆیاندا ، دەسەلاتیان هەبوو ∙ هەر ئەندازە ڕوویان لە ژیانی کشتوکالی ئەکرد ، پشتیان لەباری کۆچەری ئەکردو بەکورتی لە ژێر دەسەلاتی میرە کوردەکاندا ، جمجۆلی کۆمەلایەتی ئەم هۆزانە ، زۆر کەم بوو ، بە سەختی بەرەوپێش دەچوو ∙

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٧_٤٦ ∙
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٩ ∙

ڕاگرتنی پێوەندی عەشیرەتی لـە ڕاستیدا ، پارێزگاری لـــە پچڕانو دەسەڵات بوو • بەگەکانیش خوازیاری ئاڵوگۆڕ نەبوونو شـــاڕی کیشوەرە گەورەکانیش سامانی دانیشتوانی سەرسنووری بە تالان ئەبردو هێمنایەتی ، ڕووی تیشان‌نەددا و لە ترسی گیـــان ، خێڵەکان ئەمدیوو ئەودیویان دەکرد • نەلێرە ماڵو سامانێکو نەلەوێ ڕچەو بانێک !

## کوردو سەردەمی نوێ :

دوکتۆر قاسملو لـە کـوردو کـــوردستان‌دا ، دەنووسێ : پاش شکستی تورکەکان لـە ساڵی ١٦٨٣ ، کوردستان کرا بـــە پادگـــانو سەربازخانە • ئەوجار کوردەکان وەخۆکەوتنو لێرەو لەوێ ڕاپەڕین سەری‌هەڵداو تا سەدەی ١٩ ، درێژەی هـــەبوو • یەك لەوان محمدپاشەی میری ڕەواندوز بوو (بەدرێژە باسی میرمـــان کرد) • میری جزیری لەگـــەڵ تورکەکان بەشەڕهاتو دەسەڵاتی بەشێکی زۆری لە کوردستان بەدەستەوە گرتو لەئەنجامی خەیانەتی خزمێکی‌دا ، بەدیل گیرا •

یەزدان‌شیر ڕاپەڕینێکی زۆر گـــەورەی ڕێك‌خست • دەســـەڵاتی پەرەی‌گرت و دوو ساڵ خۆی گرت • بریتانیـــا بە فریو ڕازی‌کرد ، لەگەڵ‌سوڵتانی عوسمانی ، ڕێك‌بکەوێ • فریوی بەڵێنی پاشای خواردو دەسەڵاتەکەی کۆتایی پێهـــات • شێخی شەمزینان لـە ســـاڵی ١٨٨٠ ڕاپەڕینێـــکی هەڵگیرساند • بە هۆی نفوزی ئایینی عەشیرەتەکـــانی ، یەکگرتوو کردو هـــەموو مەڵبەندی‌نێوان گۆلی وانو ورمێ ، ڕزگـــار کرد • نیـــازی شێخ ئەوە بوو ، میرنشینێکی سەربەخۆ لە وڵاتی‌کوردان، پێك بێنێ • ئێرانو تورکیە لـــەو نیازە گەیشتنو بە پاڵپشت‌دان پێـــکەوە ، ئەو ڕاپەڕینەیان کۆتایی پێهێنا(١) بەمجۆرە وڵاتەکانی بریتانیا ، فەرانسە،

---

(١) کوردستان وکورد ، لاپەڕی ٤٨ـ٤٦ •

ئێران‌و تورکیــەو ڕووسی‌یەی ئێرانی ئەوسەردەمــــە ، هەمیشە بۆ پیلانگێڕان دژی نەتەوەی کورد ، یەکگرتوو بوون •

پێش شــەڕی یەکەمی جیهانی‌و لە ۱۹۰۸دا ، ڕاپەڕینی ســەرۆك عەشیرەتی میللی ئیبراهیم‌پاشای تیماوی ، دەستی پێکرد • بەداخەوە لــە سەرەتادا دەستی کرد بەڕاووڕووت‌و ڕێــگای ماردین‌و دیاربەکــری خستە مەترسی‌یەوە • لەشکری حکومەت هێرشی‌بردە ســەری‌و کرنی و دووری‌خستەوە بــۆ سیواس • ڕای‌کردو کــەڕایەوە وێرانشار و عەشیرەتەکەی بوو بـــە بەشێك لـــە تەشکیلاتی حەمیدی‌یە ! و پلەی میری‌میرانی پێدار ! و بەسەر هۆزە عەرەبەکانی ئـــەو ناوچەدا ، زاڵ بوو • گشت ناوچەی نێـــوان ماردین ، ئورفەو قەرجەداغی ، خستەژێر ڕکێفی خۆی • حکومــــەتی ڕاگەیاندو لە «جبـــل عبدالعزیز»دا ، هێرش‌کرایە سەری‌و کۆتایی بە ڕاپەڕینەکەی هات !

لەوسەردەمەدا عوسمانی ، ناوچەی موکریانی داگیرکرد • ئـــەم بەشـــە هێشتە بەسەر دوو حکوومەتدا ، دابەش نەکرابوو • پاش شەڕی ڕووس‌و ژاپوون ، عوسمانی لــە دەرفەت کەڵــکی وەرگرت‌و بەیارمەتی عەشیرەتە کوردەکان ورمێ ، شنۆو ساباڵاغی داگیرکرد • ڕووسیش وەك هەڕەشــە ، خۆی‌و ورمی داگیرکردو موکریانیشی بـــە عوســــمانی جۆڵکرد • لە ساڵی ۱۹۱۳دا بە هۆی کۆڕێــکی تێکەڵاو لــە بریتانیا ، ڕووس ، تورکیــەو ئێران ، سنووری‌وڵات ، دیاریکرا • پێش کۆتایی پێهاتنی ئەم کــارە ، شــەڕی یەکــەم دەستی پێکرا • لە پێش‌دا هێزێکی گــەورەی کورد لەگــەڵ ســەربازی تورکیە بەشداری شەڕی باڵــکانی کرد • مەلاســــەلیمی بتلیس ڕاپەڕینێکی کورتی کردو سەرکوت‌کراو کـــوژرا •

شەڕی یەکەم ١٩١٤ تا ١٩١٨ کوردستانی تووشی نەهامەتی کرد .

١ – لە سفریەدا هەرچی گەنجو لاو بوو چەکدارکرا . ئەوەی پیربووو منداڵی پێکەیشتووی نەبوو ، دراوێن لێ وەرگرت یان ئوتومبیلو ئێسترو شتیوایان لێ زەوتکرد . لاوەکان نێردران بۆ بەرەکانی شەڕو بەمجۆرە کشتوکاڵو کارو پیشەسازی ، تووشی شپرزەیی بوون .

٢ – زیانی شەڕ دەیان هێزی جۆراجۆر لە کوردان دروستکراو بەشێکی بە شتومەکی خۆیەوە ، خرایە گۆڕەپانی شەڕو چەند جار لە ماوەی شەڕدا بە ماڵو گیان کەلێنەکانی پڕکردەوە ! لە عێراقیشدا لەگەڵ شێخ مەحموود ، کورد بەشداری شەڕی «شعیبە»ی کردو گەلێ زیانی وێکەوت . لەوانەی چوونە جەرگەی شەڕەوە ، زۆر کەمی گەڕایەوە . نزیك سێسەد هەزار کەسێك تیاچوو .

٣ – عوسمانی بە خەیاڵی گرتنی ئێرانو توورانو هیندوستان ، بێجگە لەوە لە بەرامبەر ڕووسدا ، ڕاوەستا ، هێزی سفریەی کە کورد بوو ، ناردە سەر ئێران ، بەشێکی لە هەورامانەوە تا تەورێز بەتایبەت بانەو موکریانیان تالانو وێران کردو کوشتارێکی زۆریشیان لە خەڵك کرد ! حوسێنخانی موکری و حەمەخانی بانەش کوژران . بەشێکی تری لە بتلیسو وانەوە ( واتە کوردستانەوە ) ، بەرەو ئێران ، وەڕێکەوتن . لە دیلماندا هێندێك جموجۆڵیان هەبوو سەرنەکەوتنو بە کاولکردنی کوردستان پاشەکشەیان کرد .

٤ – لە سەرەتای شەڕدا گەلێ چەکداری ئەرمەنی لە پێش ئۆردووی ڕووسەوە ، زیانێکی گەورەی گیانیو ماڵی بە کورد گەیاند .

ئۆردووی تورکیش بە بیانوی جۆراجۆر ، دەستی لێ نەپاراست ! لـــە سەرتای شەڕدا ، حەوت هەزار کورد ، زێدو نیشتمانیان پێ چۆڵ کراو برانە ناوچە ڕۆژئاوای یەکانی ئەنادۆڵو زۆربەیان لە ڕێـگادا بە هۆی جۆراوجۆر ، گیانیان لەدەستدا •

لـــە ســــاڵی سێەمی شەڕدا **(١٩١٧)** ئۆردووی تورك بۆ دابین کردنی خواردەمەنی ، خۆی خەڵـکی ناوچەکانی دیاربەکرو مووش و بتلیسی دەرکرد • هێندێکیان بەرەو مووســڵ ، چوون و ئەوانی تریشیان بەرەو حەڵەب • زۆریان لــە سەرماو لەبەر برسیەتی ، مردن • بــــە تایبەت منداڵەکان گشت مردن ! وایان لێ هات لە کۆڵانەکانی مووسڵدا لاشەی مردوویان ، دەخوارد !

**٥ ـ برسیەتی و نەخۆشی :** برسیەتی بڕستی لە گەلەکەمان بڕی • لەبەرئەوە عوسمانی یەکان سیاسەتی دوورخستنەوەی خەڵك و داگیر کردنی سامـــانیان گرتبووە پێش و خۆشیان هیچیان لەگـەڵ خۆ نەدەهێنا ، پاش تەواوبوونی خواردەمەنی لــە گوندو شارۆچکەکان ، خۆشیان ، تووشی برسیەتی دەبوون بەجۆرێك گیاخواردن بوو بــە باو • بۆ نان یەکتریان ئەکوشت • لە لەشکری **١٨** بەمهۆیەوە لە دوو مانگدا **٩٠٠٠** کـــەس هەڵاتن یان مردن • لەشکری **٦** لەوەش زیاتر • نەخۆشی جۆراوجۆریش بڕستی لێ بڕین و لەشکرەکانیان شپرزە کرد • بەتایبەت لە دیاربەکر • هی خەڵك لەوەش زۆرتر بوو • ناوچەی سلێمانیش لـــەم خێـرە ! بێ بەش نەبوو •

**٦ ـ زیانی کاولکردنەکان :** بەشێك دوژمن بە خەڵـکی ناوچەکانی کرد وەك ئەرزڕۆم ، ئەرزەنجان ، وان ، بتلیس و ڕەواندوز ، زۆر شارو

گوندی وێران کرد • بەتایبەت چەتەکانی ئەرمەن وەك تۆڵە گەلێك گوندیان سووتاندو تالآن کرد •

بەشێك ئۆردووی عوسمانی ئەنجامیدا کە هێندێکی لەبەر دوژمن و زۆریشی لەبەر پێخۆشبوون ! بەگشتی زیانی ڕۆحی نزیکەی نیو میلیون بوو • پاش شەڕ لە سلێمانی نیمچە حکوومەتێکی ناوچەیی ، دامەزرا • دوو جار لەگەڵ بریتانیا تێکچووو کەوتە شەڕەوە و لە ١٩٢٦دا کرا بە پارێزگەیەك سەر بە عێراق(١) •

بەشی زۆری کوردستان ، بەتایبەت کوردستانی عێراق ، بڕابوو بە عوسمانییەکان • پاش شەڕی یەکەم لاوە تورکەکان لەگەڵ لەشکرەکانی وڵاتانی سوێندخۆر ، تووشی شەڕ بوون • سروشتییە لە هێزکۆکردنەوەدا ، لە دەستە چیلەی ئاگری شەڕەکانی ناوچە واتە گەلی کورد ، کەڵکیان وەرگرتو جارێکیتر ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی بێگانە ، خۆێنیان ڕژا • لە ١٩٢٠ی زایینیدا نوینەرانی مەجلیسی تورکیە ، بڕیاریاندا گشت ئەو جێگایانەی بەشی زۆری دانیشتوانی عەرەبن ، دەستیان لێ هەڵبگرن و خۆیان چارەنووسی خۆیان ، دیاری بکەن • چوارچێوەیەکیشیان بۆ کەمایەتییە گەلییەکانی دەوروبەر ، دانا بەڵام ناوێك لە کوردو کوردستانەوە نەبرا !

لە ١٩٢٠دا کۆنگرەیئاشتی سەبارەت بە بارودۆخی تورکیە ، سێ بەندی بۆ کورد خستە نێو پەیماننامەی سێور (Sever) و ئەمەش چەمکی بەندەکانە :

کۆمیسیۆنێك لە ئەستامبوڵ لە سێ ئەندامی وڵاتەکانی بریتانیا ،

---

(١) کوردو کوردستان ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٥١ـ٢٤٣ •

فەرانسەو ئیتالیا ، دابەش‌دەکرێت • لە ماوەی ٦ مانگدا گەلانی خودموختاری ناوچەیی ( Local ) ، ئامادە بکاو ڕۆژهەلاتی فوراتو باشووری ڕۆژئاوای کە پاشان ئەکێشرێت بۆ ئەرمەنستان‌و باکووری سنوورێك کە تورکیە لە سووریەو (مەزو پۆتامیا) ، جیا ئەکاتەوە ، نەتەوەی کوردی تێدا زاڵ بێ • بەندی ٦٣ دەڵێ حکوومەتی عوسمانی لەم کاتەوە بەڵێنی دەدا ، بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە جێبەجێ بکا کە لە بەندی٦٢دا هاتووە • کاکڵەکەشی ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئەگەر خوازیاری جیایی بوون بە ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان ، ڕابگەیەنن‌و وڵاتی تورکیەش هیچ تەگەرەیەك نەخاتە بەر ئەم تێکۆشانەو ئەگەر گەلی کورد ، شیاوی سەربەخۆیی بوون ، پێیان‌بدرێ‌و بە مەیلی کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ ، ئەرانیش بخرێنە سەر ئەم وڵاتە کوردی‌یە سەربەخۆیە • لە ماوەی جێبەجێبوونی ئەم کارەش‌دا کە مایەتی‌یەکان لە هێمنایەتی‌دا بژین‌و دەسدرێژی نەکرێتە سەریان • نوێنەرانی کۆمیسیۆن کە ئێرانیش بەشداریەتی ، سەرژماری بکەن‌و سنوورەکان دیاری‌بکەن‌و خوازیاری‌یەکەش بسەلمێنن •

مستەفا کەماڵ پەیمانەکەی ڕەت‌نەکردەوەو خەریکی دامەزراندنی تورکیەی نوێ بوو(١) •

هەرچەند کوردی بەشخوراو ، لە مەیدانی ژیان‌دا ، شان‌بەشانی تورکەکان لە وڵات پارێزگاریان کردوە ، خوێنیان ڕژاوە ، کوشتوویانە‌و کوژراون‌و لە بواری جۆراوجۆردا تەنگ‌وچەڵەمەی زۆریان هەتۆتەڕێ‌و لە نیشتمانپەروەری‌و پاراستنی تورکیە لە دوژمن ، لە هیچ چەشنە تێکۆشانێك درێخیان نەکردوە ، بە ماڵو چەك‌و هێزو توانای‌خۆیان

(١) یادداشتەکانی ڕەفیق حلمی ، بەشی یەکەم ١٩٨٨ لاپەری ٢٤ــ٧ •

سەرلەپێناو بوونو یارمەتی تورکەکانین داوە ، بەڵام تورکەکان چ لە درێژایی ژیانی ئیمپراتووری عوسمانیداو چ لە پێکهاتنی دەسەڵاتی نوێدا ، ئەو فیداکارییەیان لە بەرچاو نەگرتووە • هەرچەند کورد پێش ئەوەی لەگەڵ تورکدا یەکبگرێ ، لە درێژایی چەرخەکاندا ، لێرەو لەوێ تامی ئازادی چەشتبوو ، واتای ژیانی دەزانیو لە چەمەلی دیلیو کوێرەوەری گەیشتبوو • سەرەڕای ئەمانە نیزیاك بوون ژیییان خۆش‌بوو ژیانی هاوبەشیان هەبێ ، بەڵام تورکی کۆنو تورکی نوێخواز ، کەسیان بۆ ئەم پەسنە ئینسانییە بایەخیان دانەناو بگرە ئەو پەسنانەش بوون بە هۆی‌ئەوە لە بەرچاویاندا سووکتر بنوێنن ! هەر بۆیە تورکەکان زیاتر تێکۆشان چوارچێوەی میرنشینە کوردەکان ، تێك‌بدەنو بیانکەن بەگژ یەکتردا •

بەداخەوە کوردەکان لەو گشت کارەساتەو بەگژیەکدادانە ، ئەزموونیان وەرنەگرت !! بەمجۆرە بە دەستیئەم ئەمیر ، ئەو ئەمیریان ، فەوتاند • زۆر لە سوڵتانەکان ، بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی گەلی کوردە ئەوپەڕی بێویژدانییان نیشاندا • وای‌لێهات لە ١٨٤٨دا ، ئەسەواریك لە میرنشینە کوردەکان لە ئارادا ، نەماو گشت کوردستان ، بێجگە لە بەشی ئێران ، کەوتە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکانەوە • بە سەرهەڵدانی حیزبی «اتحاد وترقی» کار گەیشتە جێگایەك لە خاکی تورکدا ، بێجگە تورك کەسیتر خاوەن مافنەبوو » تێکۆشان ، وڵات لە نەتەوەکانیتر ، پاك‌بکەنەوە ! ئەمجار لە ١٩٠٨وە ، پاش ئەوە ئەندامەکانی ئەم حیزبە گەیشتنە دەسەڵات ، دژایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد ، ئاشکراتر بوو •

حکوومەتی ئینگلیز لەساڵی ١٩١٤وە هێرشی بردە سەر عێراقو لە دوایین ساڵی شەڕدا ، گەیشتە مووسڵ • لەبەر زوڵمو زۆری کاربەدەستانی

عوسمانیو تالانکردنی داهاتی خەڵکی لادێو شار ، خەڵك لێیان بێزار بوون • سروشتیش بەزەیی پیاندا نەهاتو بێبارانی برستی لێ برین • قاتوقڕی هێزی لەبەردا نەهێشتن ! مردنو برسیەتیو ڕووتوقووتی ، چارەیانی ڕەش تر کرد(١) •

لە ئاکامی جموجۆڵو سەرکەوتنی کۆمەڵی یەکیەتیدا ، حکومەتی عەبدولحەمید ، تێکەوە پێچراو کۆمەڵیش پەلوپۆی هاویشتو بەم جۆرە لە ناوچە دوورەکاندا ، لاینگرانیسوڵتان ، لاوازبوون • لە کوردستانیش ئەم کۆمەڵە،لقوپۆپی لێ دروست بووو دژایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحموود ، دەسپێکرد • دووریان خستەوەو بۆ مووسڵ و لەپیلانێکدا شێخ سەعیدو شێخ حەمەدیان کوشت • خەڵکی کوردستان زۆر خەمبار بوون و بە هاتنە مەیدان ، شێخمەحموودیان لە مووسڵ ڕزگارکرد • دەسەلاتی تورك بە ڕواڵەت دڵی شێخیان دایەوەو بردیانەوە بۆ سلێمانی • لە ساڵی ١٩١٨ لەشکری داگیرکەری ئینگلیز کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار ، بوو گەیشتە کەرکوکو کوردو عەرەب شەڕی باشیان لەگەڵ کردنو شێخیش بە هەزار سوارەوە بۆ یارمەتی تورکەکان ، هەڵیکوتایە سەریانو ڕووسەکانی لە سنووری عێراق ، دوورخستەوە • لە شەڕی ڕووسو تورکدا ، دیسان تورکەکان شێخیان ریزکردو بە بیانووی تالان ، چەند دلێری کوردیان کوشت • شێخ سوارەی خۆی هێنایەوە دەوروبەری سلێمانیو هیوایبە تورکەکان نەما • تێکۆشا پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەن بە سلێمانی ، نامەیەکی بۆ سەرکردەکەیان نارد کە بڕیاربدەن بە سەرکردایەتی خۆی حکومەتێکی کورد لە سلێمانیو دەوروبەر بێك بێو ئەوان چاودێری

---

(١) یاد داشتەکان ، پێشوو لاپەڕی ٣٢ـ٢٤ •

بـکەن • پاش گەڕانەوەی لەشکری تورك بۆ کەرکوکو تێگەیشتن لـە ناردنی نامەکە فەرمانی گرتنی شێخ دەدەنو دەیگرن • لە کەرکوك خرایە بەندیخـانەوەو بە مەرگ بڕیاری لـەسەر دراو نەیانوێرا بیکوژنو کردیانە بەرپرسی هێزی بەرگری سلێمانیو پارەو چەکی پێویستیان پێدا •

ئینگلیزەکان پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەسی شەڕ ، کەرکوکو هەولێریان بێ شـەڕ داگیرکردەوە • ئەوجار دەغڵو دانو مەڕومالاتی ئەوناوچـەیان کۆ کردەوەو کۆکراوەی تورکەکانیشیان برد • تورك بە هیوای یارمەتی شێخ پەسنی «نەقیب»ی پێـدا • پاش ئاگربەس ، سلێمانیدرایە دەس شێخ و جـارێ بە ناوی حکوومەتی تورکەوە بوو بە دەسەلاتداری ناوچـە • ئەوجارەیش کـەوتەوە سەر بیری کۆنو ویستی سلێمـانی تەسلیمی ئینگلیزی یەکان بـکا • ئەوان نەهاتنە سلێمانی بەلام بەڵێیان پێدا • ویلسن مەیجەری نارد بۆ سلێمانیو گەیشتە داریکەلی • لەشکری تورك لـە سلێمانی تووشی شپرزەیی بوو و نوێنەری ئینگلیزیش گەیشتە سلێمانی • لـە گۆڕەپانی سەرادا ، مەیجەر شێخی لە لایەن حاکمی گشتی عێراق کە نوێنـەری ئینگلیز بوو ، وەك حوکمداری کوردستان ، دیاری کرد • شێخ خزمـە نزیکەکانی خۆی کرد بە دەسەلاتداری بنکەو بنیاتە سەربازیو کۆمەلایەتی یەکان • مەیجەریش حاکمی سیاسی بوو • شێخ بەهیـوای دەسەلاتی کوردستانی گەورە بوو • بە زۆربەی دەنگ شەریف پاشـا کە لە پاریس دادەنیشتو کوردێکی دڵسۆز بوو ، کرا بە نوێنـەری کوردان لـە کۆنفەرانسی ئاشتیدا ، بەلام کۆڕی نێردراو نەگـەیشتە پاریس • گیروگرفتی شـێخ ، ڕێكنەکەوتنی دارودەستەی دەروێشو خوێندەوارو ئەفسەرە کوردەکـان بوو • شێخ لەگـەڵ ئنگلیسەکان ڕێكنەکەوتو متمانەی پێ نەبوون • هەربۆیە ناکۆکی سەری هەڵـدا !

ویلسن مەیجەرسۆنی ، لە جێگای شێخ دانا • مەیجەر نوئێلیش بۆ ناسینی کوردستان ، چوو بۆ کوردستانی تورکیە(١) •

لە ساڵی **١٩١٨**ی زایینی تورکیە بێ هیچ مەرجێك ، ملی دانواندو ئیمپراتووریعوسمانی بە سەر وڵاتە سوێندخۆرەکاندا ، دابەش کرا • لە **١٩١٦** ڕێككەوتننامەیەك لەنێوان بریتانیاو فەرانسەدا ، پێلهاتبو ، ڕووسی قەیسەریش پەسندی کردو بەم پێییەفەرانسە ، سووریەو لوبنانو کیلیکیاو بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئانادۆڵو ویلایەتی مووسڵ (باکووری عێراق = کوردستان )ی ، پێبڕاو بەناوچەی شین ناوبرا • بریتانیــــ دۆڵی ڕافیدەینو ئوی عــکاو حەیفاو ڕۆژهەڵاتی ئۆردوونی پێیدرا (ناوچەی سوور) ، لــە پاشان بریتانیا ویلایەتی **مووسڵی** لــە فەرانسە وەرگرت • پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر **١٩١٧**و ڕاپەڕینی شەریف حوسین لە حیجــازو سەرهەڵدانی شۆڕشی عەرەبەکــان ، بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان ، کوردەکانیش هەر بۆ ئەم مەبەستە ، **ڕاپەڕین**و لەگەل ئەوەدا باری ئابووریو فەرهەنگیو کۆمــەلایەتی کوردستان ، کــە تێکەلاوێك بوو لــە دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستیو ڕۆشنبیری ، دەرەتانی یەکگرتنی نەئەدا ( وەك وتمان ) پەنایان بردە بەر کۆنفەرانسی ئاشــتی تا لەگــەڵ ئەرمەنییەکان چارەنووسی ئەوانیش دیاری بکرێ • ژەنــڕاڵ شەریفپاشا کــــرا بە نوێنەرو بە ڕواڵەت ئووروپاو ئەمریــکا ، ڕووی خۆشیان نیشان دەدا • ئەوەبوو لــە پەیمانی سێور لە **١٩٢٠**دا ، بەنــدی **٦٢** خۆدمۆختاری بۆ خاکی کوردستان لــە بەرچــاو گرت • بــەندی **٦٣** نیشانیدەدا تورکیە دژ بەو بڕیارە نیــەو بەندی **٦٤** لیپرسین لــە خەلــکی کوردستانو پەسندکردنی خۆدمۆختاری لە لایەن ڕێــکخراوی

---

(١) یادداشت ، پێشوو ، لاپەڕی ٧٣ــ٣٢ •

نێونەتەوەیی یەوە ، دەس نیشان کرد (١) •

باسکرا کە پاش سەرکەوتنی ئەتاتورك و ڕووخانی خەلیفەی عوسمانی لە ١٩٢٢دا و پاش کەڵك وەرگرتنی لە هێزی کورد لە سەرکەوتنەکانی دا ، پشتی تێکردن و ذوی نانە تورکی کێوی و بڕیارەکانی پەیمانەکەی پەسند نەکرد ! تەنیا تورکی کۆنەو نوێ و فەرانسەو بریتانیە نەبوون کە دژ بە مان و سەربەستی کورد ، هەنگاویان هەڵدەگرت ، بەڵکوو بۆ وەی کەم نەهێننەوە ، ئەمریکاش هاتەمەیدان و لە سەرتای سەدەی بیستەمدا دەستی کێشایە کێشەی کوردو کوردستان و لە ماوەی شەڕی یەکەم و دووەمدا نفووزی زۆر بە هێزی بوو • شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیە دوو شۆڕشی بە دوادا هات : شۆڕشی تەوریز ، بنکەی جووڵانەوەی ئەوکاتی ئێران • لە شارەکانی مەهاباد ، سنە ، سەقزو کرماشان ، ئەنجوومەنەکان ، دامەزران • عەشیرەتی شکاك لە دەوروبەری ورمێ دروشمی خودمۆختاری هەڵگرت • کوردەکانی تورکیەش بۆ دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆ دەس بەکار بوون • لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ، کوردەکان بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی بە غەزاوە خەریك بوون و هێزیان بێهێزبوو • تورکەکان سەرەڕای ئەوە ژمارەی کوردیان لە نێوبرد ، حەوت سەدهەزار کە سیان ڕاگواست وەك وتمان ژمارەیکی زۆریان تیاچوو (٢) •

پاش شەڕی یەکەم ، ڕۆژنامەو ڕێکخراوە کوردی یەکان ، خەباتێکی بەربڵاویان دەس پێکرد • یەکەم دروشمیان ، دامەزراندنی

---

(١) القضية الكردية • د•عزيز الحاج ، بەغداد ١٩٨٥ ، لاپەڕی ١٥_١٧ •

(٢) کوردستان و کورد ، پێشوو لاپەڕی ٥٣_٥٠ •

حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد بوو • لەبەرئەوە گەلی کورد پێیوابوو ، خەباتی دژی ئیمپریالیستی تورکیە ، ئەبێتە هۆی ڕزگاری کوردیش ، لەو خەباتەدا ، چالاکانە بەشداری کرد • چالاکی گەیشتە ئەوڕادە کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە مەجلیسی نیشتمانی تورکیەدا ، ٧٢ نوێنەری کورد ، بەشدار بوون •

پاش ئەوە مستەفا کەماڵ لەژێر بڕیارەکانی پەیمانی سێور دەرچوو ، لە ١٩٢٣ پەیمانی «لۆزان» هاتە کایەوەو بەداخەوە باسی کوردی تێدا نەکرا • بەڵام خەبات هەر درێژەی هەبوو • پەلاماری حکوومەتی تازەش هەربەردەوام بوو • لە ١٩٢٥دا ، شێخ سەعید بە مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد ، دەستی دایەڕاپەڕین • ئەم ڕاپەڕینە دامرکاو شێخ و سەرۆکەکانی تر ، شەهید کران • سەربازە تورکەکان ، هێرشیان بردەسەر کوردستان و ١٥٢٠٠ کەسیان کوشت و ٢٠٦ گوندیان وێران کرد • حیزبی خۆیبوون پێك هات و ئیمپریالیستەکان و داشناکە ئەرمەنییەکان ، بەسەریدا زاڵبوون • لە ١٩٣٠ بە سەرکردایەتی ئیحسان نووری پاشا ، شەڕێکی چەکدارانە سازکرا ، پاش بەربەرەکانییەکی سەخت تووشی شکان هات و ١٦٥ گوندو ٦٨١٦ خانوو ڕوخێندران و بەمجۆرە سیاسەتی تواندنەوە درێژەی کێشا •

١٩٣٧ سەیدڕەزا لە دەرسیم ڕاپەڕینێکی گەورەی بەرپا کرد ، سەرلەنوێ هەزاران کەسی تێدا کوژران • کوشتاری زۆر گەورە کرا • زۆر مەڵبەند خاپوور کران و سەدودە کەس لە سەرکردەکانی بە تاوانی چەتەگەری ! شەهید کران(١) •

لەبەر مەترسی لە پەرەسەندنی هەستی ئازادیخوازی کورد ،

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٧٠ـ٥٣ •

پەیمانی سەعدئاباد لـە مانـگی ژوئیە ١٩٣٧ لەنێوان تورکیەو عێــراق‌و ئێران‌و ئەفغانستان ، مۆرکرا • لە ١٩٤٦دا ڕۆژنامــەی «سون‌پوست» نووسی : هیچ کاتێك کەمایەتی کورد ، لە تورکیە نەبووە ! نـە نیشتەجێ نە کۆچەر نە خاوەن‌هـــەستی نەتەوایەتی و نەبێ هـەستی نەتەوایەتی (کوردستان‌و کورد ، لاپەڕی ٧٣ ) •

ڕاپەڕینەکەی شێخ‌مەحموود یش لە ١٩٢٤ پاش شەڕێکی پیـاوانە کۆتایی پێهات • شێخ لە دەربەندی بازیان بەدیل گیرا • دوور خرایـەوە بۆ هیندستان‌و لە ١٩٢٢دا گەڕایەوەو بوو بە پاشای کوردستان • لە ١٩٢٣ هێزی هـەوایی بریتانیا هێرشی‌کردە سەر شاری سلێمانی‌و شێخ شـاری بەجێ‌هێشت • سەرلەنوێ سلێمانی ڕزگار کردەوە • پاش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤەرو بێ‌کەڵك بوونی پەیمانی لۆزان بۆ کوردان ، لە ژوئیەی ١٩٢٤دا دووبارە هێزی بێ‌بەزەیی بریتانیـا ، باڵی ڕەشی بەسەر سلێمانی‌دا کێشا و گرتی‌و شێخ‌بەرەو چیا هەڵکشاو پاش ئەوەی حکوومەتی عێراق پێکهات ، لەگەڵی ڕێك‌کەوت‌و بەم‌جۆرە کوردستانی عێراق لە کوردستانی تورکیە جیابووەوەو بوو بە بەشێك لە عێراق •

لە ١٩٣١دا شێخ خەباتێکی چەکدارانەی‌تری دەس‌پێکرد و شکا • لە ١٩٣٢ ڕاپەڕینی بەرزانیەکان دەستی پێکرد • هێزی هەوایی بریتانیـا ئەو ڕاپەڕینــەی سەرکوت کردو ١٣٦٥ خانوو سوتێندرا • لە ١٩٤٣ مەلا مستەفا بارزانی ڕاپەڕینێکی‌تری دەس‌پێکردو تا ١٩٤٥ درێژەی کێشـــــا پاشان چـــوونە کوردستانی ئێران‌و لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباددا بەشداریان کرد(١) •

بەم‌شێوەو بە هۆی‌ئەم جم‌وجوولانەوە ، کوردستان ســـەدان جار

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو لاپەڕی ٨٦ـ٧٤ •

وێرانکراو بنکەو بنیاتەکانی تێکڕووخێندراو سامانی بە تاڵان چــــوو هەستو نیستی نەمــاو حەشیمەتی قەڵاچۆ کرا • ئاوارەی هـــەندەران بوو لەبرسانمردو لـــە ترسانپەنایبۆ دوژمن بردو ئەویش بەگـــژی بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا کرد ! بە دەستی خۆی زێدو نیشتمانی کاولتر کرد ، ئابڕووی دانیشتوانیبردو بە سەرشۆڕی مرد !

پاش شــەڕی یەکــەم ڕاپەڕینی سمکۆ لــە ناوچەی ورمێ سەری هــەڵدا • لە ١٩٢٥ ــ ١٩٢٠ بەشێکیزۆری لە کوردستانی ئێــران ، ڕزگارکردو لەگەڵ شێخ مەحموودیش پێوەندی گرت•لە١٩٢٥ ڕەزاخانی پەهلەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتو دژ بە کورد ڕاوەستا•پاشچەند شــەڕی سەرکەوتوانە لــە ٢٠ی ژوئیەی ١٩٣٠ لە شنۆ بەناوی وتووێژ ، ناجوامێرانە کوشتیان •

لــە ساڵی ١٩٢٠ ڕاپەڕینێکیتر بە سەرۆکایەتی جەوەرسوڵتان لـــە باشوور لە مەڵبەندی هەمـــەدان ، دژی زۆرداریحکوومەتی ناوەندی ، بەرپا بوو ، بەڵام ئەویش بەتووندی سەرکوتکرا •

پاش شــەڕی یەکــەم سووریە کــە بەشێکبوو لـــە تورکیە ، کەوتە ژێر باڵی فەرانسە•پاش تێکشکانی شێخسەعید ، بوو بە پەنای ئەو کوردانە کە لە تورکیە زێدو نیشتمانیان بەجێهێشتبووو چووبوونە لای کوردەکانی سووریە • تورکیەو سووریە لە ١٩٢٩دا پەیمانێکیان بەستو تورکیە بەشێك لـــە ناوچــەی کوردنشینی سووریەی ، بەجێهێشت • ئـــەو کوردانە هـــەتا ئێستا لـــە هـــەموو مافێك بێ بەش بوون • تەنانەت دەیانەوێ نزیکەیسەد هـــەزارکەسیان لە مافی هـــاونیشتمانی

خەڵکی سووریە، بێبەش بکەن. نابێ زەوی بکڕن و بخوێنن و لە جێگای خۆیان دوور خراونەتەوە(١).

### ئاکام:

بەم شێوە کوردستان و سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکان لە سەردەمی نوێدا، وەك یەزدانشێر ئیحسان نووری، شێخ سەعید، سەیدڕەزاو شێخ مەحموودو سمکۆو کەسانی تر، بە هێزی دوژمن و بە پیلانی بیگانە، تووشی نەهاتی هاتن و نەیانتوانی گرێ بوچکەی کێشەی کوردستان بکەنەوە. کوردستان بە پاشکەوتوویی و چارەڕەشی و نەخوێندەواری مایەوە! ئەگەر ئاشتی و پێكهاتنی دەرفەت بۆ درێژەدان بە ژیانی هاوبەش، ڕێیان نەکەوتە هەرێم و وڵاتێك، برسیەتی و ماڵوێرانی، گرانی و شەڕو تاڵان و ڕەشەکوژی، شەوو ڕۆژ دەرگای پێگرتن، ئەوکات کۆمەڵ تووشی شپرزەیی دەبێ. نەخۆشی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدا، لاڕێی و دەروون پەرێشانی و گوناح و تاوان فراوان دەبێ و پێوەندی یە ئینسانی یە دوولایەنەکان، هەڵدەوشێتەوە. بنکەو بنیاتەکان ئەرکی خۆیان بەجێناگەیەنن و بناخەی کۆمەڵ تێكدەڕووخێ! کە هێمنایەتی نەما دڵەخورپێ جێگای گرتەوە، ترس لە گیان و ماڵ و ناموس و کەرامەتی نەتەوە، سەرتاپای لەشی داگرت، دوژمن بێ بەزەییانە هێرشی هێناو لە ڕەش و سپی، دەستی نەپاراست، باری فەرهەنگی و فێرکردن و فێربوون و پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵ بە تایبەت پەروەردەکردنی بەرەی نوێ و منداڵان، تووشی بێدەرەتانی دەبێ. باوك و دایك ناتوانن چوارچێوە ئەخلاقی و ئاکاری یەکان دەس نیشان بکەن و مەودای سەرپەرشتی منداڵان بەرتەسك دەبێ و ئەوکات دامۆستاو قوتابخانە کە

---

(١) کوردستان و کورد، پێشوو، لاپەڕی ٨٦ــ٩٩.

یەکێکە لە بنکە کۆمەڵایەتییەکان ، ناتوانن دەوری خـــۆیان بـگێڕن .
ئەگــەر لــەم دۆخەدا ، حکوومەتێك هەبێ ، ئەرکە پێێ ئەسپێردراوەکانی،
بە ئەنجام ناگەیێنیٚ‌و بە پێچەوانە بۆ پاراستنی خۆی پێش بە ئەنجامــدانی
ئەرکــە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بنکەو بنیاتەکان دەگرێ . ئەیانخاتە ژێـــر
ڕکێفی خۆی‌و بۆ پارێزگاری‌لە خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ .

ئەگــەر وەك دۆخی‌تائێستای وڵاتی ئێمەش بێ ، ئەوا بنکەو بنیات
ئەگەرهەبن،بە هۆی هێرشی ئەو حکوومەت یان ئەم حکوومەت وێرانن‌و
کێشمەی نێوخۆییش پێــدا دەچێتەوەو پاشماوەو کاولەکانی ، کاولتر دەکا !
بەم‌جۆرە گەشەکردنی کۆمــەڵ ، بەرەوپێش چوونی زانست‌و هونەرو
ڕێك‌و پێك‌کردنی باری کۆمـــەڵایەتی‌و گۆڕانــی بــاری ئابووری‌و
فەرهەنــگی‌و ڕامیاری ، بەرەو قۆناخێکی لەبارترو دەیان شتی لــــەم
چەشنە ، مەیدانیان نابێ‌و کۆمەڵ نە تەنیا ڕاوەستاوە ، بەڵکوو ئەگـــــەر
جم‌وجۆڵیشی هـــەبێ بەرەوپاش‌و بەرەوپاش‌و بەرەو کـــاول‌کردنی
شوێنەواری فەرهەنــگی مــادی‌و سڕینەوەی فەرهەنــگی مەعنــەوی‌یە !
خــاوەن هونەرەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ، تووشی چارەڕەشی دەبن‌و
دەکوژرێن‌و دوور دەخرێنەوە . کۆڕی هونەری بڵاو دەبێتەوە ، زاناکان
لــەم بــگرەوبەردەدا ، تووشی دەیان کوێرەوەری دەبن . دەکوژرێن ،
دووردەخرێنەوە ، زێدو نیشتمان بەجێ‌دێڵن‌و لەباری هەرەباش‌دا ، شەڕو
کێشــــەو دەمارگیری‌و تاڵان‌و سووتاندن ، ئاسەوارێك لـــە دەس‌کردو
شوێنەوارە زانستی‌یەکانیان ناهێڵن . بەهۆی ئەم دۆخە ، خوڵقێندراوەکانی
هەندەران ، یان ناگــەنە وڵات یان ئەگــەر بێن ، ئامرازی جەنگ‌و مەرگ
خولقێنن نەك‌گیان‌و ژیان‌بەخش ! زانست‌و هونەرو فەرهەنگ ڕووناکەنە
وڵات‌و ڕاگوێستنی باری‌فەرهەنــگی ، جێــــی خۆی دەدا بە لاوازبوونی

فەرهەنــگی هــەبوو ! فەرهەنگ گەشە ناکاو لق وپۆپ دەرناکا ! کۆڕو کۆمــەڵو کۆیە فەرهەنگی یەکن ، نامێنن و دەرەتانیان نیە سەرلەنوێ پێك بێنەوە • فەرهەنــگی نەتەوایەتی و داب ونەریت و خووڕەشت و هــونەری گەل،تووشی بێ سەرەوبەرەیی دەبن و فەرهەنگی گەلی خاوەن دەسەڵات ، بە زۆرەملی بناخەی خۆی دادەکوتی ! ترس لە گیان و بۆ گەیشتن بــە نان ، مل بە مرۆڤی خاوەن فەرهەنگ دادەنوێنی و ئەیخاتە ژێر دەسەڵاتی دوژمنەوە • ئەگــەر زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ نەخوێندەوار بوون کــە لەنیشتمانی ئێمەدا وایە ، بەرەبەرە خووگرتن بە فەرهەنگ و نان و خوانی فەرهەنــگی بێــگانە ، دەبێتەوە باو ! ڕووناکبیرانیش بــێ لەباربوونی هەل ومەرج ، موعجیزەیان پێ ناکرێ و تا پێشهاتنی دەرەتانی نوێ خـــۆ مـــات دەکــەن •

لەم خاکەدا ، تا دەرەتانی نوێ هاتووەتە پێش و دەرفەتیان خولقاندوە، کارەساتی وا هــاتووەتە مــەیدان کــە دەرفەتەکە بێ کەڵك ماوەتەوە یان بووە بە هۆی دەروون پەرێشانی و دەروون شپرزەیی و لەدەس دانی ماڵ و گیــان و گوندو شــارو شارستانی یەتی بەجێ ماو ! دەوری سەرەکی لــە لەدەستدانی دەرفەتەکان و پێك هێنانی زەمینەی شکست بۆ شۆڕشگێران ، لە سەر شانی ، کێشەی نێوخۆیی و دەمارگیری عەشیرەتی و شەڕ لەســەر دەسەڵاتی بەرتەسك و خۆبەزل زانین بووە ! ئەم دەردە گرانە کــە باری دڵانەو هۆی لاوازی و نەمــانە ، ئێستاش هەرلەم زەمانە ، لەمبــەری سەرکەوتنمانە !

ڕابوردووانمان،دەرەتانیان بۆ ڕەخساوە و مەیدانیان بۆ نەقشاوە ، بــەڵام بۆیان نەلواوە یان لــە بەر ئــەو دەردە ، دەرمان نەکراوە ، هیچیان پێ نەکراوە و مۆریان لەسەر بەڵــگەی چۆن و بوونمان دانەناوە •

بەرەی نوێش تائێستا هیچی بێنەکراوەو لەو دەردە ، ڕزگار نەکراوەو وەك خۆی ماوە ! سەرەڕای ئـــەم دۆخە ، شۆڕشـگێڕانمان بۆ ئازادی فیداکاریان کـردوەو خوێنیـن داوەو خوێنیان ڕژاوە • وەك ئاگادارن ، زۆر لـە خەڵـکی کوردستان لـە کوردستانی تورکیەدا دەژین • لـە کاتی لاوازی سوڵتانو سەرهەڵدانی جموجۆڵی لاوە تورکەکان و شکانی لەشـکری یونان ورزگاربوون لـە لەشکری سوێندخۆرەکان ، کوردستان ١٨ ویلایەت بوو • وەك : ماردین ئورفە ، دیاربەکر ، سیرەت ، هەکاری وان مەلاتیە بینگۆڵ ، بتلیس ، دەرسیم ئەرزڕۆم ، ئەنتەب ، ئەرزنجان ، ئاگری ، مووش و هی‌تر • لـە هێندێك لـە ویلایەتەکانی وەك سیواس و ئادیەمـان ، زۆربەی دانیشتوانیان کوردن • پاش کەیشتنی لاوە تورکەکان بە دەسەلات ، زۆربەی سەرکردە کوردەکانیان ، کوشتو ڕێـــگای سوڵتانەکانیان درێژە دا • ستەمی بێئەندازەی دەسەلاتدارانی تـورك ، سەبارەت بە گـەلی کورد ، زۆر جـار بووە هۆی ئەوە سەرکردەکانی کورد ، پەنایان بە ڕووسی‌یەو ئینگلیز ، دەبرد کە بەڵـکوو یارمەتییـــن بدەن کێشەی کوردستان چارەسەر بکەن !

نموونەی سەیدتەهای نەهری و شێخ‌مەحموودە کە یەکەمین لەگەڵ ڕووس و پاشان لەگەڵ بریتانیا بۆ ئەو مەبەستە پێوەندی گرتو دووەمیان لەگەڵ بریتانیاو هیچ سەرکردەیەکیش سەرنەکەوت ! بنەماڵەی بەدرخان کـە لـە کوردەکانی سووریە بوون و بەدرخان ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی لـە نیوەی دووەمی چـەرخی ١٩دا بەرپاکرد ، لەگەڵ ئوروپاییەکان پێوەندیان هەبووە بەتایبەت لەگەڵ ڕووس و بریتانیا • ئەوانیش تەنیـا بۆ مەبەستەکانی خۆیان ، کەڵکیان لە هێـــزی بەدرخـان وەرگرتو وەك ئەوانی‌تر هیچیان بۆی نەکرد(١) •

(١) القضية الكردية ، پێشوو لاپەڕی ٢٢ــ١٧ •

لـه کارەساتی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران له ۱۹۲٥دا دەرکەوت کـــە ئێرانو سووریەو تورکیە لـە هەمان کاتدا کە دۆست نەبوون ، بۆ سەرکوتکردنی گـەلی کورد ، یەکگرتوون • لـەبەر هۆیەك ڕاپەڕینـە کەی شێخ زووتر لـە کاتیدیاربکراو ، دەستی پێکردو لە شکری تورك هێرشی کردەسەری‌و شکاندی‌و بەرەو ئورفـەو سیورك‌و دیاربەکر ، ملی ڕێـگای گرت‌و باشووری شـاری دیاربەکری ، داگیرکرد • لەشـکری تورکیـەی خستە تەنـگانەوە • هێزێـکی تازەی تورکیە بە تـــەتار (شەمەندەفەر) لە سووریەوە هـاتە ســەریان‌و بەم جۆرە بۆیان دەرکەوت ئێرانو سووریە ، لـەم کێشەیەدا بێلایەن نین • بۆئەوەی بتــوانن لـە بەرامبەر لەشکری پۆشتەی دوژمن‌دا ، خۆڕابگرن پەنایان بردە بەر شاخ‌و کێوان • کـــە دیارە پاش ئـەوە شێخ‌و سەرکردەکـــان گیران ، لە بێدادگاکانی تورکیەدا ، بڕیاری کوشتنیان ، درا •

بێجگە لـەوە بە بیانووی کۆن شێخ عەبدولقادر ئەفەندی‌و کوڕەکەی گیران‌و کوژران • کوشتاری ناوچەداگیرکراوەکان ، لەگـــەڵ تالانو سووتاندن‌و کاول کردن ، بابمێنێ •

بەوحاڵەش شۆڕشگێڕانی کورد کۆڵیان نەدا • لە ۱۹۲٦ و لە ۱۹۲۷ لـە ناوچـەی «ئاگری‌داغ»و لە دەربەندی بتلیس لەنێوان هێزی تورك‌و هێزی گـــەلی کورددا ، شــەڕ قەوماو تورك تێك‌شکاو گەلێك دیل‌و دەسکەوتی هــەبوو • لـە ۱۹۲۸دا پتر لـە دە فڕۆکەی جەنـگی تورك هێرشی بردە سەر هێزی گەلی ئاگری‌داغ‌و دۆو فڕۆکەی بەربووەوە • لە مارسی ۱۹۲۸دا ، لـە ناوچەی بایزید ، تورك‌و کورد ، لێکیان‌دایەوە • لـە چۆڵەمێرگ بەشێك لـە هێزی تورك تێك‌شکاو والی بایزیدیش لەگەڵ چـەند ژاندارمە ، بەدیل‌گیرا • وەك هەمیشە لـە ڕاگەیەنەرە گشتی‌و

گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تورکیــــە لــە کولەکەی تەڕیش‌دا ، باسی ئەم تێکەڵچوونانە نەکرا • نووسراوە چاپکراوەکانی کورد ، شتیان لەســـەر نووسی • لـــە ۱۹۳۰ لــە شاخی ئاراراتەوە ، ڕاپەڕینێك بە ڕێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا ، سەری هەڵداو پەرەی گرت‌و تاسنووری سووریە ، شوێنی دانا •شەڕی دوو لایەن دەستی پێکرد • ڕووسیەی سوسیالیستی ! سنووری خۆی بەست‌و ئێرانیش بە دنەی تورك هێزی ناردە ســـەر سنوورو بەم‌جۆرە هێزی گــەل لەسێ لاوە ، تەنــگی پێهەڵچنراو بە ناچار سەرکردەو هێندێك‌لە دەوروبەری لــە ئێـــران خۆیان دابەدەسەوەو دوورخرانەوە بۆ تاران[1] •

قەتڵ‌وبڕو کاول‌کردن‌و تالأن وەك دەورانی ئیمپراتوری ، درێـژەی کێشاو کورد ، تووشی ڕۆژڕەشی‌یەکی‌تر بوو ! کۆمـــاری نوێ‌و بەناو نوێ‌خوازیش ، ئەوەی‌کرد کــە کۆنەپەرستانی عوسمانی ، دەیانکرد ! کاتێك مستەفا کەماڵ لــە ئاسیای بچووك (ئەنادۆڵ) سەقامگیر نەبووبوو ، حکوومــــەتی عوسمانی بـــە دنەدان‌و دەم‌شیرین‌کردن ، دەیهەویست لاینگرانی لێ جیابکاتەوە و نەهێڵی سەرکەوێ ، بەڵام ئەو بەوریایی کەوتە بیر ئەوە کــە سەرنجی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ‌و خۆی لــەو مەترسی‌یە ڕزگار بکا • چونکە یارمــەتی ویلایەتە کوردنشینەکان ، ئەبووە پشتیوانی ئاسیای بچووك • دروست ســـەروبەندی پەیمانی سێور بوو ، ڕاکێشانی سەرنجی‌کورد بۆ ئــەو لایە دژوار بوو • زۆر جـــار لــەوە لەپێش کـــورد یارمەتی تورکــی دا بوو ، دوژمنی لــە خــاکی هاوبەش ، وەدەرنابوو ، بەڵام قــەت ڕێزی لێنەگیرابوو ، مافی پێ‌نەدرا بوو ! بێجگە لــەوە حکوومەتی ئەستەمووڵ بەڵێنی سەربەخۆیی کوردستانی دابـــوو !

---

(۱) کوردو کوردستان ، پێشوو ، لاپەڕی ۳٦۲ــ۳٥٤ •

وت‌وویژ ئه‌كرا • به‌كورتی مسته‌فا كه‌مـــاڵ وای به‌سه‌رهاتبوو ، جێـی به‌زه‌یی بوو • هــه‌ر بۆیه په‌نای بردبووه به‌ر كوردان و له خاكی ئه‌وان كه‌وتبووه بیری ڕزگاركردنی توركیه • به‌داخه‌وه كورده‌كانی ئه‌نادۆڵ ، فریوی پڕوپاگه‌نده‌ی ئه‌وی‌ن خوارد ! ئه‌وه‌شی ئه‌گه‌یاند كه سه‌ربه‌خۆیی كورد ، مافی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیانه • به‌ڵام ده‌یگوت جارێ ده‌بێ گشـــت توركیـــه له‌ژێر چه‌پۆكی سوێندخۆره‌كان ، ڕزگار بكه‌ین و پاشـــــان ئه‌وشتانه جێبه‌جێ ده‌كه‌ین •

به‌م‌جۆره كورده‌كان هه‌ر له ڕۆژی یه‌كه‌مه‌وه ، پشتیوانیان لـــــه مسته‌فا كه‌ماڵ كردو لــه شه‌ڕه‌كانی سه‌ربه‌خۆیی‌دا ، لــه هیچ چـــه‌شنه فیداكارییه‌ك درێخیان نه‌كردو به فیداكردنی‌ماڵو گیـــان ، تێكۆشـــان • تازه لــه شه‌ڕه‌كانی یونان‌دا ، سواره‌ی كورد له‌پێشه‌وه بوو • نه‌یانده‌زانی سه‌ركه‌وتنی ئه‌و به‌واتای كۆتایی پێهاتنی شۆڕشی كوردان له‌و وڵاته‌یه ! چونـــكه بیانووی پێگرتن كوردی خسته‌ژێر ته‌وژم‌و بێجگه لـــه‌وه وه‌ك وتمان په‌یمانی‌سێوریشی پووچه‌ڵ‌كرده‌وه‌و ڕێكخراوه كوردی‌یه‌كانیش ، هه‌ڵوه‌شانه‌وه !

لـــه په‌یمانی لۆزانیش‌دا ئورووپای‌یه‌كان له ترسی ئه‌وه توركیـــه‌ی نوێ نه‌چێته باوشی بولشه‌ویكه‌كانی ڕووس ، باسی مافی نه‌ته‌وه‌ی كـــورد نه‌كـــرا ! (١) •

**فرت‌وفێڵی ده‌سه‌ڵاتی تورك :**

توركه‌كان هه‌وڵیان‌دا كورده‌كانی باكووری عێراقیش بكه‌نه هاوده‌ستی خۆیان‌و به‌م‌جۆره توانیـــان كۆی ، رانیه‌و ڕه‌واندز ، بخـــه‌نه ژێـــر

---

(١) یاداشت ، پێشوو ، لاپه‌ڕی ٢٠٧ـ١٩٦ •

بەرووباڵی خۆیان • ئەزدەمیرێکی دەسکردیان سازکردو کردیان بە میری ئەم بەشە لە کوردستانو بەگو خانیش وەك زۆر جاران یارمەتی کەماڵییەکانیان دا • عەلی‌شەفیق یان ئەزدەمیر ، میری دەسکرد ، زیرەك بوو ، باش دەیزانی چۆن لەگەڵ عەشیرەتەکان هەڵس‌وکەوتی هەبێ • بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی لە دەسکەوتەکانی ناوچەو مووچەی تورکەکان ،کەڵکی وەردەگرت • هێندێ کوردی سەربزێویش ، بە باشی یارمەتی ئەزدەمیریان ، ئەدا تا خزمەتەکەی بە تورکەکان زیاتر بێ • هەرچەند لەو ڕۆژەدا ، ئاوی‌ڕوو بە چەشنی ئێستا نەتکابوو ، هیچ کوردێکی خاوەن‌شەرەف حەزی لە ڕووزەردی نەدەکردو لاوەکان خەریکی پێك‌هێنانی ڕێکخراوەو بەرپاکردنی شۆڕش بوون • بەڵام بناخەی ڕێکخراوەکان پتەو نەبووو ئەزموونی سیاسیان کەم بوو • سیخوری ئینگلیزیش کەس تفی لێناکردو تەنیا لە بیری درۆهەڵبەستن‌و تۆڵەسەندنەوەدا ، بوون •

پاش دوورخستنەوەی شێخ‌مەحموود ، ئینگلیزیەکان کەوتنە بیری دروست‌کردنی حکوومەتێکی کوردو بۆ ئەو کارە سەیدتەهای شەمزینیان هەڵبژارد • سەید چەند مەرجی بەم‌جۆرە دانا :

١ ـ لە ژێر چاوەدێری بریتانیادا ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەکپارچەو کوردستانی ئێرانیشی تێدابێ •

٢ ـ بەخشینی گشتی‌بە بەیانییەیەکی ڕەسمی •

٣ ـ دامەزراندنی ئەو حکوومەتە لەسەر بناخەی دابەش‌کردنی دەسەڵات (لامەرکەزی) •

٤ ـ دڵنیاکردنی کوردەکان بە بەڵێنێك لەلایەن ئینگلیزەوەو نووسیی

پەیمانێك کە ئەرمەنی یەکان و ئاسوری یەکان دەس درێژی نەکەنە سەر ئەو حکومەتە •

٥ ـ ئەو یارمەتییانەی بریتانیا ئەیدا بە دەوڵەتی عێراق ، بە دەوڵەتی کوردیشی بدا • وەڵامی نوێنەری بریتانیا ئەوە بوو لە کۆنفەرانسی ئاشتیدا ، دادپەروەری لە بەرچاو دەگیردری : بەم جۆرە فرت و فێڵی بریتانیاو هێندێك هۆی تر مەسەلەی کوردیان کردە ژێرلچەوە !

کوردە تێگەیشتووەکانیش بە هۆی نەقۆزینەوەی هەلومەرجی ئەو کات و تێکۆشان لە جێگای نالەباردا ، دەسکەوتێکی وایان نەبوو • بەتایبەت یارمەتی شێخ مەحموودیان نەداتا نەهێڵن کۆنەپەرستان بەرهەمی تێکۆشانەکەی بەفیڕۆبدەن • بریتانیاش بە سەرکەوتنی کەمالییەکان لەبنەوە لەگەڵیان ڕێك کەوتن و تورك وازی لە مووسڵ هێناو بریتانیاش دەستی لە شێخ مەحموود هەڵگرت(١)

پاشان کە دیتیان گەلی کورد لەسەر وەرگرتنی مافی خۆی سوورە ، ئەمجارە پەنایان بردە بەر حەمدی بەگی بابان کە تەنانەت نەیدەتوانی بە کوردیش بدوێ ! ئەویش لەژێر ئەزموونی بریتانیا دەرنەچوو(٢) •

پاش ئەمەش بە سێ مەبەست بریتانیا دەیهەویست مەسەلەی کورد زیندوو بکاتەوە :

١ ـ دامرکاندنی کوردو دوورخستنەوەی لە شۆڕش •

٢ ـ دەرکردنی ئەزدەمیری دەسکردو تورکەکانی تر لە ڕەواندوز

---

(١) یاداشت ، بەشی ، لاپەڕی ٥٠ـ١٣ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٩٣ـ٩٠ •

بەهۆی هێزێـکی کۆردەوە ، لەبەر چەند هۆیسیاسی •

٣ ـ بەناوی حکوومـــەتی کوردستانەوەو لەسەر حیسابیکورد ، بڕینـەوەی مەسەلەی مووسڵو نەهێشتنەوەی لـە ژێر ڕکێفی ئینگلیزدا • بێجگە لەوە نیشتمانپەروەرانی کورد لـە سلێمانی بۆ گلێەسەندنی هەستی نەتەوایەتی «کۆمەڵە»یەکی یان دروست‌کردو چوونە ناخی تێکۆشـــانی سیاسیو ڕێکخستنەوە(١) •

لـە ساڵی ١٩٢١ هـەرێمی سلێمانی بەرەو ڕەواندوز ، هـــەوای شۆڕشی لەسەردا بوو ، هەمەوەندو بەشێکی پشدەر لــە حکوومـەت یاخیبوون ، دوو کـــاپیتانی بریتانیا کوژران • بۆ تۆڵەئەستاندنەوە ، لەشکری جۆراوجۆری ناردە ئەو هەرێمەو لە شەڕێـکی گورچووبڕدا ، تووشی شکست بوو • دیارە گەلفرۆشەکان لــەم شەڕەدا یارمـــەتی لەشکری بریتانیایان دا کـە دیارە زیانی گیانیو ماڵی بۆ کورد هەبوو • بریتانیـــا لـە بەرامبـــەر ڕاپەڕینی کوردو عەرەبدا ، بڕیاریدا بە شێوەیەکیتر بێتـە مـەیدان • هەر بۆیە لەساڵی ١٩٢١دا فەیســەڵی یەکەمی کـــردە پاشـای عێراق • زۆر لـە کوردەکان لە هەڵبژاردنی پاشادا دەنگیان نەدابوو • بەڵام ئەو بەشە لە کوردستان ، بێحکوومـەت مایەوە • لـە دواییدا ، شێوە مەجلیسێکی نیشتمانیان لـە سلێمـانی بۆ هەڵسوورانی کاروباری ناوچە ، پێکهێنا(٢) •

لە مەجلیسی دامەزراوی عێراقدا ، چەند کوردیش بوون بـــە ئەندامو زۆریان بۆ خۆپاراستن ملیان ئەکرد بە پەتی بریتانیاوەو ئوڕێکیان لە ئاوردانی خۆیانو سەربەستی کوردستان ، نەدایەوە ، چونـکە لـەو

---

(١) **یادداشت پێشوو ، لاپەڕی ١٠٤ـ٩٦ •**
(٢) **هەر ئەم** سەرچاوە ، لاپەڕی ١٢٨ ـ ١٢٠ •

مەجلیسەدا کەسیان بۆ کورد وشەیەکیان لە دەم دەرنەچوو ! بریتانیا دەیزانی چ نوێنەرێکی کورد بخزێنێتە ئەو مەجلیسەوە • ئەمجارەش لەلایەن بریتانیاوە باسی کورد نەکراو لە نێوان خۆیانو حکوومەتی تازەی عێراقدا ، بۆ پیلان گێڕان هێشتیانەوە • کوردە دەسەڵاتدارەکانیش لەبەر خۆپەرستیو خۆبەزلزانیو یەکتر وەلانان ، هیچیان پێنەکرا • تەنیا کارێك بۆ کورد کرا ئاڵوگۆڕی چەند نامەی بێناوەڕۆك بوو ، لەنێوان مەجلیسو وەزیرەکانو نوێنەری بەرزی بریتانیادا(۱) •

لە ڕاستیدا ئەو کوردانەی کە لە ڕانیە تاڕەواندوز لەشکری بریتانیان تووشی شکست کرد ، پشتیان بە ئەزدەمیری دەسکردی تورکەکان بەستبوو کە لە ڕەواندوز بنەو بارەگای پێکەوەنابوو و زۆر لە عەشیرەتە کوردەکانی وەك ئالقە کردبووە قامکی • لەو دۆخەدا نیشتماپەروەرانی کورد لای تورکخوازەکان ، دوژمن بوونو کۆنە سیخورەکانی بریتانیاو تورکخوازەکان لای ئەوان «جلخوار» بوون • بریتانیا تورکخوازو کورد خوازی بە یەك چاو ، تەماشا دەکرد :

ئەحمەدبەگی ڕیشێن کە بەدەست ئینگلیزەکانەوە هەڵاتبوو ، پەنای بردە هەورامانو چووە لای جافرسوڵتانو بەفڕۆکە چوون بەدوایاو ۷ فڕۆکەیان لێکەوتو خۆینەدا بە دەستەوە • کەریمبەگی فەتتاحبەگی هەمەوەند کە لەشکری بریتانیای لە ڕانیە تەفروتوونا کردبوو و ئەندامی «کۆمەڵە»بوو ، خۆی گەیاندە ئەزدەمیر ! بەمجۆرە ئەم بەشە لە کوردستان تووشی بێسەرەوبەرەیی بوو • هەندێك لە سیخورو کۆنە نۆکەرەکانی ، شەونامەیان بە ناوی ئەزدەمیرەوە بڵاوکردەوە کە ها ئەزدە ، گەیشتو تورك سلێمانی داگیر کرد • ئەوجار هەموو

---

(۱) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ۴۲۳ـ۴۴۳ •

نیشتمانپەروەرێـکی کورد ، ئەخنکێنن ! ( ئەویش دەوری پروپاگـەندی بێناوەڕۆك کە هەناسەی لە سینگی نیشتمانپەروەراندا ، وەستاندبوو ! )

پاش ئەوە مستەفاپاشا کۆمەڵە یان (جەمعییەتی کوردستان)ی لـە سلێمانی پێکهێنا • پاشـان ڕۆژنامـەی بانـگی کوردستان ، دەرچوو • دروست لەم کاتەدا ئیسماعیل ئاغای سمکۆ لـە ئێران ڕاپەڕیو ناوچەیەکی گەورەی داگیر کردو تەنانەت بـە شێکی زۆور لە ئازەربایجانی گـرتو خەڵـکی هێندێ لـە شارە کوردەکانیش لە بەر هێرش زێدو نیشتمانیـان بەجێهێشت • بریتانیا بە هۆی ئەوە کە سمکۆ لەگەڵ ئەرمەنییەکان باش نەبوو زۆریان هەڵاتبوون بۆ عێراق ، ترسی ڕێ نیشتبوو !

کوردی عێراق دژی بریتانیا بوون • بەڵام وا دیاربوو کە کۆمەڵە لەبنـەوە سـەری بە بریتانیاوە قایم بوو ، چوونکە پاش نەمانی هێزەکەی، چالاکی نیشان نەئەدا • هەرچەند جـاری دوای شێخ مەحموود لە سەر حیسابێکی تر هـاتەوە سلێمانیو دامودەزگای حکوومەتێکی کـوردی دامـەزراند ، بەڵام چونـکە لەژێرەوەو دوای ئامانجێکی تر کەوتبوونەوە تەنیـا دەیانویست ئەزدەمیرو لەشکری تورك لە کوردستان وەدەربنێن ، لەگـەڵ ئەوەشدا شێخ وەك پاشـای کوردستان خۆی ناساند(١) • تورك خوازەکـان دەوری شێخیان دا • زۆر لە عەشیرەتە کوردەکان ( وەك هەمیشە ) پشتیان لـە قازانجی گـەل هەڵکردبوو • تەنانەت هێندیك لـە لاوەکـان بریتانیایان کردبوە ڕووگەی خۆیان ! شێخ کەوتبـووە داوی تورك خوازەکانەوە • کوردەکانی ڕانیەو دەوروبەر ، ئەیانوت لـە ڕقی بریتانیادا ، ڕوویان کردوەتە تورکەکان • لەولاشەوە والی مووسڵ بـە کەڵك وەرگرتن لە ئیسلامخوازی کوردەکان ، کوردی ئەو ناوچـەی

---

(١) یادداشت ، پێشوو ، لاپەڕی ٥٣٣ـ٤٨١ •

خستبوه ژێر ڕکێفی خۆیو دایپڵۆساندبوون بۆ تورکەکان ! بە هـۆی نوێنەرێکەوە ، کۆمەڵە دەیهەوێ سـەرنجی ئیسماعیل خانی سمێتقو بۆ لای خۆی ڕاکێشی ، تا لەکاتی پێویستدا ، ئەویش لەسـەر بناخـەی حکوومەتی نیشتمانی دابنێ ، کـە بە هۆی پێوەندی‌یەوە بە تورکەکان ملنادا ! تورکەکان بـە هۆی چـەند ئاغـاو شێخی کوردەوە وەك زێباری‌یەکانو شێخ‌عوبەیدوڵا ، بناخـەی دەسەڵاتی ڕەواندوزی سـەر بە کەمالیستەکان ، پتـەوتر دەکـەنو ئینگلیزی‌یەکانی هەریرو باتاس ، سەرکوت دەکـەنو تورکیش بەمپێیە مەجلیسی میللی لـەو هەرێمـە ، دادەمەزرێنێ • بریتانیا هێرش دەباتەسەر هەریرو باتاس دەیانگرێتەوە • هێزی میللی کوردو تورك هـەڵمـەت ئەبنو ئەیانـگرنەوە • کوشتارو ماڵوێرانی زۆری ئەم لێـدانو پاشەکشەکردنە ، زۆربەی دەبێتـە بەشی کوردان • نەستووری‌یەکان کە لاێنگری بریتانیا بوونو لەو جەنگەدا تووشی زیان بوون ، لەملاوە کـەوتنە ئازاردانی کوردەکانی دەوروبەری عەقرەو زێبار ، شێخ ئەحمەدی بارزانیش لەگـەڵ کوردەکانی عمادی ، تێـکەڵ بە کوردی ڕەواندوز بوون ! لەولاشەوە ، تورکەکان بە بیانووی جۆراوجۆر ، پیـاوە بەناوبانگەکانی کوردیان دانە دانە ئەکوشت !

پاش ئەم کارساتانە ، هێزی عەشیرەتەکانی دەوروبەری ئەزدەیرو بەگەکان وەك کەریمبەگو هەمەوەند ، ڕوویانکردە بازیانو بـە فیتی تورکەکان بۆ گرتنی ئەو مەڵبەندە ، گەیشتنە دەوروبەری سلێمانی !!

ناوچەیان بـە ئینگلیسی‌یەکان چۆڵکردو شپرزەیان کـردنو دەسکەوتی زۆریان وەچنگ کەوت •

بە وتووێژ ڕانیە خرایە ژێر دەسەڵاتی شێخ • ئینگلیزی‌یەکان کە بەڵێنیان دابوو ناوچـە بدەنەوە بە شێخ ، لەسەر بەڵێنی خۆیان نەمـانو

گوێیان نەدا بە شێخو لەوێ دەرنەچوون • ئەمەش بوو بە هـــۆی کێشەی نێوان شێخو ئەوان • نووسەری دامودەزگای شێخ ، تایر ئەمین ئەفـــەندی لەبنـــەوە لەگـەڵ تورکەکـان بوو ! نوێنـەری ئۆزدەمیر بوو • ئەم کابراش لای شێخ ڕێزی هەبوو ، هـەر بۆیە ، لێرەدا تورك دەسەڵاتی زۆری پەیدا کردبوو • بێدەسەڵاتی ئینگلیز لەم کاتەدا ، لـە خولقاندنی ئەو دەورەدا ، نەقشی هەبوو • بێجگە لەوە بەداخەوە زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان وەك وتمان لەگەڵ ئۆزدەمیر یەکبوون •

ئۆزدەمیر شێخی بە وشەیغەزاو ئیسلامییەتو ئایینو تۆڵـــە ، دڵـگەرم کردبوو ، و شەی کوردو کوردایەتیو کوردستان لاواز بوو ! تورکیش بە ئاخاوتن بەڵێنی دانانی حکوومەتی کوردیان بـە شێخ ئەدا • بریتانیـــاش لای شێخ نوێنەری هـەبوو ، کوردیش بوون ! ! و داوای دەرکـــردنی ئۆزدەمیر یان لـە شێخ دەکرد ! وای لێهـــات لاوە نیشتمانپەروەرەکان لەترسی خنکاندن بە فیتووی تورکەکان ، خـــۆیان حەشارداو بریتانیا خۆازیش لەوترسە بێبەش نەبوون •

لـە لایەکیترەوە سمکۆ بەهۆی هێرشی تورکەکان بۆ ســـەر ماڵەکەیو کوشتنی ژنێکیو بەدیلگرتنی خوسرەوی کوڕی ، هـەڵاتو خۆی گەیاندە ڕەواندوز • بریتانیا هـەلی وەچنگکەوتو بەهۆی بانگی کوردستانەوە ڕایگەیاند ، سمکۆ داوا لـە شێخ دەکـا لەگەڵ ئینـگلیز بۆ چارەسەری کێشەی کورد ، ڕێك بکەوێ • سمکۆ دەچێتە سلێمـانیو ئەبێتـە هۆی ترسانی تورکەکان • چوونکە خەریکی شەڕی یونان بوون نەیانتوانی هێرشی گەورەی بۆ بـکەن • لەولاوە تورکەکان ژنبـــرای شێخیان کـە ئەفسەری لەشکری تورك بوو ، بە ژنو منداڵەوە ناردەوە بۆ لای شێخو فەتتاح توانی بەیەکجاری شێخ بخاتە نێو داوی تورکەکانەوە!

سمکۆ حەزی لە چارەی تورکەکان نەدەکرد • بەڵام خوسرەوو ٢٠ هەزار لیرەی لای تورکەکان بوو ، بە دانەوەیان ئەویشیان کردە هاودەستی خۆیان ! بێجگە لەوە ئۆزدەمیر لە بیری هێرش بۆسەر حەمەئاغای باڵەکان کەوت کە بەهیوا بوو بە ڕێکخستنی عەشیرەتە کوردەکان ، هەوڵێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدا • لافی ئەوەشی لێدەدا کە گشت ناوچەی تەنانەت سلێمانیش داگیر دەکا • ئەویش بۆ سەرکەوتن لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد دەیهەویست کەلك وەربگرێ ! باسی نامەو وەڵامی ئەو نامە لەلایەن شێخەوە کراوە بۆ نوێنەری تورکەکان • داوا لە شێخ کراوە ، دژ بە بریتانیا ئەو خاکەی هی تورکە (کوردستان) ڕاپەڕێو پێکەوە بیگرنەوە•شێخ ڕادەگەیەنێ من موسڵمانمو خزمەتکاری دەوڵەتی عوسمانی ! ستەمی بریتانیا لە بیرم ناچێ • ئەوکات من بەگژیاندا چووم ، عەشیرەتە کوردەکان سوێندیان بۆ خواردم ، بەڵام زۆریان بوونە مووچەخۆری بریتانیاو بەتەواوی پشتیان لێ کردم ! پاشان بە فەوزی‌بەگی نوێنەری‌تورك ، دەڵێ بریتانیا ئەو بەشەی لە خاکی کوردستانم بۆ بەجێبیلێ کە ئێستا تێدا ماوەتەوە • ئۆزدەمیریش با ڕەواندوزم‌بۆ بەجێبێڵێ • بەڵام بریتانیا ڕاست ناکاو خەریکی فرەت‌وفێڵە • شێخ داوای‌لە فەوزی کرد :

١ ـ بەهێزەوە بێن هەموو کوردستان بگرن منیش‌دوژمنەکانتان ئەدەم بە دەستانەوە •

٢ ـ ئەگەر نیتانە بۆ هەر جێگایەك ئێوە دەتانەوێ بە ماڵو مناڵەوە ئەڕۆم !

٣ ـ ئەگەر ئەمەش بە باش نازانن‌و بتانەوێ لە بوونی من لێرە جۆرێکی‌تر کەڵك وەربگرن ، ئامادەم •

٤ ـ ئەگەر ئەوەندە هێزتان هەیە سلێمانی داگیربکاو بیپارێزێ ، یان ئێمە چەکدار بکەن ، بیپارێزین • ئۆزدەمیر ئەمخاڵانەی کە درێژترن،نارده لای دەوڵەتی تورك‌و دەسەڵاتدارانی تورکیش پەیتا پەیتا داوای هەواڵی ناوچەیان دەکرد • ئۆزدەمیر لە نامەیەکدا بۆ کۆمەڵی نهێنی کەرکووك دەڵێ بریتانیا بەتەمایە حکوومەتێکی کورد دروست بکاو لەبەر کەمبوونی ژمارەی تورکەمەندەکان ، مافیان بە سەرمووسڵەزە نەهێڵن • شێخیش لەگەڵمانە بەڵام بە هۆی هێندێك خەڵکی بێ نیشتمانی سلێمانیەوە ، خەریکە تەفرە بدرێ • چوونکە بریتانیا سەربەخۆیی تەواو ئەدا بە کوردان ، شێخ‌بۆ دەمکۆتی ئەوان داوای نیوە سەربەخۆیی لە ئێمە دەکا • بەڵێنی ئۆزدەمیر بە شێخ لەلایەن تورکەوەو قەولی نوێنەرانی بریتانیا لەلایەن وڵاتەکەیانەوە ، لە ڕاستی‌دا ، بێ نێوەڕۆك بوون ! چوونکە سیاسەتی ئەودوو وڵاتە سەبارەت بە کورد ، ئاشکرا نەبووە • شێخیش لە ڕاستی‌دا یاری‌لەگەڵ دەکردن • لەمکاتەدا وەك وتمان بریتانیا لەگەڵ سەیدتەها کەوتە وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو ئۆزدەمیریش کێچ کەوتە کەولی ، داوای لە حکوومەتی خۆی کرد ، دەسوبرد بکا • شێخیش زیرەکانە کەڵکی لەم دۆخە وەردەگرت • ئۆزدەمیر بە پەلە ، داوای لە شێخ‌کرد بوو بە یارمەتی وەرگرتن لە عەشیرەتەکان بڕیاری گشتی بدەن‌و بەناوی‌کوردەوە ، نامەم بۆ بنێرن تاوێنەکەی بنێرمە ئەنکارا • ئەمکارە بەئیمزای **٢٦** کەس کرا[١] •

بە کورتی هەرچەند بریتانیا حکوومەتی تازەی عێراقی دنە دا لە **١٩٢٢**دا خودموختاری کوردەکانی مووسڵ‌و سلێمانی پەسند بکا ، بەڵام

---

(١) یادداشت ، پێشوو ، لاپەڕی ٦٣٧ـ٥٣٤ •

شێخ سەربەخۆیی ئەویست • بەو حاڵەش وەك وتمان بریتانیا تەنیا کاتی تێپەڕ دەکرد • لە ١٩٢٣دا ڕەواندوزیان گــــرت وسەی‌تەهاین کرتە فەرمانداری • پاش ئەوە چـەند جـار بریتانیـــاو عێراق سلێمانیـەیان بۆمبـاران کردو شێخ کۆڵی‌نەداو هەتا ١٩٢٧ ، بە خەبات درێژەی داو بەهۆی دوژمنی حکوومەتی ئێران‌و فشاریبریتانیا لە ساڵی ١٩٢٧ شێخ لەگـەڵ عێـــراق کـەوتە وت‌وویژو بـــەوە رازی‌بوو لە دەرەوەی کوردستان ژیان بەسەربەرێ • لە ١٩٣٠ سەرپەرستی بریتانیا بەسەــەر عێراق‌دا کۆتایی پێهــات‌و باسی‌کوردیش نەکراو شێخ ڕەخنەی‌گرت‌و لـــە ١٩٣١دا ، پەنای بردە بەر ئێران ، ئێران بەهێزەوە دژی ڕازەستاو لەگـەڵ عێراق ڕێك‌کەوت وبردیانە ناسرییە • لـــە ١٩٤٠دا ویستی لەهەل‌ومەرجی جەنـگی دووهەمی جیهانی بۆ مەبەستی لە مێژینـــەی کەڵك‌وەبگرێ‌و هاتەوەکوردستان‌و سەرنەکەوت و دووبارە دوورخرایەوە بۆ ناسرییەو لە ١٩٥٦ لەبەغدا کۆچی دوایی کرد(١) •

بەم جۆرە یەکنە گرتوویی نێوخۆیی‌و شەرزەیی باری‌فیــکری‌و فەرهەنــگی‌و فرت‌وفێڵی دوژمنە جۆراوجۆرەکانی کوردو قزانج‌ویستی‌و هەلپەرستی زۆر لــە بەناو پیـاوە گەورەکانی کورد ، دەرەتانیان نەدا ، شێخ بەئاواتی گەل بـگاو گـــەلی ئێمەش وەك هـــەموو نەتەوەیەکی خاوەن‌ماف بەسەرچارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ ! ئەگــــەر ربێت‌و بڵێین دەورەکە دۆخی دەرەبەگایەتی بوو هەر خان لە گوندێك‌و هەر بەگ لە ناوچەیەك ، خۆی بە پاشـا دەزانی‌و ملی‌بۆ دابەشکردنی دەســەڵاتی‌و

---

(١) کورتە مێژووی شۆڕشە گەلیەکانی کورد ، سەعیدبەدەل ، لـــە بڵاوکراوەکـــانی حیـــزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ١٣٦٣ هەتاوی ، لاپەڕی ٨٨ـ٨٢ •

وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو نیشتمانی ، دانەدەنواند درۆمان نەکردوەو راستی‌یەکەمان پێکاوە •

ئەگەر ڕابگەیەنین نەخوێندەواری‌و تێنەگەیشتن‌و پێنەگەیشتن بە هۆی جۆراوجۆرەوە ، بڕستی لە گەلەکەمان بڕی‌بوو ، هەر لە بیری ئازانجی کانی‌دا بوون ، پەردەمان لە سەر بەشێك لە ڕاستی دۆخی ئەوکات ، هەڵداوەتەوە •

ئەگەر بەوە هێما بکەین کە لە ڕووی‌ساکاری‌یەوە ، فریوی قەول‌و بەڵێنی دوژمنانمان خواردەوەو لەگەڵ ئەوەدا چالاکیمان نواندوە، بەرهەممان نەبووە ، گۆشەیەکی‌تر لە ڕاستیمان ، دەرخستووە • ئەگەر بڵێین هێندێك لە گەورەپیاوانی خاوەن‌دەسەڵاتی مادی‌و مەعنەوی کورد ، بۆ ڕزگاری نەهاتوونە مەیدان ، ڕووی ڕاستیمان داپۆشیوە •

ئەگەر پێمان‌وابێ ، هیچکام لەو کەڵەپیاوانە بۆ یەکگرتوویی هۆزو عەشیرەتەکان ، تێنەکۆشاون ، بە هەڵەدا چووین •

ئەگەر وابزانین خەڵکی کوردستان لەپێناوی بەدەست‌هێنانی ئازادی‌دا ، قوربانییان نەداوە ، ماڵیان کاول نەبووەو پیرو لاویان خوێنی نەڕژاوەو گوندو شاریان وێران نەکراوە ، لەگەڵ مێژووی خەباتی گەلەکەمان ، گاڵتەمان کردوە •

ئەوە ڕاستە کە هۆی بنەڕەتی ئاڵوگۆڕو گەشەکردنی هەر دیاردەو کومەڵێك ، هۆی دەروونی‌و دۆخی نێوخۆیی ئەوانەو هۆی دەرەوەی لە پلەی دووەم دایە • ئەوە لە جەرەیانی گەشەکردن، بەرەوپێش‌چوون‌و ئاڵوگۆڕی خاوەن مەودادا ، یاسایەو حاشە هەڵناگرێ • بەڵام لە زۆرباروودۆخدا ، هۆی دەروونی‌و بنەڕەتی ،

ئەکەوێتـــە بن شەپۆلی ئەوی‌ترو دایدەپۆشێ‌و هـــەتا لە ڕاپەڕینێکی ســـروشتی‌دا ، سەرهـەڵداتەوە ، ئەمیـــان دەوری خۆی کێـــڕاوەو مۆرکی‌خۆی لە سەر ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکان ، داناوە !

ئەم‌بوارەش مەرجی‌خۆی هـەیە • ئەگـەر هۆی دەرووونی تـەیار نەبوو ، یەکگرتوویی ڕووی‌نێنەکردو هێزەکانی‌لێرەو لەوێ بوونە ئاردی بن‌دڕوو ، هەلی‌نەقۆستەوەو مەرجی لێ ون‌بوو ، هۆی دەرەوەیی‌و هۆیە لاوەکییەکان ، دێنە مەیدان‌و جێ‌بەو تەنـــگ دەکەن‌و ڕێ‌هەناسـەی دەگرن‌و شوێنی‌خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکان‌دا ، دادەنێن •

بریتانیای مشەخۆری داگیرکەر بە پێی ســروشتی داگیرکەرانەی ، بڕوای بە ئازادی گـەلان نەبووەو نیشیەتی • بە دوای قازانجـــی‌دا ، گـەڕاوەو بەڵێنەکانیشی لـە سەر ئەو بناخە دانراوە • چۆن‌و کەی‌و لـە چ جێگایەك قازانجی دابین بـکرێ ، بەڵێنی لەوێ‌دایە ! هەر بۆیە کات تێپەڕدەکا و بەدوای ون‌بووی خۆی‌دا دەگەڕێ‌و هەر جـــارە کەسێك‌و ناوچەیەك ئەباتە سەر گۆڕەپانی شـانۆو هەرکاتە ڕەنگێك دەگۆڕێ : جـارێك شێخ‌مەحموود ئەکاتە ئامرازو کاتێك سەیدتەها دێنێتە مەیدان : دەســـەڵاتی کۆنەپەرستی تورکیش بـــە کەڵك‌وەرگرتن لە نیازپاکی‌و خوداپەرستی گـەلی کورد ، جارێك بەگژ یونانیدا دەکاو کاتێك سوپای لێ دروست دەکاو بەگژ قەیسەری رووسی‌دا دەکاو هەلێکی‌تر ئەو میری کورد دژی ئەمیان هـــان دەداو ئەو سەرۆك عـــەشیرەت تەیاردەکا تا ئەمی‌تریان سەرکوت بـکاو لە هەموو بارێك‌دا چاری لەمانەوەو قـازانج‌و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیەتی • بەناو ئاینەوە ئەرمەنی پێ سەرکوت دەکاو غەزای‌ڕووسی پێدەکاو کە کاری پێنەما ، دەیڕووتێنێتەوەو بەرهەمی ساڵی بە تالان دەبا !

کەمالیستیەکانیش کـــە ئیمپراتووری پان‌وبەرینی عوسمانیـــان لەکیس‌چوو و تێـــکەیشتن ناتوانن لەگـــەڵ نزیـــکەی دووسەد میلیۆن عـــەرەب کـــە بریتانیا لەبەر نەوت لایـنگریـیان لێدەکا ، بەرەوڕووی بن ، بـــە بەڵێن‌و بزاواندنی هەستی ئایینی ، هـــەتا توانیان لە هێزی کورد بـــۆ پاراستنی‌خۆیان کەڵـــکیان وەرگرت و بۆئەوەی بـــەری لێفەکـــەیان کەم‌نەهێنی ، دەستیان بەسەر خاکی کوردستان‌دا ، گرت‌و لە پەیمانەکانی سێورو لۆزان‌و کۆنفەرانسی‌ئاشتی‌دا ، بۆ جیابوونەوەی گەلی عـــەرەب ، ملیان دانواندو نەیان‌هێشت کورد لـــە چنـــگیان دەربچێ ! ئەگـــەر دەسەڵاتیان‌هەبایەو دەورەی شەڕوشۆڕش نەمـــایە ، ئامادە نەدەبوون ویلایەتی‌مووسڵیش کـــە تەواوی کوردستانی ئێستای عێراق دەگرێتەوە، بدەن بە دەوڵەتی تازە پێك‌هاتووی عێراق . بێجـــگە لـــەوە بریتانیـــا ئەوبەشەی لـــە بەر نەوتەکە بۆیە خستەسەر عێراق کـــە خۆی بەسەریدا دەسەڵاتی هـــەبێ‌و حکوومەتی تازەی عێراق لەژێر ئەرێ‌و نەی‌ئەودا ، هەڵسووڕێ ! کەچی ڕووداوەکانی دوایی‌و ڕاپەڕینەکانی گـــەلی کوردو عـــەرەب لەوخاکە تاڕادەیەکی زۆر سرو سیپاڵی **دەسەڵاتی** بریتانیایان تێـــکەوە پێچـــا .

## تێکۆشان بۆ یەکگرتوویی :

بۆئەوەی نموونەیەك لـــە تێکۆشانی کـــەڵەپیاوانی خوڵقێندراوی کۆمەڵی‌کوردەواری بۆ یەکیەتی ڕیزەکانی گەل نیشان بدەین بەکورتی هێما بە ڕەنج‌و کوێرەوەری بەدرخان‌بەگ لە بۆتان بۆ ئەو مـــەبەستە دەکەین : بەدرخـــان بە نفووزی شەخسی توانی بەســـەر سەرۆکـــە کوردەکانی دەوروبەری‌دا زاڵ‌بێ‌و تێکوشا چوارچێوەو یاساو هێمنایەتی دابمەزرێنێ . لـــە ١٨٣٠دا بۆی لوا خۆی لـــە شەڕ بپارێزی‌و دەسەڵاتی

فراوانتر کرد • پاشاکانی مووسڵو بەغدا سڵیان لێئەکردو ناوچەی دیاربەکریش پتر ملکەچی ئەم بوون تا عوسمانی • لە پێوەندی گرتندا زیرەکبووو مەزنی خۆی ڕادەگرت • بەهێزەوە فریای دۆستانی ئەکەوتو نوێنەرانی تورك لەم دۆخە تووڕە بوون • بەڵام پێیان خۆش نەبوو بە کردەوە ، دژایەتی لەگەڵ بکەن • ئەویش سەربەخۆیی یەکەی لەپاشای تورك نەشاردەوە • پێخۆش نەبوو نوێنەرە ئوروو پایی یەکان بە فەرمانی سوڵتان چاویان پێ بکەوێ • ئەوانیش بەکردەوە لە وڕاستیە گەیشتبوون • تەنیا جاروبار دیاری بۆ سوڵتان دەناردو سوڵتانیش دیاری بۆ دەنارد • سەربازو خەراجی نەئەدا • خاوەنی سوپای تایبەتی بوو ، ژێردەستانی لە فەرمانی نکوولییان نەدەکرد • لە پشتیوانی سەرۆکە کوردەکان کەڵکی وەردەگرت • لە هەلو مەرجی شەڕی میرو سوڵتان ، سوودی بینیو دەسەڵاتی فراونتر کرد • عەشیرەتە پەرتو بڵاوەکانی کۆکردەوەو شەڕوشوڕیانی بەربەست کرد • لە ١٨٣٨دا سوپای تورك ڕژایە ناوچەو زۆرلە سەرۆکە پرژو بڵاوەکانی بێپەلوپۆ کردو بۆئەوەی تووشی کارەساتی لەوچەشنە نەبنەوە ، ملیان بۆ ئەو هەڵوێستەی خان دانواندو ئەویان بە پشتو پەنای خۆیان دەزانی • بە ناحەزی نێوان میری حەکاریو بۆتانی کۆتایی هێناو تەنانەت پەیمانی لەگەڵ میری هەکاری بەست کە پێکەوە دژبە دەسەڵاتی تورك ڕاپەڕن • بەڵام بەداخەوە عەبدالخانی دەوروبەری گۆماوی وان ، ملی بۆ ئەم یەکگرتوویە ، ڕانەکێشاو نەیویست دەسەڵاتی خۆیو ٦ براکەی کەم بکاتەوە ! لەگەڵ ئەوەشدا ، بەدرخان بە سیاسەتو زیرەکی ، ئەو گرێوپووچکەشی کردەوە و لەگەڵی ڕێك کەوت • ئەوجار پەیمانی یەکیەتییان دژی سوڵتان لە سەرانسەری ناوچەدا ، بەستو ناویان نا «پەیمانی پیرۆز» • بەونیازە کوردستان ڕزگار

بکەن • سەرنجی سەرداری ئەردەڵانیشی بۆ لای ئەم پەیمانە ، ڕاکێشا •

لـە بیروڕای ڕووناکبیرو زانا کوردەکان ، کەڵـکی وەردەگرت• ئەندامانی پەیمان کەوتنـــە پتەوکردنی قەڵاو سەنگەری ناوچەی خۆیان• بەداخەوە سوپای کورد چـەکی نوێی نەبوو ، بەدرخان ، داوای یارمەتی لە میری ڕەواندوز کرد تا بە پشتیوانی ئەو کارگەی چەك دروستکردن ، دابمەزرێنێ • وەستای هێناو بۆ ئەوکارە ، هەنـگاوی هەڵگرت •

بەدرخان نرخی بۆ زانست دادەنا ، هەر بۆیە لاوەکانی کوردستانی بۆ خوێنـدن بەڕێکرد بۆ ئوروپا • لـە پرۆگرامە سیاسییەکـەیدا نرخی بۆ ئاسووری و ئەرمـەن ، دانابوو کـە سەدان ساڵبوو لەگەڵ کورد دەژیان • لایەنی ڕووسیشی لەو هەنگاوەدا ، لە بەرچاو بوو • دەیهەویست پاش دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، بچێتە کوردستانی ئێرانیش • ئەیهەویست لـــە ئاڵۆزبوونی پێوەندی نێوان تورکیـــەو ئێـــران بۆ ئەومەبەستە کەڵك وەربگرێ • بەکورتی وریاو دوارۆژبین و لێهـــاتوو بوو • بۆ چارەسەر کردنی باری ئابووری ، (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری) ، هەنـگاوی هەڵگرت • بەتەمابوو گشت ناوچەکانی وان ، بتلیس ، مووش و دیاربەکر ، تا گۆماوی ورمی بخـاتە ژێر دەسـەڵاتی خۆی • لەگـــەڵ ئەرمەنەکان پێوەندی باشی ، دامەزراند ، چوونە نێو سوپای کوردەوەو دەرگای ژن و ژنخوازی لـە نێوانیاندا کـەوتە سەرپشت • دزو جەردەی نەهێشت و هێمنایەتی خستە وڵات • زەبروزەنگی زۆری سوڵتان و خانی ، لـە سەر جووتیارەکان ، کـــەم کردەوە ، حورمەتی بۆ ئایین ، دادەناو سوودیشی لێ بـرد • هێزی دەریایی لـە گۆماوی وان ، دامەزراندو ڕێگای پێوەندی خۆش کرد • سکەی پارەی لێـدا • بەمجۆرە : (میری بۆتـــان بەدرخان ١٢٥٨ کۆچی و ١٨٤٢ زایینی ) ، بە فیـداکاری سەربەخۆیی

میرنشینێکی کوردی ڕاگەیاندو شاری جزیرەی کردە پایتەخت • ئەم هەنگاوانە بوون بە هۆی تۆقینی ئیستامبوڵ و وڵاتە ئورووپایی یەکان !

ئورووپایی یەکان لە بەر پاراستنی پێوەندی یە سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیەکانی خۆیان ، هەوڵیاندەداو دەیدەن ، گەلان لێك داپچڕنو کوردیش یەك لەوان بوو • هەر بۆیە ، جموجۆڵی سیخورەکانیان ، زیاتربوو • لە ساڵی ۱۸۲۰دا ، ئەمریکاش بە دامەزراندنی بنکە ئایینیەکانو ناردنی میسیونێرەکان لەم مەیدانەدا ، کەوتە ڕمبازێن • دنەدانی ئاسووری یەکانو بزواندنی هەستی ئایینی ، پەرەی سەند • جارێکی تر نێوان کوردو ئاسووریان ، تێكدا ووەك وتمان هۆی دەرەوەیی توانی بە سەر دۆخی دەروونی دا ، زاڵبێو سەرۆکە ئایینیەکانی ئاسووریو ئەرمەنیان دژ بە کوردەکان ، دنەدا • وایان لێکردن بڕوا بکەن ئورووپایی یەکان سەربەخۆییان بۆ دەستێن • ئەوکات پیلانگێڕانی مارشەمعونو دەسەڵاتدارانی ناوچەو بەرپەرچدانەوەی پیلانەکان دەستی پێکردو بەرەوڕووبوونی کوردو ئاسووری ، جارێکی تر خۆی نواند ! پڕوپاگەند ، بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی گاوریەتی لە کوردستاندا ، پەرەیسەندو مەلاو کۆنەپەرست ، وەخۆکەوتن • ڕووداوەکەی ۱۸٤۳ بۆ ئاسووری یەکان ، سوودی نەبوو • بەگەکانی کوردو ئاسووریو ئەرمەن ، لێکیاندا لەملاو لەولا پێشگیریان کراو یەکگرتووی یەکە ، درزی تێکەوت ! ئورووپایی یەکان حکوومەتی تورکیەیان بە ناو بۆ کوژاندنەوەی کێشەکە ، هاندا • لە ولاشەوە پاشای مووسڵیش بۆ بەگزیەکادانی کوردو ئاسووری ، هاتە مەیدان ! بەڵێنی بە مارشەمعونی ڕێبەری ئاسووری یەکان ، دا کە لەبەرامبەر هێرشی کورداندا ، یارمەتی بدا • پیلانی چەند لاینە بۆ تێکدانی یەکیەتی

کوردو ئاســوورو ئەرمــەن بە شێوەی جۆراوجۆری سیاسی ، فەرهەنگی، ئابووری‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی ، هــەر درێژەی هەبوو • کار گــەیشتە پەلاماری چەکدارانەو کوردەکان وەخۆکەوتن‌و شەڕێکی پڕزیان ، دەستی پێکرد ! ئەو کوردانەی لەگــەڵ ئاسووری‌یەکاندا ، دەژیان ، تووشـــی جارەڕەشی بوون • لـــە ١٨٤٦دا جارێـکی‌تر شـــەڕ بەتوندی دووپات کرایەوە • شێخە کوردەکان‌و کۆنەپەرستەکانیش لـــە کوردستان زیاتر ئاوری‌شەڕیان بڵێسەدارکرد ! و ئاژاوەی‌باشیان نایەوە ! یەك لـەوانە شێخ عبدالعزیزی گیوران بوو • بریتانیـــا کوردی تاوانبـــار کردو بەفریو سوڵتانیان دژ بە بەدرخان ، دنەدا • سوڵتان بەتەمابوو کوردان خـــۆیان یەکتر لــە نێوبەرن‌و نەگــاتە هەڵمەتی ئەو ! بە کورتی سوڵتان فەرمـانی سەرکوتی بەدرخانی ، دەرکرد • بە فێڵ‌و بەڵێنی درۆو شەڕو هــەڵمەت بردن بۆ ســەر هاوپەیمانەکانی خــان، بەرەبەرە تەنگیان لە خان هەڵچنی‌و پاش چــەند شەڕی پیـاوانە هەڵمەتی‌مێرانەو زەبروەشاندن لـــە هێزی دوژمن‌و پاش‌ئەوە بۆ خــان دەرکەوت یارمەتی بۆ نایەو هێزی دوژمــن بێ‌ئەژمــارە ، کـــەوتە وت‌ووێژ ولە ٢٧ی تەمووزی ١٨٤٧دا ، بەڵێنی سەبارەت بە پاراستنی گیـــانی خۆی‌و سوپاکەی وەرگرت‌و خـــۆی‌دا بەدەستەوە • بەڵام هێزی تورك‌وازی لە کاول‌کردن‌و ڕاوڕووت‌کردن‌و سووتاندنی گوندەکان نەهێناو هەرچی هەبوو ، تاڵانی کرد ! سامانی خان ، خرایە مەزادەوە ! پاش ئەم کارەساتە هێـــزی عوسمانی وازی‌لـــە سەرۆکەکوردەکان ، نەهێناو کەوتە قەتڵ‌و بڕو تاڵان‌و کاول کردن(١) •

---

(١) تماشای کوردەکانی ئیمپراتوری عوسمانی ، پێشوو بکەن لـــە لاپەڕی ٢٠٩ـ٢٥٠ •

## خۆتێهەڵقورتانی ئامریکا :

لە ساڵی ١٩٤١ کە ئێران بووبەپردی سەرکەوتنی ئامریکاو بریتانیاو ئەوانی ترو ڕەزاشا ، ڕووخا ، ئامریکاش بە کردەوە دەستی کێشایە نێو کێشەی ڕۆژهەڵاتی نزیك . لە ساڵی ١٩٤٥ حکومەتێکی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران دامەزرا . ساڵی ١٩٤٤ پاشماوەی هێزی پۆلیسی ئێران لە مەهاباد ، وەدەرنرا . لە ١٦ی ژوئیەی ١٩٤٥ لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ ـ ك ، حیزبی دیموکراتی کوردستان ، دامەزرا .ئازادیو خودموختاری بۆ گەلی کورد گرنگترین بەندیبەرنامەی حیزب بوو . لە ٢٦ی ژانویەی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا کۆمارێکی نیشتمانی کورد بە سەروکایەتی قازی محەممەد ، دامەزراو کەمترلە ساڵێك خۆی ڕاگرت . بەڵام لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی گەلەکەمان‌دا ، هەنگاوی بەکەڵکی ، هەڵگرت . کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار بەیارمەتی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیسی ئامریکاو بریتانیا ، دڕندانە هێرشیان کردە سەر ئەو دوو کۆمارەو لەناویان‌برد . لە ئازەربایجان زیاتر لە ١٥ هەزار دیموکرات کوژرانو لە ڕۆژی ١٠ی خەکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ٣٠مارسی ١٩٤٧ی زایینی قازی محەممەد ، سەیفی قازی ئامۆزاری پێشەواو سەدری قازی برای قازی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، لەسێ‌دارە دران .

ئەوجار سوپای ئێران ، ڕوویان‌کردە کوردستانو خرابکاری‌یەکی زۆریان کرد. بارزانیەکان کە لە پێش‌دا پەنایان‌هێنابووە بەرکۆماری‌ساوای کوردستان ، پاش شەڕێکی توند لەگەڵ هێزەکانی ئێران ، گەڕانەوە عێراق . لەوێش نووری‌سەعید بەرهەڵستی کردن . مەلا مستەفا بارزانی بە نزیکەی ٥٠٠ چەکدارەوە لە سنووری تورکیەوە گەڕایەوە خاکی

ئێران • ئێـــران ، دەهـــەزار کەسی نارده سەریان‌و بە دەم تۆپ‌و فڕۆکەبارانەوە ، توانیان ٣٠٠ کیلۆمیتر بە شەڕبڕن‌و خۆ بگەیێننە چۆمی ئارازو بچنــە یەکیەتی سۆڤیەت تا شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق ، نەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان(١) • کارەساتی گەڕانەوەی بارزانیەکان‌و ڕاپەڕینی سەرلەنوێ‌و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دەستێوەردانی ئەمریـکا بە سیخوری‌و نۆکەری شای ئێران وەك داستانێکی تاڵ‌و شیرین لــە زەینی هــەر کوردێـکی ئازادیخوازدا ، ماوەتەوە • تاڵە چوونـکە ئاشبەتاڵی بەدواوە بوو • شیرینـە چوونـکە بەیانی یازدەی ئازار بۆ یەکەمجار لــە مێژوویی ژیانی کورددا ، بێ پێشینە بوو • بۆ یەکەمجار بوو کە وڵاتێك کوردی تێـدا دەژی ، بە ئاشکرا دانی بەوەدا نا کــە گــەلی عێراق لـــە دوو نەتەوەی کوردو عەرەب ، پێك‌هاتووە • کورد مافی دامـــەزراندنی ڕێکخراوی قوتابیان‌و لاوان‌و مامۆستایانی تایبەتی‌خۆی هەیەوە دەتوانی بە زمـانی خۆی بخوێنێ‌و بنووسێ •••

هیچ گۆمانی تێـدا نیـە شێوەی ژیانی دەرەبەگایەتی‌و نزمی پلەی ژیانی زەحمەتکێشان‌و چەوسانەوەو کەمبوونی ڕادەی نەخوێندەواری‌و بێ‌خەبەری لــە ڕاپەڕین‌و گۆڕانەکانی ژیانی گــەلانی جیهــان شوێنی زۆریان لــە سەرنەکەوتنی شۆڕشەکاندا ، داناوە • هەڵوێستی مەلاو شێخ‌و دەرەبەگەکان کــە بە زۆربەیی ، ڕێبەرایەتی شۆڕشەکانیان دەکرد ، بــە چەشنێك بوو کە تا ئەوکات لەگەڵ پالەو وەرزێرو زەحمەتکێش بەرەوپێش دەچوون کــە بەرژەوەندی خۆیان ، نەکەوێتە مەترسی‌یەوە • هــەر لەوپێیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی لاوەکی زوو فریوی دوژمنیان خواردوەو ئاکامی ئەو گشت ڕاپەڕینانە ، بووەتە ماڵوێرانی زەحمەتکێشانی کورد •

---

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٩٤ـ٩٣ •

ئاینو تەریقەت هەرچەند لە ڕاپەڕینەکاندا ، دەوری خۆیان گێڕاوە ، چونکە کۆنەپەرستیبە سەریاندا زاڵ بووە ، ئامانجەکانی گەلیان لە پلەی نزمدا ، داناوەو تێکۆشاون لەو چوارچێوەدا ، بچنە پێش :

فەرهەنگی فئودالی ، فێقهی فێودال ، دابو نەریتو ئابووریو باری کۆمەلایەتی دەرەبەگایەتیو پاشای فێئودالی سەقامگیر لەو وڵاتانەدا ، کوردی تیا ژیاوە بۆچوونی لەوچەشنە ، پێكدێنیو هەر بۆیە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت ، بە خۆین ، نەیانتوانیوە ، بە خەبات درێژە بدەنو زۆرجار بە وتوویژو خۆبەدەستەوەدان کە تاقە مەرجی پاراستنی گیانیان بووە ، سەنگەری شۆرشیان ، بەجێهێشتووە !

ئەوەش حاشا هەڵناگری ، شۆڕشگێڕانێك هەبوون لەبەر نەبوونی دەرەتان لەڕاستیدا ، خۆیان بەدەستەوە نەداوەو بەدیل گیراون کە بەزۆربەیی لە سێدارە دراون • دیارە ئەو هۆیانەش تاقە هۆی سەرنەکەوتن نین ، هۆی دیکە وەك باریجوغرافیایی ، شێوەی بەرەوڕووبوونی وڵاتە ئیمپریالیستەکان لەگەڵ کێشەی کوردو هەڵوێستی حکوومەتەکانی ناوچەش ، لەئارادایە •

بە چاوپیاخشاندنێکی سەرکی بەسەر گشت ڕووداوەکاندا ، دەردەکەوێ کە قازانجی ئیمپریالیستەکان لە سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستاندا ، دابین نەکراوە • چوونکە ئەگەر ئەو چاوەڕوانییەیان لێ بایە ، وەك زۆر لە حکوومەتە دەسکردو بچووکەکان ، هەلو مەرجیان بۆ لەبار دەکرد •

بەداخەوە هەن لەو کوردەڕەشبینانەی کە دەڵێن شێخمەحموود بە فەقیانەکەی ، دەستی لە دەستی نوێنەری بریتانیا ، دەنا ، بۆیە لەو کاتەدا ، کوردستان نەیتوانی مافی خۆی وەربگرێ ! دەکرێ بەو

هۆش وردانه بڵێین : لـه باری ئایینیەوه ئێستاش لـه حیجـازدا ، ناموسڵمانەکان ڕێـگایان نیه بچنه مەکەو مەدینە ، کەچی عەرەبستانی سعوودی ، دۆستی هەموویانەو لەمدوایانەشدا ، دیتمان کـه چـۆن سەدان هەزار سەرباز بە مۆدێرنترین چەکی جیهانەوە ، بۆ دیفاع لـەو وڵاتـه لەو ناوچه دان و تا ئێستاش دەستی نـەوتاویش ، ڕەت نەکردوەتەوە .

عەشیرەتە کوردەکان لەووڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی ، لەسەر سیاسەتی دەرەوەیی‌و نێوخۆیی وڵاتەکە ، دەوری گرنگیان هەبووە . لە کاتی پێویستدا ، لـه سەرانسەری وڵات پارێزگاریان کردوە ، پشـتی حکوومەتیان گرتووەو لەکاتی شەڕدا ، بتر لـه هـەموو خەڵـکی وڵات ، زیانی گیانی‌و ماڵیان دیوە . بەڵام دەسەڵاتداران ، هەمیشە لـه ڕاپەڕینی کوردیئەم وڵاتو ئەو وڵات بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی خـۆیان کەڵـکیان وەرگرتووە . وەك وتمان سەرەڕای ئەوە هێزە گەورەکانیش لەوپێیەدا ، لـه ڕووداوەکانی کوردستان ، کەڵـکیان ، وەرگرتـووە . ئەگـەر لەبەر چڕوپڕی‌و شاخاوی‌بوونی کوردستان ، حکوومەتەکـانی عوسمانی‌و ئێران ، لـه درێژایی‌مێژوودا نەیانتوانیبێ ، بەتەواوی بە سەر کوردستاندا زاڵ‌بن ، بەتایبەت عوسمانی لـه چوارچێوەو داڕشتنی بناخەی ئیداری ئەمیرنشینە کوردەکاندا ، دەوریان ، هەبووە . لێرەدا ، جیاوازی نێوان دوو ئەمیرنشینی گۆران‌و ئەردەڵان لـه ئێران‌و ئەمیرنشینەکـانی کورد لـه تورکیە ، بەرچاوە . بناخەی ئەمیرنشینەکانی ئێران ، کـەمتر لەســەر بناخـەی عەشیرەتی ، بوو وزۆرتر ســەرانیان ، شارنشین‌و خوێندەوارو تاڕادەیەك جیهاناس بوون . هەربۆیە دەبینین لـه نێـو ئەمیرنشینەکانی کوردستانی تورکیەدا ، لق‌وپۆیی‌وا هەن یان لایەنـگری

ئێران یان توورك یان رووس یان بریتانیـــا بوونو بوونەتە لەمپـــەری سەرکەوتنی شۆڕش(١) • ڕەنــگە ئەم لاینگریەش بەوهۆیەوەبوو بێ ، کــە لەبەر بەهێزبوونی ئەم وڵاتانـــە ، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بووبێ ، یارمەتییان بدەن بـۆسەرکـەوتن ! چوونــکە بەتایبەت لە ١٩٣٠–١٨٠٠ی زایینیەوە بە چاوی خۆیان یارمەتیدانی ڕووسیەو بریتانیایان بۆ سەربەخۆیی یونانو ئیسلاوەکان ، دیوە ، بۆیە لاینگرییان ،لێکردوون،بەڵام وەك وتمان سەرکەوتنی کورد ، بەقازانجیان نەبووە • هەربۆیە بێجگە لــە فریودانو بەڵێنی بێناوەڕۆك،چاکەیەکیان بۆ کورد نەبووە• ئەمڕاستییە ڕاستییەکی تر دەردەخا ، کــە هێزی میری کورد قــەت لە جێگایەك کۆ نەبووەتەوە • هەربۆیە چ بە جەنگو چ بە سیاسەتو فێڵ ، دوژمن توانیویەتی لـــەم بەش‌بەش‌بوونە ، کەڵك وەربگرێ و بەرەبەرە ، هێزی سەرەکی یـــان سەرۆك عەشیرەتی گەورە ، لاوازبـــکا یان سەری پێ دابنوێنێ یـــان بیکوژی !

وەك لە باسی ڕاپەڕینەکەی بەدرخان‌بەگ‌دا ، باسمان کرد گەڕۆکە ئایینیەکانی بریتانیاو ئاڵمانو رووسیەو لــەم دوویانەدا ، ئامریکا بەپشتیوانی حکوومەتەکانیان ، بە مەبەستی تایبەتی چوونە هـــاواری ئەرمـــەنی و ئاسووری‌یەکانی دانیشتووی کوردستانەوەو بەمجۆرە ترس‌لە دواڕۆژ ، سەراپای کوردی ، داگیرکردو بەناچار پەنایان بردە بەر ئیسلامخوازی‌و داوای یارمەتییان لە خەلیفەی عوسمانی کرد ، ئەویش لەترسی‌لەدەستدانی نفووزی مەزهــەبی خۆی‌و پێك‌هاتنی چوار چێوەیەکی ئیداری مۆدێرن ، پشتی گرتن • بێجـــــگە لــەوە عەشیرەتە کوردەکانیش لەم دیاردە بۆ تالآن‌کردنی ماڵی مەسیحییەکـــان ، کەڵــکیان وەرگرت ! گرنگتر

---

(١) باسی پێوەندی ئەم دوو ئەمیرنشینەمان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر کردەوە •

لــه هەموو ئەدانە ئەم بەرنامە لەلایەن شێخەکانی تەریقەتەوە کە مانیان لە پەرەدان بەو دەمارگیری یەدا بوو ، پەرەی سەند • بەمجۆرە ، ئــەوان و هێندێك لە مــەلا کۆنەپەرستەکان بە شایلۆغان کەوتنە پڕوپاگەندو هاندان و پتەوکردنی بناخەی داموو دەزگای خۆیان •

وای لێهــات لە ١٩١٥-١٩١٤ نزیك بــە تەواوی کوردەکـــان بە بانگەوازی جیهاد ، دژ بە ڕووسەکان ، وەڵامی پشتیوانیان بە عوســــمانی دایـــەوە !

بەمجۆرە کورد لە لایەك ، دژ بە داوستەملێکراوەکانی خۆی ، دنە دراو لــە لایەکی تر هــەر ئەو وڵاتە گــەورانە داوایان لــە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی ئەکرد ، بۆ پاراستنی گیانی مەسیحییەکان ، کوردەکان و میرنشینەکان و ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت بکەن • هەستی ناسیونالیستیش زۆر کۆن نیــەو دەکرێ بگوترێ بێجگە لــە چەند باری بەدەگمەن و چەند ڕاپەڕینی بەرچــاو کــە ئەوانیش لــە ژێر شوێنەواری ئایین دا ، خنکان ، لام دوایانەدا ، بە لاسایی کردنەوەی ئەرمەنیەکان و پاشان کەمالیستەکان بەتەواوی سەری هەڵدا(١) • بەرهەمەکەشی ، تا ئێستا دیتراوەو سەبارەت بــە بارو دۆخی کۆمــەڵایەتی پێك هێنەری باری ئایینی و ناسیونالیستی ڕاپەڕینەکان لە شی کردنەوەی لاینە جۆراوجۆرەکانی ژیانی گەلەکەمان دا ، لــە درێژایی مێژووی سەدەکانی دووایی دا ، باس دەکەین • لێرەدا بــەم بەشە کۆتایی دینین و لە خوێنەر داوا دەکەین ، بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لەم بارەوە ، سەرچاوەکانی ئەم بەشەو پەرتوکی مێژوویی تر ، بخوێنێتەوە •

---

**(١) لێکۆڵینەوەکانی کوردی ، بەرگی ١ ژمارەی ٤ ساڵی سی ١٣٦٥ی هەتاوی لە بلاوکراوەکانی بنیاتی کورد ، لە پاریس لاپەڕی ١٦-١٥**

## ڕووبەری کوردستان :

کوردستان وڵاتی کوردان ، لە ئاسیای ڕۆژئاوا ، کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پێوانەکەی بەمجۆرەیە :

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی لووتکەی ئازاراتەوە ، خەتێکی ڕاست دەستپێدەکا بەرەو باشوور بۆ بەشی جنووبی زاگرۆسو پشتکۆ ، دێتە خۆاریێ لەوێڕا ، خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا ، دەکێشین ، هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق • لەوێویۆە خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا کە لە مووسڵەوە ، دەگاتە بەشی تورکنشینی ویلایەتی ئەسکەندەروونو لەونوختەوە ، خەتێ بۆ لای باکووری ڕۆژهەڵات ڕادەکشێ ، تا دەگاتە ئەرزڕۆم لە تورکیە•پاشان لە ئەرزڕومەوە ، خەتێک بەرەو ڕۆژهەڵات دێی تا دەگاتەوە لووتکەی ئارارات •

بەمجۆرە پێوانەی کوردستان ، بە تێکڕایی دەگاتە نزیکەی ٤٠٩/٦٥٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە ١٩٤/٤٠٠ کیلومیتر لە تورکیە باکووری • شاخاویو ئاو وهەوای جۆراوجۆری هەیە ، بەرزترین ١٢٤/٩٥٠ لە ئێران ٧٢/٠٠٠ کیلۆمیتری لە عێراقو ١٨٪٣٠٠ کیلۆمیتری لە سووریەیە • درێژایی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور دەگاتە ١/٠٠٠ کیلۆمیترو ڕادەی ناوەنجی پانایی لە باشوور ٢٠٠و هەتا بەرەو شیمال برِوا زیاد ، دەکا تا دەگاتە ٧٥٠ کیلۆمیتر • ئەم وڵاتە کەوتوەتە نێوان ٣٠ تا ٤٠ پانایی ڕۆژهەڵاتیو ٣٧ــ٣٨ درێژایی کێوی ئاگری گەورەیەو بەرزایی دەگاتە ٥/١٥٨ میتر • هەزار تا هەزارو پێنسەد میتر لە ژووری دەریایە •

لە پێدەشتەکاندا ، ڕادەی ناوەنجی باران لە ساڵدا ، لەنێوان ٢٠٠تا ٤٠٠ میلیمیتر دایە • لە زنجیرە کێوەکن ، دەگاتە ٧٠٠ تا ٣/٠٠٠و تا

٣/٠٠٠ دەڕوا • نزمایی یەکان ، زۆربەیان لێرەوارن‌و رووباریان بەناودا، دەڕوا • دۆڵەکان ، وشکارۆن‌و هێندێك جار ، بێ‌ئاون •

جیاوازی پلەی نزم‌و بەرزی گەرما ٨٠ پلەیە • لە قەرەکۆسە پلەی گەرما ٣٠ تا ٣٥ ژێر سفرو لـــە خانەقین ٤٤ تا ٤٥ لە سەرەوەی سفرە ( سقزو تیکاب‌و بیجاڕ وەك قەرەكۆسەی باكووری كوردستانن ) •

## چۆمەكان :

زۆربەی مەڵبەندەكان ، سەرچاوەی ئاوین هەیە • هێندێك ناوچەش ئاوی خواردنەوەشین كەمە ! لە كوردستان ، سەرچاوەی چوار چـۆمی گەورە ، هەڵدەقوڵێ :

### ١ ـ چـۆمی ئاراز :

لـە ناوچـــەی بینگۆڵ ، سەرچـــاوە دەگرێ‌و ٤٣٥ كیلۆمیتر بە بە كوردستاندا ، تێپەڕ دەبێ • لەنێـــوان سنووری ئێران‌و یەكیـــەتی سوڤیەتەوە ، دەڕژێتە دەریای خەزەرو ٩٢٠ كیلۆمیتر ، درێژە •

### ٢ ـ چـۆمی دیجلە :

لە باكووری دیاربەكر ، نزیك گۆلی گۆڵ ـ چووك دێ‌و زیاتر لە ٦٠٠ كیلۆمیتر بە كوردستاندا ، دەڕوا ٤٥٠ كیێۆمیتری لـە كوردستانی توركیەو ١٥٠ كیلۆمیتری لە كوردستانی عێـــراقە • درێژایی یەكـــەی ١/٩٠٠ كیلۆمیترە •

### ٣ ـ چـۆمی فورات :

ئەو كەرتەی پێدەڵێن چۆمی قەرەسوو ، لە دوملوتەپە ، باكـــووری ئەرزڕۆم ، سەرچاوە دەگرێ‌و ٤٦٠ كیلۆمیتر ، درێژە • كەرتەكەی تری

واتا چۆمی مۆراد ، ٦١٥ کیلۆمیترەو کەوتۆتە نێوان گۆلیوان ئاگریو لە چیای ئالاخ ، هەڵدەقوڵێ • قەرەسووو مۆراد ، لە باکووری ڕۆژئاوای شاری ئالازیگ ، یەکدەگرنەوەو چۆمی فورات ، پێکدێنن ، کە ٦٤٧ کیلۆمیتری تریش بە کوردستاندا ، تێپەڕ دەبێ •

## ٤ ـ چۆمی قزل‌ئوزون :

لە باشووری ڕۆژئاوای شاری دیوانەدەرەی کوردستانی ئێرانەوە، دەکشێو لە زەنگانو میانەوە ، دەکاتە باکووری ئێرانو دەچێتە دەریای قەزوین • زێ گەورە ٤٥٠ کیلۆمیتر درێژە بە تورکیەو عێراقدا دەڕوا • زێ بچووك ٢٠٠ کیلۆمیترە کە دەچنەوە پاڵ دیجلە • چۆمی بتلیسو بۆتان ، سیروانو ئاماسیاب ، جەغەتوو ، تەتەهوو ، گادەرو قەرەسووی کرماشان ، قشلاخی سنە ، چۆمی هەجیجو دەیان چۆمی گەورەو چووکی تر کە هەرکامەیان لە پاراوکردنی زەوینو بەرهەمهێنانی باخو کشتوکاڵدا ، دەورێکی کاریگەری هەیە • بێگومان بۆ وڵاتێکی وەك کوردستان کە ئائێستا جۆرێك سەنعەت ڕێی تێنەکەوتووە بە هەر هۆیەك بێ کانگاکانی کەڵکیان لێوەرنەگیراوە ، بوونی ئاو بۆ باری ئابووری ، کشتوکاڵیو ئاژەڵداری ، پیتو بەرەکەتو بناخەی ژیانە •

### گۆلەکان :

بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە نێوان گۆلی وانو گۆلی ورمێ • گۆلی وان ، مەودای ٣/٧٦٥ کیلۆمیتری چوارگۆشەیەو ڕادەی تێکڕایی قووڵاییەکەی ١٠٠ میترو ١/١٢٠ میتر لە ڕێکی دەریاوە بەرزترە •

گۆلی ورمێ کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێو قەراخی ڕۆژئاوایە ،

بەشێك لــە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو درێژایی ١٣٠ ك٠م و پانایی ٥٠ ك٠م پێوانەکـــەی بەگشتی ٦٠٠ ك٠م ی چـوارگۆشەیە • ڕادەی تێکڕایی قووڵایی ٦ میترەو لە هێندێك شوێن‌دا ، دەگـــاتە ١٥ میتر • گەورەترین دوڕگەی «شاهی»یەکە پێوانەی خۆی لە ٢٥ ك٠م دەدا •

گۆلی خەزەر یان گۆلی چووك لــە شیمالی دیاربەکرەو ١/١٥٥ میتر لە ڕێـــکی دەریاوە بەرزە •

گۆلی زرێوار لــە مەریوان درێژایی ٤/٥ ك٠م و پانایی ١/٧ ك٠م و ڕادەی تێـــکڕایی قووڵایی ١٥ میترە • بەداخەوە زرێوار کەڵکێـکی ئەوتۆی بۆ کشتوکاڵ نیەو تەنیا هێندێکی بەهاران سەرڕێژ دەکاو بـەرەو چۆمی گاران ، دەڕواو لەسەر ڕێـــگا ، ڕەنـــگە کەڵکی لێ وەربگیردرێ • ئاوی ئەو گۆلە ، لە بن‌خۆی ، هەڵدەقوڵێ •

**لێرەوارەکان :**

چیاکانی کوردستان کەمتر لێرەوارن • لە پێ‌دەشت‌و نزمایی‌یەکان‌دا ، لێرەواری سرۆشتی‌و لە نزیك شارو گوندەکان دەسنێژ هەیە • زۆربەی کێوەکان لێرەوار ، داپۆشیون‌و نزیکەی چوار میلیۆن هێکتار ، دەبـێ • بەشی زۆری داری بەڕووە • لە کوردستانی تورکیە ٦٪ لــە هی ئێران ٣٢٪و عێراق ٨٪ی لێرەوارە • پێوانەی گشتی ٦ میلیون هێکتارە • واتــا نزیکەی ١٤٪ گشت خــاکی کوردستان • ئــەم لێرەوارانە زۆر بەیشمت نین‌و لە بەر کەمتەرخەمی دانیشتوان‌و سووتمانی پەیتا پەیتا هەتا دێ کەمتر دەبنەوە • بەداخەوە لە کوردستان‌دا ، کارگەی‌وا دانەندراوە لەو دارانە بۆ ئامرازی ژیان ، کەڵك وەربگیردرێ • هەر بۆیە بە زۆربەیی بــــۆ ئاوردوو ، کەڵــکی لێ وەردەگرن(١) •

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ١٩ــ١١ •

## دانیشتوان :

لــه بەر هۆی جۆراوجۆری سیـاســیو ئابووریو نەتەوایـــەتی، حەشیمەتی کوردستان بەوردی دیاری ناکرێ • سەرژماری خودی ئــەو ولاتانەی کوردیان تێـــدا دەژی ، ڕووی‌ڕاستی نیشان نادەن‌و بێجـــگە لــەوە کورد بەهۆی جۆراوجۆر ژمـــارەی بنەماڵەکـەی بەوردی ، ڕاناگەیەنی • بەپێی سەرژمایو بەڵـگەو نووسراوە جۆراجۆرەکان کـە دوکتۆر قاسملوشی کردونەتەوە ، لە ساڵی ١٩٦٥دا ، ڕایگەیاندوون ، تێکڕای حەشیمەتی کوردستان ١٣/٦٧٢/٦٢٠ کەسە • عـەلائەددینی سەجادی لـــە کتێبی شۆڕشەکانی کـــەلی‌کورد ، لە ساڵی ١٩٥٩دا نووسیویەتی ، حەشیمەتی کورد خۆی لە ١٨ میلیۆن ، دەدا کە هێندێکیان پرژو بلاون • دوکتۆر بەم‌حیسابە ، دەیگەیێنێتە ١٤/٢٢/٦٢٠ میلیۆون • بەپێێ سەرهەڵدانی سالانەی حەشیمەتی دانیشتوانی جیهان ، بەتایبـــەت ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە مـاوەی ئەو چـەند ساڵەدا ، بێگومـان ژمـارەی دانیشتوانی کوردستان ، زیادی کردوە • بۆنموونە بـــەپێی سەرژماری ساڵی ١٩٧٢ شاری کرماشان ٢٨٢/٥٣٨ کـــەس زیـــادی کردوە • بەوپێیەش کەرکوك لە ساڵی ١٩٦٩دا ، ٢٥٨/٨٦١ کـــەس زیادی کردوە • دوکتۆر بە بەڵـگە سەلماندوویەتی ، لوڕیش کـوردن‌و لەڕاستیش‌دا ، هەراوایە(١) بەوپێـە ئێستا حەشیمەتی کوردستان ، خۆی لە نزیـکەی ٢٤ میلیۆن کەس ، دەدا • بەپێی ئەو ڕووداوانەی لە باسـە مێژوویی‌یەکان‌دا ، هێمامان پێـکرد ، ئەگەر کورد تووشی ئەو ڕۆژڕەشیو قەتڵ‌وبڕە بێ‌پسانەوە کـە تائێستاش ، هـەر درێژەی هەیە ، نەبایـە ، بێگومان ، دانیشتوانی کوردستان ، ئێستا خۆی لە ٣٠ میلیۆنیش دەدا •

---

(١) هەرئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٦ـ١٩ •

ئەگەر باری لەش‌ساغی‌و پلەی ژیانیش بەرەوپێش بچووبایەو کۆمەڵی کوردەواری وەك کۆمەڵە زیندووەکانی جیهان ، ڕەوتی گەشەکردنی ئاسایی ، تێپەڕ کردبایە ، ژمارەی دانیشتوان ، لەوەش زیاتر دەبوو • نیسبەتی زەوی‌و حەشیمەت لە کوردستان ، جۆرێك نیە کە دەرەتان کەمتر بنوێنێ • بە هۆی ئەوە کێشەی کورد ، چارەسەر نەکراوەو مەیدانی جم‌وجۆڵی ڕزگاریخوازانە ، کەوتۆتە گوندەکان ، کۆچی زۆرەملی‌و دڵخوازی گوندنشینەکان بۆ شارەکان ، زیاتر بووە • چل ساڵ لەمەوبەر سنە شارێکی ٥٠ هەزاری‌و سلێمانی زۆر لەوەش کەمتر بوو ، کەچی ئێستا سلێمانی خۆی لە یەك ملیۆن‌و سنە خۆی لەنیو ملیۆن حەشیمەت دەدا !

بەم‌پێیە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی باری کشتوکاڵ‌و میکانیزەکردنی زەوی‌و بەرهەم‌هێنان ، بەهۆی هێزی قۆڵی وەرزێری کوردو ئامرازی زانستی ، بە باشی نەچووەتە پێش‌و زۆر لە زەوی‌یە ئاوی‌و دەیمەکان بە نەکێڵدراوی ماونەتەوە ! لە بەرئەوە سەنعەت کەمتر ڕووی کردۆتە شارەکانی کوردستان‌و لەڕاستی‌دا سەنعەتی کوردستان ، قوفەیلی‌یە ، کاروپیشە بۆ دانیشتوانی شارە گەورەکانی کوردستان ، کەمەو ڕادەی بێکاران تا دێ زیاتر دەبێ !

سەنعەتی دایك‌و کارگەی گەورەو سەربەخۆ ، لەو وڵاتانەدا ، کوردیان تێدا دەژی یان هەر دانەمەزراوە یان لە کوردستان‌دا نیە • کەوابوو سەنعەت یان مونتاژ یان بەشێوەی کۆکردنەوە (تجمیع)و تۆفەیلی بەرێوە دەچێ‌و سەنعەتی ناوچە کوردنشینەکانیش بەتەواوی بەسراوەتەوە بەو سەنعەتەوە • هەربۆیە قوفەیلی‌یە • باری بازرگانیی کوردستانیش لەوە خراپترە •

کە باسی ژمارەی دانیشتوان ، دەکرێ ، دەس بەجێ ، مەڵبەندی سروشتیو کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ ، دەکەوێتە ، زەینەوە • پێوەندی دەستەو تاقمەکان ، لەگەڵ مەڵبەندی سروشتی خۆیان ، وەك خاك ، ئاووهەواو خواردەمەنی و هیتر ، دیاریٚ دەکرێ • هەروەها پێوەندی گرۆو کۆیەکان لەگەڵ فەرهەنگ یان مەڵبەندی کۆمەڵایەتی ، باس دەکرێ • جۆری خاكو گەیشتن بە دەریاو ڕووبار ، چۆنیەتی باری سروشتی ناوچەو چلۆنایەتییەکانو سەرچاوە ژێرزەوییەکان ، شیدەکرێنەوە • شێوەی شوێنەواری مەڵبەندی ژیان ، لەسەر ژیان ، دەوری لە بەڕێوەچوونی ژیانی دانیشتواندا ، هەیە •

سەرهەڵدانی حەشیمەت لە ناوچەیەك ، ئەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە دابەش کردنی جێیدانیشتنو خواردەمەنیو بەرهەمهێنانو دەوری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ، لەو ناوچە • وەك تێکخزانی مرۆڤو ڕێکخراوەکان لە ناوچەیەکداو کۆبوونەوەیانو زۆربوونی حەشیمەت کە بێگومان شوێن لەسەر چلۆنایەتی بەڕێوەچوونی ژیان ، دادەنێن • لە گوندەکان بەهۆی کشتوکاڵو ئاژەڵداری ، ژیان بە هەر شێوە تێپەڕ دەبێو بێکاری بە شێوەی شار نیە • بەتایبەت لە نزیك ڕووبارەکانو دەریاو لە ناوچە پڕپیتەکاندا ، خەڵك ژیانی بەباشی دەچێتە پێشو بەرهەم زۆرەو هەژاری بەنیسبەتی ناوچە ، بەرچاو نیە • بەڵام ژیان لە شاردا ، بەتایبەت ئەگەر حەشیمەت زۆروبۆر بوو ، بێ لە بەرچاوگرتنی نیاز ، هێرشی بردبووە شار ،بێکاریو هەژاریو تاوانی کۆمەڵایەتی وەك دزیو لاڕێی ، ئەگاتە ئەوپەڕی خۆی ! ئەگەر بێتو شارەکانیش لە باری دابین کردنی کارو ئاموزشو قوتابخانەو بنکەو بنیاتی جۆراوجۆری ترەوە ، وەڵامدەر ، نەبێ ، ڕۆژڕەشی ، دانیشتوان زیاتر دەبێ •

شـــار نیـازی بە ئامـرازی نوێو **دام ودەزگای جۆراوجۆری**
**ڕاگوێستن**و ئامادەکردنی پێداویستی یەکان هـەیەو ئەگەر حەشیمەت **زیاتر**
بێ ، بەوپێیە پێویستە ئامرازی خزمەتە کۆمەڵایەتی و ئاموزشی و پەروەردە
کردنەکـان ، زیاد بـکرێن • بە وتەیەکی تر لـە شاردا ، بەرهەم‌هێنانی
دەستی لەگـەڵ بەرهەم‌هێنانی مەکینەیی دا ، جێگا دەگۆڕێ و پێوەندی یە
کۆمەڵایەتی یە دوولایەنەکانیش ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا دێ • شار لەجیاتی
گوند دەبێتـە ئاوەدانی کۆمـەڵ و گوندەکان بەرەویەن کەمتر دەبێتـەوە •
شـارو شارنشینیش چـەند جۆرە :

١ ـ شارۆچکە •
٢ ـ شـــار •
٣ ـ شـاری گـەورە •
٤ ـ شـــاری نێـــوان دوو شار کە ئەبێتە ئاوەدانی ئەوانی تر •
٥ ـ شاری خاوەن پێوەندی بە شاری گەورەوە •
٦ ـ هەروەها دەوروبەری شار کە هەرکامەیان تایبەتمەندی خۆیان
هەیەو لە هێندێك وڵاتدا ، دانانی ئەمانە لە ڕووی نەقشەو پلانەوە نیە •

شاری گـەورە حەشیمەتێکی تێـدایە کـە بەهۆی ڕێـــکخراوە
کۆمەڵایەتی یە پڕ گرێ و گۆڵەکانەوە ، بەتایبەت ڕێکخراوە ڕەسمی یەکان ،
پێـکەوە پێوەندیان هـەیەو هاوکـــاری دەکەن • ئەگەر شار تایبەتمەندی
شارێـکی ئەوتۆی نەبوو ، بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر ، گوندی یەکان بەرەو
شارەکان ، کۆچیان کرد ، ئەوکات ئەو پێوەندی یە بەوشێوە دانامەرزێ و
کۆمەڵانی خەڵـکی لێ قەوماو بۆ دابین کردنی پێداویستی یەکانی ژیانیان ،
پەنا بۆ دەس فرۆشی ، تاوان ، لاڕێیی ، دزی و فرت و فێڵ ، دەبەن و تووشی
ئاکـاری دژی ئەخلاقی دەبن و کۆمـەڵ بەرەو بێ سەرەوبەرەیی دەبەن •

هێندێک لـه شاره‌کانی کوردستان ، خـاوه‌نی ئه‌و په‌سنده‌و هۆی ئـــه‌و بارو دۆخه‌ش ، خه‌ڵـکی تاوانـکارو تاوانبارکراو نیـه • چونکه قه‌باره‌ی شاره‌کان ، ده‌سکردی تاوانبارکراوه‌کان‌و کۆچه‌ران نیه • قه‌باره‌ی هـه‌ر شـــار به‌رهه‌می شێوه‌ی دابه‌شکردنی حه‌شیمه‌ت‌و ڕێـــکخراوه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانیه‌تی •

دوو هۆ له پێک‌هێنانی کۆمه‌ڵگاکاندا ، گرنگی زۆرتریان هه‌یه :

دابه‌شکردنی تقمـه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان‌و دابه‌شکردنی بنکه‌و بنیاته کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان • شـار به چـه‌ند به‌ش دابه‌ش ده‌کرێ : به‌شێک بۆ ژیان ، به‌شێک‌بۆ به‌رهـــه‌م هێنان ، به‌شێک بۆ ئاڵوویرو هی‌تر • دیاره به‌ره‌وپێش چوونی سه‌نعه‌ت‌و خۆڵقاندنی ئامرازی ژین ، قـه‌باره‌ی ژیانی شارنشینی ده‌گۆڕێ •

ئه‌و وڵاتانه‌ی به هـه‌ر هۆیه‌ک خه‌ڵـکی گونده‌کان ، هـان‌ده‌ده‌ن بچنـه شاره‌کان ژیان به‌سه‌ربه‌رن یان له ژیانی شارنشینی ئاگادار نین یان سیاسه‌تی ڕۆژو تێپه‌ڕکردنی کـات ده‌گرنه پێش • چونـکه شارنشینی دژواری زۆری هه‌یه • چونـکه کۆمه‌ڵگا بچووکه‌کان خۆیان گیروگرفتی خۆیان چاره‌سه‌ر ، ده‌که‌ن • له حاڵێک‌دا هـه‌م گیروگرفتی شـارنشینی زۆره‌و هه‌م دانیشتوانی شاره‌کان به‌ته‌مان که حکوومه‌ت بۆ چاره‌سه‌رکردنی گیروگرفته جۆراوجۆره‌کانیان ، هه‌نـگاو هه‌ڵگرێ • ئاو ، کـــاره‌با ، جـاده ، جێی حـه‌سانه‌وه ، باخچـه‌و جێی پیاسـه ، سینه‌ماو کتێبخانه ، جێـگای ئۆتۆمبیل ، دابه‌شکردنی گازو نه‌وت‌و خوارده‌مه‌نی‌و ده‌یـــان شتی له‌وچه‌شنه‌و دابین‌کردنی هێمنایه‌تی‌و پاراستنی سامان‌و مافی خه‌ڵک‌و هی‌تر • ئه‌مـانه بێجگه لـه‌وه ، ته‌وژمی زۆر بۆ دانیشتوانی شاره‌کـــان پێک‌دێنن‌و خـودی زۆربوونی حـــه‌شیمه‌ت‌و ئامـــرازی ڕاگوێستن‌و

هاتوچوو ، دووکەڵی کارگەو دەنگی زۆرو پیسی هەوا ، بەشێکن لە گیرو گرفتەکان ، ئەم بارەی ژیان نەخۆشی لەشیو دەروونی ، بەرهەم دێنێ • هەربۆیە لەگەڵ ئەوەدا لە شارەکان باری لەش ساغیو خواردەمەنی باشترە ، خەڵکەکەی لە دانیشتوانی گوندەکان ، تەمەنیان کورتترە !

چارەی ئەم کارە دابین کردنی ژیانێکی ئینسانی شیاو بۆ گوندنشینەکانە • پێویستە داهاتیان بەرینەسەر وای لێ بێ ژیان لە شارەکاندا ، سەرنجیان ڕانەکێشێ • لەگەڵ گشت ئەم گیرو گرفتانەدا ، دانیشتن لە شارەکاندا ، قازانجی هەیەو خەڵکی شارەکان بە پێی بارو دۆخی ژیان ، لە شارەکاندا ، زووتر لەگەڵ بارو دۆخی جیهانو زانستو بەرەوپێش چوون ، ئاشنا دەبنو باشتر پلەکانی زانست دەبڕنو زووتر تێدەگەنو پێدەگەن • دیارە ئەگەر مەیدانێک دروست کراو بێ لەبەرچاوگرتنی باری دابەشکردنی حەشیمەت، خەڵکێکی بێدەسەڵاتو بێدەرەتانی تێ ئاخنێندرا ، ئەوکات ئەو پێکەیشتنە درەنگتر دەبێو دژواری حەوانەوەی بۆ دەسەڵاتداران زیاترە • دابەشکردنی حەشیمەت ، خاوەن ڕێوشوێنێکە کە لە دانانی شاری لەوچەشنەدا ، لەبەرچاو نەگیردراوە •

ئەگەر ئەوڕێوشوێنە بۆ کۆکردنەوەی حەشیمەت لەبەرچاو نەگیردرێ ، بێسەرەوبەریی پێکدێو بێجگە مەسەلەی دابین کردنی کارو ئامرازی پێویستی ژیانو خواردەمەنی ، گیروگرفتی پێوانەی جێی ژیانو نیسبەتی حەشیمەت ، دێتە پێشو لەوکاتەدا ، ئەگەر ئازادی هەڵفڕین ، هەبێ حەشیمەتی وەتەنگ هاتوو ، کۆچدەکا چوونکە لەوکاتەدا ، پلەی ژیان دێتە خوارو بژیوی بە دژواری دەستدەکەوێ • تازە خودی

ئەم کۆچەش ئەگەر بەرنامەی نەبوو ، شپرزەیی بەدواوەیە • کۆچدان یان کۆچکردن بۆ جێگایەك کە بۆ ژیان سەرنجڕاکێش نەبێ ، گیروگرفتی پڕگرێو گۆڵ بۆ دەسەلاتدارو بێدەسەلات ، دەخولقێنێ •
وەك باسکراوە ، جەنگ یەکێك لە هۆیەکانی کۆچکردنی حەشیمەتە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر • لە باری ئینسانیدا ئەگەر هۆیەکە نەما ، واباشە حەشیمەتەکە بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆیو ئەرکی کۆمەلایەتی خۆی لەوێ بەڕێوەبەرێ •

دیارە لە ولاتێکدا کە قەیران سەری هەلداوە ، کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارەکان ، توندتر دەبێ • بێجگە لەوە کۆبوونەوەی کارگەو بنکەو بنیاتەکان لە جێگایەك (شارەکان) دا کە پێویستە ، سەرنجی کۆمەلانی خەلك ، ڕادەکێشێو هێرش بردن بۆ ئەو هەرێمو شارە ، شتێکی سروشتییە •

هەرچەند هۆیە سروشتییەکان لە باری ئاسایشەوە ، دیاریکەری بلاوبوونو تێکخزانی حەشیمەت لە هەرێمو شارێکن ، بەلام لە بەرئەوە مرۆڤ بە هۆی کەلك وەرگرتن لە میراتیفەرهەنگی کۆمەل ، دەتوانێ لە سروشتدا ئالوگۆڕ پێکبێنێ ، نابێ مل کەچی دۆخی سروشت بێو دەبێ تێبکۆشێ بە سەر هۆیە سروشتییەکاندا ، زالبێو باری ژیانی پڕبەهەرەو باشتر بخولقێنێ •

وەنەبێ تەنیا باسی ژیانی دانیشتمان لە شاردا کردبێو لە قازانجەکەی چاوپۆشی بکەین • چ لە شارو چ لە گوند ، مرۆڤی تێگەیشتووو خوێندەوار ، کەمتر تووشی تاوانی کۆمەلایەتی دەبێو ناچێتەنێو کۆڕی وێرانکەرانەوە • بەتایبەت لە شارداو ئەوانەی لە پلەی ژیانی گوندنشینی دەگەنە پلەی ژیانی شارنشینی ، ڕۆحی ڕخنەو

کەڵك وەرگرتن لــە ژیربێژیان زیاد دەبێو قــەبارەی بیــرو بۆچوونو ڕەفتاریان ، دەگۆڕدرێ • دەمارگیری نامێنێ ، ئینسـاندۆستیو تێکۆشـان بۆ دابین کردنی ئاسایش بۆ مرۆڤو گەشەکردنی ڕۆحی هاوکاری ، خۆ دەنوێنێ • گۆیەکی دەرس نەخوێنو ناهۆشیارو دوورلە شارستانی یەتو نەتاشراو ، کـاتێك دەگـاتە مەڵبەندێـکی پڕ لە قوتابخانەو فێرگــە جۆراوجۆرەکانو ئەو دەرەتانەی دەبێ لــە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامـــەو ڕادیۆو تەلەفزیون وەك ئامرازی فێرکردنو فێربوون کەڵك وەربگرێ ، بێگومـان پلەی فەرهەنـگی دەچێتــە ســەرو ئامادەی هاتنە مەیدانی خەبات لەپێناوی ژیانی خۆشترو ئاسایشی زۆرتر ، دەبێ • لە شارە سەنعەتی یەکاندا لــە لایەك تاقەکەس لەژێر ڕکێفی سوونەتە جەماوەری یەکان کە تەوەرەی ژیانی گوندنشینە ، دێتــە دەرو دەتوانێ لــە بەرامبەر ڕووداوەکـــاندا بەپێی دۆخی هۆشو بیر هەنـگاو هەڵبگرێو بڕیاربدا • لـــە لایەکی تر کۆمەڵی سەنعەتی بە بەرفراوان کردنو برەودان بە زانستەکان ، زەمینــە بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو کردەوەی مەنتیقی ، ئاسان دەکـــەن • بێجگە لــەوە خــەباتی گرۆو دەستەیەکی ڕێکخراوی دژی گرۆو دەستە خـاوەن تەوژمەکانو چەوسێنەران ، ئەبێتــە هۆی ئەوە سوودپەرستانو دەسەڵاتویستان کــە لەژێرەوە بەنهێنیو (ئاشکرایش) کـــارو باریان هەڵدەسووڕێنن ، سەرنەکەونو ئەم هەنگاوە بۆ بێمەترسی کردنی ڕەفتاری بەکۆمەڵو ئاسایشی کۆمەڵ پێویستی ژیانی هەیە(١) •

بەم پێیە دەتوانین بە دوو مەرج کۆچی گوندنشینەکانی کوردســتان بۆ شارەکان بە قازانجی ئەوان ، دابنێین :

---

**(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ، پێشوو ، لاپەڕی ١٩٣ •**

١ ــ ئەگەر شار تایبەتمەندی شاری هەبێو پێداویستی یەکانی ژیانی شارنشینی تێـــدابێ •

٢ ــ هێمنایەتی هەبێو تێکۆشان بۆ تێگەیشتنو پێگەیشتنو پێگەیاندن درێژەی هـەبێ • ڕۆحی هاوکاریو یەکگرتوویی بێتە مەیدانو بەدەردو مـەرگی یەکترەوە بنو هاریـــکاریەکەیان بە ژیربێژیو هۆشیارانە ، پتـەوتر بـــکەن • ئەو کات دواڕۆژ بە ڕۆشنی باری فەرهەنـــگیو کۆمەڵایەتی ئەوانە •

## بــە کورتی :

ئەگـەر جموجۆڵی سروشتی حەشیمـەت بەرهـەمی زیادبوونی زاوزووکردن وکەمبوونەوەی مردنو درێژبوونی تەمەن بێ ، جموجۆڵی بەرەو هەورازەو ئەبێتـە هۆیزیادبوونی حەشیمەت کـە گیروگرفتی ، دابین کردنی جێی دانیشتن ، قوتابخانە ، ئاوو کارەباو شتی تر ، پێکدێنیو باری بەرهەمهێنـــانی خـــواردەمەنیو تێرکردنیسکی برسی ، ئەبێتە سەرباری بەرپرسیارانی کۆمـەڵ • بە دابین کردنی دادگەریو ئاشـتیو گـەڵکوەرگرتن لـە دەسکردە زانستییەکـــان ، گیـرو گرفتی ئەوتۆ چارەسەر دەکرێ • کاتێک حەشیمەت بەرەو زیادبوون بێ ، قـەبارەکەی واتا نیسبەتی دەستەو تاقمەکانی لـــە باری تەمەنو جینسو شتی لـــەو چەشنانە ، ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ • ئەگـەر بەرهەمهێنان برەو پەیدا بکا لـە دایکبوون زیاتر دەبێ ، گەشەکردنی کۆمەڵگاکان لەگـــەڵ زۆر منداڵبوون ، هاوڕێیە • زیادبوونی تەمەنو کـــەمبوونەوەی مردنیش ، ئەبێتەی هۆی ئەو گەشەکرنە •

## بناخەی ئابووری نیشتمانی :

### سامانی ژێرزەوی

هەتا ئێستا وەك پێویست ، پشکنینی ژێرزەوی نەکراوە • وێدەچی کانـگاو کەرەسەری خاویزۆر لـەم خاکـەدا هەبێ • گرنگترینیان نەوتە کـە ئێستا دەزاران ملیۆن تۆن دۆزراوەتەوە • هەر ئێستا لـە کەرکووك ، لـە شائابادی نزیك کرماشان ، لـە سیرت لـە کوردستانی تورکیە ، نەوت دەردێن • (لەم سالأنەدا گوترا لـە دیاربەکریش چالاوی نەوت هەیە ) • بێگومان بەوپێیە لـە مەڵبەندەکانی تری ئەم خاکە ، نەوت هەیە • لـە سووریە لـە بەشی کوردنشینی جزیرە ، کانگایەکی تازەی نەوتیان دۆزیوەتەوە •

لـە دیورك لـە کوردستانی تورکیـە ، ئاسنو لە ئێرگان هەر لەوێو لـە لورستانیش مس هـەیە • لـە شیمالی دیاربەکر ، کرۆم لە ناوچـەی سنە گوگرد لـە کابان (کوردستانی تورکیە)و ماکۆ (کوردستانی ئێران) ، قورقوشم هەیەو لـە جنووبی کرماشان زێڕو لە کابان زیو دۆزراوەتەوە• بێجگە لەوانە زۆر کانـگای خەڵووزی بەردو خوێ و قەلاییو جیوە لـە مەڵبەندەکانی کوردستاندا ، هەیە(١) •

## کشتوکاڵ :

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییە کـە لە هەموو پێوانەی کوردستانی ئێراندا ، پایەی بەرهەمی کشتوکاڵ ، دەگـــاتە ١٢٤٪٠٠٠ کیلۆمیتری زەوی چوارگۆشە ، پێنج ملیۆن هێکتاری کێڵگەیە کـــە دەبێتـە ٤٠٪ی

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەی ١٩ـ١٨ •

هـەموو خاکەکە ، دەکرێ بە نیسبەتی خاکیبەشەکانیتری کوردستان لە پێوانەیەکی لـەو چەشنەدا ، ئەو ئەندازە کێڵـگە لەبەرچاو بـگرین • لێرەوارەکان ئەونیسبەتەیان نیـە چوونـکە لـە ئاڵوگۆڕیش‌دان ، ناکرێ پێوانەیدیاری بـکرێ • دوکتۆر قاسملو نزیـکەی چوار میلیون هێکتاری بۆ لێرواری کوردستانی ئێران داناوە کە دەکاتە ٣٢٪ی گشت خاکەکەی • ئەویتریشی کوێستان‌و لەوەڕگەیە • هـەر لـەم کوردستانە کـە پێم‌وایە لەوانیتر ، ئاوەدان‌ترەو کـەمتر لـەوان کـەوتوەتە ژێر تەوژم‌و وێرانییەوە ، تەنیا ٢٤٪ی کێڵگەکان کەڵـکی لێوەردەگیردرێ • ڕەنگە ئێستا بەهۆی بەرەوپێش‌چوونی باری کشتوکاڵی ، زیاتر لەوە بکێڵدرێ •

پایەی تیکنیکی کشتوکاڵی وەك لـە ناوچەکانیتری ئێران ، عێراق ، سووریەو تورکیەدا گۆڕاوە ، لـە کوردستان‌دا ، نەگۆڕاوە •سەرەڕای ئەوە ئاڵوگۆڕی بەسـەردا ، هـاتووە • پاش سەرهەڵدانی سەرەتاکـانی سەرمایەداری لەووڵاتانەدا ، بەرەبەرە گۆڕانیش بە سـەر کوردستان‌دا، هات • لە ئێران‌و عێراق بە هۆی دابەشکردنیزەوی بەسەر جووتیاران‌دا، بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر بوو، زەوی زووتر کەوتە ژێر دەسـەڵات: ئامرازی نوێ،هێزی وەرزێرەکانی ، زیاتر کرد • خاوەن‌زەوییەکان کە خاوەن‌گوندیش بوون یان باریان‌کرد بۆ شارەکان یان ئەگـەر مـانەوە ، بە میـکانیزەکردنی زەوییەکانی خۆیان ، برەویان بە کشتوکاڵ دا و بەرهەمیان زیاد کرد • ئێستا هەرچەند لە زۆر جێگادا ، بە شێوەی کۆن‌و دەورەی دەرەبەگایەتی زەوی دەکێڵدرێ، بەڵام لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌دا ، ڕایڵەی ئاوداشتن‌و تراکتۆرو کومپاین‌و ئامرازی دیـکەی کشتوکاڵی ، دەبیندرێ‌و دیمەنی کێڵگەئاوی‌و دەیمییەکان ، بەتەواوی ، گـۆڕاوە •

ئەگەر ڕەوتەکە هەر بەمشێوە بڕوا ، ڕەنگە کەرو ئێسترو ئەسپو لەئاکامدا گاجوتیش بەدەست جووتیاری کوردەوە ، هەناسەیەکی بەهاسانی هەڵکێشن . ئێستا کوودی شیمیایی وەك ئامرازی فراوانکردنی بەرهەم ، کەوتووەتە بازارو ئەگەر حکوومەتەکانیش لەوبارەوە یارمەتی نەکەن ، جووتیارەکان دەیکڕنو کەڵکی باشی لێوەردەگرن . دیارە لەو کووتە تەنیا بۆ باغو بێستان کەڵك وەردەگرن .

ئێستا دەوروبەری شارو گوندەکانی کوردستان ، بەگشتی لە تێکنیکی نوێ کەڵك وەردەگرن . بە لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدانی حەشیمەت و هاتنە مەیدانی مەکینە کشتوکاڵی‌یەکان ، بێکاری جووتیارو گوندنشینەکان زیاتر دەبێو لەبەر وەدەستهێنانی پاروە نانێك ، بەناچار ڕوودەکەنە شارو شارۆچکەکان . بەمجۆرە ، خێڵی بێکارەکانی شارەکان ، لەو وڵاتانەدا ، زیاد دەبێو زۆر لە وەرزێرە کوردەکان ، ناچار دەبن بەرەو شارە سەنعەتی‌یەکان ، ملی ڕێگا بگرنو وەك کرێکاری وەرزیی ، هێزی قۆڵی خۆیان بفرۆشن .

سروشتی‌یە لەبەرئەوە ئەم کەسانە ، دانیشتووی شارە سەنعەتی‌یەکانو دەوروبەریان نین ، ناتوانن ببنە پسپۆڕو لە ئیمتیازەکانی کرێکاری سەرەمڕکار و پسپۆڕ ، کەڵك وەربگرن . ئەگەر لە ناوچەدا ، کاریان وەدەس کەوێ ، وەك کرێکارێکی وەرزێری بە هەقدەستی کەم کار دەکەن . دیارە لەمبوارەشدا ، زەوی بەراوو بەپیت لە دەست کۆنە ئاغاو وردەبورژوای دێدایە کەمدەست ودەست کورتەکان ، ڕزقیان بەکۆڵیانەوە !

شوێنی مەکینەی کشتوکاڵی ، بۆ بێکارکردنی وەرزێرو جووتیارەکان ئێستا نە تەنیا بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ وڵاتە سەنعەتی‌یەکانیش ، مەکینەکان

زۆر لە کرێکارو وەرزێرەکن ، بێکار دەکەنو حکوومەتەکان دەبێ لە بیری چارەدابن، هۆردووی بەربلاّوی بێکاران، بە شێوەی جۆراوجۆر، خەریك بکەن •

بەرهەمی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بە لە بەرچاوگرتنی هەلو مەرجی کێلاّنی زەوەیو بنەتووّیو چەند یەکو بارەکانی‌تر ، ناتوانیّو دەبێش نەتوانی خواردەمەنیو لەباری ئاڵوزێردا ، پێداویستی‌یەکانی خەڵکی کوردستان ، دابین بکا • بەتێکڕا ، بەرهەم یەك بە پێنجەو جاری‌وایە ، کاری جووتیار لە ڕۆژدا ، دەکەوێتە دوو تا پێنج تمەن ، هەقدەست ! هێشتا چەوسانەوە لە پێوەندەی‌یەکنی بەرهەم‌هێناندا ، ماوەتەوە ! لە دەورەی دەرەبەگایەتی‌دا ، هێکتارێك زەوی ، دەکاتە ٦٠٠ تا ٨٠٠ کیلۆ بەرهەم • لە کوردستاندا بە زۆربەیی گەنم ، جۆ ، بەرشت ، گەنمەشامی ، ماش ، نیسك ، نۆك ، لووبیا، باقلە ، چەڵتووك، گوڵەبەڕۆژە ، دەچێندرێو لە بەهارانیش‌دا ، پێستان دادەندرێو کاڵەك ، شووتی ، خەیار ، تەماتە ، پیواز ، باینجان ، کوولەکە ، بیبار ، بامی‌یە، ترۆزیو هەروەها توتن ، پەموو ، چەوەندەر ، کونجی‌و هی‌تر بەرهەم ، دێنن • لە هێندێك جێگای شاخاوی کوردستان باغاتی دەیمو ئاوی هەیە میوەی جوان پەروەردە دەبێ • وەك ، هەرمی ، هەنار ، هەنجیر ، ترێ ، گیلاس ، هەڵووچە ، بلاّلووك ، توە درەختی ، توە فەرهەنگی ، کۆخ ، بەهی ، فندق ، بادام ، گوێز ، سنجوو ، قەیسی‌و لە هێندێك جێگا وەك بەشی‌باشووری کوردستانی عێراق ، نارنجو خورما ، نارنگی ، پرتەقاڵ ، و لیمۆش بەرهەم دێ • جۆرەها سەوزی ، دەچێندرێو لەوبارەوە لەگەڵ گیای چیاکان ، کۆیەکی بەپیتی گیایی بۆ دەرمانو خواردن پێك‌دێنن •

هێندێ داری بەبەر کە بە شێوەی سروشتی هەن : وەك گەزۆ ، مازوو ، بەڕوو ، تاڵ ، ترش ، تووڕدك ، گێوژ ، (بلچ) ، قەزوان ، (وەنەتەق) کروسك، (هەرمێ کۆڵ) بلاڵووکە کێویلە، هەنجیرو بادام • بەپێی ئەوە لە زۆر ناوچەکانی کوردستان ، ڕووبارو کانیاوهەیە ، دەکرێ بڵێین نیوەیزیاتری کێڵگەکانی کوردستان بەراون • سەرەڕای ئەوە مەسەلەی ئاو لە کوردستاندا ، یەکێك لە گیروگرفتەکانە کە هێشتا گرنگی خۆی لەدەستنەداوە ، ئەستێر دروستکردنو چالاو هەڵکەندنو ماتۆڕ دانان بۆ دەرهێنانی ئاو وکێشەی نۆرەئاو ، هەر لەجێی خۆیەتیو لەبەرئەوە لە ناوچەدا ، بناخەی ئابووری کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە ، ڕیشەداکوتانی خەڵك لەم دووبەشەدا ، بەرچاوە • دیارە لەو جێگایانەدا ، کە ئاو زۆرە ، ئەو دیاردە بەرچاو ناکەوێ • ئاوی کارێزەکانیش لە زۆر لە ناوچەکاندا دەوری هەبووە • هەمیشە گوندەکانی سەرەوە زیاتر لە ئاو کەڵکیان وەرگرتووە • لەگەڵ ئەوەدا ، دابەشکردنی ئاو بە پێی یاسا گشتییەکانی وڵاتو دابیناوچە ، برەوی هەیەو تاڕادەیەك گیرو گرفتەکە ، چارەسەر دەکرێ(1) •

گیرو گرفتی دابەشکردنی زەوی لەجێی خۆیەتیو ڕایڵەی ئاودێری پێكنەهاتووەو زۆر لە دەیمەکان ، نەکێڵدراون •

**ئاژەڵداری :**

ئاژەڵداری جاران سەرچاوەی سەرەکی داهاتی گەلەکەمان بوو و ئێستا لە پلەی دووەمدایە • ئەم بەشە لە داهاتیکوردستان لە باری سەنعەتیو تیکنیکیەوە ، زۆر لە پاشەو هیچ چەشنە پێشکەوتنێکی

(١) سەرنجی لاپەڕەکانی ١١٤ـ١٠٨ی کوردستانو کورد ، بدەن •

تێـدا نابیندرێ • کارگـــەو کـــارخانەی شیرەمەنی ، دەبباغی ، چنین ، دانەمەزراونو ئەوەش هەیە بە شێوەی سوونەتی بە کاری خۆی درێژە دەدا • هەرچـەند کوردستان بۆ ئاژەڵداری زۆر گونجاوو لەبارە ، بەڵام ئاوڕیان لێنەداوەتەوە • ئەگەر گرنگی پێبدرێ ، دەتوانێ سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بێ • ئەوەندە بەســەلە بەرچاومان بێ ۲۸٪ی ڕووبەری کوردستان لەوەڕگەو کوێستانە • سەرەرای ئەوە بەشێك لـــە گۆشتو خوری ئەو وڵاتانەی کوردیان تێـدایە ، لـە کوردستان دابین دەبێ • خەڵـکی کورد لـە کوێستانەکان بەتایبەت پەروار پەروەردە دەکـــەنو بـــەرەو شــــارە گەورەکان دەیاننێرن • بەرهەمی ئاژەڵی تریش وەك : خوری ، پێست ، کەشك ، ڕۆن ، هەیەو ئاڵوێریان پێدەکرێ •

لەبەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد ، ئەم سەرچاوەش بـەرەو لاوازبوون دەڕوا • لـەو هەرێمـانەی شۆڕشگێڕانی کورد ، خەریـکی خـەبات بۆ ئازادین ، حکومـەتەکـــان بۆ ئاژەڵدارەکان ، گیرو گرفت پێكدێنن • ناهێڵن مەڕوماڵاتیان بەرەو کوێستانو لەوەڕگەکان ، بڕۆن ! هەر بۆیە ئەوان ناچار دەبن بیانفرۆشن یان لە دەوروبەری گوندەکاندا ، بەخێویان بکەن و بە کەموکوڕی بەرهەمێکیان لێ وەدەست بێنن •

لەناوچە باخاوی یەکاندا ، ئاژەڵ وەك پێویست ، بەخێو ناکـــرێ چوونــکە ڕاگرتنی سەبارەت بە پاراستنی باخەکان ، زیانی لــــە قازانجی زۆرترە • هــەر بۆیە دۆو ماستو پەنیرو کــەرەو کەشك لــەو ناوچانەدا خۆشەویستو لــە ڕاستیدا ، تاسوخن ! لەم هەرێمانە وەك هەورامـان و ژاوەرۆ ، لــە کوردستانی ئێران لــە بەرئەوە زەوی کێڵگە کەمەو دەرتان بۆ دانانی دارو درەخت بەرتەســـکە ، زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی یەکان دەچێتەوە ســەر زەوی‌و ئاو ووشکەکەڵەکو شتی وەها • چـــۆن دار

ڕیشەی داکوتاوە ، خەڵکەکەشی وەهــا ڕیشەی داکوتاوەو کەمتر بەرەو شارەکان ، دەچن ، مەگــەر لــە باری بەدەگمەن‌و لەو شوێنەدا کـــە کەسێك دەوڵەمەند بێ‌و خاوەن‌منداڵ‌و بۆ لە بەرخوێندن‌نانی کە لە دێدا بۆی نەگونجاوە ، ملی ڕێــگای شار بــگرێ‌و لەوبارەش‌دا هاوینــان وەك ئەویندارێك خۆی گەیاندوەتەوە گوندو باخەکەی • بە هۆی زۆربوونی حەشیمەت‌و زاوزێ بنەماڵەکان‌و پەل‌وپۆهاویشتنی کوڕو کچ‌و وەچەکان، دەرەتانی ژیان لــەو گوندانەدا ، بەتایبــەت کەمتر بۆتەوە • باخێك یــان زەوی‌یەك کــە جــاران هی لانی زۆری دوو برا بوو ، ئێستا بەسەر ٦و٧و زیاتردا، دابەشکراوەو زەویش کێشی‌نەهاتووە• تەنیا چلۆنایەتی بەرهەم، باش بووە • بەم‌پێ‌یە هێزی زیادی کارلەو گوندانەدا ، لــە وەرزەکــانی ساڵدا ، بەرەو شارە گەورەکانی کوردستان و ناوچەکانی‌تری وڵاتەکە ، وەڕێدەکەوێ‌و پاش چەند مانگ کرێــکاریی‌و چێشتنی کوێرەوەری وەك بولبولی لە گوڵ‌و بێستان بڕاو ، بەرەو هێلانەکەی دەگەڕێتەوە •

**سەنعــەت :**

لەبەر چـــەند هۆی گشتی‌و تایبەتی سەنعەت لــە سەریەك لــە کوردستاندا ، بەرەوپێش نەچووە • هـــەرچەند دەمێـــکە ئەووڵاتانەی کوردیان تێــدا دەژی ، ڕێی ئابووری سەرمـــایەداریان گرتۆتە پێش ، بەڵام ناوچـــە کوردنشینەکان وەك ناوچەکـــانی‌تر ، سەنعەتی مونتاژیان کۆکردنەوەیان ، تێـــدا پەرەی‌نەسەندووە • وەك وتمان سەنعەتی ئــەم وڵاتانە بەتەواوی سەربەخۆ نی‌یەو بەســـراوەتەوە بـــە سەنعەتی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە • ئەو کارگەو کارخانانەی دێنە ئەم وڵاتانە لە پێش‌دا ، بەپێی لە بەرچاوگرتنی سیاسەتی کۆکردنەوەی بنکە ئابووری‌یەکان لـــە یەك جێگا لـــە پێتەختەکان ، دادەندرێن • پاشان بەپێی گرنگی کارگەو

مەکینەکــانو نرخــی شارەکــان ، لـــە شـــارە گەورەکانو ئوستانە نزیکەکانی پایتەخت ، دادەندرێن • هەر بۆیە کارگای بچووكو کەمنرخ ئەگەر سەرریێژی کرد ، بەرەبەرە دەگاتە ناوچە دووردەستەکانی **ولات** • لەو پێیەدا ، ئەگـەر گەلێك وەك کوردو بەلووچ لـ ـە ئێران پێشەنـگی جموجۆڵبۆ وەدەستهێنانی ئازادی بوو ، بەئەنقەست ناوەندی کرێـکاری لێ دروستناکەنو لەبەرئەوە نـــەتەوە ژێردەستەکـان لای دەسەلاتداری مەزنیخواز ، هاونیشتمانی پلەی دووهەمن ! بە شێوی ئەوەی نازانن لـە خەیروبەرەکەتی کارگەو بەرهەمهێنانو فێربوونو ژیانێـــکی ئینسانی ، کـەڵك وەربگرن • بۆئەوەی گەلی بندەست بە پاشکەوتوویی بمێنێتـــەوە ، لـە داهـاتی گشتی بەشێـکی زۆر کەمی بۆ دادەنێن • بۆنموونە تا سـاڵی ۱۳٦۰ سەدی چواری ٤٪ی پرۆژە سەنعەتی یەکـانی ئێران لـە کوردستان بوون ، کـە ئێستاش ئەو رێژەیە (نیسبەت) ئەگەر بـە باری کەمی دا نەگۆڕابێ بـــە باری زۆری دا نـەگۆڕاوە • ۲٪ی ئەوسەرمایەی کـە لـە ئێران بۆ سەنعەت تەرخـان کراوە ، بە کوردستان براوە ! لـە مـاوەی ئەم ۳۱ ساڵەدا ، شارە کوردنشینەکان بێجـگە لـ ـە چەند کارگـەی چنینی جلوبەرگو جووجەڵە پەروەردەکردنو شـــتی لەوچەشنە ، ئەویش لـە ناوەندی ئوستاندا ، شتێکیان پێ زیاد نەبـووە ! کـەوابوو دامەزراوە بەناو سەنعەتی یەکانی کوردستان ، سەنعەتی وردنو شوێنەوارێك لـە سـەنعەتی بنەڕەتی یان سەنعەتیدایك ، نابینـدرێ ! کارگـــەی تووتن لەســـەقزو قـــەند لـــە شاهاباد و بەردبڕین ، لـــە سنە ، لـــە دەورەی دەســـەلاتداری شـــادا ، دامـەزران ! و قوماشدروستکردنیش لـە دەورەی حکوومەتی ئاخوندیدا ، لە سنە ، دامەزراوە • دەوڵەمەندو سەرمایەداری گەورەی وەهاش لە کوردستاندا ، کـەمن کـە بتوانن لـە کێبەرکێی چوارچێوەی سەرمـایەداریدا ،

کارگەی گەورەو بەرهەمهێنەر ، بکرێن و ناوچەکە بکەنە هەرێمێکی سەنعەتی • لە دەوروبەری مەهابادی کوردستانی ئێران ، دەوڵە مەندەکان کارگەی ئاجوور دروستکردنیان ، داناوە • دیارەلە سنەو سلێمانی و هەولێرو وانو بتلیس و شاری لەوچەشنەدا ، وردە کارگەی وا هەن کە خاوەنەکانیان ، خەڵکی ناوچەن •

بەپێی زانیاری ئێمە لە عێراق ، دەوروبەری زاخۆ ، هەولێرو سلێمانی ، هێندێك کارگەی وەك کارگەی تووتن و جگەرەسازی ، سیمان یان چیمەنتوو دامەزراون کە هێندێك کریکار پێیانەوە خەریکن و ئەگەر وابڕوا ، لە داهاتوودا بەرەو سەنعەتی بوون ، دەچن •

لە تورکیەش بە پێی هەوڵدانی ڕژیم بۆ سەنعەتی کردنی وڵات، ناوچەکان و شارەکانی کوردستانیش هێندێك کارگەو کارخانەیان ، تێدا دامەزراوە کە دیارە بەپێی بارو دۆخی ناوچە ، دانراون و هیچیان کارخانەی دایك نین • دیارە ژیانی مەکینەیی و ئۆتۆمبیل و قەڵافەتی ژیانی سەرمایەداری لە هەمووولایەك دەبیندرێ کە زۆربەی لایەنی لاسایی کردنەوەی هەیە !

هێندێك لە خەڵکی کوردستان یان لە سوپا یان لە ئۆرگانە پەروەردەیی و ئیداری یەکانی حکوومەتدا ، مووچەخۆرن کە تەنانەت حکوومەتەکان دان بەوەدا ، دەنێن کە هەموو مووچەخوران بەتایبەت مامۆستاکان و کارگێرانی پلەی خوارێ ، ژیانیان بەباشی بەڕێوەناچێ ! شەشیان لە گرەوی دوودایەو تا سەروبنی مانگ پێکەوە دەلکێنن ڕووماڵی زەوی و تاقی ئاسمان بەیەك دەگەن ! وردە دووکاندارو پیشەسازو دەسفرۆش و کرێکۆڵ و دارتاش و سەرتاشیش ، ئەگەر سەری کرێیار لەبنا نەتاشن ، نە خراپن و نەباشن و تەنیا ئەوانەی کووتاڵ و قوماشی

زۆر دەکڕن بە پارە دەفرۆشن و هەرچی بیانەوێ دەکڕن و سەری کڕیار بە لۆکە دەبڕن !

**بازرگـانی :**

بازرگـــانی لــە کوردستاندا بە شێوەی دەڵاڵی بەڕێوە دەچێ و لەڕاستیدا لە سەرسێ شێوە دامزراوە :

١ – بازرگانی خەڵـکی کوردستان لەگـەڵ بەشەکانی دیـکەی وڵاتدا • لـەم بەشـەدا لـە بەرئەوە زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی خـەڵك لـە کوردستان بەرهەم نایەن ، بازرگانی کورد ، بۆ کڕینیـان ، دەچێتە شـــارە گەورەکانی وڵات ، لە کارگەیان بازرگانی گـــەورە ، کوتاڵی پێویست ، دەکڕێ و ڕایدەگوێزی بۆ کوردستان • ئەگـــەر وردەفرۆشی مامناوەندی نەبوو ، ئەوا بەسەر چـەند دووکاندا ، دابەشی دەکـاو قازانجی دەخـاتە سەرو کرێ ڕاگوێستن و خەرجی هاتووچۆوو مـانەوەو هەناسەهەڵکێشانی خۆی لە بەرچـاو دەگرێ • دووکانداری دووەم کــە بە دەس فرۆش و وردەواڵە فرۆشی ، دەدا ، بۆ ئەوەی بـگاتە بازرگانی پێشوو ، زیاتر لـەوەی لـە خۆیان وەرگرتووە لەو هـەژارانە وەردگرێ ! ئەوانیش میراتی مامۆستاو مامۆستای مامۆستایان ، وەن ناکەن و تا ئەیگەیەننە دەس کڕیار ، لێی دەکەن بە بارو هەناسەی لێ دەبڕن •

ئا لێرەدایە دەردەکەوێ کـە داهاتی زەحمەتکێش و مووچەخۆری کورد ، چۆن بەفیڕۆدەچێ و زکی تێر ناکاو چۆن لـــە دووکـانداری ئاساییەوە بـگرە تا سەرمایەداری گەورە ئیمپریالیستییەکان ، خوێنیان دەمژن و سامانیان بەوشێوە بەتاڵان دەبن !

بە داخـەوە لـــە بەرئەوە کورد لەو چوارچێوە ئابوورییەدا ،

زیاوەو بازرگـــانی فێری ئەوچەشنە دەڵاڵی یە بووە ، زۆربەیان لـــە بازرگانەکانی هـەموو نەتەوەکانی ناوچە ، بێویژدانترن ! خەڵـکی سنە لـە بەر پیاوچاکی دووکـاندارە موسڵمانەکان ، زیاتر لای دووکـاندارە جووەکان ، پێداویستی یەکانی خۆیان ، دەکرن ! مەسەلە مەسەلەی سکو ئابووری بوو ، ئایین لەو مەیدانەدا ، نرخی نەدەما !

٢ ـ بازرگانی لەنێوخۆی کوردستاندا • بێ سەرەوبەرەیی ئەم بەشە هـــەر نایەتە بەر باس • چەرچیو وردەواڵەفرۆش ، چـــۆدارو دووکانداری گوندەکان ، بەرهـەمی ئاژەڵداریو کشتوکاڵی خەڵـــکی گوندەکـــانیان بە نرخی هـەرزران بە بنێشتو دەرزیو متوموورەو پارچـەو قوماشی زەردو سوور ، لـــە دەس دەردێنن‌و بە نرخێکی زیاتر لـەوەی وەدەستیان کـەوتووە یان ڕاستەوخۆ لـــە شارەکـان بە دەڵاڵەکانیان ، دەدەن یان دەڵاڵی گـەڕۆك لــە گوندو چایخـــانەو کاروانسەراکان ، لێیان دەکرن‌و بە نرخی باش‌و بێزەحمـــەتی زۆر ، هـەردوك لایەنیان ، دەبنە خـاوەنی هێزی قۆڵ‌و سامانی گوندنشینەکان! با کارەساتی شت‌فرۆشتنی وردەواڵەفرۆش بــە پروپیرەژن‌و منــداڵ‌و مرۆڤی ساکـار ، بمێنێ کـە چلۆن بۆ دەمێك بنێشت یان دوو دەرزی ، پرمشتێك خوریێ ، وەردەگرن‌و بە هـەزار سوێند ڕادەگەیەنن لــەبەر قـەدو گیپاڵی تۆیە ، دەنا شتی‌وا بەکەڵك چلۆن بەو کۆڵـکەی دەدەن ؟! ئەوان دوو جۆر قازانج دەکـــەن : یەك لـە متوموورەو یەك لـەشتی گوندی یەکان‌و بەم‌جۆرە بەرهەمی ڕەنجی ساڵ‌و داهاتی مـاڵ‌و منـــاڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لەدەس جووتیاران‌و ئاژەڵداران‌و کۆمەڵانی‌تری خەڵـکی کوردستان ، دێتەدەر وەدەڕواو وەدەڕوا هەتا دەگاتە گیرفـــانی قش‌وفۆڵی خوێنمژە سەرمایەدارەکان‌و ئەمانیش برسی‌و ماندوو بۆئەوەی

نەمرن بە بەجموجۆڵیان هەر درێژە دەدەن ! دیارە ئێستا برەوی چەرچیگەری کەمبووەتەوەو تائەندازەیەك بە هۆی جادە نیزامی‌یەکانەوە، بەرهەم دەگاتە شار •

٣ ــ بازرگانی لەگەڵ دەرەوەی وڵات بەشێوەی قاچاخ لە سەرانسەری هەزاران کیلۆمیتر لە سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ ئەم وڵاتو ئەو کیشوەردا •

قاچاخچی‌و قاچاخیگەری لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا هەیە • بەڵام لە هەرکامەیان بەپێی هەل‌ومەرجی ئەو وڵاتانە بەڕێوەدەچێ کە کووتاڵی قاچاخیان تێدا تێپەڕ دەبێ • قاچاخچی‌یەکانی کورد مەگەر لە سنووری کوردستانی تورکیەوە، دەنا کەمتر مادە هۆش ڕفێن‌و هۆش‌بڕو گێژکەرەکان، بە قاچاخ دەبەن • زۆرتر ئامرازی جوانی، فەرش (قاڵی) خواردەمەنی، پارچەو قوماش، ڕادیو، تەلەویزیون‌و ویدئۆ، سیگارو کەوش، لەم وڵات بۆ ئەو وڵات دەبەن • لەوڕێیەدا لەگەڵ دەیان گیروگرفت‌و کوێرەوەری بەرەوروو دەبن ! جاری‌وایە دەگیردرێن،ماڵیان دەڕواو سەریشیان بە دوای‌دا ! جاری‌وایە بە تفەنگ لێیان دەدەن، بریندارەدەبن‌و ئێسترو بارگینیان بەبارەوە، لە هەڵدێر دەکەوێ یان بەبارەوە قووت‌دەدرێن‌و ناوێرن لە کوولەکەی تەریش‌دا باسی‌بکەن ! ئەگەر لەو گشت تەون‌وداوەی سەرڕێگایان، تێپەڕبن‌و باریان، باربێ‌و بتوانن لە هەردووکلا بخۆن، قوڕی پێوەداو پارە بە سەریاندا، دەرژێ !• ئەم‌کەسانە چوونیان هەیەو بۆ گەڕانەوەش ڕووداوەکانی سەر ڕێگا، دەزانن •

ئەم‌بەشە ڕایڵەیەکە لە تاڵانچی‌یەکانی هەژارانی کوردستان‌و خەڵکی سەرسنوورەکان کە بەزۆربەیی بەهۆی جموجۆڵە

شۆرشگێڕییەکان ئەکەونە تەنگانەی ئابووری و سیاسییەوە ، بەهۆی قاچاخچییەکان خواردەمەنی و پێداویستی یەکانی تریان دابین دەکەن و نرخەکەشی یەك بەچەندە ؟ قاچاخچی خاوەن ویژدان ! دەزانێ •

بێجگە لەوە بەهۆی ئەم هەڵس وکەوتە ، کارگێڕانی ناوچەیی و ناوەندی حکوومەت ، شایلۆخانیانەو بێ ئەوەی هەوڵێکیان دابێ و کارێکی بەرهەم هێنەریان کردبێ ، بە بەرتیل و بە ئاڵوویرو بە داگیرکردن و بە خۆڕێکخستن و ڕێگادان بە هاتووچۆی قاچاخچیان ، ئەبنە خاوەن سامان و فێری ێشتی مفت و خۆڕایی دەبن و دەبنە سەرباری کۆمەڵ • ئەم دیاردەش نیشانەی بێ سەرەوبەرەیێ لەو وڵاتەدایە • کووتاڵی قاچاخ ، دەڵاڵەکانی گوندو شاریش خەنی دەکاو ساختو سەودای لەوچەشنە لە وڵاتدا بەتایبەت لە هەرێمەکانی کوردستاندا ، دەکاتە خاوەن برەو ! سەرەڕای

تێك دانی باری ئاڵ و وێری ئاسایی و نرخی حکوومەتی و نەزمی بازاڕو تاڵان کردنی داهاتی خەڵکی دەس کورت ، زۆربەی قاچاخچییەکان بەپێی کارو پیشەی پیرۆزیان ! ناچارن یان خوازیارن ! کاری شەریفی سیخوڕی و جاسووسیش بۆ ئەم وڵات و ئەو لایەن ، وەئەستۆ بگرن و جاری وایشە ئەبنە نۆکەری ڕاپەڕینی کاری خۆیان و بە دووزمان ، هەم لە ئاخوڕ دەخۆن و هەم لە توورەکە ! باسی ئەم لا بۆ ئەو لا ، درکاندنی ڕازی ئەو بۆ ئەم ! لە شۆڕشە گەلی یەکێنیش دا دەوری لەوچەشنەیان هەیە !

ئەم شێوە بازرگانییە ، بێجگە لە تاڵانی خەڵك و سیخوڕی و مەترسییەکانی گیانی و ماڵی و قزانجەکانی ، کەسایەتی مرۆڤ لاواز دەکاو تەنانەت سەرنجی زۆر لە بەناو شۆڕشگێڕان و پیاوماقوڵانی وڵاتان بۆلای خۆی ڕادەکێشی • دیتراوەو دەبینەرێ و بینیومانە کە چۆن

شورشگێریان بەرپرسیارێکی حکوومەتی خۆی تێخراندووەو چلۆن بۆ وەدەستهێنانی سامانی لەوچەشنە ، ئەرکی خۆی لەبیرکردوەو کەوتووەتە زەلکای بێویژدانیو گەلفرۆشییەوە ! دەکرێ بڵێین : ئابووری کوردستان لە گشت بارێکەوە بەسراوەتەو بە بەشەکانی تری وڵاتەوە ، ئابووری وڵاتیش بەسراوەتەوە بە بازرگانی سەرمایەدارییەوە •

## پلەی ژیان :

بە لە بەرچاوگرتنی بارو دۆخی ئابووریو کۆمەلایەتیو چینایەتی خەڵکی کوردستان ، پلەی ژیان لەم خاکەدا بە گشتی نزمە • نە لە شارو نە لە گوندا ، ئیمکاناتی ژیانێکی باش و شیاوی مرۆڤی پێشکەوتوو لە ئیختیاری خەڵکی کوردستاندا نییە • بەتایبەت زۆربەی خەڵکی لادێیەکانی کوردستان ، لە سەرەتاییترین ئیمکاناتی وەك : گەرماوخانە دەرمانگا ، قوتابخانە ، کتێبخانە ، مەیدانی وەرزش ، دووکانو ئاوی لوولەکێشی ، کارەبا ، مزگەوتو مردوشۆرخانەو ئاودەستی خاوێنو ڕێگای باشی هاتووچوو ، بێ بەشن • هۆیەکانی نزمی پلەی ژیانی دانیشتوانی کوردستان ئەمانەن :

١ ـ حکوومەتە یەكلەدوایەکەکان ، هیچ گرنگییەکیان بە ژیانی خەڵکی کوردستان نەداوەو لە هیچ بارێکەوە سەرمایەگوزارییان لە کوردستاندا نەکردوە •

٢ ـ دواکەوتوویی باریفەرهەنگی خەڵکی کوردستان •

٣ ـ کەمبوونی داهاتی خەڵك بە تێکڕایی لەبەر پەرەنەسەندنی بازاڕی نێوخۆییو کەمبوونی ڕێگاوبانو کەمبوونی مووچەی مووچەخۆران و سەنعەتی نەبوونی ناوچەو چەند هۆیتر •

«توما بوا» نووسەری کوردناسی فەرانسەیی کەلەسەر کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی نووسیوە : «لە ساڵی ۱۹٦٥دا دەڵێ : گوندیئەلەگەز کە لەپێش‌دا خەڵکەکەی کۆچەر بوون ، ساڵی ۱۹۲۹ کراون بە کەڵخۆز ژیانیان بەم جۆرەیە :

ژمارەی دانیشتوان ۳٥۰ کەس ۱۰۰ خانووی تێدایە ۳۰ کەس ئەندامی حیزبن • لە دێیەکەدا کارگەیەکی شیرەمەنی ، ئیدارەیەك ، قوتابخانەیەکی ناوەندی ، چوار کتێبخانەی گشتی ، دوو کۆمەڵی هەرەوەزی ، نەخۆشخانەیەکی ۱٥ تەختیو دوو دوکتۆر کە یەکیان کوردە ۱٥۰۰ سەر بەرو ٤۰۰ سەر مانگای تێدایە ٦۰۰ هێکتارزەوی هەیە کە ٥۰۰ هێکتاری بۆ زەویوزارو ۱۰۰ هێکتاری بۆ لەوەڕ کە بەکاردەهێنرێ • گوندەکە سێ تراکتۆر ، دوو کومپین ، سێ ئۆتومبیلی باری تێدایە • باری ژیانیان خراپ نی‌یە ، خانووی خاوێن ، جێگای نووستن هەیەو کاتژمێرێك بەدیوارەوەو ڕادیویەکی تێدا بەدیدەکرێ • هەرچەند خانووەکان یەك‌نهۆمن ، بەڵام لە بەردی جوان ، دروست‌کراون‌و فەرش‌و لێفەی خاوێنیشیان تێدایەو بە نیکل ، داپۆشراون » • هەرچەند پاش گۆڕانی باروددۆخی ئورووپای ڕۆژئاوا و سەرهەڵدانی ڕخنە لە سیاسەتی بەڕێوەچوونی ساڵانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر ، باری کۆمارەکان گۆڕاو کوردی دەرکراو بەهۆی جەنابی ئیستالینەوە کە دوورخرابوونەوە بۆ هەرێمەکانی‌تری یەکیەتی سۆڤیەتی هەروەها کوردی دانیشتووی لەم جۆرە گوندانەدا ، تووشی چارەڕەشی بوون‌و بە دنەدانی‌تورك‌و ئەرمەن‌و کەڵك‌وەرگرتن لە دەمارگیری‌و ڕەگەزپەرستی ، ژیانیان‌و گیانیشیان بەرەو مەترسی دەڕوا ، ئەگەر ئازادی هەبێ ، ئەم‌ژیانەیان باشە • بەهەرحاڵ ئەگەر گوندێك لە باری ئیمکاناتی

ژیانەوە ، ئاوەها سەرنج ڕاکێش بێ ، خەڵکەکەی مەگەر بەدەگمەن دەنا ڕووناکاتە شـــار •

ئاڵۆزی پێوەندی یە ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکان لـــە بازرگـانی و چوارچێوەی سـامانی ئـەو وڵاتانەدا ، بە ڕوونی دەردەکـەوێ و ئاشکرایە کـە ئـەو بارانە بە تەواوی نەخراونەتە نێو چوارچێوەیەکی هۆش پێک و نەکـەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵ ، چوونـکە بە تایبەت لـــە کوردستانی عێراق و تورکیـەو وێدەچێ لـە کوردستانی سووریەش ، پێـــوەندی دەرەبەگایەتی هـەر مـاوە • بەتایبـەت باری فەرهەنـگی و مـــەزنی خوازی یەکەی کە لایەنی هـەرەکۆنی یەتی و لەمپەری بەرەوپێش چوونن ، لەجێی خۆیەتی • لە کوردستانی ئێران شوێنەواری فەرهەنگی یەکـــەی ، ماوە و بەم جۆرە کۆسپێکی گەورەیان لەسەر ڕێـگای پێگەیشتنی ئاڵوویرو بازاڕی ناوخۆ ، پێک هێناوە •

دوکتـــۆر قاسملو نووسیویەتی : بێجگە لەو هۆیە ، ناتەواوی دابەشکردنی کاریش لەنێو بەشـە جۆراوجۆرەکـــانی ئابـووری و نەتەوایەتی ، شـــوێنی خراپی هـەیەو بوونی ئابووری ســـروشتی و پەرەنەگرتنی پێوەندی یەکـانی بازاڕیش بەتایبەت لە هێندێک مەڵبەنددا ، دوو کۆسپی تری گـەشەکردنی بازاڕی نێوخۆن • بێجـگە لـە کـەمی ڕێـگاوبان ، نەبوونی ڕێـگای ئاسنیش دەبێتە هۆی لاوازی پێـــوەندی بازرگـانی لەنێـوان ناوچەکانی کوردستان دا و هـەموو مەڵبـــەندە کوردنشینەکان ، هەوڵدەدەن ، ئەو جـۆرە پێوەندیانە لەگـەڵ مەڵبەندە غـەیرە کوردنشینەکانی دراوسێیان و لەگەڵ پایتەخت ، بەهێز بکەن • نەوت و کارگـە گەورەکان ، دەبنـە هۆی پێوەندی کوردستان لەگـەڵ بازاڕی جیهـانی دەرەوە • سەقامگیربوونی حکوومـەتی ناوەندی لـەم

ولآتانەدا بەم پێوەندی یە ، یاریدە دەداو پەرەگرتنی خێرای بازرگـانی لە جیهانیش‌دا ، شوێن لە سەر ئەو پێوەندی یە ، دادەنێ(١) •

بەم‌جۆرە ئامرازی پێویستی ژیانی چەرخی بیستەم ، تەنانەت بەپێی باردۆخی ناوچەی ڕۆژهەلآتی نێوەڕاستیش ، لـە کوردستان‌دا ، بەرهەم، نایت‌و خەڵـکی کورد ، دەبێ لـە شـارە گەیرە کوردەکان بە سـات‌و سەودا ، پەیدای بکاو بە گـەزو پێوانە لە بازاردا ، بـە خەڵـکی بێ‌دەرەتانی بفرۆشی‌و داهاتی کـەمی زەحمەتکێشمان بە تالآن بچـێ ! هەژاری ڕوویان تێکاو بە سەختی ژیان بەسەربەرن •

هەرچـەند کوردستان وەك باسمان‌کرد لـە باری سروشت‌و سەرچـاوە سروشتی‌یەکانەوە ، دەوڵەمەندو هێزی‌کاری‌زۆر تێـدایە ، لەبەرئەوە سەرمایەی‌تێدا وەگەڕ نەخراوە ، کارگەو بنکەوبنیاتی‌سەنعەتی، بە جۆرێك نی‌یە،خەڵکەکەی بەباشی ناژین‌و شتومەکیش وەنرخێکی گران وەچەنـگیان دەکـەوێ •

بە بڕوای‌من بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئیستای ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاست‌و ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی دەسەلآتی ولآتانی ئیمپریالیستی بەسـەر چارەنووسی گـەلانی ناوچەدا ، پلەی ژیان بەباشی بەرەوپێش ناچێ‌و ئەگـەر ئاڵ‌وگۆڕێـکی کۆمەلآیەتی‌قووڵ پێك‌نەیەت ، جـاری هـەژاری‌و دەسکورتی لە سەر دەسەلآتی خۆی دەمێنێ • هێرشی شەوی ١٣٦٩/١٠/٢٧ی هـەتاوی ئەمریکاو ولآتانی‌تر بۆ سەرعێراق ، هـەم ئەو راستی‌یە دەسەلەمێنێ‌و هـەم پێش بە بەرەوپێش‌چوونی پلەی ژیـان دەگرێ‌و هـەم خەڵکی ناوچە تووشی ڕۆژڕەشی دەکا ! مەگـەر ئەوە دۆخێکی تازە بخولقێنێ •

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٣٠ـ٢٢٩ •

## سەرهەڵدانی جیاوازیو کێشە کۆمەڵایەتی یەکان :

بێگومـان باوباپیرانی ئێمـەش وەك باوباپیرانی نەتەوەکانی تری ئەم سەرزەوی یە ، لـە سەرەتای ژیانی بەکۆمەڵیانەوە ، جۆرێك کـاریان بووە • وەك کۆکردنەوەی خـواردەمەنیو کارەکەشیان ساکـارو بێ گرێو گۆڵ بووە • بەڵام بە تێپەڕبوونی کـات هێنـدێك لێوەشاوەیی سـەری هـەڵداوەو وردبینی هاتووەتە مـەیدانو ئەنجامدانی هێندێك کار نیـازی بە فێرکردنی بەمـاوە بووە • هـەر بۆیە کارەکان جۆراو جـۆر بوونو هەرکەسە بـە کارێـکەوە خەریك بووە • بەمجۆرە دابەشکردنی کـار ، هـاتە پێشو بووبە هۆی ئەوە کـە بەرهەمی کاری مرۆڤ ، زیاد بـکا • لـەم پێیەدا ڕاگرتنی گیانلەبەران وەك ئاژەڵ ، بوو بە کارو پیشەی هێندێك لـەو هۆزانە کـە دەرەتانیان هـەبووە ، ئاژەڵیان ڕاگرتووە • هێندێك فێری کشتوکـاڵ بوون • ئاژەڵدارەکان بەرەبەرە فێـری چنین بوون •

بە بەرەوپێشچوونی ئامرازی کـار ، بەرهەمی هۆزەکان ، لە نیازی خۆیان زیاتر بوو • لەمڕێیەدا ، گۆرینەوەی کوتاڵ ، هاتە پێشو بوو بە هۆی زیاترکردنی بەرهەم • وەك وتمان لـە پێشدا هەرکەسە بەئەندازەی نیـازی ، بەرهەمی دێنـا ، هەربۆیە باری چەوسانەوە نەبوو • هەرکەس کـاری دەکردو کـەس لە بەرهەمی کـاری کەسێـکی تر ، کەڵـکی وەرنەدەگرت • بەڵام ئەوکات بەرهەمەکە زۆرتر لـە نیازبوو ، مرۆڤ ، تێگەیشت کە دەتوانێ لە بەرهەمی کاری کەسانی تر ، کەڵك وەربگرێ •

جەنـگی نێـوان هۆزەکانو زاڵبوونی هۆزێك بەسەر ئەوی تردا ، ئەبووە هۆی ئەوە ئەندامەکانی هۆزی تێكشکاو وەك گیانلەبەرو ئاژەڵی دەستەمۆ لەلایەن هۆزی زاڵەوە ، کەڵکیان لێوەربگیردرێ ! بەمجۆرە

هەم لە خۆیانو هەمله مندالو هێزی قۆلیان کەلکیان وەردەگرت : بەمچەشنە ئاغاو بەردە ، سەری هەلدا • لە لایەکی ترەوە زۆربوونی بەرهەمی کاری بۆنموونە ۱۰ کەسو کەلکوەرگرتنی ۱۲ کەس لە کاری وانو بێکار بوونی ئەو دوو کەسەو خەریکبوونیان بە کاری ترەوە ، بوو بە هۆی بناخەی دانانی چینی کۆمەلایەتی • مۆخو بەرهەمەنو کەشیشو مەلاو ئاخوندو کوێخو سەرۆکهۆز ، لەوانەن • کە بە تێپەڕبوونی کات و زۆربوونی سامانیان لەو هۆزەدا ، چینی چەوسێنەر پێکدێ •

زەوی هاوبەشو خانووبەرەو شتی لەوچەشنە ، بەرەبەرە دابەش کرانو خاوەنبەندەکان هەم بەندەی تریان وەدەستهێناو هەم بەرهەمیان زیادی کردو هەم بەسەر خەلکی تردا ، زال بوون ! مرۆڤ کە تازە لەگەل ئەم دیاردە ناحەزە بەرەورووو دەبوو ، هێشتا تامی ئازادیو ژیانی پێشووی مابوو ، ئامادەی ئەم ملهوڕیو ملبادانە ، نەبووو هەمیشە خەریکی ڕاپەڕینو رخنەگرتن بوو • چەوسێنەران ناچار هێزی نیزامیان پێکەوەناو یاسایان دامەزراندو حکومەتیان پێک‌هێنا • بەمجۆرە نەزەمێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا ، پێکهات‌و بەرەبەرە ژمارەی ڕۆژڕەشو بێبەشەکانی کۆمەل ، زۆرتر بوو • هەرڕۆژ زیاتر ئازادی ویەکسانی لە بیردەچووەوە • ئەوجار باس لە ئازادیو یەکسانی بۆ هەموو کەس نەدەکرا • بەلکوو تەنیا بۆ دەستەیەکی دیاریکراوو چەوسێنەر بوو • بۆنموونە لە یونان حکوومەتی دێموکراسی دامەزرا بەلام بۆ کێ ؟ دیارە بۆ ئاتێنیەکان یان لە جێگای تر بۆ بەناو نەجیب زادەکان(۱) •

---

**(۱) بۆ زیاتر تێگەیشتن لە گشت پلەکانی ئەم بەرەوپێشچوونو کێشەیە ، سەرنجی کۆمەلناسی ئەحمەدی قاسمی ، تاران ، لاپەڕی ۱٦ بەرەوژوور بدەن •**

نووسراوه سەبارەت بە چلۆنایەتی پێکهاتنی چین‌و توێژو شێوەی ستەم ملهوڕی‌و ژێردەستی‌و کێشەی بێ‌پسانەوەی چەوساوەکان ، دژبە چەوسێنەران ، زۆرەو باسی گەشکردنی کۆمەڵ زۆرکراوەو لێرە نامهەوێ درێژە بەوباسە بدەم‌و تەنیا دەمهەوێ هێمایەك بەوەبکەم کە بێجگە لەوبوارە گشتیانەی زۆربەی هۆزو قەوم‌و نەتەوەکانی جیهان لە جەریانی گەشەکردندا ، تێپەڕیان کردوەو تووشی بوون ، لەم‌بوارەدا ، لە سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵی کوردەواری‌دا چ تایبەتمەندی‌یەکی هەیە • ئایا وەك ئەوانی‌تر عەینی‌ئەو ڕێگایانەی بڕیوە یان بێجگەلەوە شتی‌تایبەتی سەبارەت‌بە باری‌جوغرافیایی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەوە هەبووە ؟ پاش تێپەڕکردنی ئەم بوارانە چ‌جیاوازی‌یەك دەبینسدرێ ؟

دوکتۆر قاسملو ، نووسیویەتی لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینی لە ئیمپراتووری مادا ، کوێلەتی بە شێوەی کلاسیکی لە کوردستاندا نەبووە • بەڵکوو وەك زۆربەی ولاتەکانی ڕۆژهەلات ، شێوەی دەوڵەتی کوێلەداری هەبووە • لەگەڵ دوو چەشنە ملکداری‌کە بریتی بووە لە دەوڵەت‌و ملکداری تێکڕایی ، واتا پاش‌ئەوە دەوڵەمەندو خاوەن‌کوێلە لە باری هێزو سامانەوە ، دەسەلاتی پەیداکردوە ، هێزی چەکدارو تەشکیلاتی حکوومەتی ، دروست‌کردوەو بۆوتە حکوومەتی کویلە دار •

ناوبراو سەبارەت‌بە کشتوکاڵ ، نووسیویەتی : ئەو تێکۆشانە بە ئاودێری‌یەوە بەندبووە کە پێوەندی‌یەکی زۆری بەو دووچەشنە ملکداری‌یەوە هەبووە •

خەرجی ڕایلەی ئاودێری تەنیا لە توانای دەوڵەتدا بووە •

ئەنگلس دەڵێ : مەرجی یەکەمی وەرزێری ڕایڵەی ئاودێری دەسکردە کە یان چەند دەستەو کۆمەڵێك یان چەند ناوچەیەك یان حکومەتی ناوەندی بەڕێوەیدەبا •

دەوڵەت کەڵکی لە ملکداری تێکڕایی وەردەگرتو بەرێکوپێکی باجو پیتاکی دەستاند • بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ دەستەو کۆمەڵەکان پەیمانێکی دەبەست کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە ، ئەوان بەرعۆدە دەبوون زەوی‌یەکان داچێنن • جووتیاری بەسراوە بە زەوی‌یەوە ، لە ڕاستیدا ئازاد نەبۆو • ئەم بەسراوەیەش بەگشتی ئەبووە هۆی زێدەبەرهەم • لە باخەڕەزەکاندا ، کڕینو فرۆشتن لە جەرخی یەکەمی پێش زایینیدا ، هەبووە • کڕیار دەبووە ئەندامی ئەو کۆمەڵەی باسکراو ئەچووە ژێر ئەو پەیمانو مەرجانە کە بۆ کێلانی زەوی‌یەکان ، هەبوو • سەرپێچی لەو چوارچێوە ، سزای هەبوو •

ئەو دوو شێوە ملکداری‌یە هەتا سەدەی سێهەم کە لە سەرەتای حکوومەتی ساسانی‌یەکاندا ، دێمانەی ئابووری دەرەبەگایەتی ، دەرکەوت ، لە کاردا بوون • پاشانیش کۆمەڵەکان بەتەواوی لەناونەچوون • ئاشکرایە لە ڕۆژگاری سەرکەوتنی ئیسلامیشدا ، چەشنە نەزمێکی هەرەوەزی هەر ماوە • شتێکی زۆر کەم نەبێ لە پێوەندی‌یە وەرزێری‌یەکانی پێش ئیسلام ، نازانین(١) •

لە ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاستدا بە سەرهەڵدانی ئیسلام ، چوارچێوەی ڕێژیمە کوێلەدارەکان ، تێكڕووخا • پێوەندی‌یە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان گۆڕانو نەزمی نوێو بۆچوونی تازە لەسەر شێوەی ژیانی

---

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ١١٦ـ١١٥ •

مرۆڤو نرخەکەی ، دامەزراو بەرەبەرە ، دەورەی دەرەبەگایەتی سەری هەڵداو حکوومەتی کوێلەداری ، جێگای خۆی دا بە حکوومەتو سیستەمی دەرەبەگایەتی • بەمجۆرە ئیسلام لە قۆناخێکی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا ، دەوری بنەڕەتیو چالاکی هەبووە •

بەهۆی شاخاویبوونی وڵات ، بەشێکی زۆر لە کوردان ، خەریکی ئاژەڵداری بوونو پێدەشتنشینەکان وەك زۆرلە هەرێمەکانیتری ئەم سەرزەوییە لە کوردستاندا ، کشتوکاڵی تێدا کراوە • باخو بێستانیان هەبووەو پێداویستییەکانی خۆیان ، دابین کردوە • هەربۆیە لێرەو لەوێ ودوور لە هێزی داگیرکەران ، چەند هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دۆخی هەرێمەکان ، سەربەخۆ بوونو باری دەرەبەگایەتی و باجو خەراجی ئەو سیستەمە ، بەشێوەی خۆیو بێچاوپۆشی بەڕێوەچووە • هەرچەند بەڕواڵەت وەرزێرەکان دوو یان سێ یەك بەر بوونو هێندێك ئازاد بوون ، بەڵام لە ڕاستیدا لەژێر چنگی دەرەبەگەکاندا ، وەك کۆیلە بوونو ئەگەر زەوی ئەم دەرەبەگیان لە بەر زەحتو زۆر بەجێهێشتبی ، دەرەتانێکیاننەبووە کە خۆیان دەرباز بکەن ، لای بەگێکیتر گیرساونەتەوەو دۆخەکە هەر دۆخی خانی پێشوو ، بووە • لەبیرمە ئاغای گوندی ئێمە ، وەرزێرێکی سەراوبن ، هەڵاوسیبوو بە دار فەلاقەی دەکرد ! هەناسەی بڕابوو ! بە مەلای گوندم وت کوائەوە ڕەوایە ؟! گوتی بابڕوا بۆ گوندێکیتر ! وتم لەوێش ئەمزۆرە هەیە ! وتی : النّاس مسلّطون علی اموالهم وانفسهم ! وتم : کوا کابرا ئەموالە ؟! وتی : هەرئەوەیە !

**دەورەی دەرەبەگایەتی :**

پێوەندی نێوان ئینسانەکان لەم دەورەدا ئاڵوگۆڕی بە سەردادێو

ملكداری دەبێتە ، ملكداری زەوی‌و وەرزێڕو مرۆڤی‌زەحمەتكێش ، دەبنە خاوەنی‌بەشێك لە داهاتی خۆیان‌و مافی‌ئەوە پەیدا دەكەن كە خاوەن‌ملكی خۆیان بەجێ‌بهێلن‌و لانی كەم قەلاّفەتی ئاغەكەیان ، بگۆڕن‌و بە هەر شێوەبێ ، لەگەلیان بیۆڕن • مافی‌سكالاّی لای داداگاو دادگەر هەیە • هەرچەند یاساو یاسادانەران بەباری دەرەبەگ‌و بەگشتی دەسەلاّتداراندا ، بای‌دەدەن ، بەلاّم خۆدی مافی سكالاّكردن‌و هەلوێست‌گرتن ، هەنگاوێكە بۆ وەدەست‌هێنانی ئازادی •

لەم‌پلەدا ، پسپۆری لە بەرهەم‌هێنان‌و ئامرازخولقاندندا ، پەیدا دەبێ ، بەرهەم زیادو بەنرخ دەبێ • زانست بەرەوپێش دەچێ‌و گشتی دەبێ‌و لە گەمارۆی زۆرداران دێتەدەر • بنكەو بنیاتی پیشەسازی ، كۆمەلاّیەتی‌و ئابووری‌و ئایینی ، پێك‌دێن‌و هەركامەیان ئەركی تایبەتی خۆیان،بەڕێوەدەبەن•هێندێك‌لە ئەركی بنەمالەكان ئەكەوێتە ئەستۆی ئەو بنكەو بنیاتانە • بنیاتە فەرهەنگی‌و پەروەردەكردنەكان ، وەگەڕ دەكەون ، خەبات بۆ ئازادی‌و ڕۆحی **ڕخنەگرتن** ، پەرەدەستێنی‌و هۆشیاری نەتەوایەتی‌و كۆمەلاّیەتی ، بەتایبەت هوشیاری كۆمەلاّیەتی قوولتر ، دەبێ •

دوكتۆر قاسملو دەنووسێ : پەیدابوونی دەرەبەگایەتی لە كوردستان، ئەو سروشتە تایبەتی‌یەی هەیە كە ئەونەزمە كۆیلەتی‌یە كە دەرەبەگایەتی بە دواداهاتووە ، لە كوردستان بەتەواوی گەشەی نەكردبووو ئەمە بوو بەهۆی ئەوە كە ملكداری تێكڕایی ، زیاتر پەرەبستێنێ • چوونكە بە پەیدابوونی دەرەبەگایەتی ، ملكداری تێكڕایی لەنێوچووە وەك لەو ولاّتانەدا كە دەرەبەگایەتی هاتووەتە جێگای كۆیلەتی گەشەكردووی جێگیربوو ، بەلكوو پاش ئەوەش چەند سەدە ماوەتەوەو

نەزمی هەرەوەزی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بناخـەی ملکداری گشتی دامـــەزراوە •

ئامرازی ئاودێری دەولـەتو دەرەبەگە زلەکان لـە کوردستـان دا بریتی بووە لـە جۆگەو بەندو بناوانەکانو ئەمـە بووەتە یەکێك لـــەو هۆیانە کـە بوونە هۆی ئەوەی زەوی لە چنگی جووتیارەکان ، دەرهاتووە و کارێکیوای کردوە کە دەرەبەگایەتی زیاتر گەشە بـکا •

لەپێش هێرشی عـەرەبدا ، بەرەبەرە نەزمی دەرەبەگایەتی ، جێگیر بوو و کێلگەکان ، کەوتنـە ژێر دەسەلاتی ئەم کۆمـەلانە : ١ ــ شـــا ٢ ــ بنەماڵەی پاشایەتی • ٣ ــ پیـاوە ئایینییەکان • ٤ ــ فەرماندەرەکـانی سوپا • ٥ ــ مووچەخۆرەکان • ٦ ــ ئاغاکان کـــە پێیان ئەوتن ئزاد • چەوساوەو زەحمەتکێشەکانیش بریتیبوون لە جووتیارانو کۆیلەکـانو پیشەسازان•ئیگارازۆف دەڵێ : لەنێو کوردەکانی ئێرەوان دا،شوێنەوارێك لـە کۆیلەتی نابیندرێ • بەڵام دوو شێوە کۆیلە هەبووە : ئەوانەی لـــە شـــەڕدا دەسگیر کراونو کۆیلە خۆولاتییەکان کـــە لـە قۆناخەکانی دواییدا ، کڕینو فرۆشتنیان قەدەغە کراوە • بەوپێیەش لە کوردستان دا کۆیلەداری وەك نەزمێکی ئابووری ، نەبووە •

بناخـەی ملکداری دەرەبەگایەتی زۆرتر ئەوەبوو کـە پادشـا بە پاداشتی خزمەتێك ، زەوی وەك مووچـە دەدا ، بە سەرکردەکانی سـوپا یان مووچەخۆرەکـــان • ئەوانیش تەنیـا مافی خواردنی بەرهـــەمی زەوییەکەیان هەبووە • لەم کاتەدا ، جووتیارەکان لەگـــەڵ دەوڵەت بەرەوڕوو دەبوون • پیاوە ئایینییەکان ، نەجیبزادەکانو مووچەخۆرانی حکوومەت لە دانی پیتاكو ملکانە ، تەرخان کرا بوون• بەڵام جووتیارەکان بێجگە لـەوە لـە کێشانی ڕێـگاو دانانی پردو بەگشتی کــــارە

هەرەوەزی‌یەکاندا دەبوو بەشداری بکەن ! دەبوو بیگاریش بکەن • باری عەشیرەتگەری ئەو دەورە ، هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام ، لە کوردستاندا پارێزرابوو •

لە سەردەمی عەبباسی‌یەکاندا ، هەتا سەدەی دەیەمی زایینی،جووتیاری ئاسیایی ، مڵکانەی بە حکوومەت واتا خەلیفە دەدا •

لەوماوەیەدا ، هەموو مڵکی شاو بنەماڵەی ساسانی‌یەکان هەروەها مڵکی ئەو ئاغایانەی لە شەڕ دژی عەرەبەکاندا ، بەشدار بوون ، ببووبە هی خەلیفە ! زەوی پیاوە ئایینی‌یەکان‌و ئاورگەکانی زەردشتیش ببوون بە « بیت المال »ی ئیسلام ، واتا هی خەلیفە ! ئەم‌مڵکداری‌یە ، سروشتی دەرەبەگایەتی ، هەبووو دەرەبەگەکان چینی فەرمانڕەوا بوون • داهاتی دەوڵەتیش بەسەر ئەواندا دابەش دەکرا •

نەجیب‌زادەی عەرەب‌و دەرەبەگی‌تریش هێندێ زەوی‌یان هەبوو کە بەشێکی داگیریان کردبوو • دەرەبەگی خۆوڵاتیش لەبەر پاراستنی سامانیان ، هاوکاری عەرەبەکانیان ، دەکرد • زەوی‌یەکانیان بە فرۆشتن یان بە میرات بەم‌و بەو دەگەیشتن • مڵکانەی مزگەوت ( موقوفە )و قوتابخانە ئایینی‌یەکان ، سەری‌هەڵدا کە کڕین‌و فرۆشیان نەبوو •

لە سەدەی یازدەی زایینی‌دا ، دەرەبەگایەتی «أقطاعی» وەك شێوە مڵکداری پەیدابوو • هەرچەند ئەو زەوی‌یە ، پاشا بەوکەسانەی دەدا، باری ئەقتاعی ، دروست‌کرد ، بەڵام بەرەبەرە ئەوکەسانە ، زەوی بەش‌نەکراوی کۆمەڵی‌لادێشیان ، داگیر دەکرد • بەم‌جۆرە خەڵکی گوندەکان کە خاوەنی زەوی بەش‌نەکرابوون ، لە سەدەی یازدەدا بە ئابووری دەربەگی‌یەوە ، بەسترانەوە • پتەوبوونی نەزمی دەرەبەگایەتی ،

بوو بە هۆی بێهێزی ناوەندی بوونی حکوومـــەت • واتا دەسـەلاتی وەرگرتنی باج‌و خەراج کەوتە ژێر رکێفی دەرەبەگ •

لـــە سـەدەی دوازدەو سێزدەی زایینی‌دا ، واتا لـــە دەورەی سەلجووقی‌یەکان‌دا ئـەو نەزمـە ، گۆڕانی بەسەردا هـات • بەوجۆرەی کـە ئەو خاکـەی دەدرا ، بە هێندێك کـەس کە بەرهەمەکەی بخـــوا ، بوو بە هی خۆی ئەو مافەی‌هەبوو ، بە میرات بیـدا بە میراتگری‌و بوو بە هۆی پێشکەوتنی بەرهەمی کشتوکاڵیش • بەلام باری چەوساوەکانی کەم نەکردەوە •

پاش پەلاماری موغولەکان ، وەزعەکە کەمێك گۆڕا • خانی موغول‌و دەوروبەری ، بەشێـکی زۆری زەوی‌یەکانیان ، داگیرکرد • هەروەهـا هێندێك دەرەبەگی تازەی موغولیش پەیدا بوون ، کە زۆر بێبەزەییانە ، جووتیارەکانیان ، دەچـــەوساندەوە • نەزمی دەرەبەگایەتی گـــەیشتە ئەوپەڕی خۆی‌و سـەقامگیر بووو جووتیاران بەتەواوی بەزەوی‌یەوە ، بەستراونەوە • خاوەن ملکەکان ، چوار دەستە بوون :

١ ـ نەجیب‌زادە لەشکری‌یەکان وەك خانەکانی موغول‌و تورك‌و کـــورد •

٢ ـ دەرەبەگە خۆولاتی‌یەکان کە مووچەخۆر بوون •

٣ ـ پیـاوە ئایینی‌یە گەورەکان •

٤ ـ مووچـــەخۆرانی دەوڵەت • جـــووتیاران زۆر بەتووندی ، دەچـــــەوسێندرانەوە • هێنـــدێك جـار ناچـار دەبوون ٨٠٪ی دەخڵ‌ودانەکەیان ، بە چەوسێنەران بدەن • لە بڕانەوەی سەدەی سێزدەو سەرەتای ســـەدەی چـواردەدا ، لەبەر دۆخـــی نالەباری ئابووری ،

ئاڵوگۆڕێکی ، بەسەردا هات و باری چەوسانەوە ، هێندێک کەم کرایەوەو بەشێکی زۆر لە زەوییەکان بە سەر جووتیارەکاندا ، دابەش کرا • بەم جۆرە کشتوکاڵ ، بووژایەوەو داهاتی حکوومەتیش زۆر بوو •

هێرشی تەیمووری لەنگ ، جارێکی تر پلەی ژیانی نزم کردەوە • مەڵبەندەکان ، بەسەر فەرماندەراندا ، دابەشکران و ئەوانەی ئەوبارەیان بۆ ڕەخسا ، لە هەموو باج و خەراجێک ، تەرخان کران و بەم جۆرە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان زیاد بوو • لەو ماوەیەدا ، ملکداری دەرەبەگایەتی سەقامگیر بووو پێوەندی دەرەبەگایەتی ، بەسەر گشت مەڵبەندەکانی کوردستاندا ، زاڵ بوو • لە دەورەی سەفەوییەکاندا شێوەیەکی نوێی ئەقتاعی ، سەری هەڵدا کە پێیان دەگوت : «تیول» بەم پێیە مافی ملکانەی زەوییەك یان بەشێکی ، دەدا بە کەسێك • لە سەردەمی شاعەباسی یەکەمدا ، بەرهەمی کشتوکاڵ ، هێندێك ، هەنگاوی بۆ هەڵگیرا • بەڵام تەنیا زەوییەکانی بنەماڵەی پاشای زیاد کرد • ملکی مەوقووفەی شیعەکانیش زیادی کردو بنکەو بنیاتە ئایینییەکان ، دەسکەوتی زیاتریان وەدەسکەوت • بەگشتی ئەم بارە بەرەو گەشە کردن ، دەڕۆیشت و پاشا زەوی و لەوەڕگەکانی بەسەر هۆزەکاندا ، دابەش کرد •

لە ئەنجامی هێرشی ئەفغانییەکاندا ، جارێکی تر پلەی ئابووری نزم بووەو هەژاری و کوێرەوەری ، سەردڵی جووتیارانی گرت • وای لێهات دژ بەودۆخە هەڵوێست گیراو لە مەڵبەندی خۆی و سەڵماس ، کوردەکان ، دژ بە زیادبوونی باج و پیتاك ڕاپەڕین •

لە سەردەمی کەریمخانی زەند ، ماوەیەك بارەکە بەرەو باشی

گۆڕا ، بەڵام ئەم دۆخە بە باری خراپەدا ، سەری هەڵدایەوە ! لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارەکاندا ، لەسەرەتای سەدەی نۆزدە ، هەزاری گەیشتە ئەوپەڕی خۆی . ژلات کەوتە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتە ئیستیعمارەکانەوە(١) .

لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ، بەرهەمە پیشەسازی یەکانی بریتانیا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی تورکیە . تەرابزوون ، بوو بە گۆڕەپانی بەرژەوەندی بریتانیاو ڕووس . ئیستامبۆڵو تەرابزوون وەك ئاڵقەی پێوەندی بازرگانی ، دەوریان هەبووو دۆڵی ڕافیدەینیش لێرەوە ، پێوەندی دەگرت . بە هاتنی بەرهەمە پیشەسازی یەکانی ئورووپا ، پیشەسازی یە دەستی یە خۆماڵی یەکان ، خۆیان پێ نەگیرا و پاشەکشەیان کرد . بەڵام پەموو ، خوری و شتی لەوچەشنە ، بۆ دەرەوەی وڵات نێردران برەویان پەیداکرد . تورکیە بەتایبەتی بوو بە مەیدانی فرۆشتنی بەرهەمی پیشەسازی ئورووپا . بەوحاڵەش بەرهەمی کشتوکاڵی خۆی بە نرخێکی هەرزان ، دەفرۆشت ! بەرهەمی قوماش دروستکردنی کوردەکانیش ، زیانی وێکەوت .

لەبەرئەوە خوری لای ئورووپایی یەکان ، نرخی زۆری هەبوو ، پیشەسازی فەرش چنین ، لە کوردستاندا ، لاواز بوو . وردەدەلاڵ لەم ناوچەدا ، خوری خەڵکیان ، دەکڕی و دەیانگەیاندە حەلەب و لەوێوە دەگەیشتە ئورووپا . بەمجۆرە بەپێی دۆخی سەرهەڵدانی بەر هەمهێنانی مەکینەیی، دەسکردە خۆماڵی یەکان ، لاواز بوون .

بازاڕەکانی ئاسیا بوون بە سەرچاوەی پارەپەیداکردنی بازرگانی

---

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو لاپەڕی ١٢١ــ١١٦ .

سەرمـــایەداری ئوورووپا • کوردستان کەرەستەی خـــاوی پیشەسازی خۆماڵی هـەبوو ، بەڵام ناوچـە دوورەکانی کوردستان ، لـە شارەکانەوە، ئەوەندە دواکەوتوو بوون کـە بۆ باســکردن نابێ ! حکوومەتەکانیش ئاوڕیان لـە کانـگا ژێرزەوی یەکان ، نەدەدایەوە • چوونکە دەرهێنانیـان پوولی دەویستو ئامێریواشیان بۆ ئـەو مەبەستە نەبوو • تەنیا بازرگـانە بچووکەکان لـەم سەرچاوانە ، بـــە شێوەی سەرەتایی ، کەڵــکیان وەردەگرت • بۆ نموونـە لـە ناوچـەی خانەقینو مەندەلی ، نـــەوت ئەوڕژایەڕووبارەکانەوەو هەربۆیە خاوەنزەوی یەکان ، نەوتیـــان بـــە خەڵـکی‌تر دەفرۆشت • هـەر بۆیە بازرگانی سەرمایەداری چـــاوی لەو چاڵاو کانـگایانە بڕیو بۆدەس‌بەسەرداگرتنیان ، وەخۆکەوت[1] •

وەك باسمان‌کرد ، هـەڵسووڕانی کاروباری بازرگانی نێوخـۆی کوردستان بەهۆی پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی‌تری وڵات ، لـــە هـەموو هەرێمەکانی کوردستان‌دا ، بە قازانجی خەڵـکی چەوساوە نەبوو •

ئەمـــە باری ژیانی دانیشتوانی شـــارو گوند بوو • باری ژیانی گـەڕۆكو کۆچەرەکان کـــە پاشماوەکـەیان هـەتا ئێستا مـــاوە ، چوارچێوەیەکی دیکەی هەبووە یان هیچ شێوەیەکی **نەبووە** • بە زۆربەیی ڕۆنو خـوری‌و مـەڕو ماڵاتیان لەگەڵ پێداویستی‌یەکانیان ، دەگۆڕیەوەو کـەمتر بە دراو ئاڵوویریان کردوە • لـــە دۆخی‌وادا جـــۆرە سەربەخۆیی‌یەك بەتایبەت بۆ کۆچەرەکان ، ڕەچاو دەکرێ و بەم‌پێیەش لە بەر نەبوونی یاسایەکی ڕێك‌وپێك ، ڕێگری‌و دزی‌و بە زەبری چەك هێرش‌بردن بۆسەر ئەمو ئەو ، هەیە !

بێجگە لەوە لـە دۆخی ژیانی‌وەهادا ، دامەزراندنی بنـکەو بنیاتی

---

(١) **کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی ، پێشوو لاپەڕی ٧٧ـ٧٣ •**

کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئاینی ، کەمتر دەگونجێو ئەگەریش بەپێی دۆخی چاخەکە ، ئەم دامەزراندنە پێویست بێ ، لەبەر سەقامگیر نەبوونی کۆچەرەکان ، بایەخێکی ئەوتۆیان نەبووەو نەیانتوانیوە ، ئەرکی دیاریکراویان بەئەنجام بگەیەنن • کەوابوو تەواو یان لانی زۆری ئەرکە پەروەردەییو ئاکاریو فێرکردنەکانو دابین کردنی پێداویستی یەکان ، لە سەرشانی هۆز یان بنەماڵە بووەو لەبەرئەوە لە چاخی وادا لە جیهانی دەوروبەر ، خەڵکی تر بەوچەشنە نەژیاون ، بۆ دروستکردنی ئەو بنکەو بنیاتانەی کە ئەرکی بنەماڵەو هۆزو تایفە کەمبکاتەوە ، هەنگاویان هەڵگرتووە ، ئەمان لە هەموو بارێکەوە پاش کەوتوون • ئەم پاشکەوتوویی یە وای لێهاتووە کە بێگانەکان گوتوویانە : کورد داوای سەربەخۆیی دەکا بابزانین لەباری کۆمەڵایەتیو زانیاری یەوە ، شیاوی وەرگرتنی ئەو مافە هەن ! دیارە بێجگە لەوەش چوونکە دانی ئەملافە بەقازانجی ئەوان نەبووە ، هەنگاویان بۆ هەڵنەگرتووە • دیارە ئەم ڕەوتە هەم بە قازانجی ئەوانو هەم بە قازانجی ئەو حکوومەتانە بوو کە کورد لەژێر دەسەڵاتیاندا ، دەژیا • چوونکە سەقامگیربوونو پێکەوەژیان ، ئەبێتە هۆی دامەزراندنی بنکەو بنیاتی جۆراوجۆرو زۆربەی ئەرکی ژیان ، ئەکەوێتە سەرشانی ئەوانو باری ژیان بەرەو باشترو هاریکاری دەگۆڕدرێو مرۆڤ مافەکانی خۆی ، دەناسێو بەکەمتەرخەمی یەوە ، تەماشای ڕووداوەکان ، ناکاو لەوە دەگا کە دیاردەکانی دەوروبەری ، پێکەوە پێوەندیان هەیەو خوێشی بەشێکە لە سروشتو هەر ئاڵوگۆڕێك لەواندا پێك بێ ، لەسەر ژیانی ئەویش شوێن دادەنی •

بێجگە لەوە پلەی ژیان بەرزدەبێتەوە ، پلەی خوێندەواری ، دەچێتە

سەر • بەوپێیە کە گوتوویانە : خوێندەواری پەسنێکە لە هەر کەسێکدا، هەبێ ، باشترین و ڕاسترین ڕێگا بۆ تێپەڕکردنی ژیان ، دەدۆزێتەوەو ڕێگای ئازادی ، دەبینێتەوە • ئەگەر ئەوەشی لێ زیاد بکەین ، کە ژیان ، بە واتای زۆرانبازی و خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانی باشترو نەچەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ ، دەتوانین ئەو ڕاستی یە ڕابگەیەنین شارنشینی و کەڵکوەرگرتن لە گشت گونجاوەکانی زانستی و تکنیکی و تێکۆشان بۆ نوێهێنان و نوێخولقاندن ، ڕێگای گەیشتن بە ئازادی ، خۆش دەکا • هاریکای ئازادیخوازان ، پتەوتر دەکا • بە زانیاری و ژیربێژی و وردبینی یەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج ، هەنگاو هەڵدەگرن ، پلەبەپلە ، ڕێگای دژوار دەبڕن • هەل و مەرج ، دەناسن و بیر لە داهاتوو دەکەنەوە ، وەدوای ڕووداو ناکەون و بە پێش بینی ئەچنە پێشوازی ڕووداوەکانەوەو بە ئامادەبوون ، ڕووداوەکان بەسەریاندا ، زاڵ نابن •

مەیجەر نۆئیل لە یادداشتەکەیدا ، دەنووسێ : لە گوندێکی کوردستان داوام کرد ، خەڵکەکە کۆبنەوە و پێنەییکیان لێ بگرم • وتیان : تورکەکانیش بێن ؟ وتم نە • وتیان ئێمەش ئەزەمان پێی باشترە چوونکە منداڵیان کەم بوو لە ژمارەی منداڵبوون پرسیارم کرد ، وتیان خێڵە کۆچەرەکان ، چوونکە لە دەشت و کێودا دەژین ، ئازادترن • باشتر دەتوانن ، ئاسایش و خۆشی بۆ ژنەکانیان ، بخولقێنن • بەڵام بوونی ئەو تورکە مەلعوونانە ، لەم گوندەدا ئازادی و سەربەستی لە ئێمە زەوت کردووە • وتم : خێڵەکان بە مەیلی خۆیان ئەو ژیانەیان هەڵبژاردوە • وتیان : ڕاستە ، بەڵام ئەگەر ئەو تورکانە نەبوونایە ئەوانیش ئەو ژیانەیان هەڵنەدەبژارد • نیشتەجێ دەبوون و ئەم بارەشیان

پێخۆشتره • پرسیارم کرد : حکوومەتی تورکتان ، خۆش دەوێ؟ پیرەمێردێك وتی بۆ ئێمە واباشە بڵێین ، خۆشمان دەوێ(١) •

ئەم بەشە لە ڕاستی ، ڕاستییەکی تر دەسەلمێنێ کە ژیانی کۆچەری تەنیا باروودۆخ و قۆناخەکانی تێپەڕکردنی ژیان بەسەر بەشێك لە کورد ، دانەسەپاندووە ، بەڵکوو دەسەڵاتی فەرمانڕەواو دەمارگیری گەلانی هاوژیانی کوردیش لە بە کێوو دەشت و دۆڵدا کردنی خەڵکی کوردستان، دەوریان هەبووە • لە ڕابوردووی ژیانی ئەم گەلەشدا ، زۆر جار ئەوە بیندراوە کە خێڵە کوردەکان لەبەر پارێزکاری لە گیان و سامانیان ، حزاونەتە قوژبنی چیاکانەوە • مەتشووره دەڵێن : یونانییەکان چەندسەد کەنیزیان نارد بۆ سلێمانی پەیامبەر لە کوردستانەوە تێپەڕبوون زگیان پڕبوو ! گەیشتنە لای ئەو وتی : ئەوە چییە ؟ وتیان کوردوئن ، وای لێکردوون ! وتی : پاش لەدایکبوونی منداڵەکانیان : فاکردوهن في الجبال ! واتابیانکەن بەکێواندا ، بیانکەن بە کورد ! دیارە ئەم قسە ڕاست نییە • سلێمان بەعەرەبی نەدواوە • لە زمانی عەرەبیدا ، بەو شێوە فیعل لە ئیسم دروست ناکرێ و ئەوە مێشکی دوژمنانی کوردە کە ئەم هەڵیت و پەڵیتەی تێدا خولقاوەو خستوویەتە مێژووەوە • بەڵام قسەکەی مەیجەرو ئەم ئەفسانە هۆشنەبێکە، نیشاندەری ئەوەن کە هەرچەند کورد ، نیازپاك و بێزیان بوون ، نەتەوە دراوسێیەکانیان ، تێکۆشاون نینۆکیان لە بن دەربێنن بۆ وەی سەریان پێ نەخۆرێنن !

ئەوەندە سیاسەتی گەلی خاوەن دەسەڵات ، دژ بە سەربەستی و

---

(١) یادداشتەکانی مەیجەر نوئیل لە کوردستان ، وەرگێڕانی حسێن ئەحمەد جاف و حوسێن عوسمان نیرگسەجاری ، بەغداد ١٩٨٤ لاپەڕی ٢٢_٢١ •

کـەرامەتی گەلی کورد بووە ، کـە هەرچەند بە ڕواڵەت دەسەڵاتداران و گـەلی باڵادەست موسوڵمان بوون و پەسنی هاوبەشی زۆریان لەگـەڵ گەلەکەمان هەبووە و هـەیە ، لەبەر ستەمی لەڕادەبەدەر ، گەیشتوون بەو ئاکامە ، ئیستیعماری پیرو مشەخۆرو پڕفرت و فێڵی بریتانیا ئاغایان بێ ، لـەوان چـاکترە ! مەیجەر لە یادداشتەکانی‌دا ، دەنووسێ : **ئەوەی** شایانی باسـە ، خەڵـکی ئەم ناوچانە ( ئەو ناوچانەی لە گەشتەکەی‌دا ، سـەری لێهەڵهێناون ) بە گشتی ڕایان وایە کـە بوونی دەسەڵاتێـکی ئینگلیزی ، ئەوان دەخاتە خێرو خۆشی‌یەکی باشەوەو بەرژەوەندییان ، دەپارێزێ ! پاشـان دەڵێ : خەڵك لەسـەر دۆخی شـەڕو ژیانی ئابووری ئورووپا ، هیچ ، زانیارییەکیان نی‌یەو ئەگەر ئاواتیـان بێتـەدی ، پەنجەی پەشیمانی ئەگـەزن(١) •

مەبەستی مەیجـەر ئەگـەر ئەوەش نەبێ کـە بریتانیـا لـە چەوسانەوەدا کـەمتر لەوان نی‌یە ، خۆ ئەوە دەس‌نیشان دەکا کە لـەو جیهـانەدا ، گـەلی کورد دڵسۆزێـکی نی‌یەو هەرکەسێك دەسەڵاتی‌بە سەری‌دابێ ، لـەوە خراپتری لێدەکا ! بەڵـگەش هـەرلە یادداشتەکانی ئەودا هـەیە ، چوونـکە باسی ئەوە دەکا کـە خەڵکی ناوچەی دیاربەکر ، لـەوە دەترسان بریتانیا حکوومەتێکی‌بە دەسەڵاتی ئەرمەنی ، دروست‌بکاو ئەوان کـە **٣٠** هەزار کەسن ، بـکەونە ژێر دەسەڵاتی **٢٥** کـەس لـە دووکاندارە ئەرمەنی‌یەکان کە لە دیاربەکر ، بوون(٢) ئەو **ترسەش** بێ جێ نەبوو ، چوونکە ئورووپایی‌یەکان لەبەر باری ئایینی ، پشتیوانی زۆریان لـە ئەرمەنی‌یەکان کردو ئەو خەیاڵەشیان لـە مێشك‌دا بوو بیانکەن بـە دەوڵـەتی سەربەخۆ •

---

(١) **یادداشتەکانی ••• لاپەڕی ٢٦ـ٢٥ •**
(٢) **هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٧ـ٢٦ •**

دیارە تووڕەیی کورد لە نەتەوەکانی‌تر تەنیا دەسەڵاتداری ئەوان نی‌یە ، نەیارانی کوردو گەلانی بن‌دەست بۆ خولقاندنی کێشەو کەڵک‌وەرگرتن لە ئاکامەکەی لە هێندێك جیاوازی لاوەکی وەك زمان‌و ئایین‌و ڕەنگی پێست ، کەڵك وەردەگرن • تەنانەت لەنێو نەتەوەیەك‌دا ، نەیاران لە جیاوازی ئایینی ، لەهجە ، ناوچە ، عەشیرەو مەزهەب ، کەڵك وەردەگرن‌و ناهێڵن ، گەلێك بگا بە یەکگرتوویی !

هەر ئێستا لە کوردستان بە هۆی نزمی پلەی خوێندەواری‌و شارستانی‌یەت کە دەسکردی نەیارانن ، کەڵك‌وەرگرتن لەوچەشنە جیاوازیانە ، برەوی هەیە • لوڕی شیعەو خاوەن لەهجەی تایبەتی ، گۆرانی شیعەو ئەهلی‌حەق ، سوننی‌سۆرانی‌و بادینانی ، کوردی ئەرمەنی‌و یەزیدی کە لە سەدان عەشیرەت پێك‌هاتوون‌و لە دەیان ناوچەی دوورو نزیك‌دا دەژین ، بابەتن بۆ پڕوپاگەندی نەیاران‌و هەوڵدانیان بۆ زەق‌کردنەوەی ئەم‌جیاوازی‌یە ڕووماییانە ! بەداخەوە بە درێژایی مێژوو ئەم فرت‌و فێڵە ، دەوری هەبووەو زەمینەی ئابووری‌و کومەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یش ، ڕێگاخۆشکەری بەدخوازانە • ئەو پیلانەش لە دەوڵەتە فرەگەلی‌یەکانی ناوچەش‌دا ، دەوری ڕووخێنەری خۆی هەیە • گاڵتەی گەلی دەسەڵاتدار بە تورك‌و بەلووچ‌و عەرەب‌و تورکەمەن‌و هی‌تر ، بەمەبەستی وردکردن‌و سرینەوەی کەسایەتی ئەندامانی ئەو نەتەوانەو هەروەها سەلماندنی ئەو ئامانجە گڵاوە ، کە ئەوان هاونیشتمانی دەرەجە دووەمن ، برەوی هەیە ! دیارە حکوومەتەکانیش پەرە بەو دابە نگریسە، دەدەن‌و بۆ داسەپاندنی سیاسەتی مەزنیخوازی خۆیان ، هەوڵی بۆ دەدەن!

بۆ نموونە برەودان بە ئەفسانەو باسی دوور لە زانست‌و هۆش ، بناخەی نەتەوایەتی گەلی کورد ئەبەنەوە سەر جندۆکە یان کەنیزەکە

پێشکەشکراوەکان بە سلێمانی پەیامبەر لەلایەن یونانی یەکانەوە ! یان ئەوە گەلی کورد دەبێ هەر بەدبەختو لێقەوماوو بن دەست بێ ، چونکە بۆغدود ناوێکی ئەوگەلە کەزۆر ناحەزو گرویێ بووە ، چووەتە لای پەیامبەری ئیسلامو لەبەر ئەو دیمەنەی ، دوعای لە نەتەوەکەی کردوە ، هەتا هەتایە هەر چارەڕەش بن !

با ئەوەش بڵێین ئێستا لای خاوەنهۆش و مرۆڤی خاوەن شارستانی یەتو پێگەیشتووو تێگەیشتوو ، باسی لەوچەشنە پڕوپووچەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی و خەڵکناسی و کۆمەڵناسی و کۆنەناسین و باری شتارستانی یەتی کۆن ، لەو بوارەدا ، لەبۆزی کۆنەپەرستانی لە گڵ وەرداوە • ڕاستی ئەوەیە هەرگەلێك بوو بە خاوەن دەسەلاتی سیاسی ، بناخەکەی ئەبەنەوەسەر فریشتەو چاکی و شارستانی یەتی گەشەکردوو !

**فەرهەنگی دەرەبەگایەتی :**

لە کوردستان لەو بەشانەی هەل و مەرج ئیزنی دەدا میرنشینی کورد دامەزرێ ، وەك کوردستانی تورکیەی دەورەی عوسمانی ، کوردستانی ئێرانی پێش پەهلەوی و کوردستانی عێراقی پێش دامەزرانی حکوومەتی تازەی عێراق ، ئەدەبیات و فەرهەنگ و شارستانی یەت ، گەشەیان کردو بەرەوپێش چوون • هێندێك لە شارەکانی کوردستان وەك بتلیس ، جزیرە ، هەکاری ، سنە ، ڕەواندزو سلێمانی کە پێتەختی بەهێزترین میرنشینی کوردبوون ، بوونەتە ناوەندی ڕووناکبیری نەتەوەکەمان • لەوان دا شاعیر و مۆسیقیزان و زانا ، پەروەردە دەکران و پشتیوانی یان لێ دەکراو بۆ بەرەوپێش چوون ، دنە دەدران • لەگەڵ ئەوەش دا مەزنیخوازەکان ، خۆیان دەگایاندە بارگای پاشاکان و لێوەشاوەیی خۆیان ئەخستە خزمەت

ئەوانەوە ، میرە کوردکان بارەگایان بۆ خۆیان سازکردبوو کە وەك بارەگای پاشا هاوچەرخەکانیان ، وابوو • مەیجەر دەڵێ چووم لای سەرۆك عەشیرەتی سیناميللی ، خانووبەرەیەکی هاوینی زۆر جوانی دروست کرد بوو • دیوەخانەکەی بەربڵاو دیوارەکانی لە خشتی سوور دروستکرابوو • لە حەوشەکەیدا ، ئاوێکی ڕوونی چاوقرژاڵی هەڵدەقوڵا ، دەوروبەری ئاوەکەش بە کورسیبەرگ حەریر ، گیرابوو ، بنەمیچەکەشی بە دارسنەوبەر ، بەری گیرابوو • دیمەنێکی ئێجگار قەشەنگی هەبوو • باشترین خانووی سەرخێڵە ، کە تا ئێستا تووشی هاتووم • ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە کورد خاوەنی چێژو شارستانییەتێکی دێرینی ڕەسەنن •

سیناميلکییەکان ، قۆزو پۆشتەن ، دڵپاکو خاوێنن ، لە جووتیاریدا ئازاو کارامەن ، لە دروستکردنی خانووبەرەی خۆیاندا ، خاوەنی هەستێکی هونەریی ڕەسەنن(۱) •

بە هەرحاڵ لەم دەورەدا ، کە دەورەی ڕاپەڕینی چەرخی گەشەکردنی دەرەبەگایەتی کورد بوو ، کۆمەڵگای کوردەواری بە کردەوە ، ڕێگای بۆ جیهانی دەرەوە ، نەبوو ، ئاسۆی ڕوانگەی سەرۆکە کوردەکان ، دوور لە پێتەختو لە بەرامبەر هێرشی دوژمن بۆ سەریان ، لە سنووری ناوچەی دەسەڵاتیان تێپەڕ نەدەبوو • هەر بۆیە ئەو توانایانە ، نەبوو کە گەلی خۆیان لەژێر ئالای حکوومەتێکی یەکپارچەدا کۆ بکەنەوە تا لەوێیەدا ، گەشەکردنی فەرهەنگو بەرەوپێشچوونی باری ژیان ، خۆ بنوێننو وەك گەلانی خاوەن دەسەڵات بگا بە پلەی بەرزی خۆی •

---

(۱) یادداشتەکان ، پێشوو ، لاپەری ٣٤ •

بێجگە لەوە کێشەی مەزنی‌خوازی سەرۆکە کوردەکان ، زیـــانی قەرەبوونەکراوی بەو ڕەوتە گەیاند •

لــە تورکیە لەگــەڵ خەلیفەی عوسمانی پەیمانیان بەستبوو هیــچ میرنشینێك لــە کاروباری ئەوی‌تردا ، مـــافی دەستێوەردانی نەبێ‌و ئەم‌هەلەش دەستی خەلیفــەی بۆ دروستکردنی کێ‌بڕکێ لەنێوانیـانـدا ، ئاوەڵا کردبوو و پێشی بە هەر ئاڵو گۆڕێك دەگرت • لە باری ئایینی‌یەوە کوردەکــان بەتاوانیان دەزانی لەگــەڵ جــەنابی خەلیفە ، بەربەرکــانی بکەن ! بەواتایەکی‌تر لای وان چەمـــکی «امت» بە ســەر میللەت‌دا ، زاڵبوو • بێجگە لەوانە هۆشیاری نەتەوایەتی کــە ماکــەی مـــەیل بە پێك‌هێنانی حکوومەتی گەلی کوردە هەروەهــا قەبارەی کۆمــەلایەتی‌و ئابوری ئەوکات ، بەوشێوە لە ئارادا نەبووە ! لەوکاتەدا لــە کوردستان زۆربەی حەشیمەت خەریــکی کشتوکاڵ بوون‌و ڕێکخراوی عەشیرەیی بە گشتی زاڵ بووە • وێدەچێ عەشیرەت‌گەری ، **لەمپەری بنـــەڕەتی** پەیدابوون و بەرەوپێش‌چوونی هۆشیاری گــەلی بووەو برەوی ئایینیش لق‌وپۆپی ئـــەم لەمپەرەیە • دەکرێ بڵێین : پابەندبوون بــە سیستەمی عەشیرەت‌گەری ، هۆی بنەڕەتی تێك‌شکانی ئەم جم‌وجۆڵانە بووە کــــە ئامانجیان پێك‌هێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد بووە •

باری فەرهەنــگی کۆمەڵ ، بە چەشنێك‌بوو کە کێشەی نێوخۆیی ، خــەیانەت‌و گەل‌فرۆشی‌و تێك‌دانی یەکــگرتوویی‌یەکان ، لـــە بەرەی کوردەکان‌داو هەروەها بیروبڕوای عەشیرەت‌گەری ، بوونەتە هـــۆی تێك‌شـــکانی شۆڕشەکـــان • ( بەداخــەوە ئێستاش لەم‌چەرخــەدا ، پاشماوەی ماوە ) •

وەك وتمان لــە درێژایی چــەند چەرخ‌دا ، ئاژەڵداری ژێرخــانی

سیستەمی عەشیرەتی (بەتایبەت گەڕۆکەکان) بووە • کەڵك وەرگرتن لە لەوەڕگەو کۆچکردنی درێژخـــایەن بە شاخ‌وکێوو دۆڵو هەڵدێرداو پاراستنی هێمنایەتی ئاژەڵو تاقیکردنەوەی ڕێکاکان بوون بـە هــۆی ئەوە ئاژەڵداری ببێتە پیشەی گشتی • هەربۆیە پێوەندی پتەو لەنێـــوان ئەندامانی کۆمــەڵدا پێویست بوو • ئــەو پێوەندی‌یەش بە عـۆدەی عەشیرەت بوو کـە خاوەنی نرخی تایبـەتی خۆیەتی‌و ئەبێتە هــۆی پابەرجایی‌و درێژخایەنی خۆی • ئاژەڵداری سەرەتایی نیازی بە فێرکردن نی‌یەو هەربۆیە تیکنیکەکانی کـەمتر تووشی ئاڵو گۆڕبوون • کـەوابوو ئەندامانی‌ئەم جۆرەعەشیرەتانە ، ئەگـەر بیان‌ویستبایە دەرس بخوێنن ، دەرەتانێکی‌ئەوتۆیان ، نەبوو ، چوونـکە هەمیشە لە جم‌وجۆڵدا ، بوون‌و لەوێشەدا ، تەنیـا گوندو شارنشینەکان دەیانتوانی (بە کەم‌وکوڕی) لــە قوتابخانەو فێربوون ، کەڵك ، وەربگرن • چادرو خێوەت‌نشینەکان کەمتر لەگـەڵ جیهانی دەرەوەدا ، هاتووچۆیان هــەبووو لـــە کۆڕەپانی سروشت‌دا تەنیـــا دەژیان‌و لەگـەڵ هێـــزی بێ‌بەزەیی سروشت‌دا زۆرانبـــازیان دەکرد ، بــە هۆمیدی ژیانێـکی‌تر ڕایان‌دەبوارد • چوارچێوەیەکی ساکاری‌دوور لـە زانستی‌و جیهانبینی سەرەتایی ، بەسەر بیرو بۆچوونەکانیان‌دا ، زاڵ‌بوو ، ئامـادە نەبوون دەستی‌لێ هەڵـــگرن ئەوەی پێیان‌گوترابوو ، لایان ڕاست‌و بێ‌ئەم‌لاوئەولا بوو ، هــەر بۆیە هــەر بیروبڕوایەکی جیـــاواز لەوەی خۆیان ، لایان پەسند نــەبوو • ئەم بارەش زیانی ئەوەبوو کـە نەیاندەتوانی گیرو گرفتی پڕگرێو گوڵی خــەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی ، چارەسەر بـکەن • لێکۆڵینەوە لـــە جم‌وجۆڵەکانی چەرخی نۆزدەو بیستی گەلەکەمان ، ئەم ڕاستی‌یەمـان بۆ دەس‌نیشان دەکـــا •

لــە چوارچێوەی ڕێکخراوی عەشیرەیی‌دا «من» نی‌یەو تەنیا ئێمــە

یان عەشیرەتە کــە بەسەر هەموو شتێکدا ، زاڵە • تاقەکەس لە پەنجەرەی ئەوەوە دەناسرێ (بێجگە لە سەرۆك عەشیرەت کە سەد منیش دەبێ)•
تاقەکەس لــە سەرەتاوە ئەندامی عەشیرەیەو پاشان موسوڵمان ، یەزیدی ، ئەهلیحـــەقو مەسیحیو لەدواییدا ، کوردە ! (لەمچــــەرخەشدا ، کاكئەحمەدی موفتی زادە لایەنگرانیخۆی بەو ژەکــە فریشكبەستبوو کــە بڵێن : ئێمــە لەپێشدا ، موسڵمانین ، پاشــــان کوردین ! )
خۆچەرخەکەش ئاخرو ئۆخری چەرخی بیستەم بوو ، سنەش شارێـــکی گــەورەو خاوەنشارستانییەتی کوردستانــە ، ئەی بۆ هـــەڵمیئەو بیروبۆچوونەکۆنە لــە لووتی ئەوکەسانەدا ، هەر مابوو ؟! بە هەرحـاڵ مەزنیخوازی عەشیرەیەك بە سـەر ئەویتراو دوژمنیکردن لەگـــەڵ یەکتـــر ، باو بوو ! عەشیرەت وەكڕێـــکخراوەیەکی کۆمەلایەتی وەك حکوومەتێکی بچووكو نموونە وایە کــە هۆیە بەرهەمهێنەرو ڕاپەڕێنەری کاروبارو ڕێكوپێکیو هێمنایەتی دەرەوەیی ئەو ، دەستەبەر کراوە • وەك وتم سەروکی عەشیرەت ، سەربەخۆیەو هـــەڵپاچو داپاچی هـــەیەو فەرمانەکانی وەك یاسان • چوارچێوەی عەشیرەتگەری ، داوادەکــا ، ئەندامەکانی لــە سەرۆکەکەی پەیرەوی بـکەن • ســــەرۆك پەردەی نێوانئەوانو جیهــانی دەرەوەیەو بێڕەزامەندیئەو کــەس دەس لـــە ڕەشو سپی نادا •

سەرۆکەکان لەســەر لەڕەرگـــەو مەزنیخوازی تۆلەئەستاندنەوەلـــە یەکتر هەروەها کێشەی ئایینی وشتی هۆش نەپێکی دەمارگیری،هەمیشە لـــە تەقـەو لێکداندا بوون ! مەگەر بەدەگمــەن ، دەنا پێـکەوە تـــە بانەبوونو ئەگــەر ئەودۆخە هاتبێتە پێش ، درێژخایەن ، نەبووە ! شتێکی لاوەکیو کەمنرخ ، دەیتوانی لـــە نێوانیاندا ، کێشەیەکی ڕیشـــەیی ،

دروست بکاو یەکیەتی‌یە بەدەگمەنەکەش تێك‌بدا . هەربۆیە لـە باری ئاکـارو کردەوە ، زۆر جـار وای‌لێهاتووە کـــە عەشیرەتێك بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لەوی‌تر لەگـەڵ دوژمنی گەل ، پەیمانی بەســتووەو پێـکەوە ، هێرشیان‌بردۆتە سـەر ئەوی‌تر . بەداخـــەوە مێـژووی کوردستان ، پڕە لەم‌کردەوە دزێوانە . کەواوبوو ، هەڵەیە ئەگەر بمانەوێ لـە سـەر ئێستاو پروسکی پرتووکاوی شعوری عەشیرەتی ، شـــعوری گەلی دابنێین‌و پێکەوەیان بلکێنین‌و چاوەڕوانی سەرهەڵدانی ئەمــــامی شۆڕشگێڕی بین(١) .

## ئاکـــام :

لەبەر دواکەوتوویی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و بوونی‌خاکی کوردستان لـە چـەند وڵاتی دواکەوتوودا ، هەروەها لەبەر ستەمی لـــە ڕادەبەدەری نـەتەوایەتی‌و چینـــایەتی‌و زاڵ‌بوونی ئابووری‌و بـــاری کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنـگی دەرەبەگایەتی‌و سیستەمی عەشیرەتی بەسـەر خەڵـکی کوردستان‌دا ، فەرهەنـگی مـاددی‌و مەعنەوی گەلەکەمان وەك باری‌ئابووری‌و بازرگانی‌یەکەی ، دواکەوتوو بوو .

هەرچەند بەهۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌لە ئورووپاو بـــەرەو بەرفراوان‌چوونی مـەیدانی بازرگانی ، ئەو بەشـە لـە جیهان‌و پەل‌و بۆ هـاویشتنی بۆ هــەڵمژینی داهـاتی زەحمەتکێشان‌و ســەرچاوە ژێرزەوی‌یەکانیان ، هێندێك لـە شارە نیـوە گەورەکانی کوردســتان ، ببوونە نیوەناوەندێکی بازرگانی‌و بەرهەمە ناوچەیی‌یەکانی گەلی کوردیش ،

---

(١) تماشای کورتە مێژووی جووڵانەوە گەلی‌یەکانی کورد ، ســـەعید بەدەل ، لاپەڕی ٨_٣ بکەن .

بەرەو ناوچەکانی‌تر دەچووو باری بازرگانیی‌و ئاڵوویری کوردستانیش ناڕادەیەك گەشەی کردبوو ، بەڵام هەم‌باری فەرهەنگیی‌و هەم باری ئابووری ئەم خاکە ، لەبەر پاشکەوتوویی کۆمەڵگای کورد ، نەیاندەتوانی بناخەیەکی پتەوی فەرهەنگی‌و هونەری‌و سەنعەتی ، دابنێن‌و لەسەر ئەو بناخە کۆشکی شارستانی‌یەتی بەرەوپێش‌چوو ، دابمەزرێنن • لێکۆڵینەوەی زانستی‌و ئەزموونی جۆراوجۆرو خوڵقاندنی ئامرازی نوێ، ڕێی‌نەکەوتبووە ئەم خاکە ! تازە ئاسەوارێك لە بەغداو تاران‌و ئیستامبوڵ‌و دیمەشق لە کارگەو کارخانەی گەورەو ژێرخانی نەبوو • ئەگەر لە چەرخی ١٧ تا سەرەتای ٢٠ لێرەو لەوێ لەم ناوچە مەکینەیەك دانرا بێ ، شەڕی یەکەم‌و دووهەمی جیهانی ، تێك‌وپێکیان دا و ئاسەوارێکیان نەهێشت ! بەم‌پێیە لەسەر هەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە لە کوردستان هەتا نزیکەی کۆتایی پێهاتنی دەورەی دەرەبەگایەتی ، بێجگە لە زانستە ئیسلامی‌یەکان وەك باری خوێندەواری ، بابەتێکی‌زانستی سروشتی کە بۆ دەس‌نیشان کردن بشێ ، نەکەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە • فەرهەنگی خانخانی‌و فێقهی فێئودالی‌و حوجرەی فەقێ‌و یاسای ئیسلامی‌و دابی کوردی ، تێکەڵاو بوون •

یاسای گشت ئەو حکوومەتانە چ لە دەورەی خەلیفەکانی عوسمانی‌و چ لە دەورەی سەفەوی‌یەکاندا ، دەگونجێ بەڵێین ، ئیسلامی بووە • هەر نەبێ بە ڕواڵەت چوارچێوەی ئیسلام لە بەرچاو گیراوە • هەر بۆیە لە کوردستانیش بێجگە لە هێندێك یاسای سەربازی‌و دراوی‌و ماڵیاتی حکوومەتی‌و شتی لەوچەشنە، بڕیارە ئایینی‌یەکان بەسەر کاروباری کۆمەڵایەتی‌و تەنانەت ئابووریش‌دا ، زاڵ‌بوون • لە کاتی خۆی‌دا بەدرێژە باسی ئەوە دەکەین کە یاسا ڕێك‌وپێك‌کراوە فێقهی‌یەکان لە دەورەی

جێگری یان خەلافەتی ئەمەویو عەبباسی یەکاندا ، بلاوکرانەوە .
دەسەلاتدارانی ئەوکات خۆیان هەم جێگری خوداو پەیامبە بوونو هەم تەواوکەری دۆخی دەرەبەگایەتی . هەر بۆیە یاساکانی زەویوزارو سێ یەكو چواریەك ، شەش بەرو شتی لەو بابەتانەو حەقدەستی وەرزێرو پالەو خاوەن ملکایەتی ، ئاوو زەوی ، لە فیقەداو لەژێر تەوژمی ئەواندا ، بە قازانجی چوارچێوەو سیستەمی دەرەبەگایەتی ، ڕێكو پێك کرانو دانرانو شی کرانەوە !

زەوی وەقف بۆ مەلاو پێشنوێژو فەقێو مجەورو کوێرو پەککەوتە ، لەلایەن مشەخۆرو تاوانبارو جارجارە خەیرخوازەکانەوە ، تەرخان کراو بە کەلك وەرگرتن لە بەروبووی ئەم زەویانەو خەیراتی خەلکی موسلمانو خۆهەلکێشانی سولتانو میرەکان بە ئیسلامەوە ، بۆ تالانی زیاتری خەلك ، بنکەو بنیاتە ئایینییەکان ، ڕازانەوەو پەرەیان سەند .
لەو پێیەدا سەدانو هەزارانو بگرە دەیان هەزار کەس بێ ئەوە لە بەرهەمهێناندا ، بەشداری بکەن ، لە سەر داهاتی زەوی وەقفو بەرهەمی زەحمەتکێشان ، پالیان دایەوە ! خەریکی خوێندنی زانستە ئایینییەکان بوون ، خزمەتیان بە مزگەوتو تەکیەو خانەقاو حوجرە ، دەکردو زۆریان لەجیاتی بەندەگی خودا ، بوێژی خەلیفەو سولتانو خانو خانەدان بوون ! کەوابوو زانای کورد ، مەلاو فەقێو شاعیرو نووسەریش هەرلەوانەوە سەریان هەلدا .

لەم دەورە دوورو درێژەدا ، نووسەرو شاعیرو فەقێ زۆر هەلکەوتن و لە باری عیرفانیدا ، جزیری ، بایزیدی ، مەولەوی ، نیشتمانپەروەری وەك خانی ، فەقێ تەیران ، قانع ، موفتی پێنجوێنیو دەیان زاناو نووسەری تر لەو چوارچێوەدا ، هاتنە مەیدانی زانستی چاخەکەیانەوە .

بنکەو بنیانی دیکەی ئابووری‌و کۆمەلآیەتی لە کوردستاندا یان نەبووە ، یان ئەگەر بووە، نەیتوانیوە ئەرکی بە ئەنجام بگەیەنێ‌و بەری قورسی ئەرکەکانی بنەماڵەکان ، وەئەستۆ بگرێ • بنکە کشتوکاڵی‌یەکان، پێك نەهاتبوون ، بنکە بەرهەمهێنەری‌یە سەنعەتی‌و دابەشکردنەکان ، سەریان هەڵنەدابوو • لە ناوچەکانی کوردستان ، بێجگە چەند بنکەی حکوومەتی ئەویش بۆ زاڵکردنی دەسەلآت‌و وەرگرتنی باج‌و پیتاك ، بنکەیەکی کۆمەلآیەتی وەها کە ئەرکە ئابووری‌و پەروەردەیی‌و وەرزشی‌یەکان‌و هی‌تر وەئەستۆ بگرن ، لە ئارادا نەبوو • بۆ ئەوەی دیمەنێکی ڕاستەقینە لە دەورەی دەرەبەگایەتی بخەینە ڕوو ، وابشە فێئۆدالیسم بناسێنین :

### فێئۆدالیسم

بریتی‌یە لە فراماسیون یان چوارچێوەیەکی کۆمەلآیەتی‌و ئابووری کە لەئاکامی تێك‌ڕووخانی کۆمەڵگای کۆیلەداری یان ڕاستەو خۆ لەئاکامی تێك‌چوونی کۆمۆن یان ژیانی هاوبەشی سەرەتایی‌و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیدا ، لە گشت جیهاندا ، پێك‌هاتبوو •

سەرهەڵدان بە شێوەی کلاسیکی خۆی ، هۆیەکانی ئەم دەورانە لە زکی کۆمەڵگای کۆیلەداری‌دا ، بە شێوەی کۆیلە ئازادکراوەکان‌و زەحمەتکێشە ئازادەکان کە کۆیلە نەبوون‌و چەند پارچە زەوی‌یان بەپێی چەند مەرجی دیاریکراو ، وەردەگرت ، سەریان هەڵداوە بەرپرسیاربوون ، زەوی‌یەکانی خاوەن مڵك ، داچێنن‌و بەشێکی گەورە لە داهاتی ئەو زەویانە لەگەڵ هێندێك باج‌و پیتاکی‌تر و بێگاری بە خاوەن‌مڵك ، بدەن • لە کۆتایی دەورەکانی کۆیلەداری‌دا ، کار

بەم‌شێوە داهاتێکی زۆری بۆ کۆیلەدارەکان‌و خواجەکان دابین دەکردو جووتیارە تازەکان بەزەوی‌یەوە ، بەسرابوونەوە . واتا لەگەڵ زەوی‌دا ، دەفرۆشران‌و دەکڕدران ، بەڵام ئیتر بەندە نەبوون . ئەم‌جۆرە تازەی زەحمەتکێشانە ، پێشینەی ڕەعییەت یان دێگانی چەرخەکانی نێوەڕاست بوون ، بە تێپەڕبوونی کات ، کێشەی نێوان کۆیلە ئازادکراوەکان‌و جووتیارە ئازادکراوەکان ، کۆتایی پێهات‌و گشتیان بوونە «رعیت» .

لە دارشتنی قەبارەی کۆمەلایەتی ئابووری فیئۆدالیسم‌دا ، چینە بنەڕەتی‌یەکان بریتی بوون لە : جووتیاران‌و ملکدارەکان . هۆی شۆڕشگێڕ هەمیشە لە چینی یەکەم‌دا بوو .

لە کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتی‌یەکان‌دا ، ئەندامانی کومەڵ بە ئازادو بەندە ، دابەش نەکراون . بەڵکوو کۆمەڵ بە دوو دەستە هەژارو خاوەن‌سامان ، دابەشکراوە . سەرۆک‌هۆزەکان ، فەرماندەران ، ڕووحانی‌یەکان‌و پێشەواکان بە هۆی ئەوە کە چەند ئەرکی تایبەتی‌یان هەبووە ، وەك پاراستنی هێمنایەتی‌و چاوەدێری بەسەر دابەشکردنی نۆرەیی‌زەوی‌یەکان‌دا ، ئاودێری ، ڕاگرتنی ئاژەڵ‌و شتی‌تر ، بوونە خاوەن‌هێزو سامان‌و بەم‌جۆرە ، ڕێك‌وپێك کردنی توێژی‌دەروونی کۆمەڵی تایفەیی سەرەتایی ، لە نێوان ئەوان‌و زۆربەی خەڵکی هەژاردا ، بەئەنجام گەیشت . دروست‌کردنی کۆی یەکگرتوویی هۆزەکان‌و پاشاکان‌و پێك‌هێنانی هێزی ناوەندی‌و کۆکردنەوەی دەسەلات لە یەك جێ‌دا ، کە بەتەواوی ستەمگەرانە بوو ، ڕێگای بەرەوپێش‌چوونی ئەم کۆمەڵگایانە بوو کە لەواندا ، ڕێژیمی کۆیلەداری بەتەواوی زاڵ بوو . هەرچەند کۆیلەکان ، هەبوون بەلام هیچ‌کات بە شێوەی چینێکی گرنگ‌و هێزی بنەڕەتی کۆمەڵ ، خۆیان

نەنواند و بـــە شێوەیەکی گشتیو گرنگ لـــە قاپۆڕی گۆیلەداری خانوویی‌و نێومالّدا ، مایەوە •

هێزە بەرهەمهێنەرەکانی دەورانی فیئۆدالیسم ، پلەیەکی پێویستی گەشەکردنی کۆمـەلّی ئینسانینو سەرهەلّدانیان لە کاتی‌خۆی‌دا ، بـــە بەرەوپێش‌چوونی هێـــزە بەرهەمهێنەرەکان ، یاریدەی‌دا • پـایـــەی بنەڕەتی بەرهەمهێنان لـەم دەورەدا ، کشتوکالّە • کاری جووتیارەکان کـە هەرکامەیان ، پارچـە زەوی‌یەکی دەکێلاو خاوەنی ئامرازی‌خۆی بوو و تاڕادەیەك خۆی لـە بەرەوپێش‌چوونی باری کشتوکالّی‌دا ، بـــە بەشـدارو کاریگەر دەزانی ، توانی ئەو لەمپەرانەی لەسەر ڕێگای هێزە بەرهەمهێنەرەکان بوون ، لەنێوبەرێ • لـە سەرەتای ئەم دەورانەدا ، ئامرازی کشتوکالّ ، نیرو گاسن ، داس‌و پێمەڕە ، گـاو شتی سـەرەتایی بوو • بەرەبەرە ئاشی بایی یان ئاوی ، سەریان‌هەلّدا • پلەی بەرهەمهێنان ، بەرزتر بوو و جۆری بەرهەمەکان ، زۆر بوو و ئاژەلّداری بەرەوپێش چوو • پیشەسازی بەرەبەرە لـە کشتوکالّ ، جیـا بووەوە ، پیشـــەی جۆراوجۆر ، پەیدا بووو سەرئەنجام ئاسنگەری ، کـــەشتی لێخۆڕینو کەلّك‌وەرگرتن لـە هێزی ئاوو چـەرخ‌و خولخولە ، بوونە بـــەردی بناخـەی بەرەوپێش‌چوونی سەنعەت • بە جۆرێك ئیتر گەشـەکردنی داهاتووی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی تەنگی پێوەندی‌یە فیئۆدالی‌یەکان‌دا ، نەدەگونجـــا •

پێوەندی‌یە بەرهەمهێنەری‌یەکان ئـەم پێوەندیانەی کۆمەلـــگای فیئۆدالی ، بناخەیان لەســەر خاوەن‌ملّکی دەرەبەگەکان بەسەر زەوی‌داو خاوەن‌ملّکی بەرتەسکی ئەوان بەسەر «رعیت»دا ، دانرابوو • جووتیـــار ئیتر بەندە نەبوو و لـە زۆر جێگادا ، جلّەوی گیانی بەدەست خـانەوە ،

نەبوو سـەربەخۆ نەدەفرۆشرا ، بەڵام لەگـەڵ زەوی فرۆشراودا ، ڕادەگوێزرا بۆ خاوەنملکی تازە • لـە وڵاتە ڕۆژهەڵاتی یەکاندا ، بـە زۆربەیی ، جووتیارەکان بە شێوەی کلاسیك پێوەندی یان بە زەوی یەوە ، نەبوو ، بە زۆربەیی ، لەبەرئەوە خاوەنملك پووڵی بەلایانەوە ، دەبوو ، لـە باری ئابووری یەوە ، ئەبوونە خـاوەن پێوەندی • جووتیار بەشێکی لە بەرهەم هـەبوو • لـەم دەورانەدا ، هەم خاوەنملکی فێئۆدالی و هـەم خاوەنملکی تاقەکەسی ، جووتیارەکان و پیشەسازەکان ، پێکەوە دەسەڵاتیان بەسەر ئامرازی بەرهەمهێناندا، هەبوو • بەرهەمی زیادی جووتیـار ، ئەدرا بە خان و پێیان دەگوت ، بەهرەی مالکانە کە سێ جۆری دەبیندرێ :

١ ــ بەرهەمی کار یان بێگاری •

٢ ــ بەرهـەمی جینسی •

٣ ــ بەرهـەمی نەقدی •

لـە پلە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی فێئۆدالیسمدا ، یەکێك لـەو شێوازانە لە سەرەوەی هەمووان بووە •شێوازی بەهرەکێشی جووتیارەکان لـە پلەی سەرەتایی دا ، جۆری یەکەمی بووە • واتا جووتیار چەند ڕۆژ یان حـەتوو یان مانگ بـە نانەسکی ، کاری بۆ خان دەکرد ، ( تـا ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لـە کوردستان ئەو باوە بێباوە ، هەر مابوو ! ) • بەهرەی نەقـدی تایبەتمەندی ئەو دەورانەیە کـە فێئۆدالیسم بەرەو رووخـان دەڕواو پێوەندی یەکانی سەرمایەداری بەرەبەرە لە بەرهەم هێناندا ، جێی خۆی کردوەتەوە • بێجگە لـەم بەهرەی ڕێك و پێك کراوەی مالـکانە ، زنجیرەیەکی تەوژمی مالی و سامانی بەناوی جۆراوجۆر ، دەخرایە سـەر شانی جووتیار •بۆ نموونە لە وڵاتەکۆنەکانی ڕۆژهەڵاتدا ، خاوەنملکایەتی پادشاکان ، بەشێکی زۆری زەوی ، ئەخستە ژێر دەسەڵاتی خـۆی •

ئاودێری دەسکرد ، کارێزو رایەڵەی ئاودێری و پێوەندییان بە نەجیب زادەو خانەکانەوە ، ئەبوونە هۆی چەند تایبەتمەندی •

یاسای دەستووری ئابووری فیئودالیسم ، بریتی یە لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیادی بۆ دابین کردنی پێداویستی یەکانی دەورانی فیئودالی و چەوساندنەوەی جووتیارانی خاوەن پێوەندی لەسەر بناخەی خاوەن ملکایەتی و ئاغا بەسەر زەوی داو هەروەها خاوەن ملکایەتی ئەو بەسەر جووتیاراندا ، لە رێگای بەهرەکێشی کارو جینس و نەقدو جۆرەها باج و پیتاك و مالیاتی تر • لە سەرەتای ئەم دەورانەدا ، ئابووری سروشتی بەتەواوی زاڵ بوو و دەبەست لە ئابووری سروشتی خاوەن پێوەندی ئەوە یە کە هەر ئاغایەك لە ملکەکانی خۆی دا لەو بەهرانەی کە لە جووتیاران ، وەری دەگرت ، دەژیا • نزیك بەتەواوی پێداویستی یەکانی لە ملکی خۆی وەدەست دەهێناو کەمتر نیازی بە دەرەوەی مەڵبەندی ژیانی بووە • ئابووری جووتیاریش لەسەر ئەم بناخە دانرابوو بنەماڵەی جووتیار ، پیشەسازیشی دەکردو پێداویستی یەکانی خوی دابین دەکرد • لە پاشان وردەوردە لەگەڵ بەرفراوان بوونی شارەکان بەرهەمهێنانی پیشەیی و دابەش کردنی کارو ئاڵوگۆری نێوان شارەکان و گوندەکان ، بەرفراوان بووو بەناچار دەرگای ئابووری سروشتی بۆ دەرەوە ، خرایەسەر پشت و بازار بەربلاو بوو •

پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنانی فیئودالی لە پلەیەکی دیاریکراو لە گەشەکردنی دەورانی فیئودالی دا ، دەبێتە لەمپەری گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان • هاوکات لەگەڵ بەرەوپێش چوونی بەرهەم هێنانی کووتاڵی هۆی یە ، کەم یان زیاد خاوەن شێوازەکانی فرماسیونی سەرمایەداری ، سەر هەڵدەدا •

ڕاپەڕین و جەنگە جووتیاری یەکان ، بناخەی کۆمەڵگای فێودالی وەلەرزین دەخەن و کۆمەڵ ڕێگای بەرەوپێش چوونی خۆی بۆ دەورەی دوایی درێژە دەدا(۱) .

بەم پێیە ، کرێکاری کشتوکاڵی بریتی یە لە کرێکارێك کە حەقدەست وەردەگرێ و لە مووچەو مەزرای سەرمایەداری دا ، کار دەکا . کرێکاری ئەوتۆ بە زوربەیی ، جووتیاری بێ زەوی یان کەمزەوی یە ، کە ماڵی وێران بووەو بۆ وەرگرتنی حەقدەست ، بووەتە بەخسیری خاوەن زەوی . لە دەورەی سەرمایەداری دا ، جووتیارە هەژارەکان ، زەوی یەکانیان لە دەست دەدەن و توێژێکیان ئەبێتە کرێکاری کشتوکاڵی . ئەم کرێکارانە لە باری پێوەندیانەوە لەگەڵ ئامرازی بەرهەمهێنان ، خاوەنیان نین و لە باری چەوساندنەوەو فرۆشی هێزی کارو بەرهەمهێنانی زێدەبایی و لە باری وەرگرتنی بەشی خۆیانەوە ، بەشێکن لە چینی کرێکار ، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی لادێ و نەریتی بەهرەکێشی و چەوساندنەوەو بەربڵاوی و یەکنەگرتوویی ، ڕۆژڕەشترین توێژی چینی کرێکارن . کارفەرمایان خاوەن زەوییەکە دەگونجێ گەورەسەرمایەدارێك بێ ، زەوی میکانیزەی زۆری هەبێ یان خاوەن بانگ و بنکەو بنیاتی سەرمایەدانان بێ واتا سەرمایەداری لادێ و جووتیاری ژیان خۆشی دانیشتووی گوند ، بێ(۲) .

☆ ☆ ☆

---

(۱) وشە سیاسی یەکان ، ئیحسان تەبەری ، تاران ۱۳۵۷ی هەتاوی . لاپەڕی ۹۸_۹۶ .

(۲) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ۹۹ .

# بەشی سێهەم

## فەرهەنگ

فەرهەنگ یەکێك لە عونسوورە گرنگەکانی میراتی کۆمەڵایەتی‌یە • فەرهەنـگ ئـەو شتانەیە کـە تاقەکەس لـە کۆمەڵ وەریان‌دەگرێ • وەك هونەرەکـان ، زانستەکان ، زانیاری‌یە گشتی‌یەکان ، فەلسـەفە ، بیروبڕواو شتی لـەو چـەشنانە • ڕێـگەی زانیاری‌و کۆمـەڵایەتی تاقەکـەس ، بەرهەمی ئەممیـراتەیە • تیلر دەڵێ : فەرهەنگ گشت بیروبڕوا ، هونەر ، ئەخـلاق ، یاسـا ، داب‌و نـەریت ، فـەلسە فەوهی‌تر ، دەگرێتەوە • ڕیفلد دەڵێ : فەرهەنگ بریتی‌یە لـە کۆی ئەو چەمك‌و ڕێکراوانە کـە لە کۆمەڵدا ، باون‌و زاراوەن‌و هونەر ، لـە بیرو کردەوەکاندا ، ڕەنگ‌دەداتەوەو لە ڕێگای میراتگری‌و لاسایی‌کردنەوە، لـە بەرەیەکەوە بەرەو بەرەیەکی‌تر ، دەڕواو کۆی ئەندامەکانی کۆمەڵ پەسنە بەرچاوە بەنرخەکانی ، وەردەگرن •

میراتی فەرهەنـگی دوو جۆرە : ماددی‌و مەعنەوی • گرنـگی هیچیان لەوی‌تریان کـەمتر نیـە • هێندێك لـە خاوەن‌نەزەران پێیان‌وایە فەرهەنگ شتە مەعنەوییەکان دەگرێتەوەو شارستانی‌یەت باری مـادی هـەیەو ئەو شتە ماددیانەی کۆمـەڵ دەگرێتەوە • وەك خوڵقاوەکان‌و ئامرازو بنکەو بنیاتە جۆراوجۆرەکان •

به ڕای ئەوان گشت ئەوشتانەی قازانجیان بۆ کۆمەڵ هەیە ، وەك بیروبڕوا ، زانیاری یەکان، بیروبۆچوونەکانو هونەرەکان، لەژێر چەمکی فەرهەنگدا ، جێی خۆیان ئەکەنەوە • گشت ئەو شتانەی لە ژیانی کۆمەڵدا ، سەرهەڵدەدەن ، لە گەشەکردنی ماددی یەوە بگرە لە کاروباری سەنعەتو بازرگانیو دۆزینەوەو خوڵقاندن ، هەتا بنکەو بنیات ، پێیدەڵێن : شارستانی یەت • بە هەرحاڵ جیاوازی نێوان ئەم دووانە ، بنەرەتی نی یە • چوونکە میراتی ماددیو مەعنەوی بەگشتی لە خوڵقاندنی نەزمو ڕێكوپێك کردنە کۆمەلایەتی یەکاندا کە وەك دڵی فەرهەنگ لەبەرچاوگیراون ، لەسەر یەك دانراونو پێچراونەتەوە • لە کۆمەڵدا ، لەنێوان هەردووك میراتدا ، پێوەندی هەیە • پارچە مۆسیقایەك یان تەتەڵەیەکی نەخشێندراو یان وتار ، یان هۆنراوەیەکی ئەدەبی یان بیروبۆچوونێکی فەلسەفی کە هەموویان بەشێکن لە فەرهەنگی مەعنەوی ، بە زاتی خۆیان نرخێکیان نی یە مەگەر ئەوەکە مەبەستێکی کۆمەلایەتی بسەلمێنین یان باسی شعوورو هەستە کۆمەلایەتی یەکان بکەنو پەردە لەسەر مەیلو ئارەزووی کۆمەڵ ، هەڵبدەنەوە • زانستیش ئەگەر بە هۆشی کۆمەڵەوە ، پێوەندی نەبێو ئەرکێکی کۆمەلایەتی بەئەنجام نەگەیەنی ، بە زاتی خۆی نرخی بابەتی نیە • چوونکە ئەم کاروبارانە بە زاتی خۆیان ئامانج نینو لە سروشتی ئەواندا بە دوای ئامانجدا ، ناگەڕێن • ئەمانە دەنگو ڕەنگدانەوەی هەڵسو کەوتی کۆمەڵنو کۆمەڵ خوڵقاندوونیو بۆچوون وتیشکدانەوەکانی کۆمەڵ ، لەواندا ، ڕەنگ دەداتەوە • فەرهەنگی ماددیش هەربەوچەشنەیە • چوونکە ئامرازی ژیانیش وەك ڕادیۆو ئوتۆمبیل ، لە پێشدا بیروبۆچوونبوونو نرخی نیازی کۆمەڵو پێویستی پێگەیشتنیان

لــه بەرچــاو دەگرت(۱) •

فەرهەنگ لەبەرامبەر وشەی ( Culture ) دایە ، کورنەیەکــە لــە چــەند جۆر تێکۆشانی ئینسان لــە کۆمــەڵدا ، ئاکامی ئــەم تێکۆشانەش هــەر وایە • واباوە کــە لەنێوان فەرهەنــگی مــاددی و مەعنەویدا ، جیاوازی دادەنێن ، بەرهەمەکانو ئامرازە خوڵقاوەکان لــە فەرهەنــگی مادینو هۆشیاری‌یە کۆمــەڵایەتی‌یەکان ، فەرهەنــگی مەعنەوین • وەك فەلسەفە ، ئەخلاق ، زانست ، یاسا ، هونەر ، کشت ئەمــانە پێــکەوە پێوەندیان هــەیە • تێکۆشانو چــالاکی‌مادی بۆ بەرهــەمهێنان ، لـــە سکی تێکۆشان لە گۆڕەپانەکانی‌تری ژیاندایە • هەروەها بەری تێکۆشانی زەینی ، ڕەنــگی مادی پەیدا دەکاو ئەبێتــە شتی مــادیو شتی‌تیکنیکی‌و پسپۆڕی • زانیاریەکانی ئێمـــە لـــە گۆڕەپانی تیکنیکی کارەبایی لەسەر فەرهەنــگی ڕۆحی گەشەی کردووەو خودی دەسکردە کارەبایی‌یەکان وەك شەمەندەفەر (قەتار)و دنەدەرەکانی بناخەیان ، لە سەر فەرهەنــگی مادی ، دانراوە(۲) •

خۆپۆران ، لەگــەڵ فەرهەنگدا ، بریتی‌یە لە کردەوەیەك کــە تاقەکەس یان‌کۆ دەتوانن لە ڕێــگای ئەوەوە پەسنە شارستانی‌یەتەکانی کۆیەکی‌تر لــە ڕێــگای‌پێوەندی دوولایەنەیانەوە ، وەربگرن • ئەوەندە هەیە کــە خۆ ڕێك‌خستن لەگــەڵ فەرهەنگ بە نیسبەت تاقەکــەسەوە ، بریتی‌یە لــە فێربوونی کــاری کۆمەڵایەتی‌و زمــان لەودا ، دەورێــکی بنــەرەتی هــەیە • بەڵام بە نیسبەتی کۆمەڵ ، خۆڕێك‌خستن لەگـــەڵ

(۱) لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای عەرەبی . دوکتۆر مستەفا خەشاب ، قاهرە ۱۹۷۷ لاپەڕی ۱۰۹ــ۱۰۸ •

(۲) المعجم الفلسفی المختصر . دار التقــدم . مســکو ۱۹۸٦ لاپەڕی ۱٥٦ ــ ۱٥٥ •

فەرهەنگدا ، بریتی‌یە لە بلاوکردنەوەی داب‌و نەریت،نرخ و پێوانەکان‌و بڕیارە کۆمەلایەتی‌یەکان بۆ کۆمەلگاکانی‌تر‌و پێشاندانی بە کردەوەی ئالوگۆڕ • ئەو کردەوەی کە لەگەل بارو دۆخی کۆمەلگاکانی‌تر کە فەرهەنگە کە ڕێی تیپیان‌دەکەوێ ، بگونجێ • ئەوەندە هەیە کە ئەم پێوانەو نرخ‌و بڕیارانەی‌کە دەچنە نێو ئەو کۆمەلگایانە ، بەزۆربەیی ئەبنە هۆی کێشەی فەرهەنگی لەنێوان نرخە بنەرەتی‌یە پێشووی‌یەکان‌و ئەمانەی نوێدا(١) •

مرۆڤ خاوەن چوار ئیمتیازە : خوازیەری ژیانی بەکۆمەلە ئامرازی خولقێنە ، ئاخاوتنی هەیەو بیرەکانەوەو خاوەن ئەندێشەیە • هەربۆیە پێیدەلێن ئامرازخولقێن ، خاوەن‌ئەندێشە ، قسەوێژ‌و خوازیاری ژیانی بەکۆمەل • ئینسانەکان بە هۆی زمان‌و ئامراز ، پێکەوە پێوەندی دەگرن‌و لەم پێوەندی‌یە ، دەستەو کۆمەل پێك‌دێ • دەستە کۆیەکە لە دوو یان چەندکەس پێك هاتووەو پێکەوە پێوەندییان هەیەو کۆمەل دەستە یان کۆیەکی‌بەرفراوان‌و بەردەوامێکە کە پێك‌هاتووە لە ژمارەیەکی‌زۆر لە ژن‌و پیاوو مندال کە خاوەنی چەند پەسنی هاوبەش‌ن‌و بۆ مانەوەو درێژەدان بە ژیانی خۆیان ، هاریکاری دەکەن و چەند ڕێکخراوە ، پێك‌دێنن • هەرچەند کۆمەل لە ئەندامان پێك هاتووە شتێکە جیا لەوان • پێك‌هاتنی کۆمەل ئاکامی چەند پێوەندی‌یە کە لەنێوان ئەندامان‌دا ، دادەمەرزێ • هیچ تاقەکەسێك کۆمەل پێك‌ناهێنی • کۆمەل یان ڕایلە پێوەندی‌یە ئینسانی‌یەکان بەهۆی تەوژمی ژیانی ئینسانی ، پێك‌دێ‌و پاش پێك‌هاتن بە ناچار وەك هۆیەکی سەربەخۆ لە گشت ئەندامەکانی خۆی‌دا ، شوێن دادەنێ‌و

---

(١) معجم علم الاجتماع ، پێشوو ، لاپەڕی ١٤ •

هەموویان تووشی ئاڵوگۆڕ دەکا • بوونی چەندایەتی ، بەرهەمی کۆی ئەندامانەو بوونی چلونایەتی لەوان ، سەربەخۆیە •

## فەرهەنگی کۆمەڵ :

کۆمەڵ بەهۆی میراتی کۆمەلایەتی ( Social Haritage ) یان میراتی فەرهەنگی یان فەرهەنگی خۆی ، لەشە گیانلەبەرەکانی مرۆڤ ، ڕێك و پێك دەکاو ئەندامەکان بەڕەنگی خۆی دەردێنێ و ناچاریان دەکا ، ببنە خاوەن ڕەفتارێکی دیاریکراو • هەربۆیە لەگەڵ هاتووچووی بەرەکاندا ، فەرهەنگی کۆمەڵ ، دەمێنێتەوەو بەردەوام دەپارێزرێت • وشەی فەرهەنگ خاوەنی واتایەکی بەربلاوە تایلر ( Tylor ) لە وشەی فەرهەنگ بۆ زانست ، بیروبڕوا ، هونەرەکان ، ئەخلاق ، ڕەسمەکان و دەسکەوتەکانی تری کۆمەڵی ئینسانی ، کەڵکی وەرگرتووە • بەلام لە چەرخی ئێمەدا ، فەرهەنگ ، ئامراز ، ڕەسمەکان ، بیروبڕواکان ، زانستەکان ، هونەرەکان و ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکان ، دەگرێتەوە • مرۆڤ بەهۆی فەرهەنگی کۆمەڵی خۆیەوە ، ئەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی ، لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆی لە هەزاران لاینەوە ، هاوئاهەنگ ، دەبێ و لە خەڵکی کۆمەڵگانی تر لە سەدان لاینەوە ، جیاوازی دەبێ •

بە هۆی بەرفراوان بوونی میراتی فەرهەنگی کۆمەڵ ، گەشەکردنی کۆمەڵ ، دەگونجێ و مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر جیادەبێتەوە • گیانلەبەرە بەرزەکان ، یەك لەوان مرۆڤ ، هاریکاری و لاسایی و جەنگ دەکاو لەگەڵ ئەم تێکۆشانانەدا ، فێری ڕێ و ڕەسمی ژیان ، دەبێ • مرۆڤ شت لە فەرهەنگی خۆی فێردەبێ و هەڵس و کەوت دەکا •

فەرهەنگ تەنیا تایبەتە بە مرۆڤەوە • گیانلەبەرانی تر ، ئامراز ناخولقێنن و هێزی یادگیریان زۆر نیەو ناتوانن ئەوشتانەی فێری بوون، بە بەرەیەکی تر ، فێریان بکەن و لە ئاکامدا ، لە میراتی کۆمەلایەتی یان فەرهەنگی ، بێبەشن •

فەرهەنگ رەفتاری مرۆڤ و بەرزونزمی ژیانی کومەلایەتی ، رادەگەیەنێ • مرۆڤ بەهۆی فەرهەنگەوە ، لە پاشماوەی داب و نەریتی پێشینیانی خۆی ، کەلك وەردەگرێ • میراتی مرۆڤایەتی ، میراتی فەرهەنگی یەو هەمیشەخەریکی ئالوگۆڕو بەربلاو بوونە • رەفتاری مرۆڤ یەکسان نیەو لە هێندێك لە فەرهەنگەکاندا ، شتێکی تایبەتی بروەی هەیە •

گوتوویانە : فەرهەنگی کۆمەلەکان خاوەن چەند لایەنی هاوبەشن و ئەمەش بەرهەمی خۆو خەدەی مرۆڤایەتی یە • بێگومان کۆمەلە جیاوازەکان لە کاروباری وەك ئامراز خولقاندن و ئالوویرو هاریکاری و ژیانی هاوسەریی ، میوانداری ، چێشت لێنان ، ئاخاوتنی تایبەتی ، ئارایشت ئەویندارى ، هەلپەرکێ ، هونەرخولقاندن ، ئەفسانەخولقاندن ، جادووگەری ، یاری و کایە ، فێرکردن ، پەروەردەکردن ، چاکەدانەوەو سزادان ، هاوبەشن • بەلام ئەم هاوبەشی یە ، زۆر گشتی یەو چەمك و ناوەرۆکی لای خاوەن فەرهەنگەکانی کۆمەلە جۆراوجۆرەکان ، وەك یەك نیە • وەك یەك بوونی کۆمەلەکان ، ئەبێتە هۆی ئەو هاوبەشی یە ، خۆوخەدەی مرۆڤ ، بەرهەمی سروشتی هاوبەشی ئینسانی نیە • بەلکو بەرهەمی چەند پێوەندی یە کە ئینسانەکان بە ناچار پێکەوە دەبەستن • کۆمەل بە ئێمە سروشتێکی کۆمەلایەتی خاوەن ئالوگۆڕ دەدا • ئێمە ناتوانین لەگەل هەر دۆخێکی جۆغرافیایی ، خۆرێك بخەین •

فەرهەنــگ شیرەی ژیانی کۆمەڵایەتی یەو لــە گشت بیروبۆچــوون و ئارەزووو تێکۆشانەکانی ئێمەدا ، ڕەنگ دەداتەوە • مرۆڤ بە پاڵپشت دان بە فەرهەنــگی خۆیەیەوە ، خۆی لــە زنجیری سروشت ، ڕزگار دەکاو بە پێی ویستی خــۆی سروشت دەگۆڕێ • ئــەوەی بۆ مرۆڤ پێویستە هاوئاهەنــگیو سازگــاری کۆمەڵایەتی یە • بەمواتایە کــــە پێویستە بەئەنقەستو بەزانیاری یەوە ، ڕەفتاری خۆی لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵدا سازگارو هاوئاهەنگ بــکا • ئەوەی لەگــەڵ فەرهەنگی کۆمەڵی خۆیدا ، سازگار بێ ، بەهاسانی بە ژیانی خۆی ، درێژە دەدا ، ئەو کۆمــەڵە لە سازگاری کــــەڵك وەربگرێ ، هەمیشە لە خۆ ڕێك خستن لەگــــەڵ سروشت ، بێ نیاز دەبێ •

فەرهەنــگەکانی ئەم سەرزەوی یە ، زۆر جۆراوجۆرن و ناسینیان ، دژوارە • سەرەتایی ترین فەرهەنــگ لــە پێنسەدهەزار ســـاڵ پێش ، پەیدابوو • لــە دەریای خــەزەرو ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات ، گەشەی کردو بۆ ئەملاو ئەولا ، پەلوپۆی هاویشت • لەوەبەدواوە ، فەرهەنگەکان هــــەمیشە بەربــــڵاو ، گرێوگۆڵــدارو جۆراوجــۆر بــــوون و بەپەلــــە ، بڵاوبوونەوە • ئەوانەی هــەلو مەرجیـــان باش بووە ، بڵاوبوونەتەوەو چەند پلەیان تێپەڕکردوە • هــەر بۆیــــە فەرهەنــــگە ئینسانی یەکان بە گشتی ، ڕەوتی بەرەو گەشەکردنیان بووە • بۆ ناسینی هـــــەر کۆمــەڵێك یان دەورەیەك ، پێویستە فەرهەنــگیان بناسین • بێ ناسینی فەرهەنگ ناتوانین ، ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگاکان ، شی بکەینەوە • بەکورتی فەرهەنــگی هەر کۆمەڵێك لەباری فەرهەنگ ناسی یەوە ، دوو لایەنی جیا لــە یەکتری هەیە : ماددیو مەعنەوی ، وەك وتمان فەرهەنگی ماددی ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە بەهۆی ئەندامانی پێشووی کۆمەڵەوە ،

دروست کراون‌و بۆ ئەندامەکانی ئێستا وەك میرات مانەتەوە •

فەرهەنگی نەمادی یان هەڵماڵراو (مجرّد) یان مەعنەوی ، ڕەسم‌و بیروبڕوا ، زانستەکان‌و هونەرەکان ، دەگرێتەوە کە بەکشتی بەهــۆی زمــان و خــەت‌و نووسین ، فێریان دەبین • هێندێك لە تایبەتمەندی‌یە فەرهەنگی‌یەکان ، کۆدەبنەوە و کۆیەکی فەرهەنگی گری‌ی کۆڵدارتر بە ناوی کوێ‌فەرهەنگی ( Culture Coplex ) ، پێك‌دێنن • ئەم نەزمە لــە گشت کۆیــە فەرهەنگی‌یەکاندا ، ڕەنــگ‌دەداتەوەو پێیەدەڵێن : مۆدیلی فەرهەنــگی ( Culture Model ) • کــەوابوو هەر فەرهەنگێك خــاوەن مۆدێلێکی تایبەتی‌یەو بەهۆی ئەو مۆدێلەوە ، لــە فەرهەنــگی کۆمەڵــگاکانی‌تر جیادەکرێتەوە • ئەم مۆدێلە ئەبێتە هــۆی پێك‌هێنانی ناوچــەی فەرهەنــگی (١) •

بەم‌پێیە نەتەوەی ئێمــەش فەرهەنــگی تایبەت‌بە خۆی هــەیەو لــە فەرهەنــگی‌هەندەران کەڵــکی وەرگرتووەو شوێنی لەسەر فەرهەنــگی نەتەوەکانی‌تریش داناوە • لەم‌خاکەدا ، بێجــگە لە فەرهەنــگی گشتی هێندێ وردە فەرهەنگ‌و فەرهەنــگی ناوچەیی بەتایبەتمەندی‌خۆیانەوە ، هەن کە لە لێکۆڵینەوەو لە هەڵس‌وکەوتی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ، دەردەکەوێ‌و جیاوازی‌یە تایبەتی‌یەکان ، دەبیندرێن •

وتمــان فەرهەنــگەکان درێژخایەنن‌و لە هەل‌ومەرجی لەبــاردا ، پەل‌وپۆ داوێن‌و گەشە دەکــەن • پێچەوانەکەشی ڕاستە • ئەگــەر ڕووداوی‌سامناکی سروشتی گەورە بقەومێ ، پێش بەو ڕەوتە دەگرێ ، ئەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونی کۆیە فەرهەنگی‌یەکان ، بەڵام شوێن لەســەر تایبەتمەندی‌یەکانی دانانێ •

---

(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ، پێشوو ، لاپەڕی ١٢٧ـ١١٩ •

بـــه هۆی ناسێنی ئامرازی ژیان لــه چوارچێوەی کۆنەناسینو هەڵـکۆڵانی شوێنەوارەکانی ژیاندا ، دەتوانین فەرهەنـــگی کـــۆنی نەتەوەیـەك بناسین • چونــکە گشت گۆنجـــاوە فەرهەنـگییەکانی هەرگەلێك ، لە خوڵقاندنی ئامرازدا ، ڕەنگیان داوەتەوە •

وەك لـه بەشی مێژوودا ، باسمانکرد ، گــەلی کورد لــه مەیدانی خــەباتو تێپەڕکردنی ژیانیدا ، تووشی ڕۆژەڕەشیو مــــاڵوێرانیو قــەتڵوبڕ ، سووتمـــان ، دوورخستنەوەو کوشتاری بەکۆمــەڵبووەو فەرهەنــــگو شوێنەوارەکانی فەرهەنــگی مادیی بە تالآن چـــووەو کـــاول کراوە ، شوێنەوارەکانی فەرهەنــگی مەعنەویشی کـــەوتووەتە بەرهێرشو پێشێل کردن • زۆر جـــار لــه زۆر باردا ، بۆ مــاوەیەکی دەیانساڵە ، لــه ئاخـاوتن بە زمــانی خۆیانو نووسینی ئــەو زمــانە ، پێشیان پێگرتوون و ئەوەی فەرهەنــگی مەعنەوی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی پێی ڕادەگیردرێ ، پێشی پێــــگراوە ، کەڵـکی لێوەر نەگـــرێ ! دوورخراوەتەوە و لەگەڵ نەتەوەی تر تێکەڵ کراوەو پێشی پێگیراوە لـــە دابو نەریتو فەرهەنگو زمانو خـــەتی خۆی ، کەڵكوەربگرێ • لـــە جێدا لــە شاروگوندی خۆی هەلومەرجی وایان خوڵقاندووە کە زمانو فەرهەنگی خۆی فەرامۆش بـکا ، بە نیشمـــاندانی مۆسیقاو هونــــەری نەتەوەیەکی تر ، هونەرەکـــەیان وەلاناوە ! باری ژیانیـــان واڵیــــکردوە ناچاربێ لاسایی بـکاتەوە ، دابو نەریتی خۆیانوا لەبەرچاو خستووە ، لەترسی گاڵتەپێکردن، پەنای بردۆتە بەر دابونەریتی گەلی فەرمانڕەوا !

جاریوا بووە لەبەر تێپەڕکردنی ژیان ، نەیوێراوە ، خـــۆیبە ئەندامی نەتەوەکــەی ، بناسێنێ ! بــە تورکی ، عەرەبیو فارسی لەگــەڵ منداڵی دواوە تا لــە کۆڵانو شەقامەکاندا ، سووکایەتی پێنەکەن ! ئایینو

مەزهەبی خۆی شاردوەتەوە ، بۆوەی مەیدانی ژیانی لێ تەنگەبەر نەکەن!
ئەگــەر دەرەتانی خــوێندنو نووسینیبەزمانی خۆی پێــدراوە ، ئەو دەرەتانەی نەبووە ، دەردی دڵی ، دەربڕێو وەك هەیە تابلۆیەك لـــە کۆمەڵەکەی بــکێشێ ! ئەوەیو تووی‌انەو نووسیویە کـە دەبێ بیڵێو بینووسێ ! ئەگەر لێرەو لەویش ڕاستی دۆخەکەی گوتبێ یان نووسیبێتێ یان ئەوەندە لـە پەردەدا ، ڕایگەیاندووە کـە بۆ کەمکەس زانراوە یان ئەگەر بەڕاشکاوی هاتبێتە مـەیدان ، کەوتووەتە بەرئەشکەنجەو لێدان !
لەگـەڵ گشت ئەمـانەو سەدانی لەمچەشنەدا ، تایبەتمەندی فەرهەنـگی گەلەکەمان لـە درێژایی مێژوودا ، پارێزاوەو لە هەڵمەتی چــەتەو گۆران ، دوور ڕاگیراوە • هەربۆیە لـەم بەشەدا ، بە ڕاشکاوی دەتوانین لـە تایبەتمەندی‌یە فەرهەنگی‌یەکانی نەتەوەکەمان ، بدوێینو خــۆو خــەدە ، ئاکارو ، ڕەفتـاری بەکۆمەڵو گشتی ئەم گەلە لێقەومـاوە تا ئەوجێگا کـە لەتوانادا بێ ، بخەینە بەرلێکۆڵینەوەو کـەلێنو قوژبنەکانیان بپشکنین •

وەك باسکراوە ناتوانین ئەو لافـە لێبدەین کـە باسەکان تایبەتی‌بە گــەلی کوردەوە هـەیەو ڕێی چەمکە کۆمـەڵایەتی‌یەکان ، گـەلانو کۆمەڵگاکانی‌تر ناگرێتـەوە • شاراوەنی‌یە ، هێندێك لـــە سزادانەکان ، هەڵبژاردنی هاوســەرو جیـایی‌و مافی‌هاوسەرانو منداڵانو خــوێن وەرگرتنو ئاڵوویرو شتی‌لەوچەشنە ، لـە چوارچێوەی هەڵس‌وکەوتی کۆمـەڵایەتی‌و دادگایی کۆمەڵگاکانی‌تردا ، هەن • کە وابوو هەڵمەت‌بردن بۆ وەدەست‌هێنـانی‌زاراوە ئاکـارو رەفتـارۆ سوننـەت‌و داب‌ونەریتــە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەو وڵاتانەی کە کۆمەڵناسی تیــــاندا گەشەی‌کردوە ، پێـویستە •

دەبێ ڕەفتاری بەکۆمەڵ ، شی بکرێتەوە ، تا تایبەتمەندی یەکانی بناسرێ • ڕواڵەتە جۆراوجۆرەکانی وەك مودارای کۆمەڵایەتی ، هەوەسی کۆمەڵایەتی ، مۆدی کۆمەڵایەتی ، شێتی کۆمەڵایەتی ، شەیدایی کۆمەڵایەتی ، دڵەخورپێی کۆمەڵایەتی و شتی لەو بابەتانە ، بخرێنە بەر باس و لە چوارچێوەی فەرهەنگی کوردەوای دا ، دیاری بکرێن • شوێنی پڕوپاگەند لە سەر بیروڕای گشتی و هەروەها بڕوای گشتی و تایبەتمەندی یەکانی کۆو کۆمەڵ ، دەس نیشان بکرێن ، بە شێوەکاری سوودخوازو قازانج ویستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی ، هێما بکرێ • دەورو پێگەی ئەندامانی کۆمەڵ شی بکرێتەوەو هۆیە تایبەتی کانی بناسین • پێگەی چینایەتی کە گرنگترینە ، لە پێگە کۆمەڵایەتی یەکان ، جیابکرێتەوەو گۆڕینی پێگە لە کۆمەڵە بەسەراوو ئاوەڵاکان دا ، بخرێتە بەرباس • گشت ئەم چەمکانەو سەدان چەمك و بابەتی تر لە کۆمەڵناسی دا ، لە لابەلای لاپەڕەی پەرتووکەکان و کتێبی سروشتی کۆمەڵ واتا مەڵبەندی ژیانی کۆمەڵ دا ، هەن و لە ڕەوتی شی کردنەوەی باسەکان دا ، ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە • لە بەرئەوە هەموو ئەم چەمك و پێوەندی یانە ، پێك هێنەری فەرهەنگن و ئێمە ناتوانین و لە ڕاستێش دا دەرەتانمان نیە ، بەوردی شیان بکەینەوە ، لە چەند بابەتی گشتی دا ، وەك پلەی خوێندەواری ، بیروبۆچوون و خۆرافات ، زانست و هونەر ، زمان و ئەدەب ، خراونەتە بەرباس • دادگەری لە سەر ئەم خاڵانەو بەڵگەهێنانەوە لەسەر باسە گەڵاڵە کراوەکان ، پێوەندی بە توانایی نووسەرو دەرەتانی دۆخی نووسینەکەوەیە •

## زمان و ئەدەبی کوردی :

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانیانەی کراون ، زمانی کوردی

دەچێتەوە سەر کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی کە لقێکە لە زمانەهیندۆ ئوروپاییەکان کە کوردیو فارسیو ئەفغانیو تاجیکی ، دەگرێتەوە • هەرچەند کورد ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی تورکو عەرەبدا بوونو بەتایبەت پاش شەڕی یەکەمی جیهانی تورکەکان ، سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان ، گرتووەتە پێش ، بەڵام زمانی کوردی ، وشە ڕەسەنەکانی خۆی پاراستووەو کەمتر کەوتووەتە ژێر ڕکێفی عەرەبیو تورکی •

لەبەر هۆی جۆراوجۆر ، ئەم زمانە تا ئێستا نەبووەتە خاوەن شێوەیەکی یەکگرتووی ئەدەبی ، ئێستا دوو لەهجەی سەرەکی هەیە کرمانجیو سۆرانی•یەکەمیان لە پارچەکانی شیمالیڕۆژئاوای کوردستان کەڵکی لێوەردەگیردرێ • هەموو کوردەکانی تورکیە بێجگە لە دەوروبەری دەرسیم کە بە لەهجەی زازا ئاخاوتنیان هەیە ، دەگرێتەوە • هەروەها لە مەڵبەندی سووریە لە مەڵبەندی مووسڵ لە کوردستانی عێراق و لە مەڵبەندی شیمالی ورمێ لە کوردستانی ئێران ، بەکار دەبرێ • لەهجەیسۆرانی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەکاردەبرێ • زۆربەی کوردی عێراق واتا لە ڕەواندوزەوە ، بەرەو جنووبو هی ئێران لە ورمێیەوە بەرەو جنووب ، قسەی پێدەکا •

هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی لەهجەی کرمانجی لەهجەی ئەدەبی کوردی بوو • بەڵام پاش قەدەخەکردنی زمانی کوردی لە تورکیەو سووریەی ئێستا لە بەر بەهێزبوونی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردەکانی عێراقو ئێران ، لەهجەی سۆرانی بەسەر ئەدەبی کوردیدا ، زاڵبوو (١) •

---

(١) لە ڕێپەندانی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی حکوومەتی تورکیە ڕایگەیاند =

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی ژوئیە لە عێراق کە لە پاشا بنەڕەتی یەکانی عێراقدا ، دان بە بوونی کورد ، نرابوو ، ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراق ، زۆربەتووندی پەرەی گرت‌و بەم‌جۆرە سۆرانی بوو بە لەهجەی ئەدەبی کوردی ئێستا •

لە عێراق‌و ئێران ئەم‌زمانە بە پیتی عەرەبی ، دەنووسرێ • لە تورکیەو سووریە ( ئەگەر بوێرن ) ، بە لاتینی‌و لە یەکیەتی سۆڤیەت بە ڕووسی • لەبەرئەوە شێوەنووسینێکی یەکگرتوومان‌بۆ نووسین نی‌یە ، شوێنی خراپی لەسەر گەشەکردنی زمانەکەمان داناوە • فێربوونی ئەم زمانە هاسانەو ئەگەر پیتی لاتینی بەکاربهێنرێ ، نەخوێندەواری زووتر سڕوسیپالی تێکەوە دەپێچێ‌و بێگانەش هاسانتر زمانەکە فێر دەبن • لە عێراقدا لە گشت قۆناخەکانی خوێندن لەکوردستاندا ، بە زمانی کوردی ، دەخوێندرێ‌و لە زانستگەی بەغداشدا بەشێك بۆ زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی کوردی ، کراوەتەوە •

لە ئەرمەنستانی سۆیەتی لە قوتابخانە کوردی‌یەکاندا ( تا سەرهەڵدانی پرۆسترۆیکا ) ، زمانی کوردی دەخوێندراو ڕۆژنامەی «ڕیاتازە» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان لەمێژ ساڵە بە کوردی دەردەچێ • (نازانم بە تێك‌چوونی سۆسیالیزمی مەوجوود لە یەکیەتی سۆڤیەت ، ئەو ڕێ گا کوێربووەتەوە یانان ؟ ) دیارە لە

---

=

گەلاڵەیەکی پەسندکردوە کە بە پێی ئەو بۆ یەکەم‌جار گەلك‌وەرگرتن لە زمانی کوردی لە گوندو بازێڕ و بازاڕدا ، ئاخاوتن بە زمانی کوردی ، ئازادە ! بەم‌جۆرە ، هێشتا لە خوێندن‌و نووسین‌و کۆبوونەوە گشتی‌یەکان‌و خۆپیشاندانەکاندا ،گەلك‌وەرگرتن لەو زمانە قەدەخەیە !!

یەکیەتی سۆڤیەتدا ، بازاڕی ڕۆژئاواناسی گەرمەو کوردناسی برەوی هەیە (دیارە وەك فەرهەنگ نەك ماف)•هەرچەند بەرهەمە فەرهەنگی‌یەکانی کورد ، بەهۆی بارودۆخی ژیانی‌یەوە ، لەنێوچوون ، لەگەڵ ئەوەش‌دا فەرهەنگی لە مێژینەی لە گشت ناوچەکانی کوردستان‌دا،ماوەو کۆنەناسی دەری دەخاتە کە کورد خاوەن شارستانی‌یەتێکی پێشکەوتوو بووەو دوور لە دەسەڵاتی بێگانە بە سەربەخۆیی ژیاوە • فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە ، لە بەر نەخوێندەوا بوونی نەتەوە کەمان ، پارێزراوە • ئەدەبی‌کوردی پڕەلە چیروکی نەتەوایەتی زمانی‌کوردیش وەك‌فارسی زمانی شاعێرانەیە(١) •

هەربۆیە وەك هێمای پێدەکەین شاعیرمان زۆرن •

دوکتۆر حوشمەتوڵا تەبیبی کە بە توحفەی ناسری‌میرزا شوکروڵای سنەیی‌دا ، چووەتەوە ، ٥ وتاری‌لە سەر ڕیشەی نەتەوایەتی ، زمان ، کۆچی هۆزە کوردەکان،ئایین‌و مەزهەب‌و سۆفیزم‌و عیرفان ، نووسیوە • لەسەر ڕەسەن‌و سەربەخۆبوونی زمانی کوردی ، ڕایەکی جیاوازی هەیە ! ئەو پێی‌وایە کوردی لە زمانی‌کانی هیندوئورووپای‌یە • بەڵام لقێکە لە زمانی فارسی کۆن ! هەروەها بە پێچەوانەی ڕاستی‌یەکان ، پێی‌وایە خاوەن لەهجە جیاوازەکان وەك هەورامی ، مەنگوڕ ! لە یەکتر ناگەن ! و ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر ریشەی زمانی‌کوردی کراون ، ورد نین ، چونکە لێکۆڵەرەوەکان نەیانتوانیوە ، گشت لەهجەکانی کوردی بناسن • بێجگە لەوە پێویستە لێکۆڵەر ، لەسەر زمانی فارسی کۆن ، پەهلەوی‌و فارسی ئێستاو لەهجە جۆراوجۆرەکانی فارسی وەك لەهجەی تەبەرستانی ، لوڕی !! سمنانی‌و بەلووچی ، زانیاری هەبێ • هەرچەند ئەم زمانە بێ‌گرێ‌وگۆڵەو کەمتر لەگەڵ زمانە غەیرە ئێرانی‌یەکان

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٣٤ـ٢٩ •

تێکەڵبووە ، لەگـەڵ ئەوەدا ، بەهۆی پێوەندی لەگـەڵ تورکو عەرەب ، هێندێك وشـەی زمـانی تورکیو عەرەبی هاتووەتە نێو زمانی کوردی • بەتایبـەت لـە زاراوە ئایینی‌یەکاندا ، عەرەبی زۆرن (وەك ئـەوە لـە فارسی‌دا هەر نەبێ ! ) • هەر بۆیە هێندێك بە هەڵە پێیان وابووە ، نەتەوەی کورد لەگەڵ تووراني‌یەکانو کەلدانی‌یەکان ، خزمە !

ناوبراو ئەو پێشەکی‌یە بۆیە دێنی کـە بێتە سەر مەبەستەکـەی ، هـەر بۆیە دەڵێ : خودزکو ( Chodzeko ) پێیوایە ئەلفوبێی زمـانی فارسی‌و کوردی ، یەکـە ، پیتـە بێدەنگ‌و دەنگدارو پێوەندی‌یەکانیان ، وەك یەکـە • ئیسترابوون پێی‌وایە زمـانی مادەکان‌و پارسەکان ، یەکێکە• پرۆفسۆر سایس دەڵێ : مادەکان عەشیرەتی کوردن‌و لـە ڕۆژهـەڵاتی ئاشوور ، دانیشتوون‌و لـە نەتەوەی ئاریایین • ژان دومرگانیش بـە لقێك لـە زمـانی فارسی ، دادەنێ • میجرسۆنیش دەنووسێ زمانێـکی پاك‌و پاراوی ئاریایی‌یە•دارمستتر ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەیی پێی‌وایە لە زمانی مـادی جیابووەتەوە • بازیل نیکیتین پێی‌وایە لـە بنەماڵەی زمـانە ئێرانی‌یەکانەو ئەوڕو زمانی کوردی لەگـەڵ فارسی نوێ نزیـکە •

ناوبراو بۆ سەلماندنی ئەوەی لـە مێشکی‌دایە ، بە هێنانەوەی بەڵگە درێژە دەداو دەڵێ : مەردۆخ ڕۆحـانی کـە مەبەستی ئایەتوڵا محمـد مەردۆخە ، نووسیویەتی ، زمـانی مـادو پارس وەك کوردی‌و فارسی ئێستا پێـکەوە نزیك بوون • زۆربەی مێژوونووسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن ، زمـانی مادەکان ڕاست لەهجـەی کوردی موکری بووە • زەندو ئەوێستا کـە بە زمانی مـادی نووسراون ، زۆر بەم لەهجـەوە نزیـکە یان هەرئەوە ! ( ئەو نووسراوانە لەگـەڵ لەهجـەی هـەورامی زورتر یەکدەگرنەوە ) جـەنابی تەبیبی درێژەی پێدەداو دەڵێ : دوکتۆر موکری پێی‌وایە لـە باری قـەبارەو تێکەڵکردنی بنـەڕەتی زمـانو شێوازی

فیعلەکان ، بە زمانە ئێرانی‌یەکانەوە نزیکە • هێندێك جیاوازی بەرچاو ئەکەوێ ، بەڵام شوێن لەسەر ئەو وەك یەك بوونە ، دانانێ • لەبەرئەوە، کۆنترین نووسراوەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئەوێستایی مەودای ڕەوتی گەشەکردن‌و ئاڵوگۆڕی زمانی کوردی‌و کاتیان ، زۆرە ، هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەوێستایی ، هێندێك دژوارە • تەنیا لە لەهجەی هەورامی‌دا ، زەمیری نێرو مێ هەیە ، دەنا وەك فارسی لە کوردی‌دا ، شوێنەوارێکی لێ نابیندرێ •

ئا لێرەڕا کاکڵەی مەبەستی دوکتۆر تەبیبی وەدەردەکەوێ‌و بەرهەمی قسەکانی پێشووی ، نیشان دەدا • دەڵێ : بەوحاڵەش هێندێك لە ڕۆژهەڵاتناسە ئاڵمانی‌یەکان ، تێکۆشاون ، وشە خۆوەنبرەوەکانی خەڵکی سلێمانی کۆبکەنەوەو بێ سەرنجدان‌و لێکۆڵینەوە ، لە ڕیشەی وشەکان و کێشەی نێوان لەهجەکانی‌تری کوردی ، بە پێی بناخەکانی وشەزانی بۆ کوردی سلێمانی ، ڕێزمانێك بنووسن • ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە هێندێك بە پەیڕەوی لە زانا ئوروپایی‌یەکان ، لەهجەی کوردی سلێمانی بە ڕەوانترین لەهجەی کوردی دابنێن‌و بۆ پێداگرتن لە سەر ڕای خۆیان ، بڵاوکردنەوەی‌هێندێك ڕۆژنامەو گۆڤاری‌کوردی لە مووسڵ‌و سلێمانیان کردووەتە بەڵگە •

ناوبراو بە قسەکانی درێژە دەداو دەڵێ : ئەم چەند کارەش کە کراوە ، ئەگەر ئامانجی سیاسی‌تێدا نەبێ ، بۆ لێکوڵینەوەکانی دوایی لەسەر زمانی کوردی ، بەکەڵکن • پاشان بە وتارێکی ڕەشید یاسمی سەبارەت بەوە کە زمانی کوردی ئێرانی‌یە (ئێمەش هەر لەسەر ئەو باوەڕەین) ، هێما دەکا : « زمانەکان (لەهجەکان)ی کوردەکان لەگەڵ ئەوەدا ، کێشەیان پێکەوە هەیە و لێك جیاوازن ، گشتیان لە زمانی ئێرانی

جیابوونەتەوەو کێشـــەی کوردیو ئێــرانی زاتی نیــەو لاوەکی‌یەو سەلماندنی ئەم مەبەستە نیــازی بە بەڵــگە نیە ... تا ئەم دوایی‌یانە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لـــە نووسینەکانو دانانەکانی خۆیاندا ، تەنیا لە فارسی کەڵکیان وەردەگرت . بۆنموونە ئەو مێژووانەی زانایانی کورد ، نووسیویانە وەك شەرەفنامەو هی‌تر فارسین ، خەڵکەکە لە کوردی تەنیـا بۆ ئاخـاوتن ، کەڵك وەردەگرن . هێشتاپیرو خوێندەوارەکان ، نامەکانی خۆیان ، بە فارسی دەنووسن ، بۆنموونە دۆخی سلێمانی عێراق کـــە ناوەندی ئەو کوردانەیە کەوتوونەتە لای عێراق ، ئەخەنە بەر باس . زمان (لەهجە)ی سلێمانی وەك هی کوردستانی ئێران (مەریوان ، سەقز ، بانە، مەهابادو سنە ) ، وایە ، مەگەر جیاوازی‌یەکی کەم لە لەهجەدا .

لـە سلێمانیەش‌دا ، گشت ئاڵوویرو پەیماننامەکان ، فەرمـــانو قەواڵەکان ، بە زمـانی فارسی بوونو تا ساڵی ١٩٢١ی زایینی ، زمـانی دەرس خوێندنیش فارسی بوو . تەنانەت کتێبە فارسی‌یەکانیان لە قوتابخانە حکوومەتی‌یەکـــاندا ، دەگوتەوە ، وەك « میزان التعلیم »ی شـــێخ عبدالکریم‌بوشهری‌و هی‌تر . لـەو ساڵەوە تێکۆشاون زمـــانی کوردی بـکەنە زمـانی نووسینو بیکەنە جێگرێ فارسی . بەڵام زمانی کوردی کــە ئێستابووەتە زمـانی دانانو دەرس‌گوتنەوە ، وشەکانی یان فارسی یان عەرەبین ، چوونــکە کوردی وەك لەهجەکانی‌تری ئێرانی زمـــانی عـەرەبی شوێنی لەســەر داناوە ، بەم جیاوازی‌یە کە لە زمانی فارسی‌دا، شێوازی وشــە عـــەرەبی‌یەکان ، لــە کتێب‌دا ، دروست ڕاگیراون و پارێزراونو لــە کوردی‌دا لەبەرئەوە لە ئاخاوتن‌دا ، زۆر کەڵکیان لێ وەرگرتوون ، شـــێوازیان گۆڕاوە . ئێستـــا کــە دەیانهەوێ وتاری سەرزاری خەڵــکەکە بنووسن ، ئەوەی بەزمانو زاردا دێ ، دەینووسن .

وەك ئەوە «معرفت» بە «ماریفەت» و «ظرف» بە «دەفر» ، دەنووسن و هێندێك لە نووسەرە تازەكانیش بە ئەنقەست پیتەتایبەتی كانی عەرەبی ، دەگۆڕن • بۆنموونە «ع» دەكەنە «هەمزە» و «ح» دەكەنە «هە» و «ص» بە س و «ض» و «ظ» بە زێ دەنووسن » • تا ئێرە لە ، لاپەڕی ۱۳٦-۱۳۵ی « كردو پیوستگی نژادیو تاریخیاو»ی ڕەشید یاسمی وەرگێراوە •

پاشان دوكتۆر تەبیبی بۆئەوەی مەبەستە خاوێنەكەی باشتر ئاشكرا بكاو باشتربێ لە سەر ئەم بۆچوونەی ڕەشید یاسمی لەسەر زمان و نەتەوەكەی خۆی ، دابگرێ ، چەند نموونە لە هۆنراوەی مێهرو وەفا كە قادری فەتتاحیقازی لە زانستگەی تەورێز چاپی كردوە بەمجۆرە ئەخاتە بەرچاو تائامانجەكەی بسەلمێنێ :

| نووسینی فارسی | لاتینی | نووسینی كوردی | لاتینی |
|---|---|---|---|
| علی | ALI | عەلی | AH - LI |
| اگر | AGAR | ئەگەر | AN - GAH - R |
| خنجر | KHANJAR | خەنجەر | KHAH - NJH - R |
| خبر | KHABAR | خەبەر | KHA - BAH - R |

لەكۆتاییدا دەڵێ : تۆ داستانی درێژ لەم كورتە بخوێنەوە واتا بەمجۆرە دەردەكەوێ كوردی ، لقێكە لە فارسی • بۆ یە ئەمنموونەم هێنایەوە تا دەركەوێ كە چلۆن لە ڕووی نەزانینەوەو لەژێر پەردەی زمانیقەومیدا ! زمانی ئەدەبیو نووسراوەی گەلێك ، خەوش هەڵدەگرێ(۱) ؟!

---

(۱) پێشەكی توحفەی ناسری ، پێشوو لاپەڕی هەژدە تا بیستودو •

لەوەدا کە جەنابی دوکتۆر تەبیبی‌و ڕەشید یاسمی‌و دوکتۆر موکری پێیانوایە : زمانی کوردی ، هیندی‌و ئورووپای‌یەو ئێرانی‌و ئارییایە ، کەس نکوولی ، لێناکا • بەڵام جەنابی بە بەڵگە هێنانەوە ویستوویەتی :

١ ـ زمانی کوردی وەك لەهجەیەك لە لەهجەکانی فارسی بناسێنێ !و بەڵگەی ئەو ئیدیعایەش لە نووسراوەکانی چەند مامۆستای کورد وەك ڕەشید یاسمی‌و موکری ، وەردەگرێ •

٢ ـ تێکۆشاوە ئەوە بسەلمێنێ کە لە ڕابوردوودا ، کورد زمانی خوێندن‌و نووسینی فارسی بووە •

٣ ـ نووسین‌و خوێندنی‌بە زمانی‌کوردی ، داوەتە بەر لاتاوو دەڵێ : وشەکوردی‌یە نووسراوەکان ، عەربین‌و چوونکە لە ئاخاوتن‌دا ، سواون ، معرفت ئەکەنە ماریفەت‌و بەمجۆرە ، دەیانهەوێ زمانی ئەدەبی‌و نووسراوی گەلێك خەوشدار ، بکەن !

من نامهەوێ دەمارگیری نیشان بدەم ، بەوشێوە ، ئەوان باسەکەیان گەلاڵە کردوە ، خۆیان لێ توند بکەم تەنیا ئەوە دەڵێم کە بەداخەوە دوکتۆر تەبیبیش دمی لەو کەوچکەی فارسی‌وەرداوە کە شەکری کوردی پێ خوراوە و بە نیشاندانی چەند بەڵگە وەدووی پێی‌وشوێنی باسەکە ، دەکەوم :

١ ـ ئەگەر لە ڕابوردوودا ، پیرو خوێندەواری‌کورد بە فارسی نووسیویانە ، چوونکە حکوومەتەکان نە یانهێشتووە کورد بە زمانی زکماکی‌خۆی بنووسێ • ئێستا کوردی سووریە بە عەرەبی دەنووسێ‌و دەیان ساڵیشە هەروایە کەوابوو ئەو کوردە ، عەرەبە ! هەروەها پاش

جەنگی یەکەمی جیهانیو هاتنە سەرکاری کەمالیستەکان لەتورکیـــە ناوی کورد قاچـاخ بووەو کوردبوون بەواتای دژی سەربەخۆیی بوونی تورکیە بووەو ســەدان هـــەزار کورد ، کوژراونو ئەشـــکەنجەو بەندکران ، چوونـــکە نەیانگوتووە تورکین ! لەوکاتەوە زمانی خوێندن و نووسینی کوردەکانی تورکیە ، تورکیەو بە پێی بەڵگەهێنانەوەی ئـەو سێ جەنابە ، دەبێ کوردی تورکیە ، تورك بێ !

٢ ـ ئەوە کـە بەگشتی کوردە خوێندەوارەکان لەمەوبەر بە فارسی نووسیانە ، لەبەرئەوە بووە کـە لە کۆنەوە مادو پارس پێکەوە ژیاونو ئەودوو نەتەوەو مێژوویان ، پێـکەوە بەسراوەتەوەو لەوکـاتەوە پارس دەسەڵاتی سیاسی لە مـاد زەوت کردوە ، ڕێـگای نەداوە ، بە زمـانی خۆی بخوێنیو بنووسێ • هەربۆیە بە گشتی پێشینیانی کورد بە فارسی نووسیویانە •

٣ ـ گۆڕانی پیتی عـەرەبی بە کوردی یانع بە هـ کردن ، لـــە بەر ئەمەیە ئەو پیتانەتایبەتن بە زمـانی عەرەبەوە ، نە کوردو فـارس • وەك ژ ، پ ، چو گ لـە فارسیو کوردی و ڤ لە کوردیدا ، کـــە لە عەرەبیدا نین • کەوابوو لێکۆڵینەوە لـە بنچو بناوانی زمانەکـــەو دۆزینـەوەی میراتی فەرهەنگیو وشـەی ڕەسەنو ئەلفوبێ ڕاستەقینە، بۆ تاوانە ؟! ئەوە کـە وشـەی عەرەبی ، بـە سواوی لـــە کوردستانی عێراقدا ، دەنووسرێو شێوازی وشەکە دەگۆڕن ، هەرچەند بەوشـێوە ئەوان دەڵێن وا نیە ، لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ، وشەی ئەم زمـانە ئەوزمان کۆچیان کردوە لە وڵاتی بێـــگانە دەواریان لێداوەو بێگانە بـە گۆڕینیڕواڵەتو شێوازیان لـە ئەدەبیاتو نووسینی خـۆیان ، کەڵکیان لێ وەرگرتوون • نمـــوونە زمـــانی ئینگلیسی پڕە لـــە وشــەی

سـواوی کوردی ، عـەرەبی ، فارسی ، ئوردووو هـــی‌تر •
خـــودی عـــەرەبی پڕە لـــە زمانی کوردی ، فارسی کەلـدانی ،
سانسکریت ، پەهلـەوی‌و ئاشووری‌و هی‌ترو قورئانیش بەلـگەیە بـۆ
ئەم‌ئیدیعایە • وەك‌برهان ، قواریر ، زنجبیل ، استبرق ، زخـــرف ،
قسطاس ، سراﺋیل کنز ، بخس ، قطمیر ، شوازو قمطرو هی‌تر کـــە
بێگومان شێوازیان گۆڕاوە • بێجـــکە لەوە بۆ تاوانە بەو شێوەکـــە
دەگوترێ‌و مـەبەست ڕادەگـەیەنی ، لـە وشەی زمانێکی‌تر ، کـەڵك
وەربگیردرێ ؟! وەك زانای پایەبەرز مامۆستا هـــەژار ، دەفەرموێ :
دۆستی نەزان ، بەڵای خوایە • دەڵێن مەیموون خۆی زۆر جوان بوو ،
ئەمجار خۆڕوکەشی لێهـــات ! سەرەڕای پرژو بڵاوی‌و بێ‌کـڵاویمان
(هێرشی خۆماڵیانەش!) لەمەڕ فەرهەنگ‌و زمـانو هەموو عاشتەبایەکی‌تر
بەتازەگی چینێك منالی ڕیش‌سپی وپیری‌بەلانـك ودەسرازە بـە ناوی
کوردایەتی تۆخ لە زمانە بەستەزمانەکەی وا لاوازو پەروازەو بێ‌خۆدانمان
بوونە مێمڵ ، قل بە قلوچـــڵ بەچلی ، زۆربەوردی ، دەپشـــکنن ،
هەروشەیەك بۆنی‌عارەبیەکی‌کۆنی یان فارسی‌یەکی‌مردووی هەزار ساڵەی
لێ بێت ، ئەو زانا کوردپەروەرانەی پێی شێت‌دەبن • وەك دزێکیان لەنو
کـــادێن‌دا گرتبێ ، دوژمنی ڕای ئیمانت بێ ، چەی پێـــدەکەن :
هەرواچـــەقۆیەو لێی دەسوێن دەیدەنە بەر پلارو جۆین کاریـــکی
بەسەردەهێنن ، دۆم بەژنی خـوی ، نەکـــردبێ • ئاورووی وێژەری
وشەکەش بە پەرەدی کاورای پیوازفرۆش ئەوەن • مەڵێ قەڵەم بێـژە
پێنووس • مەیژە کاغەز بوشە تێنووس • نەبێژە دەفتـــەر ! بڵـــێ
پەڕاو •••

کەسیش نیـــە پەنامەکی لە گوێی یەکێك لـــەم تازە بابەتانە

بسرکێنێ : کاکی هەڵەی پڕ لــە پەڵە ! کامەگەلی **هــەرەزلی** هــەرە داراو هــەرە پڕکاری سەرزەوی گومانئەبەی ، زمانەکەی وشــــەی نامۆی تێدا نەبێ(۱) ؟ دەبێنن ، ئــەم زانا کوردیزانو بەرپرسیارە ، تازە لــەوە قەڵسە کــە بۆ وشەی زمانەکانیتر ، فڕیدەدەنو کەڵــکی لێ وەرناگرن ؟ کــەچی ئەو دوو نووســەرە **دەڵێن** : **معرفتیـــان** کردوەتە ماریفەت ! تازە ئەو کــــە لە فارسیدا ، وشەی عەرەبی وەك خــۆی دەنووسرێ ( هەرچەند ئەو واتایە نەماوە کە لە عەرەبیدا هەیبــووە ) ، بەو واتایەیە کــە لەو چوارچێوە بەدوورە ، چوونکە وشــەی میـــوانی زمانێکیتر ، کەمتر وەك خۆی دەمێنێتەوە •

٤ ــ نموونە هێنانەوەی جەنابی تەبیبی لــە مێهرووەفاو وەك یەکبوون یان وێچوونی نووسینی کوردیو فارسیو هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ لاتینو شێوە نووسینیان ، ئەویش لــە چەند ناودا ، ئەوە ناسەلمێنێ کە بە هێندێ دەسکاریوشەکان ، کورد دەیهەوێ زمانی نەتەوەیەك ، خەوشدار بکا ، چوونــکە :

یەکەم ــ ئــەو چەند ناوەو چەند ناویتریش ، بەڵــگە نیــن ، لەبەرئەوە ئەگــەر وێچوون بەڵــگە بێ «مادر»ی فارسیو ( Mother ) ی ئینگلیزی وەك یەکن • کەوابوو ئینگلیسیەکان فارسن یان فارسەکان بریتانییایین ! بێجگە لەوە ئەو مامۆستایانە ! لەوە نەگەیشتوون یان خۆیان گێل کردوە بۆئەوە شوێنیزمی فارسیان لێ ڕازیبێ کە هێندێك زمــان بە قسەی عەرەب «اعراب به حروف یان بەحەرەکەتن» واتــا ڕوونبوونی سەرەتاو ناوەڕاستو بە تایبــەت کۆتاییو شەکە ، بۆ دانپێدانانو گوتن

---

(۱) مامۆستا هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، **فەرهەنگی کوردی ــ فــارسی** ج ۱ لاپەڕی بیستوچوار •

به پیته یان به بزوێنه • زمانی کوردیش وەك لاتین‌و زمانەکـــانی‌تری ئوروپایی «اعراب‌ـبەحروفە» ، واتا لەجیاتی سەر = فتحە«ە» هەیەو له جیاتی ژێر (کسرە) ، «ی» دەنووسرێ‌و هێندێك نیشانە وەك ۷ هـەیە بۆ نیشـاندانی شـێوە خوێندنەوەی پیتەکـانی ناوەڕاست‌و داویی لـە باری کێش‌پێدان و ئاوەلاکردنەوەی زار • وەك خـــوێن • حـــەوتەکەی لەبەرئەوەیە خوێن بە کێشانی واوەکەی نەخوێندرێتەوە •

بەمجۆرە دەبینن دڵچەپەلان لەوەش ناگەڕێن‌و ناهێڵن بـــە یـــەك بـگەین‌و وشەی ڕەسەنی کوردی‌و میوانی بێگانە لێك‌بدەین‌و باوکەڕۆیان پێ بـکەین !

بێجگە لـەوە ئەگەر زمانی کوردی لقێکە لە فارسی وەك خوراسانی ئەسفەهانی ، ئەردەکانی‌و هی‌تر ، ئێستا لە چەند لەهجەی کوردی چەند ڕستە دەنووسم‌و لـەو سێ جەنابە (با لەو دونیاش بێ) و ئەوانەی وەك ئەوان بیردەکەنەوە ، داوا دەکەم مەبەستەکەیان بە فارسی کە کەوچکەیان هەمیشە بە دەستەوەیە ، بنوسن‌و بڵێن :

### سۆرانی ناوەندی کوردستان :

ئەوینی کردە هـەوێنی ئەمەگناسی‌و بەلەز هاتە گۆڕەپانی ژیانـــی هاوبەشەوە • بەرەو ئاسۆی ئامانج ، دەنگاوم هەڵـگرت سڵم لـە دارو دەوەن‌و هـەردو بەردی نەیار ، نەکردو هەڵم‌کوتایە سـەر چارەنووسی ڕەشی دەستکردی پەلاماردەران •

### سۆرانی ژووروو یان کورمانجی :

ئەزێ هەڕمە جۆخێنێ • ئنێ تەونێ چێدەکا • کەچکی گوندی مە

چوونە پنجارێ • ئەڤی هەرنە گۆوەندێ ، تاپوومەتی کاڵبوونە ، ئاپـــێ من دەنگ‌بێژە ، ئیسترانی پرباش دەبێژێ •

**لەهجەی گۆرانی ڕەشید یاسمی :**

وەداڵـکم بووش ئەو چشتە دامەسە دەسی ئاڵشتی بکەیت و ئەڕامان بنارێتەوە • بووشە وە داڵکم بچووت داوای دوێتەکەی مامئەزیز ئەڕام بکەیت • دیارە ئوستاد لەم لەهجەدەزانێ •

**لەهجـەی هـەورامی :**

واچـە بـــە واڵێو مەتیەم چوخەو ڕانـکێوم پەی بڕێسۆ یانەنە هۆرش گێرۆ •هیتێوە کڵاشم پەی بسانۆ ، چەنێ کۆچی هەڵچیو یەرێ گۆچۆنێو یەرێ لەتەریو کۆچێ نەی •

**سۆرانی جنووب یان ئەردەڵانی :**

هاوسیر موکەمل ! بزانە دایکت مەشکەکەی ژەنگە • بەش‌باوکت دانە و ئەویچی هەڵـــگرە بۆ مامۆ بالەکوکەن ئەگەرێتەوە بە برسیەتی دانەنیشێ •

ئەگـەر کورد دەسەڵاتی‌سیاسی بوایەو حکوومەت‌بوایە ، سەدان‌و بـگرە هەزاران نووسەری دۆست‌و دوژمن‌و خۆماڵی‌و بێگانە لەســـەر ڕەسەن‌و بەسامان‌بوونی زمانی کوردی ، هۆنراوەو پەخشان‌و لێکۆڵینەوەی زانستیانەی زمانەوانیپان خستبووە بەردەستی خوێنەران • بەڵام کـــە ئاوەهاین هی خۆیشمان گازمان لێدەگرێ ! ئەوە لەکاتێک‌دایە کـە مـن داوا لـەو دوو کەسە دەکەم لەو ڕستانە نووسیومن ، بـــگەن‌و بیـکەنە

فارسی‌یەکەی خۆیان کە خۆیان زاراوە یان لەهجەکانی کوردی‌یان بە چوار بەش دابەش کردوە :

١ ـ کرمانجی شیمال • ٢ ـ کرمانجی جنوب • ٣ ـ کوردی کرماشانی • ٤ ـ ئەورامانی‌و گۆرانی • کە هەرکامەیان خاوەنی چەند لق‌پۆپ‌و وەك هەموو زمانێکی جیهان تایبەتمەندی خۆی هەیە(١) •

لەبەرئەو زمانی کوردی خاوەنی چەند لەهجەیە ، خەڵکی هەر ناوچە ئەدەبیاتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە بە شێوەی سەرزارەکی لەمبەرەوە ڕاگوێزراوە بۆ بەرەی دوایی • بە پێی ڕای دوکتۆر تەبیبی لەبەرئەوە لە ڕابوردووی دووردا ، زمانی ڕەسمی‌و نووسراوی کۆمەڵگای گەورەی ئێران ، فارسی کۆن (ئەوێستا) یان مادی یان پەهلەوی (کە هەموویان هاوڕیشەن ) ، بووە ، کورد بە زمانی خۆی نووسراوەی لە مێژووو ئەدەب‌و فەرهەنگ‌دا ، نیەو ئەوانەش نووسیویانە لەم زمانانە کەڵکیان وەرگرتوە • لەم دوایانەدا چەند نووسراوبە زمانی پەهلەوی ، چەندهۆنراوە لەسەر پارچە پێستێك لە سلێمانی،دۆزراوەتەوەو ئەوە دەگەیەنێ ، ئێرانی یەکان هاوزمانن•دەبێ عەرزیان بکەم کە دەسەڵاتی‌سیاسی نەبوو ، سەربەخۆیی فەرهەنگی ناگونجێ‌و لە ڕاستی‌دا وەك ئێستا نەیان‌هێشتووە کورد بە زمانی خۆی شینی چارە ڕەشی خۆی بگێڕێ ! بە بڕوای ناوبراو چوونکە زمانی کوردی ، کەمتر تێکەڵاوی عەرەبی‌و تورکی بووە ، نەیتوانیوە وەك فارسی لە پەخشان‌و هۆنراوەدا ، جێگای خۆی بکاتەوە • هەربۆیە کوردەکان لە نووسین‌دا ، لە فارسی کەڵکیان وەرگرتووە !

---

(١) پێشەکی توحفەی ناسری پێشوو ، لاپەڕی بیست‌ودوو تا بیست‌وچوار •

ئەو شوێنەوارە نووسراوانە بریتین لە :

شەرەفنامەی بتلیسی لە ١٠٠٥ی کۆچی ، دانراوە .

مێژووی کوردستان مـەلا محەممەد شەریفی قازی لە ١٢١٤دا .

لب‌التواریخ خوسرەوەی کوڕی محـــەممەد ، کوڕی مەنووچیهری ئەردەلان لە ١٢٤٩دا .

تاریخ کوردستان مەستوورەی‌ئەردەلان لە ١٢٦٣دا ، نووسراوە .

**هۆنراوەکان :**

حدیقه امان‌اللهی بە فارسی ، هفت لشکر ، رستم‌و سهراب‌و رستم‌و اسفندیار ، ارجـەو شیرویەو بیژن‌و منیژە بە کوردی گۆران ، خورشید خرامـان ، بهرام و گلندام ، ببر بیـان کـە دەسنووسن‌و بەگـۆرانی نووسراون . شوێنەوارەکانی ئەهلی‌هەق وەك مثنوی دەهیجایی کـــە یەکێك لە بیرۆزترین کتێبی ئەم مەزهەبەیە : کـــەلامی سەرئەنجام‌و کەلامی خزانە کـــە دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی شاخوشین‌و ســـوڵتان ئیسحاق ، هاوچەرخی تەیمووری گورگانی .

چـەند هۆنراوە بە کرمانجی سەبارەت بە لە دایك‌بوونی پەیامبەرو بەرەوئاسمان چوونی وەك مەولوودنامەو میعراج‌نامە ، کە لەم دوایانەدا ، چـاپ‌کراون . هێندێك دیوانی شیعر هـەن کە تاقمکیان چاپ‌کراون ، وەك دیوانی مـــەولەوی‌و ناری‌و موفتی پێنجوێنی‌و هێندێکیشیان لـــە چاپ‌نەدراون . چـەند داستانی بە هۆنراوە ، پاڵەوانی هـەن . وەك چریـــکەی گۆرانی‌بێژان‌و حـــەیران‌و بەیت‌وبالۆرەی ناوچـــە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کـە زۆر دەوڵەمەندن‌و باسی کوێرەوەری کوردان‌و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئـــەم خاکە دەکەن‌و لـــە ...ەوە

هەڵدەقوڵێن‌و شوێن لەسەر دڵان دادەنێن • بۆیێ یان مێژووی دانانیـان بەزۆربەیی دیار نیـە • وەك خەجو سیامەند ، لاس‌و خەزاڵ لـوردو گۆران ، گولان ، گولاَن ، مەم‌وزین‌و مێهرو وەفا •

هۆره کـە بەزۆربەیی لـە ناوچـەی ئیلام‌و کرماشان‌و لورستان باوه ، چریکەیەکـە سینه بە سینه ڕاگوێزراوەو باسی‌قارەمانی‌و ئەوین دەکـاو هۆرەخۆێن بەسۆزەوە ، ئەیخوێنی (دەڵێن نەزمەکـەی نەزمـی سروودی ئایینی زەردەشتی‌یەکانه) • گۆرانی‌یه ناوچەیی‌یەکانی کوردی کە دانەریان نادیارن‌و ڕەنگدانەوەیەکن لـە ژیانی کۆچەری جووتیاری ڕەسـمه کۆنەکان ، داوخوازه کۆمەڵایەتی‌یەکان ، بیروبڕوای ئایینـی‌و گەلی‌و هۆزی‌و خەبات لەگەڵ دوژمن ، بناخەی ئەم‌بەشەن(۱) •

**ئەدەبی زمـــان :**

مەبەست لەم ئەدەبه ، گەوهەری ئەوقسه جوانانەیەکە کە لـە دوو لێـوەی شاعێرو ئەدیب‌و نووسەری ئەو نەتەوە دێتەدەرەوە و ڕاگەیاندنێکە لـە خەیاڵی نازك‌و سۆزێکی خاوەن بیروبڕوا • ئەمانە زمانی‌زمانەکەیانن‌و بولبولی‌باخـی ئەدەبیاتیانن • بۆیه بەوجۆرەن ، چوونـکە ئـەو شتەی ئەوان باسی دەکـەن ، شعوورو هـەست ، ئەبزوێنێ‌و گیان وەجم‌وجۆڵ دەخـا • کەوابوو زمـان ، پەروەردە ، دەکـەن‌و بەرزی ئەکـەنەوە • ئەدەب ، ئەوەش ئەگرێتەوە کـە هـەر شتێك لـە هـەر چاخێکدا ، لەباری زانستی یان دەسکردی جوان یـان پیشـەیەکی بەدەگمەن ، گوترابێ • بەم پێیەهەر شتێك شاپەڕی خەیاڵی شاعیرێك یان دەسکردی

---

(۱) پێشەکی لەسەر توحفەی ناسری ، پێشوو ، لاپەڕی بیست‌وپێنج تا بیست‌وهەشت •

نەخشینی دەس ڕەنگینێك یان پیشەگەریی پیشەسازێك بێ ، بە ئەدەب دادەندرێ • کەوابوو مێژووی ئەدەب بە واتای ئەو زانستو زانینەیە کە لە چۆنیەتی‌وشەو زمانو شتی‌بەپێزو جوانو ئەو هۆنراوەو نووسینە نەخشینانە باس دەکا کە ڕۆڵەکانی ئەو زمانە ، لە لاپەڕەکانی مێژوودا ، وەك میرات داویانە بە بەرەی دوایی‌و باسی ئەو بەرزی‌و نزمیانە ئەکا کە کارەساتی دەوران تووشی کردوون • باسی ئەوەش دەکا کە باس لە خاوەن‌قەڵەم‌و هۆنراوەو زمانو هەڵسەنگاندنی دانراوو بیروبڕواکانیان لەگەڵ کارکردنی هەندێکیان لە هێندێکیاندا ، لەباری فیکرو پیشەدا • کەوابوو بەم واتایە مێژووی ئەدەب شتێکی تازەیە • بەگشتی مێژووی ئەدەب بریتی‌یە لە زنجیرە باسکردنێك لەگەڵ کات‌و زمانا ، هاتبێت • باسی‌ئەو شتانە بکا کە لە کتێبەکاندا ، نووسراونەتەوە ، لەسەر بەردەکان ، هەڵکەندراون ، لە لاپەڕی ڕۆژنامەکاندا ، خراونەتە بەرچاو • دیارە هەموو ئەمانە ، ڕەنگدانەوەی سۆزو بیرن یان زانستو هونەرێك بە مرۆڤ ، نیشان دەدەن یان پەریزەجاڕی کارەساتێکن •

هەروەها باس لە زاناو فیلسۆف‌و دانەرانی کتێب‌و ڕچەوپێدەی هونەردەکاو زانستەکەیان ، ئاشکرا دەکا • مەبەست لە مانەش ئەوەیە کە مرۆڤ ، بزانی لە تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا ، لە چ کاتێکدا ، زانست یان پیشە یان هونەر ، بەرزی‌ونزمی بەسەردا ، هاتووە(١) •

کورد فەلسەفەی هەیە ؟ هیچ مرۆڤێك لە هەڵس‌وکەوتی خۆی‌دا بێ‌فەلسەفە نیە • هەرکەس بەجۆرێك کە فێرکراوەو فێربووە ، سەرنجی شتەکانی دەوروبەری ئەدا • ئەم تێڕوانینە ئەگەر قووڵ بوو ،

(١) مێژووی ئەدەبی کورد ، علاالدین سجادی ١٣٦١ ، لاپەڕی ٧٠ـ٦٩

بەرەو ناخی دیاردەکان ڕۆچوو ، مەبەستی تێگەیشتن لـــە هـۆیە بنەڕەتی‌یەکانیان بوو ، ئەوە فەلسەفەیە • کوردیش لەم سەرزەوی‌یەدا ، ژیاوە ، نیـاز دنەی داوە لەگـەڵ شتەکانی دەوروبەری ، بەرەوڕوو بێ‌و بۆئەوەی بتوانێ کەڵکیان لێ وەربـگرێ ، پێـویست‌بوو لێیان تێ‌بـگا • بۆ تێگەیشتەکە بە پێی تایبەتمەندی شتەکان ، نیـازی بـە وردبینی‌و سەرنجـدانی ژیرانە بووە • ئاکـامی ئەم شێوە سەرنجدانە بووەتە ، فەلسەفە •

مامۆستا علاالدین سەجادیش لەسەر ئەو بڕوایەیە • ئـەو دەڵێ : مێژووی ئەدەبی کوردی ، بێ گومـان ئەبێ ئاشنایەتیەکی لەگـەڵ فەلسەفەهەبێ • چونـکە ئەدەب بە تێکڕا ، یەکێکە لەولقانە کـە لـە فەلسەفە ، جیـا بووەتەوە • فەلسەفە بریتی‌یە لـە بین‌درێژی‌و ڕۆچوون لـە خەیالاتی مادی‌دا • کوردیش ئەمـەی هـەبووە • ئەگەر ئەو ڕۆچوون‌و بیروبڕوا ، پەروەردە نەکرابێ ، ئەوە ناگەیەنی کـە کورد ، بێ‌فەلسە بووە یان فەلسەفەی نەبووە • مەرج نیە سەرچاوەی فەلسەفە لە شعورێـکی زانستی‌یەوە ، هەڵقوڵابێ ، بەڵام مەرج ئەوەیە ، قووڵ بێ‌و خەیالاتی بەرز ، هەڵبـگرێ • کـە زانستی بوونی تێدا ، بە مـەرج نەگیرا ، قسە ساویلکەیەك کـە پیاوێـکی دەشتەکی لە ڕووی شعورێکی ساکارەوە کردبێتی ، ئەگەر لە بارێـکی زانستی‌دا ، لـە بنچ‌وبناوانی قسەکەی بکۆڵدرێتەوە ، سەرنج دەدەین ، سەرچاوەکەی ئەچێتەوە سەر فەلسەفە ، کەچی کابرا خۆیشی نەیزانیوە فەلسەفە بەری چ گیایەکـەو ئاگای لە زانستیش نەبووە •••

ئێستە ئێمـە ئەو ناڵێین کە کوردێـکی دەشتەکی نەخوێنـدەوار ، توانیویەتی لەگـەڵ سوقرات‌و ئەرەستوو ، بەربەرەکانی بـکا ، چوونکە

کەسێکی وەها نە ناوی ئەوانی بیستووە ، نە زانیویە فەلسەفە بەری بــە کوێیەوەیە • بەڵام ئەتوانین ڕابگەیەنین ، کە ناوچەی کوردەواری ، خاکو ئاوەکەی لەوانە بووە ، پیاویوا پێیبگەیەنی ، ئەو قسە ساویلکانە کــە ئەیانــکا ، بۆنی فەلسەفەیان لێــوە بێت با خۆیشی هیچی لێ تێنەگا • ئەوەی وتوویەتی : «گیا لەسەربنچیخۆی ئەڕوێتەوە» • بە چاو دیویەتی کــە گیا لەسەر تۆ یان ڕیشەی خۆی دەڕوێو ئەمەی کوتووەو بۆەتە مــەتەڵو زانیاری کــە هەرشتێك ئەچێتەوە سەر ڕەگەزو بنچو بناوانی خۆی • ئەمــە ئەگەر لەگەڵ ئەم قسەی ئەفلاتوون هەلسەنگێندرێ کــە دەڵێ «جیهانی هۆش هــەیەو شت لەسەرنموونەی ئەو دروست ئەبێتەوە» واتا هــەموو شتێك وێنەیەکی هەیە ، دەبینی لەگەڵ قسەکەی ئەفلاتوون، جیاوازییەکی وای نیــە • مەبەستی ئەفلاتوون لێرەدا ئەوەیە کــە هەرشتێك خــاوەنی پێشینەیەو ئەویش پێشینەی هەیەو تا دەگــــانە بیروبۆچوونێکی ڕووت کــە لــە زاتی خۆیدا هەیە و مەبەستەکــەشی ئەوەیە کــە «مادە» ، کونە • کورد دەڵێ «ئەوەی گەنج ، لــە ئاوێنەدا دەیبینێ ، پیر لــە خشتیکاڵدا ، دەیبینێ » ، مەبەستی ئەوەیە ، پیــــر بەئەزموونترەو زووتر لە ئاکامی قسەو ڕووداوەکان ، ئەگــاو گــەنج وانیە وپتر ڕواڵەت دەبینێو تا وەك ئاوێنە ڕوون نەبێ ، بۆی دەرناکەوێ. کوردێــکی کۆچەر بەم وتانە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکا : « ڕۆڵــە ، قسە بیگێڕە،بێبێژە ، بێوێژە» • ئەم وتە بەرزەی لە کوێ دەرهێناوە؟ ئەمــە بەرهەمی ژیانی ئەم گەلەو ئاکامی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئــەم کۆمەڵگایەیە • دیارە زۆر لە زانا کوردەکانیش لــــە مــەیدانی فەلسەفەزانیندا تێکۆشاون ، بەڵام هیچیان لەو باسەدا ، بە زمانی خۆیان،

ڕانەگەیاندوە ! (١) لەگەڵ ئەوەش‌دا ، ئەبوحەنیفەی دینەوەری ، حەسەنی کوڕی نەجای فیلسۆف ، محی‌الدین خەلاتی ، ئەحمەد کوری حەیدەر ، ڕەسووڵی‌زەکی ، عەلی‌زەکی ، محمدی کوری ڕەسووڵ ، مەلا شەریفی مەولانا یوسف ، شێخ محمد قەسیم‌و مەلا عبدالرحمانی ڕۆژبەیانی لە زانایانی کورد ، نووسراوەی فەلسەفییان هەیەو بەناوبانگن • دیارە بە هۆی بێدەرەتانی لە بواری نووسین‌دا ، زۆر هەن کە نووسینەکانیان لەگەڵ جەستەی ماندوویان ، چووەتە ژێر گڵ(٢) •

بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و مەودای پەرەگرتنی فەرهەنگی کۆمەڵ و چلۆنایەتی بنکەو بنیاتە ئامووزشی‌یەکان‌و بایەخدانی حکوومەتەکان بە پەرەپێدانی زانست ، هونەرو فەلسەفەو بە گشتی‌زانستەسروشتی‌و ئینسانی‌یەکان ، بە جۆرێك‌بوون کە بە داخەوە ئەوهەلەیان بۆ مامۆستاو قوتابی‌و خوێندەواری‌کورد ، نەڕەخساندووە ، بێتە مەیدان‌و لە گۆڕەپانی‌زانست‌و فەلسەفەو بیروبۆچوونی نوێ ، لنگ‌داران بکەن • باری پاشکەوتوویی بیروبڕواو زاڵ‌بوونی‌کۆنەپەرستی بەسەر بیرو هۆشی کۆمەڵ‌دا ، دەرەتانی نەداوە خوێندەواری کورد لە چەرمی چۆلەکەی دیاریکراوی قوتابخانەکان ، بچێتەدەرو سەرنجی دەوروبەری خۆی بداو بیر لەو شتانە بکاتەوە کە لە کتێبەکانی‌دا ، نەنووسراون ! هەرچەند ئەوە ڕاستە زانست

---

(١) سوورەبەردی خەڵکی سوورەبەردی لای بیجار ، بەعەرەبی‌و فارسی فەلسەفەی نووسیوەو سەرۆکی حیکمەتی « أشـراق »ە • مەولەوی بە هۆنراوە لە دیوانە عەرەبی‌یەکەی بە ناوی «فەزیلە» لافی فەلسەفەزانی لێداوە • شێخ عبدالقادری تەختی ( شێخ مهاجر ) لە فەلسەفەو کەلام‌دا ، (شەرحی تهذیب الکلام تفتازانی)، خۆی نیشان داوە •

(٢) عەلائەددینی سەجادی ، پێشوو ، لاپەڕی ١١٩ــ١١٢ •

سنوور دەبڕێو ئەچێ بە ناخی هەموو خاوەن‌بیرێك‌دا ، بەڵام ئـەو هەل‌و مەرجـە فیـكری‌و كۆمەلایەتی‌یەی كە بۆ كورد دروست‌كراوە ، ڕێگای نەداوە ، ڕۆژنامەو گۆڤـارو كتێبی بەرهـەمی بیرو هۆشی هۆشمەندانی جیهان ، بگاتە كوردستان ، تاخەوتووەكان لـە خەو ڕاپەڕێنێ • تـازە سەرهەڵدانی بیری قووڵ‌و نوێ هێنانی خۆماڵیانەش ، لەگەڵ بەرهەڵستی ڕاپلەیەكی كۆنەپەرستی‌دا ، بەرەوڕوو دەبوو ، كوڕم دەویست بێ‌ترس لـە باوبۆران ، بەڕامالینی چەتەو كۆران بهاتبایەتە مەیدانی‌تێكۆشان !

ئـــەوە باسی دەیان‌و ســەدان ساڵ لەوەپێشە • نووسەری ئـــەم دێڕانە لە ساڵی ١٣٥٦ی هـەتاوی لەسەر شێوەی سەرهەڵدانی سۆفیزم‌و تەریقەت لە كوردستان ، نامیلكەیەكی بەزمانی فارسی لە زانستگەی تاران، بلاوكردەوە • ئەویش نە لەبەرئەوە چوونـكە زمانی نووسینم فـــارسی بوو ، بەڵكوو بەپێچەوانەی بۆچوونی دوكتۆر تەبیبی‌و ڕەشید یاســـمی لەبەرئەوە لـە ئێران‌دا كورد توانای نووسینی بە زمـــانی خۆی نەبوو (ئێستاش نی‌یەتی) • بەڵێ پاش بلاوبوونەوە ، كۆڕی شێخانی تەریقەت‌و دووكانداارانی بەهەشت‌فرۆش ، بە توندی هاتنــە مەیدان • داموو دەزگای ساواكی شـایان لێ هارووژاندم ، لای ســـەرۆك‌وەزیرو وەزیـــری زانستگەكان‌و فێركردنە بەرزەكان‌و زانستگەی تەوریز،سكالایان كرد • ایها الناس ! ئـەم كابرا واواپێهاتووەی نانەجیبە ! پەردەی لەســـەر راستی‌یەكان ، هەڵداوەتەوە ، لێفـەی لە سەر هـــەتیو ، هەڵگرتووەو پەتەمانی بە ئاوداداوەو ئەبێ تەفرتوونا بكرێ ! بە خۆشی‌یەوە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی شـا بوو ، حـــكوومەت دەكرێ بڵێین ، نەمـابوو ، دەنا دەیانكردمە دەواری شڕ • هـەردیان بە سەربەردمەوە نەدەهێشت !

پێتانوایە چـــم نووسیبوو ؟ بە کورتی سەرچـــاوەی سۆفیزمو سەرهەڵدانی لـە کوردستانو شوێنەوارەکانی لـە سەرباری فەرهەنـــگیو کۆمەڵایەتیو ئابووری خەڵك ، خراونەتە بەر لێکۆڵینەوەو لەگـــەڵ تاکانەپەرستی ئیسلامدا ، هـــەڵسەنگێندراوەو ئاکـــامی باسەکان ، ڕاگەیەندراوە • دیارە لەوێیەدا ، ناوی هێندێك لـە خـــاوەن تەکییەو تەریقەتەکان ، ڕاگەیەندراوە • ئەوەی نووسراوە لەڕاستیدا ، خـــودی شێخەکانیش لـەوە زیاتر دەزانن ، بەڵام چوونکە بۆ مەڕەکـــان زیانی هەیە ، بەوشێوە ، دژبە من هارووژان !

بێگومان پێش منی هەژاریشو پاش منیش کەسانێك بوونو دەبن کـە پەردەی شەوەزەنگ ، بدڕنو دژبە کۆنەپەرستی ، ڕاپەڕینو ئەرکی ڕۆشنبیری خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن • ئەوە بڕیاری مێژوویییەو نیـــازی بە دۆخی لەبارو هۆشی بەکارو لێهاتوو هەیە کە لە هێرشی لەوچـــەشنە ، سڵنەکـــاو مۆرکی خۆی لـــە سەر ڕووپەڕی مێژووبداو کۆشـــکی دواکەوتوویی ، بڕوخێنێ • جەنـــگی کۆنەو نوێو دژەکان ، هـــەر درێژەی دەبێ ، ڕەوتی گەشکردنی بیرو هۆشو دۆزینەوەو خوڵقاندن ، بەرەوپێش دەچێ • ئەوەندە هەیە ناوچەیەك وەپێشدەکەوێو هەرێمێك هەلومەرجی بۆ ناخوڵقی ، تابێتە مـــەیدانێ وەك ئێمـــە نووســـراوە جۆراوجۆرەکانی کـــەم دەبێو زانستو هونەرو ئەدەبو خوڵقاوە مادیو مەعنەوییەکانی ، لە هەوارگەی سەرکەوتووان‌دا ، بەرچاو نین !

**پلەی خوێندەواری :**

بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی ژیانم لـە کاتی نووسینی ئەم باسەدا ، سەرچاوەیوام بە دەس نەکەوت تێمبگەیەنی پێش لە دایك بوونی مەسیح

لـە کۆمـــەڵی کوردەواری‌دا ، ئاسەوارێك لە خـــوێندنی ڕێك‌وپێك‌و خوێندەوارێــکی بەناوبانگ هەبووە یان نا ؟

بـە لەبەرچاوگرتنی تێـکەڵاوی گەلی مـادو پارس‌و ڕابوردووی شارستانی‌یەتی دانیشتوانی ئێران ، هەروەها تێکەڵچوونی نیزامی‌و پێوەندی سیاسی‌و ئابووریان لەگـــەڵ دراوسێیەکان‌و ئاشنایان بە فەرهەنـــگی ڕۆژهەلات،دەکرێ بڵێین پێشینەی خوێندن‌و نووسین لەم سەرزەوی‌یەدا، بۆ نـکوولی لێکردن نابێ • بەلام ئەوەندەم لێ ڕاستەقینەیە کـــە ئـەو دیاردە تا رووخانی حکوومەتی ساسانی‌یەکان ، لــــە چـەرخی حەوتەمی زایینی‌دا ، تەنیـا لـە دەربارو بنـکەو بنیاتە ئایینی‌یەکـــان‌دا ، بووەو کۆمەلانی خـــەڵك‌و تەنانەت گەورە ساماندارو بازرگانەکانیش ، بـــە هرەیەکیان لێ وەرنەگرتووە !

دەگێڕنەوە لـە چاخی حکوومەتی ئەنوشیروانی بەناو دادگەردا ، لەشکری بێـگانە ، دێتـە سەر سنوورەکانی وڵات‌و لە مانی خـاك‌و تاج و تەخت ، هـەڕەشە دەکا • لەوکاتەدا ، ولات لە قەیرانێـــکی توندی ئابووری‌دا ، بووەو داهـــانی حکوومەت ، شتومـەك‌و خواردەمـەنی سەربازەکانی ، دابین نەکردوە • شا بۆزرگمیهری‌وەزیر بانگ دەکـاو پێی‌دەڵێ : دانیشتـــوانی ولات بەتایبەت ساماندارەکان کۆبـــکەوە و دۆخەکەیان بۆ شی‌بکەوە‌و ڕابگەینە هەرکـــەس‌و کۆڕو کۆمـــەڵ‌و توێژێك ، لەم‌بوارەداو لەم‌بارەوە یارمـەتی شـا بدا ، چی داوا دەکـــا بۆی جێ‌بەجێ دەبێ • بازرگانێك بە ناوی کەفشگەر دەڵێ : من خەرجی دوو ساڵی‌سوپا دەدەم‌و تەنیا داخوازێکی زۆر ساکارم هــــەیە ، ئەویش ئەوەیە ، ڕێـگابدەن تاقـە کوڕەکەم لــە کۆشـکی پاشادا ، لەگـــەڵ نەجیب‌زادەکان‌و موغەکـــان ( زانا ئایینی‌یەکان) ، دەرس بخوێنێ •

ڕەنگە بڵێین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە ، دەس بەجێ ، داخوازەکەی پەسندکراوە ، بەڵام وانی یە ! چوونکە کە هەواڵەکە بە شا گەیشت ، دەس بەجێ داخوازەکەی ڕەت کردوەوە ! بەم جۆرەوە لەودەورەو پێش ئەو دەورەدا،زانستو زانیاری بە هۆی دەسەڵاتدارانەوە، گەمارۆ درابوو و گەل ، لەو خێرە ، بێ بەش بوو !

حافظ ابن حجری عسقلانی ، دەگێڕێتەوە کە جابان ناوی کورد ، یەکێك لە یارانی پەیامبەری ئیسلام بووە و وتەی لەناوبراو گێڕاوەتەوە. مەیموونی کوڕی وتەی لە باوکی گێڕاوەتەوە(١) . ئەگەرچی لەسەرئەوە دانەگرین کە زۆر لە یارە نەخوێندەوارەکانی پەیامبەر ، وتەیان لەو گێڕاوەتەوە ، وێ دەچی ،جابانی ئێمەش لەوان بێ و ئەگەر بە دڵفراوانی یەوە سەرنجی شتەکە بدەین ، دەکرێ بڵێین لە وچاخەدا ، لە کوردستاندا ، خوێندەواری هەبووە . لە بەشێك لە کوردستان بە ناوی هەورامان ، کە ناوچەیەکی شاخاوی یەو داوێنەی باشووری ڕۆژئاوای پەلوپۆی بەرەو ناوچەی شارەزوورو کێوی بەمۆو سەلاسی باوەجانی ، کشاوەو ڕۆژهەڵاتو باکووریڕۆژئاوای کەوتوەتەلای مەریوانو ژاوەرۆی ناوچەی سنەوە ، خەڵکەکەی هێندێك درەنگتر سەریان بۆ ئایینی ئیسلام دانواندوە . لەو سەردەمەدا کە کۆتایی یەکانی چەرخی یەکەمی ئیسلامی بووە : کەسێك بەناوی پیرشالیاری یەکەم کوڕی جاماسۆ پیاوێکی زاناو تێگەیشتووو خاوەنی زەوقێکی پڕ لە هەست بووە . ناوبراو کە لەسەر ئایینیزەردەشت بووە ، کتێبێکی بە ناوی «ماریفەت» (معرفت) نووسیوە کە بە «ماریفەتو پیرشالایاری» ، ناوبانگی دەرکردوە . ئەمنووسراوە پڕە **لە پەندو ئامۆژگاریو** مەتەڵو

---

(١) **مێژووی کوردە بەناوبانگەکان باباماەردوژ ڕوحانی جلدی١ لاپەڕی١**

داب‌ونەریت‌و ڕەسمە ئاینی‌یەکانی زەردەشت‌و پێـــداگرتن لەســـەر پاراستنی ئەو ئاینە • بە داخەوە ئەم نووسراوە،بە دەگمەن دەس‌دەکەوێ و ئێستاکە تەنانەت لـــە هەورامانیش‌دا ، تەنیا چەند هۆنراوەی مـاوە ! بە داخەوە پیرشارلیاری دووەم کە ئاینی تازەی پەسند کردوە ، ئـــەم کتێبەی،دەسکاری کردوەو ئەوبەشەی کە بە ئاینی زەردەشتەوە،پێوەندی هەبووە ، گۆڕاویەو لـــە جیاتی ئەو ، باسەکانی ئاینی ئیسلامی ، داناوە• هەربۆیە بە باشی لە باسەکانی ، ئاگادارنین • ئەمەش چـــەند هۆنراوەی ناوبراو :

داران گیاندارەن جەرگ‌و دڵ بەرگەن
گایێ پڕ بەرگەن گایێ بێ بەرگەن

کەرەگ (کەرگ) جە هێڵین هێڵی جە کەرگەن
ڕواس جـــە ڕواس وەرگە جە وەرگەن

وەرێ وەوارۆ وەروە وەرێنـــە
ورێسە برێو چوار سەرێنە

کەرگێ سیاوە هێڵیش چەرمێنە
گۆشڵی مەمریو دوێ دەرێنە(١)

لـــە سەرەتای چەرخی دووەمی کۆچی‌دا ، ئەبوسلێمان یونس ، کاتب نووسەر ، شاعیرو مۆسیقی زان بووە • ستەلبابە بووکی مـــەروانی کوڕی حەکـــەم‌و کچی فەرمانڕەوایەکی کوردی مووســـڵ ، زاناو کـــارزان بووە •

ابویحیی مەهدی ، کوری مەیموون‌و یەکێك لە زانایان‌و پارێزەرانی

(١) هەرئەم سەرچاوە لاپەڕی ٣ـ٢ •

وتەکـانی پەیامبەر ، بووە و لە ۱۷۲ی کۆچیدا ، مردوە • موسی کاتب بغـدادی نووسەرو ئەدیب لـــە ساڵی ۱۸٦دا ، مردوە • ابو الحسـن علی زەرگـەر ، زاناو ئاگـاو لـــە کۆتاییەکانی چەرخی دووەمدا ، مردوە • ابو الحسن علی جەزەری لە گەورەپیاوانی جزیرو بۆتان لـــە زاناو ئەدیبانی چەرخی سێهەم بووە • مجدالدین نشابی ئەربیلی ، زاناو شاعیر بووە •

ابو نصر محمد ابن الکردی زانا بووە • جابری کوردی ، زانای ئـــەو چەرخە • احمد خیاط کوردی ، خوێندەوار بووەو وتەکـــانی پەیامبەری گێڕاوەتەوە • ابن قتیبەی دینەوەری (گوندێکە لە ناوچـــەی کرماشان ) لـــە کەڵەپیاوانی ئەدەبو نووسەرانی بـە ناوبانـگ بووەو مامۆستایی کردوە • لە ۲۱۳دا لەدایکبووە • دیارە نووسراوەکانی بە عەرەبین • وەك الشعر والشعراء ، أدب الکاتب ، المعارف •

ابو جعفر شارەزووری ئەدیبو شاعیر ، ابو محمد جعفر کوردان، زاناو خویندەوار ، ابوحنیفەی دینەوەری لە زانا گەورەکانی دینەوەرو پسپۆڕ لە ئەدەبیاتو زمانو میژوو و جۆغرافیاو ئەستێرەناسیو گیاناسی بووە • ابوعلی احمدی کوردی زاناو مامۆستا لە ۲۸٦دا مردوە • محمد بن عبداللەی دینەوەری ، زاناو مامۆستا • ابـوعلی احمـدی نحـوی دینەوەری ، زانا زمـانزان • بسام کورد ، یەکەمین شاعیری کـوردە کە بە فارسی شیعری گوتووەو لە ۲٦٥دا ، مردوەو سێهەمین کەسە لە ئێران کە بە فارسی شیعری داناوە • ابوبکر شارانی شارەزووری ، زاناو سوفیو لە کـۆتاییەکانی چەرخی سێهەمدا ، ژیاوە • ممشاد دینەوەری، زاناو سۆفیو لە ۲۹۹دا مردوە • ابوبکر کەسایی دینەوەری ، زانـاو سۆفیو لـەو چەرخـەدا مردوە • لـە چەرخی چوارەمی کۆچیدا ئـەم

کەسانە، ناوبانگیان هەیە :

ابوجعفر احمد دینەوەری قازی شاری بەغدا، نووسەرو ئەدیب • ابوبکر احمد ضراب دینەوەری، مامۆستاو ڕاوی • ابوبکر عبدالله ابهری ابن‌طاهر، زاناو سۆفی‌و کوردی لە دانیشتوانی ئازەربایجانی ئێران، حافظ ابوحفص عمر دینەوەری، زانای بەناوبانگی چەرخی خۆی • مظفرقرمسینی، گەورەپیری تەریقەت • صائغ دینەوەری زاناو سۆفی • ابواسحق ابراهیم قرمسینی شێخی تەریقەت • ابوبکر حسین ارموی سۆفی‌و ئەهلی شطحات ! احمد بن مروان دینەوەری، زاناو سۆفی • شێخ احمد دینەوەری سەرۆکی تەریقەی سوهرەوەردی‌یە•ابوعلی احمد دقاق کوردی زانا بەو تارەکانی پەیامبەرو بەناوبانگ، ابوبکر بن داود دینەوەری سۆفی‌و ئامۆژگاریکەر • ابوعلی اسمعیل قالی مەلاز کردی‌لای دیاربەکرو زانا بە زانستە ئیسلامی‌یەکان • ابن‌السنی دینەوەری زانا بە وتەکانی پەیامبەرو بەناوبانگ • ابوالحسن علی قرمسینی نحوی کرماشانی مامۆستاو زانا • علی بدیهی شارەزووری، شیعرزان • ابوبکر محمد برهان دینەوەری زانای گەورە • ابوعبدالله بابونی زاناو سۆفی • ابومحمد جعفر دینەوەری زانای سەرف‌و نەحو • ابو عبدالله محمد دینەوەری زانای زانستەعیرفانی‌یەکان • حسین بشنوی، شاعیر • ابن‌مروان دینەوەری مامۆستای قرآن • ابونصر محمد فلاس، زانا • ابوالحسن علی توگری، یەکێك لە کۆنترین شاعێرە فارسی‌وێژەکانی کوردو پاش بەسام لە کوردەکانی ئەفغانستان • وەزیری پاشاکانی سامانی‌و نیشتمانپەروەر بووە • وەزارەتی بەجێ‌هێشتووەو چووەتەوە بۆ لوکەری کوردستانەکەی‌و چەند شیعری نووسی ئەمە شیعرێکیە :

بخـــارا خوشتر ازلوکر خداوندا همیدانی
ولیکن کرد نشکیید از دوغ بیابانی

**زانایانی چەرخی پێنجەمی کۆچی :**

١ ــ قازی ابوالقاسم یوسف گچی دینەوەر •

٢ ــ قازی ابوعلی حسن گۆرانی •

٣ ــ ابوسعد دینەوەری ئەدیبو نووسەر •

٤ ــ ابوبکر محمد مقری دینەوەری ، زانا بە واتاکانی ئایەتەکـانی قـورئان •

٥ ــ علی ترموکی خەڵـکی دەوروبەری هەکاری کـە خزمـەتی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی کردوەو شاعیرو نووسەرێکی تەڕدەسـت بووە • لـە ڕێزمانی کوردی‌دا کتێبی نووسیوەو بێش دانانی کتێبەکەی ، بە ناوچـە جۆراوجۆرەکـــانی کوردستان‌دا ، گەڕاوە تا لە لەهجـە جۆراوجۆرەکانی کوردی بۆ نووسینی پەرتووکەکەی،کەڵك وەربگرێ• سەفەرنامەیەکیشی لەوپێیەدا نووسیوە •

٦ ــ ابوعلی حسن بندنیجی (مەندەیی) موفتیو قازی •

٧ ــ ابومحمد عبدالله زۆزانی ، ئەدیبو شاعیر (بەعەرەبی شیعری گوتووە) •

٨ ــ شیخ ابونصر احمـد دینەوەری ، خوێنەرو شی‌کرەوەی‌واتای قورئان •

٩ ــ ابونصر احمد سلیکی ملازگردی زاناو نووسەرو شاعیرو وەزیری میری دیاربەکرو میافارقین •

١٠ – ابو بكر محمد قازی دینەوەری ، زاناو قورئانزان •

١١ – باباطاهیر عوریان • شاعیر ، عارف ، دووبەیتیەکانی بـــە ناوبانگن • ئەمەش چەند شیعری ناوبراو :

وی آن روزی کە در گورم کرن تنگ
درێژن بر سرم خاکو خسو سنگ

نه پای آنـــکه از ماران گریزم
نه دەست آنـــکه با موران کنم جنگ

خوشا آنان کە هرشامان تە وینند
سخن واتە کرن واتە نیشنند

گرم دسرس نبی آیم تە وینم
بشم آنان بوینم کـــە تە وینند

مسلسل زلف بر رو ، ریتە دیری
گلو سنبل بە هم آویتە دیری

پریشان چون کری آن تار زلفان
بە هر تاری دلی آویتە دیری (هەتە)
دلم از عشق خوبان گیجو بجە
مژه برهم زنم خونابە ریجە

دل عاشق مثال چوب تر بی
سری سوجە سری خونابە ریجە •

١٢ – قازی ابوصالح شعیب ئازەربایجانی ••• زاناو قازی تەورێز بـــووە •

١٣ ـ شێخ‌الاسلام ابوعبدالله مروانی ، زانایەکی ئایینیو برەوی بە مەزهەبی شافیعی داوە •

١٤ ـ ابوالحسن علی آمدی حنفی شەرعزان •

١٥ ـ عەلی حەریری ، شاعیر بە لەهجەی کوردی حەریر ، دیوانی شیعری هەیە •

١٦ ـ ابویوسف یعقوب لغوی ، لوغەتزانو خاوەن شیعرو نووسراو •

١٧ ـ فیرۆزشا ، کوردی سنجاری ، باپیرەی هەشتەمی سەفیەددینی ئەردەبیلی عارفو سۆفیو زانا •

١٨ ـ شێخ‌الاسلام ابوالحسن هەکاری ، گەڕۆکو زاناو مامۆستای زانستە ئیسلامی‌یەکان •

١٩ ـ ابواحمد قاسم شارەزووری ، قازی ، شاعیر •

٢٠ ـ جلیس دینەوەری ، نحوی ، نووسەرو ئەدیب •

**چەرخی شەشەم :**

١ ـ ابونصر احمد دینەوەری ئەدیبو زانا •

٢ ـ ابومحمد عبدالله شارەزووری زاناو ئەدیبو ڕەوانبێژو مامۆستای زانستە ئیسلامی‌یەکان •

٣ ـ ابن‌الخازن دینەوەری نووسەر ، ڕەوانبێژو شاعیر •

٤ ـ شێخ ابوطاهر کورد ، سۆفی عارفو پەرهیزکار •

٥ ـ شێخ‌عەلی سنجاری ، سۆفیو پەرهیزکار •

٦ ـ ابوالوفا کوردی ، سۆفیو خوداپەرست کە سەنایی پەسنی کردوە •

٧ ـ قازی بهاالدین ابوالحسن شارەزووری قازیو زانا .

٨ ـ احمد دینەوەری حەنبەلی ، زانا بە شەریعەتی ئیسلام .

٩ ـ ابواحمد شارەزووری ، مامۆستاو قازی .

١٠ ـ ابن‌الشهرزووری ، نووسەرو زانا لە شەرعی ئیسلامدا .

١١ ـ ابوالحسن علی دینەوەری ، زاناو پەرهێزکار .

١٢ـ ابوجعفر محمد شارەزووری ، زانا بە فیقهی ئیسلامی .

١٣ ـ ابوبکر محمد ارموی ، زاناو مامۆستای زانستە ئیسلامی‌یەکان .

١٤ ـ قازی الخافقین شارەزووری ، زانای بەناوبانگو قازی .

١٥ ـ ابومنصور مظفر شارەزووری ، زاناو قازی لە سنجاردا .

١٦ ـ ابن‌مشهرآمدی خاوەن دیوانێکی شیعری بە عەرەبی لە ٢ جلددا .

١٧ ابوالفتح کمال‌الدین نصرالله دوینی ، لە شارەکانی خۆراساندا، مامۆستایەتی کردوە .

١٨ ـ قازی ابوالفضل محمد ارموی ، فەقیەو قازی .

١٩ ـ شێخ‌سویدسنجاری ، ئاگا بە شەریعەتو سۆفی .

٢٠ ـ شیخ ابوالفضل اشنو ئاگا بە شەریعەتو نووسەر .

٢١ ـ مبارك شارەزووری ، ئاگا لە وشەکانی قورئانو وتەکانی پەیامبەرو نووسەر .

٢٢ ـ شێخ مطر بازرانی کردی ، سۆفیو خوداپەرستو زانا .

٢٣ ـ سەیدالدین اعور ، کرماج ، شاعێرێکی پایەبەرز لە فارسیدا. ئەمەش دوو هۆنراوەی :

گویند که بردمید ازگل خارش
جرمی‌است که می‌نهند بر گلزارش

چون صورت‌او هه‌یشه برچشم‌من‌است
عکس‌مژه‌من‌است بررخسارش

ده‌لێن لـه گوڵی ئه‌ودا دڕوو سه‌ری هه‌ڵداوه ، ئه‌مـه تاوانه کـه خستوویانه سه‌ر بێستانی گوڵی‌ئه‌و • له‌به‌رئه‌وه وێنه‌ی ئه‌و هه‌میشه وا له نێوچاوی من‌دا ، وێنه‌ی برژانگی‌منه که که‌وتووه‌ته سه‌ر کوڵمی •

٢٤ ـ معین‌الدین یحیی‌طنزی دیاربه‌کری ، ڕه‌وان‌بێژ ، ئه‌دیب‌و موفتی سلیوان‌و شاعێر •

٢٥ ـ قازی تاج‌الدین ابوتاهر یه‌حیا شاره‌زووری ، فه‌قیه‌و ئه‌دیب، مامۆستاو قازی •

٢٦ ـ ابوعبدالله حسین شاره‌زووری ، قازی ده‌رباری خه‌لیفـه‌ی به‌غدادو ئاگا به وته‌کانی په‌یامبه‌ر •

٢٧ ـ شێخ عدی بن مسافرهه‌کاری ، شێخی یه‌زیدیه‌کانی سنجارو مووســڵ •

٢٨ ـ ابن البزری الجزری ، فه‌قیه‌و مۆفتی‌و مامۆستا •

٢٩ ـ ابومحمد سعید محمد جاوانی ، زاناو نووسه‌ر •

٣٠ ـ تاج‌الدین ابوالغفار ، مامۆستاو قازی‌حه‌ڵه‌ب‌و نووســه‌ر •

هه‌روه‌ها ٣٠ زانای‌تر[١] کـه مامۆستا بابامه‌ردۆخ ناووشۆره‌تی هێنـاون لـه‌م چه‌رخه‌دا ژیاون‌و نووسین یان پسپۆڕییان له زانسته ئیسلامی‌یه‌کان‌و لـه زمـانی عه‌ره‌بی‌دابووه‌و ئه‌و چه‌رخانه‌ش پله‌ی خوێنده‌واری لـــه زانسته ئیسلامی‌یه‌کان‌دا ، به‌رزبووه‌ته‌وه‌و زانستی نوێ ، ڕێی لـه وڵاتی

---

(١) بابامه‌ردۆخ ، پێشوو ، لاپه‌ڕی ٩٦ـ٧٥ •

ێسە نەکەوتووە • هەروەها لە چەرخی حەوتەمیش‌دا ، ناوو پسپۆڕی ٧٨ کەسی نووسیوە ، کە زۆربەیان زانای ئایینیو شێخی تەریقەتن‌و هێندێکیان بە فارسی شیعریان گوتووەو ئەگەر نووسینیشیان هەبێ ، لە زانستە ئیسلامی‌یەکان‌دا بووەو لە بابەتی وەك ئەدەبیاتو فیقەو ژێربێژی‌و قورئان‌و وتەکانی‌پەیامبەردا ، بووە •

لە چەرخی هەشتەمیش‌دا هەر بەوچەشنە ناوی ٤٢ زانـاو بەناوبانگی کوردی نووسیوە • لە چەرخی نوهەمیش‌دا ٦١ ژن‌و پیاوی‌لەوچەشنە نووسیوە کە دیارە بەپێی هەل‌ومەرج ، پلەی خوێندەواریان بەرز بووە • لە چەرخی دەیەم‌دا ، ٥١ کەسیی نووسیوە• لە چەرخی یازدەیەمیش‌دا ٧٧ زانای نووسیوە • لە چەرخی دوازدەیەم‌دا ٩٤ کەسی یادداشت کردوە •

لە چەرخی هەشتەم‌دا سۆزی غەیبی بەفارسی شیعری گوتووەو ڕەوان‌بێژی لە شیعرەکانی‌دا ، دەبیندرێ • لە چەرخی نویەم شێخ نعمت‌الله کاکوزکریاییش بە فارسی شیعری‌گوتووەو زۆرتر سەبارەت‌بە خـوداپەرستی باسی‌کردوە • شێخ‌حسن مەولان‌ئاواو مەلاپەرێشانی دینەوەریش شیعری فارسیان گوتووە • لە چەرخی دەیەم‌دا ، محمود شیروانی سۆفی ، کیمیأ القلوبی بە فارسی‌و بە شیعر نووسیوە • مەولانا کەماڵەدین حەکیم ئیدریسی بەدلیسی ، بە زمانی تورکی فارسی‌و عەربی (نەك کوردی !) شیعری گوتووە • خەیاڵی کۆنەپۆشی مەریوانی ، بە لەهجەی سۆرانی شیعری گوتووە • سەیدی هەورامی دیوانی شیعری‌بە لەهجەی هەورامی هەیە • ئەمەش دوو شیعری کە نزیك‌بە لەهجەی کرمانجی ژوورووییە :

ژیڤانۆ مەژیقۆ بێ تە ساتی
حەیاتەمنی حـــەیاتە منی حەیاتم

نیـا پەی تە قەرارو ژیو ، تالاٚ
بە ژینی شەکرم قـەندم نەباتم •

مەیلی مەلامحمد ئەفەندی عەمادی بە زمانی فارسی ، ئاشنا بووەو شیعریشی پێ گوتووە(۱) •

زۆر لـەم کەڵەپیاوانە ، زانای چـەرخی خۆیان بوونو بـــە پێی بارو دۆخ فێرکراونو فێربوونو فێریان کردوەو هـەر نەبێ بە فەرهەنگی گشتیو زانستەکانی چاخی خۆیان ، خزمەتیان کردوە •

لـە چـەرخی ۱۱دا ، ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی بە زمانی فرسی نووسراوەی هـەیە ، یەك لـەوان شەرەفنامەیە کە لە جۆری خۆیدا ، یەکەم مێژووی کوردە • مـەلا ئەبوبەکر مصنفچـوری بـە فـارسی نووسیویەتیو شیعریشیبەو زمانە گوتووە •

بێسارانی مـەلا مستەفا بە لەهجەی شیرینی هـــەورامی ، دیوانی شیعری هەیەو پلەیشیعرەکانیشی بەرزە :

چڵی نە پەنا چڵی نە پەنا
چڵی چون ڕەقیب مەدران نە پەنا

هۆرئامان مەدران نەڕووی تەمەننا
مـەر باد قودرەت بدەرۆش فەنا

---

(۱) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ۱۱۱ـ۹۷ •

وەباد قودرەت لـە تار لەتار بۆ
نمازۆ بالآی قیلەم دیار بۆ

بسۆچۆ با هەر بازدەی سەحەر
ڕیشەش جە زەمین بەربارو وەبەر

تا بالآی قیلەم چون شەم خانان
بوینۆ وەچەم نە بەرزە بنان •

حاتەمبیگی کوردستانی بە فارسی شیعری گوتووە
عومەربیگی نەفیی زۆرتر بە تورکی شیعری داناوە •

مەلا احمد جزیری بە زمانەکانی کوردی ، فارسی‌و تورکی ئاشنا بووەو دیوانی شیعری بەکوردی هەیە کە بەناوبانگە • ئەمەش دوو شیعری ناوبراو :

ئەزو یار گەر شەڤەکی هەردوو هەمئاغوش بین
لیلة القدر مە و ئەوشەڤ بەرانی نادەم

جانی شیرین گوژیارڕا بخودان ئەز دکرم
نەبیارێ خۆد وەقتێ سەکەراتی نادەم

فەقێ محمـد تایران ماکۆیی کـە بە فەقێ تەیران ، ناوبانـگی دەرکردوە ، لەگـەڵ مەلای جزیری هاوچەرخ بوونو پێـکەوە وەك وەلامو پرسیار ، شیعریان ئاڵوگۆڕ کردوە • عمر ئەفەندی دیاربەکری بە تورکی ، دیوانی شیعری هەیە ! وجهی کوردستانی بە فارسی شیعری داناوە ، شێخ شهاب‌الدین کاکۆزەکەریایی بە زمانی کوردی ، لەهجەی هەورامی لە خودا پاڕاوەتەوە لە گوناحانی خۆش‌بێ • وەهەی کوردستانی

به فارسی شیعری داناوه(۱) •

لەچەرخی دوازدەی کۆچی‌دا ، سەید عەبدولسەمەد مورادی لـــە زمـانی فارسی‌دا ، سەبارت بە بنەماڵەکانی سەیدەکان ، کتێبی نووسیوە •
ئەحمەدخانی،داستان نووسی بەناوبانگ‌و نووسەری چیرۆکی مەم‌وزین •
ناوبراو خزمـــەتی زۆری‌بە ئەدەبیاتی کوردی کردوەو سکاڵای لـــە پاشکەوتوویی نەتەوەو کێشەی نێوان گەل کردوەو دوکـەڵی دڵی لـە ستەمی دوژمن ، دەرحەق بە نەتەوەکەی ، گەیشتووەتە ئاسمان •

خـــانی دەڵێ :

قەت مومکنە ئەف ژ چەرخ لەولەب
تالع بیتن ژبۆ مە کەوکەب

بەختی مە ژ بۆ مە رابت یار
جـارك بیتن ژ خواب هۆشیار

گەر دی هەبوا مە ئیتتحادك
فـکرا بـکرا مە اینقیادەك

تەکمیل دەکر مە دین‌و دەولەت
تەحسیل دەکر مە علم‌و حیکمەت

تەمیێز دەبوون ژهەف مەقالات
مومتاز دەبوون خودان کەمالات •

شێخ محمد جەسیم‌مەردۆخی نووسەرو شاعیر بە زبانەکانی فارسی‌و عـەرەبی‌و کوردی • خوسرەو سنەیی ئەدیب‌و شاعیر بە زبانی فارسی ،

---

(۱) بابامەردوخ ، پێشوو ، لاپەری ۲۰۶ــ۱۱۱ •

ئەمیـــر ئەحمەدی زەنـــگەنە ، بە لەهجەی شیرینی هەورامیو گۆران شیعری گوتووە •

هامسەران ! خەیاڵ هامسەران خەیاڵ
خەیاڵ دا بە ویر ویر دامە خەیاڵ

دڵ بەردم وەبەحر مەوج ماڵاماڵ
بەراوەرد دانە ، جەواهیر وەلاڵ

شکۆفەی چەمەن شەفافەی گوڵان
هامبەزم مەجلیس نەغمەی بوڵبوڵان

یە خەیلی وەختەن نیەنی دیار
وەبێتو تەختم بیـەن یەختەسار •

زیوەر گـەڕوسی لـە گوتنی شیعری فارسیدا ، زۆر ڕەوانبێژ بووە • مەلاوەلەدخان گۆران بە لەهجەی گۆران شیعری گوتووە •

فەرهاد وەی بەرگ خونین ڕەختەوە
دەم نیـا نە جـام زام سەختەوە

شیرین کـە ئاما دی فەرهاد وەی ڕەنگ
ساتی تەواسا بی وەنەقش سەنگ

دەم نیا نە زام قوڵەنگ تێشەوە
ڕووی فەرهاد ماڵا وەرووی ویشەوە •

خواجە ســادق ئەردەڵانی بە فارسی شـیعری داناوە • ئەڵماسخان کەنولەیی بە لەهجەی گۆران شیعری گوتووەو لەگەڵ میرزا شـەفیع دینەوەریدا ، دەستو پەنجەی شیعری نەرم کردوە :

سەید ساراو کۆ ، سەرئازادەنی
میرزام ! شاد بە تۆ خاتر شادەنی

سەید ساراو کۆ ، سەرئازادەنی
خاتر بێئازار خەم وەبادەنی

سمکۆی سیاسەت سامانم سا کەرد
گەلای خەزانم باد سەبا بەرد

میرزام ! شادبە تو شادیت نە بەختەن
ئەلماس ئالوودەی عەزاب سەختەن •

مەلا مەنووچیهر کولیوند ، لوڕ ، بە فارسیو نەکی شیعری گوتووە :

بازار ژەبەزم خاسان توهی دیم
خالی جای شێران سەرو سوهی دیم

جوزئاوازجوغد شەهرش خاموش دیم
نە زەڕین باف بی ، نە زەرین پۆش دیم •

شەرەفخان جۆلەمێرگی بە فارسیو کوردی شیعری گوتووە • مەلا مستەفا شیخ الاسلام سنەیی بە فارسی شیعری گوتووە!شێخ محمد وەسیم تەختی ، بە فارسی شیعری داناوە • لە مەتماتیكو ئەستێرەناسیدا ، زانـــا بووە • لـــە مەتماتیكدا ، هۆنراوەیەكی شیعری كوردی هـــەیە • بـــە لەهجەی گۆرانیش شیعری داناوە • ٢٢ نووسراوە بە زمانی فـــارسیو كوردیو عەرەبی لەپاش بەجێماوە • خـــانا پاشـــای قوبادی ، ئەدیبو شاعیرێـــكی تەڕدەستو ڕەوانبێژ بووە • هۆنراوەی خوسرەوو شیرینی بە لەهجەی گۆران بەناوبانـــگە •

ئەوڕۆ کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەشبو کەرد جە موشك ئینشای ئی نامە

واتەن هەی شاعیر خۆش‌نەزم‌و شێوە
جانشین قەیس پەی لەیلی لێوە

هەرکەس وێنەی تو گەوهەر بارشەن
داناو بوزۆرگان خەریدارشەن •

حـــاج مەلا محمـد شـەریفی کوردستانی لە ئەدەبیاتی فارسی‌و عەرەبی‌دا ، بەتواناو زانا بووە •

شێخ نعمەتوڵای کاکۆزەکریایی بە فارسی شیعری گـــوتووە • هەروەها شێخ محمد قەسیم مەردۆخی بە فارسی شیعری گوتووە ، ڕاجی سنەیی بە فارسی شیعری گوتووە • ابن‌الحاج هەزاربێردی هۆنراوەیەکی کوردی هـەیە بە ناوی میهـــدی نامـە • میـرزا شەفیـع کولیایی هۆنراوەیەکی بە گۆرانی هـــۆنیوەتەوە • محمدئاغای زەنـگنەش بـە لەهجەی گۆران هۆنراوەی هەیە •

غەمان گشت کۆکۆ خەم جە لام جەمەن
شینەن زاریەن زایڵەن تەمەن

لـە چـەرخی سێزدەدا ، بە سەرهاتی ٣٠٨ زاناو نووسەرو شاعیر بـە هۆی‌بابا مەردۆخ ڕۆحانی‌یەوە نووسراوە کـە بێگومان زانای لـەو چـەشنەمان لـەوە زۆرترە و ئەمانیش تەنیـا لــە مەیدانی یاســـ ئیسلامی‌یەکان‌و ئەدەبیات‌و شیعرو‌پەوان‌بێژی‌و هێندێك زانستی تیۆری وەك ئەستێرەناسی‌و پاشــان مەتماتیك‌و شتی لەوچەشنە ، مامۆستا بوونو بەداخەوە بەهۆی کەم‌دەرەتانی لـە مـەیدانی زانستە سروشتی‌یەکاندا ،

چالاکییان لەخۆ نیشان نەداوە • شێخ مقیم (سافر) بە فـارسی شیعری داناوە • نامی کەڵهوڕی بە فارسی شیعری هەیە • سرِی و ساڵح سنەیی ، بە فارسی شیعریان هۆنیوەتەوە ، مەلاخدری رۆواری ، بە لەهجەی گۆران ، هۆنراوەی هەیە • بەتایبەت لە دەولەتنامەکەیدا ، باسی ئەزموونی ڕابوردوۆانی کردوە • مەلاجرجیس ئەربیلی ، بە عەرەبی شیعری وتووە • شێخ معین‌الدین کاشتەری ، بە فارسی گوتووە • ئەحمەدی کۆر بەکوردی شیعری گوتووە :

دیم لەخەودا شادو خووڕەم یاری من بادەی دەوێ

دەس لەناو دەس دەم لەناو دەم وەی لە شادی ئەو شەوێ

شێخ ئەحمەد بەستی و شێخ عبدالمؤمن سنەیی و سەلیم کوردستانی ، بە فارسی شیعریان داناوە • خەستەی سۆرانی و زەبوونی زەنگنەیی ، بە کوردی شیعریان داناوە • زانای گەورە مەلاعەبدوڵا پێتووشی لە دانانی شیعرو نووسینی پەخشان لەزمانی عەرەبیدا ، مامۆستایەکی پایەبەرز بووە • بەفارسیش شیعری داناوە • شایق لورستانی ، نەزیر زەنگنە ، بە فارسی شیعریان گوتووە • مەلا جلال‌الدین خوڕماڵی بە هەورامی شیعری داناوە • عەوام وەزیری سنەیی و شێخ محمد وەسیم تەختی و مشفق زەنگنەیی کرماشانی و شێخ تاج‌الدین شنۆیی ، خورەم وەزیری سنەیی و شێخ عەبدالصمدی کاشتەری ، بە فارسی شیعریان داناوە • عبدالله افندی ، حیدری ماوەرانی ، بە عەرەبی گوتوویەتی • عالی سنەیی ، بە فارسی و مەولانا خالید شارەزووری بە فارسی و عەرەبی شیعریان گوتووە • مەولانا دەیان کتێبی داناوە • داوەری سنەیی ، شەیدایی سنەیی ، بە فارسی گوتوویەتی ، حاج مەلا قاسم پایگەلانی بە کوردی و عەرەبی و حەسرەتی سنەیی و مەفتوونی بانەیی ، پەرتەوی سنەیی ، شێخ عبدالغفور کاشتەری ، ساکی سنەیی و شێخ عبدالله دیوانە ، بە فارسی شیعریان

داناوه • مەلانۆشا گوڵباغی، زەنگنەیی‌و مەلاعیسی جۆانرۆیی و غوڵامڕەزا ئەرکەوازی‌و میرزاشەفیع جامەڕیزی ، بە گۆرانی شیعریان گوتـووه • فازڵخانی ، ڕاوی گەرووسی ، خانمحەیران ، دونبەلی ساحیبـە سوڵتان ، دونبەلی و فەتحی سنەیی ، بە فارسی ، میرزا شەفیع پاوەیی بە لەهجـەی هـەورامی یان گۆران ، شیعریان گوتووه • شێخ عبدالغفار مـەردۆخی بە فارسی ، شێخ مەحموود مەعروف بەرزنجی نودهی ، بە عـــەرەبی‌و فارسی ، مەجیدسنەیی بـــە فارسی ، شیعریان گوتووه • میرز ا شکرالله دیناروەند ، شێخ امامالدین مەردۆخی دەژنی ، بە گۆرانی،ڕابیتی بەستی‌و نەسیبی کرماشانی ، بە فارسی ، مـەلاسلێمان خزری کەرکوکی ، بـــە عەرەبی ، ئەفسەر سنەیی ، ئەسیر سنەیی ، حاوی سنەیی ، بە فارسی ، مەستوورەی کوردستانی ، بە فارسی‌و کوردی ، شایق سەقزی ، مـــەلا ئەحمەد نۆدشی ئەورامـــانی ، بە فارسی ، هیدایەت سنەیی ، سـەیدی دووەمی هەورامی ، بە کوردی گۆرانی ، مەحموود پاشاخانی کەڵهوڕی بە فارسی ، کوردی ، مستەفابەگ بە کوردی سۆرانی‌و فارسی‌و عەرەبی، شێخ ئەبوبەکر گەلاڵی بە عەرەبی ، ساڵح سەقزی ، ئەکبـــەر سنەیی ، خەلیل کوردستانی ، مصنف جەوهەری ، شێخ موزنب کاشتەری ، مەلا عەبدولا تایی ژاوەرۆیی ، بە فارسی ، ناڵی بە کوردی سۆرانی‌و فارسی ، شیعریان گوتووه • شێخ محمد وەسیم بە فارسی‌و عەرەبی ، حـــەیدەر سنەیی ، غەریب دونبەلی ، خالس تاڵەبانی کەرکوکی‌و کەڵهوڕ کرماشانی، بە فارسی شیعریان گوتووه • خەستەی خانەگایی بە کوردی گۆرانی‌و فارسی ، شیعری گوتووه :

دەستێ نەگێڵۆ نە سینەی‌سافت
چنگ نەدو نە چین مشکین کلاڤت

وە تیــغ پڕزام پارە پارە بۆ
ئاوێزان وەچنگ پای قەنارە بۆ

ڕێزە ڕێزە بۆ ، تواناش کەم بۆ
دوساخ پاوەند زەنجیر خەم بۆ .

خواجەی سنەیی ، بە فارسی گوتوویەتی . سەید محمەد سەعید حسینی کوچك چەرموویی ، سەید محەمەد سادق سەفاخانە ، بە کوردی گۆرانی ، ڕەونەق سنەیی ، ابوالوفاء شێخ عبدالرحمن نەقشبەندی ، بە فارسی ، سالم ساحبقران بە کوردی سۆرانی ، ئولفەتی سنەیی ، بە فارسی ، سەید فەتتاح جەبباری کەرکوکی ، بە گۆرانی ، یوسف سنەیی ، بە فارسی ، ئەحمەدبەگی کۆماسی ، بە هەورامی شیعریان داناوە . ئەمەش نۆبەنامەکەی ئەحمەدبەگ :

فەڵەك بەردەنم فەڵەك بەردەنم
ڕاسەن سوجدەی دەیر تەرسا بەردەنم

مەی نە پای میحراب مەسجید وەردەنم
تەجــدید مەزهەب عیساکەردەنم

گرتەنەم نە دۆش خەرقەی ڕوهبانان
کێشانم جە ڕووی فەرش بوتخانان

فتوای بەرهمەن گرتەنم نە گۆش
دینم دان و مەی جەلای مەی‌فرۆش

ئانە گشت جەوەخت نادانیم بیەن
فەسڵ سەرمەستیو جوانیم بیەن

ئیسه ها چه گشت پەشیمانیم بەرد
وادەی پیریمەن ، جوانیم ویەرد

وادەی پیریمەن یاوانم تۆبە
تۆبەی تۆبەمەن کەرەمدار تۆبە

ئومیدم ئیدەن وەنەم نەگیری
بویەری نە جورم وادەی کەمۆیری •

مەحـــاك فنونی زەنـــگنە ، بە گۆرانی ، شیخ محمد بهاءالدین نەقشبەندی بە فارسی ، مەلا حامید بێسەرانی ، حەیران سنەیی ، بە فارسی و عـــەرەبی ، شیخ محەمەدتەها مەردۆخی بە کوردی گۆرانی ، مەهجوور کوردستانی بە هەورامی ، شیرین داناوە • کـــەلە شـــاعیرو ئەدیبو خوداپەرستو زاناو ئاگا بە زانستە ئیسلامی یەکان مەولەوی مەعـــدومی تاوگۆزی خـــاوەنی سێ دیوانی گەورەی شیعری بە فـــارسی ، گۆرانی (هەورامی) عەرەبی هەیە کە لە واتاو شەورەوان بێری دا ، چـــالاك و وردبینو پایەبەرزە • مێهری موزووری ئامێدی ، بـــە فارسی و کوردی کورمانجی زوورەو ، شیعری گوتووە(١) •

ئەوەی بابامەردۆخی ڕۆحانی بە کورتەیی کۆی کردۆتەوەو منچاوم پیـــا خشاند ، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخو مەڵبەندی ژیانی ئـــەو خوێندەوارانە ، بۆم دەرکەوت ، هیچیان لـــە زانستە سروشتی یەکاندا ، زانیاری یان نەبووەو لەومەیدانەدا هیچیـــان نەخوڵقاندووەو هیچیـــان نەدۆزیوەتەوە • دیارە بەپێی باری فەرهەنـــگی کوردستان لەوکـــاتەدا ، ئەوەی ئەوان لـــە قوتابخانە خۆمـــاڵی یەکان و فێرگەکانی دەوروبەری

---

(١) کوردە بەناوبانگەکان ، پێشوو لاپەری ٢٨٢_٤٧٤ •

کوردستان وەك فێرگە گەورەکانی میسرو شامو بەغدا فێری بوون ، بە گشتی گشت زانستی ڕۆژ نەبووە • چوونــکە فەلسەفە و هەندەســـەو مەتماتیكو پزشکیو کیمیاگەریو شتی لەوچەشنەش ، برەویان هەبووە وخەڵــکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، لە جێگای خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتوون •

بۆنمـــوونە ابن‌سینا فیلسۆفو پزشكو مەتماتیكزان بـــووە • ابن‌خلدون جۆغرافی‌زان بووە • زەکەریای ڕازی ، ئەلکولی‌خۆلقاندوە ، کــە چی لەنێو زانا کوردەکـــاندا کەسێکی بە ناوبانـــگیوامان نی‌یە ! هەرچەند لــە مـــەیدانی پیشەسازیو سەنعەت‌دا وەك باسمانــکرد ، لەدەورەی میرمحمەدی ڕەواندوزدا ، تۆپو گوللەتۆپ دروست کراوە، بەڵام بەپێی پێشکەوتنو گەشەکردنی باری زانستیو پیشەسازی ئەوکاتی وڵاتانی دەراوسێ ، بەرەوپێش‌چوونەکە ، بەرچـاو نەبووە ! هۆیەکــەی دەبێ چی بێ ؟ بە گومانی من ئەگەر نەتەوەیەك دەسەڵاتی سیاسی‌نەبێ ، بەتایبــەت ئەگــەر وەك گەلی کورد ، تووشی ســـــەد کوێرەڕێ بێو ڕچەی‌ئازادی تا لووتــکەی سەرکەوتن ، نەکوتابێ ، لــەو بوارانەدا ، لــەوە باشتر نابـــێ • ئەوەی زۆربەی خوێنـدەوارەکانی کورد ، پاش سەرهەڵدانی ئایینی‌ئیسلام تا سەرەتای چەرخی ١٤ی کۆچی، فێری‌بوون، ئامرازی نانو پلەی کۆمەڵایەتی پەیداکردنو ناوو شۆرەت بووەو لـــەو ڕۆژگارانەدا ، لــە کۆمەڵێکی دواکەوتووی دەرەبەگایەتی‌دا ، نرخـــی هــەبووە • هەربۆیە وەدووی‌کەوتوونو برەویان پێداوە و زەحمەتیـان تێـدا کێشــاوە • با بزانین لــە جڵدی دووەمدا بابامـــەردۆخ چ پسپۆری‌یەکی‌کردوەتە پەسنی بە ناوبانگ‌بوونی خوێندەوارانمان •

ناوبراو لەم جڵدەدا ناوویسپوری ٤٤٤ کەسی نووسیوە کە بەکورتی

خزمەتیان بە خوێندەواریو ئەدەبی کوردیو دیاردەکانی تر لــە چەرخی چواردەی کۆچیدا ، ئەخەینە بەرچاو •

مــەلا مەحموودی بایزیدی وەرگێڕو ئاگا بە زمـــانی تورکیو عــەرەبیو ئاگابە کەلێنو قوژبنی زمانی کوردیو مێژووزانەو سەبارەت بە کوردو کوردستان شتی زۆری کۆکردوەتەوە• سەید یەعقوب مایدەشتی، بە گۆرانیو وەلیدیوانە بــە گۆرانیو سـۆرانی ، شیعریان گوتووە • شێخ عەزیز جانەوەرە ، ئەحمەدتبریسی ، حامید ئەلیجایی ، شێخ حوسێن هەزارکانیان ، بە گۆرانیو ســەید مستەفا بەرزنجی ، بــە عــەرەبی ، شیعریان گوتووە • حاج مەلائەحمەدی نۆدشی بە گۆرانیو فـــارسی ، حافی سمەرانی بە فارسی ، کــەیفی کوردستانی ، عارف کوردستانی بــە فارسی ، کوردی ، سۆرانی ، مــەلا هیدایەتولای شێخ الاسلامی سـنەیی ، بە کوردی سۆرانی ، شێخ محمد جەسیم مەردۆخی ، بە فارسی ، شێخ عبدالرحمن مەولان ئاوا ، بە گۆرانی ، سولتانی کەلهوڕ کرماشانی ، بــە عەرەبیو فارسی،موفتی زەهاوی بە عەرەبیو فارسی ، ئەمان‌الله فەرهەنگ بیــگوەند کولیایی بە فارسی ، عبدالقادر هەمەوەند ، بە گۆرانی ، فیکری کوردستانی ، بە سۆرانی ، تازی عەبدولفەتاح سابلاخی ، بە فارسی ، مــەلا حەسەن مووسلی ، بە زازاو عەرەبی ، وەحدەت کەلهوڕ کرماشانی بە فارسی ، شێخ عبدالرحمن مەردۆخی‌سنەیی ، بە فارسی ، جنـــوونی بەکوردی گـــۆران ، شیعریان داناوەو چیمەنی ئەدەبی کـــوردیان ڕازاندوەتەوە •

حاجی‌قادری کۆیی ، شێخ‌حەسەن سازانی (بولبول) ، مەلائەحمەد کلاشی ، ئەدیب سنەیی ، مەلالەتیف شێخ‌الاسلام ، **بە کوردی** سۆرانیو بەفارسی ، لــە مەیدانی ئەدەبدا ، شیعریان گوتووە • عبداللەبەگی جاف

بە لەهجەی گۆران ، هۆنراوەی هەیە :

بنۆشم شەرەبەت لە لێوت بێ‌خەم
فەرزە دەم تەڕکا ، حەجاج وە زەمزەم ٭

میرزا عەلی ئەکبەر (ئەفسەر) بە فارسی ، وەفایی بە کوردی سۆرانی ، شێخ زیائەدین نەقشبەندی بەکوردی و بەفارسی باکی‌سەقزی بە فارسی شیخ محمد نەسیم مەردۆخی بە گۆرانی ، ئەهلی سلێمانی ، بە سۆرانی ، شێخ ئیسماعیل مەردۆخی کاشتەری بە عەرەبی‌و فارسی ، یوسف زیائەدین ئەفەندی ، شێخ عبدالرحمن ئەسعەردی ، بە عەرەبی ، مەلا فەتحوڵلا ئەسعەردی ، بە کوردی ، عایشە عصمت‌تەیموور ، مەلاعبدالصمد جوانڕوی ، بە عەرەبی ، خاکی سلێمانەیی ، بە کوردی عبدالغنی ئەفەندی ، بە عەرەبی ، حەیران عەلیشای مایدەشتی ، بە گۆرانی‌و بە فارسی ، کاك‌عەبدوڵا (ثانی) بە سۆرانی ، سەید حەسەن چوڕی ، بە فارسی ، شێخ حەسەن بەرزنجی قەرەچیوار ، بە فارسی ، سەید محمد خانەگایی بە هەورامی ، مەلا عبدالله جەلی‌زادە کۆیی ، بە کوردی‌و فارسی ، مەلا عبدالقادر جاف بە کوردی ، مەحوی باڵخی ، بە کوردی ، حەزێق بە کوردی ، شێخ ڕەزا تاڵەبانی بە فارسی‌و بە کوردی ، حەمەڕەشی پاشای زەهاوی ، بە عەرەبی ، عەیشی‌سنەیی بە فارسی ، میرزا ئەوڵقادرپاوەیی ، بە گۆرانی ، کەوسەر سەقزی ، بە فارسی ، ئیسماعیل حەقی بەگی بابان ، بە عەرەبی ، شێخ عەزیز مەردۆخی ، ئەدەب موکریانی بە کوردی ، شێخ محی‌الدین قزلجی‌ ، دەهمی کوردستانی ثانی سنەیی بە فارسی ، عیرفان سنەیی ، بە فارسی‌و عەرەبی ، نەجمی بە فارسی ، حەمدی سلێمانیەیی ، تاهیربەگی جاف ، بە کوردی ، شێخ ئەهامایی ، بە عەرەبی‌و کوردی ٭ اسدالله زەنگنەیی کرماشانی ، مجرم

جیحون ئابادی ، دینەوەری ، بە کوردیو فارسی ، کەوکەبی نەقشبەندی ، بە فارسی ، محمد تەیموور بەگ ، بە عەرەبی ، خاتوون خورشید مەریوانی ، بە کوردی ، هۆنراوەیان داناوەو لەم مەیدانەدا ، کە پەسنی دۆخی ئەو کات بووە ، ئەسپی سەربەرزی یان لینگ داوە .

ئەمین فەیزی بەگی سلێمانیەیی ، فخر الکتاب سنەیی ، خالس تاڵەبانی ، بە فارسی ، موفتی دشی کوردستانی ، بە کوردی گۆرانو عەرەبی ، مەلاسەلاحەدین پاوەیی ، بە کوردی گۆران ، میرزادەی عیشقی ، بە فارسی ، ملك الکلام کوردستانی بە فارسی ، تاهیر فۆاد کەرکوکی بە کوردی سۆرانی ، دوکتۆر فۆاد فێسجی زادە ، بە کوردی سۆرانی ، اعتضاد الاسلام معرفت ، بە فارسی ، وەحشەت کوردستانی بە سۆرانی ، شێخ محمەد تەها شیروانی بە عەرەبی سارم ئەردەڵان بە فارسی ، ئەدیب زەندی بە کوردی سۆرانی ، ئەحمەد شەوقی بە عەرەبی ، والەی کەلهوڕی ، بە فارسیو کوردی سۆران ، شێخ محەممەد سنەیی بە کوردی گۆرانیو فارسی ، شێخ عبدالقادر مەولانایی ، بە فارسی ، ئەحمەد موختار بەگی جاف (خاوەن دیوانێکی کوردی) ، سدقی زەهاوی ، بە عەرەبیو فارسی ، وەجدی سەقزی ، بە فارسی ، حەمدی ساحێقران بە کوردی سۆرانی ، حافز محەممەد کونەماسیەیی بە فارسی ، مەلامحەممەد قۆڵو بە کوردی سۆرانی ، سەید عبدالعزیز شێخ الاسلام سنەیی ، بە عەرەبی ، فەهیم سنجابی ، بە فارسی ، میرزاخانی هەرسینی ، بە کوردی گۆران . مەجدەت سنەییو مدرس ڕۆحانیو شێخ عبدالکریم خانەشووری ، بە فارسی ، سافی هێرانی بە کوردی سۆرانی ، ئەحمەد فەوزی ، بە فارسی ، محەممەد ئەفەندی جەلیزادە کۆیی ( دیوانی کوردی هەیە) ، شێخ باباڕەسووڵ بەرزەنجی بیدەنی ، بە کوردی سۆرانیو فارسی ، فایق بێکەس بە کوردی سۆرانی ، عبداڵە بەگ هەورامی بە گۆرانی

سید الدوڵەی هاشمی بە فارسی،نازی بە کوردی سۆرانیو فارسی،معروف ڕەسافی ، بە عەرەبی ، مەلامەعروف کۆکەیی بە کوردیو فارسی ، سیف القضاتی موکری ، بە کوردی سۆرانی ، ئازادی کەلهوڕی ، بە کوردی گۆران ، شمس قریشی ، بە کوردی سۆرانی ، مستەفا مەزهەر سلێمانیەییو زیوەر سلێمانیەیی ، بە کوردی سۆرانی ، سالار دۆید ملك الکلامی امیر الکتاب ملك الکلامی ، شرقی ، بە فارسی ، یوسف دڵدار کۆیی بە کوردی سۆرانی ، میرزا عەبدولقادر تەوێڵەیی ، بە کوردی هەورامی ، پیرەمێرد ، بە کوردی سورانی ، زەبیح جەوهەری سنەییو عارف عەرشی سنەیی بە فارسی ، ئەسیری کەرکوکی بە کوردی سۆرانی ، ڕەشید یاسمی نووسەر ، فارسی ، فیکری سەلماس مەلا عبدالله موفتی توتونچی ، فایق زیوەر بە کوردی سۆرانی ، حەیدەر مەهابادی بە فارسی ، شەفیعی بۆکانیو دێهشەت سەقزی بە سۆرانی ، شێخ عبدالله نێزلی بە گۆرانی،ئەمین بەتحایی سنەیی ، عیزەت کرماشانی بە فارسی ، بێخود سلێمانیەیی بە فارسی و کوردی سۆرانی،مەعروف سلێمانیەیی بە کوردی سۆرانی ، ئاغا عینایەت هیدایەتی بە گۆرانی ، مێهری بورهان الاسلام ، بە عەرەبی ، جەوهەری سەعید دیوان سنەیی ، بە کوردیو فارسی ، مامۆستای پایەبەرز گۆران ، شێخ نوری سلێمانیەیی بەکوردی سۆرانی ، مهدی فرەهوڕ سنەیی بە فارسی، سەلام سلێمانیەیی، ڕەفیق حیلمی بە سۆرانی ، شەکیبی کوردستانی ، بەدیع مودیری ، رکن الاسلام ، حەیرەت سەجادی ، ناسر نیزام مستوفی ، بە فارسی ، مەلا محەممەد تورجانیزادە، حەفیدی قزڵچی ، بە سۆرانی ، گویا کرماشانی، بە فارسی ، مەلا محەممەد ڕەشید ، خالدی موفتیزادە ، بە عەرەبی ، سید حبیب‌الله نعلینی ، بە هەورامی ، مامۆستای نیشتمانپەروەر قانع بە سۆرانی ، خورشید نماداواشی ، بە هەورامی ، مەلاسادق نگلی بە

سۆرانی ، وەجدی جەواهیری بە فارسی ، شێخ محەممەد غەریب حسینی بەرزنجی ، مەلا ئاوارە، ڕەمزی سلێمانیەیی بــە کوردی ســۆرانی ، سەحرایی بــە فارسی ، ئەحمەدموخلیس عەمادی بە عەرەبی ، شـــاهۆ بیــارەیی ، عــەلی کەمـــاڵ باپیر سلێمانیەیی بـــە سۆرانی ، سیف‌اللە ئەلایارخانی بە گۆرانی ، سوارەی ئیلخانی‌زادە ، محمدتەوفیق وێردی بە کوردی سۆرانی ، سلێمان بەهرامی کەمانگەر ، بدیع الزمان سنەیی وەجیــە داشمی ، بێــدار کرداشانی ، هۆشیار سنەیی بە فارسی ، ســەید محەممەد مەزهــەر عەلەوی بـــە کوردیو فارسی ، مـــەلا نیزام‌الدین جەلالی‌و مەلا خالید موفتی بە گۆرانی ، هۆنراوەیان هەیە(١) .

هێندێك لــەم کۆمەڵە زانا وەك ئەوانەی ناویان نەهاتووە ، لــــە بابەتەکانی تریش‌دا نووسراوەیان هەیە . وەك وتم زۆربەی زۆریان لــە چوارچێوەی زانستە ئیسلامی‌یەکان‌دا ، تێکۆشاون‌و خزمەتیان کردوە . بۆنموونە شوێنەوارەکانیان بەمجۆرەن :

شێخ مهاجر لــە کــەلام‌و فەلسەفەدا ، نووسراوەی هەیە . کــاك ئەحمـــەد شێخ لــە عیرفان‌و ئوسول‌دا . موفتی زەهاوی لـــە کەلامی ئیسلامی‌و فیقــەدا ، میـــرزا ڕەزا کەڵهوڕی سەفەرنامە ، هەڵبژاردەی نووسراوەکان‌و شتی‌لە چەشنە . شێخ‌مەحموودی شوریجە ، سەبارەت بە بنەچــەی سەیدەکــانی بەرزنجی ، ئامۆژگــاری ، ڕافــەی چــەند بەشی قورئان ، بیروباوەڕەکانی ئیسلامی ... کمال‌الدین عبدالقادر ئــەربیلی حجةالذاکرین ، الطریقة الرحمانیةو نووسراوەی عیرفانی‌تر ، پەراوێز لەســەر ئەو کتێبانەی لـــە حوجرەی فەقێیان‌دا ، دەخوێندرێن . وەك ژێربێژی (منطق)و شێوەی قسەکردن ، کتێبە شەرعەکان ، تــەفسیرو

---

(٢) کوردە بە ناوبانگەکان ، پێشوو جلدی٢ لاپەڕی ٤٣٧ـ١

راڤەکانی قورئان‌و مێژووی ئەدەبی عەرەبی ئەو • سەبارەت بە دابەشکردنی میرات (فرائض) ، زانستی تیۆری ئەستێرەناسی بیروبڕوا (عقاید) سەرف‌و نحوو ئوسول ، بناخەکانی ئایین ، ڕەوانبێژی‌و نوکتەزانی ، مێژوو ، چوار ڕێبازی ئایینی و شی‌کردنەوەی زمان‌و ئەدەبی عەرەبی‌و پیاوە بەناوبانگەکانیان ، حکوومەتەکان‌و پیاوە گەورەکانی ئیسلام • لەیلی‌و مەجنوون ، شانۆی کلوپاترای ئەحمەد شەوقی ، نامیلکە لە ڕووناکی‌و دیتن ، شتی تازە وەك ڕاکێشەر (جاذبە)و هۆیەکانی لە زانستی سروشتی‌دا ، کە سەدقی زەهاوی نووسیویەتی • لەگەل ئەوەدا نامیلکەیەکی هەیە سەبارەت بە مترسی‌یەکانی فەلسەفە ! وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام لە فارسی‌یەوە بۆ عەرەبی ! بەداخەو زانایانی کورد لەگەڵ ئەوەدا ، لەو زانستانەدا ، بەناوبانگ بوون ، کەمتر خۆیان لە نووسینی کتێبی سەربەخۆ داوە و پتر پەراوێزیان نووسیوە ! وەك ابن‌قرەداغی کە لە ۱۲ کتێبی چاپکراوی ۱۱ی پەراوێزە[(۱)] ! نورالدین شیروانی کورتەی مێژووی ئیسلام ، ئەوپەڕی سروشت ، فەلسەفەی بەرز ، هەندسە ، فەلسەفەی زانستی‌و ئاکاریی ژیربێژی کۆنەو نوێ ، نووسیوە کە هێندێك نوێ‌هێنیانێن تێدایە[(۲)] • محەممەد ئەفەندی ، جەلیزادە بابەتی لەم‌چەشنەی نووسیوە : ڕێبەر لە زانستی بیروباوەڕەکان‌دا ، سەلماندنی بوونی خودا ، باسی دەسەلات ، خوا ، سروشت ، هۆش ، پەیامبەریی ، موعجیزات‌و کەرامات ، ڕاستی‌یەکانی ئیسلام ، بیروبڕوای ئیسلامی‌و فڕی فڕی قەل فڕی •

مەعروف ڕەسافی سەبارەت بە بیروڕاکانی ابوالعلای معری ،

---

(۱) مشاهیرکرد ، پێشوو لاپەڕی ۲۱۸ •

(۲) هەرئەم‌سەرچاوە ، لاپەڕی ۲٤٥ •

ئەدەبیاتی عەرەب ، ژیانی پەیامبەر ، ئامرازو کەرەستەکان ، شتی نووسیوە • مەلا عبدالعظیم مجتهدی سنەیی ، لەسەر سەلماندنی خودا ، پێویستبوونی بۆ شوێن لە دەستنوێژدا ، حەرامبوونی ژن هێنانی کاتی (صیغه) ، دادگەری سەبارەت بە ڕێبازی وەهابی ، سەبارەت بە ئیمانی باوکی عەلی ، سەبارەت بە سۆفیگەری و چەند حاشیە لەسەر شتە ئاینییەکان ، شتی نووسیوە • حوزنی موکریانی لەسەر پەروەردە کردنی کرمی هەوریشم ، خۆنی و تووشی ، کوردستانی موکریان ، پێشەوای ئاینی ، وێنەگەری و کونێنی ، مێژووی ناودارانی کورد ، میرانی سۆرانو شتی لەم بابەتانەی نووسیوە کە زۆربەیان بەکەڵکن • محەممەد ئەمین زەکی بەگ نووسینەکانی بەپێی بارو دۆخی چاخی ژیانی ، تازەن • بەتایبەت کوردو کوردستانو مێژووی سولێمانیەی • یونس دلداری کۆیش بەوپێیە شتی تازەی هەیە • وەك: ئابووری نیشتمانی ، زمانو ئەدەبیاتی کوردی • ڕەشید یاسەمی ، مێژووی گەلانو ڕێبازەکانو کورتە مێژووی ئێرانو ئەدەبیاتی هەوچەرخی هەیەو کوردو پێوەندییە ڕەگەزی و مێژووییەکانی ئەو • وەرگێڕانی چەند کتێبی بەکەڵکی هەیە کە تازەن •

محەممەد بەگ کورد عەلی ، ناوچەکانی شام ، مێژووی شارستانییەت ، ئیسلامو شارستانییەتی عەرەبی ، دیمەشق شاری جادوو کۆنەو نوێ ، خۆو خەدە ، مێژووی زاناکانی ئیسلامو چەند بابەتی تری نووسیوە •

یەکێك لەو کەسانەی بەنیسبەتی بارودۆخی چاخ و دۆخی کۆمەڵایەتی و باری فەرهەنگی ، نوێهێنانی لە نووسیندا ، دەستپێکرد ، ئایەتوڵا محەممەد مەردۆخی سنەیی بوو • نووسراوەی ناوبراو یەکجار زۆرەو هەڵبژاردەیەکی لێرەدا دەنووسین :

١ ــ رموز آفرينش به فارسی •

٢ ــ منطق به فــارسی •

٣ ــ نسيم رستگاری به فارسی •

٤ ــ جان‌نما به فارسی •

٥ ــ چــاره‌ی بدبختی •

٦ ــ حساب به‌فارسی •

٧ ــ ندای اتحاد به فارسی •

٨ ــ جام جان به فارسی •

٩ ــ تاريخ مردوخ سه‌باره‌ت به كوردستان له دوو جلدا به فارسی

١٠ ــ فه‌رهه‌نگی مه‌ردوخ له ٣ جلدا به كوردیو فارسی •

١١ ــ شطرنج نامه به كوردیو فارسی •

١٢ ــ طب (پزيشكی)ی مه‌ردوخ به فــارسی • لــه ئايينيش‌دا ده‌ستی كــرد به نوێ‌هێنانو هێرشی برده سه‌ر بيــرو بڕوای پووچو ده‌سكردی مه‌لاو ناخوندو به‌گژ كۆنه‌په‌رستاندا ، چوو ، ته‌نانه‌ت توانجی كافربوونيان لێ‌داو كۆڵی‌نه‌داو ئه‌ركی به‌ئه‌نجام گه‌ياند • محه‌مه‌د ته‌وفيق وردی ، سه‌باره‌ت به كوردستان شتی نووسيوه وه‌ك : سه‌ره‌تايه‌ك لــه مێــژووی كورد ، ده‌رسێك لــه جۆغرافيای كوردستان ، فوڵــكلۆری كوردی ، مامه‌باره‌ی قاره‌مان ، خانزادو له‌شكری ، چوونی بارزانيــانی قاره‌مــان بۆ يه‌كيه‌تی سۆفيه‌ت • دوكتۆر كــامران به‌درخانی نه‌مــر ده‌ستووری زمــانی كوردی ، ئه‌لف‌وبێی كوردی ، فێركردنی زمــــانی زكماكی ، ڕێك‌وپێك كردنی زمانی كوردی به زمانی فه‌رانسه‌يی، توركی، وه‌رگێڕانی چوارێنه‌كانی خه‌يام بــــه كوردی ، فه‌رهه‌نگی كوردی بــه فه‌رانســه‌يیو فه‌رانسه‌يی بــــه كوردی ، مــه‌ته‌ڵو داستــانی كوردیو وه‌رگێڕانيان به زمانی فه‌رانسه‌يی ، وه‌رگێرانی هــــه‌ڵبژارده‌ی هۆنراوه

کوردی‌یەکان بە زمانی ئاڵمانی ، ڕاڤەی قورئان بە زمانی کوردی‌و شیعری گۆرانی کوردی‌و وەرگێڕانیان بە فەرانسەیی‌و هی‌تر(١) • ئەوە هەڵبژاردەیان ئەو کەس‌و نووسراوانەیە کە من وەدەستم کەوتوون‌و لێرە نووسیومن • لەم‌بەشەدا بۆم دەرکەوت کە باروودۆخی فەرهەنگی کوردستان ، بەهۆی بێ‌دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەمانەوە ، هەروەها چلۆنایەتی‌پێشکەوتنی شارستانی‌یەت‌و تێکڕینی لەو وڵاتانەدا کوردیان تێدا دەژی ، ڕێگایان نەداوە کورد بچێتە مەیدانی زانستی نوێ‌و ئەرکی خۆی بەئەنجام بگەیەنی‌و شوێنەواری نوێ بخولقێنی‌و بچێتە کۆڕی نوێ‌هێنەران‌و دۆزێنەران‌و خولقێنەرانەوە • کەمتر توانیویە ڕۆڵەکانی بنێرێتە وڵاتەکانی دەرەوەو لە سەنعەت‌و پیشەسازی‌و پزیشکی‌و زانستەکانی‌تردا ، پسپۆڕی وەربگرن‌و ئێستا چەند کەسێکن لە پلەی زانستی‌و لە کۆڕی زانایاندا وەک ئەنیشتاین ، پیشا ، ئەدیسۆن روجرز بی‌کەن ، فەرانسیس بیکن ، گوتەمبرگ ، نویان‌هەبێ •

با بزانین لەچەرخی ١١ی هجریدا چ خزمەتێکی زانستی‌و فەرهەنگیمان بە خۆمان‌و گەلانی جیهان کردوە • مامۆستا مەردۆخ لەم چەرخەدا ٣٢ زانای بەناوبانگی نووسیوە کە زۆربەیان لە مەیدانی ئەدەب‌و شیعردا ، مامۆستان‌و هێندێکیان وەک باوکی نووسەر ( حاجی مەلا حەسەنی خەلیقی )تەنیا لە زانستە ئیسلامی‌یەکاندا ، شارەزا بوون‌و قوتابخانەی ئایینی‌یان هەبووەو دەرسیان گوتووەو برەویان بە ئایین داوەو بە خۆیان زەحمەتیان نەداوە لەو زانیاریانە بە کوردی یان بە فارسی یان بە عەرەبی‌و تورکی ، کتێبێک دانێن‌و میراتێک بەجێ‌بێڵن وکەلێنێک لە کتێبخانەکانی کوردستان پڕبکەنەوە • خۆم زۆر جار بە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕی ٢٠٤ـ٢٠٣ •

باوکم نەوت : ژیربێژیو ئەدەبیاتو شەرعو کــەلام ، باش دەزانی ، پێنووس هەلْبگرە بەو خـەتو بەخشانە جوانەت ، شتێك بنووسـەو ئەو گشت نووســراوە گرانانە بڕستی لــە مەلاو فەقێ بڕی ، با خزمـەتێك بکەی • وەلاْمی ئەوەبوو کەمتەرخەمو بۆمناکرێ ! بۆنموونە ئوسـتاد ئەحمــەدی تورجانیزادەی قزلْجی لەپاش کۆتایی پێهـاتنیدەورەی خوێندنی مەلایەتی ، لــە ئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیدا ، بووەتە بلیمـەتی چاخی خۆی و بە پلەی بەرزی مامۆستایی گەیشتووەو لەگـەلْ زانستە نوێیەکان وەك فیزیكو شیمی و زمانەکانی فەرانسەو ئینگلیسی ، ئاشنایی بووە ، کەچی نووسراوەکانی نوێهێنانی تێدا نیە ! ئەوەش چــەند نووسراوەی ناوبراو :

١ ــ مێژووی ئەدەبیاتی عەرەبی لەدەورەی نەزانینەوە تا ئــەم چەرخە بە فارسی •

٢ ــ ڕافەی « سبعەی معلقــە » هەلْبژاردەی شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی عەرەب بە فارسی •

٣ ــ ناساندنی سەعدی شیرازی بە عەرەبی •

٤ ــ داستانی هۆنراوەی مەکتەبداری بەسەرە بە فارسی •

٥ ــ زانستەکانی ڕەوانبێژی و ڕەوانووسی یان مەعانیو بەیان •

٦ ــ لە بابەتەکانی بڕیارە شەرعییەکاندا •

٧ ــ شێوەی وتووێژو باسکردن •

٨ ــ دیوانی شیعرەکانو چەند نووسراوەیتر وەك ڕافەی جزوی عەممەی قورئان •

محەممەد سالْح وەکیــل سنەیی لــە ئەدەبیاتی فارسی ، مێژووی هیندوستان ، گەشتێك لــە مێژووی فەلسەفەو فەرهەنگدا ، دەستوور

زمانی فارسی ، نووسراوەی هەیە • کاردۆخی نەقشبەندی ، چەند نووسراوەی هەیە وەك :

١ ـ وەرگێڕانی دیوانی عیشقی لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی •
٢ ـ وەرگێڕانی حەدیقەی خوسرەوی ، لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی •
٣ ـ کۆکردنەوەو چاپکردنی دیوانی سەیدی هەورامی •
٤ ـ چاپی دیوانی شاهۆ •
٥ ـ چاپی دیوانی شایق •
٦ ـ فەرهەنگ زمانی ئەورامی(١) (لەهجەی گۆران یان هەورامی)

شامی کرماشانی بە لەهجەی گۆران شیعری گوتووە کە داستانی کرێنشینەکەی لەباری دەربڕینی دەردی کۆمەڵو جیاوازی باری چینایەتی‌و بێ‌سەروبەرەیی کۆمەڵ ، لە دابەشکردنی داهاتی کشتی‌دا بەشێك لە دەردەکانی کۆمەڵ دەردەخاو پەردە لەسەر ژیانی زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکان هەڵئەداتەوە کە چۆن بێ‌ماڵو لانەو بانە ، لێفە لەکۆڵ بە کۆزی خێزانەوە ئاوارەی کووچە کۆلانو بەزگی برسی‌و شرەباری‌یەوە ، سەرگەردانن !

بەندە یە نەفەر کرا نشینم
چو عەزیز مەردێ دایم غەمینم

نە خارج مەزەب نە جوداس دینم
ئەر دوعات گیراس بکەر نفرینم

شاید لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بوم لە دەس کرانشینی •

---

(١) مشاهیر کرد ، پێشوو ، لاپەڕی ٤٤٩ـ٤٤٢ •

ئەم داستانە ۲۸ بەندە کــە تێکەڵچوونی نێــوان خــاوەن‌ماڵو کرایەنشینــی ڕۆژڕەش‌و فرەخێزان بە شێوەیــەکی زانیاریانە ، نیشان دەدەن (۱) •

یلماز گونەی کــە لە زانستــگەدا دەرسی دەخوێندو ڕشتەکــەشی ئابووری بوو ، ئاوڕی دایەوە سەر فیلم جوولاندن‌و ویستی بەو هۆیەوە ، پەردە لەسەــر ژیانی پڕ لــە کوێرەوەری خەڵــکی تورکیــە بەگشتی‌و خەڵــکی کوردستان بەتایبــەتی ، هەڵبداتەوە ، لەو مەیدانەدا دەورێــکی بەنرخی هــەبوو • لەبەر وەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە ، چەندین جــار تووشی بەندیخانەو ئەشکەنجە بوو ، بەڵام سەری دانەنواندو لــەویش‌دا بە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی درێژەی دا • لــە فیلمەکانی یۆڵو سووریی، دژ بە داب‌ونەریتی کۆن‌و پاشــکەوتووانە ، ڕاپەری‌و خستنیە ژێــر پرسیارەوە • ئەوبەر عۆدەبوونەی بووە هــۆی ئەوە زێدو نیشتمــانی بەجێ‌بێڵێ‌و لە (۱۹۸٤) لە پاریس‌دا ، کۆچی دوایی کرد(۲) •

دوکتۆر محەممەد سەدیق موفتی‌زادە بە کوردی گۆران‌و سۆران شیعری داناوە • جگەرخوێن شــاعیری کوردستانی بەشی سووریە ، ۱۲ نووســراوەی بــــە شیعرو پەخشان لەچــاپ‌دراوە • مــامۆستا ســەید عەلائەددینی سەجــادی ئــەدەبی کوردی ، ڕشتەی‌ڕواری ، مێــژووی ئەدەبی کورد ، گەشتێك لەکوردستانا ، گۆڤاری گــەلاوێژ ، گۆڤــاری نزار ، دەقەکــانی ئەدەبی کوردی‌و چــەند نووسراوەی‌تر ، کــە بەش‌بەحاڵی خــۆی خزمەتێکی گەورەی بە زمــان‌و ئەدەبی کـــوردی

---

(۱) بابامەردۆخ ، پێشوو ، لاپەڕی ٤٦٨ـ٤٥٩ •
(۲) گۆڤاری هیوا ، ئەنستیتۆی کورد ، ژمارەی ـ ۳ پاریس ، لاپەڕی ۱۳ ـ ۷ •

کردوە • نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ دۆزینەوەی وردە میراتی فەرهەنگیو تێکخستنەوەی وشەی ڕستە پرژوبلاوەکان ، بەکەلك بوو و توانی چەند شاعیرلە گۆڕستانی لەبیرچوون ، ڕزگار بکا • بەگشتی خزمەتی زۆری بە فەرهەنگی نەتەوەکەمن کرد •

مەلا عەبدولا مامۆستا گۆڕچی ، ژیربێژی نامیلکەی حیسابو جەبر سەبارەت بە پەچەی ژنو مەراسیمی حەج ، مەولوودنامەی کوردیو چەند شتی لەوچەشنەی بەجێهێشتووە •

قەناتی کوردۆ کە خۆی گەیاندوەتە پلەی مامۆستایی لە زانستگەی لێنینگرادی یەکیەتی سۆڤیەت ، شتی بەنرخی بۆ بەجێهێشتووین • وەك دەستوور زمانی کوردی ، قاموسی زمانی کوردی ، کوردی بەڕووسی ، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ، وەرگێڕانی داستانو چەند نووسراوەی تر لە ڕۆژنامەو گۆڤاری یەکیەتی سۆڤیەتدا ، بارودۆخی کۆمەلایەتی وژیانی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیەو ملهوڕی دەسەلاتدارانی تورك بوو بەهۆی کۆچی بنەمالەی قەناتو گەیشتە ئەرمەنستانو ئەمەقی زەمانە گەیاندیە ئەو پلەو ئێستا لەشی بێگیانی لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی لینینگرادا ، شاراوەتەوە •

هێمن سەید حەمەدەمینی شێخ‌الاسلامی ، شاعیری بەناوبانگی ئەم چەرخەیەو تاریكو ڕوون ، نالەی جودایی ، پاشەڕۆك (چەند وتار) قەلای دمدم ، شازادەو گەدا ، هەواری خالیو نووسینەوەی تحفەی موزەفەریەی ، لەپاش بەجێماوە :

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆییو حەسرەتو دەردم ئەمن<br>
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپلە ، نابەزم مەردم ئەمن

ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم
ئاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن

گەر لە برسانو لەبەر بێبەرگی ئەمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

من لە زنجیرو تەنافو دارو بەند باکم نیە
لەتلەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن(١) •

ئـەم سۆزەی هێمن نیشانەی چارەسەرنەکراوی کێشەی کوردو بەئاسۆ نەگەیشتنی ڕەنجو کوێرەوەری سەدان ساڵەی هەوڵو تێکۆشانی ڕۆڵـە قارەمانەکانی نەتەوەکەمانە • زۆر لـە ڕۆڵە کوردەکانی بەشـی کوردستانی تورکیـە لەبەرئەوە دەیانـگوت کوردینو لـەو ڕاستی‌یە حاشایان نەکرد ، ئەشکەنجە کرانو لەتلەت لـە بەندیخانە ئاخنیندران • لەباری سیاسی‌یەوە کورد بوونو کوردایەتی کردنو تێکۆشان بۆ مـاف ئەستاندن ، لای مافخۆران ، تاوانە ، هەر بۆیە ، هێمن دەڵی : تا لەسـەر هـەردم نۆکەری بێـگانە ناکـەم • بەداخەوە لـەم دواییانەدا ، بەڵێنی شکاند ! مەگـەر بڵێین بەڕواڵەت مابوو لەسەر هەردەوە نەبوو • چونکە ئەو دەڵێ تا لەسـەر هەردم نۆکەری ناکەم • ڕەنـگە وای‌زانیێ لەسەر بەردەو لەسەر هـەرد نەماوە ! بەوپێیەش لـە ئەدەبیاتدا ، خاوەنی پلەی بەرزە • بێـگومان نووسـەرو پسپۆڕو دوکتۆرو پیشەسازی زۆرمـان هەن کە ناویان لێرەدا نەهاتووە ، بەڵام ئەوەندە بەسە بڵێین زمانی کوردی نەکەوتووەتە نێو زمـانە بەناوبانـگە ناسراوەکانەوەو نەبووەتە زمـانی زانستی‌و هێشتا ئەدەبو زمانەکەم خزمەتی زۆری دەوێ ، تا جێـی خـۆی بـکاتەوە •

---

(١) مشاهیر کرد ، جلدی ٢ بیشرو لاپەڕی ٤٨٩–٤٤١ •

لێرەدا ناوی ، زۆر لە نووسەرو زانایانی کوردە وەک ماموستا مەسعود محەممەد ، ماموستا شوکر مستەفا،حەمەی مەلا کەریم ، دوکتور عیزەدین مستەفا ، دە کەمال مەزهەر ، دوکتور مارف خەزنەدار کە هەر کامەیان ، بەش بەحالی خۆیان خزمەتیان بە فەرهەنگی نەتەوەکەیان کردوە ، نەهاتووەو نەمتوانیوە گشتیان بەسەر کەمەوە ! هۆیەکەش ئەوەیە کە باسەکە درێژەی کێشاو لە مەبەستەکە (کۆمەڵناسی کوردەواری) دوورکەوتمەوەو لە بەشی نووسەرو شاعیراندا زۆر مامەوە •

## خوێندن و نووسین لە کوردستانی ئێراندا :

لە ئێران بێجگە لەدەورەی ١١ مانگەی کۆماری خودموختاری مەهاباد کە لە قوتابخانەکاندا بە کوردی دەیانخوێندو دەیاننووسی و زمانی کوردی بارەسمی وەئەر کەوتبوو ، ئەویش لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستاندا ، هیچکاتێک زمانی خوێندن و نووسین نەبووەو دەسەڵاتدارانی ئێران ، ئەو دەرەتانەیان نەداوە کەلی کورد لەو مافە سروشتیو ئینسانییە کەڵک وەربگرێ •

لێرەو لەوێ هێندێک شاعیرو نووسەر لە دەفتەری یادداشتی خۆیاندا بە کوردی نووسیویانە ، جاروبارەش ئەو نووسراوانە ، لە هەندەران چاپ کراون ، سەرەڕای ئەوە ئەگەر نووسراوەی نووسەرانی کورد بە هۆنراوە یان پەخشان لای ڕووناکبیرێکی کورد بایەخ دنەدەری هەستی نەتەوایەتی بایە ، لای دەسەڵاتدارەکانی ئێران باسی سەر بوو ! زۆر لەو کوردانەی کە بیروبڕوای کوردایەتیو پێشکەوتخوازانەیان هەبووە ، گیراونو لە بەندیخانە توند کراون ! ساڵەهای ساڵ بە تاوانی کوردی خوێندنەوەو کوردویستی و گەل

خوازیو بیروباوەڕی ئازادیخوازانە ، لـە ژیانی ئاسایی بێبەش کراون یان لـە گیراوی مەرگ خراون !••• لـە دەورەی حکوومەتی دوکتۆر «مصدق»دا ، نزیـکەی دوو ساڵ دەرەتانی نووسین ، ڕەخساو تەنیـا ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات ئیرەولەزێ بە نووسینی کوردی بردوویان ئەداو پاش ئـەو دوو ساڵەش و ڕوخـانی حکوومەتی دوکتۆر ، ئەو تیشکدانەوەش نەما ! تەنیابۆ ماوەی چـەند ساڵ لە تاران لـە پەنای بەشی کوردی ڕادیۆ تاراندا ، ڕۆژنامەیەك بە ناوی «کوردستان» بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە کـە ئەویش هەستو ئامانجی گەلی کوردی تێدا باس نەدەکراو لـە ڕاستیدا لە خزمەتی حکوومەتدا بوو و بە بەژنی بالای شایدا ، دەگوت و جینایەتەکانی بۆ باسو ئەدا •

دوکتۆر قـاسملو نووسیویەتی : سـەدی هەشتای دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەوارن • حکوومەتەکـانی ئێرانو تورکیـە بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندنی تازە لەنێو کوردا ، هەنگاویان هەڵنەهێناوە ، لە کوردستان زانستگە هـەر نیـەو قوتابخانەی ناوەندیش زۆر کـەمن • قوتابخانەی سەرەتاییش زۆر کەمترە لـە پێداویستی دانیشتوان • ئەگەر بۆنموونە ناوچەی مەهاباد لـە ئێران بخەینە بەرچاو ، دەبینین کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٢٥٠ هەزار کەس ، لەکاتێکدا تەنیـا حەفـدە قوتابخانەی بەمجۆرە تێدا دانراوە :

| | سەرەتایی کوڕانە | سەرەتایی کچانە | ناوەندی کوڕانە | ناوەندی کچانە |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی قوتابخانە | ٨ | ٤ | ٤ | ١ |
| ژمارەی قوتابیان | ١/٦٥ | ٥٥٨ | ٣٣٩ | ٥٦ |

واتـــه هەمووی ١٢ قوتابخانەی سەرەتایی هەیە کـــە ٢/٢٠٨ قوتابی‌یان تێـدایە و پێنج قوتابخانەی ناوەندی کە ٣٩٥ قوتابی‌یان هەیە • هەموو کوردستانی ئێران نزیـکەی ٣٠٠ قوتابخـانەی سەرەتایی‌و ٣٠ قوتابخانەی ناوەندی هـەیە • واتا قوتابخانەیەك بۆ زیاتر لە دەهـــەزار کەس لە گشت کوردستاندا • تیئاتریـکی هەمیشەیی نیــەو سینەماش تەنیا لـە شـارە گەورەکان هەیە • بۆنموونە لـە گشت کوردستانی ئێران ١٠ سینەما هەیە ، یانی بۆ هەر ٣٠٠ هەزار کەس ، سینمایەك[١] •

دیارە پاش ئەو رێـکەوتە کە دوکتۆر ئەو چوارچێوەی نیشەندازە ، بەرەبەرە رادەی قوتابخانەکان زیادی کردو شارەکانی کوردستان نـــە بەئەندازەی پێویست ، بەڵـکوو بــەپێی خوازیاری دەســـەڵاتداران ، قوتابخانەی ناوەندی زیاتریان تێـدا دامەزراو بەرەبەرە دیپلۆم ســـەری هەڵداو لـە زانستگاکانی ئێران هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پلەی بـەرزی خوێندەواری ، دەستی پێکردو لێرەولەوێ دوکتۆرو ئەندازیارو مامۆستای زانستگەو قوتابخانەی ناوەندی وەبەرهات • لە کرماشان زانستگەیەك بە ناوی «زانستگەی رازی» دانراو زانستگەی ئزاد لە ئیلام دەستی بـــە تێکۆشان کردو زانستگەی پەروەردەکردنی مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی لە سنە دامەزرا • کە لەم دوایانەدا کرا بە «زانستگەی کوردستان» •

لـە چاخی حکوومەتی خومەینی‌دا ، ڕیسواکەرانی ئایینی ئیسلام بـــە ناوانی ئازادی‌خوازی‌و مـــافویستی‌و باسی دافی پێشێل‌کراوی نەتەوایەتی ، هێرشیان کـردە سەر کوردستان‌و ئـەو دەرەتانەشیان لـــە گەلی کورد بڕی‌و بـــە زۆری چەك گوندو شارو مووچەو مـــەزرایان سووتاندو بە تۆپ‌و کاتیۆشا ، بەرهەمی فەرهەنـگی مادی‌و مەعنـــەوی

---

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو لاپەری ٣٦_٣٥ •

گەلەکەمان لەنێو دەبەن و فەرهەنگی کۆنەپەرستی خۆیان بەسەر ویست و دەستی نەتەوەکەماندا ، زال‌دەکەن ! لەژێر ڕێبی چالاکی خەباتی شۆڕشگێرانی گەلدا ، حکومەتی ئاخوندی مەجبوور بووە گۆڤارێکی مانگانە ، بەناوی «سروە» لە ورمێ بلاوبکاتەوە . پاش چەند سال گۆڤارێکی‌تر بەناوی «ئاوێنە» بەکوردی بلاو دەکرێتەوە . هێندێك ئەس هێندێك ئامیلکە بەکوردی دەنووسن و هێندێك کتێبی ئایینی بەمزمەنە لەفارسی‌یەوە وەردەگێرینەوەو جاروبارەش فیلمی جۆراوجۆر بە کوردی نیشان‌دەدرێ و هەوالێکیش لە هونەری‌تر وەك ئیانرو موسیقای کوردی بەوشێوەنیە !

هەرچەند جاروبار نووسەرو بەرپرسیارەکانی گەل ، بەدزی ئیزرائیلەوە ، هێندێك بابەتی لەبارو بەکەلك لەو گۆڤارانەدا ، لەچاپ‌دەدەن، بەلام بەگشتی درێژەدەری خەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامین و ئەوە دوویات دەکەنەوە کە ئاخوندەکان سەدان سالە دەیلێنەوە !

سالی ١٣٦٧ی هەتاوی کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ٧٠٠٠ جلددا چاپ‌کرا،دەنگویان بلاوەکردەوە ، حکوومەتی ئاخوندی بڕیاری داوە منالانی کورد بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن و بنووسن ، کەچی ئەویش‌بوو بە بلقی سەرئاو و نازانم ئەو کتێبانەش چییان بەسەرهات ؟

لە ماوەی ١١ سال هێرشی کۆنەپەرستان بۆسەر گەلی کورد بە تاوانی ئازادی خوازی بەهۆی دواخستنی قوتابخانەکان لەلایەن دەسەلاتەوە ، کۆڕێك بەناوی «کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان » لە مامۆستا شۆڕشگێرەکان ، پێك‌هات و لەو ناوچانەدا کە ڕژیم دەسەلاتی بەسەریاندا نەبوو ، پاش کۆماری مەهاباد،بۆ یەکەمجار

منالآنی کورد ، بەکوردی دەرسیان خوێند • ماموٚستاو قوتابخانە لـــــە سەنگەری فەرهەنگی‌دا ، لـە بەرامبەر هێرشی دوژمن ڕاوەستان‌و لەژێر بارانەی گوللەبارانی هـەوایی‌و زەوینی‌دا ، کوٚڵیان نەداو بەم‌جـــوٚرە خزمەتێکی باشیان بە زمـان‌و ئەدەبیاتی کوردی کرد • پاش تێپەڕبوونی ١١ سـاڵ ئێستاش هێندێك لەو ماموٚستاو قوتابی‌و قوتابخانانە ماون‌و لەژێر سێبەری حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێراندا ، بەئـەرکی پیروٚزی خوٚیان درێژە دەدەن • کوٚمەڵەش لەو بوارەدا ، هەوڵی داوە ، بـەڵام زیاتر بەفارسی دەرسیان داوە ! با قسەیەکیش بوٚ دز بـــکەین خـــوا هەڵناگرێ حەق بە حەقدار نەگا ، لەو ماوەیەش‌دا ، ئاخوندەکان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بـگاتە دەستی قوتابی‌یە کوردی‌خوێنەکان‌و بە هـەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت ! هەم لەبەرئەوە کە بێجگە لە پوٚلی یەکەمی سەرەتایی‌و دووەمی گەورەسالآن ، کتێبی کوردیمـان بوٚ چـــاپ‌نەکرابوو و هـــەم لەبەرئەوە بابەتە جوٚراوجوٚرەکانی زانست‌و بەرنامەی دەرسی قوتابخانەکان ، پێویستیان بە کتێبی‌تر هـەبوو ، هەروەها لەبەرئەوە خوێندنی زمـانی فارسی لـە کوردستانی ئێران بوٚ کـــورد پێویستە وەك عەرەبی بوٚ کوردی عێراق ، بەناچار قوتابخانەکانی شوٚڕش نیازیان بە کتێبی دەرسی جوٚراوجوٚر بەو زمانە هەبوو کـە وەك وتمـان کوٚماری ئیسلامی پێشی بە هاتنی ئەو کتێبانە دەگرت !

ئێستاش زوٚر لـە دیپلوٚم‌و لیسانس‌و فەوق لیسانس‌و دوکتوٚری کورد هـەن ، ناتوانن مەبەستی خوٚیان بە کوردی بنووسن ! تـا کـاتێك گەلی کورد وەك نەتەوە نەناسێندرێ ، ڕوٚڵەکانی گـەلی کورد بەگشـتی فێری زمانەکەیان نابن !

**ژنی کوردو خوێندەواری** :

دەکرێ ژنی کورد بە دوو بەش دابەش بکەین : یەکەم ــ ژنی لادێ . دووەم ــ ژنی شار . لەوکاتەوە قوتابخانە ئایینی یەکان لە کوردستاندا ، دامەزراون ، مەگەر بەدەگمەن ئەویش کچی مەلاو شێخ و بەگ ، دەنا کچی پیاوی دەشتەکی و هەژار ، نەیتوانیوە لەو حوجرەو قوتابخانانەدا ، دەرس بخوێنێ و هەتا کوو ئێستاش باردۆخی ئایینی و کۆمەلایەتی ، ئەو ڕێگایەی نەداوەو ناوی مەلا زەینەب و فەقی خەجێ و مامۆستا ئامینمان نەبیستووە : لە ماوەی ١٤١٢ ساڵدا ، بەپێی دابونەریت لە کوردستاندا ، ئەو ڕەوتە درێژەی هەبووە . چەند دەیە زیاتر نیە کە قوتابخانەی نوێ بۆ خوێندنی زانستی نوێ لە کوردستان دامەزراوە . بەداخەوە هەرچەند لە گوندەکان زۆربەی خەڵك تەنانەت لە ناردنی کوڕەکانیشیان بۆ قوتابخانە نکوولیان دەکرد ، ناردنی کچ باسی سەر بوو ! هەم مەلاو هەم دایك و باوك و هەم زاڵبوونی فەرهەنگی کۆنەپەرستانە ، ڕێگای ئەو کارەیان نەدەدا و کچ دەبوایە لە تاموچێژی خوێندن بێبەش بایە !

کچ فێری تەون و تەشی دەکرا . یاریدەدەری دایکی لەنێو ماڵدا بوو . لە هەمان کاتدا پیشە سەرەتایی یەکانی کشتوکاڵ فێردەبوو ، تا لەکاتی پێویستدا ، بۆ ئەو بەشەش ، پەلامارێك بەرێ و بابیشی بحەسێنێتەوە !

لە کوردستانی عێراق ئەو بارە ئێستاش لێرەو لەوێ هەر ماوە[١] . کاتێك قۆناخی سەرمایەداری بەرەو کوردستان ، ملی ڕێگای گرت ،

---

(١) بنچینە کۆمەلایەتی یەکانی ئافرەتی لادێنشینی کوردەواری بورهان قانع لاپەڕی ١٣ بەرەوسەر . بەغدا ١٩٧٩ .

دیاردە سەرەتاییەکانی سەری هەڵدا ، توێکڵی دابو نەریتی کۆن درزی هەڵگرت و دیواری کۆنەپەرستی خشتێکی لێ هەڵگیراو بەرەبەرە کچان بەرەو قوتابخانە وەڕێ کەوتن • بەڵام بەداخەوە بەزوویی کۆتاییان بە خوێندن دەهێناو بۆ مێردکردن لە هەڕەتی مێرمنداڵیدا ، ئامادەیان دەکردنو بەتەنگی ڕۆشنبیری و دواڕۆژیانەوە نەبوون ! هۆیەکی تر ئەوەیە لەکاتی خاڵو مێڵڕشتنی کچاندا ، دابو نەریت ڕێگای نەدەدا لەگەڵ کوڕان پێکەوە بن • ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لە بواری کارکردن لە دەشتو مووچەو مەزرا ئەو پێشگیرییە لەئارادا نەبوو •

چوونکە باری ئابووریو سەختی ژیان ئەبووە هۆی ئەو چاوپۆشییە ، هەر لەوێشدا بوو کە وەرزی دڵداریو هەڵبژاردنی هاوسەرو دەسپێکردنی ژیانی نوێ ، دەهاتە کایەوە •

ژنان لە شاردا دەبنە دوو بەش :

بەشی یەکەم ئەو ژنو کچانەن کە لە مێژ ساڵە لە شارنو بنەماڵەکەیان وەك دانیشتووی شار ، ڕیشەی داکوتاوەو فێری دابو نەریتی شار بوونو لەژێر دەسەڵاتی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا، بەرەوپێش چوون • لەم بەشەدا یە ، کە هەلو مەرج پالی بە لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناوەو درگای قوتابخانەکان بۆ کچان خراوەتە سەرپشت •

بەمپێیە ئافرەت لە بواری خوێندندا ، هاتووەتە مەیدانو بە کەڵكوەرگرتن لە هەلو مەرجی شارنشینی ، شانبەشانی کوڕان پێکەیوەو نیشانی داوە ئەگەر نەریتی کۆمەڵایەتی بەربینگی پێی نەگرێ، دەتوانی لە پلەکانی فێربوونو فێرکردندا ، چالاکی نیشان بداو ئەگەر

لەمپەرە کۆن‌و نوێیە کۆمەڵایەتی‌یەکان پێشی پێی‌نەگرن، ئەرکی فەرهەنگی خۆی وەك نیوەی کۆمەڵ ، بەئەنجام ئەگەینێ • ئێستا تاك‌وتراك ژنی پزیشك‌و ئەندازیارو مامۆستای زانستگە و هی‌ترمان هەن‌و ئەرکی پێی‌ئەسپێردراوی خۆیان بەڕێوەدەبەن • بەوپێیەش بڕواو ئێمەش هەل‌ومەرج بقۆزینەوەو خۆمان تێکەڵاوی کاروانی شارستانی‌یەت‌و ئازادیخوازی‌و پێشکەوتن بکەین ، ژنی‌کوردەواری‌یش دەتوانێ لە گشت بوارە زانستی‌یەکاندا ، چالاکی پێویست بنوێنێ •

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستیەش دەس‌نیشان بکەم کە لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵەکەمان ، ژنی شاریس ، تازە زنجیری داب‌ونەریتی خراپی کۆنی پساندووەو وەك باڵندەیەك وایە لە داوی ڕاوچی ، ڕزگار بووبێ ، هەر بۆیە لەو ئازادی‌یە کەڵکی خراپ وەردەگرێ‌و لە هەڵس‌وکەوتی کۆمەڵایەتی‌داو لە ئاکارو ڕەفتاری خاوەن پێوەندی بە خاوخێزانەوە ، نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە پلەی پیاوان‌و هێشتا بەداخەوە بۆی نەگونجاوە ، ئەو مەتەڵۆکە لەسەر خۆی لابەرێ کە دەڵێ « ژن هۆشی ناتەواوە » •

بەشی دووەم ژن‌و کچی ئەو بنەماڵانەن کە بەهۆی ئاڵ‌وگۆرە پێك‌هاتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ دابەش‌کردنی زەوی‌و ژیانی سەرنج‌ڕاکێشی شار بەهۆی گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری یان کۆچی زۆرەملی ، ملی ڕێگایان بەرەو شارەکان گرتووەو بێ‌بەرنامە تێخزاون‌و بە شێوەی جۆراوجۆر ژیان بەسەردەبەن • لەم بەشەدا ژمارەی ئەو کچانەی دەچنە قوتابخانە کەمن‌و هێشتا ئاسەواری فەرهەنگی لادێ ، لە ژیانیاندا ماوەو خۆویان بە داب‌و نەریتی شار نەگرتووە• هێشتا پیاوەکان دەرەلنگی پان‌وپۆڕی ئورووپایی‌یەکانیان لەبەر نەکردووە ، سیپاڵی فۆرم‌و ئەملۆدەی داب‌و نەریتی ڕۆژئاوا ، سەری بە

ماڵیاندا نەکردووە • بەڵام دۆخی تازە ئەوانیش فێردەکا •

سەرەرای هەموو ئەمانە ئەگەر کچی کورد قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی یەکان تەواوبکا ، چوونکە لە کوردستان ، یان زانستگە نیە یان ئەگەر هەبێ ، زۆر کەمە ، جارێکی تر چنگی داب و نەریت دەست و لاقی دەبەستێ و لەبەرئەوە ئافرەتە ناردنی بۆ ناوچەکانی تری وڵات بۆ درێژەدان بە خوێندن ، بەربەست دەکرێ ! پێویستە ئەوەش بڵێم : ئەوە لە حاڵێکدایە بۆنموونە لە کوردستانی ئێران وەك وتم دوو زانستگە لە کرماشان و ورمێ هەیەو لە سنە لقێکی هەیە ئیستایووە تەزانستگە • لە حاڵێکدا لە بەشەکانی تری ئێران بێجگە لە بەلووچستان ، دەیان زانستگەو لق و پۆپیان هەن و رۆڵەی کورد بۆ درێژەدان بە خوێندن ، دەبێ بەرەو ئەو مەڵبەندانە بڕوا • لە کوردستانی عێراق تەنیا زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر هەیە کە لەپێش‌دا لە سلێمانی بوو • لە کوردستانی تورکیە لە ئەرزڕوم عەنتەبە ، دیاربەکرو ئۆرفە ، زانستگە بەلق و پۆپیانەوە هەیە • سەرباری هەموو ئەم بەندوباوو بێ‌دەرەتانی یە ، بێتوانایی سامانی و بێکاری و کەمبوونی بنکەو بنیاتی سەنعەتی و بێکاری و کەمبوونی بنکەو بنیای سەنعەتی و کشتوکاڵی بۆ کارکردن و لەئاکامدا دەسکورتی ، ناهێڵن کچ و کوڕی کورد ، بچنە زانستگەکان و درێژە بە خوێندن بدەن • دیارە بنەماڵە دوڵەمەندەکان لەم بڕیارە گشتی یە ، جیادەکرێنەوە • لە سووریە بە کورد پێناس نادەن ! بەوپێیە باسی دامەزراندنی زانستگەو قوتابخانەی بەرز ، هەر ناکرێ •

**ئاکام :**

دەکرێ بڵێین بەهۆی جۆراوجۆر ، ئافرەتانی جیهان لەباری

خوێندەواری‌یەوە ، نەگــەیشتوونەتە پلەی خوێندەوارانی پیـــاو • نەیانتوانیوە لــە بەرەوپێش‌بردنی پلــە جۆراوجۆرە زانستی‌یەکان‌و دۆزینەوەی پێوەندیە جۆراوجۆرەکانی سروشت‌دا ، شان‌بەشانی پیـاوان بچنە پێش • ئەوە باری گشتی تەنانەت ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهانیشمە• ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە بەرامبەر ئەو بەشانەی جیهان‌دا،سەدان ســاڵ وەدواکەوتووە •

ئێمــە کــە بەسەر چەند ولاتدا ، دابەشکراوین ، **خـۆدی ئـەو** ولاتانە لەچـاو ولاتە پێشکەوتووەکان ، ئەوە حاڵیانە ، داخوادەبێ ئێمــە چۆن بین ؟ بەوپێیــە لەوە کــە هەین ڕەنـگە باشتر نەبین‌و تەنیـا ڕێـگا ئەوەیە پێــکەو بەرەو پێشـکەوتن و بەرەو ژیانێــکی بەختەوەرانە وەڕێ‌کەوین • هەرکات مەزنیخوازی گەلانی بالادەست‌و دەسەلاتداران ڕێـگایان‌دا ، هــەموو گەلانی ئەم ناوچە وەك ئینسان چاویان لێ‌کرێ ، ئەوکــات ئافرەتی ناوچــە بەگشتی‌و ئافرەتی کورد بەتایبــەتی وەك بەشێك لــە بنەماڵەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لــە گشت بوارەکانی ژیـانی ئاسایی و ژیانی زانستی‌دا ، پێ‌بەپێی گەلانی‌تر ، دەچنــە پێش‌و ئــەرکی خۆیان بەئەنجام ئەگەیەنن •

ڕێـگای گەیشتن بەو ئامانجە دوورودرێژەو نابێ پشوومان سواربێ و دوژمنیش لەڕووی سۆزەوە مافی بن‌دەستان ناسەلمێنێ • ئەگــەر ئێمــە لــەبواری خوێندەواریدا ، شۆڕشێك بـکەین ، سەرکەوتنمان زۆرتر دەستەبەر دەبێ • گەلی نەزان کوێرەو کوێریش ڕێـگا نابینێ‌و تێکۆشانی کوێر بێجگە لــە ماندووی ئاکام‌و ڕێپێوانی تێدا نیە • چرای بیرمان کزەو دەبێ ڕووناکی زۆرتر هەبێ تا کوێرەڕێی خەباتمان ون نەبێ •

بەهۆی دووربوون لــە کــاروانی بەرەوپێش‌چووی کۆمەڵــگا،

پێشکەوتنخوازەکان لە بوارەکانی ژیانی ئینسانیدا ، وەدواکەوتووین • ئەگەر خۆمان هەبین‌و ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی دێمۆکراسی بە شێوەی ئەمساڵانەی دوایی ، بڕوا ، وێدەچێ ئێمەی کوردی بێبەش‌و ڕۆژڕەشیش ، لە زنجیری کۆیلەتی‌و بن‌دەستی ڕزگار بین •

## پلەی خوێندەواری لە کوردستانی سووریەدا :

شێوەو ڕوخسارەو تێکەڵاوی لەو کوردستانەدا ، ناتوانی لە ڕۆڵەکانی تری دانیشتووی ئەو وڵاتە ، جیاواز بێ • تەنیا دەتوانین هێندێك تایبەتمەندی بۆ باری ژیانی کوردەکان لەبەرچاو بگرین • ئەویش بریتی‌یە لە بەرێوەبردنی سیاسەتی سەرکوتی نەتەوایەتی‌و زەبرو زەنگی شۆڤینیستیانە • دەکرێ بڵێین زۆربەی خەڵکی کورد ، جووتیارو کرێکاری وەرزێرن • ئەمانەش لەڕاستی‌دا کۆیەکی مام‌ناوەندی‌و هەژاری لە باری ژیانەوە ، پێك‌دێنن • لەگەڵ ئەوەش‌دا کۆیەکی سەرمایەداری کشتوکاڵی ، پێك‌هاتووەو بەهۆی بەڕێوەبردنی پێك‌هێنانی پەراوێزی کەمەربەندی عەرەبی‌یەوە ودانی زەوی‌یەکانی جووتیارانی کورد ، بە عەرەبەکان ، دەستەو تاقمی هەژار کە لە زەوی بێبەش کراون ، هەر دێ‌و زۆرتر دەبێ‌و بەرەبەرە دەبنە کرێیکاری کشتوکاڵی • چینی کرێکار وا لە پلەی دووەم‌داو هێندێکیان لە چەند بنکەی سنعەتی‌دا خەریکی کارن وەك کارگەو بنکەو بنیاتی نەوت و سەدی فورات‌و کارگاکانی‌تر لە حەڵەب‌و دیمەشق‌و کاری ئاودێری لە ناوچەی کوردستان‌دا • بەڵام بەشی زۆری بریتی‌یە لە کرێکاران‌و زەحمەتکێشان کە بەشێوەی ناڕێك‌وپێك لەوێ کار دەکەن • وەك خزمەتکردن لە کاروباری ڕاگوێستن‌و پاك‌و خاوێنی‌و کاری وەرزی‌و کاری کاتی‌و سەرپێی • ئەم بەشە زیاتر لە بەشەکانی‌تر کەوتووەتە

ژێر زەختو زۆری شوێنیستی بەتایبەت لەباری بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەواری عەرەبی‌یەوەو بێبەش‌کردن لە پێناس‌و مافی هاونیشتمانی‌و بێبەش‌کردن لە پێوەندییان بە سەندیکای کرێکاران‌و کاردۆزەرەوەو هی‌ترەوە • بەڵام سەرمایەدار بە کۆی سەرمایەداری کۆکەرەوە (احتکار)و نەقشی کۆمپرادوری هەیەو لە شارو ناوەندەکان ، دادەنیشێ‌و بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاری بازرگانی‌و کشتوکاڵی دەکاو کۆی ناوەندی دابەش دەکرێ کە گەرمیان‌و کوێستان دەکاو دەچێتە دێ و دەگەڕێتەوە بۆ شارو لەڕاستی‌دا ، وردە سەرمایەدارە • زۆربەی خەڵکی کورد لەمانە پێکهاتووە • ڕووناکبیرەکان لەم بەشەن • شێوەی بەرهەم هێنانی خاوەن برەو لە ناوچە کوردنشینەکاندا ، سەرمایەداری‌یە • وەك شێوازی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان(١) •

لەسووریەدا ، لەوکاتەوە لەو وڵاتە حکوومەت دامەزراوە ، کورد لەژێر زەبروزەنگ‌دا بووەو لە بوونی گۆمان کراوە • بەجۆرێك ئەوەی تا ئێستا برەوی هەبووە ، بریتی بووە لە نکوولی کردن لە بوونی گەلی کورد ، لەو وڵاتە ! وەك گەلێك کە لە نیشتمان‌و هەل‌ومەرج‌و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆی ، کەڵك وەربگرێ بەوشێوە کە مافی هەر نەتەوەیەکە کە لەو تایبەتمەندی‌یانە کەڵك وەربگرێ ، ئەویش بریتی‌یە لە زەوی هاوبەش ، زمانی هاوبەش ، خۆو خەدە ، باری دەروونی هاوبەش ، شێوازو هۆی ئابووری هاوبەش‌و سەرئەنجام مێژووی هاوبەش ، سەرنجی نەدراوە • لەکاتی پێکهاتنی ئەو

---

(١) وثائق المؤتمر السادس ، لحزب الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا . ١٩٨٧ لاپەڕەی ٦٤ .

حکوومەتەوە لـە بوونی نەتەوەی کورد باسێ نەکراوەو وەك نەتەوەی عـەرەبو لەتەنیشت ئەو نەتەوە ، دان بە بوونیدا ، نەنراوەو ئـەو سیاسەتەش هـەتا ئێستا (١٩٨٧) هەروەها تا ساڵی ١٩٩١یش درێـژەی هـەیە • لەکاتێکدا ، حەشیمەتی کورد ١٠٪ی حەشیمەتی ئەو وڵاتـە پێکدێنێ ، ئەو نکووڵی کردنە هـەر درێژەی هەیە • لەژێر پەردەی ڕەشی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەدا ، تەوژمی تواندنەوە ، درێژەی هەیە• ناهێڵن مناڵەکانیان بە نازی کوردی ناودێر بـکەن ، ناوچـەو گوندو شـارە کوردەکـان ناوی عەرەبیان لـێ دەنێن ، تەنانەت ناوی ڕێکخراوەکانیش دەگۆڕن ! لە جزیرە بەزیاتر لە ١٥٠ هەزار کـورد پێناسیان نەداوەو لـە مـافی هاونیشتمانی بێبەش کراون ! لـە حاڵێکدا لـەوە ئاگادارن ئەم مافـە مافێکی بنەڕەتی لە مافەکانی مرۆڤە • هەروەها جووتیـارە کوردەکان ، مافی بەرهەم هێنانیان لـە زەوی یان خـاوەن مڵکایەتی زەویان تەنانەت بەپێی یاسای خـاوەنبرەو نیە ! یەك لەمـانە یاسـای چارەسەرکردنی کشتوکاڵە کـە لەوێدا برەوی هـەیە ، بێبەش کردن لـە کـارو فێربوونو پەروەردەکردنو چوونە نێو کۆڕی سەندیکاکانەوە ! لـەو ماوەیەدا حشیمەتێکی زۆر لـە کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان هەڵگیراونو عـەرەبیان لە جێگایان داناوە • هـەزاران بنەماڵەی عـەرەب لـە ٣٠ گوندی کوردەواریدا ، دانراونو گشـت ئامرازێـکی ژیانی نوێیـان بـۆ دابین کردوون • وەك قوتابخـانەو ئاودەسخانەو شتیتر و زۆربەشیان چـەکدار کراون • گشت ئەمـانە ئەگەڕنەوە سـەر نکووڵی کردن لـە بوونی نەتەوەی کورد • لەگـەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە گەلی کورد بتوێننەوە • بەڵام زیانی گەورەیان بە گەشەکردنی شارەکـانو یەکبوونیو یەکگرتوویی نەتەوەکانی سوریەو هەروەهـا زەبری کاریـگەریان بە ئابووری نیشتمانی گـەیاندووە •

بەوپێیــەو بەهۆی بێبەشکردنی جووتیارە کوردەکان لە کێڵانی زەوی‌و بەرهەمهێنان ، گــەنم‌و دانەوێڵەو لۆکەو شتی‌تر ، زۆر کەم بوونەتەوە • وڵات تووشی قـــەیرانی ئابووری بووەو سەرمـایەداری کشتوکـاڵی‌و دەسەڵاتداران بەرهەمی زەوی‌یەکان ئەخۆن‌و تازانجی فرە ئەچێتـــە گیرفانی تالانچی‌یەکان (١) •

بەوپێیــە باری خوێندەواری نەتەوەی کورد ، لــەو وڵاتە ، ئاشکرا دەبێ‌و بــە لەبەرچاوگرتنی باری سیاسی‌و ئابووریان ، ڕادەی توانـای فێرکردن‌و فێربوون‌و ئامرازی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەکەوێ • کــەسێك مافی پێـدانی پێناسی نەبێ ، چـــۆن قوتابخانەو فێرگــەو زانستگەی بۆ دادەمەزرێنن ؟! دیارە باسی خوێندن‌و نووسین بە زمـانی زکماکی ، هەر ناکــەین‌و بە عەرەبی‌یەکەش بەپێی ئەو بارەی چینایەتی‌و پێكهـــاتنی توێژەکان ، دەبێ لــەو بوارەش‌دا ، زۆربەی زۆریان دەرەتانی خوێندنیان نەبێ • چوونــکە بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراومان وەك سەرژماری بەدەستەوە نیە ، ئەو قەبڵاندنە ، گۆترەکاری‌یە •

لەبەرئەوە زۆربەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لــە خاکی کوردستانی تورکیــەدا دەژین‌و دەشکرێ بڵێین لــە گۆڕەپانی خەبات بۆ ئازادی لــە گشت بەشەکانی‌تری کوردستان ، زیانی زیاتریان دیوە ، بــە پێویستــم زانی لــە گشت بارێــکەوە بەتایبەت ، لەبارەی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و شێوەی ژیانیان ، هێندێك زیاتر باس بــکەم • هەربۆیە بەشـێك لـــەم نووسینە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەین •

---

(١) مؤتمر السادس . پێشوو لاپەڕی ٩٦ـ٩٥ .

## کوردستانی تورکیەو دۆخی ژیانی کوردەکان :

لـە بەشی دووەمی ئـەم نووسراوەدا ، لەسەر خەبات‌و سەرکەتن‌و شکست‌و چـارەڕەشی‌و کێشە عەشیرەتی‌یەکان‌و هەڵوێستی ئیمپراتووری عوسمانی لەســەر مەسەلەی کوردو سیاسەتی کەمالیستەکان ، هەرچـەند بەکورتی ، هێندێك زانیاریمان ، بە ئاگاداری ئێوەی بەڕێزی خوێنـــەر گـەیاند • لـەم بەشەدا دەمانهەوێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئـەو نەتەوە ، لەژێر دەســـەڵاتی حکوومەتی تورکیەدا ، بەپێی ئیمـــکان شی‌بکەینەوە •

تا ساڵی ١٩٥٠ حیزبی کۆماری گـەل واتا کەمالیستەکان ، هێشتـا لەســەر کاربوون ، لەوساڵەدا پارتی دێمۆکراتی تورکیە ، هـاتە سـەر کـار • بەڵام لـە هەڵوێستدا ، جیاوازیەکیـان نەبوو • لـەڕاستی‌دا کێ‌بەرکێی ، دوو بورژوازی بوو • عـــەدنان مەندەریس لەگــەڵ ئیمپریالیستەکان ، پەیمـانی بەست‌و لەوبارەوە بەهێزتر بوو و بوو بـە ئەندامی ناتۆ • سەرمایەکانی دەرەوە بە لێشاو گەیشتە تورکیەو سەنعەتی پێکەوەلکان (مونتاژ) پەرەی‌سەند • ئیزنی دا لـە سەرانسەری تورکیە ، دۆزینەوەی نەوت بەهۆی بێگانەکان ، دەس‌پێ‌بکا • بەهۆی ئەو هەنگاوە ئابووری‌یە ، لەلایەك دەیانەویست سامـان پێکەوەبنێن‌و سەرمایەداری لە تورکیــە گەشەبـکا ، بەتایبەتی بۆرژوازی بازرگانی ، لەلایەکی‌ترەوەبۆ زیادکردنی سەرمایە دانانی دەرەوەیی ، هــەوڵی دەدا • ئـەو شــێوە هەوڵدانە لەگەڵ چوارچێوەی تەنـگی بێ‌پێوەندی سەرمایەداری ئەوکاتی تورکیە ، یەکیان نەدەگرتەوە • لـە کشتوکاڵ پێویست بوو سەرچاوەکان زۆرتر بن‌و پتر پەرەی پێ‌بدەن • هــەر بۆیە دەستیان‌کرد بە ڕێــگاوبان دروست‌کردن و دەستێکیان بەســەر گوندنشینەکانیش‌دا هێنا • بێــگومان

کوردستان بۆ سەرمایەدانانی دەرەوەیی ، بازاڕێکی گرنگو تایبەتی بوو ، لە باری سەرچاوە ژێرزەویو سەرزەوییەکانەوە ، تەنیا بە بۆچوونی ئیمپریالیستی نوێ ، تالانکردنی سەرچاوەکان بەس نەبوو ، ئەوەندەی بۆ کوردستان هەبوو کە بەرهەمەکان دەبران بۆ بەشەکانی تری تورکیەو دەرەوە • وای لێهات لە کوردستان پێوەندی حکوومەت لەگەڵ دەرەبەگو شێخو مەلاکان ، پتەوتر بێ • لە هەمان کاتدا دەیهەویست سەرمایەداری ، پەرەپێبداو ئەمەش بە قازانجی ئیمپریالیستەکان بوو •

هەر بۆیە بۆ گوندی ئاغاکان ، ڕێگایان کێشاو وامیان بە بەگەکان دا کە خانوبەرەی پێی دروستبکەنو ئامرازی نوێی ژیانیپێی بکڕانو بەم جۆرە لە کاری بازرگانیدا دەستیان ئاوەڵا کرا • لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا باری کشتوکاڵو ئاژەڵداری بەرەبەرە پەرەیسەند • پێوەندی شارو گوند پتەو بوو • وامسەندن لە بانگەکان لەلایەن گوندنشینەکانەوە پەرەی سەندو هاتوچۆی خەڵك بۆ شارەکانی تورکیە ، کۆچی کرێکاری وەرزی دەستی پێکرد • هاتووچۆو ئامرازی بەرهەمهێنان ، زیاد بوو • لەو پلەدا موندەریس لە شارەکانی کوردستان وەك ئالازخ ، ئەرزڕۆمو ئەرزەنجان ، کارگەی قەندی دروستکرد • لە وکاتەدا (١٩٥٩) لە تورکیە ٤٩ لقی بانگ هەبوو • کەچی لە کوردستان تەنیا دوو بانگ هەبووە • ٤٨ بانگی کشتوکاڵی هەبووە لە کوردستان هیچ نەبوو • ئەو بنکەو بنیاتە سەنعەتییانە لەژێر ڕکێفی بانگی دەوڵەتیدا بوون ، بەگشتی ٢١ دەزگا بوون کە ٣ بنکەی لە کوردستاندا بوو • ئەتیبانگ لە تورکیە ٩ لقی هەبوو و ٥٦٧ بنکەی سەرمایەدانانی هەبوو و لە کوردستان ٢ لقی دامەزرابوو(١) •

---

(١) P62-66 چاپەمەنی ڕێگای ئازادی ، Ekonmik Ve Sosyal Yapi

لـه ئاکامدا بەگشتی لـە کوردستان بۆ بەرەوپێش بردنی سەنعەت ، هەنگاوێکی بەرچاو هەڵنەگیراوە • بەگوێرەی ئەو سەرژمارەیەی کـە ڕامانگەیاند لە ٢٤٢ بنـکەی بازرگانیو بانـکی ، تەنیا ٩ بنـکە لـە کوردستان بوو • ٥ دەزگای سەنعەتی فەرشو درووماںو کاری دەستی وردە ، ٤ دەزگاش بنکەی سەنعەتی سەرچاوە ژێرزەوینی یەکان وەك لە (دبورێك) ئاسن ، لـە ئالازخ کروم ، لە «کابان» قورقوشمو لە «ئەرگان» مس • ئەمـانە بۆ گەشەکردنی ئابووری نیشتمانی لە کوردستان ، هیچ قازانجێـکیان نەبوو • سەرەڕای ئەوەش ، مـەبەست لە دانانیشیان ، تالاکردنی سەرچاوە ژێرزەوینی یەکانی کوردستان بوو •

لە ١٩٦٠ بەملاوە ، تورکیە هەر پێنج ساڵ جارێك بۆ گەشەکردنی باری ئابووری بەرنامـەڕێژی دەکـردو مـەبەستی جێبەجێکـردنی گیـروگرفتە ئابووری و سیاسی یەکـانی بۆرژوازی بوو • لـە تایبەتمەندی یەکانی ئەم دەورە :

یەکەم ـ پاشکەوتوویی ناوچەکان کەوتە بەر باس • بەتایبەت لـە کوردستان ، لەبەرئەوە گیروگرفتی ئەوتۆ لەسەر خۆی لابەرێ ، گشت تورکیە کـە حەوت ویلایەت بوو ، کرا بە نزیك ٧١ ویلایەت • لـەبەر دابەش کردنی داهاتی گەلی بەسەر ناوچەکاندا ، ئەو زیاد کردنە کرا بە بەرنامە • تازە ئەو هەنگاوەیان بەهۆی فشاری نەیاران هەڵگرتەوە •

حکوومەت بۆخۆی دەیەویست باری سەرمایەدانان ، پەرەپێـدا • سەرمایەدارەکـان بەڵێنیاندا کێبـەرکێ لەنێوان ڕێـکخراوە بورژوازی یەکاندا پێك بێنن • پاش دە ساڵ نیشانی دا کە بەڵێنەکانیـان ڕاستنەبوو • جیـاوازی نێوان بەشەکـانی تورکیەو کوردستان ، بەڕواڵەت دنەدەری پێكهێنانی ئەو بارەبوو • بەلام نەتەنیا ئەو جیاوازی یە

لانەچوو ، بەڵکوو زۆرتریش بوو و خودی بۆرژوازیش مل بۆ ئـــەو راستی‌یە دادەنوێنێ • لەم‌بارەدا ئامارەکانی ڕێژیم بەڵگەن •

دابەش‌کردنی داهاتی نەتەوەیی بەســەر ناوچەکان‌دا لەســـەدی ١٤/٧٪ بنەماڵەی تورکیە کوردن • لـە داهاتی میللی ٩/٩٪ بۆ کـورد تەرخـان کراوە • هەربۆیە بەشەکانی‌تری تورکیە وەك ئورووپایـە • ناتەبایی نێوان ناوچەکان لـە بەرنامـەی یەکەمی پێنج ساڵەی ئابووری‌دا وەك گیروگرفتێك کـــە دەبوو چارەسەری بـکەن ، دانرا • لـە هەر سێ پلەی بەرنامەی پێنج ساڵەدا ، سیاسەتی جۆراوجۆر ، ڕچاوکراوە • بەڵام چارەسەر نەکرا هیچ ، بەڵکوو زیاتریش بوو • ئەو ناوچـــانەی کـە گرنگیان پێدرا ، لـە داهاتی گـــەلی ٣٤/٧٪ بۆیان تەرخان‌کرا • بەگشتی لە بەرنامـەی یەکەم‌دا بۆ کوردستان ١٩/٦٪ تەرخان‌کرا • ئەو بەشەش بۆ نەخۆشخانەو ڕێگاوبان‌و بەکورتی بۆکاروباری کۆمەڵایەتی ( نەك ئابووری ) خـەرج‌کرا •

ئەو بنکانەی لـە کوردستان دامـەزراون ، پێداویستی‌یەکانی گەلی کـــورد دابین ناکـەن‌و ئەرکی سەرشانیان بەڕێوەنابەن • بەگوێرەی بەرنامەی ١و٢ بەرەبەرە بەشی کوردستان لە داهاتی گەلی ، کەم‌دەبێتەوە • لـە بەرنامەی دووەم‌دا ١٧/١٪ بۆ کوردستان تەرخان‌کرا • لە بەرنامەی سێهـەم کـــەمتر لەوەیـە • داهـــاتی سەرانەی گـەلی کورد لـــە بنکەسەنعەتی‌یەکانی وڵاتدا ، ژیانی بنەماڵەکان دابین‌ناکا • ئـەم بارە تا ساڵی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ درێژەی هـــەبوو • ئێستا لـــە کوردستان سەرەتاکـانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری ، دەرکـەوتووە • کشتوکاڵ میکانیزە نەکراوە • هـەر شێوەی کۆن لە بەرهەم‌هێنان‌دا ، بەردەوامە • بۆ سەلماندنی ئەوە کـــە کوردستان لەباری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەوە

هێشتا نیوە فیئودالی‌یە ، دەکرێ چاوێك لە باری فەرهەنـگی‌و کۆمەڵایەتی کوردستان بکرێ ، تا ڕاستی‌یەکە دەرکـەوێ . کـەوابوو پێوەندی‌یە جووتیاری‌و وەرزێری‌یەکـان بەنیسبەتی زەوی‌و دەسەڵاتی ئێـــداری ئاغاکان ، هــەر مـاوە . لــە بەشێکی زۆر لە کوردستانی تورکیـەدا ، چوارچێوەی عەشیرەتی ، بەهێزە ! بەتایبەت لە بۆتان کـــە دەوروبەری مـاردین‌و جزیرەیەو کشتوکـــاڵ کـەمەو ژیانی ئاژەڵـــداری‌و قاچاخچیەتی برەوی هــەیەو بەتوندی مەزهەب زاڵە . پێوەندی سەرۆك عەشیرەتەکان لەگـەڵ حکوومەت ، پەوەو ئەوان بـــە دنەی حکوومەت دەبنــە لەمپەری هــەر شێوە پێشکەوتنخوازی‌یەکی نوێ‌و بەرهەڵستی دەکــەن . لــە ماردین‌و سیرت‌و ئورفەو بتلیس‌و بەشێك لـــە وان‌و هەکاری ، پێوەندی عەشیرەتی بەهێزەو دەرەبەگەکان لە چەوساندنەوەی خـەڵکدا ، لــە پشتیوانی حکوومەت کەڵك وەردەگرن . شێوەی ژیان‌و پێـــوەندی‌یە کومەڵایەتی‌یەکان ، هێشتا وەك دەورەی چەرخــــەکانی نێوەڕاستە ! لــە جزیرە زۆربەی خەڵك کۆچەرەو کـەمتر بە زەوی‌و کشتوکاڵەوە ، پێوەندی‌یان هـــەیە . ناوچەکانی قارس ، ئـەرزڕۆم ، ئەرزەنجان ، بینگۆڵ ، قەهرەمان ، ماراش ، قازی عەنتاب ، ئادی‌ئەمان ، ئاگری ، بەشێك لـەوان ، مووش‌و ئەوانی‌تر ، بەکورتی دەکرێ بڵێین سیستەمی عەشیرەتی‌یان تێـدا نەماوەو هێندێك پاشماوەی فەرهەنـــگی عەشیرەتی ، هێشتا بنەبڕ نەبووە . لــە بواری ئابووری‌و فەرهەنـگی‌دا ، ئەم ناوچانە لـەوانی دیـکە پێشکەوتووترن ، لەم‌بەشەدا فەرهەنـگی بورژوازی میللی چکۆلە زاڵە .

بەپێی سەرژماری حکوومەتی تورکیەو ژماردنی ویلایەت بە ویلات ، بەگشتی خاکی کوردستانی تورکیە ۲٤٦/۳۱۰ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە

کە گەورەترین شاری کوردستان ئەرزڕومە کە ٢٦٥٨٢ کیلۆمیتری چوارگۆشەیەو بچکۆلەترینی هەکاری‌یە کە ٥٨٥٩ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە(١) •

بەوپێیە پلەی خوێندەواری ناتوانی بەرز بێو لەو جێگایانەدا باری عەشیەرەتی زاڵە ، پێشگرتن بە خوێندنو پەرسەندنی پەروەردەو فێرکردن ، بەردەوامەو بەرزبوونەوەی پلەی خوێندەواری بە زیانی درێژەپێدانی باری دەرەبەگایەتی‌و عەشیرەتی‌یە •

سەدی ٤٧/٣٪ ئەو خاکە بۆ ئاژەڵداری دەبێ‌و شاخاوی‌و ئاودارە ٢٢/٣٪ بۆ کێڵان ٢/١٢٪ی بۆ باخات • زەوی دەیمی لە ئاوی زۆرترە ٢٢/٩٪ دیمەو ٢/٣٪ ئاوی‌یە • کەوابوو لە حەوت بەش زەوی کێڵگە ، بەشێکی ئاوییە • باختی چوار لەیەکەو بۆ دارستانی ٨/٤٪ی دارستانە • ئەو کەسانەی لە سیفر تا ٢٠ هێکتار زەوی‌یان هەیە ٤٥/٤٪ی دانیشتوانی کوردستان پێک‌دێنن • ٢/٢٢٪ی زەوییان لەدەست‌دایە • ئەوانەی ٢٠ تا ٥٠ هیکتاریان هەیە ٣٧/٣٪ی دانیشتوان پێک‌دێنن کە ٢/٢٢٪ی زەوی‌یان لەدەست‌دایە • ئەوانەی کە لە پلەی سەرەوەن ئەوانەن کە ٢٠٠ هێکتار زەوییان لەدەست‌دایە • بۆنموونە ، لە ناوچەکانی بۆتان ، ماردین‌و ئورفە لە جنووبی کوردستانی تورکیە ، ئەوکەسانە کە ٢٠٠ هێکتار زەوی‌یان هەیە ، بەگشتی زۆرتر لە نیوەی زەویان داگیر کردوە • ئەوانەش ئاغاو دەرەبەگەکانن • بەگشتی ٥٢٤ گوند لە کوردستانی تورکیەدا یان ملکی شەخسە یان ملکی بنەماڵەیە •

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ٩٣ ـ ٧٠ • دوکتۆر قاسملو نووسیویەتی ١٩٤/٤٠٠ کیلۆمیتری کوردستان لە تورکیە ١٢٤/٩٥٠ لە ئێران ٧٢/٠٠٠ لە عێراق‌و ١٨/٣٠٠ی لە سووریەیە ، کوردستان‌وکورد ، لاپەڕی ١٣ •

لەمانە ٣٦٠ گوندیان لە جنووبدان • لە باکووری کوردستان بنەماڵەی جۆچینو ڕەشایی بێزەوی ٢٧/٣٠ لە باشوور ٤٣/٨ لەسەداو لە ڕۆژئاوا ٣٤/٢٠٪ بێزەوین • بەگوێرەی سەرژماری ١٩٨١ ئەو بارو دۆخە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە • هەروەها بەگوێرەی سەرژماری ١٩٨٥ی ڕۆژنامەی «جمهوریت» ٥٨٪ بنەماڵە لە مووش ٥٤٪ لە قارس ٥٢٪ لە هەکاری ٤٦٪ لە دیاربەکر ٤٥٪ لە سیرت ٤٥٪ لە ئاگری ٤٤٪ لە ئورفە ٤٢٪ بێزەوین • چوونکە هێشتا دابەشکردنی زەوی لەسەر بناخەی سیستەمی دەرەبەگایەتی یە •

خاوەنملکە چووکەکان ، جاروبار زەوی یەکانیان بە پووڵ دەدەن بۆیان بکێڵن ٨٤/٤٣٪ی بنەماڵە بێزەوییەکان بە نیوەیی و جۆری تر ، زەوی دەکێڵن • ئەو بارە نیشاندەدا ، ئابووری فیئۆدالی هێشتا شوێنەواری خۆی پاراستووە[1] •

دیارە کە پێوەندی ئابووری دەرەبەگایەتی لەئارادا بوو ، بێ ئەملاو ئەولا ، پێوەندی یە کۆمەلایەتی و فەرهەنگی یەکانی ئەو دەورە ، بە ژیانی خۆیان درێژە دەدەن • بێگومان بە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵو گورانی باری ژیانو شێوەی بەرهەم هێنان ، پێوەندی یە فیئۆدالی یەکان بەرەبەرە جێگای خۆیان بە پێوەندی یەکانی سەرمایەداری دەدەنو وەزعی زەویوزاریش بەرەو میکانیزەکردن ، ملی ڕێگادەگرێ و بەوپێیە دەبێ تائێستا ئەو دۆخە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ • بەگشتی لە باکووری کوردستانی تورکیە ١٢٠٧٦٩ جووتگاو ٣٨٣١٠ پولوك یان کۆتان (بە چەند گا پێکەوە زەوی کێلان) هەیەو تراکتۆر ١٠٦٦٢ •

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٠٩ـ٩٦ •

له باشــوور ١٧١٧١٩ دەزگــا ٣٣٦٩٢ كۆتان‌و ٢١٦٩٩ تواكتۆر ، كەڵكیان لێ وەردەگیردرێ •

له ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی كوردستانی توركیه ، ٢٨٢٤٧ گاجووت، ١١٤٢٢ كۆتان ، ٢٥٤٧ تراكتۆر هــەن • ئەم سەرژمارییە ، ئــەوە نیشان‌دەدا كــه دەورەی گاجووت له كەرەستەی كۆنی كشتوكاڵییه تا چ ڕادەیەكە •

ئەم دۆخــه دەری‌دەخا كــه كەڵك‌وەرگرتن له هێزی قۆڵ‌و تارەقی نێوچاوان بۆ وەدەست‌هێنانی پاروەنانێك‌و بێ‌دەرەتانی فەرهەنگی‌و كــەڵك وەرنەگرتن له ئامرازی نوێ بەرهەم‌هێنان ، لەجێی خۆیەتی‌و بنــكەو بنیاتی ئەوتۆ لەو خاكەدا هێشتا دانەمەزراوە ، كــه ئەركی بنەماڵەكان كەم‌بكاتەوەو دەوری خۆی بگێڕێ • قوتابخانە ، نەخۆشخانە ، دەرمانگاو بنكەو بنیاتی سەنعەتی‌و كشتوكاڵی‌و پەروەردەیی، بەجۆرێك دانەمەزراون كه هێندێك له ئەركه قورسەكانی ژیانی بنەماڵەكان ، وەئەستۆ بگرن !

بێــگومان تراكتۆرو كۆتانەكان وان له خزمــەتی دەرەبەگ‌و خاوەن‌زەوییە بەرفروانەكاندا ( جاری‌وایــه دوو بنەمــاڵه تراكتۆرێك دەگرن‌و بۆ كەسێكی‌تریش كاردەكا ) • لــەم دوایانەدا ئامرازی تازەی بەرهەم‌هێنان شوێنی باشی داناوە[1] •

كودی شیمیایی بەگوێرەی سەرژماری ١٩٧٠ لــه توركیه لەبۆ هێكتارێك زەوی كودی مەسرەفی بەنرخی ٨ تا ٩ لیره بووە • بە لــە بەرچاوگرتنی ئەوە بۆ هێكتارێك زەوی نرخی ١ تا ٢ لیره كود تەرخان دەكــرێ • بەتایبەتی ئەگری ئارتلین ، فارس ، بینــگوڵ ، هەكــاری ،

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١١٤ ــ ١٠٩ سەرژمــاری ســاڵی ١٩٧٨ ــ ١٩٧٦ •

ماردین ، مووش ، ئورفەو سییرت لەمانە بەشی کودی شیمیایی بۆ هێکتارێك نرخی ١ لیرە کودیان بەرناکەوێ • ئەوانەی هەتا ٤٠ هێکتاریان هەیە ، ناتوانن لە کود کەڵك وەربگرن • ئەو بنکە کشتوکاڵیانەی ٢٠٠ تا ٥٠٠ هێکتار زەوییان هەیە ، کودی شیمیای لە ئیختیاریاندایە • ئەوانەش بەگشتی ٩٩/١٠٪ کود لەکاردێنن(١) •

هەرچەند ئامرازی تازەی کشتوکاڵ زۆر بووە ، بەڵام ناڵوگۆڕێکی قووڵ لە باری کۆمەڵایەتیو ئابووری یەوە ، بەرچاوناکەوێ • گشت کەس ناتوانی لەو ئامرازو کودو شتی لەو پێوەندی یەدا ، کەڵك وەربگرێو ژیانی زەحمەتکێشان بەپێی بەرزبوونەوەی پلەی ژیانی سەرمایەدارانو زەویدارەکان ، دژوارترەو ناتەبایی یەکە زۆرتر بووە : ئەگەر کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری تورکیە هەڵسەنگێندرێ ، جیاوازی یە کەبەگشتی زۆرترە ، چوونکە جووتیارانی تورك ئەگەر زەوی کەمتریشیان بێ ، لە ئیمکاناتی میکانیزەکردنی زەوی کەڵك وەردەگرنو لە ئاکامدا ، بەرهەمیان زۆرترە •

وەك لە باسی ئاژەڵداری دا باس کرا ، ئاژەڵداری ئیستاش لە کوردستانی تورکیە وەك داهاتی بنەڕەتی نیشتمانی لە بەرچاو دەگیردرێ • بەڵام لە باری گەشەکردنی سیستەمی ئاژەڵداری یەوە ، بەرەوپێش نەچووە وەك بەشەکانی تری کوردستان ، بەشێوەی کۆن ، بەڕێوەدەچێ : لە شارەکان چەند کارگەی شیرەمەنی هەن کە بەتەواوی کارناکەنو شیری پێویست ناگاتە کارگان • شێوەی بەخێوکردنی ئاژەڵەکان ، بەمچەشنەیە : ئەوەی کەمی هەبێ ، بۆ خۆیو ئەوی تر بەنۆرە ، دەبنە شوانیدێ • ئەوەی ئاژەڵی زۆرە ، شوان دەگرێو هەر ٢٠ مەڕە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٢٤ ــ ١٢١ •

کاوڕێك بە شوانەکە دەدا • ئەم بەشە لەباری ئابووریەوە ، دەوری بەرچاوی هەیەو کەلێنی قوول بڕدەکاتەوە • بۆنموونە فرۆشتنی گۆشت بەدەرەوەی وڵات لە ۱۹۸۰ تا ۱۹۸۱ **(۹۸) ملیۆن لە ۱۹۸۱** تا **۱۹۸۲ لە ۱۹۸** ملیۆن تا ۳۷۰ ملیۆن دۆلار بووەو بەگشتی ۵۹۵ ملیۆن فرۆشراوە(۱) • کە زۆربەی زۆری ئەم گۆشتە هی کوردستان بووە • هەروەها پێستو خۆری لە سەنعەتی سیپاڵو فەرش‌سازی‌دا ، نەخشی بەرچاوی هەیە •

سەرەڕای ئەمانە وەك لە باسی بازرگانی‌دا هێنامان پێکرد ، لە سنوورەکان ئاژەڵدارەکان بە شێوەی قاچاخ ئاژەڵەکەیان دەفرۆشن • چوونکە حکوومەت بە نرخی هەرزان دەیانکڕێ ، ناچارن لەوڕێگاوە هەنگاو هەڵبگرن • پەروارکەرەکان لە بازاڕی نێوخۆیی‌دا ، لەگەل حکومەت پێوەندی‌یان هەیەو ئاژەڵ لە خەڵکی گوندەکان دەکڕن و پاش ماوەیەك بە کاربەدەستانی دەوڵەتی دەفرۆشن • شوانەکان وەك کوردستانی ئێران شەرتوپێلاوەمز ، وەردەکرن • نێوەندی شیر فرۆشی لە دەوروبەری گوندەکان هەیە کە شیری زیادی لە گوندی‌یەکان دەکڕن • ئەوانیش بەرەو کارگە شیرەمەنی‌یەکان وەڕێدەکەون• شیریش سەلەم دەکرێ ! هێندێك شیرکڕ شیرەکەیان دەکەنە پەنیرو دەیفرۆشن • باری بازرگانی‌یەکەش وەك کوردستانەکانی‌تر ، بەشێوەی چەرچیگەری‌و کڕینی پێداویستی‌یەکانی خەڵك لە شارەکانی‌تری تورکیە ، بۆ دووکانەکان ، پاشان قاچاخفرۆشی‌یە • بازاڕی نێوخۆیی کوردستان ، گوندەکان لە شارەکانی کوردستان‌و شارەکانی کوردستان لەگەڵ شارەکانی‌تری تورکیەو

---

(۱) ئابووری کوردستان ، سەرچاوی پێشوو ، لاپەڕی ۱۲۸ •

ئەوی تریشی لەگەڵ دەرەوەیە • ڕێژیم ڕێگای بۆ گوندەکان کێشاوە . مەبەستی یەکەم پێشگیری لە پەرەسەندنی جوولانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەمانەو مەبەستی دووەم بۆ گەیاندنی کوتاڵی ئیمپریالیستی بە کوردستان وەك وڵاتێکی مەسرەفیو دەرهێنانی سەرچاوە ژێرزەوینی یەکانیەتی •

ئەم بارە دەبێتە هۆی پێوەندی زیاتری گوندەکان لەگەڵ شارەکانو گوندنشینەکانو بەرهەمی تێکۆشانیان دەگەیننە بازاڕ • لەباری کشتوکاڵیەوە کوردستان گرنگی زۆرە ، بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی گەنمدا • کوێستانی هێندێك لە ناوچەکان لەلایەن ئاغاکانەوە ، گیاکەی دەفرۆشرێ • یەکێك بەپوولو ئەوی تر بەشێوەی وەرگرتنی شیرو مەڕو ڕۆنو شتی لەو چەشنە •

قەبارەی گشتی باری چینایەتی خەڵکی کوردستانی تورکیە خەریکە دۆخی دەرەبەگایەتی بەجێدێڵیو بەرەو چوارچێوەی سەرمایەداری دەڕوا • بەڵام بەو شێوە کە لە بەشەکانی تری تورکیەدا ڕەوتەکە دەڕوا ، لە کوردستان وا نیە • چوونکە ئەو بنکەو بنیاتانەی ڕێژیم لە کوردستان دروستی کردوون لەپێش هەموو شتێکدا ، قازانجو بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاوگرتووە نەك قازانجی گەلی کورد • بەگشتی بنکەو بنیاتە بەرهەمهێنەرەکانی تورکیە دەوڵەتین ١/١٥٪ی کارگاکان لە مەڵبەندی کوردستانن • ٢/٨٪ی ملکی شەخسین • حکوومەتی یەکان زۆربەیان لەم شارانەن :

٨ بنیات لە ئالازخو ئەرزرۆم • لەبەرامبەردا ١٤٤ کارگەی

بچووکی شەخسی لە قازی عەنتاب هەیە(١) • لە کوردستان ئـــەوەندە کریکار لە بنیانە سەنعەتی‌یەکانی حکوومەت‌دا ، کاردەکەن :

| ئەوکەسانەی لە بنکەو بنیاتە شەخسی‌یەکان کاردەکەن : | | حکوومەت : | |
|---|---|---|---|
| ١١٥ | دیاربەکر | ٨٦٥ | ١ ـ ئادی ئامان |
| ٨٣٠ | ئەلازخ | ٢٤٧ | ٢ ـ ئاگری |
| ٤٩٢ | ئەرزەنجان | ٤٣٩ | ٣ ـ بتلیس |
| ٣٩٩ | ئەرزۆم | ٧٧٤ | ٤ ـ دیاربەکر |
| ٢٠٤ | قازی‌عەنتەب | ٢٥٨٢ | ٥ ـ ئالازخ |
| گەورەترین شاری کوردستانی تورکیە | | | |
| ٨٣ | قارس | ١٥٥٧ | ٦ ـ ئەرزەنجان |
| ٩٥٢ | مەلاتیە | ١٥٣٩ | ٧ ـ ئەرزرۆم |
| ٦٤٣ | ماراش | ٩٣٤ | ٨ ـ قازی‌عەنتاب |
| ٤٠ | ئورفە | ١٧ | ٩ ـ هەکاری |
| ١٣٤ | وان | ٣٦٩ | ١٠ـ قارس |
| | | ٤٦٦١ | ١١ـ مالاتیە |
| کوی گشتی ٩٨٨٢ کەس(٢) | | ٩١٥ | ١٢ـ ماراش |
| | | ١٠ | ١٣ـ ماردین |

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٥٩ ـ ١٥٨ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٦٢ •

هەروەها ١٤ لە سیرت ١١٩٣ دەرسیم ١٢ ئورفە ٤٩٦ لـــەوان ٤٤٣ کەس کاردەکەن • کۆی گشتی ١٧٠٠٤٩ کەس •

هێندێك کارگەی بچووك لەم شارانەی خوارەوە دامەزراون :

١ ـ ئادی یامان ـ کارگـــەی توتن ، کارگەی دروست کردنی دەزوو رەنگردنی دەزوو •

٢ ـ بتلیس ـ کارگەی تووتوون ، کارگەی دروست کـــردن و چاك کردنەوەی گەمیەو قایق •

٣ ـ دیاربەکر ـ کارگـــەی دروست کردنی شەراوو هۆش پڕێن کارگەی بەن پێسی و گلێم و بەڕەسازی • کارگەی دروست کردنەوەی ئۆتۆمبیل و دروست کردنی ئامرازی کشتوکاڵی سوننەتی •

٤ ـ ئالازخ ـ کارگەی قەند ، شەرابسازی ، کارگـــەی مس ، چیمەنتۆ یان سیمان •

٥ ـ ئەرزەنجان ـ کارگەی قـــەند ، کارگەی دروست کردنی کەرەستەی رێـــگای ئاسن •

٦ ـ ئەرزرۆم ـ قەسابخانەی گەورە ، قەند ، دروست کـــردنی کەرەستەی کشتوکاڵ ، کارگەی دروستکردنی ئامرازی رێـــگای ئاسن و چاك کردنەوەی • کارگەی ئامادەکردنی خواردەمەنی ئاژەڵ •

٧ ـ غـــازی عەنتاب ـ قەسابخانە ، کارگـــەی کۆنسێروسازی ، دروست کردنی رۆنی زەیتوون • چیمەنتۆو کـــارگەی دروستکردنی عـــەرەق •

٨ ـ قارس ـ کارگەی شیرەمەنی چەند دەزگا •

٩ ـ مەلاتیە ـ قەند ، تووتوون ، جگەرە هەڵپێچان ، کارگـــەی جل و بەرگ دروستکردن لە دەزوو •

١٠ ـ مارداش ـ كارگەی جلوبەرگی دەزوو •

١١ ـ سیرت ـ كارگـەی ئامادەكردنی مەوادی بنەڕەتی شیمیایی ، دەزگای پاڵاوتن یان پاڵاوتنی نەوتو لوولەسازی ، دوو دەزگا •

١٢ ـ ئورفە ـ قەسابخانە ، كۆنسێرو كارگـەی كەرەسـەی كشتوكاڵ •

١٣ ـ وان كارخانەی سیمان یا چیمەنتۆو •

لێرەدا دەبیندرێ تا ساڵی ١٩٧١ لە كوردستان كارگـەو بنیـاتە حكوومەتی‌یەكان ، دەزگـای خواردەمەنیو چوار دەزگای دروستكردنی جلوبەرگ ، یەك دەزگای شیمیایی ، یەك پاڵاوتنخانەی نەوت ، یـەك دەزگای خەڵووزی بەردی ژێرزەوی،سێ دەزگای دروستكردنی ئامرازی كشتوكاڵو یەك دەزگای كارگەی مسو سێ سیمانو سێ دەزگـای كەرەسەی دووبارە دروستـكردنەوەی ئامرازی ڕێـگای ئاسـن ، دروست كراوە(١) •

دیارە ئێستا ئەو قـەبارە گۆڕاوە ، ئەگـەر چەندایەتی‌یەكەشی زیادی كردبێ ، لـە نێوەڕۆكدا ، پێوەندی‌یەكەناگۆڕدرێ ، ئابـووری توركیە خـاوەن پێوەندیەو هی كوردستانیش لەژێر ڕكێفی ئابووری ئـەو وڵاتەدایە • ئـەم بارودۆخـە نیشانەی لەنێوچـوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی‌یەو هـەرچەند گەشەكردنی سەرمایەداریو پـەلوبۆ هاویشتنی بۆ كوردستان بەشێوەی مشەخۆری‌یە ، ئاڵوگۆڕی كۆمەڵایەتی پێكدینیو پێوەندی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكان ، دەگۆڕیو باری نوێ خـۆ دەنوێنێ • با ئەوەش بڵێین ئەم كارگـە چووكانە پتر لـە خزمـەتی حكوومەتدانو زۆرتر خەڵـكی ناوچەكانی‌تری توركیە كەڵـكیان لـێ

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٦٨ـ١٦٦ •

وەردەگرن • قەسابخانەی ئەرزڕۆم بۆ ئەرتەش و گەورەکان قەسابی دەکا • لەڕاستی‌دا زۆربەی خەڵکی کوردستان داهاتی وایان نیە لەو گۆشتە بەئەندازەی پێویست بکڕن • خەڵووزی بەرد لە کوردستان‌دا لەکارناهێندرێ‌و دەیبەن بۆ کارگاکانی ناوچەکانی‌تر • کەرەستەی‌تری خاو لە کوردستان دەردێ‌و دەچێتە قوڕگی کارگە گەورەکانی بەشەکانی‌تری تورکیە • لەڕاستی‌دا کارگەکانی کوردستان زۆربەیان بۆ دەرهێنانی سەرچاوە ژێرزەوینی‌یەکان دامەزراون •

ئەو دەس‌کورتی‌یە لە کاتێک‌دایە کە ژمارەی حەشیمەت تا دێ زیاد دەکاو بەوپێیە ژمارەی بێکار زۆرتر دەبێ ، چوونکە جێگای کار زیاد ناکا یان ئەگەر زیادیش بکا وەڵامدەری ئەو سەرهەڵدانە نیە • هەر لەو پێوەندی‌یەدا ژمارەی ئەو منداڵانە کە دەبێ دەرس بخوێنن زۆرتر دەبێ‌و پێویستی دروستکردنی قوتابخانەو باخچەی منداڵان‌و بنکەو بنیاتی‌تر وەك کتێبخانە ، نەخۆشخانە ، جێی زاوزێ‌کردن ، بێ ئەملاو ئەولایە • بەو شێوە دڵسۆزی‌یەی حکوومەتی تورکیە سەبارەت بە گەلی کورد هەیەتی ، هەر لە سەرەتاوە دیارە بێ‌بەندوباری‌و بێ‌سەرەوبەرەیی لەبەر نەبوونی ئەو بنکەو بنیاتانە لە کوردستان‌دا ، بەرچاوەو بنەماڵەی کورد وەك ڕابوردوو زۆربەی ئەرکە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ، لە سەرشانی خۆیەتی !

بەپێی سەرژماری خودی حکوومەت لە ساڵی ١٩٨٠ قەبارەی دانیشتوانی کوردستانی تورکیە ، بەمجۆرەیە :

بەگشتی ٩/٠٧٦/٦٤٤ کەس • غازی‌عەنتاب کە گەورەترین شارە ٨٠٨/٦٩٧ دانیشتووی هەیە • هەکاری کە بچووکترین شارە ١٥٥/٤٦٣ دانیشتووی هەیە •

سەرژماریە گشتی یەکان بەمجۆرە نیشانیان داوە :

١ ـ ساڵی ١٩٢٧ حەشیمەتی کوردستان ٢/٥١٠/٥١٤ کەس !
٢ ـ ١٩٥٠ حەشیمەتی ٤/١٤٦/١١٨ کەس •
٣ ـ ١٩٦٠ حەشیمەتی ٥/٥٣٧/٥٣٧ کەس •
٤ ـ ١٩٧٠ حەشیمەتی ٧/٣١٤/٤٨٦ کەس •
٥ ـ ١٩٧٥ حەشیمەتی ٨/٢٨٧/٦٩٤ کەس •
٦ ـ ١٩٨٠ حەشیمەتی ٩/٠٧٦/٦٤٤ کەس(١) •

بەپێی ئەو سەرهەڵدانە دەکرێ بۆ هەر دە ساڵ دوو ملیۆن کەس لە بەرچاو بگرین • ئێستا کە باری لەش ساغی لەوسا لانەزیاترە ، ئەژماری ئەو هەڵدانە یەکجار ڕاست دێتە بەرچاو • بە لە بەرچاو گرتنی سیاسەتی حکوومەت بۆ کەمتر نیشاندانی حەشیمەتی کوردستان و بەپێی ئەو ڕاستی یە دەتوانین بۆ ئێستا واتا ساڵی ١٩٩١ی زایینی ١٢ میلیۆن دانیشتوو بۆ کوردستانی تورکیە لە بەرچاو بگرین • نزیکەی دوو میلیۆن کورد لە شارە تورکنشینەکان دەژین • کۆچی زۆرەملی لە دەورەی عوسمانی یەکانەوە تائێستا هەر بەردەوامە • نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس لە دەرەوەی وڵات دەژین • هۆی هێرشی کرێکارو وەرزێری کورد بۆ شارە سەنعەتی یەکانی تورکیەو مانەوەیان دوو شتە :

یەکەم ـ دەسکووڕتی و نەبوونی دەرەتانی کارکردن لە ناوچەکانی کوردستان داو زیادبوونی هێزی کار •

دووەم ـ بوونی جموجۆڵی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بۆ

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٧٦ • هەروەها مێژووی ئەدەبی کوردی ، سەجادی پێشوو ، لاپەڕی ٦٦ و ٦٧ کەکوردی تورکیە دەبێتە ٤/٧٥٠/٠٠٠ •

وەدەستهێنانی مافی ئینسانیو نەتەوایەتی کە لەوێیەدا حکومەت گوندەکان دەسووتێنێو خەڵکەکەی ناچاردەبن دەس لە زێدو نیشتمان هەڵبگرنو بەرەو شارو گوندەکانیتر ملی ڕێگا بگرن کە زۆربەیان بەرەو شارە تورکنشینەکان دەڕۆن . بۆنموونە لەبەر کۆچی زۆرەملی لە پەنای ئەنقەرە ، سێ بەش خانووبەرەی کوردنشین دروستکراوە . هێندێکیشیان بەرەو دەرەوەی تورکیە کۆچدەکەن .

ئەو ئەژمارەی باسمان کرد ، تازە بەپێی ئەژماری تورکیەش ناتوانی دروستبێ ، چوونکە زۆر جێگا هەن تا ئێستا ناوی خۆیانو ژمارەی دانیشتوانیان بە کاربەدەستانی حکوومەت نەداوەو پێناسیان نیە !

**ژمارەی کۆچکراوەکان :**

لە نێوان ساڵی ١٩٨٠ ــ ١٩٧٥ ئەو کۆچە بەمشێوە بوو : ئادی یامان ١٤٣٠ کەس . ئاگری ٢١٨٦ کەس . بینگوڵ ٢١٥٥ کەس، ئەرزەنجان ٤٦٥ کەس . غازیعەنتاب ٤١٣ کەس . هەکاری ١٦٧ . قارس ١٤٨٥ کەس . مالاتیە ١١٢٢ کەس . ماراش ٢٦٢ کەس . ماردین ٧٩٠ کەس . بتلیس ٧٦٤ کەس . دیاربەکر ٤٢٤ کەس . ئەلازخ ١١٧٧ کەس . ئەرزڕۆم ٥٥ کەس . مووش ٩٠٥ کەس . سییرت ٤٣٦ کەس . دەرسیم ١٤٦٤ کەس . ئورفە ٢١٥٥ کەس . وان ٥٩ کەس .

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ ــ ١٩٥٠ هێندێك لە شارەکانی کوردستان بوونە ناوەندی کۆچی گوندنشینەکان وەك ئەرزڕۆمو هێندێك شاریتر . لە ١٩٧٠ بەملاوە ، لەکوردستان ، هەمیشە کۆچکردن بەرەو شارەکانیتری تورکیە یان دەرەوە ، برەوی هەبووە(١) .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٨٢ .

له ساڵی ۱۹۵۰ ــ ۱۹٤۰ دانیشتوانی شارەکان ١/٥٪ زیادی کرد ٠
له ۱۹۷۰ ــ ۱۹٦۰ ، ١/٦٪ ، ۱۹۷۰ بەملاوە ۲۳٪ زیادی کردوە[1] ٠

ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخا کە ژیان لە گوندەکان بەهۆی جۆراوجۆری سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی ، دژوارەو خەڵك یان بۆ کارکردن یان لەبەر زەبروزەنگی دەسەلاتداران یان لەبەر نەبوونی ئاوو خاك ، کۆچدەکەنو لەئاکامدا باری کشتوکاڵی لاواز دەبێ ٠ هەرچەند کارگەو بنکەو بنیاتی گەورەی سەنعەتی لە شارە کوردنشینیەکاندا نیە ، بەلام حەشیمەتی بێکار لەو شارانەدا ، دەمێنێتەوەو بەشێوەی جۆراوجۆر ژیان بەسەردەبن ! ئەگەر سەرمایەدارەکان بیانەوێ ( کە دەیانهەوێ ) لە هێزی هەرزانی شانوباهوی کرێکاری کورد ، کەڵك وەربگرن ، دەرگا لەسەر پشتە ٠ دیارە ئەو کارە لە شارەکانیتری تورکیەدا ، بەتەواوی جێبەجێ دەبێ ٠

ئەم شێوە ژیانە کە کەندنی گیانە ، هۆیەکەی نەبوونی دەرەتانەو بەرتەسكبوونی گۆڕەپانی ژیانە ٠ لە شارەکان بارێکی نالەباری کۆمەلایەتی پێكدێنێ کە ئاکامەکەی ، هەژاری ، لاڕێی کۆمەلایەتی ، بێسەرەوبەرەییو نەخۆشیو دەروون پەرێشانیو دەیان دەردی بێدەرمانیترە ٠ جارێکیتر لە قاپۆڕێکیتردا جیاوازی پلەی ژیانو جیاوازی چینایەتی ، خۆیان دەنوێننو دەروون نەخۆشی ، ڕوودەکاتە خەڵكو چارەڕەشیو بێبەشی لە بوارێکیتری ژیاندا ، سەرهەڵدەدەن ٠

منداڵی زۆر،نەبونی خانووبەرە ، بێکاری ، غەریبیو نامۆیی کردن ، ستەمی نەتەوایەتیو دابونەریتی کۆنەپەرستانەو پەرەسەندنی فەرهەنگی

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٨٥ ٠

سەرمایەداری لەو وڵاتەدا ، دەبنە هۆی چارەڕەشی زیاترو جاری وایە کچو ژنی ئەو لێقەوماوانە ، دەبنە نێچیری سەرمایەدارەکانو لەبەر نانو بەڕێوەچوونی ژیان ، کەڵك لە بارودۆخ وەردەگرن • وەك کوونال چاو لە ژنان دەکەنو هێزی هەرزان بۆ کارگاکانیان ڕاودەکەن • ئەمەش لەکاتێکدایە کە سەرمایەدارو کرێکاری تورك ، تا ئێستا ڕێگایان نەداوە کرێکاری کورد ، پسپۆڕی پەیدا بکاو سەقامگیر بێو بەتەواوی تێکەڵی چینی کرێکاران بێ • ئەو بارە لە کوردستانی ئێرانیشدا ، باوەو ئەوجۆرە چاولێکردنە لەویش برەوی هەیە ! کەوابوو دەکرێ بەکورتیو بەگشتی بڵێین : پلەی خوێندەواری لە کوردستانی تورکیەدا ، نزمەو زۆربەی زۆری گەلەکەمان نەخوێندەوارە !

ئەو بنکەو بنیاتانەی کوردستانی تورکیە کەلەژێر ڕکێفی بیمەدان بەگوێرەی سەرژماری ساڵی ۱۹۷۷/۶۷۳۰۰ جێگاو بنکە بوون• بۆنموونە دووکانی کەوشدورین ، ڕمێردراوە • ساڵی ۱۹۸۳ ئەو ئەژمارە گەیشتە ۷۱۳۹۲ بنکە(۱) •

بەگوێرەی سەرژماریەکانی ساڵی ۱۹۸۳ لێرەدا ژمارەی کرێکارەکانمان بۆ دەرناکەوێ • بەڵام ئەوانەی بیمە کراون ژمارەکەیان ئاشکرایە کە بریتیە لە ۱۸٦٦۷۸ پیاوو ٦۹۷۱ ژن • بەگشتی ۱۹۳٦٤۹ کەس • هێندێك لەمانە کرێکاری وەرزینو بە کۆتایی هاتنی وەرزی تایبەتی ، کاری ئەوانیش کۆتایی پێدێ • داهاتی ڕۆژانەی هەر کرێکاری پیاو ۹۱۷ لیرەی تورکیەو بۆ ژن ۸۲۰ لیرەیە • لە بەرابەری ۲۵ پیاودا یەك ژن کاردەکا • لە زۆر جێگا وەك زۆر لەو کۆمەڵانەی سەرمایەداری ، دەیهەوێ گەشەبکاو کرێکاری قاچاخ ڕادەگرن • بەگوێرەی ڕاپۆرتی

---

(۱) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ۱۹۰ •

یاسـای بیمه ۳۱٪ی بنیاتەکان ، ڕاپۆرتی کاری خۆیان بە بیمـە داوە • ٦۹٪ی نەیداوەو کارەکەی بە کرێکاری قاچاخ هەڵدەسووڕێنێ • ئەویش لەبەر دوو دیاردەی ناحەزی سەرمایەداری یە :

یەکەم ــ بوونی دەرەتان بۆ وەدەرنانی کرێـکار •

دووەم ــ نەدانی مافی بیمــە(١) بەم پێیە کوردستان بازاڕێـکی مەسەرەفی گەورەیە بۆ سەرمایەداری خاوەن دەسەلات لە تورکیەوردو گەورەی سەرمایەدارەکانی کوردستان لەگەڵ سەرمایەدارەکانی تورکیە ، پێوەندی یان هــەیە • هــەم بەرهەمی کوردستان وەردەگرن وبەوانی دەدەن و هەم لەولاشەوە کوتاڵ دێننە کوردستان بۆمەسرەف •

لەباری سەرچاوەی ژێر زەوی دا ، کوردستـانی تورکیــە زۆر دەوڵەمەندە • بۆنموونە هەموو سەرچاوەکانی ئاسنی تورکیە لە کوردستانە • کوردســان لــەباری ئابووری یەوە ناوچــەیەکی ئیستراتیژیکی یە • ساڵەهایە سەرچاوەی ژێرزەوی ئاسن لەدیوریك لە ماڵاتیە وەدەردەخەن و لــە خزمــەتی سەرمایەدارەکاندایە • بێجگە لــە بینگوڵ ســەرچاوەی تازەیان دۆزیوتەوە • لــەم سەردەمەدا کــە نرخی نەوت لە سەرەوەیەو پێـگەی ئابووری وڵاتە ، تەنیا لــە کوردستان نەوت وەدەردێنن • لەباری فوسفات و کرۆمەوە کوردستان دەوڵەمەندە • لە مازی داغی (چیای مازی) ئەزۆت دۆزراوەتەوە کە لە سەرانسەری جیهاندا ، بەناوبانگە(٢) •

خۆی بەفراوانی لە «توزمورجە»و قارس و نزیك ئاگری هەیە •

لەبەرئەوەی چۆمەکان سەرەولێژیان زۆرە،بۆ دابین کردنی ئێنێرژی

---

(١) هەرئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٩٦ـ١٩٣ •
(٢) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٩٦ـ١٩٣ •

ڕۆژەی کارەبا ، زۆر بەکەڵکن . هەتا ئێستاش دەربەندی «کەبان ، کە لە سەرچۆمی فوراتە ، گەورەترین سەرچاوەی کارەبای تورکیەیە . لەژێر ناوی «کاپ» ( پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی جنووبی ئەنادۆڵ)دا کە لە دەیان دەربەند پێکهاتووەو هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە ، تێکۆشن بۆ کەڵک وەرگرتنی لەو چەشنە درێژەی هەیە . هەم لەباری ئاودێرانی دەشتی حەڕان کە ١٨٠ کیلۆمیتر درێژەو دەوروبەری‌وەك ئورفەو دیاربەکرو ئادیامان ، هەم بۆ بەرهەم‌هێنانی کارەبا ، زۆر کاریگەرەو تەنانەت دوو بەرابەری ئەو بەرهەمەش ، دەتوانێ بەدەرەوەی وڵات بفرۆشێ . دیارە ئەم‌پرۆژە ، کرێکاری زۆری بەخۆوە خەریك کردووەو ئەگەر کۆتایی پێی بێ ، لە داهاتوودا ، گەورەترین بنکەی کشتوکاڵی و ئاویاری پێکدێنێ .

### ئاکام وەرگرتن :

هێشتا شێوازی کۆمەڵی کوردەواری لە تورکیە نیوەفیئۆدالیە . ئەتاتورك بەیارمەتی شێخو دەربەگەکان ، دوژمنی نیشتمان وەدەردەنێ‌و ئیمتیازیان پێدەدا ، بە بەڵێنی دانی خۆی سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەتی فدراڵ ، وەفا ناکاو لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ دەرەبەگ‌و شێخەکان ، پێکدێ ! دژایەتی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەگەڵ سەرمایەداری نوێ لە تورکیەو هەستی نەتەوایەتی ، دەبنە هۆی ڕاپەڕینی جۆراوجۆر لە کوردستان . مەسەلەی دابەشکردنی زەوی بە پێشنیاری ئەتاتورك ، هۆیەکی‌تری ئەو شتە بوو . لەئاکامدا پاراستنی بەرژەوەندی فیئۆدالەکانی کوردستان لەلایەن کەمالیستەکانەوە لەبەرچاو گیرا . هەتا ساڵی ١٩٥٠ لە کوردستان هەڵبژاردن نەدەکرا . سیاسەت ئەوەبوو خەڵکی کوردستان دوور لە سیاسەت ڕابگرن‌و خۆیان هەرکامە لە

شێخو ئاغاکـــان پێیان خۆش بێ ، بیـــکەنە نوێنەری مەجلیس • لە هەڵبژاردنەکانی دووایی‌دا کـە سەرمایەداری ناچار بوو بیانکاو ڕواڵەت بپارێزی ، ئەوکەسانەیان کاندیدا دەکردو هـەڵیان‌دەبژراد کـــە لەنێـو خەڵك‌دا ، نفووزیان بایەو بەڕێوەبەری سیاسەتی حکوومەت بایان • ئـەو بنەماڵانەی حکوومت بایەخی پێدەدان ، بۆنموونە ئەمانەن :

لـە ئاگرێ بنەماڵەی کوفراوی • لـــە وان بنەماڵەی کوێرانتاژو ئەردینج و کارڵ (عەشیرەتی بڕوکی) • لـە بتلیس بنەماڵەی شێخەکـانی ئینان ، شێخەکانی نووشین (بنەماڵەی موتوڵو = بەختەوەر) • لە دیاربەکر بنەماڵەی ئەنساری • لـە هەکـاری بنەماڵەی زیدانیان لـــە عەشیرەتی پلینیانس • لە مووش شێخەکانی ئوخێن (سەیدا گیل‌لەر) • لـــە ئورفە بنەماڵەی بودجاك ئوراڵ پایداش‌و جەوهەری • لـــە ئادیامان بنەماڵەی فورات و تورانلی (بەگەکانی کاهتە) • لە دیاربەکر کورەکانی عـەزیز ، کوڕەکانی کەپ • لە ئەشرەف ، برنجزادەکان • لە سیرت بنەمـــاڵەی شێخەکـــانی زیلی • لـە ماردین بنەماڵەی تورك‌و بنەماڵەکانی ئیلچی‌و مونـــگانییەکان• لە بێنگۆڵ شێخەکانی جان‌و بنەماڵەو شێخ‌و دەرەبەگی‌تر • ئەمـــانە لـە سی چل ساڵ بەملاوە واتا لـە دەس‌پێکردنی هەڵبژاردن لـە ســـاڵی ١٩٥٠وە ، زۆربەیان وەزیرو نوێنـــەری مـەجلیس‌و ئوستاندار (پارێزەری پارێزگـــا) مامۆستای زانستگەو فەرماندارو بەخشــــدارو دارونەداری دین !

ئەم شێوازە پێوەندی پتەوی سەرمایەداری‌و فیئۆدالی ، لە کوردستان نیشان‌دەدا • ئەوانیش لەگـەڵ پارتی «دووغوریول»و ڕێـگای ڕاستەقینەی دەمیرڵ دەبن • ئەوی‌تر لە «دێمۆکراتیك سوڵ» (پارتی دێمۆکراتی چەپ) پارتی‌دا ، ناو دەنووسێ • بەمجۆرە ئەوکەسانەی وان لەژێر ڕکێفـــی

خۆیاندا لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا ، ناویان دەنووسن و ناهێڵن لە ڕێکخراوێکدا کۆبنـــەوەو بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوەی خـــۆیان تێبکۆشن •

پێوەندی بورژوازی میللی گەلی بندەست ، لەگــەڵ بۆرژوازی گەلی بالأدەست ، لێرەدا بەرچاوە •

## پلەی خوێندەواری لە کوردستانی تورکیە :

حکومـــەت هـــەتا ئێستا بەرەسمی پێشی بە کوردی قسەکردن گرتووە ! ئاخاونن بەکوردی لە ئیدارەکاندا ، تاوانە ! لە هێندێك جێـــگا لـــە دووکانو بازاریش بە کوردی قسەناکەن • بۆنموونە لـــە ئاگری ، دیاربەکر ، مـــاردین ، سیرت ، هەکاری ، لە بازاردا ! پێکەوە بەکوردی قسە دەکـــەن • پازدە ساڵ لەمەوبەر تائێستا شۆڕشی گەل لـــە کوردستانی تورکیە ، شوێنی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی داناوە •

پاش ١٩٤٠ کـــە کەمالیستەکان بەسەر کوردستاندا زاڵبوون ، لـــە هـــەر گوندێك قوتابخانەیەکیان داناو بە زمانی تورکی خوێنـــدن دەستی پێـــکراو بەمجۆرە ، نە لەبەرئەوە منـــداڵی کورد بێتە خوێندەوار ، بەڵـــکو لەبەرئەوە پەرە بە فەرهەنگی شوێنیستی بدا ، ئەو هەنـــگاوە یان هەڵـــگرت • هـــەتا ئێستاش هیچ قوتابخانەیەکی کوردی لەو مەڵبەندە ، نەکراوەتەوە • وای لێهاتبوو کوردەکان بەئەنقەست دەیانگوت : تورکین ! پێیان خراپ بوو پێیان بڵێن : کورد ! بەمجۆرە هەستی نەتەوایەتی شکاو بۆ ماوەیەکی زۆر ، خەوی لێکەوت •

هێشتا بەتەواوی وەخەبەرنەهاتووە ! دیارە لـــەپێش هاتنەسەرکاری کەمالیستەکان ، تەنیـــا قوتابخانەی ئاینی هەبووە • لەگـــەڵ ئەوەدا ،

لەو کاتەدا کــە قوتابخانەی نوێ دامـەزرا ، زۆر کـەس هـەبوون کچەکانیان نەدەناردە قوتابخانەو هیواش هـەبوو پێشی بە کوڕەکـەی دەگرت نەچێتە قوتابخانە ! ئێستا زۆربەی ناوچەکان لەپیاوان‌دا لەسەدا ، نەوەد کـەس خوێندەوارن • لـە ژنان‌دا بەداخـەوە دەتوانم بڵێم ١٥٪ خوێندەوارن ! نزیـکەی ٧٪ تا زانستگە بە خوێنـدن درێژە دەدەن‌و تەنەت لـە زانستە جۆراوجۆرەکان‌دا ، زانستنامەی بەرز وەردەگرن • بۆ گەیشتن بە پلەی زانستی‌و ئیداری لە ئۆرگانەکانی حکوومـەتی‌دا ، پێشیان پێناگرن مە گەر پێشینەی سیاسی‌و گـەل‌ویستیان هەبێ • لـە ئەرزڕۆمو دیاربەکر ، زانکۆ (زانستگە) هەیە نزیکەی ١٥ سـاڵ دەبێ زانستـگەی ئەرزڕۆم دروست کراوە • لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، قوتابخانەی ناوەندی تا دەیپلۆم هەیە •

بەپێی گەلالەی پەروەردەیی‌و فێرکردن‌و پەرەدان بە زمانی تورکی‌و پێش‌گرتن بە خوێندن بە زمـانی کوردی ، هەستی نەتەوایەتی دەمرێ‌و هۆشیاری نەتەوایەتی سەرهەڵناداو دۆخی گەل‌ویستی ناخوڵقی ! بەلام بە بەرەوپێش‌چوونی ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیون ، بێگومان ڕۆڵەکانی گـەلی کوردی بێگانە بە زمـانی نەتەوەکەیان ، لـە خەو ڕادەپەڕن‌و تێـکەڵ بە کاروانی خەباتی دیمۆکراتیك دەبن‌و **لەئاکام‌دا** ، **پێناسی** نەتەوایەتی لـە دوژمن ، وەردەگرن •

### پلەی ژیان لە کوردستانی تورکیەدا :

پلەی ژیان لـەم بەشەدا ، لـە پلەی ژیان لە کوردستانی ئێـران‌و عێراق نزم‌ترە ! بەگشتی دەکرێ بڵێین لە هـەر گوندێك تراکتۆریك هـەیە • داهـاتی سەرانە نزمە • کرێـکاری وەرزی زۆرە • بـەپێی

ژیانی وردەبورژوازی ، ناومالەکـــان ، مامناوەندیین • لـــە مالـــە دەولەمەندەکاندا ، سەماوەرێك ، دەستە نوێنی خاوێن ، فەرش ، کاسـەو کۆچەلەی نانخواردن ، هەیە • لە زۆر لە گوندەکاندا ، کارەبا هەیە • نزیـکەی ۲۰٪ی خەلـکەکە ، دیوی میوانیان هــەیە • لە خواردندا وەزعیــان باش نیــە ، بە تاسۆخ برنجو گۆشت دەخورێ • لــە سیپاڵ لەبەرکردندا ، زۆر پۆشتە نین • لەگەل ئەوەدا حکوومەت لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی قەدەغــە کردوە ، لە ناوچەکـــانی هــەکاری ، سیرت ، مــاردینو ئورفە ، بەشێك لە پیاوو ژن لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردییان ، پاراستووە • لــە ناوچەکانیتر بەهۆی فشاری حکوومــەت ئەو فەرهەنگە ، شکاوە ! بەلام ژنان تا ئەندازەیەك لیباسەکەیان پاراستووە •

دیارە بەگشتی وەك خواپێداوەکان لە گوندەکان ، لە گەرماوخانە ، دەرمانخانە ، کتێبخانەو کارگەی شیرەمەنیو ئیمکاناتی ئاسایشی گشتیتر ، شوێنەوارێك نیـــە •

★ ★ ★

٣٠١

خ ٨٩٧ خەلیقی ، حوسێنی

کۆمەڵناسی کوردەواری / نووسینی حوسێنی خەلیقی

بەغدا : چاپخانەی الحوادث ١٩٩٢ ٠

ل ٣٥٦ ؛ ٢٤سم

١ ـ کۆمەڵناسی کوردەواری ٢ ـ الاجتماع ، علم

أ ـ ناونیشان ٠

کتێبخانەی نیشتمانی ( پێرستکاری لە بڵاوکردنەوەدا )

رقم الایداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ٤٩٧ لسنة ١٩٩٢

# پێڕەستی مەبەستەکان


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| **بەشی یەکەم** | |
| کۆرتە باسێك لەسەر کۆمەڵناسی | ١١ |
| پێکهاتنی باری چینایەتی | ٢٢ |
| کۆمەڵناسی نوێ | ٢٥ |
| زانست چی‌یە ؟ | ٣٠ |
| **بەشی دووەم** | |
| ناسینی نەتەوەو ژیانی نەتەوەی کورد | ٣٨ |
| نەتەوەی کورد | ٣٩ |
| بیروڕای نەتەوەناسەکان | ٤٥ |
| دەسەڵاتی کۆن | ٥٠ |
| سەرزەوی ماد | ٦٢ |
| مادو دەسەڵاتو باری کۆمەڵایەتی | ٦٥ |
| پاش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام | ٧٨ |
| کوردو حکوومەتی تورکەکان | ٨٤ |
| کورد تا دەورەی نادرشا | ١٠٤ |
| میرانی سۆران | ١٢٥ |
| کوردو سەردەمی نوێ | ١٤٣ |
| ئاکام | ١٥٧ |
| فرتوفێڵی دەسەڵاتی تورك | ١٦٣ |
| تێکۆشان بۆ یەکگرتوویی | ١٧٦ |
| خۆتێهەڵقورتانی ئامریکا | ١٨١ |
| روبەری کوردستان | ١٨٧ |

چومەکان ١٨٨
بناغەی ئابووری نیشتمانی ٢٠٠
کشتوکاڵ ٢٠٠
ئاژەڵداری ٢٠٤
سەنعەت ٢٠٦
بازرگانی ٢٠٩
پلەی ژیان ٢١٣
سەرهەڵدانی جیاوازیو کێشە کۆمەڵایەتی یەکان ٢١٧
دەورەی دەرەبەگایەتی ٢٢١
فەرهەنگی دەرەبەگایەتی ٢٣٤
ئاکـــام ٢٣٩
فئۆدالیسم Feodatisme ٢٤٢

بەشی سێهەم

فەرهەنگ ٢٤٨
فەرهەنگی کۆمەڵ ٢٥٢
زمانو ئەدەبی کوردی ٢٥٨
ئەدەبی زمان ٢٨٤
پلەی خوێندەواری ٢٨٠
خوێندنو نووسین لە کوردستانی ئێراندا ٣١٧
ژنی کوردو خوێندەواری ٣٢٢
پلەی خوێندەواری لە کوردستانی سووریەدا ٣٢٧
کوردستانی تورکیەو دۆخی ژیانی کوردەکان ٣٣١
ژمارەی کۆچکراوەکان ٣٤٧
ئاکام وەرگرتن ٣١٥
پلەی خوێندەواری لە کوردستانی تورکیە ٣٥٣
پلەیژیانلە کوردستانیتورکیەدا ٣٥٤

# هەڵەنامەی گۆمەڵناسی کوردەواری

## تکایە پێش‌خوێندنەوە ، ئەم‌هەڵانە ، راست بکەنەوە

| لاپەڕی | دێڕ | نادروست | دروست |
|---|---|---|---|
| ٦ | ٢٣ | بەفەرهەنگی | فەرهەنــگی |
| ٢٤ | ٤ | دەچەوسێنێتەوە | دەچەوسێتەوە |
| ٣٢ | ٢١ | لێ‌وەرگیردرێ | لێ وەردەگیردرێ |
| ٣٥ | ٣ | هەڵسەگندراو | هەڵسەنگێندراو |
| ٣٥ | ١٠ | بێ بەزیینە | بێ بەزەییانە |
| ٤٣ | ٦ | Kytoioi | Kyrtioi |
| ٥٠ | ٩ | ئەزۆربوونەش | ئەوزۆوربوونەش |
| ٥٤ | پەراوێز | لەبەشەدا | لەم‌بەشەدا |
| ٥٥ | ١٦ | سێهەم‌می | سێهەمی |
| ٦١ | ١٦ | Coataza | Coatanza |
| ٦٤ | پەراوێز | مائی٠م | میدیا، ئی٠م٠ |
| ٦٩ | ٦ | دانیشتوەکانان | دانیشتوەکانیان |
| ٨٧ | ٢ | نیشتمامبەروەر | نیشتمانپەروەر |
| ٩٢ | ٣ | سڵەووز | سڵدووز |
| ١١١ | ٧ | کەڵهوز | کەڵهوڕ |
| ١١١ | ٢٠ | سەربەنجام | سەرئەنجام |
| ١١٣ | ١ | میری ئەردەڵانو | میری ئەردەڵان، |
| ١١٨ | ٥ | بەئەکجاری | بە یەکجاری |
| ١١٩ | ١٩ | باوو، باپیرانیان بوو! | باوو باپیرانیان بوون! |
| ١٢٠ | ٣ | خزستان | خوزستان |
| ١٢٢ | ٢٤ | لەکاتەدا | لەم‌کاتەدا |
| ١٢٥ | ١٨ | خنکێدرا | خنکێندرا |
| ١٣٠ | ١٥ | رایینە | رانییەی |
| ١٣٥ | ٢ | دهوک | دهوکیان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٧ | ٩ | بردەتە | بردوەتە |
| ١٧٦ | ٤ | بزاواندن | بزواندن |
| ١٨٦ | ١ | لە هەمووئەوانە | لە هەمووئەمانە |
| ١٨٧ | ٤ | گشتی زیادی‌یە | |
| ١٩٧ | ١٣ | دیاربکەری | دیاریکەری |
| ١٩٧ | ١٨ | پڕبەهەرە | پڕبەهرە |
| ٢٠٢ | ٢١ | بە کولیانەوە | وابەکولیانەوە |
| ٢٢٩ | ١٣ | لافە | مافە |
| ٢٥٨ | ٢٢ | زەمانو ئەدەبی کوردی | زمانو ئەدەبی کوردی |
| ٢٦٠ | ١٨ | یانان؟ | یانا؟ |
| ٢٦١ | ٦ | فءلکلور | فولکلور |
| ٢٦١ | ٧ | نەخوێندەوا | نەخوێندەوار |
| ٢٦١ | ١٥ | زمانی گانی | زمانەگانی |
| ٢٧٤ | ٥ | بۆ تیکەیشتە کە | بۆ تێگەیشتنەکە |
| ٢٨٩ | ١٧ | ابوالفضل اشنو | ابوالفضل‌اشنوی |
| ٢٩٠ | ٣ | هەیشە | هەمیشە |
| ٣٢٠ | ٢ | دواخستن | داخستن |
| ٣٢٦ | ١٠ | پێکەو | پێکەوە |
| ٣٣٢ | پەراوێز | Ekonmik | Ekonomik |
| ٣٣٩ | ٢ | کارگان | کارگاکان |
| ٣٥١ | ١ | بە کەتکن | بەکەلکن |

---

**تێبینی :**

سەرچاوەکانی هەردوو بەرگەکەی ئەم کتێبەو ، هەروا فەرهەنگۆکی وشە نامۆکان لە دوادواییی بەرگی دووهەمدا بلاّوئەکرێنەوە ٠

---